کورد

گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێ کراو

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

دکتۆر گوینتەر دێشنەر

کورد

گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێ کراو

گۆڕینی لە ئەڵمانییەوە بۆ عەرەبی

عەبدولسەلام بەرواری

گۆرینی بۆ کوردی

حەمەکەریم عارف

کتێب: کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێ کراو
گۆڕینی لە ئەڵمانییەوە بۆ عەرەبی: عەبدولسەلام بەرواری
گۆڕینی بۆ کوردی: حەمەکەریم عارف
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣١٨
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: دلشاد مستەفا + هندرێن شێرزاد
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣١٩)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

«... مرۆڤ چۆن دەتوانێ باوەڕ بە بەردەوامبوونی چەوساندنەوەی گەلێک بکات، کە سوورە لەسەر وەدەستهێنانی ئازادی خۆی و ئامادەبێ لە پێناوی ئەم ئازادییەدا هەر قوربانییەک، چەند گەورە بێ، بیدات؟»

جەواهیر لال نەهرۆ
دەربارەی کورد/ ١٩٣٥

دەربارەی نووسەری ئەم کتێبە

دکتۆر گوینتەر دێشنەر، لە ساڵی ١٩٤١ لە دایک بووە. لە زانستگەکانی ئەڵمانیای فیدرالی و بەلچیکادا بابەتی مێژووی خوێندووە. لە چەندین بڵاوەخانەی (دار النشر)ی بەناوبانگدا کاری ڕۆژنامەگەری کردووە.

پاش ئەزموونی ساڵانێکی زۆر و قاڵبوونی تەواوی لە مەیدانەکانی ڕۆژنامەگەریدا، بەتایبەتی لە بواری هونەر، مەسەلەکانی ئەڵمانیا و سیاسەتی دەرەوەدا، پۆستی سەرۆکی بەشی تەحقیقاتی ڕۆژنامەگەری، لە گۆڤاری (دی ڤێلت - Die Welt)ی ئەڵمانیدا کە لە دنیادا نێوبانگێکی فرەی هەیە، وەرگرت.

نووسەر، هەر لە سەردەمی کاری ڕۆژنامەگەریدا، بەئیش چەند سەفەرێک بۆ ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەکات. لەم سەفەرانەیدا سەری کوردستانی داوە و بایەخی تایبەتی بەمێژووی کورد و ئەو کارەسات و مەینەتیانە داوە کە کورد پێوەی گیرۆدەن.

گۆڤاری (جیهان - Die Welt)ی ئەڵمانی و چەند گوڤار و ڕۆژنامەیەکی ئەوروپایی دی، گەلێک لەو لێکۆڵینەوە وتەعلیق و ڕاپۆرە ڕۆژنامەگەرییانە و دیمانانەیان بڵاو کردووتەوە کە لەمەڕ کورد نووسیونی و لەگەڵ سەرکردە و پێشەوا کوردەکاندا ئەنجامی داون.

ئەم نووسەرە، لە پاڵ ئەم کارانەیدا، چەندین کتێبی دەربارەی دۆز و مەسەلە هاوچەرخەکانی ئەڵمانیا نووسیوە.

وتەیەک

گەر بۆن بەهەناسەی مێژووی کوردەوە بنەی تەنیا بۆنی مەرگی لێ دێت!

بێگومان مێژووی کورد، یەکێکە لە کارەساتنامە گەورەکانی ڕۆژهەلات و، هەرچی ڕژێمی ئەم سەرزەمینە هەیە، کەم و زۆر، ڕاستەوخۆ بەشدارییان لەم کارەساتنامەیەدا کردووە.

عەرەب، تورک، عەجەم، سۆڤیەت، ڕووس، فەرەنسا، ئەمریکا، بەریتانیا و... هتد. جا هەرکاتێک ئەو دنیایە مەرامێکیان بەکورد بووبێ، هاتوونەتە پێشێ و گەلەک گفت و بەلێنی چەور چەوریان داونەتێ، تا جێ پێی خۆیان قایم کردووە و ئەوجا بەهەموو شێوە و شێوازێک بەربوونەتە گیانی کورد و پاکانەیان بۆ درندانەترین ڕەفتاری خۆیان دژ بەکورد، هێناوەتەوە، بۆیە کوردیش وێڵ و سەرگەردان و ناچار بووە دەست بداتە چەک و بەرگری لە بوون و مانی کۆمەلایەتی و نەتەوەیی خۆی بکا و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی نەدۆڕێنێ.

کورد هەرگیز بەو مەبەستە دەستی نەداوەتە چەک تا خاک و مافی خەلکانی دی داگیر و پێشێل بکات. بەلکو لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی خۆیدا خەبتیوە و گەر بەناچاری بەکەمترین ماف ڕازی بووبێ هەر پێی ڕەوا نەبینراوە و بەئاگر و ئاسن و ژەهری کوشندە و قەتڵ و عام وەلام دراوەتەوە.

خۆ ئەگەر لە قوناغێکی خەباتیدا هێزێکی پەیدا کرد بێ، خێرا فیتنە و تەفرەقەیان خراوەتە نێوان و ئیدی پیشەی کورد بووە بەبەرگری لە بوون و مانی کەسی و کۆمەلایەتی و نەتەوەیی و نەی پەرژاوەتە سەر هیچی دی، هەر کە ویستبێتی بێتە ناو مێژووەوە خێرا پیلانێکی چەند لایەنەی بۆ ڕێک خراوە و توڕدراوەتەوە دەرێی مێژوو. بەلام بەوەی باشە کۆلی نەداوە و هەولی داوە ماقوولیەت بەخەباتی خۆی بدات و تاریخیەتی پێ ببەخشێت، ئەگەرچی بەناهەق توڕ دەدرێتە دەرێی مێژوو.

هەلبەتە ئەم کارەساتنامەیە، زۆر خالی نادیار و ئالۆز و بەتەم و مژی تێدایە و پێویستیان بەڕوونکردنەوە و ساغ کردنەوە و ڕاستکردنەوە هەیە تا ببن بەپەند و دەرس و ئامۆژگارییان لێوە هەلێنجرێ... حەقیقەتێک هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئێمە وەکو کورد کەمتر پەرژاوینەتە سەر ئەوەی سەر بور و ڕووداو و قەوماوەکانی خۆمان بخەینە سەر کاغەز و بیکەین بەتۆمارێک بۆ خۆمان و نەوەکانی ئایندەمان، بۆیە لە زۆر فەسلی ئەم کارەساتنامەیەدا بێگانان هاتوون و شتێکیان تۆمار کردووە.

هەلبەتە ئەو بێگانانە هی وایان هەن دلسۆزانە و واقیعیانە و دۆستانە سەربور و قەوماوەکانیان تۆمار کردووە، هەن بەپێچەوانەوە، سەرەڕای ئەو هەموو غەدرەی لەسەر زەوی واقیعدا لێمان کراوە، لەسەر لاپەڕەکانی ئەو کارەساتنامەیەش غەدرێکی تری لێ کردووین و وا شێواندووینی کە ڕووی مەجلیسمان نەمێنێ. بەهەرحاڵ بێگانە، بێگانەیە، چەند دلپاک و دلسۆز و دۆست بێ، مەبەستی تایبەتی خۆی فەرامۆش ناکات و کەم و زۆر لە نووسینیدا ڕەنگ دەداتەوە.

بۆیە کاتی ئەوە هاتووە قۆلی لێ هەلمالین و بکەوینە تاقیب و سۆراخ و ساغکردنەوەی ئەم کارەساتنامەیەمان و هەر چییەک لەم بارەیەوە لەلایەن بێگانانەوە تۆمارکراوە، بیکەین بەزمانی کوردی و چاک و خراوی، دروست و نادروستی لێکدی هەلاوێرین و تەتەلەی بکەین و پوختەی کارەساتنامەکەمان بخەینە بەردەست گەلی کوردی قارەمان، تا لەوێندەرەوە و بەدیدێکی ڕەخنەگرانەوە، مێژووی خۆمان بخوێنینەوە و هەلە و پەلەکانمان ڕاست بکەینەوە و هەلبگرینەوە و بسڕینەوە و دەرسی لێ وەربگرین و بکەوینە سەر ڕاستە ڕێگای بیرکردنەوە و تێگەیشتن، چونکە هەر گەلێک کەوتە سەر ڕاستە ڕێگای بیر کردنەوە و حالی بوون و تێگەیشتن، ئیدی بەو ئاسانییە فریو نادرێ و ڕێگەی لێ نابەسترێتەوە و جا خوێنەری ئازیز ئەم کتێبەی لە بەر دەستت دایە، بەشێکە لە مێژووی کورد و ئەمیش وەکو سەرلەبەری کارەساتنامەکەی ئێمەی کورد گەر بۆن بەهەناسەیەوە بنەی، تەنیا بۆنی قارەمانێتی و مەرگ و مەرگ ومەرگی لێ دێت.

بەو مەبەستانەی سەرێ کراوە بەکوردی، و هیوادارم کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردیمان پڕ بکاتەوە و فێری ئەوەمان بکات کە خۆمان تازە بکەینەوە، چونکە هەر کەس وگرووپ و تیرە و میللەتێک نەتوانێ خۆی تازە بکاتەوە، مەحکوم بەنەمانە.

حمەکریم عارف
سلێمانی ١/٥/١٩٩٨

پێشەکی چاپی عەرەبی

هەقە خوێنەرانی عەرەب حەقیقەتەکان بخوێننەوە

ئەم کتێبە یەکەم جار، بەزمانی ئەڵمانی لە ساڵی ١٩٨٣دا، لەلایەن بڵاوەخانەی (شتراوبە)وە، بەناونیشانی (ڕۆڵەکانی سەلاحەدین) چاپ و بڵاوکرایەوە. پاشان لە ساڵی ١٩٨٩ دا بەناونیشانی:

(کورد، گەلی لە خشتە براوی غەدر لێ کراو– Kurden: Das betrogene Volk) چاپی دووەم کرایەوە، دوای ئەوەی فەسڵی یەکەمی ئەم کتێبەی بۆ زیاد کرا.

لە ئاخرو ئۆخری ساڵی ١٩٩١ دا چاپی سێیەمی ئەم کتێبە بەئەڵمانی کرایەوە. بایەخی زانستی ئەم کتێبە و نێوەرۆکە دەوڵەمەندەکەی کە دەشێت ببێ بەژێدەرێکی گەورەی ئەوتۆ کە هەموو لایەنەکانی مەسەلەکە لە خۆ بگرێ و ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە لە مێژە کتێبخانەی عەرەبی پێوەی دەناڵێنێ، وای لێکردم دەگژ وەرگێرانی بچم و بیخەمە بەر دەستی خوێنەران و ئاشقانی ناسینی کورد و ئارەزوومەندانی تێگەیشتنی مەسەلەی کوردی.

هەوڵم نەداوە خۆم بەوەرگێڕانی وشە بەوشەی کتێبەکەوە ببەستمەوە، چونکە زمانی ئەڵمانی جۆرە ڕەوانبێژییەکی تایبەتی خۆی هەیە و دەبێتە مایەی ئەوەی کە وەرگێڕانی وشە بەوشە زۆر وشک بێت و بگرە زۆر جار دوور بێ لە تێگەیشتنەوە، بۆیە هەوڵم داوە بەپێی توانا نێوەرۆکی گشتی ڕستە و پەرەگرافەکان وەربگێڕم. بەڵام وەکو وەفادارییەک بۆ هەوڵ و کۆششی نووسەر، هەوڵم داوە شێوازی تایبەتی گێڕانەوە و گوزارشتی ئەو بپارێزم، کە ئەلهەقی شێوازێکی سوار و ڕەوان و بێ گرێ و گۆڵە.

هەروەها بەئانقەست خۆم لە تۆمار کردنی تێبینی و پەراوێزی شەخسی بواردووە؛ هەرچەندە ئەمە کارێکی پێویستەو هەقە بکرێ، بەتایبەتی لەو شوێنانەدا کە زانیارییە نەقڵکراو و نووسراوەکان، ڕاستکردنەوە و دەستکاری دەخوازن، بۆیە داوای بوردن دەکەم، ئەگەر خوێنەری شارەزای دۆزی کوردی، توشی هەندێ زانیاری و ئاماژەی نابەجێ هات. هەروەها بەپێویسم زانی لێرەدا ئاماژە بۆ خاڵێک بکەم کە بەلای منەوە کێشەیەکە دێتە ڕێی هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێ کتێبێک لە زمانی بێگانەوە بگۆڕن بۆ زمانی عەرەبی، ئەویش کێشەی وەرگێڕانی ئەو ناو و زاراوانەیە کە هەندێ پیت و دەنگیان تێدایە کە لە

ئەلفبای عەرەبی دا نییە، بۆیە ڕێگەم بەخۆدا لە وەرگێڕانی ئەو ناو و زاراوانەدا پەنا وەبەر ئەم پیتانە بەرم: (پ، چ، ژ، ڤ، گ).

کورد، ڕۆڵەی نەتەوەیەکی دێرینی ئەم ناوچەیەن و هەموو ئەو بنەما مێژوویی و شارستانیانەیان تێدایە کە بتوانن جڵەوی کاروباری خۆیان بگرنە دەست و خۆیان بەڕێوە بەرن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆنەوە و تا نهوژی بوون بەقوربانی قەدەرو ڕەوشی جوگرافی تایبەتی خۆیان و نەگەییونەتە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان.

هەر لەم پێودانگەوە کورد هەر لە کۆنەوە هەوڵی داوە بەئاشتی و دۆستانە لەگەڵ دراوسێکانیا، واتا لەگەڵ عەرەب و فارس و تورک بژی. هەمیشەش ئەوەیان سەلماندووە کە ڕۆڵەی گەلێکن دەتوانێ بەرگری لە ناسنامەی نەتەوەیی و تایبەتمەندییە خودییەکانی بکا، و لەگەڵ خەڵکانی دیدا بگونجێ و بژی، بەتایبەتی پاش ئەوەی کوردستانی نیشتمانیان، لە دوای یەکەم جەنگی جیهانەوە بەیەکجارەکی بەسەر پتر لە دەوڵەتێکی دراوسێیدا دابەش کراوە لە هیچ یەکێک لەو وڵاتانەدا زۆربەی هاوڵاتیان پێک ناهێنن.

هەرچەندە کوردیش، وەکو عەرەب و فارس و تورک، مافی ئەوەیان هەیە بەخۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، بەڵام تێگەیشتنیان لەو واقیعە تایبەتییەی کە تێیدا دەژین، وایکردووە ڕەوت و ڕێبازە سەرەکییەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، بۆ پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە لەگەڵ گەلانی دراوسێیدا خەبات بکات و داوای مافی ئیداری و ڕۆشنبیری و ئۆتۆنۆمی بکات لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانە دا کە نیشتمانی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە. وێڕای ئەم ڕەوتە ئیجابییەش، هەمیشە ئەم داوا سادە و ساکارانەی کورد بەئاگر و ئاسن و گازی ژەهراوی و کۆچاندن و قەتڵ و عام وەڵام دراونەتەوە.

ئەو گۆڕانکارییە مێژووییە گرنگانەی کە لە چەندین ساڵی ڕابردوودا دنیا بەخۆوەی دیتن، سەلماندیان کە بەردەوامبوون لەسەر سیاسەتی سەرکوتکردن و چەوساندنەوە و زەوتکرن و خەفە کردنی ئازادی یە کەسی و نەتەوەییەکان مەحاڵە، هەروەها ئەم مەنتیقەی کە پاش کۆتایی جەنگی سارد هاتۆتە ئاراوە و ئەو هەوڵانەی لە ڕێگەی مینبەرە سیاسییە نێو دەوڵەتییەکانەوە دەدرێن بۆ چارەسەری کێشە هەرێمییەکان و کارکردن بۆ نەهێشتنی ئەو هۆکارانەی بوونەتە مایەی سەرهەڵدانی ئەو کێشانە، وا لە هزرڤانان و سیاسەتوانانی ناوچەکە دەکات کە بەسەرلەبەری ئەو شێوازانەدا بچنەوە کە بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی و کەمینە نەتەوەیی و تیرەی ئایینی گیراونەتە بەر لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا.

ئەو کوردانەی داوای پێکەوە ژیان دەکەن و بەرگری لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان دەکەن

تووشی شێوازی هەمە جۆری سەرکوتکردن و قەتڵ و عام دەبنەوە و تۆمەتی وەکو بەکرێگیراو و خیانەتکاریان دەدرێتە پاڵ.

ئەم کتێبە هەوڵێکی بچووکە بۆ خستنەڕووی حەقیقەتەکان و بانگەوازێکە بۆ حاڵیبوون لە کارەساتی ئەم گەلە و کارکردن بۆ بەپیرەوەچوونی بانگەوازی ڕاستگۆیانەی بۆ پێکەوە ژیان بەئاشتی. هیوادارم بەم کارە خزمەتێکم کردبێ و بەشدارییەکی بچکۆلەم لەم بوارەدا کرد بێ.

عبدالسلام بەرواری
ڤییەنا - ١٩٩٢

فەسڵی یەکەم

ئێستا خانووی هاوچەرخیان دەست دەکەوێ

گازی ژهراوی، دژی گەلێکی بێ دەوڵەت

دەنگی فڕۆکە شەڕکەرەکانی عێراق بەگوێی خەڵکی ئاشنا بوو، فڕۆکەی پێشکەوتووی وەکو سۆخۆی و تۆپولیف و میراجی سەر بەهێزی ئاسمانی عێراق، تەنیا سەنگەری ئێرانییەکانی بۆردومان نەدەکرد، گوندە کورد نشینەکانیشی بۆردومان دەکرد. بۆیە خەڵکەکە ناچار بوون لە ترسی بۆمبا و پارچە بۆمبا هەڵێن و خۆ لە پەناگا یان ماڵەکانیان بخزێنن کە سادەترین هۆی بەرگرییان تێدا نەبوو.

ئەم جۆرە هێرشە بۆ خەڵکی شاری هەڵەبجەی سەر سنووری نێوان ئێران و عێراق شتێکی تازە نەبوو، چونکە پیرەمێرد و پیرێژنانی ئەو شارە هێشتا بۆردومانەکەی ساڵی ١٩٧٥-یان بیرماوە، کاتێ ڕژێمی بەغدا شارەکەیانی بەبۆمبا دابێژا. تەنیا لەبەر ئەوەی کورد داوای ئازادی زیاتریان دەکرد. بەڵام ئەوەی کە لە ئێوارە وەختەیەکی زووی مانگی ئاداری ساڵی ١٩٨٨دا قەوما و ڕوویدا، ڕوویەکی تری جەنگی ئاسمانی دژی خەڵکی مەدەنی کەشف کرد کە لە قۆناغ و هەوڵەکانی پێشووتردا کەشف نەکرابوو: دەنگی تەقینەوەی بۆمباکان وەکو جاران بەرز نەبوو، بەو جۆرە نەبوو کە کوردی مەدەنی پێی ڕاهاتبوون، چونکە فڕۆکە عێراقییەکان دەهاتن و لە هەواوە کۆمەڵە بەرمیلێکی ڕەنگکراوی کەسک و زەردیان هەڵدەدایە خوارەوە و پاش ئەوەی دەکەوتنە سەر زەوی ئەوسا دەتەقینەوە و دەنگێکی گەورەیان لێ هەڵدەستا.

فڕۆکەکان ڕۆیشتن، تەمێکی لێڵ و بۆر بەری ئاسمانی شاری گرت، خەڵکی وەکو خووی هەمیشەییان لە نێو داروپەردوی ماڵەکانیانەوە دەرپەڕین و بەناو شەقامەکان کەوتن تا پەنایەکی ئەمین و سەلامەت بدۆزنەوە و خۆی تێدا حەشار بدەن. لێ بەر لەوەی فریا بکەون و خۆ دەرباز بکەن هەستیان کرد چاویان دەسوتێتەوە، کۆکەی توند ئەوکی گرتن و بەدەنی هێنانە لەرزین و لەشیان گرژ گرژ بوو، زۆربەیان پرزەیان لێ بڕا و دەست و لاقیان سست بوو. ڕاپۆری شاندێکی پزیشکی ئەم حاڵەتەی واهی وەسف کردووە:

خەڵکی بۆنی هەمەجۆریان بەکەپودا چوو، وەکو بۆنی پیوازی گەنیو، خەردەل و بۆنی جەنازەی بۆگەنیو. هەر هەموو ئەمە بۆنی مەرگ بوو، مەرگی بێدەنگ و خامۆش: گازی

کوشندە کە لە هەوا قورسترە، بەبێدەنگی و کپی لە شاخەکانی دەوروبەری شارەوە خۆی بەشەقامەکانیدا کرد تا خۆی بەو ماڵ و پەناگایانەدا بکات کە لە سادەترین هۆ و ئەوزاری بەرگری مەدەنی بەدەر بوو. ڕژێمی دکتاتۆرەکەی عێراق، سەدام حوسێن، کوردە مەدەنییەکانی بەر گازی تابون دا کە گازێکی کوشندەی ئەعسابە، گازی خەردەلی بەسەردا ڕشتن کە هەموو جۆرە جوڵەیەک خەفە دەکات و هەموو جۆرە جوڵەدارێک لە پەلوپۆ دەخات.

پاش نیو سەعات، وەختێ ئەو تەمە زەردە ئامال بۆرەی سەرشار ڕەوییەوە، پێنج هەزار ژن و منداڵ و پیاوی کورد لە نێو شەقام و ماڵەکاندا خنکان و سووتان: هەر هەموویان بەچەکی کیمیاوی مردن.

بۆمبای گازی کوشندە بۆ یەکەم جار و دوا جار لە یەکەم جەنگی جیهاندا بەکار هات و چیدی بەکار نەهێنرایەوە، تەنانەت لە شەڕە تووش و دژوارەکانی دووەم جەنگی جیهانیشدا، پەنا وەبەر بەکارهێنانی ئەم چەکە سامناکە نەبرا، وێڕای ئەوەی جبەخانە و عەمباری چەک و تەقەمەنی هەموو وڵاتانی ئەڵمانیا و بەریتانیا و ئەمریکا و سۆڤیەت پڕ بوون لەو چەکە. تەنانەت هیتلەر و ستالین و ڕۆزفلێت و چەرچل کە لەو شەڕانەیاندا هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتیان پێشێل دەکرد، تەنانەت ئەوانیش زاتیان نەکرد پەنا وەبەر بەکارهێنانی گازی ژەهراوی بەرن. بەڵام سەدام حوسێنی یەکە پیاوی عێراق، بۆ یەکەم جار لەوەتای یەکەم جەنگی جیهانییەوە لە دوا قۆناغەکانی جەنگی کەنداودا کە هەشت ساڵی خایاند، گەڕایەوە سەر بەکارهێنانی ئەو چەکە سامناکە.

بڵاوکراوەی کاروباری سوپایی ئەورووپی لەم بارەیەوە دەڵێ: هەموو ئەو پێشکەوتن و پێشڕەویانەی لە دوا هێرشەکانی ساڵی ١٩٨٨ دا وەدەست هاتن، بەزەبری گازی ژەهراوی بەدەست هاتن، ڕەنگە هەر ئەمەش هۆی ڕووخانی ورەی جەنگی سەربازانی ئێرانی بووبێ لە بەهاری ئەو ساڵەدا.

بەڵام کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی تا دوای قەتڵ و عامەکەی هەڵەبجە بەڵگەی بنج بڕی بەدەستەوە نەبوو کە عێراق گازی ژەهراوی بەکارهێناوە. ئیدی لە کارەساتی هەڵەبجەوە دەرفەت بۆ پەیامنێر و وێنەگرانی ڕۆژنامەگەری جیهانی ڕەخسا و توانیان مەودا و قەوارەی کارەسات و تراژیدیاکە بەتەواوەتی و بەبەڵگەوە تۆمار بکەن.

فلیمێک کە لەلایەن ئێزگەی تەلەفزیۆنی ئەڵمانیای ڕۆژئاواوە (WDR) تۆمار کرابوو، وێنەیەکی تەواوی ئەو دۆزەخەی نیشان دا: شەقامەکانی هەڵەبجە، یەکپارچە جەنازە

بوون. زۆر باوک بەدەم مەرگەوە و بەمەبەستی پاراستن خۆیان بەسەر منداڵەکانیاندا دابوو، خوشک و برا تەنانەت لە مەرگیشدا دەستی یەکیان گرتبوو. شاندێکی پزیشکیی سەر بەکۆمەڵەی (پزیشکانی خزمەتگوزاری مافی مرۆڤ) توانی پاش پشکنین و مالیجەی بریندارانی زیندوو، نیشانەکانی پێکران بەچەکی کیمیاوی دەست نیشان بکەن، لەوانە برینی پێست و ئەنجامەکانی پشکنینی سی و سیپەلاک.

وێنە و دیمەنی دووبارەبووەی کارەساتەکە

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان (پ. د.ک)، مەسعود بارزانی کە کوڕی قارەمانی ئازادیخوازی کوردان مستەفا بارزانییە، ئەو مستەفایەی بووە ئەفسانەیەکی نەمر و جاویدان، لیستێکی بەناوی ٦٥ شوێنی دییەوە کە هێزەکانی عێراق بەگازی ژەهراوی لێیان دابوون، بڵاو کردەوە. ئەم ڕاپۆر و لیستە ناوی ئەو گوند و شارۆچکانەی تێدا بوو کە مەرگی خامۆش و سامناک ڕۆحی کوردانی تێدا دروێنە کردووە. مرۆڤ کە ئەو لیستە دەبینێ موچوڕکەی پێدا دێت: بابیرێ، بوسیا، دەرگەلێ، داکا، دووکەرە، ئەکنەنال، ئەرەسان، هەروەها لیستەکە ئامارێکی ژمارەی قوربانییەکانی لە خۆگرتوە: ٧٧ کوژراو لە کانییە سینێ، ٢٦ کەس لە هێسێ، دوو هەزار لە شێخان.

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٨ دا سەرکردەیەکی تری کورد، جەلال تاڵەبانیی سکرتێری یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، کە پیاوێکی چەپە، یان مەیلی چەپگەرایەتی هەیە، لە شارانی: بۆن، لەندەن و پاریس دا چل فلیمی ڤیدیۆی پیشاندا کە ئەندامانی حزبەکەی لە گوندەکانی کوردستاندا گرتبوویان. من خۆم ئەو فلیمانەم بینی و نزیکەی چل سەعاتێک دەخایەنێت. ئەم فلیمانە پیشاندانەوەی دوبارەی هەمان کارەسات و تراژیدیا بوون: وێنەی جەنازەی وەها کە چ زامێکی دەرەکییان پێوە نەبوو، کەلاکی حەیواناتی ئاوساو. هەوی پێست، حاڵاتی ئیفلیجی مەوزوعی کە بەخێرایی بڵاودەبنەوە و مرۆڤ لە جوڵە دەخەن و دەیکەن بەجەنازەیەکی بێ هەست و خوست. بەتایبەتی ئافرەت و منداڵانی بریندار هێشتا نەمردوو.

سەرانی کورد، داوای کۆمەکیان لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، کەچی ڕێ بەهیچ چاودێرێکی (UN) نەدرا کە سەردانی عێراق بکات. چونکە بەغدا قاییل نەبوو دەست لە کاروباری ناوخۆی وەربدرێ. تا شوێنەوار و ئاسەواری قەتڵ و عامەکە لانەبرا و نەسڕدرایەوە، ڕێگە بەهیچ فەرەنگییەک نەدرا بچێتە خاکی عێراقەوە.

تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٨، ڕێ بەهیچ فەرەنگی یەک نەدرا ئەو واقیعە سامناکەی ناو عێراق بدینێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، واقیعە سامناکە کە زۆر بەڕوونی لەو دیمانانەدا دەردەکەوێ کە پەیامنێری گۆڤاری (شتیرن) ی ئەڵمانی لە ئوردوگایەکی پەنابەران کردوویەتی و دەڵێ: "ئەوانەی دیمانەم لە گەڵ کردن، لە گوندی جیاواز جیاوازەوە هاتبوون، بەڵام ئەوەی لە مەڕ قەتڵ و عامەکە دەیانگێڕایەوە، وێنەیەکی دەقا و دەقی تراژیدیا سامناکەکە بوو:

لە سەرەتادا دەنگدانەوەیەکی هێدی، ئەوجا تەمێکی سپی واژی چڵکن کە بەرە بەرە دەهاتە خوارەوە و وێنە و دیمەنی ئەو خەڵکانەی دەستیان بەدەموچاویانەوە دەگرت و بەپێچەوانەی ڕەوتی بایەکە هەڵدەهاتن، بۆ وەی گازی کەمتریان بەگەرو و کەپواندا بچێت،بەدەم ڕاکردنەوە گوێیان لە هاواری خەڵکی دەبوو، هاوارەکان گوێیان ئازار دەدان. یان بەسەر جەنازەی مردوواندا دەکەوتن، یان بەسەر کەلاکی حەیواناتدا دەڕمان. ئەوانەی توانیان هەڵێن و بگەنە ترۆپکی چیایەکان، بەچاوی خۆیان هێزی عێراقییان دەبینی کە دەچوونە گوندەکانی ئەمانەوە و دەیان سووتاندن".

سروشتی کوێرانەی ڕەوت و ڕەوڕەوی مێژووی دنیا، بەتەواوەتی لەو کارەسات و تراژیدیایەدا بەدیارکەوت کە ئەو دەمە بەسەر کوردا هات، یەکێک لە گاڵتە جاڕییەکانی ئەم مێژووە کوێرە ئەوە بوو کە لە کاتێکا هەموو دنیا چەپڵەی خۆشییان لێ دەدا و هەناسەی ئۆخەیان بەبۆنەی وەستانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران، لە مانگی ئابی ١٩٨٨ دا هەڵدەکێشا و مژدەی تەواوبوونی جەنگی هەشت ساڵەی کەنداوی ڕادەگەیاند، ڕێک لەوکاتەدا، سەدام حوسێن هێزەکانی خۆی لە بەرەکانی شەڕی کەنداوەوە بەرەو باکوری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەی ڕەوان کرد. مەبەستی ئەم جم وجوڵە تازەیە ئەوەبوو ئەو ئاوات و ئامانجانە بێنێتەدی کە بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو بەتۆپباران و لەشکرکێشی گەورە و هەموو جۆرە ڕاوەدوونانێک، و بەهەموو شەڕە خۆیناوییەکانی دژ بەکورد بەدی نەهێنابوو. دەیویست ژێراوژێر و بەدوور لە چاوی دنیای خارجی "چارەسەری یەکجارەکی" کێشەی کورد بکات.

هێزەکانی سوپای عێراق، تەنیا ئەوەیان مەبەست نەبوو کە هێزی پێشمەرگەی کورد نەهێڵن و هیوا و ئاوات و ئامانجەکانیان زیندەبەچاڵ بکەن، بەڵکو دەیانویست هەمووجۆرە ژیانێک لە ناوچەکەدا پاکوو بدەن و نەخشەکەیان بەم جۆرە بوو کە:

ئەگەر کوردەکان لەبەر سوپای عێراق هەڵێن، ئەوا خۆ بەخۆ دەکەونە بەر شەپۆلی هێرشەکە و لە نێو دەچن، ئەگەر بەرگریش بکەن، ئەوا دەرەقەت نایەن و لە نێو دەچن و بەم جۆرە، ئاواتی دێرینەی ڕژێمی عێراق کە بریتییە لە لەنێو بردن و پاکسازی کوردان، بەئاسانی و بەخشەکەیی دێتە دی.

خۆ ئەگەر بەم حاڵەشەوە هەندێکیان مان و نەمردن، ئەوا ڕایان دەگوێزنەوە بۆ ئۆردوگای دەستە جەمعی و دەخرێنە ژێر ئێشک و چاودێری توندی سوپاییەوە.

بەهەر حاڵ کاردانەوەی کورد هەرچییەک و هەرچۆنێک بێ، ئەوا هێرشی سوپای عێراق بەگوێرەی ئەم سێ ئەگەرە ئامانجەکانی خۆی بەدی دێنێ و ناوچەکە لە هەموو بوونێکی کورد پاکسازی دەکرێت. بارزانی، لەو یاداشتنامەیەیدا بۆ (UN) ڕایگەیاند کە پتر لە سێ هەزار و پێنج سەد گوندی کورد، یان بەهۆی کۆچاندنیان یان بەهۆی سووتاندنی ماڵەکانیان و ناچار کردنیان بەوەی هەموو ناوچەکە بەجێ بهێڵن، پاکسازی کراون و لە خەڵکەکەی چۆڵ کراون.

غەوارەی گومان لێکراو

پتر لە سەد هەزار کورد، توانیان لە ناوچە شاخاوییە سەختەکانی سەر سنووری عێراق- تورکیا- ئێرانەوە هەڵێن و خۆ بەتورکیا و ئێراندا بکەن. لەوێندەر وەکو غەوارەی گومان لێکراو خرانە ئوردوگای تەلبەند کراوەوە. ئەو ڕستە و زاراوانەی کە کارل مای بەر لە سەد ساڵێک و لە ڕۆمانی (کوردستانی کێوی) دا بەکاری هێناون، ئەمڕۆکە و لەم کاتەدا لە هەر زەمان و کاتێکی دی واقیعی تر دەنوێنێ: "بۆنی خوێن، ڕووباری خوێنی ڕژاو. بۆسۆی دێهاتی سوتا و لە دۆڵ و نیهالەکانی کوردستانەوە بۆ ئاسمان هەڵدەکشێ". جگە لە هەندێ حاڵەتی کەمی نائاسایی، ئیدی هەر هەموو جیهان قوڕ و قەپیان لێ کرد و بەرانبەر بەتاوانی کوشتنی پێنج هەزار کوردی شاری هەڵەبجە، بێدەنگ بوون.

هەڵبەتە هەڵوێستی ئەمریکا و بەریتانیاش لە نارەزاییەکی نوسراو هێوەتر نەچوو. کەچی بەرهەم هێنەران، لە هەموو لایەکی دنیاوە پێشبڕکێیان دەکرد بۆ بەشداریکردن لە پێشانگەی بەغدای پیشەسازی کە لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٨٨دا کرایەوە. بێ گومان ئەم ڕەفتارە ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی ئاکاری ئابووریی بەدەر لە هەر ئعتیبارێکی ئەخلاقییە: ئایا ماقووڵە پیاوپەیوەندی ئابووری خۆی لەگەڵ ئەم وڵاتە پڕ نەوتەدا لەبەر خاتری چەند ملیۆن کوردیک تێک بدات و بیشێوێنێ

لە کۆتایی ساڵی١٩٨٨دا گۆڤاری (دیرشپیگل) دیمانەیەکی لەگەڵ تاریق عەزیز وەزیری دەرەوەی عێراقدا کردووە و عەزیز لەو دیمانەیدا بێ پەردە نیاز و نییەتی عێراق دەردەخات کە بەتەمای چ مامەڵەیەکە کە لە ئایندەدا لەگەڵ کوردی بکات: وەختێ دیرشپیگل دەربارەی قەتڵ و عامی کوردان پرسیاری لێکرد، وەزیری عێراقی گوتی:

– ئێمە هەر ئەوەندەمان کردووە کە کۆتاییمان بەو یاخیگەرییە هێناوە کە لە مێژ بوو بەرپا بوو بوو.

– کەواتە بۆچی هەزاران کورد بۆ تورکیا هەڵاتن؟

– بارزانی پرۆسەیەکی هەڵاتنی دەستە جەمی سازکرد تا سەرنجی ڕای گشتی جیهانی ڕابکێشێت.

– ئەدی بۆ چی ئەو کوردانەی کە ماونەتەوە لە شوێنی خۆیان، لە باکورەوە بۆ شوێنانی تری ناو وڵات ڕادەگوێزن ؟

– ئەو کردەوەیە قازانجی خۆیانە و لە پێداویستییەکانی پێشکەوتنە، کورد لە گوندەکانی خۆیاندا نە کارەبایان هەبوو، نە ڕێگاوبانی هاوچەرخ و نە ئاوی لولەکێشی...هتد، ئەوەتا ئەورۆ دەچنە خانووی هاوچەرخەوە و دەتوانن دەست بەژیانێکی هاوچەرخی باشتر بکەن.

لە وەڵامی پرسیارێکدا، دەربارەی بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لەلایەن عێراقەوە، وەزیری عێراقی گوتی:

– هەڵاتوان وا ئیدیعا دەکەن کە چەوساوەن و ڕاوەدودەنرێن، بەڵام چ کەسێک تاکو ئێستا نەیتوانیوە دروستی ئەو ئیدیعایەیان بەبەڵگەوە بسەلمێنێ، هەروەها تا ئێستا تاقە چۆلەکەیەک دیاری نەکراوە کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییدا مردبێ.

عێراق، لە سەردەمی گەیشتنی گەلان بەمافی چارەنوسی خۆیاندا، سوورە لەسەر ئەوەی نەک هەر مافی چارەنووس بەڵکو ئۆتۆنۆمیش بەکورد نەدات. بەڵام تەنیا لە عێراقدا ئەمە حاڵیان نییە، بەڵکو ئەم گەلەی کە لە ڕووی ژمارەوە گەورەترین گەلی بێ وڵاتە، دەیان و دەیان ساڵە لە پێناوی مافی نەتەوەیی و ئازادی ڕۆشنبیریی خۆیدا دەخەبتێ، بەسەر پێنج وڵاتدا دابەش کراوە و ئەمڕۆکە ژیانێک بەسەر دەبەن لە ئازادی چۆلەکە دەچێت، هەوڵی ڕاوەدوونان و تواندنەوەی نەتەوەییبیان دەدرێ و لە مافەکانیان مەحروم دەکرێن.

پەندێکی کۆنی کوردی هەیە دەڵێ: "کورد دۆستی نییە". مێژووی ئەم گەلە چیاییە

جەنگاوەرەی کە بۆ چوار هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، دروستی ئەم پەندەی سەلماندووە کە کورد لە ئەنجامی چەندین تەجرەبە و ئەزموونی تاڵ و خوێناویدا تێی گەیشتوون. نێوی کورد لە هەندێ نوسراوی سۆمەریدا کە بۆ ساڵی ٢٣٠٠ پێش زایین دەگەڕێتەوە، هاتووە و ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە کورد ڕۆڵەی کۆنترین گەلانی دنیان لە شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا.

باس و لێکۆڵینەوە زانستی و مێژووییەکان، کورد بەنەوە و نەتیرەی میدیاییەکان دەزانن: بگرە هەندێک پێیان وایە کە میدییەکانیش کوردن. کاردۆخییەکانیش، کە سەرکردە و مێژوونووسی گریکی (زەینەفون) باسیان دەکات و باسی کشانەوەی خۆی و سوپاکەی لە ساڵی ٤٠١ پ.ز بەو ناوچانەدا دەکات و زۆر دڵبەندی ئازایەتی و دلاوەرییان بووە، ئەمانەش باب و باپیرانی کوردن.

سەرەڕای ئەوەی کورد هەمیشە ناچار بوون بەرگری لە مافەکانی نەتەوەیی هەڕەشە لێکراوی خۆیان بکەن، دژی داگیرکەرانی مەغۆل و تورک و فارس بجەنگن، بەرپەرچی هەڕەشەی قەتڵ و عام و لە نێوبردن و تواندنەوەی نەتەوەیی بدەنەوە، ئەوجاش ژمارەیەکیان توانیویانە لە سایەی ئەو دەوڵەت و ئیمپراتوریەتانەی کە دەسەڵاتیان بەسەر کوردستاندا کێشاوە. باڵاترین پلەو پایە وەدەست بێنن.

یەکێک لەوانە سولتان سەلاحەدینی ئەیوبییە کە توانی لە ساڵی ١١٨٧ز قودس لە دەستی سەلیبیەکان دەربێنێ، ئەم پیاوە کە لە ئەوروپادا بەیەکێک لە دیارترین کەسایەتییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەژمێردرێ، بێگومان کورد بووە.

"گەر کورد، قسەی یەک بخات، کەس پێی ناوێرێ"

ئەگەرچی زمانی کوردی، کە زمانێکی هیندۆ ئەوروپییە، مێژووی خوێناوی هاوبەش، دوو فاکتەری گرینگن و هەموو کورد یەک دەخەن، لێ نەوەکانی سەلاحەدینی ئەیوبی لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ پارچە پارچەن و بەسەر تیرە و تایفە و میرنشین و حزبانی ناکۆک و دژ بەیەکدا دابەش بوون، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا یەکێکە لەو فاکتەرە خودییانەی، وای کردووە بەمافەڕەواکانیان نەگەن، هەڵبەتە نابێ فاکتەرە بابەتی و دەرەکییەکانیش فەرامۆش بکەین.

(هیلموت فون مولتکە)ی ئەڵمانی کە لە سوپای پروسیدا گەییە پایەی مارشال، ئەم حەقیقەتە تاڵەی دەرک کردووە و دەڵێ: "ئەگەر کورد قسەیان یەک بخەن، مەحاڵە کەس بەسەریاندا سەربکەوێ". ئەم قسەیەی لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا کردووە، کاتێک کە

گەشتێکی بۆ کوردستان کرد و هێشتا کوردستان لە سایەی حوکمی عوسمانیدا دەیناڵاند.

کورد، ژیانێکی نەتەوەیی تایبەتی دەگوزەرێنن. لە ناوچەیەکدا دەژین کە لە ڕۆژئاواوە لە زنجیرە چیاکانی (توروس)ی تورکیای ناوەڕاستەوە دەست پێدەکات و لە ڕۆژهەڵاتەوە دەگاتە هەڵەتەکانی ئێران، لە باکورەوە لە چیای ئاراراتەوە دەست پێ دەکات و لە باشوورەوە دەگاتە دەشتی دیجلە و فورات، پانتایی ئەم ناوچەیە پتر لە پێنج سەد هەزار کیلۆمەتری چوار گوشەیە واتا بەرانبەر بەنیوەی پانتایی ئەڵمانیای فیدرالی دەبێت. پتر لە ٢١ ملیۆن کورد لەم ناوچەیەدا دەژین. دیارە ئەو دەوڵەتانەی ئەم ناوچانە دەکەونە چوارچێوە و سنووری سیاسییانەوە، بەهەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن گومان لە دروستی ئەم ژمارەیە بکرێ و تورکیا. لەم ڕووەوە بەپلەی یەکەم دێت، چونکە بەلای کەمەوە هەشت ملیۆن کوردی تێدایە. هەروەها ئێران کە ژمارەی کوردەکانی دەگاتە شەش ملیۆن، بەڵام عێراق لە دوا ئامار و سەرژمێری ڕەسمی خۆیدا دان بەبوونی پتر لە سێ ملیۆن کورد دەنێ. هەروەها نزیکەی چارەکە ملیۆنی کورد لە سوریادا هەن، دیارە ئەم ژمارەیە لە ڕووی بایەخی سیاسییەوە سەنگێکی ئەوتۆی نییە.

لە یەکێتیی سۆڤیەتدا، بەپێی دوا ئامار و سەرژمێری ڕەسمی، ژمارەی کورد لە سەد هەزار کەس تێ ناپەڕێ. زۆربەی هەرە زۆری ئەم سەد هەزار کوردە لە کۆماری ئازەربایجاندا دەژین. کوردی ئەوێندەر لە چوارچێوەی سۆڤیەتدا جۆرە ئوتۆنۆمییەکی ڕۆشنبیرییان دراوەتێ، هەروەها کوردی یەکێتیی سۆڤیەت، وێڕای کەمی ژمارەیان قوتابخانەی تایبەتی خۆیان و ڕۆژنامە و بڵاوەخانەی کوردی هەمەجۆریان هەیە.

سەدەی نۆزدە بۆ کورد، وەکو چۆن بۆ هەمووگەلانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینیش وا بوو، قۆناغێکی مێژوویی دیارە. هەستی نەتەوەیی گەشەی سەند و بەدیارکەوت، لە نێو کورداندا بزاڤێکی ئاشکرا نەشونمای کرد، هەوڵی دا گیانی وابەستەگی نەتەوەیی و شانازی کردن بەتایبەتمەندی نەتەوەییەوە لای کوردان بچەسپێنێ... وەکو گوزارشت لەم هەستە نەتەوەییە.

کورد چەندین هەوڵی دا بۆ بەرپاکردنی شۆڕش و ڕاپەڕین و بزاڤی چەکداری، زۆر لەگێن بوو ئەو بزووتنەوەیە بکەوێتە گۆشەیەکی تاریک و نوتەک و خامۆشی گۆشەکانی مێژووە، ئەگەر ڕووداوێکی مێژوویی گرینگ جارێکی دی تیشکی نەخستبایەتەوە سەر و ئەوەی وەبیری دنیا نەهێناباوە کە لەو ناوچەیەدا گەلێکی ڕەسەن و ئەسڵ دەژی و لە هەموو مافێک مەحروم و بێ بەشە، ڕووداوەکەش ئەوە بوو کاتێ کە دەوڵەتانی میحوەر لە یەکەم

جەنگی جیهاندا بەسەر ئەڵمانیا و هاوپەیمانە پیرەکەیدا (دەوڵەتی عوسمانلی)دا سەرکەوتن، پێیان وا بوو کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد، جۆرە هاوسەنگییەک لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا دەستەبەر دەکات، ئەوەبوو پەیمانی سیڤەری نێوان دەوڵەتانی میحوەر و دەوڵەتە دۆڕاوەکان، چەندین بەندی گرتەخۆ لەمەڕ زەرورەتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی ئۆتۆنۆمیداری بەرین.

لێ پاش یەکەم جەنگی جیهان، خەون و خۆزیای ژمارەیەک لە گەلانی دنیا، بەتایبەتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین پووچەڵ بووەوە کە بەتەمابوون بەشی خۆیان لە بەروبوومی ئەو سەرەتایانە پێ ببڕێ کە لەو سەروبەندەدا بوو بوون بەباو، وەکو سەرەتای خودموختاری و مافی دیاریکردنی چارەنووس. ئەو خەونانەیان بەوە پووچەڵ بووەوە وەختێ ئەو ڕاستییە بەدیارکەوت کە دەوڵەتە سەرکەوتووەکان پێشوەختە و بەپێی پەیمانانی نهێنی بڕیاریان لەسەر دابەشکردنی میراتییە زۆر و زەبەندەکانی عوسمانیان دابوو.

کوردی تورکیا، یەکەم کەس بوون کە لوتیان تەقی بەم حەقیقەتە تاڵەوە کە تەواو پێچەوانەی ئەوخۆزیایانەیان بوو کە خەونیان پێوە دەدی.

هەڵبەتە زۆر فاکتەری دەرەکی ڕۆڵی بنجبڕیان بینی لە هەڵوەرینی ئەو خەونانەو جێ بەجێ نەکردنیان، بەتایبەتی ئەو بەندانەی پەیوەست بوون بەدامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، لە پەیمانی سیڤەردا. بەتایبەتی پاش هاتنە سەر حوکمی (کەمال ئەتاتورک)ی دامەزرێنەری تورکیای تازە.هەروەها دوای ئەوەی بەریتانیا بۆی دەرکەوت کە زەخیرەیەکی یەکجار زۆری پترۆڵ لە عێراقدا هەیە، ئەو عێراقەی تازە و لە پاش دابەشکردنی میراتییەکانی دەوڵەتی عوسمانی هاتبووە دامەزراندن و خرابووە عۆدە و ڕکێفی بەریتانیاوە.

زمانی کوردی قەدەغە کرا، هەر کەسێک وشەی "کوردی" یان "کورد"ی بەزاردا بهاتبووایە بەپێی یاسا سزا دەدرا. لە ئەنجامی ئەمەدا لە تورکیا، چەندین ڕاپەرینی چەکدارانەی کوردی یەک لە دوای یەک بەرپا بوو، کە وەکو هەمیشە بەکوشتنی دەیان هەزار کورد و کۆچاندن و ڕاگویزانی سەدان هەزار کورد بۆ ناوچەی ڕۆژئاوای تورکیا کە زۆربەی دانیشتوانی تورکن، کۆتایی هات.

بەڵام لە عێراقدا، داوای ڕەوای کوردەکان و سووربوونیان لەسەر ئازادی و سەربەخۆیی، بەگەورەترین لەشکرکێشی بۆ سەر گوندەکانیان وەڵام دەدرایەوە. لەو هێرش و

لەشکرکێشیانەدا، خانووەکانیان دەسووتێنران و ماڵەکانیان بەسەریاندا دەڕوخێنران، ئەمەش بەزەبری تۆپبارانی تۆپ و بۆردومانی فڕۆکەی هێزی ئاسمانی بەریتانی. تەنانەت کۆماری مهابادیش کە لە کوردستانی ئێران و بەڕەزامەندیی ستالین لە ساڵی ١٩٤٦ دا دامەزرا، لە ١١مانگ پتر دەوامی نەکرد.

لە عێراقدا، لە ساڵی ١٩٥٨ ڕژێمی پاشایەتی ڕووخا و ڕژێمی کۆماری دامەزرا. گەورەترین دەستکەوتی ئەم شۆڕشە بۆ کورد گەڕانەوەی (مستەفا بارزانی) بوو لە وڵاتی سۆڤیەتەوە، ئەو مستەفا بارزانییەی بەڕاستی و بەدرێژایی مێژوو گەورەترین پێشەوا و ناودارترین کەسایەتی کوردە. پاشان گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی کۆماری تازەدا دەست پێکرا دەربارەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی کوردستانی عێراق لە چوار چێوەی کۆماری عێراقدا. ئەمە بووە هۆی بوژاندنەوەی هیوا و ئاواتەکانی کوردی تورکیا و ئێران کە بەچاوی پڕ هیواوە دەیانڕوانییە برا کوردەکانی عێراقیان و دەستکەوتی کوردی ئێرەیان بەسەرەتایەک دەزانی بۆ گۆڕانێکی بەرفرە لە تێکڕای بارودۆخی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستانی دابەشکراو دا.

کەچی هەموو ئەمە لە سێ ساڵان پتری نەخایاند، یەکە پیاوی بەهێزی تازەی عێراق زەعیم عەبدولکەریم قاسم، کەوتە ناردنی فڕۆکەی بەریتانی و سۆڤیەتی بۆ بۆردومان کردنی گوندەکانی کوردستان، بەم جۆرە شەڕێک لە نێوان هەردوو لادا بەرپا بوو، نزیکەی دە ساڵی خایاند و ئاگری ئەم شەڕە نەکوژایەوە تا شەڕەکە هەردوولای شەکەت و ماندوو کرد. ئەوسا حکوومەتی عێراق ناچار بوو لە ساڵی ١٩٧٠ دا گفتوگۆ لەگەڵ شۆڕشگێڕانی کوردا بکات و بەشێوەیەکی جیدی لە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق بکۆڵنەوە بەڵام ساڵانی پاش پەیمانەکە زۆر گیروگرفتی بەردەوامی نێوان هەردوو لای بەخۆوە بینی، گەلێک کێشە و گیروگرفتی لاوەکی و زێدەگاڤی و خروقاتی ئاگربەست ڕوویدا، زۆر جار هەرا و هەنگامەو ئاژاوە زۆر ناوچەی دەگرتەوە.

ئەمە جگە لە هەندێ شەڕی چەکدارانەی سنووردار. هەموو ئەمانە لە کەشوهەوایەکدا بوو کە پتر لە هەوڵێک بۆ تیرۆرکردنی بەرپرسانی کوردی (بارزانی) درا، ئەمە جگە لە پەلپ و بیانوو گرتن و یەکدی تاوانبار کردن و هەڕەشەی وازهێنان لە پەیمانەکە.

شای ئێران، ئەم بارودۆخەی قۆستەوە و بەدەرفەتێکی چاکی زانی تا گفتوگۆ لەگەڵ کوردەکاندا بکات، وا خۆی نواند کە ئامادەیە هەموو یارمەتییەکی کورد بدات لە کاتی

هەڵگیرساندنەوەی شەڕدا لە پێناوی گەیشتن بەو ئامانجانەی لە پێناویدا دەخەبتن. هەمان ئەو ئامانجانەی کە هەمان شا، بەزەبری ئاگر و ئاسن لە کوردی ئێرانی قەدەغە دەکرد. دیارە کە شا لە رووی دڵسۆزی و هاوسۆزی و هاوکاری و پشتیوانییەوە یارمەتی کوردی عێراقی نەدەدا بەڵکو پتر بەمەبەستی خولقاندنی گیروگرفت و کێشەی پتر بوو بۆ ڕژێمی بەعسی حوکمڕان، کە خۆ بەخۆ دوژمنێکی تەقلیدی شا بوو.

هەروەها (کیسنجەر)یش بەڕاشکاوی ڕایگەیاند کە ئامادەیە بێ هیچ شەرت و مەرجێک کۆمەکی پێویست بەکوردی عێراق بکات، ئەمەش لەو قەناعەتە باوەی ئەوسای واشنتۆنەوە هاتبوو کە ڕژێمی عێراق ڕژێمێکی چەپە و بەڵگەش ئەو کۆمەکە سوپایی و ئابوورییەیە کە لە یەکێتیی سۆڤیەتی وەردەگرێت.

بەم جۆرە، لە ساڵی ١٩٧٤ دا و پاش وەرگرتنی چەک لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و وەرگرتنی کۆمەکی دارایی و سوپایی لە ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل، بارزانی کەوتە قوناغێکی تازەی شەڕەوە و لە کوردستانی عێراقدا شەڕ لە نێوان هێزی سوپای حکوومەت و هێزی پێشمەرگەی کوردا هەڵگیرسایەوە، هەرچەندە سوپای عێراق لە رووی هێز و ڕێکخستن، مەشق و چەکەوە، بەهۆی کۆمەک و ئامۆژگاری سۆڤیەتەوە بەهێزتر بوو بوو.

ئەوەی لە ١٩٧٥/٣/٦ دا ڕوویدا، هەر چەند کوردەکان پێی دەڵێن "خەنجەر لێدان لە پشتەوە" ئەنجامێکی مەنتیقی ئەم وەرچەرخانە سەیرە بوو لە هاوسەنگی نێوان هێزەکاندا. هەردوو دوژمنە تەقلیدییەکە، واتا شای ئێران و سەدام حوسێنی جێگری سەرکۆماری عێراق، دەستیان دەنێو دەستی یەکدی نا و دەستیان لە ملی یەکتر وەرینا و زەمینەیان بۆ پەیمان و ڕێککەوتنێک خۆش کرد کە زۆر خێرا بەندەکانی هاتنە جێبەجێ کردن و پەیمانەکە بریتی بوو لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە سنوورییە لە مێژینە و دژوارەکانی نێوان هەر دوو وڵات. ئەمە لە پەراوێزی کۆنگرەی ڕێکخراوی ئۆپیک لە جەزایردا کرا. بەم جۆرە شا دەستبەرداری کورد بوو، کردنی بەقوربانییەکی ڕاستەوخۆی ئەم پرۆسە دیپلۆماسییە. ئەو کۆمەکە داراییەی کە شا و ئەمریکا بەکوردیان دەکرد، وەستا. هەروەها شا دەستووری دا کە سنوور لە جەنگاوەرانی بارزانیدابخرێ، لە کاتێکدا پتر لە ٣٥٠ هەزار خێزانی کورد پەنایان وەبەر ئێران بردبوو. بارزانی لە تەعلیقێکیدا دەربارەی ئەم ڕووداوە دەڵێ: "گەورەترین هەڵەی ژیانم ئەوەبوو کە باوەڕم بەبەڵێنەکانی وڵاتە یەکگرتوەکان کرد".

تاران پێویستی بەکورد بوو

ئەم بادانەوە فێڵاوییەی شا، بوو بەتەوقی شەڕ و لە ملی خۆی هالا، چونکە کوردی ئێرانی دانیشتووی شارەکانی ورمێ و کوردستان و کرماشاە، بۆیە لە شا و ڕژێمی شا بێدەنگ بوون، چونکە یارمەتی برا کوردە عێراقییەکانیان دەدا. ئەوەبوو لە ماوەیەکی کەمدا وروژان و هەڵوێستی دژیان لە شا و لە ڕژێمە بێزراوەکەی وەرگرت.

سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی کوردی ئێران موسوڵمانی سوننی مەزهەبن، بەڵام یەکجار کەیف خۆش بوون بەڕووخانی ئابڕوبەری ڕژێمی شا و ئەو چارەنووسە پڕ شەرمەزارییەی کە خودی شا توشی بوو، پێشوازییان لە هاتنی پێشەوا و ڕێبەری شیعە، ئیمام خومەینی کرد. چاوەڕوانی ئەوەیان لە شۆڕشی ئیسلامی دەکرد، بەتایبەتی بەهۆی هەڵوێستی ئیجابییان لە مەڕ شۆڕشی نێوبراو، بەلای کەمەوە ئۆتۆنۆمییەکی ڕۆشنبیرییان بداتێ.

بەڵام ئەزموون و تەجرەبەی تاڵی درێژایی مێژووی کورد، ئەم جارەش دووبارە بووەوە. هەر کە ڕژێمی تازە جێ پێی خۆی قایم کرد، یەکەم هەنگاوی ئەوە بوو کە شار و پارێزگا کوردنشینەکان کۆنترۆڵ بکات.

ئەوەبوو پەیوەندی نێوان کورد و ڕژێمی ئێران هێمن نەبووەوە تا پاش هەڵگیرسانی جەنگی کەنداو، چونکە تاران پێویستی بەو کوردانە بوو کە ئەوانیش لە لای خۆیانەوە ئەم بارودۆخەیان بەهەل زانی تا پتر پێ لەسەر داواکارییەکانی خۆیان لە عێراقی دراوسێی، دابگرن.

مەسعود بارزانی، هەوڵی دا بەکۆمەکی ئێرانی بگاتە ئەو ئامانجانە کە بابی (مستەفا بارزانی) نەیتوانی لە ساڵی ١٩٧٥دا بەدیییان بهێنێ، بارزانی ئەم جارەش توانی بەزەبری هێزی پێشمەرگە، ناوچەیەکی کوردی فراوان لە باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق و بەدرێژایی سنووری ئێران ڕزگار بکات، بەڵام وەستانی شەڕوکۆتایی هێنانی جەنگی کەندا و لە ساڵی ١٩٨٨دا، ئەم هەوڵە تازەیەی کوردی لە بار برد و نەگەیشتنە مافی دیاری کردنی چارەنووس.

هێمنی لە کوردستاندا، هەمیشە ئارامی و هێمنی بەر لە هەڵکردنی باهۆزە. قۆناغی چاوەنۆڕکردنی دەرکەوتن و پەیدابوونی دەرفەتێکی نوێیە بۆ دەست پێکردنەوەی خەبات لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆییدا. دیارە هەمیشە کۆمەڵێک دەوڵەتی بچوک و گەورە لە ناوچەکەدا، بەقووڵی بیر لە چۆنیەتی ئیستغلالی هەرا و هەنگامەو پشێوێنییە

هەڵگیرساوەکان دەکەنەوە و دەیانەوێ مەسەلەی کورد بەبێ چارەسەر وەمێنی و بەقازانجی خۆیان ئاراستەی بکەن.

کارل مای و زۆر گەڕیدە و سیاحەتچی نێودار، لە کۆتایی سەدەی بوریدا نێوی کوردستانیان هێناوە و بەخاکی بەیار و ڕەعەمەل نەهێنراو وەسفیان کردووە. هەروها نێوی کوردیان وەکو گەلێکی سەرکێشی بوێر و ئازا بردووە، ئەگەر ئەمڕۆکە بڕوانینە ناوچەکە و خەڵکی کورد، دەبینین گەلێک لەو ڕا و بۆچوونانەی ئەو نووسەرانە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش ڕاستی خۆیان لە دەست نەداوە و بەدەقی خۆیانەوە ماونەتەوە. بەڵام زۆر پێویستە ئەمڕۆ خەباتی خوێناوی ئەو گەلە نەبەزەی کە ئامادە نییە ملکەچی واقیعی تراژیدیا و نسکۆکانی پتر لە سەدەیەک بێ، بخرێتە بەر وردەبینی لێکوڵینەوەوە. ئەو گەلەی چەندین ساڵە لە پێناوی وەدەست هێنانی سەر بەخۆیی نەتەوەیی و بوژانەوە و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریدا دەخەبەتێ. هەروەها لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی بایەخی هەرە گەورەی ئەم گەلە دەربارەی گەیشتن بەوەدیهاتنی سەقامگیری یەکجارەکی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی هەمیشە هەڵایساودا.

کورد و کوردستان، دوو وشەن کە مرۆڤ گوێی لێیان دەبێ، بیری بەلای کەش و هەوایەکی پڕ لەسەرکێشی و شۆڕشدا دەچێت، واقیعێکی وەخەیاڵدا دێ کە دەشێت بێ بەبنەما و کۆڵەکەیەک لە کۆڵەکەکانی سیاسەتی دەولی (نێو نەتەوەیی).

فەسڵی دووەم

مرۆڤ لە پڕ هەست بەهێزیکی شاراوە لە بەدەنی خۆیدا دەکات
کە هانی دەدا پڕ بداتە نزیکترین بەرد و بەهەموو هێز و توانایەوە بیوەشێنێ

مستەفا بارزانی، بەدرێژایی تەمەنی هەر شۆڕشگێڕ بوو

دەهاتن، لە هەموو شوێنێکی سەر زەمینەوە بەپەلە دەهاتن، لە هەر شوێنێکەوە، کوردی تێدا بوو، دەهاتن: لە کۆسارە سەختەکانی کوردستانی عێراقەوە، کە گەورەترین شۆڕشی سەرتاسەری مێژووی کوردی بەخۆوە دیتبوو، ئەو شۆڕشەی کە ناچار بوون لە ساڵی ١٩٧٥دا رایبگرن. لە ناوچەکانی عەنەدۆڵی رۆژهەڵاتی پاشکەوتووی تورکیاوە سنوورە کراوەکانیان دەبری، ئەو سنوورانەی کە رژێمە یەک لە دووی یەکەکان بەدرێژایی رۆژگار بۆیان کۆنترۆڵ نەکرا بوو: هەندێکیان بەئۆتۆمبێلی کرێ دەهاتن یان بەجێبی نەفەر بەری بێ جام دەهاتن. خەڵکانی دی بەپێیان هاتبوون یان بەسواری قاتر لە هەر چوار نکاڵی کوردستانی ئێرانەوە هاتبوون، ئەوکوردستانەی لەوەتای رژێمی شا رووخابوو، بەشۆڕش ئاوس بوو.

خەڵکێکی زۆریش بەفڕۆکە لەو وڵاتە رۆژئاواییانەوە دەهاتن کە وەکو پەنابەر تێیدا دەژیان، لە وڵاتانی وەک: وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەڵمانیا، ڤیەنا، لەندەن و ستوکهۆڵم.... هتد وە هاتبوون.

لە تارانەوە بۆ ورمێ، بەفڕۆکە وەڕێ کەوتم، لەو سەفەرەمدا کە کەمتر لە سەعاتێکی خایاند، هەلم بۆ ڕەخسا هەندێک لەوانە بدینم کە لە وڵاتانی رۆژئاواوە هاتبوون. ورمێ ئەو شارە بوو کە بەدرێژایی پتر لە پەنجا ساڵ حوکمڕانی بنەماڵەی پەهلەوی، بەناوی ڕەزا شای یەکەمی باوکی شا وە کە شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دا کۆتایی بەحوکم و دەسەڵاتیان هێنا، پێی دەگوترا ڕەزاییە. جەماوەری خەڵک پاش شۆڕش هەر بەوەوە نەوەستان کە پەیکەرەکانی شا برووخێنن و وێنەکانی لە مەیدانەکان و دایەرە و تەلارە ڕەسمییەکان لابەرن، بەڵکو ناوی شارەکەشیان گەڕاندەوە سەر ناوە کۆنەکەی (ورمێ). دیمەنی کیژە خزمەتچییەکەی نێو فڕۆکە کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، کە ڕای دەگەیاند فڕۆکەکە لە فڕۆکەخانەی ورمێ دەنیشێتەوە، بەتۆبزی زەردەخەنەکەی سەر لێوی پێ دەشاردرایەوە، ڕەفتار و گوفتاری، شێوازی هەڵسوکەوتی کە بەر لە شۆڕشی ئیسلامی

نێو بانگێکی چاکیان بۆ هێڵی هەوایی ئێران پەیدا کرد بوو، مایەی سەرنج بوو، چاکەتە بۆرەکەی و جل و بەرگە هاودامانەکەی ڕەنگدانەوەی پەیڕەویکردنی ئامۆژگارییەکانی ڕژێمی ئیسلامی بوو.

لەو کاتەدا ئەو دوو پیاوەی کە لە نزیکی منەوە دانیشتبوون و هەردوکیان بەئینگلیزییەکی ڕەوان دەدوان و جلوبەرگی ڕێک و پێکی مۆدی ئەورووپاییان لەبەر بوو، ئەو کاغەزانەی بەردەستیان کە بەدرێژایی ڕێگە سەرنج و تێبینی خۆیان لەسەر تۆمار دەکرد، پێچایەوەو خستیانە جانتا دیپلۆماسییەکانیان و پشتێنی ئەمانیان بەست. ڕاستە من بەدرێژایی سەفەرەکەمان قسەم لەگەڵدا کردن، بەڵام خۆمان لە موناقەشە و باسی سیاسی دوورگرت، چونکە مرۆڤ دەیزانی ئەوە چەند مانگێکە لە ئێراندا چ باسە، بۆیە دەبوایە سڵ بکرێتەوە. بەڵام من دڵنیا بووم کە ئەو دوو پیاوە کوردن و پەنابەری یەکێک لە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکانن، چونکە بەحوکمی سەفەری زۆر و دیمانەی بێ شومارم وام لێهاتبوو ئەم جۆرە سیمایانە، بەرواڵەتی پڕ لە عیزەتی نەفس و بەچاوی زیتەڵ و نیگای زیرەک و شێوازی موناقەشەی کورت و ئامانجداریانەوە بناسمەوە. دڵنیا بووم بەهەمان مەبەستی من ڕێگەی سەفەری ئێرەیان گرتبووە بەر.

ئەمە لە ١٩٧٩/٣/٤دا بوو. هەموو دەزانین چەند ڕۆژێک لەوەبەر ئاژانسەکانی دەنگوباسی جیهانی هەواڵێکیان بڵاوکردەوە کە بریتی بوو لەوەی: پێشەوا و سەرۆکی ئەفسانەیی کورد مەلا مستەفا بارزانی بەنەخۆشی دڵ، لە هەوەڵین سەعاتەکانی بەیانی ڕۆژی ١٩٧٩/٣/١دا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی زانستگەی جۆرج تاون لە واشنگتۆن، کۆچی دوایی کرد.

بارزانی، پاش نسکۆی شۆڕشی کورد (١٩٧٥) کە دژی ڕژێمی بەعسی عێراقی ڕێبەرایەتی دەکرد، ناچار بوو لە ژێر گوشاری ڕژێمی شا دا پەنا وەبەر وڵاتە یەکگرتوەکان بەرێ و تا ڕۆژی وەفاتی لەوێندەر و بەگۆشەگیری بژی.

بەڵام هەواڵی وەفاتی سەرۆک و پێشەوای کورد، بەلای زۆر کەسەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگایان لە باری تەندروستی ئەو هەبوو، شتێکی کوتوپڕ و چاوەنۆڕ نەکراو نەبوو. دکتۆر (مەحموود عوسمان)ی پزیشکی تایبەتی بارزانی بەر لە چەند ساڵێک حاڵەتێکی نەخوشیی ئاڵۆزی لە بڕبڕەی پشتیدا کەشف کرد بوو کە ماکەکەی دەیدایە لاقی، لە ئەنجامدا گەییە دیاریکردنی نیشانەکانی شێرپەنجەی خوێن. هەڵبەتە پاش ئەوەی پێشەوای سیاسی ناچار بوو ژیانی تاراوگە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا

قەبووڵ بکات، لە مایوکلینیکدا فەحسی بۆ کرایەوە و هەمان ئەنجامی فەحسەکەی دکتور مەحموود عوسمان دەرچوو، تاقە شتێک کە دکتۆرە ئەمریکی یەکان بۆیان زیاد کرد، ئەوە بوو کە شێرپەنچەکە لە حاڵەتی گەشەکردندایە و مالیجەی نییە.

پێشەوای جەنگاوەری، گەلێکی تێکوشەر، لە شوباتی ١٩٧٩دا دوابڕیاری گەڕانەوەی بۆ وڵاتی خۆ دا. هەرچەندە ئەو زام و ئازار و ژانەی دوا نسکۆکە خستبوویە دڵی سارێژ نەبوو بوو، و ئەو سەدمەیە لە دڵی دەرنەچوو بوو کە ئەمریکییەکان بەناوی دۆستایەتی یەوە دەرهەقیان کردبوو. هەموو ئەو ژان و ئازارانە لەبەردەم سۆزی بۆ وڵات و گەلی خۆیدا، بەرگەیان نەگرت. لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا دەیگوت: "هەموو توانایەکی من ئەوەندەیە بۆ کوردستان بگەڕێمەوە و لە خاکی کوردستاندا، مادامێکی ناتوانم تێیدا بژیم، چاوەڕوانی مەرگ بکەم".

لە خاکی کوردستاندا

یەکێک لە کوڕەکانی، بەیارمەتی محەمەد دۆسکیی سەرۆکی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد–ئەمریکا، توانی هەموو ئەسبابێکی سەفەری سەرکردەی نەخۆش فەراهەم بکات. لە ڕێگەی کۆمەڵە کەناڵێکی دیبلۆماسی یەکجار ئاڵوزەوە، توانرا ئێران ڕازی بکرێ لەسەر گەڕانەوەی بارزانی، ئەوجا بلیتی سەفەر بڕا. کەچی دۆسکی دوای دوو ڕۆژ لە ڕێکخستنی هەموو کاروبارەکانی سەفەر، ناچار بوو، هەواڵی وەفاتی سەرکردەی تەمەن ٧٦ ساڵە بەئاژانسەکانی دەنگوباسی جیهانی ڕابگەیەنێ و دووپاتی بکاتەوە کە دوا ئاوات و ئارەزووی ئەوە بوو لە نێو ڕۆڵەکانی گەلی خۆی و لە خاکی نیشتمانی خۆیدا، لە کوردستاندا بنێژرێ و خاکی کوردستانی بەنسیب ببێ.

ڕێکخراوە کوردییە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێران و هەروەها چەندین ڕێکخراوی کوردستانی تورکیا و پەنابەرانی کورد لە ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتوەکان دەستبەجێ هەواڵەکەیان بەهەموو دنیادا بڵاو کردەوە. هەروەها ڕۆژنامەنووسان، بەتایبەتی ئەوانەی بایەخی تایبەتیان بەبارزانی و خەباتی گەلەکەی و دۆزی ڕەوای گەلەکەی دابوو، ئاگادار کرانەوە و پێیان ڕاگەیەنرا کە ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی زەعیمی کۆچکردوو لە ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٥دا لە نزیکی گوندی شنۆی سەربەپارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، لە کوردستانی ئێراندا ئەنجام دەدرێ. ئەمە ئەو هۆیە بوو کە وای لێکردم سواری فڕۆکەی بۆینگی ئێرانی ببم، وەکو پاشتر بۆم دەرکەوت،

هەر هەمان هۆ ئەو دوو پیاوە کوردەی نزیکی منیان هاندا بوو لە لەندەنەوە بۆ ئێرە بێن.

هەرکە فڕۆکەکە، لە فڕۆکەخانەی ورمێ نیشتەوە، هەر هەمان فڕۆکەخانەکەی سەردەمی شابوو، لەلایەن پاسدارانی شۆڕشەوە تەفتیش کراین. خەڵکێکی یەکجار زۆرم لە ماتەم گێڕان بینی، دەمڕوانییە هەر شوێنێکی شار، دیمەنی جلی خاکی و جامانەی کوردی لە دیمەنی هەر جۆرە جلێکی دی زاڵتر بوو.

هەرچەندە زۆربەی خەڵکی ورمێ ئازەرن و بەزمانی تورکی دەدوێن، بەڵام کەمینەیەکی کورد و کەمینەیەکی ئاسوری مەسیحیشی تێدایە. بەڵام ئەم ژمارە زۆرەی کورد، نیشانەی ئەوەبوو کە هاندەرێکی گەورە پاڵی پێوەناون ڕووبکەنە ئەم شارە یان پێیدا ڕەت بن.

یەکەم کەسێک کە بەبیرمدا هات، ڕۆژنامەنووسی ئاسوری (جەرجیس فەتحوڵڵا)ی ئەوکات بوو، کە لە ڕۆژانی پاش هەرەسی شۆڕشی کورد (١٩٧٥) ئاشنای بووم و یەکترمان ناسی. ئەو دەمانە جارێک پێکەوە دانیشتین، بەدەم چاخواردنەوە کۆمەڵێک نامەی دامێ کە بۆ چەند سیاسەتمەدارێکی ئەڵمانیای فیدرالی نووسیبوونی، داوایان لێ دەکات توانا و هەوڵی خۆیان وەگەڕ بخەن و دەستی یارمەتی بۆ کورد و هاوپەیمانە ئاسورییەکانی درێژ بکەن. داوای لە من کرد کە ئەم بابەتە بڵاو بکەمەوە، چونکە باوەڕی بەتوانا و کاریگەری ڕۆژنامەگەری هەبوو لە گەڵاڵە کردنی ڕای گشتیدا لە ئەوروپا.

لە دڵی خۆمدا و بەدەم یادکردنەوەیەوە پرسیم: "داخۆ لە سایەی ئەم ڕژێمە ئیسلامی و زروفە تازەیەی ئێراندا ڕۆژی بەچ ڕۆژگارێک گەیبێ؟ بەتایبەتی پاش تەقینەوەی ناکۆکییەکانی نێوان کوردی کوردستانی ئێران و ڕژێمی خومەینی".

– وا چاکە بچی بۆ ئوتێل و لە وێندەر بپرسیت.

ئەمە وەڵامی یەکێک لە فەرمانبەرەکانی فڕۆکەخانەی ورمێ بوو وەختێ لێم پرسی کە ئاخۆ تاکسی دەست دەکەوێت یان نا.کە گەیمە ئوتێل، سەیرم کرد هێشتا شۆڕش نەگەییوەتە ئەوێندەر و پاشماوەی ڕژێمی شا هەر لە جێی خۆیەتی. تابلۆیەکی کارەبایی شوشەشکاو بەڕووی ئوتیلەکەوە هەڵواسرا بوو، و بەئینگلیزی لە سەری نووسرا بوو (ئوتێلی ڕەزاییە). جگە لەم تابلۆ شکاوە ئیدی هەموو شتەکان وەکو خۆیان مابوونەوە، کە لە دوا سەفەرمدا، بەر لە چەند ساڵێک دیبومن ئوتێلەکە خەمباری لێ دەباری، هێندە پیس بوو مرۆڤ دڵی لێ تێک هەڵدەهات...

پێشخزمەت و بەڕێوەبەری ئوتێلەکە گوێی بەهیچ نەدەدا. تاقە شتێک کە گۆڕا بوو،

وێنەی شا لە ژووری پێشوازی لا برا بوو، و وێنەیەکی گەورەی ڕێبەری شۆڕش ئیمام خومەینی لە جێدا هەڵواسرابوو.

بیرم دێ ئا لەم ئوتێلەدا، لە ساڵی ١٩٧٤، ١٩٧٥ دا لەگەڵ سەفیری تازەی ئەڵمانیای فیدراڵیدا لە ئێران ڕێزدار (فیک) ئاشنایەتیم پەیدا کرد. لەو سەفەرەمدا وێنەگری گۆڤاری (شتیرن) ڕێزدار (فولکرهینز) و وێنەگری (سفین سیمون) ڕێزدار (کلاوس سیبان)م لەگەڵدا بوون. ئەوەی ڕاستی بێ لە ژیانمدا میوانی ئوتێل-ی بێ دەسەڵات و دەستەپاچەی وەکو سەفیری ئەڵمانیم لەو ڕۆژەدا نەدیتوە. حەپەساو و ئەبڵەق لە دیمەن و چۆنیەتی پێشکەش کردنی خواردنی ئوتێلەکەی دەڕوانی، کە گوایە باشترین ئوتێلی شارە و لەلایەن دەزگای حکوومەتییەوە بەڕێوە دەبرێ. پەردەیەک بەسەر مێزی نان خواردنەکەوە بوو لە زەردێنەی هێلکەدا ڕەق بوو بوو، لەوە دەچوو پتر لە مانگێک بێ نەشۆرابێت.

قاپەکان لە پیسیدا ڕەق بوو بوون، میوانەکان فنجانی قاوە یان ئاوی گەرمیان بەهەزار پاڕانەوە و دەم بۆڵە و هەڕەشە وەدەست هێنابوو، و لە نێو خۆیاندا بەشیان دەکرد. یان بەپێی دابەرۆژهەڵاتییەکە دەچوون لە پەناوە بیست تمەنێکیان لە دەستی یەکێک لە پێشخزمەتەکان دەنا و کاری خۆیان ڕایی دەکرد.

ڕەنگە ئەمە ئاسایی بێتە بەرچاو، بەڵام بەراوردێکی ڕەوتەنی و خێرای بارودۆخی ئەم ئوتێلە لەگەڵ ئوتێلێکی نمرە یەکی تاران و خواردنگە تازە و مودێرنەکانی ئەوێندەردا، بەئاشکرا ئەوە دەردەخات کە ڕژێمی شا چ بایەخێکی زۆر بەتارانی پایتەخت دەدات و چۆن ناوچەکانی تری ئێران، بەتایبەتی پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و کوردستان پشت گوێ دەخات و چ ئیدارەیەکی خراپی هەیە.

چونکە من هەندێ شارەزاییم لە بارودوخی ئێران هەبوو، بۆیە هیچ پێم سەیر نەبوو کە لە ساڵی ١٩٧٩دا دیتم هەموو شتەکان هەر وەکو خۆیانن و گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە. بەهەر حاڵ کارگێرانی ئوتێلەکە نەیانتوانی تاکسیم بۆ پەیدا بکەن. بۆیە لێبڕام بگوازمەوە بۆ ئوتێلێکی دی کە کوردی لێ دادەبەزین و ئامۆژگاری میوانەکانیان دەکرد بچن بۆ ئەوێندەر. ئەم ئوتێلە کەوتبوە نزیکی مزگەوتێکی شارەوە کە لە سەدەی ١٣ ز دروست کرا بوو.

بەڕاستی لەوێندەر، پێویستییەکانی خۆمم دەست کەوت: جگە لە ژوورێکی باش، شوفێرێکیش هەبوو سبەی بەیانی بەسێ سەد تمەن بۆ دەرێی شارم بەرێ و لە بازگە زۆر و زەبەندەکان دەربازم بکات. ئەو بازگانەی کە پاسداران و گروپی دی دایان نابوون، هەر

یەکەیان بۆ خۆی حکوومەتێک بوون. من دەمویست بۆ شنۆ بچم کە دوو سەعاتێک لە (ورمێ)وە دووره. پێدەچوو شوفێرەکە چونی ڕۆژنامەوانانی بێگانەی بۆ شنۆ "بەبۆنەی مەلا مستەفا" وە پێ سەیر نەبێ.

چونکە لە هەر چوار نکالی دنیاوە خەڵکی بە"بۆنەی مەلامستەفا"وە ڕوویان لەوێندەرکرد بوو. بەڵام خۆی لە هەموو موناقەشەیەکی سیاسی دوور دەگرت، ئیدی لەمەڕ ڕژێمی تازە یان خومەینی یان کورد یان شا بوایە. لە ڕێگەدا دەمویست وەبیری خۆمی بێنمەوە کە چەند جار بەم ڕێگەیەدا بۆ شنۆ چووم و لەوێندەرەوە بەتولە ڕێگا توناوتونە دژوار و سەختەکانی سنووردا بۆ کوردستانی عێراق چووم، پێنج یان شەش جار.

جارێکیان لە سەردەمی ئاشتی یا پەیمانی ١١/٣/١٩٧٠دا بوو زۆر جاریش لە کاتی شەڕ و شۆڕشی چەکدارانەی ساڵانی ١٩٧٤و١٩٧٥دا بوو، ئەو شەڕانەی کورد دژی سوپای عێراقی پڕچەک بەتازەترین چەکی سۆڤیەتی، دەیانکرد، یەکێک لەم سەفەرانەم بەر لە شەش ساڵێک بوو.

ڕێک لە ٦/٣/١٩٧٥دا بوو.ئەو ڕۆژە بوو کە شای ئێران، ئەو شایەی تا ئەو ڕۆژە کۆمەکی سوپایی و دارایی کوردەکانی دەکرد، وەکو کوردان خۆیان دەڵێن بایدایەوە و لە پشتەوە خەنجەری لێدان. شا، ئەو ڕۆژە وەکو ئاشکرایە دەستی لە ملی جێگری سەرکۆماری عێراق سەدام حوسێن کرد و لەگەڵی ڕێک کەوت کە هەموو ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو لا و کێشەی بەردەوامیان لەسەر شەتی عەرەب چارەسەر بکەن، ئەویش لەسەر حیسابی کوردان. دوا سەفەریشم بۆ ئەو ناوچەیە پاش هەرەسهێنانی شۆڕشی کورد و ڕەهەندەبوونی کورد بەخۆ و خێزانیانەوە بۆ ئێران، بوو. (بارزانی)ش ناچار بوو بارەگا قایەکەی خۆی لە حاجی ئومەران بەجێ بێڵێ و لەگەڵ هەردوو ژنەکەی و نۆ منداڵەکەی و ١٥٠ کەس لە گاردە تایبەتییەکانی خۆی پەنا وەبەر ئێران بەرێ.

مەبەستی من لە برینی ئەم ڕێگەیە، چ لە سەردەمی ئاشتی و چ لە سەردەمی شەڕدا، هەمیشە ئەم پیاوەبوو کە بۆ ماوەی پتر لە نیو سەدە ڕێبەر و پێشەوای گەلی خۆی بوو: چەندە ڕۆڵەکانی گەلەکەی خۆشیان دەویست، ناحەزان و دوژمنانیش ئەوەندە ڕقیان لێی بوو. وێڕای ئەوەی کە گەلێک لایەن شەڕی ئەو پیاوەیان کردووە، بەڵام هەر هەموو ئەولایەنانە بەناچاری ڕێزیان گرتووە و حیسابی پێشەوا و سەرکردەیەکی بێ هاوتا و بێ وێنەی گەلی کوردی چەوساوەیان بۆ کردووە.

جەنگ تەوەری سەرەکی ژیانی بوو

بارزانی، دوا سەفەری خۆی لە ولاتەیەکگرتوەکانەوە کە هیواکانی دایە دەم ڕەشەباوە، بۆ باوەشی نیشتمانی خۆی، کوردستان، بۆ ناو گەلی خۆی، کرد. ئەو گەل و نیشتمانەی لە حالەتێکی پاشکەوتەیی دووفاقیدا دەژی و بەسەر ولاتانی تورکیا و ئێران و عێراقدا دابەش کراوە و خاکە بەپیت و بەرەکەتەکەی هێشتا هەر بەیارە و ڕە عەمەل نەهێنراوە،.

ئەو نیشتمانەی کە بارزانی تیایدا لە دایک بوو، بەلام مەخابن ئەوەندی لە دەربەدەری و ئاوارەیی و جێ گۆڕکێی بەردەوامدا ژیا، ئەوەندە لە ناو ئەو نیشتمانەدا نەژیا. تەنانەت دەرفەتی ئەوەی دەست نەکەوت لەسەر خاکی ئەو نیشتمانە وەفات بکات، بەلێ دوا سەفەری کرد و گەڕایەوە تا بەیەکجارەکی لە ژێر ئەو خاکەدا چاو لێک بنێ.

هەزاران کورد لە باشووری ڕۆژئاوای ورمێوە، خوێندکارانی زانستگەکانی تاران و تەورێز و، نوێنەری ڕێکخراوی چەپەکانی کورد، جووتیاری دواکەوتووترین گوند، لە دوورترین ناوچەی شاخاوی و عاسییەوە هاتبوون و لە شنۆ دا خڕ بووبوونەوە تا بەشداری ڕێ و ڕەسمی بەخاک سپاردنی بارزانی بکەن (سەرچاوە و ژێدەرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارەی بەشدارانی ئەم ڕێ و ڕەسمەیان بەپتر لە سەد هەزارکەس قەبلاندووە)

مەفرەزەی چەکدارای سەر بەحزب و ڕێکخراوە کوردی یە جیاوازەکان، بەجلی سەربازی تایبەتی و هەموو چەکەکانیانەوە، لە سەرتاسەری ناوچەکەدا دابەش بوو بوون، تا زەبت و ڕەبت ڕابگرن و ئەمن و ئاسایشی ماتەم گێران بپارێزن. دەنگی هوراکێشان دەگەییە کەشکەلانی فەلەک و دەنگی سروودی (ئەی ڕەقیب) کە لە سالی ١٩٤٦ دا دانراوە تابێ بەمارشی نەتەوەیی گەلێکی بێ دەولەت، لە دوا ساتەکانی ئەو ئێوارەیەدا دڕی بەخامۆشی و کپی و سام و هەیبەتی ڕێ و ڕەسمی ناشتنەکە دەدا.

تەنانەت بەوەرەترین جەنگاوەرانی کورد، ئەوانەی لە ناو جەرگەی بۆتەی خەبات و شەڕی سەخت و دژواردا قال بووبوونەوە، هەموو چەک بەشان و ڕەخت و فیشەکدان لە پشت، خەنجەر لەبەر پشتێنیان، تەنانەت ئەوانەش خۆیان پێ نەگیرا و کە دەیانبینی دوا ڕابەر و سەرۆک و پێشەوای سیاسی و سوپایی مەزنی کورد، بەخاکی کوردستان دەسپێردرێ، خۆیان پێنەگیرا و فرمێسک وەکو بارانی بوهارێ لە چاوانیان دەهاتە خوارێ.

پاش تەواوبوونی ڕێ و ڕەسمی بەخاک سپاردن، (ئیدریس بارزانی) کە یەکێک لە کوڕەکانی "شێری بارزان" یان "شێری کێوان" وەکو ڕۆژنامەوانانی بێگانە بەبارزانییان

دەگوت، گوتەیەکی ماتەمینی پێشکەش کرد، کە تێیدا گوتی: "ئەوەی لێرەدا بەچاو دەیبینین، کارێکە زۆر زەحمەتە بەوشە گوزارشتی لێ بکرێ، ئەمە خۆی لە خۆیدا پێوەری ئەو خوشەویستی و ڕێزە زۆرەیە کە گەلی کورد لە مەرحومی دەنەن".

بەڕاستی جەنگ هەموو ژیانی پڕ کردبووەوە، هەر لەو ڕۆژەوە کە دەستی چەکی گرتبوو، هەلبەتە زۆر کارامەش بوو لە بەکارهێنانی چەکدا. لە سەرەتادا شەڕی عێراقییەکانی کرد، پاشان شەڕی هاوپەیمان و ئینگلیزەکانی عێراقی کرد. ئەوجا شەڕی فارس و هەرهەموو حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی بەغدای کرد کە هەر هەموویان لە یەک خالی هاوبەشدا یەکیان دەگرتەوە، ئەویش خالی دژایەتی و بەگژاچوونی کورد بوو.

بارزانی، بەدرێژایی تەمەنی بۆی هەلنەکەوت تامی ئازادی سیاسی بچێژێ. هەر لە مندالیدا بەر زەبری چەوسانەوە و ڕاوەدوونانی عوسمانیان کەوت. ئەو دەمە گوندی بارزان سەر بەحوکمی عوسمانیان بوو. تورک، باب و باپیریان ئیعدام کردن، چونکە ملکەچی دەسەلاتی وان نەدەبوون، بەخۆیشی لە تەمەنی پێنج سالیدا لەگەل دایکیدا لە زیندان خران. بۆیە لەگینە شۆڕشگێڕێتی بەشیری دایکییەوە خواردبێ و هەر لەو ڕۆژانەوە بەگیانی شۆڕش و تێکوشان دژ بەچەوساندنەوە و ئەو زولمەی کە گەلەکەی پێوەی دەنالێ، پەروەردە بووبێ.

تەنانەت لە سایەی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، کە پاش ڕووخانی ئیمپراتوریەتی عوسمانی هاتنە سەرحوکم، بارزانی و بارزانییەکان تامی ئازادییان نە چەشت، هەروەها لە دوای ڕووخانی کۆماری مهابادیش کە دوای چەند مانگێک لە دامەزراندنی ١٩٤٦ بەدەستی سوپای ئێران لە نێو برا، بارزانی و هاوەلەکانی ڕوویان کردە ولاتی یەکێتی سۆڤیەت و لە وێندەرێش هەر تامی ئازادییان نەچەشت.

لە سالی ١٩٥٨دا حوکمی پاشایەتی عێراق ڕووخا. بارزانی بۆ عێراق گەڕایەوە. زۆری ئومێد بەوە هەبوو ئەم جارە هەندێ بەئاسودەیی و ئازادی بژی. هەر بۆیە کەوتە گفتوگۆ لەگەل ڕژێمی کۆماری تازەدا دەربارەی دابین کردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق.

بەلام ئەم خەونەش زۆری نەخایاند، دوای دوو سال و چەند مانگێک سەر لەنوێ هەراو هەنگامە و بشێوێنی دەستی پێ کردەوە. بارزانی، لە ماوەی سالانی ١٩٦١-١٩٧٥دا ڕێبەرایەتی شۆڕشی چەکدارانەی گەلی خۆی، دژی حکوومەتە یەک لە دووی یەکەکانی عێراق کرد، ئەو شۆڕشەی کە پتر لە ١٤ سالی خایاند. دیارە ئەم ١٤ سالە، ناوە ناوە

ماوەیەکی کورتی نائارامی ئاگربەستی تێ دەکەوت. سۆڤیەت، لە قۆناغەکانی هەوڵی شۆڕشدا کۆمەکیان دەکرد و لە کۆتاییدا ئەمریکایەکان ئەمەیان دەکرد. هەندێ جاریش ئێران ئەم ئەرکەی دەگرتە ئەستۆ. تەنانەت حزبی بەعسی سوری، کە باڵێکی ناحەز و دژ بەحزبی بەعسی حوکمڕانی عێراقە، ئەویش لە هەندێ ماوەی کەمدا بەشداری کۆمەک کردن بەم شۆڕشەی کوردی کردووە.

"ئەی شێر پشت بەچنگ و بازووی خۆت ببەستە، چاوەڕوانی ڕەحمەتی پیاوچاکان بەتەنیا، بێ سوودە". ئەم پیاوە بەدرێژایی تەمەنی خۆی بەپێی ئەم پەندە کوردییە کۆنە چووە بەڕێوە. جۆری بیرکردنەوە و شێوازی ژیانی دەقاودەق ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوە و کارەسات و تراژیدیاکانی گەلی کورد بووە. هەموو ژیانی ئاوێنەیەکی باڵانمای ڕاستەوخۆی کول وکۆڤانی ئەم گەلە بوو.

شەوێک، لە بارەگای سەرەکیی بارزانی، لە حاجی ئۆمەران و ساڵێک بەر لە نسکۆی **١٩٧٥** دیمانەیەکم لەگەڵ بارزانیدا کرد کە شەوێکی تەواوی خایاند، هەردوو کوڕەکەی (ئیدریس و مەسعود) و تەرجومانی کوردی - ئەمریکی (شەفیق قەزاز)ی زمان ڕەوان لەم دیمانەیەدا ئامادەبوون. بارزانی کە ئەو دەمە تەمەنی **٧٢** ساڵ بوو، لەم دیمانەیەدا بەئاشکرا ئاماژەی بۆ نسکۆی ئایندە کرد. ئەم پێشبینییە زادەی ئەزموونی پتر لە نیوسەدە کاری ڕێبەرایەتی و سیاسی و تێکۆشانی بەردەوام بوو لە پێناوی وەدی هێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد و دەستەبەرکردنی مافی.

"...*وەرە بەچاوی خۆت مەرگ بدینی بەرەو ڕووت بێت، تۆش چاوەڕوانی بکەیت و ئەوجاش هەر بمێنی...وەرە هیوات بەسەرکەوتنی یەکجارەکی هەبێ و لە پلەی هەرە خوارەوەی هەرەس هێناندا بێت...*" بەو ڕستە و دەستەواژانە، بارزانی دەستی بەوەسفی بارودۆخی گشتی ئەو دەمانە کرد و لەسەری ڕۆیی:

"...*کارەکە هەمووی لە مۆتەکەیەک یان خەونێکی ناخۆش دەچێت: بێگومان زۆر ناخۆشە خۆت بدینی لە جێیدا کەوتوویت و چ ئەوزارێکی بەرگریت لەبەردەستدا نەبێ یان هیچ توانایەکی جوڵانت نەبێت بەم حاڵەشەوە بدینی و هەست بکەی دووپشکێکی کوشندە خۆی بەنێو جلەکانتدا بکات و بەسەر لاقتدا سەربکەوێ و بگاتە سەر سنگت و سوور بزانی پێوەت دەدات و دەتکوژێ و هەرچییەک بکەیت هەر لەناو دەچیت. ئەو دەمە چ مەفەڕێکت نامێنێ تەنیا ئەوە نەبێ چاوان بنوقێنی و چاوەنۆڕی مەرگ بکەی. ئەوجا لە پڕێکدا وەکو ئەوەی خوا فریات بکەوێ و نەیەوێ بمری، دووپشکەکە لەسەر سنگت لاکەوێ و لێت دوور بکەوێتەوە. لەم ساتەدا هەموو گومانەکانت دەڕەوێتەوە. هەست بەهێزێکی نهێنی دەکەی، بەهێزێک نازانی سەرچاوەکەی لە کوێوەیە، هەست بەو هێزە شاراوەیە دەکەیت بەگیانتدا دێت، بەناو بەدەنت دەکەوێ، هەڵدەستیت و دەست بۆ نزیکترین بەرد دەبەیت، هەڵی دەگریت و بەهەموو هێز و تواناتەوە بەدووپشکەکەیدا دەدەیت*".

سەدەی بیستەم پتر لە دووپشکێکی لەو بابەتەی بەخۆوە بینی کە هەوڵی دا بەسەر سنگی گەلی کورد بکەوێ، هەموو جارێک کورد ناچار دەبوون پڕ بدەنە بەردو هێندەیان زات و توانا هەبووە بەدووپشکەکەیدا بکێشن... بارزانییەکان هەمیشە، و خودی مەلا مستەفا، باب و باپیرانی یان منداڵ و نەوەکانی، لەم ڕووەوە لە ڕیزی پێشی پێشەوە بوون.

ئەو عەشیرەتەی بەتوانای بەرزی جەنگاوەری ناسراوە

لەو ناوچە شاخاوییە عاسێیەی باکوری ڕۆژهەڵاتی هەولێردا، لە ڕەخی چەپی ڕووباری زێی گەورەدا کە دەڕژێتە دیجلەوە، ئا لەوێدا موریدانی شێخی بارزان دەژین. بارزان چ جیاوازییەکی لەگەڵ گوندە کوردنشینەکانی تری دەوروبەری خۆیدا نییە، یان دیمەن و شوێنەوارێکی ئەوتۆی تێدا بەدی ناکرێ کە سەرنجی ڕێبوار ڕابکێشێت. بەڵام ئەم گوندە سەرچاوەیەکی تایبەتی بزاڤێکی سیاسییە کە چەندین ساڵە دەستی پێ کردووە هێشتا بەردەوامە، ئەم بزاڤە دەورێکی سەرەکی لە بڵاوکردنەوەی هوشیاری نەتەوەیی کوردا دیتووە و هانی داون سووربن لەسەر داوای خودموختاری لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا.

مێژووی بارزان لە سەرەتای سەدەی ڕابردووەوە دەستی پێ کرد، ئەویش کاتێ بوو کە تەریقەتی سۆفیاتی نەقشبەندی لە زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا، سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا و توانی تاجدین ناوێک بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و بیکات بەموریدی خۆی لە گوندی بارزان. زۆری نەبرد ئەم سۆفییە نێوبانگی دەرکرد و خەڵکی دەوروبەری گوندەکەی بوون بەمورید و گوێ ڕایەڵی، چوونکە بیری هەرەوەزی بڵاو دەکردەوە و هەندێ سروت و دابی خواپەرستی داهێنا کە بەسەما و دەفەوە ئەنجام دەدران هەندێک چالاکییان دەکرد کە لە گەمان دەچوو. هەروەها سەرجەلە کە بریتییە لەو ئەڵقانەی موریدانی تەریقەتەکە بەیەکەوە دەبەستێت، یارمەتی تاجدین-ی دا کە شۆرەت و دەسەڵاتی پتر پەیدا بکات، ئەوە بوو نەک هەر بوو بەیەکەم شێخی بارزان و بنەماڵەی

بارزانییەکانی دەوروبەری گوندی بارزان (نزیکەی ٧٥٠ خانەوادەبوون)، بەڵکو دەسەڵاتی پەرەی سەند و تیرە دراوسێکانی وەکو: شێروانی،١٨٠٠ خێزان، (مزوری) و (دۆڵەمەری) شی گرتەوە.

(مارک سایکس)ی ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانی کە لەساڵی ١٩٠٠دا سەردانی ئەو ناوچە کوردنشینەی کردووە کە ئەمڕۆکە شریتی سنووری نێوان تورکیا و عێراق پێک دێنێ، ئەم ڕۆژهەڵاتناسە لێکۆڵینەوەیەکی لەمەڕ پێکهات و داب و نەریتی عەشایەری کورد ئەنجام داوە و ئەم لێکۆڵینەوەی تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش بایەخی گەورەی مێژوویی خۆی هەیە. ئەم پیاوە ئەوەی دەرخستووە کە بارزانییەکان عەشیرەتێکی جەنگاوەر و بەتوانا و لێهاتووی وەهابوون، عەشیرەتەکانی دەوروبەر لێیان ترساون، بەتایبەتی عەشیرەتی هەرکیی کۆچەر کەساڵانە بۆ گەرمیان و کوێستان دووجاران بەبارزاندا ڕەت بوون.

سەرەڕای ئەوەی کە پەیوەندی پتەوی عەشایەری لەم ساڵانەی دواییدا زۆر کز و لاوازبوون، کەچی بارزانییەکان-کە ژمارەیان لە (٢٠) بیست هەزار کەس پترە، تاکو ئێستا پەیوەندی کۆمەڵایەتی ناوخۆیان لە پەیوەندی عەشیرەتەکانی دی پتەو و کۆکترە.

هەموو ئەو شەڕانەی کورد لە پێناوی بەدەست هێنانی ئازادی خۆیاندا، لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە کردوویانە و هەندێ جار کێشەی دەسەڵاتی شەخسی شێخان و سەرانی عەشایەریشی تێ کەوتووە، سەرەتا لە بارزان-ەوە سەری هەڵداوە. خەباتی بارزانییەکان لە سەرەتادا دژی عوسمانییەکان بووە، ئەو عوسمانییانەی کە زۆربەی خاکی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا بووە، ئەوجا ئاراستەی ئەو دەوڵەتانە کراوە کە لە دوای ئەوان حوکمی کوردستانیان کردووە و هەوڵیان داوە سنووری خۆیان لە ناو خاکی کوردستاندا دیاری بکەن. ئەمە تا ساڵی ١٩٢٠ کە ساڵی مۆرکردنی پەیمانی سیڤەرە، درێژەی کێشا.

تفەنگ گرنگترین موڵکی شەخسییە

شێخ عبدالسلام بارزانی، یەکەمین بارزانی بوو کە لە ڕووی داگیرکەرانی عوسمانی هەڵگەڕایەوە و توانی ناوچەکەی خۆی لە زوڵم و زۆریان بخەلەسێنێ و نوێنەریان لە ناوچەکەدا تڕۆ بکات. هەروەها شێخ عبدالسلام پەیوەندی بەڕووسەکانەوە کرد. ئەو ڕووسانەی کە لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردووەوە کەوتنە بایەخدان بەکورد. بەتایبەتی لە سەردەمی شەڕیان لەگەڵ عوسمانیاندا. بەڵام عوسمانیەکان توانیان لە ساڵی ١٩١٤داو بەبێ مەحکەمەودادگایی لە شاری موسڵ ئیعدامی بکەن.

شێخ ئەحمەدی بارزانی، کوڕە گەورەی، کە لە دوای ئەو سەرۆکایەتی و ڕێبەرایەتی بارزانییەکانی کەوتە ئەستۆ، هەمان ڕێبازی ئەوی گرتەبەر. بەڵام شێخ ئەحمەد شەڕی عوسمانییەکانی نەکرد، بەڵکو شەڕی بەریتانییەکانی کرد کە لە جەنگی یەکەمی جیهاندا سەرکەوتنیان وەدەست هێنابوو، و بەتۆبزی خۆیان وەکو دەمڕاست بەسەر عێراقدا سەپاندبوو، ئەو عێراقەی کە دوای دابەشکردنی میراتییەکانی دەوڵەتی عوسمانی هاتە دامەزراندن. ئەم دەمڕاستی و ئینتیدابە تا ساڵی ١٩٣٠خایاند و لەوە بەدواوە حوکمێکی پاشایەتی بەکرێگیراوی بەناو سەربەخۆ جێی گرتەوە کە ئەرکی سەرەکی بریتی بوو لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا.

ئەو حکوومەتەی لە بەغدا دامەزرێنرا و کەوتە هەنگاونان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی بەسەر هەموو عێراقدا بسەپێنێ، پێی وابوو دەتوانێ بەکۆمەکی بەریتانییەکان، ناوچەی بارزانی مەڵبەندی شۆڕشی هەڵایساو بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و دایبمرکێنێتەوە، بۆیە هێزێکی سوپایی بۆ ناوچەکە نارد، بێ ئەوەی حیسابی ئەوە بکات کە شێخ ئەحمەد خۆی سازو تەیار کردبوو، بۆ بەرپەرچدانەوە و غافڵکردنی ئەو هێزە:

ئەوەبوو قافڵەیەکی سوپایی عێراق کەوتە کەمینێکەوە کە بارزانییەکان بۆیان نابووەوە و پاش ئەوەی زیانێکی گەورەیان لێدا ناچاریان کرد بۆ ڕێگەی هەڵاتن و خۆدەربازکردن بگەڕێ. لەم شەڕە سەرکەوتووەدا، گەنجێکی تازە پێگەیشتوو، کە هێشتا نێوبانگی دەرنەکردبوو، ڕێبەرایەتی بارزانییەکانی کرد، ئەویش برا بچوکەکەی شێخ ئەحمەد، مەلا مستەفا بارزانی بوو. وێڕای ئەوەی عێراق خودانی سوپایەکی بەهێز و مەشق دیدەی تازە بابەت بوو، بەڵام چ سەرکەوتنێکی ئەوتۆی لە دژی شۆڕشگێڕانی کورد وەدەست نەهێنا، ئەمە عێراقییەکانی ناچار کرد کە هێزی ئاسمانی بەکاربهێنن. دیارە هەموو حکوومەتە جیاوازەکانی عێراق، لە هەموو قۆناغە مێژووییەکاندا پەنایان وەبەر بەکارهێنانی ئەو چەکە، دژی کوردان بردووە. حکوومەتی عێراق ئەمجارە هانای وەبەر هێزی ئاسمانی بەریتانی برد و وەکو دوا کارتی دەستی خۆی بەکاریهێنا: بەم جۆرە ساڵی١٩٣١و ساڵی پاشتریش، هێرشی ئاسمانی دڕندانەی فڕۆکە بەریتانییەکانی بەخۆوەبینی کە چۆن دیهاتەکانی کوردستانیان وەبەر پەلامار دەداو گوندەکانیان بۆردومان دەکردو ماڵی جووتیارانیان دەسوتاند و دەیانکرد بەخۆڵەمێش... بەم جۆرە بەغدا توانی بەپشتیوانی ڕاستەوخۆو کاریگەری هێزی ئاسمانی بەریتانیا مقاوەمەت و بەرگری کوردان لاواز بکات و دای بمرکێنێتەوە و ئەوجا ڕێ بۆ یەکە سوپاییەکانی خۆش بوو کە بچنە ناو بارزانەوە.

هەرچەندە شێخ ئەحمەدی بارزانی و ئەو پیاوانەی لەگەڵیدا مابوونەوە مقاوەمەتێکی قارەمانانەیان کرد، بەڵام هەر ناچار بوون بەرەو سنووری تورکیا پاشەکشە بکەن. هێزی تورکیش لە دەرفەتێک دەگەڕا تا پەلاماری شێخی شۆڕشگێڕ بدات. لە ڕاستیدا توانی لە پشتەوە هێرشی بکاتە سەر و دەستگیری بکات و لە ساڵی ١٩٣٥دا بیداتەوە بەحکوومەتی عێراق. لە سەرەتادا شێخ ئەحمەد و کۆمەڵێک لە فەرماندە و سەرکردە کوردەکان بۆ شاری حللەی ناوەڕاستی عێراق نەفی کران و پاشان بۆ شاری سلێمانی کە ئەو سەردەمە مەڵبەندی سیاسی و شارستانی کوردستانی عێراق بوو.

شێری بارزان

نێوبانگ و دەسەڵاتی سیاسی و هێزی سوپایی بارزانی لە ساڵی١٩٤٣دا بەڕادەیەک پەرەی سەند و بڵاو بووەوە کە حکوومەتی بەغدا قەناعەتی تەواوی هێنا کە مەحاڵە بتوانێ بەهێرشی سوپایی و بەزەبری چەک، کێشەی کورد لە باکوری عێراقدا چارەسەر بکات و ئاگری ئەو بزاڤە چەکداری یەی کە لەوێندەر هەڵایسابوو بتەمرێنێ، ئەو بزاڤەی بووە بەهەوێن و بەشێک لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، بۆیە وەزارەتخانەی عێراقی بەسەرۆکایەتی نوری سەعید هەستی کرد ناچارە گفتوگۆ لەگەڵ بارزانیدا بکات، هەر بۆ ئەم مەبەستە وەزیرێکی کورد، بەپلەی وەزیری دەوڵەت دامەزرێنرا کە هەموو ئەرکێکی بریتی بێ لە گفتوگۆ لەگەڵ شۆڕشگێڕانی بارزانیدا.

یەکەم سازش کە حکوومەتی عێراق لەگەڵ بارزانیدا کردی بریتی بوو لە دانانی بەجۆرە ئیدارەیەکی ناوچەیی لە بارزاندا و ڕێگەدان بەخەڵکی بارزان کە چەکی شەخسی خۆیان پێ بێ. بەڵام وەزیرە عێراقییە ڕەگەزپەرستەکان، هەستیان کرد ئەم کارەی نوری سەعید ڕێگە بۆ تەنازولی زیاتر و لەبەر داهێنانی پتر بۆ کوردان خۆش دەکات و ئەمەش لە ئایندەیەکی نزیکدا دەبێتە مایەی هەڕەشەکردن لە یەکێتیی و یەکپارچەیی خاکی عێراق... دیارە ویستی ئەم وەزیرانە لە ئەنجامدا سەرکەوت و گفتوگۆیەکە گەییە کوێرە کۆڵان و پاشان بەیەکجارەکی دەستبەرداری بوون، ئەمەش بووە مایەی سەرهەڵدانی حاڵەتی هەڵایسانی شەڕ و کوشتار بەدرێژایی سنووری ناوچەکە. بەڵام بارزانی، سەرەڕای تێکچون و هەرەس هێنانی پەیوەندی هەردوولا، بەردەوام بوو لەسەر پەیوەندی کردن لەگەڵ دەوڵەتدا و توانی لە ئەنجامدا قەناعەت بەدەوڵەت بکات کە ژمارەیەک ئەفسەری سوپای عێراقی بەئەسڵ و فەسڵ کورد، وەکو ئەفسەرانی پەیوەندی دابمەزرێنێ کە ئەرکیان ئەوەبێ

ڕێگەیەکی گونجاو بدۆزنەوە بۆ دەرچون لەو کوێرە کۆڵانە و ئەگەر کرا بۆ چارەسەری هەموو مەسەلەکە بەڕێگەی ئاشتی.

رائید عیزەت عەبدولعەزیز ئامێدی کە موراسیلی تایبەتی وەسی بوو، لەگەڵ موقەدەم ئەمین ڕواندزیدا، بوونە جێی متمانەی بارزانی و عێراق و بەریتانییەکان کە بەڕێوەبەری ڕاستی حوکمی تازە بوون. ئەو ئەفسەرانە توانیان شێخ ئەحمەد بارزانی کە هێشتا هەر ڕێبەری ڕەسمی عەشیرەتەکەبوو، ئازاد بکەن و لە تاراوگە بیگەڕێننەوە. چەند بارزانییەکان لە دەوری ئەو ئەفسەرانە ڕازی بوون، بەغدا ئەوەندە لێیان ناڕازی بوو، بەتایبەتی کاتێ کە حکوومەت بۆی دەرکەوت کە هەردوو ئەفسەری نێوبراو ئەندامی کۆمەڵەی نهێنی (هیوا) بوون، ئەو کۆمەڵەیەی کە هەڵبژاردەترین کوردی شارەکان و ڕۆشنبیران و ئەفسەرانی کوردی ناو سوپا و پۆلیسی لە ڕیزەکانی خۆیدا ڕێک خستبوو.

لەلایەکی ترەوە، پایەی سوپایی بارزانی، بەحوکمی هێرشە سەرکەوتووەکانی بۆ سەربازخانە و مەخفەری پۆلیس، بەرز بووەوە. لە باری سیاسیشەوە، پایەی تەواو بەرز بووەوە، بەتایبەتی کە عەشیرەتەکانی دی بەڕێزەوە ئامادەیی خۆیان دەربڕی کە بەگەڵی بکەون و گوێ ڕایەڵی بن.

هەموو ئەمە کردییە کارێک کە پتر متمانە بەخۆی پەیدا بکات و هەڵوێستی توندتر بنوێنێ و داوای پتر لە دەوڵەت بکات. دیارە دەوڵەت ئەمەی بەزیادەڕۆییەکی زۆر زانی و ئیدی لە حەوسەڵەیدا نەما، بەتایبەتی کاتێ کە بینی ناوچەی پتر دەچنە ڕیزی شۆڕشەوە و گوێ ڕایەڵی و پشتیوانی خۆیان بۆ بارزانی ڕادەگەیەنن، بۆیە بەمەبەستی تەمبێ کردن هێرشێکی سوپایی بۆ ناوچەکە ڤرێ کرد و سەرەتا لە دەشتەکانی دیجلە و فوراتەوە و بەپشتیوانییەکی چڕی هێزی ئاسمانی بەریتانییەوە دەستی پێ کرد.

ئەفسەرێکی گەنج بەنێوی عەبدولکەریم قاسم، فەرماندەیی ئەم هێرشەی دەکرد. بارزانی بۆ یەکەم جار لە ژیانیا خۆی لە بەرانبەر ئەفسەرێکی لێهاتوودا بینییەوە کە لە چەند نەبەردو مەیدانێکدا بەسەریدا سەربکەوێ و ناچاری بکات پاش هەندێ تەق وتۆق و سوکە شەڕ پاشەکشە بکات.

کاتێ بارزانی بۆی بەدیارکەوت کە چ مەفەڕێکی نییە، بڕیاری دا بەرەو سنووری ئێران پاشەکشە بکات و پاشان لەگەڵ نزیکەی سێ هەزار پێشمەرگە و نۆ هەزار ڕۆڵەی عەشیرەتەکەیدا، پەنا وەبەر ئێران بەرن. هەر کە چوونە خاکی ئێرانەوە، بارزانی پەیوەندی بەهێزی کۆماری مەهابادەوە کرد کە تازە لەوێندەر دامەزرابوو. بارزانی لە خزمەتی کۆماری

مەهابادا مایەوە تا ئەو ڕۆژەی هێز و نیروی ئێرانی لە نێوی برد، هەنگینێ بارزانی بەخۆ و نزیکەی(٥٠٠) سەد کەس لە باشترین یاوەر و جەنگاوەرانییەوە پەنای وەبەر یەکێتیی سۆڤیەت برد.

بارزانی، بەخەونیش ئەوەی بەخەیاڵدا نەدەهات کە ئەم ئەفسەرە عێراقییە گەنجە، عبدالکریم قاسم، ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبێتە هۆی گەڕانەوەی وی لە یەکێتی سۆڤیەت، دوای یازدە ساڵ غەریبی، ئەویش گەڕانەوەی قارەمانێکی سەرکەوتوی ڕێزدار و بایەخ پێدراو.

عەبدولکەریم قاسم، توانی بەهۆی کودەتایەکی سوپاییەوە کە خۆی ڕێبەرایەتی کرد، لە بەرە بەیانی ١٩٥٨/٧/١٤دا حوکمی پاشایەتی هاشمی بڕوخێنێ و ڕژێمی کۆماری ڕابگەیەنێ. ئەوەبوو بارزانی پاش زنجیرە ڕووداوێکی پڕ لە هیوا و بێ هیوایی جارێکی دی بۆ عێراق گەڕایەوە. پەندێکی کۆنی کوردی هەیە کە ئەم حاڵەتی بێ هیوایی و هیوادارییە بەمەرجێک لە مەرجەکانی گەیشتنە مراد دەزانێ و پەندەکە دەڵێ: "پاش حەوت ساڵان ڕێکردن، پاش دڕانی حەوت پێڵاوی ئاسن، پاش گۆڕانی حەوت شتان و ئەنجامدانی حەوت ئەرکان، پاش هەموو ئەمانە ئەوجا دەتوانی بگەیە مرادی خۆ."

ئەڵمانی باشە

ئیدریس بارزانی، بەدیار گۆڕە کراوەکەوە و لە ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٥دا هەموو ئەم قۆناغانەی ژیانی بارزانی بۆ ئاپورای ماتەمباران و ماتەمگێڕان گێڕایەوە و، هەروەها لە خوتبەکەیدا باسی پەرەسەندنەکانی وەزع و حاڵی ناوخۆی عێراقی کرد، پاش ئەوەی عەبدولکەریم قاسم شۆڕشی ١٩٥٨ی بەرپا کرد و پاشان گەڕانەوەی بارزانی و یاوەرەکانی. لە غوربەتی یازدە ساڵە. دیارە زۆربەی ئامادەبووان ئەو ڕووداوانەیان لە بیر مابوو. لە دوو ساڵی یەکەمی پاش ئەم شۆڕشەدا گەلێک هەوڵ درا بۆ وەدیهێنانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەسەر بناغەی بەرەی نیشتمانی کە نوێنەری هەردوو گەلی عەرەب و کورد لە عێراقدا بگرێتە خۆ و هەوڵ بدات ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق بهێنێتەدی.

بەڵام هەموو ئەم هەوڵ و کۆششانە بەفیڕۆ چوون، لە ئەنجامی ئەو ناکۆکیانەی کە لە مەڕ بەشی ناوچە کوردنشینەکان لە دەرامەتی نەوتی بیرە نەوتەکانی کەرکووک و خانەقین، چێ بوون. لەم ناکۆکییەدا کوردەکان لەسەر هەق بوون، چونکە ئەم بیرە نەوتانە لە خاکی کورداندا بوون.

ئا بەم جۆرە حاڵەتێکی لە بابەتی شەڕی ئەهلی بەدرێژای ساڵانی ١٩٦٠- ١٩٧٠ چێ

بوو. ئەم حاڵەتە پاش شەڕ و کوشتارێکی خوێناوی دژواری ئەوتۆ کە خەریک بوو هەردوولایەنی شەڕەکە لە نێو بەرێ، بەهودنەیەکی چوار ساڵی کۆتایی هات، کە دەبوایە لەو چوار ساڵەدا بەپێی نەخشەیەکی زەمەندار، داخوازییەکانی کورد لە بەشە دەرامەتی نەوت بهێنرێتەدی.

کاتێ کوردان، لە ساڵی١٩٧٤دا سەیریان کرد مەحاڵە ئەم جارەش بەمافەکانی خۆیان بگەن، ناچاربوون جارێکی دی دەست بدەنەوە چەک، بەتایبەتی دوای ئەوەی شای ئێران و وەزیری دەرەوەی ئەو ڕۆژگارەی ئەمریکا «د. هنری کیسنجەر» گەلێک بەڵێنی چەوریان دا کە هەموو جۆرە کۆمەکێکی کورد دەکەن تا بتوانن ڕووبەڕووی عێراقییەکان بوەستنەوە و خۆبگرن، بگرە لەمەش هەڵیان بوارد و بەڵێنی کۆمەکێکی وەهایان دا کە بتوانن بەسەرعێراقییەکاندا سەر بکەون. من هەلم بۆ ڕەخسا بەر لە ساڵ و نیوێک لە هەڵایسانی شەڕەکانی بەهاری ١٩٧٤دا کە بەدژوارترین و سەختترین شەڕی مێژووی کورد دەژمێردرێ، دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ بارزانیدا ساز بدەم... لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا دێمەوە سەر ئەو دیمانەیەی کە چەند دیمانەیەکی تری بەدودا هات.

سەفەرکردن بۆ کوردستانی عێراق لەو قۆناغەدا و لە سایەی هودنەی ئاشکرادا کارێکی ئاسان بوو. سوپای ئێران و ساواکی ئێرانی ڕێگەی هەر ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژئاواییان دەدا کە بیەوێ سەری کوردستانی عێراق بدات، لە مەرز ئاودیو ببێ، بەمەرجێ نووسراوی تایبەتی بۆ سەرکردایەتی کورد پێ بوایە، چونکە سەرکردایەتی کورد، بەبێ نووسراوی تایبەتی ڕێیان بەکەس نەدەدا بێتە خاکی عێراقەوە.

هەر کە لە ئوتێلی (تاران هیلتون) لامدا، ئوتێلێک بوو ئەو دەمانە هەموو مەرج و پێوەرێکی ئەوروپایی تێدا بوو، کوردێک هاتە لام و داوای ئەو نووسراو و ڕاسپێریانەی لێ کردم کە لە دەزگاکانی دەرێی شۆڕشی کوردم هێنا بوو. زۆر بەوردی کەوتە پشکنینی ئەو کاغەزەی کە زۆر بەچاکی بەتیپی ئاوی پێچرابووەوە، پاش ئەوەی دڵنیا بوو لەوەی کە هەموو شتێکم تەواوە. قۆناغەکانی تری سەفەرەکەی بۆ شەرح کردم، تێی گەیاندم کە سبەینێ لە فڕۆکەخانەی ڕەزاییەی ئازەربایجانی نزیکی ناوچە کوردییەکان پێشوازی دەکرێم. ئیدی لەوێوە دەبرێم بۆ سەر سنوور و لەوێشەوە دەپەڕمەوە و دەگەمە سەرکردایەتی کورد. بەم جۆرە قۆناغەکانی تری سەفەرەکەم بێ چ کۆسپێک بڕی.

(قەڵەو و باریک) کە تیمی نموونەیی پیاوانی ساواک بوون، لە فڕۆکەخانەکەدا

چاوەنۆڕم بوون. کابرای باریک، کە قاتێکی ئیتاڵی و کراسێکی حەریری لە بەر بوو، من و وێنەگرەکەی هاوڕێمی لە بازگەی پشکنینەوە، بێ ئەوەی تەفتیش بکرێین، بەڕێ کرد، بەڵام ئەوەی تریان کە دەتگوت کەسایەتییەکی تاوانبارە و تازە لە فلیمێکی جاسوسی هەڵاتووە، قەڵەوێکی کەتە بوو، ئامادە بوو بۆ جێبەجێ کردنی هەر داوایەک کە لێی بکرێ. جانتاکانی هەڵگرتین و خستنیە ناو جێبێکی لاندروڤەرەوە کە لە بەردەم فرۆکەخانەکەدا چاوەڕوانی دەکردین. لاندرۆڤەرەکە هیچ ڕەقەمێکی عێراقی یان ئێرانی پێوە نەبوو.

عومەر پیشەوەری، کە لە نزیکی لاندرۆڤەرەکە وەستابوو، یەکەم پێشمەرگە بوو کە چاوم پێی کەوت. خۆ ئەگەر جلەکانی نەبوایە وامدەزانی سەربازێکی یەکەیەکی سوپای جەوەڵی یە لە "بایرن" یان "شتایرمارک" یان یەکەیەکی سوپای ئەسکاتلەندی، بەقژە زەرد و چاوە شینەکانیا. تۆزێ دیقەتی داین و پرسی: ئەڵمانین؟ دوای ئەوەی سەرم بۆ لەقاند گوتی: ئەڵمانی باشن. جگە لەم دایەلۆگە کورتە، ئیدی ئاشنایەتیمان لە سنووری خێرهاتن و جگەرە بەیەکتردان تێ نەپەری. ئەم پێشمەرگەیە، بەلاندرۆڤەرەکەی، بەرێگەیەکی قیرتاودا بردینی کە دوای ماوەیەک بوو بەگڵ. لە پێشدا بەمهابادا و ئەوجا شنۆ و پیرانشاردا تێ پەڕی و بەڕێگەیەکی باریکی توناو تونی شاخاوی ناوەندی دۆڵێکی قووڵدا بردینی. هێندە بەخێرایی لاندرۆڤەرەکەی داژۆت پیاو هەترەشی دەچوو، ناوە ناوەش سەیرێکی منی دەکرد، وەکو ئەوەی بیەوێ بزانێ کە داخۆ ئەم ئەڵمانییەی تەنیشتی لەم سەفەرە پڕ مەترسی و ڕێگە تووشە دەترسێت یان نا.

لە چەند بازگەیەکی ئێرانیدا. لاندرۆڤەرەکەیان ڕاگرتین، ئەم بازگانە بەبێ نووسراو و ئیزنی تایبەت ڕێی تێپەڕبوونی چ ئۆتۆمبێلێکیان نەدەدا٠ ئەو نووسراوەی ئێمەپێمان بوو، لە هەموو بازگەکان دەیخوارد. بازگەیەکی ترمان بڕی و ئەوجا ئۆتۆمبێلەکەمان ڕاوەستا تا دوای سەفەرێکی سێ سەعاتی پشوویەک بدەین.

تاریکی، بەرە بەرە هێرشی بۆ ئەو قەڵا ئێرانییە دەهێنا کە جێمان هێشتبوو. بینایەکی زۆر گەورە بوو. پێ دەچوو بەر لە هەزاران ساڵ ڕۆنرابێ.

کۆمەڵە شاخێکی ڕووتەنی ڕک و ڕژد دەیڕوانییە ئەو جادە خاکییەی بەنێو دۆڵەکەدا تێ دەپەڕی. لە دووری پێنج سەد مەتری ئێمە، جووتیارێکی کورد، بەجوتێک گاجوت، زەوی دەکێلا. بێدەنگی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو، ن ەسرتە، نە خشپەی پەلکی دەرختان

و نە جریوەی پاساری چۆلەکان دەهات. تەنیا دەنگی مەکینەی ئۆتۆمبێلەکە ئەم بێدەنگییەی شەق دەکرد. دوای پشویەکی کورت، وەڕێ کەوتینەوە، کە چووینە گەرووی دۆڵەکەوە، عومەر پێچی کردەوە و ڕێگەیەکی لاوەکی گرتەبەر کە بەرەبەرە و پێ بەپێی شاخەکەی بەرانبەرمان بەرز و بەرزتر دەبووەوە.

لە پڕ چەند ماڵێکی لە دار و حەسیر دروست کراوی قوڕە پەست کراومان لێ بەدیار کەوتن. دەوروبەری ماڵەکان لە سەرەتاوە چۆڵ و هۆڵ بوون و بەنی بەشەری لێ دیار نەبوو. کە چی لە پڕێکا و پاش ئەوەی ئیشارەتێکی بچوک لە ئۆتۆمبێلەکەی ئێمەوە درا، ئەو ناوچە کپ و خامۆشە گۆڕا و بوو بەپورە هەنگێکی چالاک.

پاش یەک دەقیقە ڕەتلێکی سێ ریزی کە نزیکەی ٣٠ پێشمەرگە دەبوو، لەبەر دەمماندا قوت بۆوە و بەحەرەکەیەکی سوپایی خێرا تفەنگەکانیان خستنە سەر شان و ئەوجا دایان نایەوە سەر زەوی. ئەوجا عومەر ئەمرێکی سوپایی پێ کردن و بوون بەدوو گروییەوە. گروپێکیان بەخێراییەکی سەر سوڕهێنەر کەوتنە هەڵوەشاندنەوە و لێکدانەوەی تۆپێکی ڕەشاشی ناوەنجی. گروپی دووەمیش کەوتنە هەڵوشاندنەوە و لێکدانەوەی تۆپێکی دژەتانک.

هەر چەندم کرد، بزانم مەبەست لەم نمایشە سوپاییە چی بوو، بێ هودە بوو. کاتێ عومەر بەشانازییەوە سەیری کردین و پرسی: باشە؟ بەدڵتان بوو؟ ئەوجا لە مەسەلەکە حاڵی بووم. تومەز میوانەکانیان « ئێمە » لە ئەڵمانیاوە هاتوون و ئەڵمان هەمیشە سەربازی چاک بوون،تا ئابەم جۆرە حوکم لەسەر توانای زەبت و ڕەبتی پێشمەرگە بدەین و هەڵی بسەنگێنین. لە ڕاستیدا نمایشە سوپاییەکە زۆر چاک بوو، بۆیە وەڵاممان دایەوە: بەڵی باشە.

بارزانی، بەخۆی یەکێک بووە لەوانەی کە ئەڵمانی خۆش ویستوەو بەچاوی ڕێزەوە سەیری کردوون. من لە سەرچاوەی باوەڕ پێکراوەوە بۆم دەرکەوت کە مەسەلەکە تەنیا بەوەندەوە نەوەستاوە کە کورد، بەتایبەتی نەوە کۆنەکان، کورد و ئەڵمانیان بەخزم و هاونەژاد زانیوە و هەردوو میللەتیان بەهیندۆ- ئەڵمانی زانیوە، بگرە بارزانی سوور بووە لەسەر ئەوەی بەگوێزانی ئەڵمانی ڕدێنی بتراشێت.

گەشتێک بۆ نێو پیاوانی ئازا

بەتاریکی گەیشتینە حاجی ئۆمەران، گەیشتینە ئەو بارەگا سەرەکییەی کە دیمانە ڕۆژنامەوانییەکەمان تێدا لەگەڵ بارزانیدا کرد، ئەم شوێنە لە ساڵانی ئاشتیدا خۆشترین هاوینە هەوار بوو بەلای خەڵکی دەوڵەمەند و پایەداری بەغداوە، و دەکرا ڕاوە پڵنگ و گورگی تێدا بکرێ.بەڵام دە ساڵێک بوو، بوو بوو بەپاش بارەگای گەڕۆکی سەرکردایەتی کورد.

دیمەن و ڕواڵەتی بارزانی، ڕێک لە دیمەن و ڕواڵەتی ئەو کوردانە دەچوو کە کارل مای لە ڕۆمانە بەنێوبانگەکەیدا (گەشتێک لە کوردستانی کێوی) دا، وەسفی کردبوون... نوسخەیەکی خاکی لە جلی نەتەوەیی، کراسێکی دەڵبی کورت، شەرواڵێکی فش و فۆڵ، پشتێنێکی قوماشی ڕەنگاوڕەنگ کە بارزانی خەنجەرەکەی پێدا کردبوو، دارجگەرەیەکی درێژ، جامانەیەکی سوور، دیمەنی بارزانی جگە لەمانە، جورئەت و زیرەکی دەنواند.

هەرچەندە ژەنەراڵ هەندێ کورتە باڵا بوو، بەڵام کەسایەتییەکی بەهێز و کاریگەری هەبوو، لە یەکەم چاوپێکەوتندا ئەمەم بۆ بەدیارکەوت. چاوە ڕەشەکانی کە پرشنگیان دەدا، هەموو سوچێکی ژوورەکەی بەوردی دەپشکنی... لۆچە قووڵەکانی دەموچاوی سام و تام و هەیبەتێکی پڕ جورئەتیان پێ دەبەخشی... بەدرێژایی دانیشتنەکەمان، ئەم سام و تام و هەیبەتە لە سیمای نەڕەوییەوە و باڵی بەسەر دانیشتنەکەدا کێشا. ئەو وێنەیەی لەم دانیشتنەدا، دەربارەی بارزانی لە لام دروست بوو، وێنەیەک بوو گوزارشتی لە جوامێرییەکی جەنگاوەری سەر کێشی چارەنووس ئاڵوزو دژواری ڕۆمانسی دەکرد، سەرەڕای ئەوەی کە ژیانی بارزانی زۆر دوور بوو لە هەموو ڕۆمانسییەتێکەوە.

هەرچەندە بارزانی، لە منداڵی و گەنجیدا سادەترین پلەکانی خوێندن وفێر بوونی لەسەر دەستی مەلاکانی گوندی خۆیان تەواو کرد بوو، کە ئەو مەلایانە بەخۆیان نیمچە خوێندەوار بوون، ئەوجاش توانا و بەهرەیەکی یەکجار گەورەی هەبوو لە موناقەشە کردندا، زۆر بەجوانی بابەتە جۆراوجۆرەکانی پێکەوە گرێ دەدان، تیشکی دەخستە سەر جەوهەر و ناوەڕۆکی بابەتی دیاریکراو... جگە لە بلیمەتیی سوپایی، شارەزاییەکی تەواوی لە پێداویستییەکانی مناوەرەی سیاسیدا هەبوو لە پێناوی دۆزی کوردا... بەحوکمی ژیانی ئاڵوز و پڕ دەربەدەری فێری زمانی فارسی و عەرەبی و ڕووسی بوو بوو.سەرەڕای ئەوەی متمانەیەکی زۆری بەخۆی هەبوو، و بەخۆی دەنازی، دیارە ڕۆژانی تەمەنی درێژ و

دەستکەوتە زۆرەکانی هەقیانەتی ئەم سیفەتانەیان دەسەلماند، ئەوجاش زۆر بەوردی سنووری خۆی دەناسی و دەزانی.

زۆر بەوریایی گوێی لە بەرانبەرەکەی دەگرت، بەتایبەتی ئەگەر باسەکەی لەمەڕ بابەتێک بوایە ئەو شارەزایی لێ نەبوایە یان پێشتر نەی بیستبووایە. هەروەها پرسیاری لە میوانە ئەورووپاییەکانی، دەربارەی هەندێ بابەتی دووری تایبەت بەئاسۆی دوورتر لە واقیعی کوردستان و ناوچەکە دەکرد... هەرگیز لە زانیاری تێر نەدەبوو، هەر ئەمەش هانی دەدا دەرفەتی هاتنی ئەو جۆرە میوانانە لە دەست نەدات و زانیاری تازەیان لێ وەربگرێ و بیخاتە سەر زانیارییە بەرفرە و هەمە لایەنەکانی خۆی.

یەکەم دیدارم لەگەڵ بارزانیدا شەش مانگێک بەر لە دەست پێکردنەوەی شەڕی ساڵی ١٩٧٤ بوو. کەش و هەوای گشتی بەئاشکرا ئەوەی دەردەخست کە شەڕ دەبێتەوە. مەفرەزەکانی ڕەشاشی برێنی ئینگلیزی و دۆشکای ڕووسی، شەو و ڕۆژ لە سەنگەرەکانی خۆدا بوون و سازو تەیار بوون بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی زەمینی یان ئینزالی ئاسمانی لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە.

لەم دیدارەدا بۆم دەرکەوت کە بارزانی چەند تینوی زانیاری و شارەزا بوونە... زیاد لە جارێک ڕووگیر و شەرمەزاری ئەوە بووم کە نەمدەتوانی وەکو پێویست وەڵامی پرسیارەکانی لەمەڕ هەندێ بابەت کە لە ڕاستیدا کاری خەڵکی تایبەتی و پسپۆڕ بوون، بدەمەوە... چونکە دەمزانی زۆری حەز لە بابەتی فەلەکییە، بۆیە تەلسکوبێکی ئاسمانی دوا مۆدێلی کۆمپانیای (زایس)م بەدیاری بۆ هێنا بوو.

من حەزم دەکرد ڕاستەوخۆ لەگەڵ بارزانیدا بکەومە باسی ئەو بابەتە سیاسی و سوپاییانەی کە خۆمم بۆ ئامادە کردبوون، بەڵام ئەو سەرگەرمی تەلسکۆبەکە بوو، بۆیە ناچار بووم بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانەی بگەڕێم کە دەربارەی مەودای دیتن و توانای گەورە کردنەوەی تیشکۆ و لایەنەکانی تری تەلسکۆبەکە، دەیکردن.

هەروەها حەزی دەکرد ڕای من دەربارەی ململانێ و ڕکابەری کۆمپانیا ئەڵمانی و کۆمپانیا یابانییەکانی تەلسکۆب سازی بزانێ و ئاخۆ کاردانەوەی ئابووری ئەڵمانی لەو ڕووەوە چ دەبێت. ئاخۆ ئەو حیمایە گومرکییەی کە ئەڵمانیا داینا وە کافییە بۆ پاراستنی بەرهەمەکانی لەو موناфەسەی کە لە ئەنجامی هێنانی کەلوپەلی هەرزانەوە چێ دەبێت.لەگەڵ زۆر پرسیاری دیدا کە ناچار بووم بکەومە موناقەشەکردنی، بەڵام کە خۆم

لەگەڵ تەرجومانە کوردییەکەدا بەراورد دەکرد، زۆرم کەیف بەخۆم دەهات، چونکە حاڵی من زۆر لەو باشتر بوو.

ئەوپیاوە قانونی دەولی لە زانستگەی هارڤەردی ئەمریکی خوێند بوو، ڕێک لەم بارودۆخەدا کە شەڕ بەردەرکەی بەکوردان گرتبوو، و هەرساتێ هەڵگیرسابا، هەڵدەگیرسا، لەبەر پێویستی کورد بەخەڵکانی وەکو ئەو، پەیوەندی بەشۆڕشی کوردەوە کرد بوو.ئەم بەلەنگازە هەرگیز باوەڕی نەدەکرد ناچار بێ ئەم بابەتە زانستیانەی کە لە بنەڕەتدا کاری ئەو نەبوون و خۆیشی بۆ ئامادە نەکردبوو، بەو شێوە کوت و پڕە کەوتنە ناو موناقەشەکەی من و بارزانییەوە، تەرجەمە بکات.

شتێکی دیم لە بارزانی بینی کە زۆرم بەدڵ بوو، ئەویش ئەوە بووکە لە ڕادەبەدەر قەدری ئەو کوردە خاوەن پلە زانستی و خوێندوارانەی دەگرت، هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی دادەنان و لە شۆڕشدا پلە و پایەی دەدانێ. (دانا شمیث) ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی -ش هەستی بەمە کردووە و لە کتێبی (گەشتێک بۆ ناو پیاوانی ئازا) ئاماژەی بۆ کردووە.

کلاشنکۆف وەکو نیشانەیەکی پایەی تایبەتی

هەر لەبەرئەم هۆیە بوو، زۆر جار ئەو قوتابییانەی دەیانویست پەیوەندی بەریزەکانی شۆڕشەوە بکەن، ڕوو بەرووی کەسانێک دەبوونەوە کە پێیان دەوتن بارزانی وای بەچاک دەزانێ کە بگەڕێنەوە بۆ قوتابخانەکان و خوێندن تەواو بکەن تا لە دوا ڕۆژدا و کاتێ سەربەخۆیی وەردەگرین، خزمەتی زیاتری گەلی کورد بکەن. وام بۆ ڕێک کەوت ژمارەیەک لەو قوتابیانە بدینم، کە لەلایەکەوە شانازییان بەوە دەکرد کە بارزانی ئەوەندە قەدری زانست و فێربوونی لایە، و لەلایەکی دییەوە دڵیان بەوەوە نەبوو بەردەوام بن لەسەر خوێندن و خۆیندنیان پێ چاکتر بێ لە پێشمەرگایەتی.

لە ئاخر و ئۆخری هاوینی ١٩٧٤ و پاش ئەوەی جارێکی دی شەڕ لە کوردستان هەڵایسایەوە، سەرکردایەتی کورد (طارق. ن)یان وەکو تەرجومان بەگەڵ خستم، تا بەدرێژایی مانەوەم لە کوردستاندا یاوەریم بکات. تاریق، هێشتا ٢٤ساڵی پڕ نەکردبووەوە. دوومانگ بوو لە ئەمستردام هاتبووەوە، لەوێ ئەندازەی کارەبایی خوێندبوو، و خۆی ئامادە دەکرد کە لەقەبی ئەندازیاری کارەبایی وەربگرێ.

تاریق، جگە لە زمانی ئینگلیزی، زمانی هۆڵەندیشی دەزانی، کە خۆشبەختانە منیش بایی ئەوەم دەزانی کە کاروباری خۆمی پێ ڕایی بکەم.ئەم کوڕە کلاشینکۆفێکی تازی

وەرگرتبوو، هەڵبەتە ئەم تفەنگە وەکو نیشانەی پایەیەکی تایبەتی، مایەی شانازی و سەر بەرزی خاوەنەکەی بوو.

سواری لاندرۆڤەر بووین، بەرێگەی هاملتۆندا بردینی. ئەم ڕێگەیە بەناوی ئەو ئەندازیارە نیوزیلاندی یەوە نێونرا بوو کە لە سییەکانی ئەم سەدەیەدا سەرپەرشتی کردنەوەی کردبوو. لاندرۆڤەرەکە بەو ڕێگەیەدا (هاملتۆن) بەرەو ڕۆژ هەڵاتی بردین. ڕووباری ڕواندزی بەگێژەن و پڕ شەپۆل، شان بەشانی جادەکە نشیو دەبووەوە. کە لاندرۆڤەرەکە چووە نێو دۆڵە قووڵەکەی ئەم بەرو ئەو بەری جادەکەوە، لە پڕ ڕاوەستا. نزیکەی ٣٠ خێوەتی سپی گەورە و ڕیزە خێوەتێکی تایبەت بەکۆڕ وکۆبوونەوەم بەر چاوکەوت.

چەندین کۆمەڵە لاو بەریز دانیشتبوون و گوێیان لە ماموستاکانیان دەگرت. ئەم دیمەنە ئاشتییە و ئەو کەش و هەوا شەڕاوییە کوجا مەرحەبا. بەتایبەتی کە هێزی ئاسمانی عێراق، هەر جولەیەکیان لە دۆڵەکەدا بەدی بکردایە، بێ سێ و دوو بە موشەک و بۆمبا دای دەبێژا. بەڵام ئەم سەرسامییەم زۆری نەخایاند، تومەز ئێرانییەکان تۆڕێکی موشەکی (هەنتەر- هوک)ی دژە فڕۆکەیان لە سنووری ئێران و عێراقدا و لە دووری چەند کیلۆمەتری ئێرەوە داناوە. دیارە ئەم موشەک و ڕۆکێتە کاریگەرانە پێشتر چەند فڕۆکەیەکی سیخۆی و تۆپۆلیف- ی عێراقییان کە ویستبوویان لە سنووری دەولی نزیک بینەوە، خستبووە خوارێ. بۆیە لەوساوە فڕۆکەوانە عێراقییەکان بەسەر ئەم ناوچەیەی خاکی کوردستاندا نەدەفڕین.

تاریق، لە لاندرۆڤەرەکە دابەزی. بەکلاشینکۆفەکەی و هەر بەئاسمانەوە بازنەیەکی کێشا کە هەموو خێوەتەکانی گرتەوە: "لەوێدا دەتوانی ئەو قوتابیانە بدینی کە ناچار کراون مەسەلە بیرکاری یەکان بخوێنن، یان ڕێزمان و دەستووری زمانی عەرەبی و کوردی بخوێنن، پاش ئەوەی ژەنەراڵ قاییل نەبوو بێن بەپێشمەرگە."

پاشان لە دانیشتنێکی چا خواردنەوەدا، لە بەرپرسی زانستگەکەم زانی کە خۆی و دەستەی مامۆستایان و هەموو قوتابییەکانی زانستگەی سلێمانی ناچار بوون لە بەهاردا لەتاو زەبروزەنگی حوکمڕانانی بەغدا هەڵێن و پەیوەندی بەشۆڕشی کوردەوە بکەن. "نەخێر هەڵنەهاتین" بەرپرسەکە بەو جۆرە ڕستەکەی خۆی ڕاست کردەوە و لە سەری ڕۆیی: "ئیدی زانستگەمان گواستەوە بۆ ناوچە ڕزگار کراوەکان. دوای ئەوەی شەر بەسەرکەوتنی ئێمە

کۆتایی دێت، جارێکی دی زانستگە، کە تاقەدەزگای فێربوونی باڵایە لە کوردستاندا، بۆ سلێمانی دەگوازینەوە. بەمەش کارێکی وەهامان کردووە کە ساڵێک لە کیسی قوتابی یە لاوەکانمان نەچێت".

وا دیارە بەرپرسی زانستگەکە ئەو ساکە نەیدەزانی چ چارەنووسێک چاوەنۆڕی خۆی و قوتابییەکانێتی. شۆڕش بە چ کارەساتێک کۆتایی دێت: ئەوە بوو نسکۆکە، پاش کەمتر لە ساڵێک لەو قسانەمان، بەرۆکی کوردی گرت و ئەو ناوچە ئازادەی کە کورد بەڕێوەیان دەبرد، نەما. قوتابییەکان خۆیان لە بەردەم گێژاوی شکست و گێژەنگی هەرەسدا بینییەوە کە چۆن بێ ڕەحمانە لێکدی دادەبڕێن و دەی پلیشاندنەوە، دیارە ئەمە دابی شکستە لەگەڵ تێک شکاواندا.

بەدەم ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی مەلا مستەفا بارزانییەوە، لەو ڕۆژەی بەهاری ساڵی ١٩٧٩دا، هەموو ئەم بیرەوەریانەم لە لا وروژان و زیندوو بوونەوە. بەئاشکرا ئەوەم بۆ بەدیارکەوت کە جەماوەری ماتەم گێڕان و ماتەمباران، تەنیا دوا نیگای جەنازەی سەرکردەی کۆچکردوو ناکەن، بەڵکو ماڵاوایی لە گرینگترین کەسایەتی سیاسی و عەسکەری کورد بەدرێژایی مێژوو لەوەتای سەلاحەدینی ئەیوبییەوە دەکەن... ئەم ماڵاواییە لەلایەکی ترەوە، وەکو ڕووداوەکانی دواتریش سەلماندیان، ماڵاوایی بوو لەو فیکرەی کە بارزانی گەڵاڵە و بەرجەستەی کرد و بۆ ماوەیەکی کورتیش پیادەی کرد، ماڵاوایی بوو لە فیکرەی یەکخستن و ڕزگار کردنی کوردستان.

بارزانی بەدرێژایی تەمەنی هەوڵی داوە هاوسەنگی و تەبایی لە نێوان ڕێچکە و ڕێبازە سیاسی و فیکرییە جیاوازەکانی ناو بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا، دروست بکات. کە ئەمە بۆ خۆی تەجرەبەیەکە و ئەمڕۆکە و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەتاقیکردنەوەیەکی دژواردا دەڕوا:

هاو ئاهەنگی لە نێوان (چەپ) و (ڕاست)، لە نێوان سوسیالیستان و فیودالەکان، لە نێوان توندڕەوانی خوازیاری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی یەکگرتووی گەورە و سیاسەتوانانی واقیع بینانی قابیل بەئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی حکوومەتەکانی عێراق و تورکیا و ئێران. زۆر چاک دیاربوو کە ئەم گونجان و هاوسەنگی و هاوئاهەنگییەی نێوان ئەم هەموو ڕێبازانە، وێڕای هەموو هەوڵە چڕوپڕەکان بۆ پاراستنی، لەبەردەم گۆڕە هێشتا دانەپۆشراوەکەی بارزانیدا دەلەرزی و بەلادا دەهات.

هەرچەندە کوڕەکەی بارزانی، لە خوتبەکەیدا و ڕوو لە جەماوەری ماتەمگێڕ گوتی: "ناکۆکی لاوەکی وەلا بنەن و ڕیزەکانتان یەک بخەن لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجی هاوبەشماندا". بەڵام بەئاشکرا دیاربوو کە ئەو یەکڕیزییەی بارزانی بەهەوڵی فەرهادانە وەدی هێنابوو، ڕوو لە داڕووخان و هەڵوەشاندنەوەی بەرە بەرەیە. هیچ شتێک ئەم هەموو ڕێبازە ناکۆک و جیاوازە کوردییانەی یەک نەدەخست تەنیا دروشمی (ئازادی بۆ کوردستان) نەبێ.

ئاشکراشە تەفرەقە و دووبەرەکی نێوخۆی کوردان، شتێکی باوە و لە کۆنەوە کورد بەوە ناسراوە کە: "عەشایەرە کوردەکان ناتوانن لە نێوخۆیاندا یەک بگرن، چونکە هەر یەکەیان دەیەوێ ئەویتر دوای بکەوێ و کەسیان گوێ ڕایەڵی کەسیان نابن".

هەڵبەتە کوردی عێراق، یەکەم کەسن کە تاڵاوی ئەم دووبەرەکییەیان چەشت، هەرچەندە حزبەکەی بارزانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە دوای بارزانیش لە مەیدانی سیاسیدا مایەوە و هەردوو کوڕەکەی ئیدریس (لە ساڵی١٩٨٧دا مرد)و (مەسعود) ڕێبەرایەتیان لە ئەستۆ گرت، و حاڵی حازر مەسعود بارزانی سەرکردایەتی حزب دەکات، بەڵام (یەکێتیی نیشتمانی کوردستانی) هەڤڕک کە جەلال تاڵەبانی ڕێبەرایەتی دەکات و دەورێکی زۆر دیاری لە هەوڵەکانی نانەوەی تەفرەقە و دووبەرەکییەکانی ئەم دواییەدا بینی و داوای شۆڕشێکی عێراقی هاوبەشی دەکرد کە عەرەب و کورد پێکەوە بیگێڕن، توانی لایەنگرانێکی زۆر بۆخۆی پەیدا بکات. تەنانەت خودی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دوو بەرەکی نەخەلەسی و لە ساڵانی١٩٧٩و ١٩٨٠دا بوو بەدوو بەشەوە.

لە کاتێکدا ادریس بارزانی بڕیاری دا کە سووکە پەیوەندییەک لە گەڵ ئێراندا بهێڵێتەوە و وەزع و حاڵ و چارەنووسی سەدان هەزار کوردی پەنابەری ئێران ڕەچاو بکرێ. سامی عەبدوڕەحمان-ی سکرتێری حزب ئەم بابەتە هەڵوێستەی بەگەشەکردنێکی خەتەری ئەم ڕێگە عێراقییە تایبەتە دەزانی.

ڕەحمان، کە ئەندازیار و یەکێک بوو لەو «٥» وەزیرە کوردەی وەزارەتخانەی عێراقی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤، بەیەکێک لە سەرە زیرەکەکانی کورد دەژمێردرێ. ئەو وای دەبینی کە هاوکاری هەموو کورد لە سنوورەکانەوە لە هەر مەسەلەیەکی دی گرینگترە و زۆر ئاساییە پێشمەرگەی کوردستانی عێراق بەشداری ئەو شەڕانە بکەن کە کوردی ئێران دژی هێزی ئێران و پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی دەیانکرد.

لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، کە ڕۆژنامەنووسی نەمساوی «فرتس ستە» لە ساڵی١٩٧٩دا لەگەڵی کردی، ڕەحمان بەئاشکرا ئاماژەی بۆ ئەم مەسەلەیە کردووە: چاودێرانی دوور لە کوردستان، زەحمەتە لە وەزعی ئێمە تێ بگەن، هەروەها گەلێک لە کوردەکانیش لەوە حاڵی نەبوون کە چ شتێک کوردی ئێرانی هاندا پەنا وەبەر چەک بەرن بۆ وەدەست هێنانی خودموختاری، لە کاتێکدا، دەشیا، وەکو ئەوانە پێیان وایە، ئۆتۆنۆمییەکی لە بابەتی ئەوەی کوردانی عێراق لە ڕێگەی گفتوگۆ و دایەلۆگ لەگەڵ ڕژێمی خومەینیدا بەدەست بێ، بێ ئەوەی پێویست بەشەڕ هەبێ. بەڵام کوردەکان بەخۆیانیش ڕێک نین لە نێوخۆیاندا لەسەر چۆنیەتی و هۆی ئەو پرسیارکردنە و وەڵام دانەوەشی، چونکە ئەم بابەتە لق و پۆپ بۆ زۆر مەسەلەی گرینگی دی دەهاوێژرێ.

زۆرگروپی سیاسی کوردی ناکۆک و ناتەبا دەستیان بەسەر ئەو ڕێبازەدا گرت کە داوای خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران دەکرد، بەڵام دەور و جڵەوی سەرۆکایەتی دیار، بەدەست دوو ڕێباز و دوو کەسایەتی ناکۆکەوە بوو: ئەو سەرکردە کوردەی گەورەترین جەماوەری بەدەورەوە بوو، بەتایبەتی لە نێو ئەو کوردانەدا کە چالاکییەکی سیاسی ئەوتۆیان نەبوو، ئەم سەرکردەیە، ئایینپەروەر و سیاسەتوانی کورد (عزالدین حوسەینی) تەمەن شەست ساڵە بوو...

هەندێ لە شارەزا و پسپۆرانی مەسەلەی کورد، لە ساڵی١٩٨٠دا جەماوەری ئەو پیاوەیان بە٦٠-٧٠٪ی کورد دەقەبلاند. (حوسەینی) کوڕە جووتیارێکی ناوچەی (بانە)ی نزیکی سنووری عێراق بوو. کاتی خۆی ئەندامێکی چالاکی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) بوو کە پاشان بوو بە(حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)، لە سەردەمی کۆماری مهابادا.

لە پەنجاکاندا لایەنگری سەرۆک وەزیرانی ئێرانی (دکتۆر مصدق)ی کۆماریخواز و دوژمنی سەر سەختی شا بوو: لە سەرەتای شەستەکاندا بوو بەسەرۆکی هەموو کوردی سوننە وئیمامی مزگەوتی مهاباد، کە هەر لەوێندەردا، دوای ڕووخانی ڕژێمی شا، بەسەرۆکی وەفدی کورد و یەکە نوێنەری کوردی ئێران هەڵبژێردرا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا لە تاران.

ئەو پارتیزانەی، چێشتچی تایبەتی خۆی هەیە

دکتۆر (عەبدولڕەحمان قاسملوو)، کە لە ساڵی ١٩٨٠ بەدواوە پایەی میللی زیادی کرد و خەریک بوو شان لە شانی (حوسەینی) بدات و ببێ بەگەورەترین هەفڕکی ئەو پیاوە، یەکێک بوو لەو بەشدارانەی کە (حوسەینی)یان بەنوێنەری کوردی ئێران هەڵبژارد. بەڵام هەر زوو لەم پەیمانە پاشگەز بووەوە و بای دایەوە. بەپێچەوانەی (حوسەینی)یەوە کە بەجلی ئایینی و مەدەنییەوە دەردەکەوت، (قاسملوو)ی پەنجا ساڵە، سوور بوو لەسەر ئەوەی بەجلی سوپایی گورج و گۆڵەوە دەربکەوێ و جلی خاکی و جامانەی کوردی لەبەر دەکردو دەمانچەی هەڵدەگرت.

(قاسملوو)، خەڵکی ناوچەکانی دەوروبەری شاری (ڕەزاییە) بوو، لە گەنجیدا ئەندامێکی چالاکی بزاڤی ڕزگاری کورد بوو. بەڵام بەپێچەوانەی (حوسەینی) یەوە، چونکە بەسیاسەتی کۆمۆنیستی گۆش کرا بوو، هیچ بەلایەوە گرینگ نەبوو ڕەخنە لەو شێواز و ئامانجانە بگرێ کە حزبەکۆمۆنیستە هاوچەرخەکان پەیڕەوییان دەکرد و لە سەری دەڕۆییشتن. هەروەها چونکە ئەندامی حزبی (تودە) بوو، ئەوحزبەی لە ساڵی ١٩٨٣ بەدواوە لە ئێراندا قەدەغە کرا، هەر کە خوێندنی ئامادەیی تەواو کرد، لەسەر حیسابی حزب و لە چیکۆسلۆفاکیادا زەمالەیەکی وەرگرت و ئابووری-سیاسی لە وێندەر خوێند.

(قاسملوو)، لە کوتایی پەنجاکاندا بۆ ئێران گەڕایەوە، لەوێ گیراو بۆ ماوەی دوو ساڵان حوکم درا، کە حوکمەکەی تەواو کرد، جارێکی دی بۆ (پراگ) گەڕایەوە و لە زانستگەیەکی ئەوێدا درێژەی بەخوێندن دا و پاشان کورسییەکی مامۆستایەتی وە دەست هێنا تا دەرسی ئابووری- سیاسی بڵێتەوە. لەم ماوەیەدا هاو سۆزی و پشتیوانی خۆی بۆ ئەو ڕێبازە ڕیفۆرمیستییە دەربڕی کە (دوپچیک) لە سەری دەڕۆیی، ئەوە بوو وەکو ناڕەزایی دەربارەی تەدەخولی سۆڤیەتی ساڵی ١٩٦٨ لە کاروباری چیکۆسلۆفاکیا، ئەو وڵاتەی بەجێ هێشت.

لە بەغدا بەگەرمی پێشوازی لە قاسملوو کرا، وەکو چۆن ئەم جۆرە پێشوازییە لە هەموو سەرکردە کوردەکانی ئێران دەکرا، هۆی ئەمەش ئەوە بوو کە عێراق دژی ڕژێمی شای ئەو ڕۆژگار و وەختە بوو. هەروەها ڕێزی زۆری گیرا و بەفەرمانبەر لە وەزارەتی نەخشە و پلانی عێراقیدا دامەزرا. لەم سەروبەندەدا بەڕەسمی لە حزبی (تودە) کشایەوە و پەیوەندی بە(حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)ەوە کرد.

له ساڵی ١٩٧٣ دا و له کۆنگرەیەکی نهێنیدا که له (بەغدا) بەسترا، بوو بەسکرتێری گشتی (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران). پاش ئەوەی قەناعەتی تەواوی هێنا کە مەحاڵە هیچ چالاکییەکی سیاسی بەقازانجی دۆزی کورد، دژی ڕژێمی شا ئەنجام بدرێ، جارێکی دی و له ساڵی ١٩٧٦ دا ڕووی کردەوە ئەوروپا و له (سۆربون)دا کورسییەکی مامۆستایەتی وەدەستهێنا بۆ گوتنەوەی وانەی ئەدەبیات و زمانی کوردی. له دوا ڕۆژەکانی حوکمی شادا، له (پاریس)ەوە چوو بۆ ئێران و بەشدارییەکی چالاکانەی له شۆڕشی (خومەینی)دا کرد. ڕۆژنامەنووسێکی سویسری شارەزا له کاروباری کوردان، له گوتارێکیدا له ڕۆژنامەی (نویە تسویریخە تساتیونگ)دا وای وەسف کردووە کە له جوملەی شۆڕشگێرە جەنتلمانەکانی کوردی ئێرانە، پێشمەرگەیەکە دیمەن و ڕواڵەتێکی جیهانی هەیە.

(قاسملوو)، بەحوکمی ئەوەی حەوت زمانی بەرەوانی دەزانی، لە بار بوو بەهۆی پەروەردە زانستییە باڵاکەیەوە ببێ بەروویەکی دیاری دۆزی کورد و بتوانێ دۆزی کورد بخاتە بەردەم سیاسەتوانان و ڕۆژنامەنووسانی بێگانە، ئەمە جگە لەوەی پیاوێکی خۆش مەشرەب بوو، و توانایەکی سەیری هەبوو لە چۆنیەتی نزیک بوونەوە لە میوانەکانی و وەدەست هێنانی سۆز و خۆشەویستییان. ئەم پیاوە ڕێی بەخۆی دەدا، لە بنکەی پێشمەرگەکاندا چێشتچی تایبەتی خۆی هەبێ. بەکورتی، لە هەر سەرکردەیەکی کوردی هاوچەرخی دی لە بارتر بوو کە دەوری ڕێوی بەفێڵ و فەند و زیرەک بدینێ.

(قاسملوو)، لە بنەماکانی گەمەی سیاسیدا وەستا بووە، وەکو چۆن بارزانی لە پێش ئەودا وابوو.

(قاسملوو)، زۆر چاکی دەزانی کە چۆن پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ عێراق بەکار دێنێ، هەرچەندە نکۆڵی لەوە دەکرد کە پەیوەندی نهێنی لە نێوان ئەوو یەکێتیی سۆڤیەتدا هەبێ، بەڵام ئەم پەیوەندییە بەلای چاودێرانەوە مەسەلەیەک بوو کە گومان لە بوونی نەدەکرا. خۆ ئەگەر یەکێک باسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی لەگەڵدا بکردایە، زۆر بەهێمنی وەڵامی دەدایەوەو دەیگوت: "گەلی کورد، کە دوا گەلی خاوەن شارستانیەتی ڕەسەن و کۆنە و تا ئێستا دەوڵەتی تایبەتی خۆی نییە، ناتوانێ لە سایەی ئەم بارودۆخەدا کە ئێستا پێیدا دەڕوات، ئازاد بێ لە هەڵبژاردنی ئەو لایەنەدا کە یارمەتی و کۆمەکی لێ وەردەگرێ. (بارزانی) لەسەرەتادا یارمەتی لە (ستالین) وەرگرت، ئەوجا لەلایەن سەرۆکی ئەمریکی

(نیکسون) و وەزیری دەرەوەی ئەمریکی (کیسنجەر)ەوە یارمەتی درا. هەروەها (ماوتسی تونگ)، ئەگەر هاوپەیمانی لەگەڵ (چان-کای-شیک) دا نەکردبا و کۆمەکی ئەمریکی وەرنەگرتبا نەیدەتوانی شەڕی نێوخۆ بەقازانجی خۆی یەک لایی بکاتەوە. خۆ ئەگەر یارمەتییەکانی (بەریتانیا)ی سەرمایەداری، فریای (تیتۆ)ی کۆمۆنیست نەکەوتبا، (تیتۆ) لە دووەم جەنگی جیهاندا نەدەچووە خانەی سەرکەوتووانەوە. تەنانەت (لینین) بەخۆی، ئەو کۆمەکەی ڕەفز نەکرد کە ئەنجومەنی ئەرکانی تزاری ئەڵمانی (فیلهێلم)، پێشکەشی کرد. لەلایەکی ترەوە پەندێکی ئەوروپی هەیە دەڵێ: "ئەوەی لەگەڵ ئەهریمەندا نان بخوات پێویستی بەمراگی درێژە". (بارزانی)، بۆ وێنە، متمانەی تەواوی بەئەمریکییەکان کرد، ئەوەبوو لە ساڵی١٩٧٥دا شۆڕشەکەی هەرەسی هێنا. بەڵام بەیارمەتیت، با مەبەستەکەمت بۆ دوپات بکەمەوە: ئێمە بەرانبەر بەگەلی کورد هەست بەمەسئولیەت دەکەین، ئێمە جگە لە سەربەخۆیی بۆ ١٥ ملیۆن کوردی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بەچ شتێکی دی قایل نابین، و بۆ وەدی هاتنی ئەم ئامانجە هەر کۆمەک و هەر ڕێگەیەکی سەرکەوتوو و لە بار، بەڕای ئێمە کۆمەکێکی پەسەندە و ڕێگەیەکی ڕەوایە".

فەسڵی سێیەم

ئەگەر کورد یەک بن، کەس بەسەریاندا سەرناکەوێ

ڕیشە و مێژووی گەلی کورد و باری سەرنجی گەشتیارانی نێودار

«... چەند ڕۆژێکە خۆم لە وەزع و حالێکی وروژاوی ئەوتۆدا دەبینم کە پێشتر خۆم بەو حالە نەدیتوە. پێم وانییە چ شوێنێکی ئەم دنیایە بەئەندازەی ئەم ناوچەیەی کە لەم ساتەدا ئەسپەکەم پێی پێدادەنێ مەتەڵ ئامێز و پرسیار وروژێن بێ. ناوچەیەکە دوژمنایەتی نەتەوەیی و خێڵایەتی و تۆڵە و خوێن کردنەوە تیایدا باوە و پۆل پۆل ڕوح لە سۆنگەی ئەم حاڵەوە هەڵوەریون.»

مرۆڤ دەیتوانی لە ئەڵمانیادا و بەر لە سەد ساڵان ئەم دەستەواژە و ڕستانە لە ڕۆمانێکدا بخوێنێتەوە کە گۆڤاری «گەنجینەی ناو ماڵی ئەڵمانی» بەزنجیرە بڵاوی دەکردەوە. قارەمانی ڕۆمانەکە، کە نووسەرەکەی ناوی نابوو «قەرەبن نەمسی» باسی ئەو سەرکێشیانە دەگێڕێتەوە کە لە گەڵیاندا ژیاوە و ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کە لە گەشتی نێوان شاری مووسڵ و شاری هەرە دێرینی کورد، شاری ئامێدیدا بەسەری هاتوون. ئەم ڕۆمانە پڕ لە سەرکێشی و کەشوهەوا ڕۆمانسییە عینوانێکی سەرنج ڕاکێشی هەبوو «گەشتێک بەکوردستانی کێوی»دا، پاشان لە شێوەی کتێبدا هاتە چاپ و بڵاوکردنەوە و لە ماوەی چەند نەوەیەکدا ملیۆنان خوێنەر، بەسەریدا دابارین. ئەم ڕۆمانە لە نووسینی «کارل مای»ە کە لە ڕاستیدا بەچاکترین نووسەری میللی ئەڵمانی دێتە ژمارتن.

«لە سەردانی پێشەوای کوردی بادینان گەڕاینەوە». کارل مای بەو ڕستەیە دەستی بەچیرۆکەکەی کردووە و لەسەری دەڕوات: « لە ڕێگەی گەڕانەوەماندا، کە گەیینە لوتکەی چیا و، لە ژێرمانەوە دۆڵی شەیتان پەرستانمان لێ بەدیارکەوت، لە نزیکی ماڵی عەلی بای کۆمەڵێک لق و پۆپی درەختانمان بینی، چەند ئێزیدییەک خەریکی ئەوەبوون لق وپۆپی زیاتری باوێنەسەر.» بەم ڕستانە، نووسەر جەماوەری خوێنەرانی دەگوازێتەوە بۆ دنیای پاشایانی تەماحکاری چاوچنۆک و ئەو بەدووە عەرەبانەی کە متمانەیان پێ ناکرێ، هەروەها ئەو کوردانەی هێشتا لەوپەڕی ساکاریدا دەژین و هەروەها ژنانی بێ عەبا و پەچەی یەکجار جوان. ئەوەی ئەم کتێبەی کارل مای لە گەشتنامەکانی تری جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە زۆر سەرکەوتووانە و بەشێوەیەکی سوار و ڕەوان و زۆر نزیک لە واقیعەوە

وەسفی تەواوەتی شاران و ڕووداو و کەسایەتی و گوندەکانی کردووە. هەروەها کە هاتۆتە سەر وەسفی سروشت و وڵات بەجۆرێ وەسفی کردوون، مروڤ سەد سوێند و قورحانان دەخوات کە ئەم نووسەرە بەخۆی لە ناوجەرگە و کۆکی هەموو ئەم ڕووداو و سەرکێشانەدا ژیاوە و بەخۆی یەکە بەیەکەیانی جەڕباندووە. زۆر گەڕیدە و توێژەرەوەی زانستی ئەوروپایی بەستایشەوە ئاماژەیان بۆ ئەم وردییە سەیر و واقیعییەی ناو کتێبەکەی کارل مای کردووە.

مێژوونوس و مامۆستای زانستگەی ئەڵمانی «ئێگون فون ئایگشتید » لە ساڵی ١٩٦١ دا لەم بارەیەوە نوسیویەتی: « لە ڕاستیدا ڕای گشتی ئەوروپی چ شتێک لە مەڕ کورد نازانێ تەنیا ئەوەندە نەبێ کە گوایە کۆمەڵێک چەتە و ڕێگران و سەرچاوەی نیگەرانی و ئاژاوە و کێشەن بۆ حکوومەتەکانی تورکیا و ئێران. بێگومان ڕۆمانە بەنێوبانگەکانی کارل مای دەورێکی زۆر گەورەی دیتوە لەوەی ئەم وێنەیەی کورد لە لای خەڵکی ئاسایی ئەوروپا دروست بکات. بەڵام ئێمە ناچارین، لەلایەکی ترەوە، دان بەو حەقیقەتەدا بنەین کە: ئەوەی خەڵکانی دی لەمەڕ کوردیان نووسیوە، لەوەی کارل مای باشتر نییە. ئەوەی شایانی باسە، ئەو کارل مایەی کە سەردانی کوردستانی نەکردووە، لە ڕۆمانە خەیاڵییەکەیدا کۆمەڵێک زانیاری و وەسفی زۆر وردی لە مەڕ کورد و کوردستانی نیشتمانی کوردان پێشکەش کردووە، یەکجار باشترە لە نووسینی زۆر لەوانەی کە سەردانی کوردستانیان کردووە و لە نزیکەوە کوردیان دیتوە و ئاشنای بوون.».

* ئایا نووسەری فرەبەرهەم ڕاستی گوتووە؟

بۆ دووپات کردنەوەی ئەم تێبینییە، لێرەدا ئەم وەسفە دەنووسینەوە کە کارل مای لە وەسفی شاری ئامێدیدا وەکو چۆن لە ساڵی ١٨٨٥دا هەبووە، نووسیویەتی: « ئەم دۆڵە لە هەردوو لاوە شاخی گڵێن دەوری داوە. ئەم شاخانە پڕن لە شەق و جۆگەلە و هەموو دەڕژێنە ناو زێ-وە. ئەم ڕەوەز و قەدپاڵانە یەکپارچە دار بەڕوون. بەروبوومی ئەم دارستانانە دەرامەتێکی چاک بۆ خەڵکی ناوچەکە پێک دێنێ، چ لە ڕێگەی فرۆشتنەوە یان گۆڕینەوەی بەکەل و پەل وکالای دی. لەو دەشتەی پەنای دۆڵەکەدا چەند گوندێکی خالیدییەکانم بینی کە ڕووخابوون یان بەجێ هێڵرابوون یان نیمچە چۆڵ بوون بەهۆی ڕاکردنی خەڵکەکانیانەوەو ڕووکردنە چیایان لە ترسی گوشاری هێرشی ئیسلامی یان لە ترسی پەلامار و ڕاوڕووتی کوردەکان.»

ئەگەر ئەو دوا سەرنجانەی لەمەڕ کوردە مەسیحییەکان ببوێرین، کە پەیمانیان لەگەڵ کوردە موسوڵمانەکاندا بەست و لە باری سیاسییەوە لەگەڵیاندا یەکیان گرت بەهۆی ئەو چەوساندنەوەیەوە کە لە سەردەستی ڕژێمی بەعسی بەغدا چەشتبوویان، ئەوا ئەم وەسفە وردەی ناوچەکە ڕێک پڕ بەپێستی واقیع و سروشتی جوگرافی ناوچەکەیە. من بەخۆم، لە سەفەرەکەمدا بۆ ئەو ناوچەیە، پاش نەوەد ساڵ دوای ئەو نووسینەی کاری مای، دروستی و وردی ئەو وەسفەم بەچاوی خۆم بینی.

کارل مای لەم کتێبەیدا پەلی بۆ مەسەلەیەکی دی کوتاوە کە لە نێو کوردا باو بووە، ئەویش ئەوە بووە کە هاوینان گوند وماڵیان بەجێ هێشتووە و ڕوویان کردۆتە ئەو هاوینە هەوارانەی کە لە بەرزایی چیاکاندا دروستیان کردووە. لەم ڕووەوە دەڵێ: « کە وەناو شار کەوتین، هەستم کرد نیمچە چۆڵە، زۆر گەڕاین تا لە ئەنجامدا قاوەخانەیەکمان لە ناوەندی بازێڕی کش و مات و بێ جموجوڵدا دەست کەوت و شتێکمان وەچنگ کەوت و تینوێتی خۆمان پێی شکاند. هەرچەندە شار کەوتۆتە سەر هەڵەموتێکی بەرزی ناوەندی دەشتێکی نێوان دوو زنجیرە چیاوە، بەڵام کەش و هەوای شار لە باری تەندروستییەوە ناخۆش بوو، هاتنی وەرزی هاوین، خۆی لە خۆیدا بانگەوازی بڵاوبوونەوەی لەرز و تا بوو لە نێو خەڵکیدا. بۆیە زۆربەیان ڕوو دەکەنە چڕەدارستانەکانی چیاکانی دەوروبەری شار و لەوێندەر کەپر دروست دەکەن.

جا بۆ ئەوی ڕادەی دروستی ئەم دوا تێبینییەی کارل مای و بایەخە زانستییەکەیمان بۆ بەدیار بکەوێ، لێرەدا ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوە زانستییە دەخەینە ڕوو کە زانای جوگرافیناس «ڤولف دیتر هیتروث»ی ئەڵمانی لە ساڵی ١٩٥٩دا دەربارەی کوردی «یال یال » ئەنجامی داوە. ئەم زانایە حەقیقەتێکی کەشف کردووە کە بریتییە لەوەی کە ئابووری ئەو ناوچەیەی لێکۆڵینەوەیەکی لە مەڕ ئەنجام داوە، لە ئابووری ناوچەی «ئالم» دەچێت، هەروها ماڵاتداریان لە جۆری ماڵاتداری وڵاتانی ئەورووپای ناڤین و ناوچەکانی چیای ئەلب دەچێت، هەروەها زانای نێو براو تێبینی ئەوەشی کردووە کە « یال یال »ەکان لە پاڵ ژیانی کۆچەریدا، ژیانێکی کشتوکاڵی سەقامگیریشیان هەیە. ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی ئابووری تێکەڵ کە جووتیارەکان لە وەرزەکانی بەهار و و هاوین و پایزدا گوندەکانیان بەجێ دێڵن و ڕوو دەکەنە مێرگ و لەوەڕگەکانی زۆزان و لەوێندەر یان خێوەت هەڵدەدەن یان کەپروسابات چێدەکەن و لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا سەرقاڵی ماڵات لەوەڕاندن و کۆکردنەوەی بەروبوومی حەیوانات دەبن. هەروەها لێکۆڵینەوەکە ئاماژەی بۆ

ئەوە کردووە کە ٤ لەسەر ٥ی جووتیار و وەرزێڕانی کوردی ئەو ناوچەیەی لێکولینەوەکەی تێدا ئەنجام دراوە،هاوینان گوندەکانی خۆیان بەجێ دەهێڵن و ڕوودەکەنە زۆزان و لەوێندەر لە ژێر کەپر و ساباتاندا دەژین یان خێوەت هەڵدەدەن و بەدرێژایی وەرزی هاوین لەوێندەر دەمێننەوە.

لە کۆتایی قسەکانمان، دەربارەی کارل مای، واچاکە نموونەیەکی دی لە کتێبەکەی بخەینە بەرچاو: « بۆنی خوێن و گوندی سوتاو لە دۆڵەکانی کوردستانەوە بەرز دەبێتەوە و دەگاتە ئاسمان. ژیانی مرۆڤ-ی ئەم وڵاتە و ئازادی و سەر و سامانی هەمیشە و بەردەوام لە ژێر هەڕەشەدایە، کە ئەمە بەدەگمەن لە شوێنێکی تری سەر زەمیندا هەیە و دەبینرێ.»

ئا بەم جۆرە دەبینین کە کارل مای جڵەو بۆ قارەمانی ڕۆمانەکەی «قەرەبن نەمسی » شل دەکات، تا بەرپەرچی قسە و تێبینییەکانی ئەو گەڕیدە ئینگلیزە بداتەوە کە گوتوویەتی کوردستان سەرزەمین و خاکێکی ئاوەدان و گەشە کردووە. ڕەنگە تێبینی ئەم گەڕیدە ئینگلیزە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتایی سەدەی بیست ڕاست بووبێ.

بەڵام شۆڕشە بەردەوامەکانی کورد لە سەدەی بیستەمدا و ئەو هەموو هێرش و پەلامارانەی کە سوپای تورکیا و عێراق و ئێران بە بەردەوامی کردوویانەتە سەر کوردستان و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆکەش هەر بەردەوامە، هەموو ئەو تێبینییانەی دوایی کارل مای وەبیر دێنێتەوە و دەنگدانەوەیەکی تاڵ و بەسوودی پێ بەخشیوە،بەڵام لەلایەکی دییەوە دەنگدانەوەیەکی واقیعی و هاوچەرخە. نێو بانگی کارل مای هەر لە سنووری ئەڵمانیا نەوەستا و بەڵکو بەڕادەیەک بڵاوبووەوە کە گەییە دوورترین شوێنی خودی کوردستانیش. تاریق ئاکرەیی ڕۆژنامەنووس، لە حەفتاکاندا بۆی باسکردم «ئەوەی بەلامانەوە سەیرە، ئەوەیە کە ئەڵمانەکان بەشدارییەکی چالاکانەیان لە ناساندنی کورد و لێکۆڵینەوە لەسەر کورد کردووە، کەچی ئینگلیز سەرەڕای ئەوەی ئەزموونێکی زۆریان لەمەڕ ڕۆژهەڵات هەیە، ئەمەیان نەکردووە» ئەوجا لێی پرسیم: «ئەرێ ڕاستە نووسەرێکی ئەڵمانی ناودار، بەر لە سەد ساڵێک کتێبێکی دەربارەی کورد نووسیوە؟».

ئەو گەلەی، تەنانەت لە نووسینەوەی مێژووەکەشیدا فەرامۆش کراوە

ئەو زانیارییەی ئێستا لە مەڕ کوردستان و کورد و ڕیشە و مێژووی کورد هەمانە لە کەموکوڕی بەدەرنییە. تا ئێستاش کۆمەڵێک پرسیار هەن کە باس و لێکۆڵینەوە زانستییەکان وەڵامیان بۆ نەدۆزیوەتەوە. زانای ئەڵمانی «ئایگشتید» کە پسپۆڕی لێکۆڵینەوە لە گەلانە، لەم بارەیەوە دەڵێ: « ئەو حەقیقەتە زانستی و گرینگانەی لەمەڕ کورد سەلماون و ساغ بوونەتەوە، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ لە نێو چەند کەسێکی کەمی پسپۆڕدا قەتیس ماون و زۆربەی ئەم حەقیقەت و زانیاریانە نەگەییبوونەتە خوێنەری ئاسایی و خوێنەرانی ئاسایی ئاگایان لێ نییە، سوڵتانی ڕەوشت بەرز و نەجیب، وەکو دوژمنە سەلیبییەکانی وەسفیان دەکرد، سەلاحەدینی ئەیوبی کە سوڵتانی شام بوو، سەلاحەدین کوڕی یوسف کوڕی ئەیوب لە ساڵی ١١٩٣ دا مردوەو دامەزرێنەری میرنشینی ئەیوبییە بووە لە ناوچەی میسر و سوریای ئێستادا». بۆ وێنە کورد بوو. هەروەها زانای جوگرافیاناس-ی عەرەبی (الادریسی ١١٠٠-١١٦٦) کە لە بارەگای ڕوجەرز شای پاشای سەقلییەدا خزمەتی کردووە، کورد بووە. هەروەها میرنشینێکی کوردی لە نێوان ساڵانی ١٨٣٧ و ١٨٤٩دا لە دەورووبەری (بەدلیس)ی باشووری دەریاچەی (ڤان)دا هەبووە. ئەمە جگە لە چەندین میرنشینی دی کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە باشووری عەنەدۆڵدا دامەزران. هەروەها گەلێک وەزیر و سوڵتان و تەنانەت ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمەڵەی «تورکیای لاو» هەر کورد بوونە. بەڵام کە ناوەندێکی بەرین، زانیارییان، یان زانیاری پێویستیان لەمەڕ کورد نییە، ڕێگەی ئەوەمان لێ ناگرێ ئەو ڕاستییە بڵێین کە گەلی کورد یەکێکە لە کۆنترین گەلانی نیشتەجێی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین. بەزمانی تایبەتی خۆ دەدوێن. گەلێکە لە قۆناغە سەرەتاکانی مێژوودا دەوری زۆر گرینگی دیتوە، ئەگەرچی ئەم دەورە زۆر جاران بەناوی ترەوە بووە.

لە نێو کورداندا، سوڵتانانی مەزنیش هەڵکەوتوون، وەکو سوڵتان کەریم خانی زەندی سەر بەعەشیرەتی ئەردەڵانی کوردی کە لە ساڵانی ١٧٦٠-١٧٦٩دا حوکمڕانی ئێرانی گرتە دەست. کەچی مێژوونووسان "کە ئەو قۆناغەی مێژووی ئێرانیان گێڕاوەتەوە، ژبیریان کردووە کە ئاماژە بۆ ئەوە بکەن کە کورد بووە". هەروەها زانای ڕووسیی پاریس نشین، (باسیل نیکیتین)ی پسپۆڕ و شارەزا لە کاروباری کوردا گەییوەتە هەمان ئەنجامگیری و لە ساڵی ١٩٢٠دا نووسیوویەتی کە:

"مێژوو، کوردی ژبیر کردووە. بەڕاستی کورد گەلێکن تەنانەت لە کاتی نووسینەوەی مێژووەکەشیاندا، فرامۆش کراون".

سەرچاوەی زانیاری ئەوروپی لە مەڕ کورد بۆ ماوەی چەند سەدەیەک بریتی بووە لەو ئاماژە کورتەی کە لە ساڵی ١٧٥١ و لە (ئەنسکلۆپیدیای فەرەنسی)دا لە مەڕ کورد هاتووە و تۆمار کراوە و دەڵێ کە کورد: "گەلێکی ڕەوەندی کۆچەرین، زەوی و زاریان لە نزیکی ئاشوری و خالدییەکانەوە هەیە. گوێ ڕایەڵ و مل کەچی هیچ دەسەڵاتێک نین و زۆر جار نشینگەی خۆیان دەگۆڕن".

هەروەها ئەنسکلۆپیدیای (دایەلوگ)ی ئەڵمانیش کە لە ساڵی١٨٣٨دا و لە بڵاوەخانەی (بروکهاوس)ەوە بڵاوکراوەتەوە، لە مەڕ کورد لەوە زیاتری نەنووسیوە کە "کوردستان ناوچەیەکی شاخاوییە لە ئاسیا. بەشێکی لە ژێر دەسەڵاتی تورکیایە و بەشەکەی تری لە ژێر دەسەڵاتی ئێران دایە، کوردستان ئەو ناوچەیەی نێوان دەریاچەی (وان) لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە دەگرێتەوە تا دەگاتە وڵاتی کوردستانی ئێران. ناوچەیەکی شاخاوی بەدێژایی ساڵ بەفرگرتوو بەپانی و درێژی ناوچەکەی گرتۆتەوە و گەلێک دۆڵ و نیهالی بەپیت و بەرەکەت کەوتوونەتە بنار و نێوان چیاکانەوە. کورد، لە سەردەمانی زۆر کۆنەوە لەم ناوچەیەدا دەژین، ئەمانە گەلێکی ڕەوەندی مالات بەخێوکەرن، خەڵکێکی موسوڵمانن و زۆر سیفەتی چاکیان هەیە. هەرچەندە کورد قەومێکی پاشکەوتون، بەڵام جەنگاوەری سەر سەخت و ئازادیخوازن".

شەڕەکانی تورک و دوژمنایەتی عوسمانییان لەگەڵ ئەوروپادا تا سەدەی نۆزدە کردییە کارێک کە لێکۆڵەرەوە و گەڕیدە و گەشتیارانی ئەوروپا نەتوانن زانیاری خۆیان لەمەڕ کورد و کوردستان دەوڵەمەند بکەن.

بۆ وێنە پزیشکی هوڵاندی (ئەلڤێرت دابر) کە لە ساڵی ١٦٨٢دا و لە (نورمبرگ)دا کتێبێکی بەناوی (دەوڵەتی مەزنی مەغۆل، ئێران، جورجیا، و مینگریلیا) بڵاوکردۆتەوە، لەم کتێبەدا بەکورتی ئاماژەی بۆ کورد کردووە و زانیارییەکانیشی کۆنن و هەموو ئاماژەکەشی لە چەند دێڕێک تێنەپەڕیوە بەم ئاوایەی نووسیوە: "کوردستان، خاکێکە کەوتۆتە نێوان چیاکانی (میدیا) و (سوسیانا)وە. خەڵکی کورد زۆر سەر سەخت و پڕ ئاژاوەن". هەرچەندە (دابر) سەری کوردستانی نەداوە، کەچی شتێکی سەیری نووسیوە و مایەی سەرنجە، ئەویش ئەوەیە کە: کورد نەک هەر نەبوونەتە مایەی هەڕەشە لە حکوومەتی تورکیا، بەڵکو لە ئایندەشا نابنە مایەی هەڕەشە.

کارستین نیپور، لە بنی کولەکەی دەدات

دەشێت ئەو هەوڵەی کە (کارستین نیپور) ی ڕازیات زان و جوگرافیاناس، دوای سەدەیەک لەو مێژووەوە داویەتی، بەیەکەمین هەوڵی سەرکەوتوو بژمێردرێ لە بواری ناسینی ڕەگ و ڕیشە و ئەسڵ و بنەچەی کوردا. ئەم زانا ئەڵمانییە لە ساڵی ١٧٣٣دا لە شاری (هانۆڤەر) لە دایک بووە. لە (گوێتنگن)دا خوێندوویەتی. پاشان بەپلەی مولازم ئەندازیار چووەتە سوپای دانیمارکییەوە. لەسەر داوای حکوومەتی دانیمارکی و بەمەبەستی هەندێ کەشفکاری، گەشتێکی دوورگەی عەرەب و ئێران و وڵاتە دراوسێکانی کردووە کە لە ساڵی ١٧٦١ تا ١٧٦٧ی خایاندووە. هەر چەند لەم سەفەرەیدا بەتەنێ نەبووە، بەڵام لە نێو ئەندامانی شاندەکەدا هەر ئەو گەیشتەوە ئەوروپا، چونکە هەموو یاوەرەکانی لە بیابانەکانی دوورگەی عەرەب و شاخە سەختەکانی ئێراندا مردن.

ئەو ڕاپۆرانەی کە لە نێوان ساڵانی ١٧٧٤ و ١٧٧٨دا لە (کۆبنهاگن) و بەناونیشانی (باری سەرنجی گەشتێک بۆ دوورگەی عەرەب و وڵاتانی تری دراوسێ) بڵاوی کردنەوە، تا نهۆژی بایەخی زانستی خۆیان پاراستوە و بەسەرچاوە و ژێدەری کلاسیکی بەنرخ دێنە ژمارتن لە مەیدانی زانستی ڕۆژهەڵاتناسیدا.

هەندێ باری سەرنجی دەربڕیوە،کە نیشانەی زیرەکین، بەتایبەتی مەسەلەی پێشبینی کردنی ڕووخانی حەتمی و مسۆگەری ئیمپراتۆیەتی پیر و پەککەوتەی عوسمانی و ئاماژە کردنی بۆ دەردو ئازاری کورد بەدەست ئەوانەوە.

تا ئەمڕۆ بەچاوی ڕێزەوە دەڕوانرێتە ئەو باری سەرنج و ئەنجامگیرییە دروستانەی لەمەڕ بەناوحوکمی عوسمانی لاواز لە دۆڵی دوو ڕووباردا. نوسیویەتی و دەڵێ: "(یەنکشاری)ەکان لە ناو دیوار و شوراکانی (مووسڵ) و (دهۆک)دا خاوەن دەسەڵاتن، بەڵام لە دەرێی شاردا حوکم بەدەستی کورد و عەرەبە".

هەروەها بارودۆخی تایبەتی کوردستان و دژواری کۆنترۆڵ کردنی کوردستانی بەتەواوی دیاری کردووە و دەڵێ: "عەشایەری ئەم ناوچە شاخاوییە ئیعتراف بەهیچ حاکمێکی تورک ناکەن و تەنیا مل کەچ و گوێ ڕایەڵی سەرانی خۆیانن و بەحوکمڕانی ڕاستەقینەیان دەزانن". هەروەها ئاماژەی بۆ خێرایی گۆڕانی دەسەڵات لە کوردستاندا کرووە: "حوکم و دەسەڵات بۆماوەیەکی زۆر لە دەستی یەک خێزاندا نامێنێتەوە. مەرگی یەکێک لە سەرۆک عەشیرەتەکە، دەبێتە سەرەتای کێشەیەکی دوو قۆڵی لەسەر دەسەڵات و ئیدی ئەنجامی

کێشەکە دەری دەخات کە کێ لە ئایندەدا دەبێتە سەرۆکی عەشیرەت". هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە خوێنداری و تۆڵە سەندنەوە سەرەتایەکی زۆر باوە لە سەرانسەری ناوچەکەدا.

نوێنەرانی (کۆمپانیای نەوتی هیندی ڕۆژهەڵات)

ئەو کتێبانەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا بەزمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی دەرچوون، یەکەمین کتێبن کە دەشێت بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد، پشتیان پێ ببەسترێ، چونکە حەقیقەت و زانیاری زۆریان لە مەڕ وڵاتی کورد تێدایە کە تا ئەو کاتە بریتی بوون لە کۆمەڵێک زانیاری ئەفسانە ئامێز.

نۆینەرانی کومپانیای (نەوتی هیندی ڕۆژهەڵات)، یەکەم کەس بوون کە ئەم ئەرکەیان دەستۆ گرتووە. چونکە ئەرکیان تەنیا ئەوە نەبووە کە کەشفی جوگرافی ڕێگەی زەمینی بۆ هیند و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بکەن. بەڵکو ڕاسپێردرابوون کە لێکۆلینەوەی تێروتەسەل لە مەڕ گەلانی نیشتەجێی هەردوو ڕەخی ئەم ڕێگە زەمینییە ئەنجام بدەن. لە میسر و تورکیاوە بیگرە تا دەگاتە ئەفغانستان. دیارە ئەم گەلانە لە جارێک پتر سەرنج و خولیا و کەڵکەڵەی بەریتانیاکانیان بەلای خۆدا ڕاکێشاوە. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم مەسەلەیە خۆی لە خۆیدا یەکێک بوو لە کۆڵەکەکانی سیاسەتی بەریتانیا لەم ناوچەیەدا.

یەکێک لەو نوێنەرانە، هەموو خوویەکی دایە کوردستان، کە لەوسەروبەندەدا نەناسراو بوو، ئەویش (جیمس کلاودیوس ڕیچ) بوو کە لەدایکبووی فەرەنساو پەروەردەی ئینگلتەرا بوو. ئەم (ریچ)ە کە لە بیست زمان حاڵی دەبوو، و بەزۆربەیان دەدوا، لەوانە: فارسی و عەرەبی و تورکی و، توانی شوێنەوارێکی دیار لە هزر و بیری ڕۆژهەڵاتیاندا دروست بکات، بەتایبەتی کاتێ کە چەند کارێکی ئەنجام دا، نیشانەی ئازایەتی و بوێرییان پێوە دیار بوو، یەکێک لەو کارانەی دزە کردن بوو بۆ سوریا و فەلەستین و دوورگەی عەرەب بەجلی موسوڵمانانەوە کە گوایە دەیەوێ بچێتە حەجێ بۆ مەکە و ئەوجا زیارەتی مزگەوتی دیمەشق بکات، ئەو مزگەوتەی کە (سوڵتان سەلاحەدین) ڕۆی نابوو. هەموو ئەم کارانەی کردیانە کارێک کە سۆز و خۆشەویستی پتر بۆ خۆی وەدەست بێنی.

(ریچ) سەرپەرشتیاری نوێنەرانی کومپانیا بوو لە کونسوڵخانەی بەریتانی لە بەغدا. وازی لەم کارە هێنا. تا بتوانێ لە ساڵی ١٨٢٠ دا گەشتێک بۆ کوردستان بکات. لەم

گەشتەیدا سەردانی هەموو ئەو ناوچانەی کرد کە ئەمڕۆکە لە ژێر دەستی عێراق و تورکیا و ئێران دان.

ئەمە ئەو گەشتە بوو کە چەند گەشتێکی تری بەدودا هات. ماوەیەکی زۆر لە کوردستاندا و لە نێو کوردان مایەوە و دەڵێ: "کورد باشترین خەڵکانێکن کە لە ڕۆژهەڵاتدا دیومن". بەهەر حاڵ بەرەنجامی گەشتەکەی لە کتێبێکدا تۆمار کردووە کە ژنەکەی پاش مەرگی ئەو لە ساڵی ١٨٣٦دا بەنێوی (کاتێ لە کوردستان بووم، چیم بینی) بڵاوی کردەوە. (ریچ) بەم کارە بەشداریەکی گەورەی کرد لە ناساندنی کوردستان بەڕای گشتیی ئەوروپی، کە تا ئەو دەمە بەلایانەوە ئاشنا نەبوو. (ریچ) توانی لە ڕێگەی دۆستایەتی بتەوی لەگەڵ (محەمەد پاشا) و (ئوسمان بەگ)دا لە شاری سلێمانی، بچێتە بنج و بناوانی زۆر بابەتی مێژوو، ژیانی ئابووری و ڕاوبۆچوونی سیاسییەوە کە زۆری مەبەست بوون. هەروەها ئاماژەی بۆ کێشەو ناکۆکی بەردەوامی نێوان کورد و دەسەڵاتی عوسمانلی کردووە و قەناعەتی وا بووە کە "نەبوونی ئەمن و ئاسایش لە ڕاستیدا نیشانە و هۆی وێرانی وڵاتە". هەروەها ئاماژەی بۆ دووبەرەکی و ناکۆکی بەردەوامی نێو خۆی کوردەکانیش کردووە. (ریچ) لە سەرنجێکیدا لە مەڕ قسەیەکی عوسمان بەگ دەربارەی تورکەکان کە بوغز لەزگ و زۆردارن، مرۆڤ تا بەتوندی بەگژیاندا نەچێتەوە و لەگەڵیاندا بەزەبر نەبێ لە شەڕیان ناخەلەسێت، ڕیچ لەم بارەیەوە دەڵێ: "هەست دەکەم هەندێ حەقیقەت لەم باری سەرنج و بۆچوونەدا هەیە".

وەکو زۆر گەڕیدەی دی کە پاش (ریچ) سەردانی کوردستانیان کردووە کتێبەکەی بەسوپاس و نەوازش و ڕێزی زۆر بۆ هەردوو خانە خۆییەکەی دوایی هێنا: "لەو ماوەیەدا کە لە کوردستان مامەوە. توانیم چەندین دۆست پەیدا بکەم و دۆستایەتیەکی زۆر بەرپا بکەم، ئاستێکی زۆر بەرزی پاکی و ڕاستگۆیی و ئەمەکداری و میوان پەروەریم بینی کە دەترسم لە هیچ شوێنێکی دی دا لە زیارەتی دوورودرێژی حەجمدا نەی بینم. بیرەوەرییە جوانەکانم لە مەڕ ئەو وڵاتە تا من بمێنم لە بیر ناکەم".

دۆزەرەوەی نەینەوا، دۆستی کورد بوو

چەند ساڵێک پاش بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی (ریچ) کتێبێکی تازە لە مەڕ کورد. لەلایەن (ئوستن هنری لایارد) لەدایکبووی فەرەنسا و پەروەردەی بەریتانیاوە بڵاو بووەوە. ئەم پیاوە خوێندنی باڵای لە ئیتاڵیا و ئینگلتەرا تەواوکردووە. بەمەش (لایارد) ئەو ئەزموون و تەجرەبانەی تۆمارکرد کە لە سەردانە زۆر و زەبەندەکانیا بۆ کوردستان، چ وەکو خۆی و چ وەکو نوێنەری کۆمپانیای نەوتی ڕۆژهەڵات، وەدەستی هێنابوون. بەمەش گەورەترین کەشفی ئارکولوژی ئەو سەردەمەی بۆ خۆی مسۆگەر کرد. پێی وا بوو شوێنی پایتەختی کۆنی ئاشوری یەکان، شاری (نەینەوا)ی ناوچە شاخاوییەکانی نزیکی موسڵە. یەکەم جار بەکۆمەکی پارەی کونسوڵی بەریتانیا و پاشان بەکۆمەکی پارەی موزەخانەی بەریتانیا لە لەندەن، لە ساڵی ١٨٤٠دا کەوتە تەنقیب وگەڕان، لە ڕاستیدا شوێنەواری (نەینەوا)ی دۆزییەوە. بەمەش لە شەوو ڕۆژێکدا بوو بەناودارترین زانای ئارکۆلۆژی سەردەمی خۆی.

(لایارد) لە پاڵ پرۆسەکانی پشکنینەوە، بەمەبەستی گەشتوگوزار و تەبدیل هەوا و خۆدزینەوە لە گەرمای هاوین، گەشتێکی شناسایی بۆ ناوچە شاخاوییەکانی (زاب) دەست پێکرد، بۆ وەی لێکۆڵینەوە لەمەڕ ئەو تیرە کوردانە ئەنجام بدات کە لەو دەڤەرە نیشتەجێ بوون. ئەوە بوو باری سەرنج و تێبینییەکانی خۆی دەربارەی ئەو پشکنینە ئەسەری و گەشت و گەڕانەکانی خۆی و ئەو ڕووداوانەی لەم سەفەرەدا هاتبوونە ڕێی، لە دوو توێی کتێبێکدا تۆمار کرد و لە ساڵی ١٨٤٩ دا بەناوی (نەینەوا و شۆینەوارەکانی) بڵاوی کردەوە. لە ساڵی ١٨٥٤دا تەرجەمەی هەمان کتێب لە (لایبزگ) و بەناونیشانی (گەڕان لە نەینەوا) بڵاو کرایەوە. ئەم کتێبە تا ئەمڕۆش بایەخی خۆی لە دەست نەداوە و بەبەردەوامی چاپ دەکرێتەوە. نووسەر لە پاڵ باسی گەڕان و پشکنینە گرینگەکانی خۆیدا، لایەنێکی گەورەی ئەم کتێبەی بۆ باسی کورد و کوردستان تەرخان کردووە.

بەراوردکردنی سەرنجەکانی ئەوسای لایارد دەربارەی کورد و شێوازی ژیانیان، لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی کوردا ئەوە دەردەخات کە گۆڕانێکی زۆرکەم بەسەر ناوچەکە و شێوازی ژیانی کوردا هاتووە. بۆ وێنە لە وەسفی چیای (تجاری) دا دەڵێ: "دۆڵەکان چڕە دارستانن، تاوری هەمە جۆر، بەبەرزییەوە گیرساونەتەوە لە تۆ وایە بەگەردنی بەرزی ئاوەڕۆی ڕووباری (کۆمر)ەوە هەڵواسراون. ڕووباری نێوبراو بەم دۆڵە تەنگەدا دەڕۆیی. ئەم کۆمەڵە شاخە سەختە لە ناوەندی هەڵدێرەکەدا ڕێیان بەرێبوار دەگرت، ئەو ڕێگەیەی

بەقەدپاڵەکەدا دەڕۆیی و دەیڕوانییە ڕووبارەکە". هەروەها گەڕیدەی بەریتانیش، سەرنجی ئەو نەریتەی داوە کە کورد تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ لە سەری دەڕۆن، ئەویش ئەوەیە کوردان لە هاویندا دەچنە زۆزان و گوندەکانیان بەجێ دێڵن.

لەم ڕووەوە نووسیویەتی کە بەچاوی خۆی دیتوویەتی "چەندین گوندی بناری چیاکان چۆڵ بوون و خەڵکەکەی چوونەتە چیا و لە زۆزاندا کەپری هاوینەیان بۆ خۆ دروست کردووە. تا وەرزی هاوین لە وێندەر بەسەر بەرن". لەساڵی ١٨٤٥ دا دوای سەفەرێکی نارەحەت بەسواری قاتر دەگاتە گوندی (خالونی) کە چۆڵ دەبێت و بەم جۆرە وەسفی دەکات: "خانووە لە بەرد دروستکراوەکان چۆڵ بوون. شاخی حەیوانە کێوی بەسەر دەرگاکانیانەوە بوو، باخی ڕەز و مێو دەوری گوندەکەی دابوو. خەڵکی گوند، کەپریان لە ڕەخی ئەو ڕووبارە دروست کرد بوو کە بەنزیکی گوندەکەدا ڕەت دەبوو".

(لایارد)، هێندە بەوردی وەسفی ناوچەکە و سروشتی جوگرافی و جۆری ژیانی ئەو دەڤەرەی کردووە کە سەرنجی چەندین خوێنەری ئەوروپای ڕاکێشاوە. تەنانەت (هانزهاوزر)ی نووسەری ئەڵمانی پێی وایە (کارل مای) زانیارییەکانی خۆی لە مەڕ ئەم ناوچەیە و خەڵکی ئەم دەڤەرە لەو کتێبەوە وەرگرتووە. هەر ئەم ڕاز و نهێنییەشە وای کردووە هەر کەسێک کتێبەکەی (کارل مای) (گەشتێک بۆ کوردستانی کێوی) خوێندبێتەوە، وا دەزانێ (کارل مای) بەراستی سەردانی ناوچەی شاخی (تجاری) کردووە و بەخۆی دیتوویەتی. لە کاتێکدا (کارل مای)، قارەمانێکی خەیاڵی (قەرەبن نەمسی) خولقاندووە و زۆر سەرکێشی مەترسیداری لە حوزوری پاشا کورد و ئێزیدییەکاندا، داوەتە پاڵ، و مەیدانی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکەی کردووە بەچەند شارێکی پڕ ڕاز و نهێنی، پڕ شیو و دۆڵ و هەڵدێری هەزار بەهەزاری ترسناک.

ڕەنگە خوێندنەوەی ئەم پەرەگرافەی خوارێ کە وەسفی ڕێبەرێکی تیرەیەکی ئێزیدی دەکات، بەئاشکرا چوون یەکی نێوان ڕۆمانەکەی (کارل مای) و باری سەرنجەکانی (لایارد) مان بۆ بەدیار بخات.

(لایارد) دەڵێ: "ڕێبەری تیرەکە، یەکێک بوو لەو لاوە هەرەقۆزانەی کە لە ژیانمدا دیتبوومن. سیمای ڕێک و پێک بوو. چاوەکانی گەش وپرشنگدار بوون. چەند چەپکە قژێکی ڕەش ڕەش لە ژێر دەرسۆکە ڕەنگینەکەیەوە وەدەرکەوتبوو". (کارل مای)ش هەمان کەس بەشێوازی تایبەتی خۆی و بەم شێوەیە وەسف دەکات: "... دەرگا ڤەبوو. کوڕێکی زۆر قۆز، بەژن و باڵا ڕێک وەژوورکەوت. سیمای ڕێک و پێک بوو. چاوەکانی

پرشنگێکی دڵگیریان لێ دەبووەو، چەند چەپکە قژێکی ڕەشی ناسک لە ژێر دەرسۆکەکەیەوە وەدەرکەوتبوون". ئێمە لە حەقیقەت دوورناکەوینەوە، ئەگەر بڵێین ئەم دوو نووسەرە لە هەر کەسێکی دی پتر بەشدارییان لە چەسپاندنی دیمەنی واقیعی کورد لە زەین و هزری ئەوروپییەکاندا کردووە و بۆچوونە خەیاڵییەکانیان لە مەڕ کورد ڕەواندوەتەوە، (کارل مای) وەکو نووسەرێکی فرە خوێنەر و (ئوستین لایارد)ش وەکو زانایەکی سەرنج تیژ. (لایارد) یەکەم کەس بووە بەئاشکرا ئاماژەی بۆ جیاوازی نێوان کوردی هیند و ئەوروپی و عەرەبی دراوسێیان کردووە، ئەویش لە لێکۆڵینەوەیەکیدا دەربارەی ژیان و جۆری گوزەرانە کە لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی گەلان و نەتەوەکاندا بەفاکتەرێکی زانستی و گەورەتر لە فاکتەری جیاوازی ڕواڵەت و دیمەنی دەرەوە و پێکهاتەی بەدەنی، دەژمێردرێ. هەروەها سەرنجی ئەوەی داوە کە ئافرەت لە کوردەواریدا ڕۆڵی هاوتای ڕۆڵی پیاو دەبینێ. کورد هەڵوێستی تایبەتییان لەمەڕ ئافرەت هەیە کە لە کوردەواریدا ئازادییەکی دیاری هەیە، ئەم شتە لای عەرەب و تورکە عوسمانییەکان نابینرێ، ئەمە لە کاتێکدا وایە کەکوردیش وەکو عەرەب و تورک لە باری باوەڕی ئایینییەوە موسوڵمانن. تەنانەت هەر ڕێبوارێکی ئەوروپایی ڕێی بکەوێتە ئەم ناوچەیە زوو بۆی بەدیار دەکەوێت کە دەشێت قسە لەگەڵ هەر ئافرەتێکی کوردا بکرێ، بێ ئەوەی پیاوی لە گەڵدا بێ. لە کاتێکدا زۆر زحمەتە ئەمە لەگەڵ ئافرەتێکی عەرەبدا بکرێ، مەگەر لە حاڵەتی زۆر ناچاری و تایبەتیدا. (لایارد) لەم بارەیەوە نووسیویەتی و دەڵێ: "سەرۆک هۆز لە ماڵ نەبوو. ژنەکەی میوانداری کردین. دەستووری دا مافور ڕاخرێ، لەو مافورانەی کە ژنانی کورد بەخۆیان و لە سێبەری دارتووان دەی چنن. ئەوجا ماست و کەرە لە قاپی تایبەتیدا هات. پاشان چێشتی برنج لە قاپی دارین و میوەی تازە و هەنگوینیان لە سەبەتەدا بۆ دانایین". لە شوێنێکی دیدا دەڵێ:

"ئافرەتانی بێ پەچە و عەبا، کایان بۆ وڵاخەکانمان هێنا، قژیان لە شێوەی پرچی درێژدا هۆنی بووەوە. سەر پەرچەمی داروموور و بەسەر هەینەیاندا شۆڕبووبوەوە. هەر یەکێکیان نموونەیەک بوو لەو جوانییەی کە ئافرەتانی (مزوری) پێی بەنێو بانگن".

سەرهەنگێکی سوپای پروسیا، بەکورد موعجەب دەبێت

هەر لەو کاتانەدا کە (لایارد) سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیاری بوو دەربارەی کورد، کەسێکی تریش خەریکی هەمان کار بوو، ئەگەرچی بەمەبەستێکی جیاوازتر بوو. ئەوکەسەش میر (هیلموت کارل بیرنهارد فون مولتکە) یە کە لەدایکبووی «مێکلن بورگ)ی ئەڵمانیا بوو، کە پاشان بوو بەفەرماندەی باڵای سوپای پروسی و بەیەکێک لە ناودارترین فەرماندە ستراتیژییەکان لە مێژووی ئەڵمانیادا دەژمێردرێ. (فون مولتکە) لە ساڵی ١٨٣٥دا، کە ئەو دەمە لە تەمەنی ٣٥ ساڵی دا بوو، و لە سوپای پروسیدا سەرهەنگ بوو، مادونییەکیی سێ مانگیی وەرگرت، دەیویست لە ماوەی ئەو مادونییەدا ئەو خەونەی ژیانی بێنێتە دی کە چەندین ساڵ بوو خولیای بوو، زۆری دڵ پێوە بوو کە گەشتێک بۆ تورکیا و وڵاتی (هومیر) بکات و لە نزیکەوە بیدینێ و لێکۆڵینەوەی لە مەڕ بکات.

لە ئەستەمبوڵ برایە لای وەزیری جەنگی عوسمانی (خوسرین پاشا) کە لە هەمان کاتدا پیاوی دووەمی دەسەڵات بوو لە ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا. لەسەر داوا و حەزی وەزیری جەنگ، (فون مولتکە) بۆ ماوەی چەندین ساڵ کرا بەراوێژیکاری سوپایی لە بارەگای (باب العالی)دا، تا لەو ماوەیەدا ئارەزووەکانی سوڵتان (محەموود) کە بریتی بوو لە ئەنجامدانی ریفۆرمێکی ریشەیی لە ناو سوپای عوسمانی، بهێنێتە دی.

(فون مولتکە)، لە ساڵی ١٨٣٩دا بەیاوەری ئەو لەشکرکێشییە ڕۆیی کە بۆ میسر نێردرا تا یاخیبوونەکەی (محەمەد عەلی پاشا) سەرکوت بکات.

ئەرکی (فون مولتکە) لەم لەشکرکێشییەدا ئەوە بوو کە پێشنیاز و ئامۆژگاری بەفەرماندەی هێرشەکە، کە پیاوێکی تورک بوو، بدات. بەڵام فەرماندە تورکەکە هەموو تێبینی و پێشنیازەکانی ئەوی فەرامۆش کرد و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە هێرشەکە لە شەڕی (نیسیب)دا بشکێ. بەڵام ئەم ڕووداوە، بۆ (فون مولتکە) وێڕای ئەو شکستەش، دەرفەتێکی بەنرخ و لە بار بوو، چونکە هەلی بۆ ڕەخساند بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا، ئاشنای کورد و کوردستانی وڵاتی کوردان ببێ.

(فون مولتکە) چەندین کتێب و گوتاری ڕۆژنامەوانی دەربارەی تێبینییەکانی خۆی لەسەر ئەو ڕووداو و مەسەلانەی کە بەچاوی خۆی دیتونی و تیایاندا ژیاوە، بڵاوکردۆتەوە. ڕەنگە بەناوبانگترینیان ئەمە بێ (چەند نامەیەک لە مەڕ بارودۆخ و ڕووداوەکانی ناو

تورکیا) کە لە ساڵی ١٨٤١دا لە بەرلین بڵاوبوەتەوە. (فون مولتکە) ژمارەیەک لەم نامانەی بۆ باسی کوردستان تەرخان کردووە و ئەو پەڕی دڵبەندی خۆی بەم وڵاتە شاخاوییە دەربڕیوە، ئەم وڵاتە بەرەسەنایەتی و دڵگیری و جوانی سروشتەکەی خوی، (فون مولتکە)ی ئەفسون کردووە، وەکو چۆن پێش ئەویش چەندین گەڕیدەی تری ئەفسون کردووە.

(فون مولتکە) لە ١٨٣٨/٥/١٨دا نوسیویەتی: "کاتێ مرۆڤ لە ڕووباری (دیجلە) ڕەت دەبێت، لە پڕ دەشت و نشێوەکان دەگۆڕێن و دەبن بەدەڤەرێکی شاخاوی، لە لوتکەی بەفرگرتووی ئەو شاخانەوە، ڕووبار و جۆگەلە بەقەد پاڵی زۆر ڕک و ڕژدی چڕە دارستانەوە، دێنە خوارێ بۆ ناو دۆڵی پڕ دار و دەرختی وەکو زەیتون وگوێز و هەنجیر و هەنار و ترێ. ئەم جۆگەلە و ڕووبارانە بەدەم ڕێگەی خۆیانەوە بێستان و مێرگ و مەزرایان ئاو دەدا. هەروەها ئەو شیوازەی کە (فون مولتکە) باسی سامانی گیانلەبەر و ڕووەکی کوردستانی پێ کردووە، مایەی سەرنجە. ئەم ئەفسەرە تینوەی زانیاری لەو ڕووەوە نووسیویەتی: "لەوێ، لەوشۆینەدا کە دەستی تیرەی بەشەر نەیتوانیوە سروشت بگۆڕێ، ئەو سروشتەی لە جوانترین وێنەی خۆیدا مرۆڤ گاز دەکات، لەو وڵاتەدا ئێستاش باران گیا و گوڵ ئاو دەدات. لە باوەشی ئەم سروشتەدا ڕۆژانە ملیۆن گوڵ و گولیلکی هەمە ڕەنگ لە شێوەی مافوری ڕەنگین دا دەپشکوێن و ئەو سروشتە دەڕازێننەوە".

بەهاری (گەلیی عەلی بەگ)

ئەندازیاری بەریتانی (ئارشیبالد مایلن هاملتۆن)، لە کتێبێکیدا کە لە ساڵی ١٩٣٧دا بڵاوی کردۆتەوە، هەمان دڵبەندی بەبەهاری کوردستانەوە دەربڕیوە. پاش تەواوکردنی ئەو ڕێگەیەی دۆڵی (گەلیی عەلی بەگ) نووسیویەتی: "کاتێ کە بەهار دێت، لە چاو تروکانێکدا سروشتی وشکی کوردستان و شاخە زۆر قوچ و ڕکەکانی دەبن بەپارچەیەک جوانی لە ئەندازە بەدەر. گوڵ و گولیلکی ڕەنگاوڕەنگ، لە نێو گیاوە سەر بەرز دەکەنەوە. ڕەنگی ئەم گوڵانە ڕۆژانە دەگۆڕێن و ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات هەر بەبەراوردی ڕەنگەکاندا جیاوازی ڕۆژی تازە و ڕۆژی بوری بکات. ڕۆژێکیان لەسەر تاوێرێکی زۆر دوورە دەستی لایەکی هەڵدێرەکەوە، بریقەی گوڵە سوسنێکی سوور لە نیگام هەڵەنگوت. گیای هەردوو ڕەخی ڕێگەکە بەدەم شنەباوە وەلادەکەوتن و گوڵە ئێریسی شین خۆی دەنواند، گوڵە مێلاقەش لە پەنا تاوێرانەوە و بەتەنیشت قۆپەنە وەنەوشەی سروشتییەوە

سەرەتاتکێیان دەکرد.پانتاییەکی بەرفراوان لە گردە نزیکەکانی (کانی وەتمان) بەنێرگز داپۆشرا بوو، لە دوورەوە وەها دەهاتە بەرچاو کە پارچە بەفرێکی زۆر سپی و گەورەیە".

(هاملتۆن)، دەڵێ کورد زۆر شانازی بەم جوانییە سروشتی یەوە دەکەن کە خوا بەخاکەکەی بەخشیون و دەڵێ: "رووم لە هەر شوێنێ دەکرد خەڵکی چەپکە گوڵی کێوی و گوڵی ماڵییان پێشکەش دەکردم. وێرای ئەوەی ئەم کارە بۆ خەڵکی نە شارەزا هەندێ سەیر و غەریب دێتە بەر چاو، بەڵام ئەو خەڵکە خێڵەکییە یەکجار ئاشقە گوڵ و گوڵ بەخێو کردن بوون. زۆریان حەز لە باسی گوڵ و گوڵزار و جۆرەکانی گوڵ دەکرد و لێی وەڕز نەدەبوون".

(هاملتۆن) لە مەوە دەگاتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە کورد بەو کارەیان گوزارشت لە خۆشەویستی و شانازی بەولاتی خۆوە دەکەن، هەروەها دەڵێ: "مرۆڤ لەم ڕەفتارەوە هۆی هەڵگیرسانی هەموو شەڕەکانی ئێرەی بۆ بەدیاردەکەوێت و قەناعەت دێنێ کە هۆی شەڕی ناوخویی و شەڕی سەپاوی دەرەوەش تەنیا بەو مەبەستە بووە پتر دەست بەسەر ئەم ناوچەیەدا بگیردرێ و پاشان بۆپەرچدانەوەی ئەو هەوڵە داگیرکاریانە بووە....".

نووسینەکانی (هاملتۆن)، ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە زۆربەی شتەکانی کوردستان، هەر وەکو ئەوساکە ماونەتەوە کە (فون مولتکە) دیتوونی و باسی کردوون. بۆ وێنە هاملتۆن باسی جۆری ڕۆنانی خانووی لە کوردستاندا کردووە کە چۆن لە قەدپاڵەکاندا و بەشێوەی پلیکانە دروست دەکرێن و سەربانی هەر ماڵێک دەبێ بەبانیژە بۆ ماڵەکەی سەرووی خۆی. هەروەها باسی کەرەستەکانی بینای کردووە کە پێکهاتوون لە خشت و بەرد و لق و پۆپی سپیدار. هەروەها دەڵێ: "سپیدار زۆر بەکەڵکە بۆ ئەو ناوچانەی کە خانوو لە شێوەی پلیکانەدا ڕۆ دەنێن. هەرچەندە دیواری خانووەکان لە تاوێر و خشتی گڵ دروست دەکرێن، بەڵام کورد کاریتە و دار بۆ دارەڕای سەرەکەی بەکار دێنن و بەزۆری کاریتەی سپیدار بۆ ئەم مەبەستە بەکار دێنن. پاش دارەڕای سەری خانووەکە، ئەوجا کاژێکی تەنکی هەژگ و چەوێڵی وشکی بەسەردا دەدەن. ئەوجا قوڕە پەستێکی ئەستووری بەسەردا دەدەن. ئەم جۆرە سەربانە بۆ وەرزی گەرما تا ڕادەیەک گونجاو و لە بارە و شەوانی هاوین کە شەو لە ڕۆژ فێنک تر دەبێت، لە سەری دەنوون".

ئەم جۆرە بینایە کە (دام)ی پێ دەڵێن تەنیا لە باشووری ناوچەی (ئەنتی تووروس) دا بەرچاو دەکەوێ.

ئەوەی نووسینەکانی (فون مولتکە)، لە نووسینەکانی (هاملتۆن) جیا دەکاتەوە، ئەوەیە

کە (فون مولتکە) تەنیا دڵبەندی خاک و سروشتی کوردستان نییە، بەڵکو زیاتر دڵبەندی کوردە جەنگاوەرەکانە؛ زیاتر لە سێ ساڵان لە کوردستاندا مایەوە. ئەم مانەوەیە ڕێی بۆ خۆش کرد کە لەگەڵ دراوسێ عەرەب و تورکەکانیاندا بەراوردیان بکات.

لە ڕۆژێکی مانگی مایسی ساڵی ١٨٣٨دا ئەوەی تۆمار کردووە کە کورد: "لە زۆربەی هەرە زۆری بوارەکاندا جیاوازە لە عەرەبی دراوسێی. کەچی یەک خەسڵەتی هاوبەشیان هەیە، ئەویش ئارەزووی تالانییە. هەر چەند لەم بوارەشدا عارەب زیاتر خەسڵەتی دز دەگرێ و کورد زیاتر جەنگاوەرە تا دز بێ. کورد بەئارەزوو و ئەڵهایەکی جیدییەوە مومارەسەی ژیانی کشتوکاڵی ناکات مەگەر ناچاربێ، چونکە زیاتر حەز لە جەنگ و شەڕ دەکات. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێ کە کورد ماڵ و قوللە و قەڵاتان لە بەرزایی چیاکاندا ڕۆ دەنێن و دەشتەکان و ناوچە ڕاستانییەکان دەکەن بەمەزرا و کێڵگە و خانووی هاکەزایی لێ دروست دەکەن. کورد حەز لە شەڕی پیادە دەکەن، خۆ دەدەنە پەنا شاخ و دیواری ماڵان، تفەنگ چەکی دڵخوازی کوردە. کورد دەست ڕاست و ئەنگێوە و نیشان شکێن و سەگڤانی باشن. تفەنگ شوێنی تایبەتی خۆی هەیە لە نێو خانەوادەدا و بەمیرات لە بابەوە بۆ کوڕ دەمێنێ، تفەنگ لای کورد ئازیزە و بەماشوقەی هەمیشەی گەنجێتی خۆی دەزانێ".

کاسەسەر و گۆیچکەی بڕاو

سوپای (تووروس)ی عوسمانی، کە (فون مولتکە) یان بۆی دانا، بەپەلە بەرەو سوریا ڕەوانە کرا تا والی میسر سەرکوت بکات کە لە (باب العالی) یاخی بوو بوو. ئەو سوپایە لە بناغەوە لە تورک پێک هاتبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین کوردی تێ کەوتبوو کە بەئیجباری گیرا بوون. چونکە ئەم سوپایە لە شارەکانی (کاربوت) و (دیاربەکر) دا سەربازخانەی هەبوو، بۆیە دەبوایە ئەم ناوچە کوردنشینە بەر لە هەر ناوچەیەکی دی، باجی سیاسەتی تەجنیدی ئیجباری عوسمانی بدەن. فەرماندەی عوسمانی (حافظ پاشا) هەر بەوەوە نەدەوەستا کەلوپەل و ئازوقە و ولاخ و دار بۆ سوپا چل و پێنج هەزاری یەکەی لە خەڵکی بسەنێ، بەڵکو کوردەکەی ئەو ناوچانەشی لە ماڵی خۆیان دەردەکرد و سەربازەکانی دەخستە ناو ماڵەکانیان. ئەمە جگە لە گرتنی سەربازی ئیجباری لەو جووتیارە کوردانە.

(فون مولتکە) لە نامەیەکیدا بۆ ئەڵمانیا دەڵێ: "پرۆسەی سەرباز گرتن پتر لە پەلاماری ڕاو و شکار و ڕاوەدونانی کۆیلە دەچوو، بڕبڕ و کۆمەڵ کۆمەڵ سەربازی ئیجباری

دەبینران، وەکو دوژمنی بەزێنراو، دوو دوو بەکەلەپچە دەستیان پێکەوە بەستراو بوو، بۆ سەربازخانە دەهێنران. نیگای تورە و پرکینە و ڕقیان دەبرییە ئێمە و بەمەش ڕاستگۆترین گوزارشتیان لەڕای خۆیان دەرهەق بەئێمە دەکرد و بەئاشکرا هەڵوێستی خەڵکی دەربارەی حکوومەت وەکو دەسەڵاتێکی غەوارە، دەردەبڕی. ژمارەیەکی زۆر لە لاوان لە دەست مەفرەزەکانی سەوقی ئیجباریدا بەرەو چیاکان هەڵدەهاتن. بەڵام تورکەکان دوایان دەکەوتن و سەگی ڕاوییان پێوە دەنان و پاش ئەوەی دەگیران، پەتیان دەکردن و بەسەر عاردیدا ڕایان دەکێشان، یان ڕادەکێشرانە ناو سەربازخانەکان. ئەم سەربازانەی، کە ژمارەیەکی زۆر منداڵ ونوقسانیان تێدا بوو، تاقە یەک وشە لە زمانی ئەفسەرەکانیان حاڵی نەدەبوون. وەکو زیندانی و یەخسیری جەنگ مامەڵەیان لە تەکدا دەکرا. نۆبەدارانی بەزەبر ئێشکی سەربازخانەکەیان دەگرت تا کوردەکان هەڵنەیەن. کەچی نۆبەدار و پاسەوانەکان کە هەلیان بۆ هەڵدەکەوت، خۆیان لە پێش خەڵکی دیبەوە هەڵدەهاتن".

نووسینەکانی مولتکە لەمەڕ هێرشی تەمبێ کاری و سەرکوت کاری پاشایانی تورک، بۆ سەر میر و سەرانی کورد، ئەوانەی کە باجیان نەدەدا و سەربازیان نەدەدا، ڕەنگدانەوەیەکی ڕاست و دروستی ئەو چەوساندنەوەیەیە کە تورکەکان تارۆژگاری ئەمڕۆش دڕندانە و دڵڕەقانە و بەبەردەوامی دژی کورد ئەنجامی دەدەن.

(فون مولتکە) جارێک دەیەوێ چاودێریی پزیشکی بۆ سەربازێکی کوردی بریندار دابین بکات و پزیشکی بێنێتە سەر، ئەو حەقیقەتەی بۆ دەردەکەوێ کە کورد لە تورکیادا، لە باشترین حاڵەتدا وەکو مرۆڤی پلە دوو تەماشا دەکرێت.

هەروەها نووسیویەتی کە: "کوردێکی لە بن دەروازەیەکدا دیتوە و برا زامدارەکەی، فیشەکێک بەلاقییەوە دەبێ، بەکۆڵەوە بووە. ئەو کوردە بۆی گێڕامەوە کە ئەوە حەوت ڕۆژە برا برینداڕەکەی دەگێڕێت. ناردم بەشوێن پزیشکدا، کاتێ کە هات و زامدارەکەی بینی، بەقێز و بێزەوە گوتی: چ نییە کوردە!!. زیاد لە جارێک ئەم قسەیەی گوتەوە. لە تۆ وایە دەیەوێ پێم بڵێ: "ئاخر تۆ قەڵ پیاوی کە داوام لێ دەکەی ئەم بوونەوەرە تیمار بکەم؟".

لە نامەیەکی تریدا کە بۆ هاوڕێیەکی خۆی لە ئەڵمانیا، ناردوویەتی، باسی ئەوەی کردووە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ کوردە مەدەنییەکاندا دەکرێت: "هەق نییە بەغیلیمان پێ بەری بۆ ئەم شەڕانەی دەیکەین، پڕن لە شتی بێ مانا و هیچ و پوچ. ئەمڕۆ جگە لە هەزاران سەر ولاخ و حەیوان، پتر لە شەش سەد زیندانیش گەیشتنە سەربازخانەکەمان. نیوەیان ژن و منداڵ بوون. ژمارەیەکی زۆر لەو ژنانە بریندارن، ئەمە لێرە شتێکی ئاساییە

و لەگەڵی ڕاهاتووین، بەڵام منداڵیان تێدایە کە بەقەمە و سونگی بریندارکراون، ئەمە خۆی لە خۆیدا بەشێکە لەو ڕەفتارەی کە لەگەڵ کوردا دەکرێ. منداڵی ساوای شیرەخۆرە دەهێنرێنە بارەگای ئەفسەر و دەبێ کەس و کاریان پەنجا لیرە بدەن تا منداڵەکانیان وەر بگرنەوە. هەروەها ئەمڕۆکە یەک تورەکە کەللەسەر و گۆیچکەی بڕاوی بەشەریان هێنا".

(مولتکە) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە: "ئەم ڕەفتارەی بۆ چەوساندنەوەی کورد پەنای وەبەردەبرێ، دەتوانێت بۆ ماوەیەکی کورت دەسەڵاتی تورکیان بەسەردا بسەپێنێ، وەکو چۆن پێشتریش وا بووە. بەڵام حکوومەت بەم ڕەفتارە گوێ ڕایەڵی هەمیشەیی کوردان بەدەست ناهێنێ، مەگەر ئیدارەیەکی باشتر لەم ئیدارەیەی ئێستا، ئازادی و سەربەخۆیی کوردان بدات".

هەروەها ئەم نووسەرە سەرەنج تیژە پەردەی لە ڕووی خاڵی سەرەکی لاوازییەکانی کوردیش هەڵماڵیوە دەڵێ: "سەران و میرانی کورد لە نێو خۆیاندا بەگژیەکدیدا دەچن، لە پێناوی دەسەڵاتی پتر و قۆرخ کردنی زەویوزاری زۆرتردا، دیارە بەمەش زیانێکی زۆر گەورە لە خۆ دەدەن، گەورتر لەو زیانانەی کە لە کاتی بەرگری چەکدارانەدا دژی لەشکرکێشی و پەلاماری عوسمانییەکان، لێیان دەکەوێ". لە کۆتاییدا وەکو ئەوەی دەرمانی ئەم دەردەی کوردان بکات، نووسیویەتی: "گەر کورد یەک بن، مەحاڵە کەس بەسەریاندا سەر بکەوێ".

١٥٩٦: دەرچوونی کتێبی مێژووی کورد

ئەو وێنەیەی جیهان لە مەڕ کوردی دروست کردبوو، بەرەبەرەو پاش گەشتەکانی (ریچ) و (لایارد) لە کوردستاندا و دوای نامەکانی (مولتکە) و تێبینی و باری سەرنجی ژمارەیەک لەو گەڕیدانەی دی کە دوای ئەوان سەردانی کوردستانیان کرد، بەرە بەرە ڕەوییەوە و ئاشکراتر بوو. بەڵام بایەخدانی زیاتر بەم گەل و وڵاتە، پاش بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی ریچ پەرەی سەند و رووی لە زیادی کرد.

بەڵام بەشداری هەرە گرینگی ئەم بوارە، ئەوە بوو کە ڕۆژهەڵاتناسی نەمساوی (ه.أ.یارب) لە ساڵانی ١٨٤٦و ١٨٤٧دا گەشتێکی زانستی شناسایی بۆ ناوچەکە کرد و دەستکەوتێکی ئەدەبی نایابی یەکجار بەنرخی لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە، کە دەشێت بەژێدەر و سەرچاوەی پلە یەک دابنرێ بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد و کوردستان.

مەبەست لەم دەستکەوتە کتێبی (مێژووی کورد)ە کە ساڵی ١٥٩٦ ،فەرماندەی گشتی

سوپای میرنشینی (بەتلیس)ی کوردی، (میر شەرەفخان) نووسیویەتی. (میر شەرەفخان) بەتۆمەتی بەشداری و سازدانی پیلانێک دژی باوکی، ترۆ کرا و مافی میراتگری لێ سەندرایەوە، بەڵام هەوڵ و تەقەلای هەندێ میری کورد سەری گرت و ئیعتباری پێ درایەوە و مافی ئاسایی خۆی لە بەڕێوەبردنی میرنشینەکەدا پێ درایەوە و تا ساڵی ١٦٠٠ کە مرد، دەسەڵاتی میرنشینەکەی گرتە دەست و بەڕێوەی برد.

مەبەستی (شەرەفخان) لە نووسینی ئەم کتێبە ئەوەبوو بەپێی توانا تیشکێ بخاتە سەر مێژووی کورد و ڕابردووی گەلەکەی بەرۆڵەکانی کورد بناسێنێ و ویژدانی ڕۆڵەکانی کورد بەمەبەستی خولقاندن و دروست کردنی هەستێکی نەتەوەیی کوردی گشتی جۆش بدات. بۆ ئەمەش سوودی لەو شەڕ و کێشە بەردەوامانەی ئەوسای نێوان کورد و عوسمانییەکان وەرگرت. بۆ نووسینی ئەم بەرهەمە مێژووییە بەنرخە لەلایەکەوە پشتی بەسەرچاوە فارسییە مێژووییەکان بەستبوو، و لەلایەکی دیکەوە پشتی بەو ڕیوایەت و ڕووداوانە بەستبوو کە نەوە و نەتیرەی کورد لە زمانی پیرەمێرانی ڕاستگۆ و باوەڕ پێکراوەوە دەیانگێڕایەوە.

ئەم لێکۆڵەرەوە کوردە پێشڕەوە نەیتوانیوە گرینگترین مەبەستی خۆی، کە دەستنیشان کردنی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کوردە، بەشێوەیەکی بنج بڕ ساغ بکاتەوە. هەرچەندە توانیویەتی سەرکەوتووانە مێژووی کورد لە کۆنەوە، بنووسێت. بەڵام لە دیاریکردنی بنج و بناوانی کوردا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە و ئاماژەی بۆ زۆر بیر و بۆچوونی ناکۆک لەو بارەیەوە، کردووە و تیشکی خستۆتە سەر سیبیان لەو بۆ چون و ڕیوایەتانە.

یەکێک لەو بۆچوونانەی ئاماژەی بۆ کردووە، هەر هەمان ئەفسانەیە کە لە مێژووی ئێرانیشدا باسی کراوە. دەربارەی (زوحاک)ی خوێن ڕێژ و زۆردارە کە کوردەکان تا ئەمڕۆش بەداستانی خۆیانی دەزانن. بەپێی ئەفسانەکە، ئەم زۆردارە توشی نەخۆشییەکی سەیر دەبێت، دوو مار لەسەر هەر دوو شانی پەیدا دەبن و بەهیچ شتێک ناهێورێن، تەنیا بەوە نەبێ هەموو بەیانییەک دوو لاو سەر ببڕدرێن و مێشکەکانیان دەرخواردیان بدرێ. بەڵام خەڵکی سایەی حوکمی ئەو زۆردارە فێڵێکیان دۆزیبووەوە کە لە بری مێشکی دوو لاو، مێشکی لاوێک و مێشکی مەڕێک یان بزنێک دەرخواردی مارەکان بدەن و کوڕە ڕزگاربووەکان ڕەوانەی چیا بکەن، ئیدی ئەمانە بوون بەبنەچە و هەوێنی گەلی کورد.

بەڵام ئەم فێڵە هەموو جارێک لە پاشای زۆردار و دەستوپێوەندەکەی نەدەکرا. وەختێ پیاوانی پاشای زۆردار ویستیان دوا کوڕی (کاوەی ئاسنگەر)، کە پێشتر هەشت کوڕی بەو جۆرە لە دەست دابوو، بەرن و دەرخواردی مارەکانی بدەن، (کاوە) چیتر خۆی پێ

نەگیرا و پێشتەماڵە چەرمەکەی داکەند و کردی بەسەری دارێکەوە تا ببێ بەئاڵای کاتی کوردان و جووتیارەکانی هاندا کە دژی زوڵم و زۆر شۆڕش بکەن. لە هێرش و پەلامارێکدا کە دەشێت بەشۆڕشی جووتیارانی کوردی مێژووی کۆن بێتە ژمارتن، پەلاماری کۆشک و بارەگای دکتاتۆر درا و (کاوەی ئاسنگەر) توانی بەو چەکەی دەستی سەری دکتاتۆر پان بکاتەوە و دەست و پێوەندەکەی لە نێو بەرێ. هەڵبەتە بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی هەبێ کە دروستی ئەم ئەفسانەیە بسەلمێنێ، هەر هەموو کتێبە کوردیەکان لە کۆنەوە لەسەر ئەو ڕایەن کە ئەم ڕووداوە گرینگەی مێژووی کورد لە ڕۆژی ١٢٣٤/٣/٢١ی پێش هیجرەت (واتە لە دەوروبەری ساڵی ٢٠٠٠ پێش.ز) دا ڕووی داوە.

هەروەها ئەم ڕۆژە هێما و مانایەکی مێژوویی تریشی هەیە، چونکە ئەو ڕۆژەیە کە نەینەوا بەدەستی میدییەکان ڕووخا و بەمەش ئاشورییەکان بەیەکجاری لە نێو بران و ئیمپراتۆریەتی میدیا لە شوێنی دامەزرا، کە زۆربەی کورد خۆیان بەنەوە و نەتیرەی ئەو میدیانە دەزانن.

هەموو کورد، تەنانەت ئەوانەیش کە بەناچاری بۆ ئەوروپا و ئەمریکا کۆچیان کردووە، لەم ڕۆژەدا کە (نەورۆز)ی پێ دەڵێن، واتە ڕۆژی نوێ، بەو حیسابەی سەرەتای ساڵی کوردییە، ئاهەنگ دەگێڕن. لەو ڕۆژەدا جوانترین جل و بەرگ لەبەر دەکەن، بەتایبەتی ئافرەتان بەجل و بەرگی ڕەنگینی هاودامانی فش و فۆڵەوە کە زۆر لە جلوبەرگی شەوانەی ئەوروپی سەردەمی ڕینیسانس دەچێت. هەروەها ژنی کورد خشڵی جوان لە خۆ دەدەن. هەروەها کورد لەو ڕۆژەدا خۆشترین و بەلەزەتترین خواردن دروست دەکەن، هەموویان، ئافرەت و پیاو دەرەقسن و ستران دبێژن. شایی و هەڵپەرکێی کوردان دەستە جەمییە و ژمارەیەکی زۆر بەشداری تێدا دەکەن و لەسەر یەک ڕیتم و ئاهەنگی تایبەتی ئەنجام دەدرێ. کورد بۆ هەر بۆنەیەک شایی و ئاوازی تایبەتی خۆیان هەیە.

کورد. لە ئێوارەی ڕۆژی پێش نەورۆزدا، لەسەر زۆر لوتکە چیای بڵندی کوردستاندا ئاگر دەکەنەوە. ئەسکەندەناڤی و ئەڵەمان و بەشێک لە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاش بەبۆنەی هاتنی وەرزی بەهار یان جەژنی پاک، ئەم کارە دەکەن. بەڵام ئاگرکردنەوەی کورد، کردەوەیەکی سیاسی ڕووتە: ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەو ئارەزووەی کە کورد دەیانەوێ پیشانی بدەن گەلێکی سەربەخۆن و دەیانەوێ تەنانەت لە داب و نەریتەکانیشیاندا لە دراوسێ عەرەب و تورک و فارسەکانیان جیاواز بن. هەر لە بەر ئەو هیما سیاسییەیە کە لەو

ولاتانەدا ئاگرکردنەوە قەدەغە دەکرێ و پۆلیس و ئەمن ئەو کەسانە ڕاو دەنەن و دەگرن کە ئاگردەکەنەوە.

هەروەها تەفسیر و لێکدانەوەیەکی تریش هەیە بۆ ئەو هاوپەیوەندییەی لە نێوان داستانی کاوەی ئاسنگەر و سرووتەکانی جەژنی نەورۆزدا هەیە. ئەمە ڕەنگدانەوەی کاریگەری داب و نەریتی گەلانی هیندوئەورووپییە لەسەر شارستانیەتی و مێژووی کورد. چونکە گەلانی گەرمانی و کولونییە و سلاڤیش لە ڕۆژی ٣/٢١/ دا کە شەو و ڕۆژ تیایدا بەرانبەر دەبن، ئاهەنگ دەگێڕن بەو حیسابەی سەرەتای بەهارە، ئەمە پەیوەندییەکی پتەوی بەئاهەنگەکانی جەژنی (پاک)ی لای ئەم گەلانەشەوە هەیە. وەکو چۆن لە لای گەلانی سلاڤی جەژنی گۆڕانی وەرزەکانە، لە لای کوردیش جەژنی گۆڕانی ساڵە و سەرەتای ساڵی نوێیە.

بەڵام دوو بۆچوون و تیۆرییەکەی دی لەمەڕ ئەسڵی کورد کە (شەرەفخان) ئاماژەی بۆ کردبوون، یەکەمیان دەڵێ کورد زوریەتی جنۆکانن، دووەمیان دەڵێ کورد گەلێکی دوو ڕەگەو لە ئەنجامی جووت بوونی دێو لەگەڵ خەڵقەندەیەکی زەمینیدا دروست بوون. ڕۆژهەڵاتناسە نەمساوی یەکە کە ئەم کتێبەی وەرگێڕاوە، ئەم دوو تیۆرییەی بەنوکتە و دەستکرد و بیدعەت داناوە. (شەرەفخان) بەخۆیشی نەیشاردۆتەوە کە ئەسڵی کوردی بۆ دیاری نەکراوە و دەڵێ: "جگە لە خوا چ کەسێک بەتەواوەتی نازانێ کە بنج و بناوان و ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد لە کوێوە هاتووە".

(یارب)ش کە نەیتوانیوە بگاتە ئەنجامێکی بنجبر، پێی وایە ئەم نادیارییەی ئەسڵی کورد "پێویستە ببێ بەهاندەرێک بۆ زۆر لە پیاوانی ئەم سەردەمەمان کە لێکۆڵینەوەی جدی لەم ڕووەوە ئەنجام بدەن تا ئەو تەم و مژەی لە ئەسڵی کورد ئالاوە، بڕەوێتەوە". هەروەها پێی وایە بایەخی زانینی بنج و بناوان و ئەسڵی کورد لەوەدایە کە پەیوەستە بە"گەلێکی ڕەسەنی ئەوتۆ، کە توانیویەتی سەرباری زۆر هەوراز ونشێوی سیاسی، پارێزگاری جۆرە ئازادی و سەربەخۆییەکی خۆی بکات لە سایەی میرو سەرانی خۆیدا لەسەر خاکی ئاشوور و میدیای خاوەن شارستانیەتی کۆن ودێرین".

ئەم گەلە لە ڕێگەی سیستەمی خێڵایەتی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە توانیویەتی بنج و بناوانی کۆنی خۆی بپارێزێ و بەمەش شایستەیی خۆی سەلماندووە کە ناو و مێژووی پارێزراو بێ، چونکە ڕەگ و ڕیشەی بۆ سەردەمانی پێش مێژووی ئاشوری و میدی دەگەڕێتەوە.

ساڵی ٢٣٥٠- پێش .ز، کورد و خەتی بزماری

مەسەلەی دیاریکردنی بنج و بناوانی کورد تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ بێ ئەنجام ماوەتەوە. زۆر کەموکوڕی لەم بوارەدا هەیە و زانای سۆڤیەتی (مینورسکی)ی پسپۆڕ و شارەزا لە کورد، دەی گەڕێنێتەوە بۆ: "کەمی و پچڕ پچڕی ئەو زانیاریانەی لەم بارەیەوە هەمانە، لەگەڵ جیاوازی ئەو شێوازەی کە لێکۆڵەرەوەکان لەم بارەوە گرتوویانەتە بەر". بەو حاڵەشەوە ئەو لێکۆڵینەوانەی کە (مینورسکی) و زۆر زانای تری سۆڤیەت و ئەڵمان و ئینگلیز ئەنجامیان داوە، پڕن لە زانیاری دەوڵەمەندی ئەوتۆ کە پشتیان پێ دەبەسترێ و وێنەیەکی ئاشکرا و ڕوونی مێژووی ئەم گەلە ڕەسەنەمان دەخەنە بەردەست. زانای ئارکۆلۆژی ئەڵمانی (ئایگشتید) یەکەم کەسە کە لەم دەرکەیەوە وەژوورکەوت و پشتی بەو گریمانەیە بەست کە دەڵێ: (شانۆ، هەر وەکو خۆی دەمێنێ ئەگەر ئەکتەرەکانیشی بێنە گۆڕین).

بەم پێیە دوو بۆچوونی سەرەکی ڕوون و ئاشکرا هەن، ئەگەر جیاوازیش بن، ئەوا دەچنەوە سەر یەک ئامانجی هاوبەش، ئەویش نیشتمانی ئیستای کوردانە. (سۆمەری) و (بابلی) و تەنانەت (ئاشوری)یەکانیش لە هەزارەی سێیەمی پێش زایینەوە هەندێ ئاسەواریان لە پاش بەجێ ماوە، کە لەگەڵ یەکتریان بەراورد بکەن، هەندێ لایەنی لێکچوونیان لە نێواندایە، هەموو ئەو ئاسەوارانە ئاماژە بۆگەلانێک دەکەن لە ناوچەی زاگرۆسی شاخاوی ناوەند و باکوردا ژیاون و ناوی وەکو (گوتی) و (کورتی)یان هەبووە. بەنیشتمانەکەیان گوتراوە (گوتیوم) یان (کارداکا) و ناوی تری لەو بابەتە ناوە.

بۆچوونێکی دی هەیە کە لە باکوری ناوچەی (زاگرۆس) و (توروس)ەوە سەری هەڵداوە و خۆی لەو ئاماژەیەدا دەنوێنێ کە (سۆمەری)یەکان لە هەزاری یەکەمی پێش زایینیدا بۆ ولاتی (باش-کاردو) و خەڵکەکەی (کالدیری)یەکان و (کاردوخی)یەکان کردوویانە، ئەو کاردوخیانەی کە (زەینەفون)یش لە کتێبەکەیدا (گەڕانەوەی دە هەزارپیاو) دا ئاماژەی بۆ خۆیان و بۆ ولاتەکەیان کردووە، هەڵبەتە ئەمە ئاماژەیە بۆ کورد.

(ئایگشتید) دەڵێ لەو ئاماژەیەدا بۆ کوتییەکان، وا وەسف نەکراون کە "گەلێکی دەشتەکی نیمچە هۆڤین، بەڵکو ئەو ئاماژانە ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە ئەمانە ڕۆڵەی گەلێکی زۆر ڕێک و پێک بوونە و توانیویانە لە ولاتی کۆنی دۆڵی دوو ڕووباردا، لە سەرشانۆی ڕووداوەکان دەر بکەون". زۆر جار ناوی (کوتی)یەکان لە نووسراوە سۆمەرییەکاندا هاتووە و باس کراون کە چۆن لە ناوچەیەکی فراواندا بلاو بوونەتەوە و

باسی ناوچە دوورەکان و شارە دەوڵەمەندەکانیان کراوە، هەروەها باسی پاشا بەزەبر و زەنگەکانیان کراوە. زانایانی ئارکۆلۆژی و خەمخۆرانی لێکۆڵینەوە لە گەلانی کۆن، هەموو لەسەر ئەو ڕایەن کە نیشتمانی ئێستای کورد لە کۆندا لە ئێستە دەوڵەمەندتر و دانیشتوانی لە ئێستە زۆرتر بوون. مەلیک (سەرگۆنی) یەکەم کە لە (ئەکەد)دا دەوڵەتێکی سامی گەورەی دامەزراند، شانازی بەوەوە دەکرد کە توانیویەتی وڵاتی (کوتی)یەکان بگرێ.

هەروەها (نارام سین) کە پاشایەکی تری (ئەکەد)ەو لە دوای سەرگۆن هاتووە، لە بەردەنووسێکی بزماری ساڵی ٢٣٥٠ پ.ز، کە لە ساڵی ١٨٨٤ دا دۆزراوەتەوە، هەواڵی سەرکەوتنی خۆی بەسەر گەلانی چیاییدا تۆمار کردووە. هەرچەندە کوردەکان پاشتر و لە نزیکی دەربەندی دیالەدا سەرکەوتنێکی بەرچاویان بەسەردا هێنا و توانیان دوای چەندین ساڵ هێزێکی سوپایی دەستوەشێن دروست بکەن کە بۆ ماوەیەک دەستی بەسەر باکوری وڵاتی دۆڵی دوو ڕووباردا گرت. بەڵام ڕۆڵەکانی ئەم گەلە چیاییانە، لە سەدەکانی دوای ئەو ساڵانەدا، سەرچاوەی هەرە سەرەکی ئەو هێزە سوپاییانەیان پێک دێنا کە بابلییەکان لە لەشکرکێشی و پەلاماری تەمبێ کارانەیاندا دەیانکردە سەر ئەو هەرێم و ناوچانەی سەر پێچیان دەکرد.

دوای نزیکەی هەزار ساڵێک لەم ئاماژەیەی سەرگون بەم لاوە، مەلیکی ئاشوری (تکلات- بیساری یەکەم) لە دەوروبەری ساڵی ١١٠٠پ. ز، سەرکەوتنە سوپاییەکانی خۆی بەسەر گەلی (کوتیی بەربڵاو) دا تۆمار کردووە. لەو گەڕان و پشکنینانەی کە لە (خرسباد)ی باکوری نەینەوا دا ئەنجام دراون، لە کۆشکی (سەرگونی دووەم)دا (دەورو بەری ساڵی ٧٢٢پ.ز) کە بەلەقەبی مەلیکی ئەکەدی نێودار، ناوی ڕۆیی بوو، لە کۆشکەکەی ئەودا یەکەمین بەردەنووس دۆزرایەوە کە ئاماژە بۆ جۆری جلوبەرگ و داب و نەریتی کوتییەکان دەکات.

(ئایگشتید)، لە ئەنجامی بەراورد کردن و لێکۆڵینەوەی هەموو ئەم بەڵگانەوە دەگاتە ئەنجامگیرییەکی تەواو کە کوردەکانی ئێستا، بێگومان درێژە و نەوەی ئەو کوتی و کاردوخییانەن. (مینورسکی)ش پشتیوانی دەکات و دەڵێ: "زۆرنزیکە وابێ و چ بەڵگەیەکی بۆ نادروستی ئەم گریمانەیە نییە".

ئاخۆ ئیمپراتۆریەتی میدیا، دەوڵەتێکی کوردی بووە؟

ئەم گریمانانە، هەر لە خۆوە و لە ئەنجامی لێکچونی ناوەکان یان گۆشەگیری نیمچە تەواوی زنجیرە چیاکانی تورس و زاگروس-ەوە نەهاتوون. بەڵکو ڕووداوە مێژووییەکان بەبەڵگەیەک زیاتر سەلماندوویانن. بابلییەکان، نەیانتوانی ناوچە کوردنشینەکان داگیر بکەن و تیایدا بمێننەوە. هەروەها ئیمپراتۆریەتی ئاشوری-ش نەیتوانی ناوچەی دەسەڵاتی خۆیان بەرین بکات و لە هەموو ناوچەی کوردستاندا، پیادەی بکات؛ هەرچەندە توانی تا قووڵایی کوردستانی ئەمڕۆی عێراق بڕوات.

هەرچەندە زمانی هیندو-ئەوروپی لە ناوچەی چیای (زاگرۆس)دا لە ساڵی دوو هەزار پ. ز، و لە ڕێگەی (میتانی) و (کاستی)یەکانەوە دەرکەوت و بڵاوبووەوە، بەڵام (میدی)یەکان توانیان لە ناوچە کوردییەکاندا بیچەسپێنن، ئەویش لە دەوروبەری ساڵی ١٠٠٠ پ.ز.

(مینورسکی) لەو ڕوانگەیەوە کە زمانی کوردی ئەمڕۆکە زۆر لە زمانی (میدی) دەچێت، دەگاتە ئەو گریمانەی کە کوردی ئەمڕۆ لە ئەنجامی توانەوە و پەرت بوون و لە ناوچوونی ئەو تیرە میدییانەوە دروست بوون کە لە ڕۆژئاوای ئێرانی ئەمڕۆدا دادەنیشتن، گەلێک لە مێژوونووس و سیاسەتوانانی سەربەرێبازە هەمە جۆرەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی ئەمڕۆی کورد، ڕایان لەگەڵ ئەم گریمانەیەدایە. باشترین بەڵگەش بۆ ئەم گوتەیە کتێبەکەی (محەمەد ئەمین زەکی)یە کە لە ساڵی ١٩٦١ لە بەغدا چاپ بووە و لە ڕەچەڵەک و مێژووی کورد دەکۆڵێتەوە. چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان)یش لایەنگری لەم حەقیقەتە دەکەن. لە گۆڤاری ساڵانەی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا)، ساڵی ١٩٧٤، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە: "ئیمپراتۆریەتی میدیا، گەورەترین دەوڵەت بووە لە مێژووی کوردا".

هەندێ مێژوونووس پێیان وایە کە (سکیتی)یەکان و (کیمیری)یەکان (ئەمانە تیرە و تایفەی هیندو-ئەوروپایین) لە سەدەکانی٧ و٦ پ.ز، دەوڵەتێکی بەهێزیان لە بەستێنی دەریای ڕەشدا دەمەزراندووە.، ئەمانە، لە لای خۆیانەوە بەشدارییان لە دروست بوونی گەلی کورد کردووە.

زانای ئەڵمانیای دیموکراتی (ب.برینیتزر)ی پسپۆڕ لە کاروباری ئێرانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە: "ئاشورییەکان بەرگەی ئەو گوشارەیان نەگرت کە کیمیرییەکان و پاشان

سکیتییەکان دەیانکردە سەریان و بەمەش ڕێگەیان لە بەردەم داگیرکەراندا چۆڵ کرد کە خۆ بەناوچە شاخاوییەکاندا بکەن. بەشێک لە سکیتییەکان لە دوا ئەنجامدا تێکەڵ بەخەڵکی ئەسڵی وڵاتەکە بوون".

هەروەها (برینیتزر)، ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە: "یەکێک لەو خەتمە لولەکییە فارسییە کۆنانەی کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ٧و٦ پ.ز، جلوبەرگی سکیتییەکانی لەسەر نەخش کراوە، ئەمە بەئاشکرا دیارە کە هەمان ئەو جل و بەرگەیە کە کوردی بادینان تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ لە بەری دەکەن". لە سەری دەڕوات و دەڵێ: "ڕاستە وڵات کەوتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی سکیتییەکان، بەڵام ئەمە تەنیا چینی حوکمڕانی گرتەوە، دەنا جەماوەری خەڵک هەموو سەر بەتیرە و هۆزە کوردەکان بوون".

زانای ئارکۆلۆژی ئەڵمانی (فیلیکس فون لوشان) لەو لێکۆڵینەوانەیدا کە لەمەڕ بایۆلوژی نەژاد لە کوردستان و لە ساڵی ١٩٢٠دا ئەنجامی داون، گەییوەتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە کوردی دەموچاو درێژکۆلە و گەنم ڕەنگ دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری (سکیتی) و (کامیری)یەکان. لە گۆڕستانێکی مەلەکی گەورەی (کامیری)دا، لە ناوچەی دەوروبەری (قەرەقوش)دا بۆی دەرکەوتووە کە ڕێژەی چاوانی شین گەییوەتە ٦٢٪ بەڵام لە (نەمرود داغ)دا، کە دوو هەزار مەتر لە ڕووی دەریاوە بەرزە، ڕێژەکە لە ٥٨٪ زیاتر نەبووە. هەمان ڕێژە لە (سنجری) ئێران دا لە ٣٩٪ تێ ناپەڕێ. ئەم حەقیقەتانە گەیاندیانە ئەودوا ئەنجامگیرییە زۆر باو و بڵاوەی کە کوردەکان بەخۆشیان پێی قایلن، دەڵێ: "کورد لە هەوەڵەوە زەری وەشی چاوشینی دەموچاو درێژکۆڵە بوون. لە ئەنجامی گۆڕانی بارودۆخی ژینگە و تێکەڵ بوونی خوێنیان لەگەڵ خوێنی تورک و ئەرمەن و فارسدا، پێستیان ڕەش هەڵگەڕا و دەموچاویان درێژتر بوو".

بەڵام ئەو لێکۆڵینەوە باسانەی (ئیگون فون ئایگشتید) ئەنجامی داون، گەیاندویانەتە ئەنجامگیرییەکی دی کە پێی وایە کورد هەر لە هەوەڵەوە تێکەڵەیەک بوون لە چەندین نەژادی هەمەجۆری وەکو ئەوروپی و ئەسکەندەناڤی و ئێرانی و مەغۆل. واتە زادە و بەرەنجامێکی خۆڕسکی نا هەم ئاهەنگ. ڕواڵەتی دەرەوەی کورد و ئەو تایبەتمەندییە مێژووییەی بەدرێژایی مێژوو هاتووە، ئەم بۆچوون و گریمانەیە دەسەلمێنن.

سەرسەختی کوردی ئەمڕۆکە، کە توانیویانە سیفەتە زاتییەکانی خۆیان بپارێزن و هەموو ئەو هەوڵانە پووچەڵ بکەنەوە کە لەلایەن ڕەگەز و کۆمەڵە نەژادی دییەوە دراوە، بۆ تواندنەوەیان لە نێو میللەتانی دی دا، مایەی سەرسامی مێژوونووسانە و زۆریان پێ

سەیرە کە ئەم گەلە تاکو ئەمڕۆکە وەکو کۆمەڵێکی تایبەتی، خاوەن خوو و خدەی دیارن و شانازی بەوابەستەیی تیرەیی خۆیانەوە دەکەن.

لەلایەکی دییەوە زۆر فاکتەر و هۆکاری تری وەکو ئەو بارودۆخەی کوردی تێدا دەسوڕێتەوە و چارەنووسی هاوبەشیان و دوژمنایەتی کردنیان لەلایەن گەلانی دراوسێ و داگیر کەرەوە،هەر هەموو ئەم هۆکارانە. بوونەتە مایەی لێک نزیک بوونەوەی ڕۆڵەکانی گەلی کورد، دیارە ئەم هۆکارانە لە ئایندەشدا هەمان دەور بەزیاترەوە دەبینن و شوێنەواری ئەمەش بەئاشکرا لە قۆناغەکانی ئایندەی مێژوویاندا ڕەنگ دەداتەوە.

زەینەفون و گریکەکان، ڕوو بەرووی کوردوخی یەکان دەبنەوە

لە ساڵی ٤٠١ پ.ز دا (میدری)یەکان، کە گەلێکی میدی-کوردییە، ڕووبەڕووی مێژونووسی گریکی (زەینەفون) بوونەوە و لەمەوە کورد دەرفەتی بۆ ڕەخسا بەشێوەیەکی لەبەرچاو، بێتە سەر شانۆی ڕووداوەکان. زەینەفون، دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکانی (بیلوپونیزیە) پەیوەندی بە(سیروس)ی گچکەوە کرد و پەیوەندی بەسوپاکەیەوە کرد لە ساردیس، لە ئاسیای ناوەراست دا کە سیروس لەشکری دەنارده سەر هێزەکانی براکەی (ئەرتاکسیرکیس منیمون). پاش ئەوەی سوپای سیروس لە نزیکی (کوتاخا)ی نزیکی شوێنی ئێستای بەغدادا شکا و هەڵات، زەینەفون ڕێبەراتی پاشماوەی هێزە سوپاییەکەی کرد کە دە هەزار جەنگاوەر بوون.دەیویست ڕێگەی چوار هەزار کیلۆمەتر بەم لەشکرەوە ببڕێ و بیگەیەنێتە کەنارەکانی دەریای ڕەش و لەوێندەرەوە بۆ یۆنان. ئەم لەشکرە بەدەم پاشەکشەوە کە لە وڵاتی دۆڵی دوو ڕووبارەوە دەستی پێکرد بوو، بەرزاییەکانی ئەرمینیا و کوردستانی بڕی. زەینەفون، لە کتێبەکەی خۆیدا (ئاناباسیس) کە بەوردی چۆنیەتی ئەم پاشەکشە زەحمەتەی گێڕاوەتەوە، بەشێوەیەکی زۆر جوان و کاریگەر چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەشکرەکەی خۆی لەگەڵ کوردوخییەکاندا گێڕاوەتەوە.

یۆنانییەکان لەو دیلانەوە کە بەر دەستیان کەوتبوون، بیستبوویان کە ئەو ڕێگەیەی بۆ باکور دەچێت، سوپای گریکی پاشەکشە کردوو بەرەو وڵاتی کوردوخییان دەبات، هەندێکیان گوتبوویان کە ئەو کوردوخیانە لە لوتکەی چیاکاندا دەژین و جەنگاوەر و شەڕکەرن و گوێ ڕایەڵی پاشای گەورە ناکەن. جارێکیان سوپایەکی سەد و بیست هەزار کەسی دەچێتە قووڵایی خاکی کوردوخییەکانەوە و تاقە یەک جەنگاوەری ئەو سوپایە دەرناچێت.

که سوپای گریکی له دەوروبەری شاری زاخۆە سەری دەرهێناوە، ئەمە شتێکی سەیر و کوت و پڕ بووە. بۆیە کوردوخییەکان خۆ دەدزنەوە و ڕێگەیان بۆ چۆڵ دەکەن. زەینەفون نووسیویەتی کە: "ماڵەکانیان بەجێ هێشت. لەگەڵ ژن و منداڵەکانیاندا بۆ نێو دۆڵە عاسییەکان هەڵاتن، خواردەمەنییەکی زۆریان بەجێ هێشتبوو کە دەمانتوانی لەگەڵ قاپ و ئامانە مسەکانیاندا ببیەین. بەڵام گریکەکان بۆ ئەوەی توشی چەرمەسەری نەبن دەستیان بۆ ئەوشتانە نەبرد و هیچ تاڵانییەکیان نەکرد. هەروەها خەڵکەکەیان ڕاونەنا، بەمەش نیاز پاکی خۆیان بەرانبەر بەکوردوخییەکان دەربڕی تا بەسەلامەتی و بێ وەی لەو دەڤەرەوە ڕەت بن. وەکو چۆن بەخاکی هاوپەیمان و بەنێو گەلی دۆست دا بپەڕنەوە".

هەروەها زەینەفون گلەیی ئەوەی کردووە کە کوردەکان: "هیچ نیازێکی پاکیان دەرنەبریوە و بەدڵی یۆنانییەکان نەبوون، چونکە لە کتێبەکەی زەینەفوندا ئەوەمان بەرچاو دەکەوێ کە: "کاتێ پاشینەی سوپای گریکی لە بەرزایی چیاوە بەرەو گوندەکان نشێو دەبووەوە، تاریکی باڵی بەسەر هەموو دەڤەرەکەدا کێشا و شەویان بەسەردا هات، چونکە هەڵگەڕان و داگەڕان بەقەدپاڵی چیاکەی بەرامبەردا زۆر سەخت و عاسی بوو. ئەو دەمە ژمارەیەک لە کوردوخییەکان خڕبوونەوە و پەلاماری پاشینەی لەشکرەکەیاندا و توانیان چەند کەسێکیان لێ بکوژن و چەند کەسێکی تریان لێ زامدار بکەن، بەوەی کە لەسەر شاخەکانەوە بەردیان بەسەردا غل کردبوونەوە و لەو بەرزییەوە بەر تیریان دابوون. خۆ ئەگەر ژمارەیان هەندێ زۆرتر بوایە، دەیانتوانی بەشی زۆری لەشکرەکە لەنێو بەرن.

ئەم هێرش و پەلامارە کوتوپڕە، گریکەکانی ناچار کرد لە گوندی (بێخاک) خڕ ببنەوە. کوردوخییەکان، لە شاخەکاندا مانەوە ولە ڕێگەی ئەو ئاگرانەوە پەیوەندی خۆیان دابین دەکرد کە لە لوتکەکاندا دەیانکردەوە.

پێگەی ستراتیژی کوردستان، کەکەوتبوە سەر ڕێگەی هاتووچۆی سەرەکی زەمینییەوە و مەیدانی تێپەڕبوونی لەشکری هێزە زلەکان بوو، کردییە کارێک کە کورد لە سەدەکانی پاش گەڕانەوەی لەشکری زەینەفون، ببێ بەفاکتەرێکی گرینگ، بێگانە و غەوارە لە نەخشە وپلانی خۆیاندا، حیسابی بۆ بکەن.

وولاتی کوردان، پاش ئەوەی ئەسکەندەری گەورە توانی ئاسیای بچوک غەزو بکات و لەشکری سەرداری فارس (داریوش) لە ناوچەکە وەدەربنێ، کەوتە ژێر رکێفی یۆنانییەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ تاکو ئەوکاتەی مەلیکی ئەرمینیا (تیکرانیس) لە ساڵی ٨٠ پ.ز دا توانی (کوردونیا) بگرێ و بەوەش سەردەمی کولونیالی کردنی

کوردستان چارەنووسن ئەرمەنییەکانەوە دەستی پێکرد.

ناکۆکی نێوان ڕۆمە ڕۆژهەڵاتییەکان و ئەو هێزە تازەیەی کە لە ڕۆژهەڵاتدا دروست بوو، واتا هێزی دەوڵەتی (پارتی)یە، تا سەدەی حەوتەمی زایینی بەردەوام بوو. بەڵام چارەنووس و قەدەری کورد لەو سەدەیەوە ئیدی بەسترا بەهێزی عەرەبییەوە. چونکە ئەو عەرەبانەی بوون بەئیسلام لە سایەی ئاڵای محەمەدی پەیامبەردا ڕێبەری گۆڕانکارییەکی وەهایان کرد کە تا ئێستاکە ئەو ناوچەیە بەخۆوەی نەدیتوە. پاش وەفاتی پەیامبەر، خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب، نەخشەی بۆ لەشکرکێشییەکی گەورە بۆ سەر فارس دانا، عەرەب توانیان لەم لەشکرکێشییەدا بەناو وڵاتی ئەرمەنی مەسیحی و ئەو کوردانە بکەوێ کە هەندێکیان بوو بوون بەمەسیحی و هەندێکیان لەسەر دینی خۆیان (زەردەشتی) مابوونەوە.

عەرەب، غەزوی شارانیان کرد. کڵێسایان سوتاند، ئاتەشکەدە و بنکە ڕۆشنبیرییەکانی دیانەتی زەردەشتیان ڕووخاند.کورد، بەزەبری هێز کران بەئیسلام. بەڵام کوردەکان هەرکە هێزی عەرەب دوور دەکەوتەوە، بەکۆمەڵ پاشگەز دەبوونەوە و لە ئایینی ئیسلام هەڵدەگەڕانەوە. هێزی عەرەب، ئەو هێزە بوو کە هیچ سازشێکی نەدەکرد و لێبڕابوو بەتۆبزی هەموو تیرە و تایفە کوردەکان ملکەچی دەسەڵاتی ناوەندی ئیسلامی-عەرەبی بکەن، لە سەدەکانی دواتردا گەلێک ڕاپەڕین و شۆڕشی بەردەوام بەرپا بوون، عەرەب هەمیشە بەشێوەیەکی خوێناوی و توند سەرکوتیان دەکرد.

کورد، لە ئەنجامدا چارێکیان نەما، تەنیا ئەوە نەبێ کە لەگەڵ دەسەڵاتی عەرەبیدا خۆیان بسازێنن. لە سەرەتای سەدەی دەیەمی زایینیدا، ئەم خۆسازاندنە گەییە ڕادەیەک کە ئیمارەتی کوردە (شەدادی)یەکان، لە باکوری (ئازەربایجان)ی ئێستادا دامەزرا. هەروەها لە باشووری ڕۆژئاوای قۆقازدا ئیمارەتی (هەسنەوییە) دامەزرا، هەر هەموو ئەمە لە سایەی ئاژاوەی سیستەمی باج و خەراج و سەرانەدا ڕوویدا. میری کورد (هەسەن وای)ی سەر بەتیرەی (بارزیکانی)، کە پاشتر بووە بە(بارزانی)، ئەم ئیمارەتەی دامەزراندووە.

هەروەها قەڵەمڕەوێکی کوردی بەناوی ولایەتی (مەروانی)یەوە توانی پتر لە سەدەیەک خۆی بگرێ و لە ساڵی ٩٩٠ وە تا ساڵی ١٠٩٦ دەوامی کرد، مەڵبەندی ئەم وڵاتە لە شاری (دیاربەکر) بوو. دەسەڵاتی بەسەر هەموو ناوچەکانی نێوان (ئورفە) و باکوری دەریاچەی (وان) دا کێشا. (مەروانی)یەکان توانیان هەموو ئەو ناوچەیە یەک بخەن و دەسەڵاتی دەوڵەتەکەی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن کە بەرواڵەت وابەستەی دەوڵەتی

مەركەزی عەرەبی بوو. هەروەها هێزی كورد، هەمیشە بەهێزترین بەشی سوپای عەرەبی لە ماوەی شەڕی سنووریان لەگەڵ (بێنرەنتی)یەكاندا، پێك دێنا. تەنانەت (مەروانی)یەكان، سووریایان لە تزاری بێنرەنتی (باسیلیوسی دووەم) سەندەوە.

سەلاحەدینی ئەیوبی... سوڵتانی خانەدان و نەجیب

لە كاتێكدا، لە سەردەمی غەزوی توركیدا بۆ ناوچەكە، چەندین تیرە و تایفەی كورد لە بنەوە قەتڵ و عام كران و نەهێڵران، جەنگاوەرانی كورد لە سەرەتاكانی سەدەی یازدەی زایینی و لە سوریادا بەگژ داگیركەرانی سەلیبیدا دەچوون. كورد، بڕیاریان دابوو لایەنی عەرەب بگرن و بەگژ داگیركەرانی ئەوروپادا بچن؛ واتا ڕێك بەپێچەوانەی دراوسێ ئەرمەنییەكانیانەوە كە لایەنی ئەوروپایان گرت. هۆو حونەری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ میرێكی ئیمارەتی (ئەیوبی)كوردی، كە فەلەستینی عەرەبی لە دەستی سەلیبییەكان ڕزگار كرد، ئەو میرە (میر سەلاحەدین) بوو كە توانی لە ساڵی ١١٨٧ دا بەسەر سوپای سەلیبییەكاندا، كە نزیكەی شەست هەزار جەنگاوەر دەبووە، سەر بكەوێ، ئەمەش لە شەڕێكدا كە لە نزیكی شاری (قودس)ا ڕوویدا و بووە هۆی ڕزگاركردنی ئەم شارە پیرۆزە بەلای موسوڵمانەكانەوە و سەندنەوەی لە سەلیبییەكان. "ترس و لەرز كەوتە دڵی مەسیحییەكانەوە و ژمارەیەكی زۆریان بەپەلە كەوتنە داواكردنی لێبوردن لە سەلاحەدین و ئەویش ژیانی پاراستن و ئازادی كردن". ئەمە لە سەرچاوەیەكی مێژوویی عەرەبیدا باسی كراوە. كورد، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆكە، (سەلاحەدین) بەگەورەترین كەسایەتی كوردی هەڵكەوتوی سەرانسەری مێژووی كۆن و دێرینی خۆیان دەزانن.

لە سەدەی سیازدەی زایینیدا، كاتێ كە مەغۆلەكان توانیان بەسەركردایەتی هۆلاكۆخان، دەڵەتی سەلجوقییەكان هەڵ لوشن، لە كاتێكا خۆیان لە ڕۆژهەلاتەوە لە ترسی پێشڕەوی توركەكان هەلا تبوون، زەمینەیەكی لەبار بۆ سەرهەڵدان و دامەزراندنی میرنشینان و حكوومەتانی كوردی ڕەخسا. بەڵام مەغۆلەكان لەم پەلامارەیاندا هێرشیان كردە سەر زۆر ناوچەی كوردستان، هەركە لە ساڵی ١٢٥٧ دا دەستیان بەسەر بەغدا دا گرت، هۆلاكۆ، خێرا لەشكر و قۆشەنێكی گەورەی بۆ سەر شاری (هەولێر)ی كوردان نارد تا بیخاتە ژێر ڕكێف و دەسەلاتی خۆیەوە. فەرماندەی سوپایی شار كە نەیتوانی بەرگری بكات و ڕێی هەلاتنی دایە چاو، خۆی دایە دەست مەغۆلەكانەوە، بەڵام سەربازە كوردەكانی ناو حامیەی شار، چاویان لە فەرماندەكەیان نەكرد، بەرەنگاری مەغۆل بوونەوە،

مەغۆلەكانیش پاش شەڕێكی هەفتەیی دەستیان بەسەر شاردا گرت و هەر هەموو جەنگاوەرە زیندووەكانی ناو حامییەكەیان سەربڕی. ئەوجا مەغۆلەكان توانیان بچنە ناو شاری هەولێر و ئیدی شمشێریان لە خەڵكی شار خستەكار و هەموویان كوشتن. مەغۆلەكان، هەمان قەسابخانەیان لە شارەكوردنشینەكانی تری وەكو (دیاربەكر) بەرپا كرد و مەغۆلان، هەموو ڕقێكی خۆیان بەسەر شاردا ڕژاند و خەڵكەكەیان قەتڵ و عام كرد. چەندین تیرەی كورد ناچار بوون لە ناوچەكانی خۆیان كۆچ بكەن و خۆیان لە مەرگی مسۆگەر ڕزگار بكەن. ڕەنگە بوونی كوردی سەر بەتیرەی (لاوان) و(باسیین) لە وڵاتی (جەزایر)دا باشترین بەڵگەی ئەمە بێ.

پاش مەغۆلەكان، دەوری ڕەقیبەتوركەكانیان هات، كە لە دەوروبەری ساڵی ١٤٠٠دا كەوتنە سەپاندنی دەسەلاتی خۆیان بەسەر كوردستاندا، قەسابخانە و قەتڵ و عامی وەهایان دژی كورد بەرپا كرد، كە مایەی شەرمەزاری هەموو تیرەی بەشەرە. بۆ وێنە تیرەی (موكریان) لە ناوچەی باشوور و باشووری ڕۆژهەلاتی دەریاچەی (ورمێ)ی ئێراندا، كە كەوتبوە سەر پێیان و هێزێكی پەیدا كرد بوو، چونكە ئیمارەتی (ئاق قوینلو-بەرخی سپی) توركی بەچاوی ڕەزامەندییەوە نەیدەڕوانییە ئەو میرنشین و تیرە كوردانەی، پەیمانیان لەگەڵ هەڤركەكەی ئەو دا، واتا لەگەڵ (قەرەقوینلو-بەرخی ڕەش)دا هەبوو، هەرچی توانایەكی هەبوو خستییە گەڕ بۆ زەرەردان لەم تیرە كوردە و بەبەردەوامی كاری بۆ لە نێو بردن و قەتڵ وعامی ئەو میرنشینە كوردانە دەكرد.

ئەوەبوو لە ساڵانی دواتردا، كورد خۆیان لە بەینی شەڕگەكانی نێوان ئێرانییەكان و توركەكاندا بینییەوە. ئەو شەڕ و ناكۆكیانە بنە و بناغە سەرەتاییەكانی دابەشكردنی كوردستانیان بەسەر پتر لە دەوڵەتێكدا، پێك هێنا. تیرەی (ئاغوز)ی توركی بەسەركردایەتی (عوسمان)، توانی لە سەدەی١٣ دا دەسەلات بەسەر تیرە توركەكانی دی دا پەیدا بكات و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دامەزرێنی. لەلایەكی دییەوە، (سەفەوییەكان)ش توانیان پاش نەمانی دەسەلاتی مەغۆل لەوێندەر، دەوڵەتی خۆیان لە وڵاتی فارس دامەزرێنن و بەمەش بناغەی پەیدا بوونی دەوڵەتی ئێرانی ئەمڕۆیان دامەزراند. ئەم بارودۆخەو ئەو گۆڕانكارییەی كە ناوچەكە بەخۆیەوە بینی، كورد دیسان كەوتنەوە بەینی بەرداشی دوو دەوڵەتی تەماحكاری وەها كە هەریەكەیان دەیویست لەسەر حیسابی ئەوەی دی وڵاتی خۆی بەرین و فراوان بكات. بۆ نەگبەتی كورد، تاقە ڕێگەی ئەم فراوانخوازییە بەكوردستاندا ڕەت دەبوو، كە كەوتبووە سەر سنووری هاوبەشی

هەردووک دەوڵەتی نێو براوەوە. ئیدی لەو سەروبەندەوە تاکو ئەمڕۆ سیاسەتی فێڵ و تەڵەکە و فیتبازی وەگەڕ خراوە و ویستوویانە کورد وەکو بەردی دامە لە گەمەی هێزە گەورەکاندا بەکاربهێنن، بۆ وەدی هێنانی بەرژەوەندی و نەخشە و پلانەکانیان لە ناوچەکەدا. ئەوە بوو کوردستان تا ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆزدە، بوو بووە شەڕگە و مەیدانی کوشتوکوشتاری نێوان ئێرانی و عوسمانییەکان. زۆربەی کوردی سوننی مەزەب لەم شەڕانەدا لایەنگریی عوسمانییەکانیان کرد و لە تۆڵەی ئەمەدا جۆرە ئیدارەیەکی ناوچەیی سنووردارییان وەدەست هێنا . کەچی بەشێکی تر لە کوردە شیعی مەزەبەکان دایانە پاڵ سەفەوییەکان. هۆی سەرکەوتنی یەکجارەکی ئەستانە بەسەر سەفەوییەکاندا لە ساڵی **١٥١٤**دا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پشتیوانییە گەورەیەی کە کوردەکان لە تورکیان کرد و، هەروەها بۆ ئەو دەورە گرینگەی کە کوردەکان لە شەڕدا دیتیان.

کوردستان، لەم سەروبەندەدا گەشەسەندنێکی ڕۆشنیری لە بەرچاوی بەخۆوە بینی، گەلێک میرنشین و دەوڵەتی بچوکی کوردی هاتنە ئاراوە، وەکو (دیاربەکر) و (بەتلیس) کە کتێبی (شەرەفنامە)ی لێ هاتە بەرهەم و دەرچوون. ئەم کتێبەدەربارەی مێژووی کوردە، ئەم شارە "شارێکی ئاوەدانی پر لە کۆشک و تەلار و قوتابخانە و مزگەوت و پرد و قوللە و قەلاتان بوو. مەڵبەندێکی گرینگی بازرگانی وخوێندەواری و خوێندن بوو، ئەدیب و شاعیرانی تێدا دەژیان" ئەمە لە هەواڵی شاراندا، لەو سەروبەندەدا هاتووە.

دیارە کورد، بۆ عوسمانییەکان، فاکتەرێکی گەورە بوون، چونکە لەگەڵ ئێرانییەکاندا شەڕیان بوو، کورد لای عوسمانییەکان بایەخێکی گەورەیان هەبووە و بەکارهێنراون، وەکو چۆن ئەمڕۆکە لەلایەن هێزەکانی ترەوە بەکاردەهێنرین، بۆیەش بایەخیان لای عوسمانییەکان هەبووە، چونکە ئاتاجی هێزو توانای کوردان بوون. واتا کوردیان تەنیا بۆ کاری شەڕ ویستوە، هەر بۆیەش کاتێ عوسمانییەکان لە ساڵی **١٦٣٩**دا لەگەڵ سەفەوییەکاندا لەسەر دیاریکردنی سنووری هاوبەشی نێوان خۆیان ڕێک کەوتن، پشتیان کردە کوردەکان و هەموو ئەو خزمەتە زۆرەیان لە بیر کرد کە کوردەکان پێشکەشیان کردبوون. ئەوە بوو هێڵی سنووری نێوان هەر دوو دەوڵەتەکە بەناوجەرگەی کوردستاندا ڕاکێشرا، ئەو هێڵەی پتر لە سێ سەد ساڵە کوردستانی دابەش کردووە.

فەسڵی چوارەم

لویەکی شێرپەنچەی پیسە و دەبێ ببڕدرێ

٨ ملیۆن کورد لە تورکیادا، بەڕەسمی بە(تورکی چیایی) دادەنرێن

مرۆڤ کە لاپەڕەکانی کتێبی ڕێبەری گەشتیاری هەڵدەداتەوە، دڵی خۆی بەوە خۆش دەکات و خۆی تەمادار دەکات کە زۆر شت لە شاری دیاربەکری باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا ببینێ. مرۆڤ لەو کتێبەدا ئەوەی بۆ بەدیار دەکەوێت ئەو شارە، کە شاری (گوڵان)یشی پێ دەگوترێت، ناوچەیەکی گەشتوگوزاری نمرە یەکە. بەڵام هەر گەشتیارێک تاقە یەک جار ئەو شارەی ناوجەرگەی عەنەدۆڵ بدینێ، ئەو پرسیارەی لە نک دروست دەبێت کە ئاخۆ دانەری ئەو گەشتنامەیە، باسی شارێکی دی دەکات، یان پرۆسەی گەشەسەندنی تورکیا، ئەوپروسەیەی کە کەمال ئەتاتورک داینا، بیرەدا تێ پەڕیوە و چ شوێنەوار و ئەسەرێکی بەجێ نەهێشتوە. یان زەمەن و کات وەستاوەو بواری هیچ پێشکەوتن و پەرەسەندنێک لێرەدا نییە؟

لە کاتێکدا کە جووتیارانی دەوروبەری ئەم شارە، هێشتا هەر هەوجاڕی دار و گاجووت بۆ کێلانی زەویوزار بەکاردێنن و عەرەبانەی پێچکەدارین بەکاردێنن، شاریش هەر لەسەر شێوە ڕۆژهەڵاتییە کۆنەکەی خۆی ماوەتەوە. شەقام، شورەو دیوارەکانی تا نهۆژی مینا خۆی ماوەتەوە.

بینای تازەی ئەو زانستگەیەی کە کیلۆمەترێک لە شارەوە دوورە، نیشانەی ئەو نیاز و نیەتە شاراوەیەیە کە دەیەوێ دیاربەکر چ ئایندە و پاشەڕۆژێکی نەبێ.

ئەفسەریکی جەندرمەی تورکی، زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی سیاحەتچیان وێنەی بگرن، هەڵبەتە ئەمە کارێکە کە ئاغاکانی لێی ڕازی نین، چونکە زۆربەی خەڵکی دیاربەکر کوردن، بۆیە هێزی ئاسایشی تورکیا، هێزێکی گەورەی جەندرمەیان بۆ شار نارد، تا نەیەڵن بەهۆی ناکۆکی نەتەوەییەوە هیچ گیروگرفت و کێشەیەک ڕووبدات، کە دەوڵەت حیسابی زۆری بۆ دەکات... ئەم هێزە بەردەوام لە حاڵەتی ئامادە باشدا بوو. سەیاحی ئاسایی هەستی بەم بارودۆخە گرژ و نائاساییە دەکرد کە بەهۆی سیاسەتی ڕەگەز پەرستانەی دەوڵەتەوە دروست بووە... وەختێ بەنێو بازێری شاردا پیاسەیەکمان کرد هەستمان بەوە کرد و کاتێ خاوەن موغازەیەک بەدڵ و کوڵ کەوتە باس و ستایشی

ئەڵمانیای فیدراڵی، وەختێ لێمان پرسی کە ئاخۆ کوردە یان نا، ڕەنگی گۆڕا و ئەو گەشی و خۆشییەی تۆزێک لەوەبەر لە سیمای تۆرا. چونکە وەکو نووسەری ئەڵمانی (هایکوف فلوت ئاو) دەڵێت لە تورکیادا مرۆڤ دان بەکوردبوونی خۆیدا بنێ تا ئەمرۆش بڤەیە و سەریەشە و خەتەری گەورە بۆ خاوەنەکەی دروست دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کوردی تورکیا توانیویانە بگەنە پلە و پایەی بەرز و پۆستی گرینگ وەکو چۆن ئەمە لە نێو کوردی عێراق و ئێرانیشدا هەیە... هەڵبەتە گەیشتن بەو پلەوپایە و پۆستە بەرزانە، بەرانبەر بەوەیە کە ئەوانە دەستبەرداری وابەستەگی نەتەوەیی خۆیان بن، ڕەگ و ڕەچەڵەکی کوردی خۆ فەرامۆش بکەن... بەتەواوەتی ئاوێتەی گەلی تورک بن و بەزمانی تورکی قسە بکەن کە یەکجار دوورە لە زمانی کوردییەوە. وێڕای ئەم قاییل بوونە ئارەزوومەندانەیە بەسیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی، ئەوا ئەو کوردە هەلپەرستانە لە سەریانە هەمیشە ئاگایان لە خۆ بێت کە پێ خوار دانەنێن دەنا بەبچوکترین بیانوو و هەنجەت دێنە ترۆ کرن.

(داڤید هوثام) ی ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی دەربارەی ئەو "سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی و سەرکوتکردن و کۆچاندن"ەی نووسیوە کە ئەنقەرە دژ بەکوردی تورکیای ئەنجام دەدات. جارێک (هایکو فلوت ئاو)ی ڕۆژنامە نوسی ئەڵمانی دەیەوێ ئیزن لە حکوومەتی تورک وەربگرێ و وەکو پەیامنێری ڕۆژنامەی (سوید دویچەتسایتونگ) ی ب ناڤ و دەنگ، سەردانی ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا بکات. وەڵامی ڕەسمی تورکیا ئەوە بوو، چونکە ڕۆژنامەکەی لە پاشکۆیەکی تایبەتیدا سەبارەت بەتورکیا، وشەی (کورد) ی بەکارهێناوە و لە کاتێکدا چ کوردێک لە تورکیادا نییە، بۆیە ڕێی نادرێ کە سەردانی ڕۆژهەڵاتی عەنەدۆڵ بکات. ڕۆژنامەنووسی نێوبراو دەڵێ تورکەکان "واسەیری ڕۆژهەڵاتی تورکیا دەکەن کە کولۆنییەک بێ نەک بەشێک بێ لە وڵاتی خۆیان و هەمان مافی بەشەکانی تری تورکیای هەبێ".

لە ساڵانی بوریدا چەند دەرفەتێک ڕەخسا تا ڕای گشتی جیهانی لە نموونەی قێزەوەری ئەم سیاسەت و مامەڵە کردنە ئاگاداربکرێنەوە، بەتایبەتی لە ڕێگەی ئەوانەوە کە توانیان بەبۆنەی کارەساتەکانی ئەو بوومەلەرزانەوە کە لە ناوەڕاستی هەفتاکاندا ناوچەکەی گرتەوە، سەردانی ئەو ناوچانە بکەن.

جینۆساید تەنیا بەبۆمبا ئەنجام نادرێ

"ئەنگۆ چاك دەزانن كە لێرەدا بەهیچ جۆرێ كورد نییە، ئەگەر هەشبن ئێمە هەرگیز بیر لەوە ناكەینەوە یارمەتییان بدەین. بۆیە یارمەتی و كۆمەكی ئێوەشمان ناوێ... سەریان بەگۆڕی بابیان". بەم شێوەیە دەرەجەدارێكی تورك بەنێوی (مەهدی جالدی) بەتووڕەیی نزیكەی بیست جووتیارێكی گوندی (یلزدر)ی دەدواند كە لە بەردەمیا وەستا بوون... ئەمە لە ڕاپۆرتێكی ڕۆژنامەوانیدا تۆماركراوە كە (دیر شپێگل)ی ئەڵمانی بڵاوی كردۆتەوە. ئەمە لە كاتێكدا بووە كە بوومەلەرزەكەی مانگی ١٩٧٦/٢ لە گوندی نێوبراوی دابوو، و بەتەواوەتی وێرانی كرد بوو، پتر لە دوو سەد گوندی چڕە دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی توركیای وێران كرد بوو. ئەو بیست جووتیارە، ئەوانە بوون كە لە كۆی پتر لە دوو سەد كەسی خەڵكی گوندی نێو براو مابوونەوە و نەمردبوون.

(٥) ڕۆژ بەسەر ئەو كارەساتەیاندا بوری بەر لەوەی چ كۆمەكێكیان بگاتێ. پاش ئەوەی سەربازانی تورك گەیینە گوندە وێرانەكە، ئەو بیست كەسە تۆزێك هیوایان پەیدا كردەوە، چونكە بەهۆی برسێتی و سەرما و تۆفی لە ڕادە بەدەرەوە كەوتبوونە نێوان بەرداشی مەرگ و ژیانەوە. دڵیان بەوە خۆش دەكرد كە خێوەت و خواردن و جلوبەرگ لەو سەربازانە وەردەگرن كە گوایە بۆ یارمەتی دانیان هاتبوون. بەڵام سەربازەكان بەئیشی دی هاتبوون؛ ڕانەسپێرابوون كە یارمەتی كوردەكان بدەن، بەڵكو بۆ ئەوە هاتبوون كە ئەندامانی شاندی كۆمەك وەدەربنەن، ئەو شاندەی كە جفاتی مامۆستایانی تورك «توب-دار» دوای ڕۆژێك لە ڕوودانی كارەساتەكە ناردبوویان بۆ ئەو ناوچەیە تا بەپشتی هێستر و وڵاخ كۆمەكی پێویست بگەیەننە لێقەوماوەكان.

سەربازەكان وا تێ گەیەنران كە ئەو مامۆستایانە جێ گومانن و گومانی ئەوەیان لێ دەكرێ كە "بانگەشەی كۆمونیزمی و جوداخوازی لە نێو خەڵكی ناوچەكەدا بڵاو دەكەنەوە".

هەرچەندە ئاكام و ئەنجامی بوومەلەرزەكە بۆ ناوچەكە و خەڵكی ناوچەكە كارەساتێكی گەورە بوو، كەچی حكوومەتی توركیا دەموودەست لەشكرێكی سەربازی بۆ ئەوێندەر نارد. لێ ئەوەی دەردی خەڵكەكەی گرانتر كرد، ئەوەبوو كۆمەكە پێویستەكان نەگەیینە هیچ شوێنێكی ناوچە لێقەوماوەكان، زۆربەی قوربانیانی كارەساتەكە، كە ژمارەیان لە دەهەزار كەس پتر بوو، پاش بوومەلەرزەكە و لە سەرمانا و لە برساندا مردن. هەروەها ئەو چاودێرە نێودەوڵەتیانەی كە لە هەموو گۆشە و كەنارێكی دنیاوە هاتبوون، نەیانتوانی سەردانی

كوردستان بكەن، یان چۆنیەتی دابەش كردنی ئەو هەموو كۆمەكەی كە لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان، بەسەر خەڵكی لێقەوماوی كارەساتەكەدا بدینن.

هەرچەندە (سلێمان دیمیرل)ی سەرۆك وەزیرانی تورك بەتوڕەییەوە ڕای گەیاند كە: "ئەوپەڕی گەوجێتییە كە گومان لە پێشكەش كردنی ئەو كۆمەك و یارمەتیانە بكرێ كە زۆر بەرێكوپێكی ئەنجام دراو... و بیست فڕۆكەی بارهەڵگر ڕۆژانە بەرەو ناوچەی بوومەلەرزەكە دەچوون و... و... سوپای تورك بەگیانێكی بەرزی پڕفیداكارییەوە یارمەتی بێ وێنەی پێشكەش كردووە".

بەڵام واقیعی حاڵی ناوچەكانی ڕۆژهەڵات، پێچەوانەی ئەو قسانەی دەسەڵماند، ئەم واقیعە تفت و تاڵە، گەلێك لە چاودێران و ڕۆژنامەنووسانی تورك و بێگانەی، بەجیاوازی هەڵوێستیانەوە دەرهەق بەرژێمی تورك، وا لێكرد بەڕاشكاوی ئاماژە بۆ حەقیقەتی ڕەوش و بارودۆخەكە بكەن. بۆ وێنە ڕۆژنامەی (جمهوریەت)ی توركی كە ڕۆژنامەیەكی مەیلەو لێبراڵە نووسی: "سوپای تورك ئەو خەستەخانە مەیدانیانەیان بۆ خۆ زەوت كرد، كە وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا نارد بوونی". پەیامنێری (دەیلی ئێكس پریس)ی لەندەنی، وێڕای ئەوەی هێزی سوپا و پولیس كۆسپ و تەگەرەی زۆریان خستبوە ڕێی، توانی بووی خۆی بگەیەنێتە ناوچە لێقەوماكەو نووسیویەتی كە بەچاوی خۆی "چەندین كۆمەڵ دەرمان و كەرەستەی پزیشكی دیتوە كە لەو مەیدانە فڕێ دراون بەو هەنجەتەی كە شوێن نییە بۆ هەڵگرتنیان، ئەمە لە كاتێكدا بوو كە سەربازانی پرچەكی تورك لە دووری چەند مەترێكی ئەوشوێنەوە ئێشكی پەنجا خێوەتیان دەگرت كە وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا نارد بووی... سەربازە توركەكان چاوەنۆڕی هەلێك بوون دەست بەسەر ئەو خێوەتانەدا بگرن و بۆ خۆیانی بەرن".

هەروەها پەیامنێری (گاردیان) ڕایگەیاند كە خەڵكی برسیی ناوچەی (یانگین تەپە) چەند ڕۆژێك بوو لەبەر بارەگای شاندی كۆمەك خڕبووبوونەوە و داوای خواردن و پۆشاك و نوێنیان دەكرد. لەو كاتانەدا كە سەربازەكان خەریك بوون خەڵكەكەیان لە بەر بارەگای شاندی كۆمەك دەردەكرد، ئەفسەرەكان لێكدا لێكدا ڕایان دەگەیاند كە گوایە یارمەتی و كۆمەك و باربوەكان ڕاستەوخۆ بۆ گوندە لێقەوماوەكان ڕەوانە كراوە. بەڵام پەیامنێری نێوبراو بەچاوی خۆی دەیبینی كە: "هەندێ پیاو بەجلوبەرگی مەدەنی شیكەوە، پێدەچوو فەرمانبەری تورك بن، بەنێو كۆمەڵە كەلوپەلە جۆراوجۆرەكان و بەنێو ئەوگالیسكانەدا

دەسوڕانەوە کە جلوبەرگ و پۆشاک و خۆراکی هەمەجۆریان بەسەرەوە بوو، هەر شتێکیان بەرچاو بکەوتایە و بەدڵیان بوایە بەبەرچاوی سەربازەکانەوە دەیانبرد".

(یورگن ڕوث)ی نووسەری ئەڵمانی-ش نووسیویەتی کە بەشێک لەو کۆمەک و پیتاکانەی بۆ قوربانیانی بوومەلەرزەی ناوچە کوردییەکان نێردرا بوو، لە هاوینی پاشتردا بینرا بوو کە لە هاوینەهەوارەکانی ئیجەدا دەفرۆشرا، کە ژمارەیەک لە فەرمانبەرانی مانگی سووری تورکی مۆڵەتی ساڵانەی خۆیان لەوێندەر دەقەتاند و لە نێو ئەو خێوەتە گەورانەدا دەنووستن کە کاتی خۆی ئەمریکا ناردبوونی تا بکرێن بەخەستەخانەی مەیدانی لە ناوچەی لێقەوماوەکاندا.

هەندێک لە بەشدارانی شاندی کۆمەکی ئەڵمانی، ئەوەیان تۆمار کردووە کە ئەگەر کۆمەکەکان دابەشیش بکرایە، بەشێوەیەکی کەیفی (انتقائی) دەکرا. کۆمەکەکان، دەگەیەنرایە لایەنگرانی حکوومەت و نەیارانی کورد، ئیدی ئەو لایەنگرانە خەڵک یان ڕێکخراو یان حزبی نەتەوەیی بوایەن. کۆیخای شارۆچکەی (مرادیە) لە شاندی کۆمەک دەرکرا، هەر لەبەر ئەوەی بەئاشکرا ڕای گەیاند کە تەنیا ١/٢ ئەو کۆمەکەی بۆ زەرەرمەندان نێردراوە، بەسەر زەرەرمەندانی ڕاستەقینەی بوومەلەرزەکەدا دابەش کراوە. عەقیدێکی سوپای ئەڵمانی کە یاوەری ئەو فڕۆکە سوپاییانەی ئەڵمانیای دەکرد کە کۆمەکیان بۆ ناوچە کوردییەکان هێنابوو، گلەیی کرد کە پیاوەکانی نەیانتوانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کۆمەکەکان پێشکەش بکەن و هەندێ لیژنەی تورکی بڕیاریان دەدا کە کۆمەکەکان بدرێ یان نا، بڕیاری ئەوەی دەدا کە کێ موستەحەقە و کێ موستەحەق نییە، هەر ئەوانیش سەلاحیەتی پیاوانی لیژنە ئەڵمانییەکەیان دیاری دەکرد. ئەم پیاوە بەڕۆژنامەی (بیلد ئەم سونتاگ)ی ڕاگەیاند کە کۆمەکە ئەڵمانییەکە وەکو پێویست بۆ ئەو مەبەستە بەکارنەهێنراوە کە لە پێناویدا نێردرابوو، بەڵکو بۆ مەبەستی تریش بەکار هاتووە.

سەرۆکی ئەو شاندە سوپاییە - پزیشکییەش کە ئەڵمانیا لەگەڵ خەستەخانەیەکی مەیدانیدا بۆ (وان)ی نارد بوو، ڕایگەیاند کە هەندێ لایەنی ڕەسمی تورکیا پێیان گوتووە کە: "لێرەدا نە مردوومان هەن و نە چ زەرەرمەندێک هەیە کە مابێ، جا لەبەر ئەوەی نە مردووان و نە زیندووان پێویستیان بەکۆمەکی ئەنگۆ نییە، بۆیە پێویستیمان بەو کۆمەکانە نییە کە دەتانەوێ پێشکەشی بکەن". باشترین وەسف بۆ وەزع و حاڵی جووتیارانی

کوردی ناوچەکانی (وان) کە بوومەلەرزەکە زیانی لێدا بوو، ئەوەیە کە (دیر شپیگل)ی ئەڵمانی نووسیویەتی: "قەتڵ وعام و کۆمەڵ کوژی تەنیا بەبۆمبا و چەکی کوشندە ئەنجام نادرێ".

هەر هەموو ئەو نموونانە، کە نیشانەی هەڵوێستی دوژمنکارانە و خەمساردانەی دام و دەزگا ڕەسمییەکانی تورکە دەرهەق بەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا کە زۆربەی خەڵکەکەی کوردن، نە تازەن ونە سەیرن. ئەم ڕەفتارەی دامودەزگاکانی حکوومەتی تورک هەمان ڕەفتار بوو، کاتێ کە ساڵێک لەوەبەر و لە ١٩٧٥/٩/٦دا بوومەلەرزە لە شاری (لیس)ی کوردنشینیدا و بووە مایەی مردنی چوار هەزار کەس لە خەڵکی ئەو شارەی کە سەد کیلۆمەترێک سەرووی دیاربەکر کەوتووە. هەموو هەوڵێکی ئەو سەربازانەی دەوری ناوچەکەیان دابوو، بریتی بوو لە گەڕان بەدوای چەک و ئەدەبیاتی بەکوردی نووسراو کە قەدەغە بوو، بێ ئەوەی گوێ بەهاوار و ناڵەی برینداران و لێقەوماوان بدەن و لەژێر دار و پەردووی ماڵە وێران بووەکان دەریان بێنن.

بۆیە نووسەری ئەڵمانی (یورگن ڕوث) کە بەوە ناسراوە گوایە دژی سیاسەتی تورکە دەرهەق بەکورد، بەئینسافەوە ڕای خۆی تۆمار کردووە و دەڵێ: "بوومەلەرزە و قەدەغەکردنی گەیاندنی کۆمەک، نموونەن کە چۆن کارەساتە سروشتییەکان دەکرێن بەچەک دژی کوردی سەرسەخت و کۆڵنەدەر، بەتایبەتی کە ژیانی کورد بەلای حکوومەتەوە مەسەلەیەک نییە شایستەی بایەخ پێدان بێ".

کەمال ئەتاتورک: لە تورکیادا تەنیا تورک هەن

ئەو سیاسەتی چەوساندنەوە و قەتڵ و عام و جینۆسایدەی کە دژی ئەو هەشت ملیۆن کوردەی کە شەش یەکی تێکڕای خەڵکی تورکیا پێک دەهێنن، سیاسەتێکی لە مێژینەی کۆنە و پێشینە و نەریتی خۆی هەیە. بەپێچەوانەی ئەو کوردانەی کە لە یەکێتیی سۆڤیەت و عێراق و سوریا و ئێراندا دەژین، کوردی تورکیا لە ڕووی ڕەسمی و قانونییەوە (تورکی چیایی)ن نەک کورد. ئەمە ئەو ناوە ڕەسمییەیە کە لە سەرەتای سیاسەتی تورکاندنەوە، کە (کەمال ئەتاتورک) دای هێنا و کەوتە جێ بەجێ کردنی، بەبالآیاندا بڕاوە... دامەزرێنەری تورکیای هاوچەرخ و تازە، پاش ئەوەی جێ پێی خۆی قایم کرد و بەردی بناغەو کۆڵەکەکانی دەوڵەتە نەتەوەییە هاوچەرخەکەی دانا، هەنگینێ ڕایگەیاند کە بەلای ئەوەوە لە تورکیادا جگە لە تورک، چ کەسێکی دی نییە.

دیاره ئەم هەڵوێستەی ئەتاتورک، کە خۆی لە خۆیدا نمەک حەرامی و سپڵەییە، لە پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٨دا، بەو پەڕی ساردی و بێ هیواییەوە لەلایەن کوردەکانەوە وەرگیرا، کە زۆربەی خەڵکی باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵات پێک دەهێنن.

سوپای هاوپەیمانان، وەکو لە پەیمانی ئاشتیدا لە سەری ڕێک کەوتبوون، لە عێراق و سوریاوە بەرەو پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کەوتە پێشڕەوی لە پێگە ستراتیژییەکاندا هەڵیان دا و لە هەمان کاتدا یۆنان لە ساڵی ١٩١٩دا هێزێکی سوپایی لە (سمیرنا)دا دابەزاند و ناوچەی ڕەخی دەریای (ئیجە)ی گرت.

کورد، ئەم ڕەوشە تازەیەیان،بەدەرفەت زانی، تا دەست بەخەباتی خۆ بکەن لە پێناوی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیدا، ئەویش لە ڕێگەی گفتوگۆ لەگەڵ هاوپەیمانانی سەرکەوتوو لەلایەک و پاراستن و هێشتنەوەی کەناڵەکانی پەیوەندی لەگەڵ ئەو بزاڤە سیاسییە تازەیەدا کە مستەفا کەمال ڕێبەری دەکرد. کورد هەوڵیان دەدا بەپێی توانا هەم ئاهەنگی لەگەڵدا بکەن، تا دڵسۆزی و وەفاداری خۆیان بۆ یەکپارچەیی تورکیا بسەلمێنن.میری کوردی بەساڵاچوو (کامەران بەدرخان) کە لە فەرەنسا دەژی، ئاماژەی بۆ ئەم دووفاقییەی ئامانج و کارە سیاسییەکانی کورد کردووە و لە ساڵی ١٩٧٧دا، لە نووسینێکدا وەسفی بارودۆخی ئەوسا، واتا سەردەمی پاش کۆتایی یەکەم جەنگی جیهانی کردووە و دەڵێ: "لەسەر داوای لیژنەیەکی بەریتانی، من و برایەکەم لە ساڵی ١٩١٩دا سەردانێکی کوردستانمان کرد، تا وەزع و حاڵی کوردستان هەڵبسەنگێنین، هاوپەیمانان بەڵێنیان دابوینێ کە ئیعتراف بەکوردستان وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ بکەن. کەچی کوردەکان پێیان نەنگ بوو لەم زروفەدا پشت بکەنە تورک و لە پشت ڕا خەنجەریان لێ بدەن. لەلایەکی ترەوە مستەفا کەمال لە چەندین بۆنەدا ئەوەی دووپات کردەوە کە کورد لە سایەی دەوڵەتی تورکیادا دەگەن بەهەمان ئەو مافانەی کە هاوپەیمانان بەڵێنیان داونەتێ... تەنانەت کارگەییە ئەوەی زۆر جووتیاری کورد، تورکیان بەبرای خۆ دەزانی"...

مستەفا کەمال، بەر لەوەی بکەوێتە دژایەتی هێزی هاوپەیمانان، نامەی شەخسی بۆ زۆر کەسایەتی کورد، لە میر و ئاغا، هەنارد و داوای لێدەکردن کەپەیوەندی بەبزووتنەوەی نیشتمانییەوە بکەن.

لە ڕاستیدا ئەمە ڕوویدا، چەندین هۆزی کورد بەدەم ئەو نامانەوە چوون و زۆر دڵسۆزانە شەڕی هێزەکانی بەریتانیایان کرد، تەنانەت جووتیارانی کورد زۆربەی هەرە زۆری ئەو

هێزە تورکییە بوون کە بەریتانییەکانی لە (ئورفە) وەدەرنا... ئەتاتورک لە نامەیەکیدا بۆ یەکێک لە میرە کوردەکان، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە و زۆر بەشان و باڵیدا هەڵی داوە و دەڵێ: "ئەو یارمەتییەی کە جەنابتان لە جەنگی جیهانیدا، پێشکەش بەسوپای عوسمانی و سوڵتان و خەلیفەتان کردووە، لە ئێمە شاراوە نییە و مایەی ڕێز و پێ زانیمانە، هەر ئەمە وام لێ دەکات ڕێز و قەدری جەنابتم لە لا هەبێ. وەکو دەزانن خەلیفە و، خوا پایەداری بکات، و سوڵتانی عوسمانی و نیشتمانی پیرۆزمان سوکایەتیان پێکرا و بێگانە زۆربەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانیان بەدیاری داوە بەئەرمەنەکان".

بەڵام هەموو ئەم قسە لوس و هەڵبژاردانە و هاڕوژاندنی ناکۆکی کۆنی نێوان کورد و ئەرمەن، بەتەنیا نەیدەتوانی هوشیاری نەتەوەیی کورد دامرکێنێتەوە کە لە نێو کوردا بەخێرایی بڵاودەبووەوە. وەکو چۆن بزووتنەوەی نەتەوەی تورک داوای سەربەخۆیی و بووژانەوەی نەتەوەیی دەکرد، کوردیش خۆیان لەوان بەکەمتر نەدەزانی و خۆیان بەشایستەی وەدەست هێنانی هەمان مافی ئەوان دەزانی. وەکو چۆن کوردی عێراقی سایەی داگیرکەری بەریتانیاش هەمان حاڵیان هەبوو. ئیدی کوردی باکورو ڕۆژئاوای کوردستان لە دەوروبەری (وان)، (دیاربەکر)، (مەلاتییە) و (کالان) کەوتنە بیرکردنەوە لەوەی کە لە نیری کۆیلایەتی تورکی- عوسمانی کە چەند سەدەیەک دەوامی کرد، ڕزگار بن، ئیدی ناسیونالیستانی تورکی هەواداری «تورکیای لاو» قاییل بن یان نا.

١٩٢٠: هاوپەیمانان، بەئومێدی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردین

گەلێک لەو ڕێکخراوە کوردییانەی کە دامەزران، دڵیان بەدەوڵەتانی هاوپەیمانی سەرکەوتوو خۆش بوو، بەتایبەتی بەو بەرنامەیەی کە چواردە خاڵەکەی سەرۆکی ئەمریکی (ودرو ویلسون)ی لە خۆگرتبوو، و بەڵێنی دابوو کە بنەماکانی ئاشتی، دوای تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی لەسەر بناغەی مافی پیرۆزی هەر نەتەوەیەک لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیدا ڕۆبنرێ.

ژەنەڕاڵ (شەریف پاشا)ی کورد، کە لە جەنگی یەکەمی جیهاندا ئەفسەری سوپای عوسمانی بوو، وەکو نوێنەری هەموو بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، بۆ پاریس وەڕێ کەوت. ژەنەڕاڵ شەریف کە پەیوەندی لەگەڵ نوێنەری ئەرمەندا (بوغوس نوبار پاشا)دا خۆش بوو، توانی داخوازییەکانی کورد لە ئازاری ١٩١٩و لە نیسانی ١٩٢٠دا بگەیەنێتە دەستەی ڕاوێژکاری باڵای هاوپەیمانان.

دیارە مەبەستی ڕاوێژی نوێنەرانی دەوڵەتانی هاوپەیمان لەو دانیشتنانەدا کە لە (پاریس)، (سان ڕیمو) و (سیڤەر)دا کران، ئەوەنەبووکە بنەمای عەمەلی بۆ جێبەجێکردنی سەرەتای مافی دیاریکردنی چارەنووسی میللەتان دابنەن، بەڵکو ئەم دانیشتن و کۆبوونەوانە لە بنەڕەتدا بۆ پارچە پارچەکردنی دەوڵەتی عوسمانی و دابەشکردنی بوو بەسەر دەوڵەتانی بچووک بچووکدا، دیارە لەو دابەشکردنەشدا بەرژوەندییە جیاوازەکانی خۆیان لە باکوری ئەفریقا و ئاسیای بچوک و ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، ڕەچاو دەکرد. داوا لە تورک کرا کە دەستبەرداری هەموو ناوچە و وڵاتە ناتورکییەکان بێن. هەروەها (باب العالی) ئەلبانیا و ئەو ناوچانەی کە دەوڵەتی یوگسلافیای لەسەر هاتە دامەزراندن و باکوری یۆنان و مەگدونیای لە دەست دا. لە باکوری ئەفریقادا، تەرابلوسی ڕۆژئاوا بەر ئیتالیا کەوت.

ناوچەی بەستێنی دوورگەی عەرەبی لە حیجازەوە تا یەمەن بەر بەریتانیا کەوت؛ ئەو بەریتانیایەی کە دەسەڵاتی میسریشی لە عوسمانییەکان وەرگرت. بەڵام سوریا بەر فەرەنسا کەوت. هەروەها لەسەر ئەوەش ڕێککەوتن کە بەشێک لە عەنەدۆڵیش لە تورکیا بسەنرێ و دەوڵەتێکی کوردی- ئەرمەنی تێدا بێتە دامەزراندن.

دیارە وەختێ کە ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی دەوڵەتانی هاوپەیمان ڕەشنووسی پەیمانی سیڤەری لە ڕۆژی ١١/٣/١٩٢٠دا تەسلیم بەشاندی عوسمانی کرد، کوردی تورکیا لە ڕادەبەدەر پێی کەیف خۆش بوون. هەرچەندە عوسمانییەکان ئەم لاو ئەولایان کردو هەنجەتیان هێنایەوە بێ فایدە بوو، و ناچار بوون لە ڕۆژی ١٠/٨/١٩٢٠دا پەیمانەکە مۆر بکەن.

مادەی (٦٢)ی پەیمانەکە ئەوەی گرتەخۆ کە زەمینە خۆش بکرێ بۆ دامەزراندنی حوکمێکی زاتی لەو ناوچە کوردنشینەی کە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی فورات و باشووری ئەرمینیا و، کە لەگینە دابمەزرێ، باکوری سنووری تازەی هەردوو عێراق و سوریا، و کورد لە سایەیدا لە رووی ڕۆشنبیری و سیاسییەوە حوکمی زاتیان هەبێ، بەمەرجێ لیژنەیەکی نێودەوڵەتی هاوبەش لە نوێنەری فەرەنسا و بەریتانیا و ئیتالیا و ئێران وکورد، سەرپەرشتی ئەو کێشانە بکات کە لەمەڕ دیاریکردنی سنوور و زامنکردنی مافی کەمینەی ئاسوری- کلدانی لە ئارادان و هەن.

مادەی (٦٣) ئەوەی لەخۆ گرتووە کە تورک بەڵێنی ئەوە بدەن کە ئیعتراف بە بڕیارەکانی

ئەم لیژنەیە بکەن و جێبەجێی بکەن. بەڵام مادەی (٦٤) لەوەش زیاتر هاتۆتە پێشێ و هیوای زۆرتری خستۆتە بەر کوردان، کە دەرگای لە بەردەم ئەگەری یەکێتییەک لە نێوان ئەم ناوچە سەربەخۆیەدا و کوردستانی عێراقدا خستە سەرپشت و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد، پاش تاقیکردنەوەیەکی یەک ساڵی و بەراوێژکردن لەگەڵ کۆمەڵەی نەتەوەکاندا، لەم ماوەیەدا ئەوە هاتووە کە "دەوڵەتانی هاوپەیمان ڕێ لە هیچ هەوڵێکی یەکێتیی ئارەزوومەندانەی کوردەکانی بەشی باشووری کوردستان، کە بەشێک بوو لە ویلایەتی مووسڵ، ناگرن". لێ گەشبینی و کەیف خۆشی کوردان زۆری نەخایاند؛ چونکە هاوپەیمانان ڕازونیازی خۆیان کرد بوو بێ ئەوەی چ حیسابێک بۆ تورک بکەن. ئەتاتورک، لەو سەروبەندەدا ناکۆکی و کێشەی ناوخۆیی بەپشتیوانی عەشایەری کوردو کۆمەکی سوپای دەوڵەتی سۆڤیەتی تازە کورە، برانەوە و بنج بڕی کرد... ئیدی ئەتاتورک دەستی بەتاڵ بوو، و سەرکردایەتی یاخی بوونێکی نەتەوەیی کرد دژ بەسوڵتانی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ.

لە ٢٣/٤/١٩٢١دا ئەنجومەنی نیشتمانی تورک لە ئەنقەرە کۆبووەوە و دامەزراندنی حکوومەتی ئۆپۆزیسیونی ڕاگەیاند. هەروەها ئەتاتورک کە دەسەڵاتێکی دکتاتۆریانەی زۆری درایێ، توانی ڕێبەری و سەرکردایەتی چەند هێرشێک بکات و دوا سەنگەری سەربەسوڵتان لەنێو بەرێ و ئەوە بوو لە ت٢/١٩٢٢دا لابردنی سوڵتانی لەسەر حوکم ڕاگەیاند، بەم جۆرە ئیمزای سوڵتان مەحموودی چوارەم لەسەر پەیمانی سیڤەر، بەنیسبەت ڕژێمی تازەی تورکییەوە شەرعیەتی نەما. ئیدی ئەتاتورک هێرشێکی چڕی دژی پەیمانی سیڤەر دەست پێکرد و، کەوتە کار کردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی و گۆڕینی بەپەیمانێکی دی کە گونجاوتر بێ لەگەڵ بارودۆخی تازەدا. ئەم هەوڵ و کۆششانەی لە ٢٤/٧/١٩٢٣دا سەری گرت و پەیمانی (لۆزان) لە ئەنجامی هەڵوێستی توندی تورک و سیاسەتی دووفاقی ڕیاکارانەیاندا، جێی پەیمانی سیڤەری گرتەوە. پەیمانی تازە، هەرچەندە هەندێ مافی کەمی بۆ کەمینەکانی وەک (ئەرمەن و جولەکە و یۆنان) گرتەخۆ، بەڵام کەم و زۆر باسی دەوڵەت یان ناوچەیەکی کوردی سەربەخۆ لە ئارادا نەما و تەنانەت پەیمانەکە بەهیچ جۆرێ (وشەی کورد)ی نەگرتەخۆ. دەستکەوتی کورد تەنیا ئەوە بوو کەبەپێی مادەی (٣٨ و ٣٩) حکوومەتی تورکیا بەڵێنی دا کە "پارێزگاری هەموو خەڵکی تورکیا بکات. ژیان و ئازادییان بپارێزرێ بێ گوێدان بەزێد و وابەستەگی نەتەوەیی و زمان و نەژاد و ئایینیان".

نموونەیەکی ئاشکرای سیاسەتی واقیعی

لەوەوە کورد بۆیان بەدیارکەوت کە دامەزرێنەری تورکیای تازە هەڵی خەڵەتاندوون. سیاسەتوان ومێژوونووسی کورد (عەبدولڕەحمان قاسملوو) لە کتێبێکیدا کە پاش دووەم جەنگی جیهان بڵاو بوەتەوە، ڕەخنە لە خودی کورد دەگرێ و دەڵێ: "ئەوهەڵە سەرەکییانەی کە کورد لە سەروبەندەدا کردوویانە، لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوویاندا دووبارە بوەتەوە، ئەوە کە پشتیان بەبەڵێنی زارەکی و ئەو ڕاگەیاندنە گشتیانە بەستوە کە کەمالیستەکان پێیان داون، لەکاتێکدا دەبوایە سووربن لە سەرئیلتزامات و زەمانەتی نووسراو. پێدەچێت سەرانی کورد، تەنیا پشتیان بەمتمانەی نێوان هەردوولا بەستبێ و نەیان ویستبێ تورک لە خۆیان بوروژێنن، لە کاتێکدا تورکیا بەقەیران و ئاستەنگێکی نەتەوەی گشتیدا دەڕۆیی. ئەمە جگە لەوەی کە پشتیان بەداب و نەریت و یاساکانی شەرەفی باوی ناوخۆیان بەستوە و لەو بەڵێنانە پاشگەز نەبوونەتەوە کە داویانە".

هەرکە پەیمانی لۆزان مۆرکرا و مستەفا کەمال جێ پێی خۆی قایم کرد، ئەوسا کوردەکان هەستیان کرد چ کارەساتێک لەسەر دەستی ڕژێمی تازە چاوەڕوانیانە بەناوی (سیاسەتی واقیعی)یەوە کە شۆڤینییە تورکەکان کەوتنە جێبەجێ کردنی.

هەر لەو ساڵەدا کە پەیمانی لوزان مۆرکرا، دامەزرێنەری دەولەتی تورکیای تازە، زمانی کوردی، تەنانەت لەو ناوچانەشدا قەدەغە کرد کە زۆربەی هەر زۆریان کورد بوون. هەروەها ناوی زۆربەی گوند و شارۆچکەکان گۆڕان و کران بەناوی تورکی... سوکایەتی کردنی تورک بەکورد گەییە ڕادەیەک کە ناوە تازەکانی گوندو شارەکانی خۆیان پێ نەدەگوتن.

ئاشکرایە، مەبەستی ئەم سیاسەتە ئەوەبوو کە کورد لە ڕووی نەتەوەییەوە بەیەکجارەکی بتوێننەوە. چونکە حکوومەت نەیدەویست جگە لە تورک چ کەسێکی دی لە تورکیادا هەبێ. تەنانەت نووسین یان بەکارهێنانی وشەی (کوردی) وەکو باسمان کرد، قەدەغە کرا و سزای یاسایی بۆ دانرا. بەم پێیە مادامێکی کورد، تورک بن، هەرچەندە (تورکی چیایی)ش بن، کەواتە زمانەکەشیان تورکییە. مێژوونووسی کورد (عیسمەت وانلی) دەڵێ: "داهێنانی زاراوەی تورکی چیایی کردیە کارێک کە سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی سەرنەگرێ، چونکە بەپێی ماددەی (٣٨)ی پەیمانی لۆزان، دەبێ مافی کەمینە نەتەوەییەکان بێتە پاراستن، خۆ چونکە تورکی چیایی تورکن و ناکرێت تورک بەکەمە نەتەوەیی دابنرێ لە سایەی دەوڵەتی تورکیای ناسیونالستیدا".

لە ساڵی ١٩٢٤دا پەرلەمانی تورکی گواستییەوە بۆ ئەنقەرەی پایتەختی تازە. پەرلەمان بڕیاری دا کە سوڵتان لەسەر حوکم لابدرێ و ڕژێمی خەلیفایەتیش نەهێڵرا و داوا لە سوڵتان عەبدولحەمید و خانەوادەکەی کرا کە لەماوەی ٤٨ سەعاتدا وڵات بەجێ بهێڵن.

بەمەش دوا هەودای پەیوەندی کوردی موسوڵمان لەگەڵ مستەفا کەمالدا پچڕا کە لەلای کوردەکان دەیگوت گوایە ئەو ڕزگارکەری خەلیفەیە و لەو هەڕەشەو مەترسیانەی دەپارێزێ کە لە دەرێ ڕا دەکرێنە سەری. هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی ئایینی، کە خۆی لە خۆیدا داوای لە خەڵکی دەکرد دەستبەرداری هەموو خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی خودی بن، بۆشاییەکی فیکری گەورەی دروست کرد، تورکەکان بەرنامەیەکیان دانا و هەوڵیاندا لە ڕێگەی بانگەشەی بیری ڕەگەزپەرستانەی توندوتیژەوە ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە.

کورد کە ئەمەیان بینی سەرەڕای نائومێدی نەتەوەیی، دوچاری نائومێدی ئایینیش بوون. کاتێک کە ڕەوشی ئابووریش لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتدا کەوتە داتەپین و نرخی شتومەک بەشێوەیەکی خەیاڵی بەرزبووەوە و کەرەستەی پێویست لە بازاڕدا چووە قاتی، ئیدی کورد تاقە ڕێگەی ڕزگاری خۆیان لە شۆڕشی نەتەوەییدا بینییەوە کە لە ساڵی ١٩٢٥دا بەرپایان کرد. سەرکردەی ئەم شۆڕشە شێخ سەعید بوو کە بەبنەماڵە ڕێبەرایەتی تەریقەتی نەقشبەندییان دەکرد. لە ماڵی شێخ سەعید و لە گوندی (پالو)دا و لەو تەکیێیەدا کە لەوێندەر بەڕێوەی دەبرد کۆبوونەوەیەک کرا. سەرانی کورد لە زۆربەی ناوچە کوردییەکانەوە، بەتایبەتی سەرانی دەرسیم و نێودارانی بەتلیس و دیاربەکر، لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە بوون. هەروەها ژمارەیەک لەو تورکە دیندارانەی کە لە حکوومەتی تازە ناڕازی بوون و هەواداریان لە خەلیفە و سوڵتان دەکرد، ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. ئامادەبووان لە بەینی خۆیاندا ڕێک کەوتن کە ڕاپەڕین بەرپا بکەن و هەموو سوێندیان بۆ یەکتر خوارد کە ئەم ئەرکە ئەنجام بدەن.

شۆڕشگێڕانی چیا

ئەم شۆڕشە، کە زۆر بەخێرایی بڵاوبووەوە و زۆربەی ناوچەکانی نێوان سەرچاوەکانی دیجلە و فورات و دەریاچەی وان-ی گرتەوە، بەلای تورکەکانەوە شتێکی کوت و پڕ و چاوەنۆڕ نەکراو بوو، بەتایبەتی کە شۆڕش لە ناوچەیەکدا هەڵایسا کە درێژییەکەی ٢٠٠ کیلۆمەتر و پانییەکەی ٣٠٠ کیلۆ مەتر بوو. سوپای تورک ناچار بوو بەرەو ڕۆژئاوا و باشوور پاشەکشە بکات و مەخفەرەکانی جەندرمەی بێزراویش لەبەرچاو ون بوون. ژمارەی

شۆڕشگێران لێکدا لێکدا زیادی دەکرد، گەلێک تیرە و تایفە پەیوەندییان پێوە کرد؛ تا وای لێهات ژمارەی پێشمەرگە و جەنگاوەرانی شۆڕش گەیییە پتر لە سی هەزار چەکدار.

تورک لە ئەنقەرە، کە یەکەمین هەواڵی سەرکەوتنی شۆڕشگێڕانی کوردیان پێ گەیی تووشی سەدمەیەکی توند بوون. هەواڵیان پێ گەیی کە کوردەکان تیپی حەوتیان تەرتە و وەرتە کردووە. لیوای سوارەی یەکیان تەفروتونا کردووە، ژمارەیەک سەربازی کەوتوونەتە دەستی شۆڕشگێڕانی کورد.

تورکەکان تا کۆتایی مانگی ئادار، نەیانتوانی هێزەکانی خۆیان ساز بدەنەوە. ئەوکات توانیان هێزێکی دەست وەشێنی سی و پێنج هەزار کەسی ساز بدەن و فەرەنساش کە ئەوکات حوکمی سوریای دەکرد، هێڵی ئاسنی (حەلەب)ی خستە خزمەتی هێزی تورکەوە. هەروەها هێزێکی تری تورکی توانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی وان دابڕن و بەمەش توانی شۆڕشگێڕان لە سنووری هاوبەشی عێراق- تورکیا دابڕێت. هێرشی گشتی تورک لە مانگی مایسدا دەستی پێکرد، لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا شۆڕش لە نێو برا و شێخ سەعید و ژمارەیەک لە سەرانی کورد دەستگیر کران.

هەرچەندە ئەو قەسابخانەیە هێزی تورک دەرهەق بەکوردی شکست خواردیان ئەنجامدا، لەو تاوان و قەتڵ و عامانە کەمتر نەبوو کە عوسمانییەکان لە پێش و لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا دەرهەق بەئەرمەن ئەنجامیان دا، کەچی ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کاتێ مێژوونووسە ئەمریکییەکان دێنە سەر گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە، بەشێوەیەکی نا واقیعی باسی دەکەن.

(ریچارد د.روبنسن)ی مێژوونووسی ئەمریکی کە دێتە سەرباسی مێژووی کۆماری تورکیای یەکەم دەڵێ: "پرۆسەی بەرقرارکردنی هێمنی و چەسپاندنی ئارامی، لە بواری پراتیکدا هەندێ توندوتیژی بەگەڵ کەوت. بەڵام بەهیچ شێوەیەک گەرماوی خوێن نەبووە".

ئاشکرایە ئەمریکاییەکان بەئەنقەست دەیانەوێ شەقڵ و ڕوخساری ئاشتیخوازانەی زیاد لە پێویست بەتورکیای هاوچەرخ بدەن؛ چونکە هاوپەیمانە و دۆستی سیاسی و سوپایی ڕۆژئاوایە. بەڵام حەقیقەتەکان لەوە بەسوێتر و حەیابەرە ترن کە ئەم هەڵوێستە ناڕەوایانەی تەرەفداری لە تورک دەکەن بتوانن بیشارنەوە و لە بەرچاوی ون بکەن. کاری زەبروزەنگ و تیرۆر دژی کوردان تا چەندین مانگ پاش دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەش بەردەوام بوو. پتر لە دوو سەد گوند لەگەڵ زەویدا تەخت کران. زیاتر لە نۆ هەزار ماڵ سوتێنران، پتر لە ١٥

هەزار مەدەنی کورد کوژران. مێژوونووسێکی تورک ژمارەی قوربانییەکانی بەپتر لە سەد هەزار کەس قەبڵاندووە.

ڕۆژنامەنووسێکی ئەڵمانی، لە ساڵی ١٩٧٧دا بۆی هەڵکەوتبوو یەکێک لەو کوردانە بدینێ کە بەچاوی خۆی قەسابخانەکانی ئەو دەمانەی دیتبوو. ئەو پیرەمێرە ئەو ڕۆژگارەی وە بیر هێنا بووەوە و بۆ ڕۆژنامە نووسەکەی گێڕابوەوە و گوتبووی کە سوپای تورک "پیاوانیان هەڵدەدایەوە ناو ئاگرەوە، بەڵام کە سەیریان کرد بوو خێرا گڕ ناگرن، ئەفسەرە تورکەکە دەستووری دابوو کە ژنانیش فڕێ بدەنە ناو ئاگرەکەوە، تا ئاگرەکە باش گڕبسەنێ، چونکە ژنان لەشیان چەورە و بەگوتەی ئەو ئەفسەرە بلێسە بەئاگرەکە دەدەن".

هەروەها زانایەکی کۆمەڵناسی تورک، کە لە شەستەکاندا بوو بەیەکێک لە پسپۆڕە دیارەکانی نەشونما لە هەردوو ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناڤین، بەچاوی خۆی ئەو تاوانانەی بینی بوو کە ڕۆڵەکانی میللەتەکەی دەرهەق بەکورد کردبوویان. ئەو جوامێرە گوتارێکی لەو بارەیەوە بڵاوکردەوە کە تەزوو بەلەشدا دێنێ. لەو گوتارەدا دەڵێ: "تورکە کەمالستەکان بۆڕی خوێن ڕێژترین سۆڵتانیان دایەوە لە بەکارهێنانی زەبروزەنگ و هۆڤێتیدا دژ بەهاوڵاتیانی مەدەنی. بەچاوی خۆم دیتم کە چۆن پیاوانی دەرەکی تورک، کوردەکانیان لە زیندانان دێنایە دەرێ و گوللە بارانیان دەکردن و ئەوجا پشتێنە حەریرەکانیان لە جەنازەکانیان دەکردەوەو دەیانفرۆشت".

تورکەکان، هەر هەموو ئەو ناوچانەی کە گوندەکانیان سوتێنراون، کردیان بەناوچەی سوپایی و کەوتنە ڕاگوێزانی پاشماوەی دانیشتوەکانیان بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای تورکیا، بەمەبەستی تورکاندنیان، لە خۆبایی بوونی تورک و شانازی کردنیان بەتاوانەکانیانەوە گەییە ڕادەیەک کە یەکێک لە ڕۆژنامە ڕۆژانەکان بێ چ شەرم یان سزایەک بنووسێت: "کێشەی کورد لە هەر شوێنێکدا سونگی و قەمەی تورکی بگاتێ، نامێنی".

تورکەکان هەموو ڕق و کینەیەکی خۆیان بەسەر سەرکردایەتی کوردا ڕشت. لە کۆتایی مایس داو لەیەک شوێندا و بەئاشکرا و بەبەرچاوی خەڵکەوە نەوەد و یەک کەسیان ئیعدام کرد، لە ئەرزەڕوم. لە ٦/٢٧دا دەستەیەکی چل وحەوت کەسی تریان لە سەرانی شۆڕش ئیعدام کرد. بەڵام شێخ سەعید لەگەڵ دەستەی سێیەمدا کە نەوەدو سێ کەس بوون، ئیعدام کران؛ هەڵبەتە بەچەند ڕۆژێک دوای ئیعدام کردنی دەستەی دووەم، ئیعدام کران.

دادوەری گشتی، زۆری خۆ ماندوو کرد تا زۆرترین ژمارەی تاوان هەڵبەستێ و بیداتە

پاڵ ئەو کوردانە: تۆمەتی هەندێکیان ئەوە بوو کە گوایە "جۆرە دەسەڵاتێکی جێ بەجێ کردنیان بەخۆ داوە و بەمەش سوکایەتیان بەهەیبەت و شکۆ و دەسەڵاتی دەوڵەت کردووە". کۆمەڵێکی تریان بەوە تاوانبار کران کە گوایە: "بەرگرییان لە سوڵتانی لێخراو" کردووە. کۆمەڵی سێیەمیش تاوانەکەیان ئەوە بوو کە "باوەڕی ئایینی خۆیان کردووە بەبیانوو تا لە سایەیدا یاخیبوون بەرپا بکەن". بەڵام هەر هەمووشیان لە تاوانێکی دیدا شەریک بوون. ئەویش ئەوە بوو: "هەموو ڕێک کەوتبوون لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان".

بەم جۆرە قەتڵ و عام و جینۆسایدی کورد دەستی پێکرد

کورد هیچ ئومێد و دەرویەکی بۆ نەمایەوە کە پشتیوانی دەرەکی وەدەست بێنێ. لە ئێراندا (ڕەزا خانی پەهلەوی) دەسەڵاتی گرتە دەست و هێزەکانی حکوومەت سەرقاڵی شەڕی ئەو عەشایەرە کوردانە بوو کە دەسەڵاتی ئێرانیان ڕەفز دەکرد. حکوومەتی ئینتیدابی بەریتانی لە عێراقدا لەلایەکەوە سەرقاڵی سەرکوتکردنی ئەو بزووتنەوەیە بوو کە شێخ مەحموودی حەفید ڕێبەرایەتی دەکرد و داوای سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد. لەلایەکی ترەوە ئینگلیز دەبوایە ڕێگەیەک بدۆزنەوە تا خۆیان لە ئەنجامدانی ئەو ڕیفراندۆمە بدزنەوە کە کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیاری ئەنجامدانی دابوو، تا چارەنووسی ویلایەتی مووسڵ- کوردستانی عێراق دیاری بکرێ.

حکوومەتی سۆڤیەتی تازەش لە ڕووسیادا، پێویستییەکی زۆری بەگەورەترین و زۆرترین ئیعترافی نێودەوڵەتی هەبوو. بۆیە هیچ دڵی پێوە نەبوو لە پێناوی یارمەتیدانی کەمینە نەتەوەییەکی چەوساوەدا سەریەشە بۆخۆی دروست بکات و ئەو پەیمانی بێ لایەنی و خۆش دراوسێیەتییە بشکێنێ کە لەگەڵ ئەنقەرەدا بەستبووی. بەم جۆرە کورد جارەکیدی بوون بەقوربانی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پرۆسەی قەتڵ و عامی کورد لە تورکیادا دەستی پێکرد بێ ئەوەی کەس هەر ئاوڕی لێ بداتەوەو گوێی بداتێ، ئەو پرۆسەیەی کە تارۆژگاری ئەمڕۆکەش بەردەوامە و لەسەر پێیە.

حەقیقەتێکیتر هەیە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ، ئەویش ئەوەیە کە کورد لەو سەردەمەدا هیچ گروپێکی گوشاری سیاسی (لوبی) لە هیچ دەوڵەتێکی دنیادا نەبووە. بەڵام ئەوە ئەمە ناگەیەنێ کە هەمیشە هێز و لایەن هەن بڕواننە ئەو ڕووداوانەی کە لە کوردستاندا ڕوو دەدەن و چاودێری پەرەسەندنی ڕووداوەکان دەکەن. بەڵام هەموو بایەخدانێکی ئەو هێز

و لایەنانە لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ بریتییە لە سوود وەرگرتن لە ڕووداوەکانی ئەوێندەر و هەوڵدان بۆ ئاراستەکردنی بەشێوەیەک کە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن. لەلایەکیترەوە دەوڵەتانی ناوچەکە و دەوڵەتە گەورەکانیش هەمیشە وا ڕوانیویانەتە کورد کە بەردی دامەن لە گەمەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا.

یۆیە ئەو بیانووەی کە تورکیا و دەوڵەتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەدەمیانەوە گرتووە کە گوایە کورد کۆسپن لە ڕێگەی پەرەسەندن و گەشەکردنی ئەو وڵاتانەدا، بیانوویەکی بێ بنج و بناوانە، ئەویش لەبەر هۆیەکی زۆر سادە، کە زۆربەی ئەم دەوڵەتانە بەخۆیان کارتۆنین و دەوڵەتە ئیستعمارییەکان قوتیان کردونەتەوە. تاقە هۆیەک کە ئەم حکوومەتانە شەرعیەتی خۆیان پێ دەسەلمێنن و دەسەپێنن، هێزو زەبرو زەنگە؛ چونکە لە بنەڕەتدا ئەم شەرعیەتەیان لە ڕێگەی پشتیوانی میللی و گوێڕایەڵی خەڵکییەوە وەرنەگرتووە. ئەم دەوڵەتانە هەر هەموویان پارچە دەوڵەتن و هاوپەیمانان کە لە یەکەم جەنگی جیهاندا سەرکەوتن، لە جەستەی زەبەلاحی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیان کردەوە و بەپێی بەرژەوەندی و ئارەزووی خۆیان مشت و ماڵیان داون. وەکو چۆن ئیمپراتۆریەتی نەمساوی- هەنگاری پارچە پارچە کرا و، بەهەنجەتی ئەوەی کە ئەم هەموو گەلە جیاوازە ناتوانن لە سایەی یەک دەوڵەتدا بژین، بوو بەکۆمەڵێک دەوڵەت و دەوڵەتۆکەی تازە کە یەک لەوان چیکۆسلۆفاکیا بوو، بەهەمان شێوەش ١٥ملیۆن کورد پارچە پارچە کرا و فڕێ درایە زیندانەکانی ئەو دەوڵەتانەوە لە عێراقی سەر بەدەسەڵاتی ئینگلیزو سوریای سەر بەفەرەنسا، یان دەوڵەتی تورکیای تازە کە کەمال ئەتاتورک دایمەزراند...

بۆیە سەیر نەبوو دەوڵەتە ئیستعمارییەکان بەهەموو قورسایی و توانایەکی خۆیانەوە بەشداری لە پرۆسەی چەوساندنەوەی کورد بکەن. چونکە کورد لەو سەروبەندەدا کۆسپ بوون لە ڕێگەی جێبەجێکردنی نەخشە و پلانەکانی دەوڵەتە ئیستعمارییەکان، کە زۆریان مەبەست بوو پارێزگاری ئەو دابەشکردنە بکەن کە لە ناوچەکەدا کردبوویان: عێراق، چەند جارێک هانای وەبەر فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی پاشایەتی بەریتانیا برد بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشەکانی کورد. هەروەها تورکیا داوای یارمەتی لە فەرەنسا کرد، کە ڕێ بەهێزەکانی تورک بدات، کە هێڵی ئاسنی سوریا - فەرەنسا (هێڵی حەلەب) بەکار بێنێ بەو مەبەستەی پشت لە هێزی کورد بگرنەوە و لە پشتەوە لێی بدەن. لە ڕاستیشدا زۆر سەخاوەتمەندانە ئەم یارمەتییە درا.

نەهرۆ ڕەخنە لە هەڵوێستی تورک، دەرهەق بەکورد، دەگرێ

جەواهیر لال نەهرۆ کە ئەو دەمە هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، پاش چەند ساڵێک لەوە بەدواوە بوو بەسەرەک وەزیرانی هیند، تاقە کەسێک بوو کە ڕەخنەی لەم هەڵوێستەی تورک دەرهەق بەکورد، گرت. نەهرۆ ڕەفزی کرد کە شۆڕشی کوردی ساڵی ١٩٢٥ بەبزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستانەی ئاینی دابنرێ، بەڵکو بەسەرەتای بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی تازەی گەلێکی لەقەڵەمدا کە لە پێناوی ئازادی خۆیدا دەخەبتێ و ئەو چەوساندنەوەیە ڕەفز دەکات کە دەوڵەتی مەرکەزی دژی دەیکات. نەهرو، ڕەخنەی لەو هەڵوێستە ڕیاکارانەیە گرت کە تورکەکان دژی کورد وەریان گرت؛ ئەو کوردانەی داوای هەمان مافیان دەکرد کە بزاڤی ناسیونالستی تورکی لە پێناویدا دەخەبتی. نەهرۆ ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە تورکەکان هەستی نەتەوەیی و نەخشەدانان بۆ ئاینده تەنیا بەخۆیان ڕەوا دەبینن، ئەوەی بۆ خۆیان بەرەوای دەزانن بۆ کورد بەرەوای نازانن، ئەمەش هەمان هەڵوێستی هەڵەی حکوومەتە کورد کوژەکانی عێراق و ئێرانە.

نەهرۆ، ئەم هەڵوێستەی لە کتێبەکەی خۆیدا (چاوخشانێک بەمێژووی جیهاندا) کە لە ساڵی ١٩٢٥دا بڵاوبوەتەوە، تۆمارکردووەوە و نووسیویەتی کە تورکەکان: "ئەوانەی کە تازە ئازادی خۆیان وەدەست هێنا بوو، کەوتنە قەتڵ و عامی ئەو کوردانەی کە بۆ ئازادی خۆیان دەگەڕان. عەجایەب نییە کە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بەرگریکارانە بگۆڕێت بۆ بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی دوژمنکارانە؟ عەجایەب نییە خەباتێکی سەربەخۆخوازی بگۆڕێ بۆ کێشەیەک بیەوێ خەڵکانی دی بچەوسێنێتەوە؟ کورد لە ساڵی ١٩٢٩دا ئاگری شۆڕشێکی تریان هەڵایساندەوە، کە ئەویش، ئەگەر بۆماوەیەکی کورتیش بێ، دامرکێنرایەوە، بەڵام مرۆڤ چۆن دەتوانێ باوەڕ بەبەردەوام بوونی چەوساندنەوەی گەلێک بکات کە سوور بێ لەسەر وەدەست هێنانی سەربەخۆیی و ئامادە بێ لەو پێناوەدا، هەر قوربانییەک چەند گەورەش بێ، بیدات؟"

هەموو ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشە کوردیانەی لە دوایی شۆڕشی ١٩٢٥هاتن، بەهەمان توندوتیژی و دڕندەییەوە سەرکوت کران. لە ساڵی ١٩٢٧دا و وەک بڵێی کورد، واقیعی شکستیان بەزاندبێ، توانیان لە کۆنگرەیەکی نهێنی دا، هەموو ڕێکخراوە کوردییەکان لە سایەی دەستەیەکی باڵای سەر پەرشتکاردا یەک بخەن و ناویان نا ڕێکخراوی (خۆیبوون). لە پەیڕەو و پرۆگرامی (خۆیبوون)ـەوە بەدیارکەوت کە بزاڤی ڕزگاریخوازی

کورد، بۆ هەتا هەتایە شەقڵی ئاینی وەلانا و ئامانجێکی بۆ خۆی دانا کە بریتی بوو لە وەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان یان بەلای کەمەوە وەدەستهێنانی حوکمی زاتی ڕاستەقینە. ئیدی لەوساوە مەسەلەکە لەوە دەرچوو کە بریتی بێ لە وەدەستهێنانی ئازادی ئەم تیرە یان ئەو هۆزە.

بەڵکو هەر بزاڤ و ڕاپەڕینێکی کوردی لەوە بەدواوە دروشمێکی ناوەندی بۆ خۆی هەڵدەگرت کە بریتی بوو لە وەدیهێنانی سەربەخۆیی کوردستانی گەورە یان بەشێک لە بەشەکانی کوردستان، بەڵام شۆڕشگێڕانی کورد هەمیشە ئەو حەقیقەتەیان لە هزر و بیرابوو کە ناتوانن ڕووبەڕووی هەموو ئەو حکوومەتانەی عێراق و تورکیا و ئێران و سوریا ببنەوە کە کوردیان وەکو کەمایەتی نەتەوەیی بەسەردا دابەش کرابوو. هەروەها چاوەڕوانی کۆمەک و یارمەتی و هاوکاری بەشەکانی تری کوردستان بوون و بەفاکتەرێکی گرینگیان زانیوەو لە هەموو بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی کوردا دەوری دیتوە. حەقیقەتێکی تریش هەبووە کە هەمیشە پێویست بووە لە بەرچاو بگیرێ، ئەویش ئەوە بووە کە کارێکی وەها نەکرێت لەکاتی شکستی سوپایی بزووتنەوە چەکدارییەکاندا نەتوانرێ پەنا وەبەر دەوڵەتە دراوسێکان ببرێ.

کەواتە ئەرکی سەر شانی (خۆیبوون) لە شۆڕشی تازەدا، ئەوەبوو ئەرکی سەرۆکایەتی سیاسی و هەم ئاهەنگی سوپایی لە ئەستۆ بگرێت. نەخشەکە وەهابوو کە یەکەم جار لە دوورترین شوێنی ڕۆژهەڵاتەوە دەست بەشۆڕش بکرێ؛ چونکە دەکەوێتە سەر سنووری یەکێتی سۆڤیەت و ئەمەش خۆی لە خۆیدا پشتیوانییەکی گەورەیە بۆ شۆڕش. هەروەها عەشیرەتی (جەلالی) کە خێوەتەکانیان، نزیکەی ١٥هەزار خێوەتێک دەبوو، لە بنار و قەد پاڵەکانی چیای ئاراراتدا هەڵدابوو، یەکەم تەقە دەست پێ بکەن. هەروەهاش کرا و ئەوجا عەشیرەتی (حەیدەران) بەدوایدا هات و لە دوورترین ناوچەی ڕۆژئاواوە شۆڕشی ڕاگەیاند. هەر کە ساڵی ١٩٣٠هات ئیدی هەموو ناوچەی ئارارات تا سنووری تورکیا و ئێران و هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی وان بوو بە بەرمیلێکی barووت و هەر ئانێ بتەقایەتەوە دەتەقییەوە.

له بنار و قەدپاڵەکانی چیای ئاراراتدا

شۆڕشگێڕانی کورد ئەم جارە، لە ڕووی چەکەوە زۆر باشتر بوون وەک لە ساڵی ١٩٢٥، تا ئێستاش سەرچاوەی ئەم چەکەیان هەر نادیارە. ئەم جارە ئەفسەرێکی سوپایی کارامە و خاوەن ئەزموون بەنێوی (ئیحسان نوری) کە لە (بەتلیس) لە دایک بوو بوو، کۆلیجی سوپایی ئەستەمبوڵی تەواو کردبوو و، لە سوپای عوسمانیدا ئەفسەر بوو، سەرکردایەتی سوپایی شۆڕشەکەی لە ئەستۆ گرت. ئەم ئەفسەرە کوردە لە ژێر ئاڵای مستەفا کەمالدا بەشداری شەڕی سەربەخۆیی تورکیای کرد، دژی یۆنان شەڕی کرد. ئەو دەمە پلەی نەقیب بوو. ئەو نەخشەیەی کە (ئیحسان نوری) داینابوو، ئەوە بوو کە شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵگیرسێنرێ تا وەکو ئاگری نێو پوش بەرەو کوردستانی ناوەندی بتەنێتەوە و لە دەرسیم و دیاربەکرەوە بڕوات تا دەگاتە ئەو ناوچانەی کە بەردەوام لە پێنج ساڵ شۆڕشی ١٩٢٥ گرتبوونییەوە.

بەڵام ئیحسان نوری، سەرەڕای ئەوەی کە لە سەرەتاوە کۆمەڵێک سەرکەوتنی دیاری بەدەست هێنا، دەیزانی کە لە دوا ئەنجامدا سەرکەوتن بۆ شۆڕشگێڕانی کورد نابێت. چونکە هێزی تورک لە ڕووی چەکەوە بەتایبەتی هێز و چەکی ئاسمانی، زۆر لە کورد باڵا دەستتربوو. ئەمە جگە لەوەی هێزی تورک مەشقێکی چاکی پێ کرابوو و ژەنەڕاڵ ساڵح پاشای پسپۆڕ و شارەزای شەڕی پارتیزانی سەرکردایەتی ئەو هێزەی دەکرد. هێرش و پەلاماری تورک بەهێزێکی تایبەتی دوانزە هەزار کەسییەوە دەستی پێکرد و پاشان ئەم هێزە زیاد کرا و گەیەنرایە چل هەزار کەس. ساڵح پاشا، لە یەک کاتدا دوو هێرشی لە دوو قۆڵی دەریاچەی (وان)ەوە دەست پێکرد و توانی بەزەبری ئەو دوو هێرشە بەرەی کوردەکان شەق بکات و لە یەکتریان دابڕێ و خەتی پەیوەندییان بەکوردستانی ناوەندییەوە بپچڕێ و لەلایەکی ترەوە لە سنووری تورکیایان دابڕێ. کورد، لە شەڕە یەک لاکەرەوەکەی دوای ئەو هێرشەدا، پتر لە هەزار کەسیان لێ کوژرا.

ئیحسان نوری پاشا، بەرانبەر بەم وەزع و حاڵە چ ڕێگەیەکی لەبەردەم نەما تەنیا ئەوە نەبێ کە قوەتە سەرەکییەکەی بۆقوولایی زنجیرە چیاکانی (ئاراراتی بچوک) و (ئاراراتی گەورە) پاشەکشە پێ بکات، بەو هیوایەی کە ڕێگەوبان و دۆڵە پڕپێچ و پەناکان و لوتکە و زناران و ڕەوەز و زەندۆڵانی گرکانی دەرفەتی ئەوەی بۆ برەخسێنێ کە خۆ قایم بکەن و پشوویەک بدەن. هەروەها بەئومێد بوو کە ئەو سروشتە شاخاوییە هەزار بەهەزارە بۆی ببێ

بەپەنا و دەرفەتی ئەوەی بۆ برەخسێنێ کە بۆ ماوەیەکی درێژتر درێژە بەشەڕ بدات.

ئیحسان نوری لە خوتبەیەکدا بۆ هاوڕێ جەنگاوەرەکانی، باسی بیرەوەرییە سوپاییەکانی خۆی لەم ناوچەیەدا بۆ کردن و گوتی: "چاک ئەوەتان لە بیر بێ کە لە ساڵانی ١٩١٥ و١٩١٧دا سوپایەکی ڕووسیا توانی بێتە قووڵایی (١٥٠) کیلۆ مەتری خاکی تورکیاوە، بەڵام نەیانتوانی دەرەقەتمان بێت، هەرچەندە گەمارۆیەکی دوو ساڵییان خستینە سەر بەڵام کاتێ کە یەکەم جەنگی جیهانی تەواو بوو ئێمە هێشتا هەر مابووین و هیچمان لێ نەهاتبوو".

مەبەستی سیاسی ئەم پاشەکشەیە بریتی بوو لە خۆ قایم کردن لە سێ سنووری ڕووسیا و ئێران و تورکیا و بەرگری کردن لەم قەڵا سەختەوە و ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە ناوچە ڕزگار کراوەکان و دامەزراندنی حکوومەتێکی کاتی و هەوڵدان بۆ گەیاندنی دۆزی کورد بەکۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕێگەی هێزێکی دۆستی کوردەوە. بەڵام ئەم هێزە کێ بوو؟ ئەمە هێشتا مەعلووم نەبوو. هیچ شتێکیش لە گۆڕێ نەبوو کە ئاماژە بێ بۆ ئەوەی هێزێک هەبێ ئەم دەورە بدینێ لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکان هەر بەتەما بوون ئەو هێزە فریایان بکەوێ و ڕزگاریان بکات. بەڵام جارێکی دی هیوا و ئاواتەکانی کورد هەڵوەرین کاتێ (ڕەزای یەکەم)ی شای ئێران دەستووریدا کە ڕێگە گرینگ و سەرەکییەکان لە کوردەکان دابخرێ و نەهێڵرێ لەو ڕێگایانەوە هیچ شتێکیان پێ بگات. هەروەها ئێران، لەسەر داوای تورک، هێزێکی سوپایی بەفەرماندەیی عەقید (نەخشەوان)ی کۆنە ئەفسەری سوپای تزاری ڕووسی نارد بۆ ناوچەکە تا تەیارو ئامادە بێت بۆ پەلاماردانی سەنگەرەکانی شۆڕشگێڕانی کورد لە کات و شوێنی پێویستدا.

ئەو هێرشە چاوەڕوان کراوە لە چیای (موساداغ)ەوە دەستی پێکرد. ئەمە ئەو چیایەیە کە گەیبیە ئاستی نێودارترین چیای جیهان، پاش ئەوەی (فرانس ڤیرفیلس) لە ساڵی ١٩٣٣دا کتێبێکی نووسی دەربارەی قەسابخانەکانی تورک دژ بەئەرمەن لەو چیایەدا. نەخشەوان،توانی هێزەکانی کورد دەرپەڕێنێ و تا بنار و قەدپاڵەکانی چیای ئاراراتی بچووک دوایان بکەوێ. هەرچەندە عەقید نەخشەوان لەو شەڕەدا کوژرا، بەڵام شۆڕشگێڕانی کوردیش لە دوای ئەو شەڕە لە سنووری ئێران و لە سنووری سۆڤیەت دابڕان. شۆڕشگێڕانی کورد بەرگرییەکی زۆر دلێرانەیان کرد، زەرەر و زیانی گیانی و ماڵی گەورەیان لە هێزەکانی تورک دا... بەڵام ڕووداوەکان بەئاشکرا دەریان خست کە زەمەن و سەردەم لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە زۆر گۆڕاوە، بەلای کەمەوە لە ڕووی سوپاییەوە

زۆر گۆڕاوە. بەڵام ئەوزار و ئامێرەکانی سەرکوتکردن بەهەمان توندوتیژی خۆیانەوە مابوونەوە، بەڵام بەشێوەیەکی تازەتر و هاوچەرخانەتر. هێزی زەمینی تورک هەرکاتێ نەیان توانیایە پەلاماری سەنگەرەکانی کورد بدەن و پێشڕەوی بکەن، هانایان وەبەر چەکی ئاسمانی دەبرد. حەسەنی ئەرفەعی، مێژوونووسی ئێرانی، زۆر بەچاکی وەسفی ئەو ڕووداوانەی کردووە و نووسیویەتی: "فڕۆکەکانی تورک کاتێ کە نەیان دەتوانی چەکدارە کوردەکان، لە سەنگەرە قایم و پۆشراوەکانیان دەرپەڕێنن، دەکەوتنە پەلاماردانی ژن و منداڵ لە نێو ئوردوگاکانی پشتەوە و خێوەت و شوێنەکانیان بەنزمی و بەچەکی سووک دادەبێژت. یان مەڕ و ماڵاتەکانیانی قردەکرد".

شۆڕشگێڕە گەمارۆ دراوەکان، لە نا ئومێدییەوە بانگەوازی داوای کۆمەکیان لە (چیای ئاراراتی پیرۆزەوە) نارد. ئەم بانگەوازە بەنهێنی لە سەرانسەری تورکیادا بڵاوکرایەوەو تەنانەت گەییە سوریا و عێراقیش. کوردی سوریا لە ڕێگەی تایبەتی خۆیانەوە ئەم بانگەوازەیان گەیاندە بەیروت و پاریس. کۆمەڵەی نەتەوەکان لە جنێف نوسخەیەکیان لەو بانگەوازە بەدەست کەوت. بەڵگەنامەی (sawisdats) ئەو سەردەمە بەم ڕستە کاریگەرە دەستی پێکرد بوو:

"برا کوردەکانمان... دەستو برد بکەن و بیسەلمێنن کە شایستەی ئەوەن ڕۆڵەی نەتەوەیەکی گەورە بن. چۆن قایبیل دەبن ڕۆڵەکانی گەلی کوردی نەجیب و خانەدان وەکو کۆیلە و بەندە لە ژێر نیری تورکاندا بژین، ئەو تورکانەی بەڵێنیان داینێ کە ئێمەش دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان هەبێ لە نێوان ئێران و عێراقدا؟... وەرنە ڕیزی ئەو خەباتەوە کە لە پێناوی ڕزگارکردنی براکانمان لە چنگی داگیرکەری تورک، دەستمان داییێ. بەشداری بکەن لە ئازاد کردنی ئەم خاکەدا کە هەزاران ساڵە لە سەری دەژین... چەند دەستە جەنگاوەرێکی کوردستانی سوریا بەدەنگی ئەم بانگەوازەوە هاتن و چوونە خاکی تورکیاوە تا لە باشووریشەوە شۆڕش هەڵگیرسێنن.

لە کۆتایی تەموزی ساڵی ١٩٣٠دا شێخ ئەحمەد بارزانی لە باکوری عێراقەوە هێزێکی پێنج سەد کەسیی بەفەرماندەیی برا بچوکەکەی (مستەفا بارزانی) نارد بۆ خاکی تورکیاو لە (ئورەمار)دا پەلاماری تورکەکانیدا و غافڵگیری کردن، بەڵام شتەکە لەوە زیاتر تەشەنەی نەکرد. هێزەکانی تورک کە لە ڕووی ژمارە و چەکەوە باڵا دەست تر بوون، توانیان ئەو جەنگاوەرە کوردانە تێک بشکێنن کە لە وڵاتە دراوسێکانەوە هاتبوون و پاشەکشەیان پێ بکەن. لەلایەکی ترەوە مەلایانی کورد بانگەوازێکیان بۆ سەفیرانی

دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان لە بەغدا و کۆمەڵەی نەتەوەکان نارد، ڕۆژنامەی (الرابطة العربیە)ش کە لە کەرکووک دەردەچوو و بڵاوی کردەوە. کەچی ئەو بانگەوازەی کە دەیویست "سەرنجی ڕای گشتی جیهانی بۆ تاوانەکانی تورک دەرهەق بەکورد و قەتڵ وعام و لەنێوبردنی کوردان ڕاکێشێت" دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو.

لەم کاتەدا شۆڕشگێرەکان پتر سەنگەرەکانیان قایم کرد و مقاوەمەتی قارەمانانەیان زیاتر کرد، بەو ئومێدەی بتوانن خۆڕابگرن تا وەرزی زستان بێت و پرزە لەبەر هێزەکانی تورک ببڕێ و چیتر نەتوانن بێنە پێشێ. بەڵام زۆری نەبرد سەیریان کرد ناچارن دەستبەرداری بەرگری و مقاوەمەت بن، چونکە فیشەک و تەقەمەنی و هەموو شتێکیان لێ بڕا، ئیدی ئەوانە، مەرگیان پێ چاکتر بوو لە یەخسیری تا دوافیشەک بەرگرییان کردو مردن و ئەوانی تریش ناچار بوون لە پایزدا خۆیان تەسلیم بەهێزەکانی تورک بکەن.

حەوت سەد هێندەی تاوانەکەی لیدیس lidice

تۆڵەسەندنەوەی تورک لە شۆڕشگێڕانی کورد، یەکجار دڕندانە بوو. باشترین وەسفێک بۆ وەزع و حاڵی ئەوساکە ئەوەیە کە (جاڤید)ی پسپۆڕی کۆمەکی جیهانی کردوویەتی و نوسیویەتی و دەڵێ: "ئەگەر هۆڵاکۆ و تەیمور لەنگ بمابان، زۆر بەقوتابییە تورکەکانیان خۆشحاڵ دەبوون وحەسودییان بەکارە دڕندانەکانیان دەبرد". حەوت سەد گوندی کورد لەگەڵ عاردی دا تەخت کران و هەموو خەڵکەکانیان هاتنە سەربڕین جگە لە تاک و تەرایەکیان نەبێ کە بۆ ئەشکەوتەکانی ئارارات هەڵاتن و ئەوەبوو بەدوازدە ساڵ بەر لە تاوانەکەی (لیدیس) لە کوردستانی تورکیادا حەوت سەد جاری یەک لە دوای یەک هەمان تاوان جێبەجێ کرا بێ ئەوەی کەسێک یان لایەنێک ئاماژەیەکی بۆ بکات چ جای موناقەشە کردن و هەوڵدان بۆ ئەوەی کە سنوورێکی بۆ دابنرێ. هەروەها هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی شۆڕش کە (٥٣) کەس بوون، پاش دادگاییەکی سوپایی ڕواڵەتی، لە دیاربەکر هاتنە ئیعدام کردن و سەربڕین.

لە هەوڵێکدا بۆ ڕیشەکێش کردنی بزاڤی ڕزگاری کورد، پرۆسەیەکی پاکودان و لە نێو بردنی ڕۆشنیران و زانایانی کورد بەشێوەیەکی دڕندانە و هۆڤانەی وەها دەستی پێکرد کە مێژوو وێنەی نەدیتووە: هێزی جەندرمەی تورک سەد کەسیان لە ڕۆشنبیرانی کوردی خەڵکی ناوچەی (وان) لە مامۆستا و ئەدیب و قوتابی گرت بەتۆمەتی ئەندامێتی لە حزبی (خۆیبوون)یان هاوسۆزی لەگەڵ حزبی کۆریندا.

هەر هەمـــوو ئەمــانە بەدەست و پێی بەســتــراوەوە و دوای ئەوەی بەبەلەم تا ناوەندی دەریاچەکە گوێزرانەوە، ئەوسا بەو حاڵەوە فڕێ درانە ناو ئاوی دەریاچەکەوە.

وەکو درێژەی سیاسەتی "هێمن کردنەوەی ناوچەکە" و "گەڕانەوەی ئەمن و ئاسایش و ئارامی بۆ ناوچەکە" حکوومەتی ناوەندی دەستووری کۆچاندنی هەموو ئەو عەشیرەتانەی دا کە بەشداری شۆڕشیان کردبوو. بەم جۆرە و بەم هەنجەتە پتر لە پەنجا هەزار کەس ڕاگوێزران بۆ ناوچەیەکی دووری سەدان کیلۆمەتر لە زێدی خۆیانەوە دوور، تا لەوێ لە ناو چڕە دانیشتوانی تورکدا، لە ڕۆژئاوای وڵات و کەناری باکوری دەریای سپی ناڤیندا بۆ خۆ لە دووری وڵاتی خۆیان وەکو قەترە لە دەریادا بژین. پرسە بۆ ئەو کوردە ئیعدام کراوانە لە هەموو مزگەوتە کوردەکانداو تەنانەت لە دیمەشق -یش دانرا.

بەڵام ئەنقەرە، هێندەی دی بەها مرۆڤایەتییەکانی پێشێل کرد، بەتایبەتی کە دڵنیا بوو نە کۆمەڵەی نەتەوەکان و نە هیچ دەوڵەت و لایەنێک لە دنیادا ئامادەیە لەسەر گەلێک وەجواو بێت کە مەسەلەکەی دەورێکی ئەوتۆ لە سیاسەتی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی زل هێزەکاندا نابینێ. بۆیە زۆر بەرپرسی ڕەسمی تورک بێ شەرم و بێ پەردە هەڵوێستی خۆیان لە مەڕ کورد دەربڕی. عیسمەت ئینونو-ی سەرەک وەزیران لە (سیفان)دا ڕایگەیاند: "تەنیا نەتەوەی تورک مافی ئەوەیان هەیە لەم وڵاتەدا بژین و داوای مافی نەتەوەیی بکەن "محەمەد عیزەت-ی وەزیری داد-یش دوای لە نێوبردنی شۆڕشی کورد گوتی: "ئەم وڵاتە نیشتمانی تورکە، هەر کەسێک ئەسڵی تورک نەبێ، لەم وڵاتەدا تەنیا یەک مافی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە وەکو کۆیلە بژی".

کەمالیستەکان، سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەییان دژی کۆیلە و بەندە ناتورکەکان، زۆر بەخەست و خۆڵی لە ناوچەی دەرسیمدا خستە گەڕ. پێش هەموو شتێک ناوی دەرسیمیان کۆڕی بە(تونجەلی) کە ناوێکی تورکییە. لە سی یەکاندا دەیان هەزار جووتیاری ئەم ناوچەیە ڕاگوێزران. جێبەجێ کردنی سیاسەتی کەمکردنەوەی چڕی دانیشتوانی ناوچە کوردیەکان تەنیا لە عۆدەی سوپا و جەندەرمەدا نەبوو، بەڵکو قانوندانەری ئەنقەرەش بەشی خۆی تێ خست، لە ئایاری ساڵی **١٩٣٢**دا یاسایەکی دەرکرد کە شەرعیەت بەراگوێزان و کۆچاندنی کوردان دەدات و بەئاشکرا حەلاڵی دەکات:

هەر کەسێک زمانی زگماکی تورکی نەبێ، بۆی نییە خانوو و ماڵ لەم ناوچانە دروست بکات. ئەوانە بۆیان نییە سەندیکای کرێکاران و کۆمەڵەی پیشەیی دابمەزرێنن، وەزیری ناوخۆ دەسەڵاتی ئەوەی دراوەتێ بەبڕیارێکی کارگێڕی، ئاسایی هەموو کۆمەڵە

ناتورکییەکان هەڵوەشێنێتەوە. کەچی یاسای ژمارە (٢٥١٠)ی ساڵی **١٩٣٤** زۆر وردتر و دیارتر گوزارشتی لە ئامانجەکانی ئەنقەرە کردووە؛ بەپێی ئەم یاسایە تورکیا کراوە بەسێ ناوچە. ناوچەی یەکەم هەموو ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە "ڕوشنبیریی تورکی بەتەواوەتی تێیدا چەسپیوە"و بەگوتەی پسپۆڕانی سیاسەتی تورکاندن پێویست ناکات هیچ دەسکارییەکی بکرێ. بەپێچەوانەی ئەوەوە، ئەو ناوچە کوردیەی کە لە قانونی گۆڕیندا ئاماژەی بۆ کراوە، لەو ناوچانەیە کە "پێویستە لەبەر هۆی تەندروستی، ژینگە، ڕۆشنبیریی، سوپایی و ئەمنی چۆڵ بکرێ و نابێ لە ئێستە بەدواوە هیچ کەسێکی تێدا نیشتەجێ بکرێ".

چەند شوێنێک لە چوارچێوەی ئەم ناوچەیەدا تۆمار و دیاری کران، کە بریتی بوون لە: تونجەلی (دەرسیم، وان، قرس، بەشی باشووری دیاربەکر، بنگول، ومووش). یاسای نێوبراو چارەنووسی ئەو خەڵکەی لەبەر چاوبوو کە لە ناوچەی دووەمەوە (ناوچەی کوردان) دەگوێزرانەوە بۆ ناوچەی سێیەم. لە وێدا و لە کۆمەڵگە و ئوردوگای زورەملێی بەحەسیر دروست کراو، نیشتە جێ کران. ناوچەکانی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی کەنارەکانی دەریای ناڤین دیاری کران و پێشنیاز کران بۆ نیشتەجێ کردنی ئەوکوردانەی کە بڕیاری ڕاگوێزانیان درا، هەڵبەتە بەو مەبەستەی لە نیشتمان و زێدو زمان و ڕۆشنبیریی و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان دایان ببڕن. یاساکان هەر بەوەندەوە نەوەستان، بەڵکو ئەوەشی حەلاڵ کرد "ئەگەر زروفی ئەمنی دەوڵەت بخوازێ" عەشایەرە کۆچەرەکان لە تورکیا دەربکرێن.

لەوکاتانەدا کە دەست بەجێبەجێ کردنی ئەم یاسایەکرا، ئیدی جەندرمەی تورک خەنی بوون، بەبیانوی گەڕان بەدوای چەکی شاراوەدا، کەوتنە گیانی جووتیاران. لێیان دان، سوکایەتیان پێ کردن، بەروبومی کشتوکاڵییان سوتاندن. کەچی هەر هەموو ئەم ڕەفتارانە تینویەتی تورکیان نەشکاند، ئەو تورکانەی بەردەوام بوون لەسەر سیاسەتی دوژمنکاری دژ بەو کوردەی کە ئیعترافیان بەبوونی نەدەکرد. لەوکاتانەدا کە حکوومەتی تورکیا، لە ئەنقەرەدا بەنوێنەرانی ڕۆژنامەوانی جیهانیان ڕادەگەیاند کە مافی کەمە نەتەوەییەکان پێشێل ناکرێ و هەمیشە ڕیزی دەگیرێ، سەرۆک کۆمار داوای لە پەرلەمان کرد، هەڵبەتە پاش ئالۆز بوون و هەڵکشانی مەسەلەی کورد، کە "پێویستە دەسەڵاتی بێ سنوور بەحکوومەت بدرێ، تا بتوانێ بەسەر ئەم شێرپەنچەیەدا زاڵ ببێ و لە ڕیشەوە دەری بێنێ".

قەسابخانەیەکی بەشەری لە پشت پەردە تاریکەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە

نۆرە هاتە سەر جووتیارانی کوردی ناوچەی دەرسیم تا بەشێوازە تورکییە باوەکە مامەڵەیان لە تەکدا بکرێ: شێوازی چەقۆی خڵتانی خوێن و تینوی سەربڕین. کاتێ کە لە ساڵانی ١٩٣٦و١٩٣٧دا لە ڕووی سیاسەتی تورکاندن، سیاسەتی دزی و تاڵانی، ڕاوەدوونان هەڵگەڕاوە و ڕاپەڕین و کەوتنە بەرگری لە خۆیان دژی ئەو زێدەگاڤیانەی لەلایەن سەرباز و جەندرمەی تورکەوە دەکرایە سەر گوندەکانیان.

لە کاتێکدا مەفرەزەیەکی پۆلیس، وەکو خووی هەمیشەییان بەدوای چەکدا دەگەڕان، کۆمەڵێک جووتیاری یاخی تەقەیان لەو مەفرەزەیە کرد، لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا هەزاران جووتیار پەیوەندییان پێوەکردن... سوپای تورک، بۆ ئەوەی ڕووداوەکە گەورە نەبێتەوە و هەر لە جێوە خەفەی بکەن، ئەمریان دەرکرد هەرچی پیاوی ٢٦-٢٨ ساڵان هەن بکرێن بەسەرباز. سوپای تورک، ئەو داوایەشیان ڕەفز کرد کە لەلایەن کوردەکانەوە کرابوو بۆ گفتوکۆ. تورکەکان داوایان لە جەنگاوەرانی کورد کرد، کە ژمارەیان لە هەشتا هەزار کەس پتر بوو، بێ چ قەیدو شەرتێک خۆ بەدەستەوە بدەن. لە هەوڵێکدا بۆ ناساندنی سەر هەڵدانی ئەم (شێرپەنچەیە) کوردەکان لە ١٩٣٧/١١/٢٠ یادداشتنامەیەکیان بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان نارد کە: "حکوومەتی تورکیا قوتابخانەکانی ناوچەکانمان دادەخات و زمانی کوردیمان لێ قەدەغە دەکات و هەردوو وشەی کورد و کوردستان، تەنانەت لە ژێدەر و سەرچاوە زانستییەکانیشدا دەسڕێتەوە. شێوازی دڕندانە و هۆڤیانە بەکاردێنێ تا کوردەکان ناچار بکات، بەتایبەتی ژنان و کیژان کە لە پرۆژە سوپاییەکانی ناوچەی عەنەدۆڵدا، کار بکەن. هەروەها کورد لە شێوەی گروپی دە کەسیدا ڕادەگوێزێ بۆ ناوچە تورکییەکان، بەجۆرێک کە ڕێژەی کورد لەوێندەر لە ٥,٠ ٪ تێ نەپەڕێ".

کوردەکان، تا دوا ساتەکانیش دڵی خۆیان بەوە خۆش دەکرد کە پشتیوانییەکی دەرەکی فریایان بکەوێ و بتوانن بەرەڤانی لە بوونی هەڕەشە لێکراوی خۆیان بکەن.

بەڵام کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبەالامم) لە ساڵی ١٩٣٧دا زۆر مژول بوو: جەنگی چینی- ژاپۆنی تازە هەڵگیرسابوو، شەڕی ئەهلی ناوخۆی ئەسپانیا گەیبووە لوتکە. کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەو حەقیقەتەی بۆ دەرکەوتبوو کە هیچ توانایەکی پراتیکی نییە، بەتایبەت دوای ئەوەی نەیتوانی ئەو بڕیارانە بەسەر ئیتاڵیادا جێ بەجێ بکات کە ئبیسینیای داگیر کرد. بۆیە ئەوەی لەو گۆشە تاریکەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، لە

عەنەدۆڵ ڕووی دەدا، کەس خۆی لێ نەکردە خاوەن و بایەخێکی ئەوتۆی نەدرایێ. بەم جۆرە عەمەلیاتی سوپایی لە ناوچەی دەرسیمدا زیادی کرد و توندتر بوو. هێزی پەلاماردەری تورک بێ جیاوازی کەوتە سەربڕینی خەڵکی بێ دیفاع، بەتایبەتی ئەوانەی کە خۆیان تەسلیم کرد بوو. ئەو ڕووداوەی دەرسیم لەو ڕاپۆرەدا تۆمار کراوە کە زانای ڕووس، باسیل نیکیتن نووسیویەتی، هەروەها نوری دەرسیملی لەو بەڵگەنامەیەدا کە لە ساڵی ١٩٥٢ لە شاری حەلەب بڵاوکرایەوە ورد و درشتی شۆڕشی دەرسیمی تۆمارکردووە. لەم دوو بەڵگەنامەیەوە، ئەوە بەدیار دەکەوێ کە کاتێ تورکەکان نەیان دەتوانی شۆڕشی کوردەکان تێک بشکێنن و بەسەریاندا زاڵ بن، بەتایبەتی لەو ناوچە توش و سەختانەی کە بەرزی دەگەییە ٣ هەزار مەتر، هێندەی دی دڕندانە ڕەفتاریان دەکرد... بۆ وێنەی هەندێ یەکەی سوپایی، قەدپاڵ و بنارەکانی چیای (توژک)یان گرت. کوردەکان، بەتایبەتی ژن و منداڵ، ناچار بوون لە تاو تۆپباران و بۆردومانی ئاسمانی هەڵێن و پەنا وەبەر ئەشکەفت و موغارە قووڵ و زۆرەکانی ئەو دەڤەرە بەرن.

کە سەربازە تورکەکان زانیان ئەو خەڵکە چوونەتە ئەشکەوتەکانەوە، بەردەمی ئەشکەوتەکانیان لێ گرتن و نەیان هێشت شتاقیان بێنە دەرێ و ئەوجا کەرەستەی بیناسازییان هێنا و زارکی شکەفتەکانیان هەڵچنی و ئەو ژن و منداڵانەیان زیندە بەچاڵ کرد... لە هەندێ حاڵی تردا دەچوون ئەشکەوتەکانیان قانگ دەدا تاخەڵکەکە بێتە دەری، کە دەشهاتنە دەرێ بەسونگی تێیان بەردەبوون و هەموویان دەکوشتن. ژمارەیەکی زۆر لە ژن و کیژ خۆیان لە لوتکەی شاخەکانەوە هەڵدەدێرایە نێو دۆڵە هەزار بەهەزارەکان یان نێو ڕووبارەکانەوە؛ ئەو مەرگە کارەساتاوییەیان پێ باشتر بوو لەوەی بکەونە بەردەستی تورک و بەتۆبزی زەوتیان بکەن و سواریان بن.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٧دا، وەختێ عیسمەت ئینونو، لە جێی کەمال ئەتاتورک بوو بەسەرۆک کۆمار، دەربارەی چارەسەری کێشەی دەرسیم ڕایگەیاند کە: "بەیەکجارەکی لەم کێشەیە ڕزگار بووین، هەموو کارە سەربازییەکانی تورکە چیاییەکانمان پاکسازی کرد".

هەرچەندە کوردەکان چ ئومێدێکیان بەسەرکەوتن نەما، لەگەڵ ئەوەشدا بەرەڤانییەکی قارەمانانەیان کرد، بەڕادەیەک کە حکوومەتی تورکی ناچار بوو سەد هەزار سەرباز بخاتە ژێر چەکەوە و، (جەلال بایار)ی سەرەک وەزیران دان بەوەدا بنێ کە ئەمن و ئارامی بەتەواوەتی لە ناوچەکەدا بەرقەرار نەبووە "لەبەر ئەوەی سوپاکەمان، مانۆری سوپایی لە

ناوچەی دەرسیمدا دەکات، خەڵکی ئەم ناوچەیە ڕادەگوێزین و بەوەش کێشەکە بەتەواوەتی بنج بڕ دەکەین". ئەوە تاقە چەک بوو کە بەهۆیەوە کۆتاییان بەمقاوەمەتی کورد هێنا، هەندێ کەس لەو باوەڕەدان کە پتر لە پەنجا هەزار کەس لە ماوەی دوو ساڵی شەڕدا هاتنە کوشتن و سەربڕین. دوو هێندی ئەم ژمارەیەش هاتنە ڕاگوێزان، ئەنقەرەش جارێکی دی سێدارەی بۆ هەڵخستن بەو مەبەستەی کە بزاڤی ڕزگاری کورد ڕیشەکێش بکات... ئەوەبوو دوانزە کەس لە سەرانی شۆڕشەکە ئیعدام کران کە هەر دوو پەرلەمانتاری ئەندامی پەرلەمانی تورکی "سەید عەبدولقادر" و "حەسەن خیریی"یان تێدابوو چونکە پەیوەندییان بەشۆڕشەوە کردبوو.

حکوومەتی تورکی، لە ساڵانی دووەم جەنگی جیهانیدا مژولی کۆمەڵێک کێشەی دی بوو، بۆیە خۆی لە مەسەلەی کورد بێدەنگ کرد. بەڵام هەر بەردەوام بوو لە چەوساندنەوەی ڕۆڵەکانی ئەو میللەتەی کە ڕقی لێیان بوو. تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆش لە تورکیادا بەڕەسمی دان بەبوونی کوردا نەنراوە.

فەسڵی پێنجەم

گەرماوی هەتاو–ی هاوچەرخ

وەزع و حاڵی کورد، لە تورکیادا پاش دووەم جەنگی جیهان یان چ شتێک "خەڵکانی کۆنەپەرستی (هاندا) بانگەشەی کۆمۆنیزمی بڵاوبکەنەوە".

سەرەک کۆمار، خاکەنازێکی بەدەستەوە گرت و ئەوجا وەکو ئەکتەرێک خۆی بنوێنێ، دەمە خاکە نازێک چیمەنتۆی خستە نێو شیش بەندێکەوە و بەمە بەردی بناغەی پردی سەر لقێکی ڕووباری فوراتی دانا. ئەوجا بەدەم زەردەخەنەیەکەوە؛ زەردەخەنەی پیاوانی دەوڵەت، ڕوانییە کامیرای تەلەفزیۆنەکان، دەستی بەسەری کوڕێکی لاودا هێنا و لێی پرسی: "دەزانیت من کێم"؟. کوڕەکە وەک بڵێی مامۆستایەکانی زۆری لەگەڵ ماندوو بووبن و پرۆڤەیان پێ کردبێ و تەواو تەلقینیان دابێ بەلەز هاتە وەڵام:"سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەت و سەرکۆمار ژەنەراڵ کەنعان ئیڤرین". ئەمە لە ئاخر و ئۆخری مانگی ت ١٩٨١/٢دا بوو. ئەوکاتە بوو کە سەرکۆماری تازەی تورکیا، یەکەم سەردانی شارانی ئورفە، دیاربەکر و مەلاتییەی کرد کە گەورەترین حامییە و سەربازخانەی سوپای تورکی تێدا بوو. لەم سەردانەدا فەرماندەی گشتی هێزی چەکدار و سەرەک وەزیران (ئولوسو) یاوەری بوون.

ژەنەراڵ، مانۆڕێکی سوپایی سازدا کە تانک و فڕۆکەش بەشدارییان تێدا کرد، بەمەش بوونی چڕی سەربازی بەو حەشاماتە پیشاندا کە لە ملاتییە خڕبووبوونەوە. پاش تەواو بوونی مانۆڕە سوپاییەکە، هەواڵێکی ڕاگەیاند، کە بەخۆی ناوی لێنا هەواڵێکی گرینگ بۆ خەڵکی شار، کە زۆربەی هەرە زۆریان کورد و ئاشوری بوون، کەمینەیەکی زۆرکەمی تورکیشی تێدا بوو، ڕووی دەمی تێکردن: "دەبوایە هەواڵەکەتان بزانیبایە، بەڵام قەیدی نییە من بۆتانی دووبارە دەکەمەوە:"

"بارەگای لەشکری دوو، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٣دا دەگوازرێتەوە بۆ مەلاتییە".

کاتێ جەماوەرەکە چ کاردانەوەیەکی ئیجابی نەنواند و (ئیڤرین) لە بری ئەو هەواڵە گرینگە، چ چەپڵە و چەپلە ڕێزانێکی گوێ لێ نەبوو. یەکسەر هەستی بەوە کرد کە ئەزموونی ڕابردووی خەڵکی ئەم دەڤەرە لەگەڵ سوپای تورکیدا، دیوارێکی بەفرینی لە نێوان هەردوولادا دروست کردووە و، خەڵکەکە بەچاوی ڕەفز و گومانەوە دەڕواننە سەربازی

تورک، بۆیە زمانی گۆڕی و ڕاستەوخۆ دواندنی: "هەندێ خیانەتکار هەن دەڵێن گوایە گواستنەوەی بارەگای لەشکری دوو بۆ مەلاتییە، بۆ چەوساندنەوەی خەڵکی ئەم دەڤەرەیە... ئازیزەکانم، چما ئەم خاکە هی کێیە کە ئەوانە دەڵێن گوایە ئێمە دەمانەوێ خەڵکەکەی بچەوسێنینەوە؟ چما هەموو هەر هاوڵاتی تورک نین؟ هەموومان لە باشوور تا باکور، لە ڕۆژهەڵات تا ڕۆژئاوا، قوربانیمان لە پێناوی ئەم خاکە نەداوە؟ ئایا بەدرێژایی مێژووی ئەم وڵاتە شەهیدانمان و ڕۆڵەی شەهیدەکانمان لە تەنیشت یەکەوەو لەم خاکەدا نەناشتوە؟ کە ئەمە وەزع و حاڵ و واقیعەکە بێ، ئیدی بۆچی دەبێ نیازی چەوساندنەوەی خەڵکی ئەم دەڤەرەمان هەبێ؟ ئاخر بۆ؟ ئەم قسەو قسەلۆکانە، خۆیان لە خۆیاندا خیانەتن".

بەڵام کوردی خەڵکی ئەم شارە، کە ژمارەی دانیشتوانی لە سەد هەزار کەس پترن، ئەمجارەش خۆیان شێلو نەکرد و زەحمەتی چەپڵەلێدانیان وەبەر خۆ نەدا. چونکە پێشتر بەشێک لە یەکەکانی لەشکری دوو–یان ناسی بوو. ئەوەیان بیر مابوو کە کاتێ خەڵکی شاری (گازانتیب)ی نزیکی شاری مەلاتییە، لە ساڵی ١٩٦٨دا خۆپیشاندانیان کرد و داوای ئازادی بەکارهێنانی زمانی کوردی و هەندێ مافی خودی تریان کرد، چۆن ئەو یەکە سوپاییانە سەرکوتیان کردن.

(هلموت فون مولتکە) کاتێ لە سەدەی ڕابرووودا لە تورکیا دەبێ و سەردانی مەلاتییە دەکات، یەکەم کەس بوو کە سەرنجی ئەورووپاییەکانی بۆ ئەم شارە ڕاکێشا و (مولتکە) لەو سەروبەندەدا بەم جۆرەی وەسف کردووە: "شارێکی گرینگە. نزیکەی ٥ هەزار ماڵی قوڕی تێدایە، سەربانی ماڵەکان تەختن و هەر سەربانێک بووە بەبانیژە بۆ ماڵەکەی سەرووی خۆی. گومەزی مزگەوتەکان و قوبەی گەرماوەکانیش بەقوڕ و کا سەر سواغ کراون. هەر ماڵێک–ی شار حەسارێکی لە قوڕ دروست کراوی بەدەوردا کێشراوە. ئەمەش ڕەنگێکی بۆری بەهەمووشارەکە داوە. پێدەچێت تا ئێستا پەنجەرە لێرەدا نەبووبێ بەباو. بریا هێستر سوارێک بەئێرەدا دەڕۆیی و کاغەزی (برشمان)ی پێ دەبوو تارەسمی پەنجەرەی لەسەر بکردایە و بەدیواری ماڵەکانییەوە بنایە".

بەڵام ژیان لە مەلاتییەدا ئەوەندەش تاریک نەبوو وەکو لە دوورەوە دیمەنەکەی دەینواند. هەر چەند تەنێ لە وەرزی زستانی تەڕ و توشدا ئاوەدان بوو، و خەڵکی تێدا بوو، لێ لە هاویندا ڕێک لە شاری خێوانی چۆڵ و هۆڵ دەچوو. (مولتکە) هەستی بەمە کردووە و نووسیویەتی: "هەموو خەڵکی مەلاتییە، بۆ گوندی ئایسوسو بارگەیان لێک دەنا. ئەم

گوندە نزیکەی ٥ هەزارماڵی هاوینە دەبوو... ماڵەکان لە نێو دارستانی قەیسی و سێو و قۆخ و گوێز و هەنجیر ڕۆنرا بوون، ئەم دارستانە هێندە گەورە بوو کە بەپێیان دوو سەعاتە ڕێ دەبوو. سپیداری لق و پۆپ ڕێک و باڵا بەرز، بەرەو ئاسمان هەڵدەکشان و دەکەوتنە سەرووی دار و دەرختانی دیـیەوە؛ دەتگوت منارەی مزگەوتی نێو ماڵانی شارێکن. جۆگەیەکی یەکجار جوان، لە شاخەکانەوە دەهاتە خوارێ و ئاوی زوڵاڵ و شیرین بەنێو ماڵەکاندا دەڕۆیی، هاڕەو هاژەیەکی هێندە دڵگیری هەبوو ئەقڵ و هۆشی تاڵاند دەکرد".

مرۆڤ ئەمڕۆ کە ئەو وێنەو دیمەنانە نابێنی کە مولتکە لە مەڕ مەلاتییە لە هزر و بیرمانی دروست کردووە. وەکو هەر شارێکی تری کوردستانی تورکیا؛ وەکو دیاربەکر، گازانتیب، ئیلانیگ، یان ئورفە، چوار دەوری بەو گەڕەکە هەژارنشینانە تەنراوە کە جووتیارانی کۆچکردوو لە گوندەوە بۆ شار، ئاوەدانیان کردۆتەوە. هەروەها چوار دەوری بارەگای سەربازخانەکەش لەم ساڵانەی دواییدا بەگەڕەکی هەژارنشین تەنراوە.

پێشڕەوی بۆ ڕۆژهەڵاتی تورکیا

ئەگەر پانتایی خاکی کوردستان و ڕێژەی خەڵکی کوردستان لە گەڵ پانتایی و درێژەی خاک و دانیشتوانی تورکیادا بەراورد بکەی، ئەوا بوونی هێزی سوپایی تورک لە ناوچەکانی کوردستاندا ڕێژەیەکی یەکجا زۆرە و ڕێبواری ڕەوتەنیش هەست بەم حاڵەتە نائاساییە دەکات. ژمارەی سوپای تورک خۆی لە نیو ملیون کەس دەدا، ئەم نیو ملیۆنە کراوە بەچوار لەشکر (فیلق) دوو لەشکری ئەم سوپا زەبەلاحە لە کوردستاندا جێگیرە، لە کاتێکدا ژمارەی خەڵکی کوردستان لە کۆی چل و حەوت ملیۆن کەسی خەڵکی تورکیا، لە هەشت ملیۆن پتر نابێ، خۆ ئەگەر ئەو هێزی پولیس و کۆماندۆیانەی کە لە کوردستانن بخەینە سەر هێزی سوپای تورکیا، ئەوا ژمارەی هێزی چەکداری تورکی لە کوردستاندا دەگاتە زیاتر لە ٢ لەسەر٣ ی هەموو هێزی سوپایی تورکیا، لە کاتێکدا کە پانتایی خاکی کوردستان لە١ لەسەر٣ی پانتایی تێکڕای خاکی تورکیا پتر نابێت.

نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە کوردستانی تورکیا پتر لە (٥٠٠) کیلۆ مەتر سنووری هاوبەشی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا هەیە. بێگومان ئەمە هۆکارێکە کە تورکیای ئەندامی پەیمانی ناتۆ ناچار دەکات زۆرترین ژمارەی هێزەکانی لەوێدا مۆڵ بدات. واتا بەپێچەوانەی ناوچەکانی سنووری ڕۆژئاوایەوە. لەم دواییانەدا زۆر بنکەی ڕاداری ئەمریکی لە ڕۆژهەڵاتی تورکیادا دامەزرا، ئەمە جگە لەو بنکانەی کە پێشتر هەبوونە، بەتایبەتی پاش

داروخانی بنکە ئەمریکییەکان لە ئێرانی پاش شۆڕشی ١٩٧٩... هەروەها وێستگە جاسوسییەکان و پەیوەندی دووری سەر لوتکەکانی ئارارات کە بوردیان دەگاتە قووڵایی یەکێتی سۆڤیەت لەلایەکەوە و، دەگاتە ناو سوریا و عێراق لەلایەکی ترەوە. ئەم ویستگانە هەندێ عەمەلیاتی شناسایی (استطلاعی) سوپای زۆر گرینگ بۆ هاوپەیمانانی ناتۆ ئەنجام دەدەن.

بەڵام پاراستنی ئەم هەموو دامودەزگایانە، هێشتا ئەوە ناخوازێ کە ٢ لەسەر٣ی هێزی چەکداری تورکی بەبەردەوامی لە خاکی کوردستاندا جێگیر بێ، دیارە دەبێت هۆیەکی دی بۆ ئەم تەحەشودە سوپاییە هەبێ، بەتایبەتی هەموو دەزانین کە پەیمانی دۆستایەتی و تەعەدا نەکردنە سەر یەکتر، لە نێوان تورکیا و یەکێتی سۆڤیەتدا هەیە و لە ساڵی ١٩٥٤دا هاتۆتە مۆر کرن. هەڵبەتە ئەم بوونە سوپاییە ڕیشەی خۆی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ دەیان ساڵ لەمەوبەر، ئەوە بوو پاش سەرکوت کردنی بزووتنەوەی دەرسیم لە ساڵانی ١٩٣٨/١٩٣٧دا، حوکمی عورفی ڕاستەوخۆ بەسەر زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا سەپێنرا و کوردستان کرا بەمەڵبەندی تۆڕێکی چڕی مەخفەری جەندرمە و سەربازخانەی سوپایی و ئەم بارودۆخە تا ساڵی ١٩٤٦ بەردەوام بوو. لەو ساڵەدا بۆ ماوەیەکی کەم حوکمی عورفی هەڵگیرا و پاشان سەپێنرایەوە.

کەمال ئەتاتورک، لە ساڵی ١٩٣٨دا مرد. ڕەوش و وەزع و حاڵی تورکیا باش نەبوو، خەڵکی و تەنانەت تورکەکان بەخۆیانیش لە ڕەوشەکان بێزار و نارازی بوون. هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٦وە بێزاری لە حزبی کۆماری کەمالی گەییە لوتکە؛ چونکە پتر لە بیست ساڵ بوو، تاک لایەنە حوکمڕانی دەکرد. ئەو ڕەوشە تازەیەی تورکیا، کارێکی وەهای کرد کە گرژی و دڕدۆنگی نێوان تورک و کورد، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێ، سووک و کەم ببێتەوە. نوێنەرێکی (UN) بەم جۆرە باسی ئەو ماوەیەی کردووە: "هەندێ هێما و ئاماژەی پەراگەندە لێرە و لەوێ، لەم بوار و لەو بواردا بەرچاو دەکەوتن کە نیشانەی ئەوە بوون کەش و هەوای سیاسی ڕوو لە کرانەوە بوو".

کاتێ لە ساڵی ١٩٤٦دا حزبی دیموکراتی، وەکو حزبێکی ئۆپۆزیسیۆن دامەزرا، هەموو لایەنە بێزارو بێ تاقەتەکان لەو ڕەوش و وەزع و حاڵەی کە هەبوو، لە دەوری خڕبوونەوە. بەو مینبەرەیان دەزانی کە دەتوانن لێوەی گوزارشت لە خواست و ئامانجەکانیان بکەن و بۆ خۆ هەناسەیەک بدەن. لە هەمان ساڵدا یەکەم قەرز لە ئەمریکا وەرگیرا. ئەم قەرزە ئومێدی بوژانەوەی خێرایی بارودۆخی ئابووری وڵاتی زیندوو کردەوە. سەرەک وەزیرانی تورک هەر

لەو ڕوانگەیەوە کەوتە ستایشی "هاوڵاتیانمان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی"، ئەوانەی کە جارێکی دی دڵسۆزی و گوێ ڕایەڵی خۆیان بۆ دەوڵەتی تورکیا سەلماند و بەشێوەیەکی گەلەک نموونەیی ئەرکی سەرشانی خۆیان ئەنجام دا... ئەو هەنگاوانەش کە بۆ عەلمەنە کردنی وڵات دەنران و حکومەت سوور بوو لەسەر جێبەجێکردنیان، هەندێ سووک کرانەوە، بەمەش کوردی، لە خەڵکی پابەندتر بەئایین، هەناسەیەکیان وەبەر هاتەوە و ڕێی خوێندنی ئایین لە قوتابخانەکانیشدا درا.

لە ساڵی ١٩٥٠دا، کاتێ کە حزبی کۆماریی ئۆپۆزیسیۆن، بەرێبەری عەدنان مندریس، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا سەرکەوتنی تەواوی بەدەست هێنا، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە پرۆسەی: "بەشارستانی کردن" لە کوردستاندا هەندێ سووک بکرێ. پیاو ماقووڵانی ئایینی و تیرە ڕەوەندەکان، بەر لە هەموو کەسێک هەستیان بەم گۆڕانەی سیاسەتی تورکی کرد و بەگۆڕانی باشیان لە قەڵەم دا. ئیدی جارێکی دی ئەو دەرۆیشانەی کە حکومەت بەراستی سەرکوتی دەکردن و ڕاوەدووی دەنان، پەیدابوونەوە و بەشێوەی نیمچە ئاشکرا لە گوندەکاندا چالاکی خۆیان دەکرد و بەشێک لەو پایە و دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەیان وەچنگ هێنایەوە کە لە دەستیان دابوو.

ئەو مەترسییەی هەڕەشە لە ئاسایشی دەوڵەتی تورکی دەکات

لە کاتێکدا ئەنقەرە، هەندێ نەرمی نواند و گوشاری لەسەر مومارەسەی سرووتە ئایینییەکان کەم کردەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەردەوام بوو لەسەر سیاسەتی توندوتیژ دەرهەق بەمەسەلەی نەتەوەیی لە کوردستانی تورکیادا. تورک بەڕەسمی بەردەوام بوو لەسەر حاشا کردن لە بوونی گەلی کورد وەکو گەلێک کە ناسنامەی تایبەتی خۆی هەیە. پاش ئەوەی دوای دووەم جەنگی جیهانی ڕاستەوخۆ لە بەرکردنی شەل و شەپک قەدەغە کرا و بەکوردی ئاخافتن لە حوزوری فەرمانبەرانی تورکدا بەتاوان دانرا و هەر کەسێک قسەی بکردایە سزا دەدرا، ئەنقەرە لە ساڵی ١٩٤٦وە کەوتە حاشا کردن لە بوونی ماددی کوردیش.

بۆ یەکەم جار ئەم نەخشەیە لە ساڵی ١٩٤٦دا باسی لێوە کرا، کاتێ کە ڕۆژنامەی (سن پوست) وتارێکی نووسی و دووپاتی کردەوە کە: "لە هیچ کات و زەمانێکدا کەمینەیەکی کوردی لە تورکیادا نەبووە، ئیدی ئەو کەمینەیە نیشتەجێبووبێ یان تیرەی ڕەوەند، هەستی نەتەوەییان لەلا بووبێ یان نا".

دیارە (جەلال بایار)ی سەرۆکی تازە، پشتیوانییەکی بەدڵ و کوڵی لەم هەڵوێستە دەکرد. ئەوەبوو کاتێ لە ساڵی١٩٥٣دا، واتە ساڵێک پاش ئەوەی کە تورکیا لە پەیمانی ناتۆ وەرگیرا، سەردانێکی وڵاتە یەکگرتووەکانی کرد و ڕۆژنامەوانان هەندێ پرسیاری وەهایان لێکرد کە ڕووگیر بێ، هیچ خۆی شێلو نەکرد و بێ لە ڕوودامان پێی ڕاگەیاندن کە هیچ کەمینەیەکی نەتەوەیی لە تورکیادا نییە.

بەڵام مەسەلەی کورد، جارێکی دی و لە ئاخر و ئۆخری ساڵانی پەنجاکاندا سەری هەڵدایەوە و کەوتەوە سەر شانۆی سیاسی، ئەوەبوو زەعیم عەبدولکەریم قاسم، لە عێراقی دراوسێی تورکیادا و لە ساڵی١٩٥٨دا ڕژێمی پاشایەتی عێراقی ڕووخاند و ڕێگەی دا کە سەرکردەی ئەفسانەیی کورد "مەلا مستەفا بارزانی" لە تاراوگەی یەکێتیی سۆڤیەتەوە بۆ عێراق بگەڕێتەوە. هەروەها پەیمانێکی نیشتمانی لەگەڵ کوردا بەست و بەڵێنی دانێ کە لە ئایندەدا ئۆتۆنۆمی-یان بداتێ و لە حوکمدا بەشداریان بکات... ئەو بووژانەوەیەی لە ڕیزی کوردەکانی عێراقدا پەیدا بوو، پاش یەک ساڵ لە کوردستانی تورکیاشدا ڕەنگی دایەوە. ئەوەبوو هەستی نەتەوەیی لە وێندەر سەرلەنوێ بووژایەوەو لە شێوەی داوا کردنی مافی نەتەوەییدا خۆی نواند... بەڵام حکوومەتەکەی (مندریس) یەکسەر و زۆر بەتوندی بەرپەرچی ئەم پەرەسەندنە نوێیەی دایەوە. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٥٩دا چل و نۆ ڕۆشنبیری کوردی بەتۆمەتی ئەنجامدانی چالاکی ڕۆشنبیری قەدەغە، دەستگیر کرد. هەرچەندە حکوومەتی تورکیا تۆمەتیکی تریشی دایە پاڵ ئەو دەستگیرکراوانە، ئەویش ئەوە بوو کە گوایە پیلانیان دژی ئەمن و ئاسایش و سەلامەتی دەوڵەتی تورکیا گێڕاوە، بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە گوایە پەیوەندییان دەگەڵ "جوداخوازانی بارزانیدا" هەبووە. کەچی کاتێ ماڵەکانیان تەحەڕی کرا، چ شتێکیان لە ماڵدا نەدۆزرایەوە تەنیا هەندێ گوتاری دەست نووس نەبێ دەربارەی ئەدەب و مێژووی کورد کە بۆ چاپ کردن ئامادە کرابوون. بەو جۆرە بۆ هەموان دەرکەوت کە ئەو هەڵوێستە توندوتیژەی حکوومەتەکەی مندریس دەربارەی ئەم جم و جوڵە تازەیەی کوردستانی تورکیا، لە ڕاستیدا بۆ شاردنەوەی ئەو ڕەوشە حەیابەرەیە بوو کە تورکیای تێ کەوتبوو.

هەرچەندە وڵاتە یەکگرتووەکان یارمەتییەکی (٢,٥) ملیار دۆلاری دا بەتورکیای شەریک و هاوپەیمانی ستراتیژی، بەڵام ئەم یارمەتییە بۆ ئەوە نەبوو کە ئاستی بژێوی و ژیانی ڕۆڵەکانی گەلی تورکی بەرز بکاتەوە، بەڵکو مەبەستی ئەوەبوو یارمەتی تورکیا بدات بۆ دامەزراندن و قایم کردنی دەزگا سەربازییەکانی. وەکو چۆن ئەمریکا هەمان

سیاسەتی لەگەڵ هاوپەیمانی تری وەکو ئەڵمانیای فیدرالیشدا پەیڕەو کردووە.

لە ساڵی ١٩٥٩دا ڕێژەی گرانیی لە تورکیادا گەییە پتر لە ٧٠٪ ئیدی ئەوەبوو مندریس حکوومەتی عورفی لە وڵاتدا سەپاند تا ئەو خۆپیشاندانانە سەرکوت بکات کە سەرانسەری وڵاتی گرتبووەوە هەروەها جموجۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی ڕوو لە زیادی سەرکوت بکات.

بەڵام ئەم هەنگاوە حکوومەتی ڕزگار نەکرد و ئەوەبوو ئەفسەرانی کەمالیست لە ٢٧/ ٥/ ١٩٦٠دا کودەتایەکی سوپاییان کرد و حکوومەتیان ڕووخاند. کودەتاچییەکان پاش ئەوەی حوکمیان گرتە دەست بەماوەیەکی کەم، دیسان بایان دایەوە سەر بای بەرە بۆر و کەوتنە تەنگ هەڵچنین بە(تورکە چیاییەکان). جەمال گۆرسیل -ی سەرکردەی کودەتا تازەکە، بەساڵێک پاش ئەوەی جڵەوی کاروبارانی گرتە دەست، پەنجا کەسی لە دیارترین پیاوماقووڵ و سەرانی بەدەسەڵات و پایەداری عەشایەر ڕاگوێزا بۆ ناوچەیەکی نزیکی دەریای مەڕمەرە لە هەردوو پارێزگای ئیزمیر و بورسا. ڕژێمی سوپایی هەفتانەیەکی (٣٥٠) لیرەیی بۆ هەر یەکێک لەو دوورخراوانە بڕییەوە. ئەم بڕە پارەیە هەفتا هێندەی دەرامەتی هەفتانەی هەر وەرزێڕێکی ناوچەی ڕۆژهەڵات بوو، دیارە مەبەستی حکوومەت لەم کارەی ئەوە بوو کە ئەو کەسایەتیانە لە بەر چاوی جووتیارانی نەخوێندەواری کورد بخات و ڕقیان لێ هەڵگرن و پەیوەندی خۆیان لەگەڵیاندا بپچڕن.

کەچی نەفی کردن و دوور خستنەوەی ئەو پیاو ماقووڵانەی کورد بووە هۆی ئەوەی خەڵکی ئەو دەڤەرانەو کەسوکاری ئەو پیاو ماقووڵانە، پتر لە ڕژێم بێزار بن و ڕقیان لێی هەستێ. ئەوەبوو زۆرکەس، گوندی بەپۆلیسخانە گەمارۆ دراویان بەجێ هێشت و ڕوویان لە چیا کرد و کەوتنە ڕێگری و ڕووت کردنەوەی ئۆتۆمبێلان، بەتایبەتی قافڵەی سەیاحەتچیانی دەوڵەمەندی ڕۆژئاوایی. حکوومەت چ چارێکی نەما جگە لەوەی کە ڕێگەی سەیاحەتچیان نەدات بچنە ناوچەکانی (تورکانی چیایی هۆڤی). دیارە ئەنقەرە زۆری کەیف بەم حاڵەتە هات، چونکە بۆی بوو بەبیانوو تا ئەو هەموو سەربازە لە کوردستاندا بن.

لە بەهاری ١٩٦٠دا هەشت کەس لەو کوردانەی کە بۆ ناوچەی دەریای مەڕمەڕە نەفی کرا بوون، درانە دادگایەکی سوپایی لە پایتەختدا، تۆمەتەکەیان ئەوەبوو کە گوایە ئەمانە "خەڵکانێکی کۆنەپەرستن و بانگەشەی کومونیزمی بڵاودەکەنەوە و داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دەکەن". بەڵام باشترین بەڵگەی داتەپینی بارودۆخی تورکیا

چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی مەسەلەی کوردی، ئەو ڕەفتارە بوو کە لەگەڵ (٤٩) ڕۆشنبیری کوردا کرا کە هێشتا لە زینداندا بوون. پاش ئەوەی پتر لە ساڵ و نیوێکیان لە تەوقیفدا بەسەر برد و، لە کانونی دووەمدا، دەست بەدادگایی کردنیان کرا و بەکەفالەتێکی دارایی قورس بەردران، کەچی زۆری نەبرد، حکوومەت هەمدیس گرتییەوە و لە ئایاردا دانی بەدادگایەکی سوپایی تایبەتی و (٢٦) کەسیان حوکمی ئیعدام دان.

ئەوانەی پێیان دەڵێن کورد!!!

لە ساڵانی سییەکانەوە کە سەرەتای شۆڕش و ڕاپەڕینە گەورەکانی کورد بووە، تورکیا زۆر گۆڕانی سیاسی بەسەردا هاتووە، چەندین جۆرە حوکمی بەخۆیەوە دیتوە. کەچی هەڵوێستی ڕەسمی دەرهەق بەکورد هیچ گۆڕانێکی بەسەر نەهاتووە. ئەو هەڵوێستە بەدرێژایی مێژووی تازەی تورکیا، وەکو خۆی ماوەتەوە.کاتێ ژەنەڕاڵ (گورسیل) هاتە سەر حوکم، لە وەڵامی پرسیارێکی پەیامنێری تایمس-ی لەندەنیدا کە ئاخۆ بەتەمایە دان بەمافی کوردا بنێ؟! دەڵێ: "تۆ مێژووت نەخوێندۆتەوە؟ لە تورکیادا کەسانێک نین، پێیان بگوترێ کورد". ژەنەڕاڵی نێوبراو لە ت ٢/ ١٩٦٠دا لە کۆبوونەوەیەکدا لە دیاربەکر هەمان بۆچوونی دووبارەوە کردەوە و گوتی: "بەهیچ جۆرێ گەلێک نییە بەنێوی کورد". لە نیسانی ١٩٦٠دا حکوومەت دەستووریدا ئەو کتێبە چاپ بکرێتەوە کە نووسەری تورک (شەریف فورات) لە سییەکاندا و لەسەر داوای خودی ئەتاتورک داینا بوو، تا گوایە بەبەڵگەی زانستی بیسەلمێنی کە "ئەوانەی بەخۆیان دەڵێن کورد، لە ڕاستیدا ئەسڵیان تورکە".

گەلەک ڕووداو هاتنە پێشێ کە بوونە هۆی زیاتر گرژبوونی پەیوەندی نێوان کورد و تورک. لە ٨/ ٥/ ١٩٦١دا کە ڕۆژی سەر لە نوێ دادگاییکردنەوەی ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەیە کە ئاماژەمان کردێ، دەیان هەزار خۆ پیشاندەری کورد، لەوانەی کە بەقسەی حکوومەت بوونیان نییە، ڕژانە ناو شەقام و بازێران. خۆپیشاندەران لە شارانی دیاربەکر و بەتلیس و وان و زۆر شاری کوردی دیدا لە لافیتەکانیاندا داوای خودموختاری ڕۆشنبیری و سیاسییان دەکرد. گۆڤاری (الحقائق الكردية) کە لە هەندەران دەردەچوو، لە ڕۆژنامە تورکییەکانەوە نەقڵی کردووە کە خۆ پیشاندەران ئەم دروشمانەیان هەڵگرتبوو: "ئێمە تورک نین... ئێمە کوردین" و "دەبێ حکوومەت دان بەمافەکانمادا بنێ" و "بروخێ گورسیل، مندریس، ئینونو و هەر دکتاتۆرێکی تری وەکو ئەوان". کە ئەمە خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ ئەو زوڵمە تورکییەی کە دەیان ساڵە بەردەوامە.

ئیدی هێزی جەندرمە و ئەو هێزە سوپاییەی بۆ یارمەتی هێزی جەندرمە نێردرا بوو، بەزەبری چەک و گوللە بەناو خۆپیشاندەران کەوتن و بڵاوەیان پێ کردن. لە شاری ماردین دا (١٢١) کەس کوژران و ٣٥٤ کەسیش بریندار بوون. لە دیاربەکردا ١٩٤ کەس کوژران و ٤٠ کەس بریندار بوون. ڕۆژنامەی (جەمهوریەت)ی تورکی کە بەزمانی حاڵی ژەنەراڵ گورسیل دەژمێردرێ، دەربارەی ئەو ڕووداوانە دەڵێ: "هەر کەسێک گوتی من کوردم تفێک بکە چارەی" ئیدی سیاسەتی تورکاندن ڕۆژ بەڕۆژ شەقڵی توندتری گرتەخۆ.

لە کۆتایی ساڵدا، ئەو دوو ڕۆژنامەیەی کە لە ساڵی ١٩٦٣وە و بۆ ماوەیەکی کورت بەهەردوو زمانی تورکی و کوردی دەردەچون، داخران. لە هەمان ماوەدا (١٣) قوتابی دەستگیر کران کە دوانیان کوردی عێراق بوون، بەوتۆمەتەی کە گوایە "بەفیتی بێگانە خەریکی پیلان گێڕان بوون" ئەمەش ئەو حەقیقەتە دەردەخات کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆڵەکانی کەمینەی نەتەوەیی چەوساوە لە تورکیادا، ڕزگاری خۆیان لەوەدا دەبینی کە هاوکاری و هەم ئاهەنگی لەگەڵ مستەفا بارزانیدا بکەن کە لە خەباتی بەردەوامدا بوو دژ بەحکومەتی ناوەندی عێراقی.

لە ١٧/ک١/ی هەمان ساڵدا، حاکمی گشتی تورکی داوای ئیعدام کردنی ٢٣تاوانباری کوردی کرد بەو تۆمەتەی کە گوایە هەوڵیان داوە: "دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ" پێک بێنن. حاکمی گشتی لێرەدا ئەوەی ڕوون کردەوە کە پێشتر دامودەزگا ڕەسمییەکان لە زۆر بۆنەدا دووبارەیان کردبووەوە، ئەویش ئەوەبوو کە بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە خاکی تورکیادا، کاری کۆمونیزمی جیهانییەوەو ئەوانەش "کە ئەوان پێیان دەڵێن کورد، لە ڕووی نەژاد و ڕەگ و ڕەچەڵەکەوە تورکن".

خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، هاوڵاتی پلە دوون

ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٢دا ڕوویدا، بەڵگەیەکی تری ئەم سیاسەتە ڕەگەز پەرستانەیەیە، ئاژانسەکانی دەنگوباسی جیهانی ڕایان گەیاند کە حکوومەتی تورکی، لەو ساڵەدا سەدان هەزار هاوڵاتی خۆی ناچار کرد، کە زۆربەیان خەڵکی ناوچە کوردییەکانن، کە ڕوو بکەنە وڵاتە پیشەسازییەکان و، لەوێندەر دووی بژێوی خۆ بکەون، بەم کاری کوچاندنە بەردەوامە توانی ناوچەیەکی سنووری فراوان لە "کورد خاڵی بکات". ئەم دەوڵەتە لە هەمان کاتدا دەیەوێ تورکیا بکات بەنیشتمانی هەموو تورکی دنیا لە هەر کوێیەک بن. ئاژانسەکانی دەنگوباس ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە ئەم سیاسەتە دووفاقییە ئەو کاتە کەشف بوو کە

تورکیا ڕایگەیاند کە ئامادەیە (٣٤٥٠) پەنابەری ئەفغانی کە لە پاکستانن، وەربگرێ و لە ڕۆژهەڵاتی تورکیادا نیشتەجێیان بکات".

شایانی باسە ئەو ئەفغانیانەی باسمان کردن، کۆمەڵە قەرغیزێکی ئەفغانین و بەزمانی تورکی قسان دەکەن و ئەسڵ و ڕەچەڵەکیان کازاخی و ئوزبەکییە. پەیڤدارێک بەنێوی ڕێکخراوی فەرعی (UN)ی تایبەت بەکاروباری پەنابەرانەوە لە جنیف ڕایگەیاند کە فڕۆکەی سوپایی تورکی ئەو پەنابەرانە ڕاستەوخۆ بۆ تورکیا دەگوازێتەوە، هەروەها کاری پێویست بۆ گواستنەوەی مەڕ و ماڵاتەکانیانش ئەنجام دراوە.

مرۆڤ کە لە سایکۆلۆژیەتی تورک و بیرکردنەوەی ڕەگەز پەرستانەیان ورد دەبێتەوە و ئەو ئەزموون و تەجرەبانە دێنێتە بەرچاو کە لەم بوارەدا کردوویانە، دەگاتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە ئەم پرۆسەیە بەراستی جێبەجێ کراوە و ئەو هاوڵاتییە تورکە تازانە لە پایزی ساڵی ١٩٨٢دا لە کۆمەڵێک گوندی چیایی دەڤەری هەکاری نیشتەجێ کران؛ ئەو دەڤەرەی کە لەو خێزانە کوردانە چۆڵ کراون کە چەندین سەدەیە لەوێ نیشتەجێن،

لەلایەکی ترەوە ئەگەر چاوێک بەرەوشی کوردستانی تورکیادا بگێڕین، دەبینین دامودەزگای ڕاگەیاندن و کەناڵ و لایەنە ڕەسمییە تورکییەکان، هەمیشە مەسەلەی کوردیان کردووە بەبیانوو و بەهۆکاری هەموو نشوست و گیروگرفتە ئابووری و سیاسی و داروخانەکانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی تورکیایان لە قەڵەم داوە. کاتێ حزبی عەدالەت بەرێبەرایەتی (سلێمان دیمیرێل) لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا بردییەوە و دیمیرێل پۆستی سەرۆکایەتی وەزارەتی وەرگرت، بارودۆخ بۆ کورد و کوردستانی تورکیا وەکو خۆی مایەوە و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات. جەمال نەبەز، کە مامۆستایە لە زانستگەی ئازادی بەرلین، لە کتێبی کوردستان و شۆڕشەکەیدا کە لە ئەڵمانیای فیدراڵی دەرچووە باسی ئەوەی کردووە کە تورکەکان بەشێوازی زۆر خراتر لەو شێوازانەی کە نازییەکان لە کاتی دووەم جەنگی جیهاندا دژ بەرۆڵەکانی گەلانی سلاڤی بەکاریان دێنا، دەیانەوێ خەڵکی کوردستان بکەن بەهاوڵاتی پلە دوو.

کاتێ وەزیری ناوخۆ (خەلدون منتس ئۆغلو) سەردانی شاری (فارتو)ی کرد کە لە ساڵی ١٩٦٦دا بوومەلەرزە لێیدا، لە بری هەموو دڵدانەوەیەک بەسەر خەڵکی لێ قەوماوەکەیدا نەڕاند: "ئەم هەموو هات و هاوارەی بۆ چییە؟ ئا لەم شارەدا تەنیا سێ هەزار کەس مردووە. تەمەشای ڤێتنام بکەن، لەوێندەر تا نهو پتر لە سی هەزار کەس مردووە". کە

کوردەکان نارەزایی خۆیان لە مەڕ ئەم ڕەفتارەی دەربڕی، وەزیری نێو براو ئەو حەقیقەتەی وەبیر هێنانەوە کە دەبێ هەمیشە لە بیریان بێت و ئەوسا بەرویاندا هەڵشاخی: "من دەنگی کۆمەڵێک حەیوانات دەبیستم کە لە زاری بەشەرەوە دەردێ. ئەوەی لەم وڵاتە ڕازی نییە دەرگا کراوەیەو با بڕوات لە وڵاتێکدا بژی کە پێی خۆشە".

لە ١٩٦٧/٢/١٤دا فەرمانی کارگێڕی ژمارە (٧٦٣٥/٦) دەرچوو، و لە ڕۆژنامەی ڕەسمی تورکی دا بڵاو کرایەوە. ئەم فرمانە قانونیەت بەسیاسەتی چەوساندنەوە دەبەخشێت، بەمەش سیاسەتی چەوساندنەوە گەیەنرایە چڵەپۆپە، حکوومەتی دیمیریل، لە کۆتایی مانگی کانونی دووەمدا بڕیاری لەسەر ئەم فەرماندە داو پەسندی کردو ناوی نا (یاسای ڕێکخستنی ڕۆشنبیری) بەپێی ئەم یاسایە زمانی کوردی بەتەواوەتی قەدەغە کرا، ئەم یاسایە هەموو کارێکی زانستی و کتێب و گوڤارو ڕۆژنامەو بەڵگەنامەیەکی بەکوردی نوسراو قەدەغە دەکات و تەنانەت گۆرانی کوردی سەر کاسێت و قەوان و هەر ئامێرێکی دیکەی تۆمار کرن قەدەغە دەکات. وێڕای هەموو ئەم چەوساندنەوەو تەنگ پێ هەڵچنینەش، لە ڕووی زانستی یەوە ئەوە ساغ بوەتەوە کە زمانی کوردی زمانێکی هیندو جەرمانییەو یەکجار دوورە لە زمانی تورکی یەوە. ئەمە جگە لەوەی کە ٨٥٪ی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی تورکیا قسەی پێدەکەن، کارێکی یەکجار زۆری کردۆتە سەر زمانی تورکی هاوچەرخ. زانای ئەڵمانی (اندریاس تیسە)ی پسپۆڕ لە لێکۆڵینەوەی تورکی دا ئەمەی لە لێکۆڵینەوەیەکی دا کە ساڵی ١٩٦٤ لە ڤینا بڵاوی کردۆتەوە، دەربارەی وشەی کوردی و فارسی لە زمانی تورکی و ئازاربایجانی ساغ کردۆتەوەو سەلماندویەتی.

ڕژێمی ئەنقەرە، لەلایەن ڕۆژنامەو ڕێکخراوە تورکی یە شۆڤێنییەکانەوە هان دراوە کە بەردەوام بێ لەسەر سیاسەتی پاکسازی کورد لە ڕۆژ هەڵاتی تورکیا. حکوومەتی تورکی بەخۆی ئاگری دوژمنایەتی کوردی خۆش کردووە، بەئاشکرا تورکی هانداوە کە بەکۆمەڵ کورد بکوژن، بێ ئەوەی دەسەڵاتی قەزایی تووکی ورتەی لێوە بێت یان ڕای گشتی جیهانی ئاوڕێک لە دۆزی کورد بداتەوە... هەر لە چوار چێوەودرێژەی ئەم پرۆسەی توانەوەو چەوسانەوەیەدا دەنگی وەها بەرز بوەتەوە کە هەزار و یەک کەسەرو داخ دەربڕن کە لە جەنگی جیهانی داو لە گەڵ قەتڵ و عامی ئەومەنەکاندا، کوردیش قەتڵ و عام نەکراون و بەیەکجارەکی لە نێو نەبراون. بۆ وێنە ڕۆژنامەی (ئوتوکن)، هەڕەشەی لە هاو وڵاتیانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات کردووە کە واز لە داواکردنی زمانی تایبەتی و قوتابخانەو بەرنامەی ڕادیۆیی و کەناڵی بڵاوکردنەوەو گۆشکردنی کورد بەحیکایەت و ئەفسانەی کوردی بهێنن.

پێی ڕاگەیاندون پێویستە ئەوە بزانن کە تاقە هۆیەک هێشتونیەتی یەوە و بەدەستی تورک قڕ نەکراون لەکاتی ڕاوەدونانی ئەرمەنەکان، ئەوەبوە کە کوردەکان پەنایان وەبەر چیا سەختەکان بردوە. ئەگینا ئەمرۆکە لەو ناوچانەدا کە زۆرینەن، دەبوونە کەمینە". هەروەها لە سەری دەڕوات و دەڵێ: "ئەو خودموختاری یەی کورد لە هزرو خەیاڵی خۆیدا پەروەردەی دەکەن، تەنیا خەونەو پێویستە تازووە ئەو خەونە لە مێشکی خۆ دەربکەن و چاو پۆشی لێ بکەن بەر لەوەی خۆیان بەفەوتاندنییەکجارەکی بدەن. نەژادی تورکی بەسەبرە، بەڵام کە تورە دەبێ ئیدی دەبێ بەشێری هەڵچوو کەس خۆی لە بەردەمی ناگرێ، هەرکەسێکیش ئەمەی نەدیوە دەتوانێ پرسیارێک لە ئەرمەنەکان بکات تا حەقیقەتی ئێمە بناسێت".

بزاڤی کوردی کانگای هەموو بەڵاکانە

حکوومەتەکەی دیمیریل لە ڕووداوەکانی ئازاردا ڕووخا... بەڵام ئەوەی لە ١٩٧١/٣/٢١دا ڕوویدا، کودەتایەکی سوپایی بوو وەکو هەموو ئەو کودەتا سوپاییانەی کە مێژووی تازی تورکیا بەخۆوەی بینی. کودەتاچییەکان ئەمجارەش هۆی کودەتاکەیان گێڕایەوە بۆ "کورت چولوک-مەسەلەی کوردی" لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا. ئەمەش بەڵگەیەکی دییە بۆ ئەو شێوازە نامەنتیقی یەی کە حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیا دەرهەق بەدۆزی کورد بەکاریان هێناوە. پێدەچێت سوپاییە تورکەکان، هەموو هەر بەم مەنتیقەکار بکەن: لە کاتێکدا کە سوورن لەسەر حاشا کردن لە بوونی ماددی کورد، لە هەمان کاتدا ئەگەر بەرژەوەندی وئامانجەکانیان بخوازێ ئەوا خێرا با دەدەنەوەو (بزاڤی کوردی) بەرجەستە دەکەن و بایەخی تایبەتی دەدەنێ.

لە ئەنجامی ئەم مەنتیقەدا کە بزاڤی کوردی بەکانگای هەموو گیروگرفت و بەڵاو نەگبەتی یەک دادەنێ، سەر لەنوێ حوکمی عورفی بەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا سەپێنراو کرا بەناوچەی عەمەلیاتی سوپایی. هەروەها دایەرەکانی تەجنید-ش ژمارەیەکی یەکجار زۆر سەر بازی ئیجبارییان بۆ ناوچەکە نارد بەبیانوی "بەگژا چونەوەی عەمەلیاتی تیروریستی" کە (جودا خوازەکانی کورد) ئەنجامی دەدەن. هێرشێکی گرتنی بەر فراوان لە هەموو لایەکی کوردستانەوە دەستی پێکرد، ئەوە بوو تەنیا لە شاری دیار بەکردا پێنج هەزار کەس دەستگیرکران.

سەرانی کودەتای ١٩٧١ جگە لەوەی لەسەر هەمان ڕێبازی حکوومەتانی پێش خۆیان دەڕۆیشتن، نەخشەیەکی تازەشیان هێنایە گۆڕێ کە بریتی بوو لە دامەزراندنی کۆمەڵێک

پرۆژی کشتوکاڵی حکوومەتی لە دەوربەری سنووری هاوبەشی عێراق و سوریا، کە وەرزێڕی خەڵکی دەڤەری ڕۆژئاوای بەزۆرینە تورک یان ئەو تورکە قوبرسییانەی بۆ تورکیا هەڵاتبوون، کاریان لەم پرۆژانەدا دەکرد. مەبەستی ئەم پرۆژانە ئەوەبوو کە ڕۆڵەکانی کوردستانی تورکیا لە برا کوردەکانی عێراق-یان دابڕن، بەتایبەتی کە بارزانی لەوێندەر و پاش خەباتێکی دە ساڵی توانیبووی ئیعترافی ڕەسمی حکوومەتی عێراق بەمافی ئۆتۆنۆمی کورد لە عێراقدا بەدەست بێنێ. هەروەها مەبەستێکی تری ئەو پرۆژەیە ئەوەبوو کە کوردستانی تورکیا لە کوردی ئێران و سوریا دابڕێ.

کاتێ کە کەناڵە ڕەسمییەکانی تورک نکوڵی لە بوونی کورد دەکەن، ئەمە زۆر جار کێشە و گیروگرفتی لابەلا بۆ خۆیان دروست دەکات. بۆ وێنە لە ساڵی ١٩٦٨دا نووسەر و زانای کۆمەڵایەتی (م.ی بوز ئەرسەلان) بەهۆی نووسین و چاپکردنی کتێبێکەوە دەربارەی بنەماکانی نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردی، دەستگیرکرا و درا بەدادگا. کە دادەوەری گشتی ئەو کتێبەی بەدەستەوە گرت و لێی پرسی: "ئەمە چییە؟" بوز ئەرسەلان وەڵامی دایەوە: "نابێ جەنابت بەمە نیگەران بیت، چونکە ئەگەر ڕاست بێ کورد و زمانی کوردی نەبن، ئەوا ئەم نامیلکەیەش بوونی نییە. تکا لە جەنابتان دەکەم ڕێم بدەن بچمەوە بۆ ماڵی خۆم و لە نێو ماڵ و منداڵەکەمدا بژیم... هیچ ماقووڵ نییە لەسەر شتێک دەستگیر بکریم کە بەهیچ جۆرێ بوونی نییە".

لە ساڵی ١٩٧٣دا، حزبی گەلی دیموکراتی سوسیالستی کۆماریخواز، لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا سەرکەوت و بەمەش حوکمی سوپایی کۆتایی هات و جارێکی دی حکوومەتی مەدەنی کەوتە سەرکار. حزبی نێوبراو هێندەی کورسیی بەدەست هێنا کە بتوانێت حکوومەتێکی ئیئتلافی دابمەزرێنێ، ئەم ڕووداوە بەگۆڕانکارییەکی سیاسی گرینگ لە مێژووی تازەی تورکیادا هاتە ژمارتن.

بەڵام دیاربوو کە ئەو ئیئتلافە بەهۆی ناکۆکی نێوخۆ و دووبەرەکی لایەنەکانییەوە زۆر ناخایەنێت، ئەوەبوو ڕووداوەکانیش دروستی ئەم بۆچوونەیان سەلماند.

هەڵوێستێکی دەگمەنی ئەجاوید لە دیمانەیەکدا لەگەڵ دیر شپیگل-ی ئەڵمانیدا

کاتێ بلند ئەجاوید-ی سەرۆک وەزیران بۆ یەکەم جار دانی بەبوونی کورد لە تورکیادا نا و هەر بەناو و بێ پەردە وشەی کورد-ی بەکارهێنا، واتا ڕێک بەپێچەوانەی جارانەوە کە بەرپرسانی تورک لە بری وشەی کورد (تورکی چیایی)یان بەکاردەهێنا، ئەمە تروسکە هیوایەکی خستە دڵی کوردەوە. بەڵام ئەم شتە لەناو تورکیادا ڕووی نەدا، بەڵکو لەسەر لاپەڕەکانی گوڤاری (دیر شپیگل)ی ئەڵمانیدا ڕوویدا کاتێ کە دیمانەیەکی لەگەڵ ئەوجاویدا سازدابوو.

کاتێ ئەجاوید بۆ تورکیا گەڕایەوە و لایەنەکانی حکوومەتەکەی لەو هەڵوێستەی نارازی بوون، ئەویش بای دایەوە و پەشیمان بوەوە. بەمەش ئەو تروسکە هیوایە کوژایەوە کە کوردەکان پێیان وابوو دەتوانێ ڕێگەی ئاشتبوونەوەی نەتەوەیی نێوان حکوومەتی تورک و کوردەکان ڕووناک بکاتەوە.

بلند ئەجاوید لە ساڵانی ٩٧٣-١٩٨٠ دووجاران سەرۆکایەتی حکوومەتی ئیئتلافی گرتە دەست. بەدرێژایی حوکمڕانی ئەو چ گۆڕانێک بەسەر بارودۆخی کوردا نەهات. کە ژەنەڕاڵ (کەنعان ئیڤرین) لە ساڵی ١٩٨٠دا بەزەبری کودەتایەکی سوپایی هاتە سەر حوکم، بارودۆخی کورد، وەکو سەردەمانی ئەتاتورک وابوو. هەرچەندە شێوازی حوکم و سیاسەتی ڕەسمی حکوومەتە جیاوازەکانی تورکیا، چون یەک نەبوون، بەڵام هەموو لەو خاڵەدا یەکیان دەگرتەوە کە گوایە لە جەنگێکی ڕانەگەیەنراودان لەگەڵ کوردا. ئەم حاڵەتە دوژمنکارانەیە، لە سیاسەتی دابەشکردنی سوپا و پۆستە گرینگەکاندا بەسەر ئەفسەراندا، بەجوانی دەردەکەوێ. هەروەها چۆنیەتی سەربازگیری ئیجباری کە بیست مانگ لە خزمەتی ئاڵای وڵاتدا بەسەر دەبەن خۆی لە خۆیدا ڕەنگ دانەوەی لایەنێکی تری ئەم حاڵەتە دوژمنکارانەیەیە. سەربازانی کوردی خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات دەنێردرێن بۆ سەربازخانەکانی کەناری دەریای سپی ناڤین و یان دەریای ڕەش و لەوێندەر بەبەرنامە سیاسەتی تورکاندنیان لە گەڵدا بەکاردەهێنن... لەم لاشەوە سەربازی ئیجباری تورک -ی خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژئاوا ڕەوانەی ئەو ناوچانە دەکەن کە زۆربەیان کوردن. دیارە ئەوانە هیچیان زمانی کوردی نازانن و هەر ئەم زمان نەزانینە دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی چەندین حاڵەتی بەدحاڵیبوون و زەحمەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە، بەتایبەتی کە پرۆسەی تەحەڕی و گەڕان بەدوای ئەدەبیاتی کوردی قەدەغەدا بەردەوامە، یان گەڕان بەدوای (خەڵکانی لە یاسا لادەر) و گەڕان بەدوای چەکدا کە جووتیارانی کورد و خەڵکی

ناوچەکوردییەکان بەهۆیەوە توشی لێدان و جنێوپێدان و نامـوسبردنی دڕندانە دەبن. ئەم هەمـوو هێزە چەکدارە لە کوردستـانی تورکیـادا، لەلایەکی ترەوە بۆ خۆ نواندن و ترساندنی کـوردە، ئەمـەش سـیـاسـەتێکە لە سـەردەمی ئەتاتورکـەوە پەیرەوی کـراوە و دەکـرێ. سەرکردایەتی سوپایی، لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی تورکیادا دەستووریان بۆ خەڵکی دەرکـــردووە کـــە بەرد و تاوێران کـــۆ بکەنەوە و بۆیەی ســـپی بکەن و لە دووڕیانە سەرەکییەکاندا دای بنەن، تا لە دوورەوە وەکو نیشانە و دروشمی گەورە بێتە بەرچاو.

لە ساڵی ١٩٨١دا هەر کەسێک ڕێی بکەوتایەتە تورکیا لەم بابەتە دروشمانەی بەر چاو دەکەوت: (یەک وڵات) یان "ئەوەی خۆی بەتورک بزانێ بەختەوەرە". ئەمە جگە لەوەی کە لە بەردەم بچوکترین مـەخفـەری پۆلیـسدا لە کـوردسـتـان، کۆتەڵێک یان بەلای کەمـەوە وێنەیەکی گەورەی کەمال ئەتاتورک قوت کراوەتەوە، ئەو ئەتاتورکەی گوایە بەبابی شەرعی هەمـــوو چەوســاوەکـانی کـوردی تورکـیــا دەژمـێــردرێ. هەروەها لە هەمـــوو دایەرە حکوومـەتییـەکاندا وێنەی هەڵواسراوە و زۆر جار وێنەی سـەرکردەی ئەم دوا کودەتایەش (کەنعان ئیڤرین)ی بەتەنیشتەوە هەڵواسراوە.

لە شاری ماردین دا، حاکمی عورفی گشتی ناوچەکە دەستوورێکی دەرکرد کە قسەکردن بەزمـانی کـوردی و عـەرەبی لە شـوێنە گـشـتـیـیـەکـاندا قـەدەغـەیە. هەروەها تابلۆیەک هەڵـواسـراو لێی نووسـرا: "لێـرەدا جگە لە زمـانی تورکی ئاخـافتن بەهەر زمـانێکی دی قەدەغەیە. هەرچەندە زۆربەی خەڵکی ماردین کوردن و کەمینەیەکی عەرەب و ئەرمەنیش لەو شارەدا دەژین، ئەوجاش لە قـوتابخانەکـاندا بەزمانی تورکی دەخوێندرێ، دیارە ئەمە بەلای ئەو منداڵە کورد و عـەرەب و ئەرمـەنانەوە کە بەر لە چوونە قـوتابخـانە، لە کوچەو کۆڵاندا فێری زمانی زگماکی خۆ دەبن شتێکی سەیرو عەنتیکەیە! حکوومەتەکەی ژەنەڕاڵ ئیـڤرین، ڕێگەی بانگەشە و ڕێبـازی ئیداری بۆ سـەلماندنی شایستـەیی خۆی نەگـرتەبەر، بەڵکو هەمـان ڕێبـازی حکوومـەتەکـانی پێش خـۆی گـرتەبەر و ڕێبـازی سـەرکـوتکارانەی دڕندانەی بۆ دامرکاندنەوەی هەرا و هەنگامەکانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات گرتە بەر... یەکەی سوپایی و جەندرمـە و هێـزی کۆمـاندۆ بەبیـانوی گەڕان لە چەک و تەقەمـەنی و ئەندام و لایەنگرانی ڕێکخراوە کوردییەکان، هێرشێکی گەورەیان کردە سەر ناوچەکانی کوردستان و ئیدی ئاژاوە و نیگەرانی و ترس ناوچەکـانی گرتەوە. هەروەها جووتیارە کوردەکان تووشی هێرشێکی تری تاڵان و بڕۆو زێدەگاڤیی لە بابەتی ڕووداوەکـانی ساڵانی سیـیـەکان بوون لەلایەن مەفرەزە سوپاییە تایبەتییەکانەوە.

گۆڤـاری (دیرشپـیگل)ی ئەڵـمـانی و کـەناڵەکـانی ڕاگـەیاندنی ڕۆژئاوا، ڕووداوێکیـان بڵاوکردەوە کە دەکرێت بەبەڵگەیەکی بێ چەند و چونی ئەو حاڵەتە دابنرێ:

"هێزی جەندرمە، کێشەیەکی شەخسی نێوان یەکێک لە پارێزەرە دادپرسە گشتییەکان و سەرۆکی عـەشیرەتی (ژیرکی) کوردییـان کرد بەهەنجـەت و پەلاماری "شارۆچەکـەی بیت شباب" و زۆر گـوندی دەوروبەریاندا لە ناوچەی هەکاریدا. دوو هەزار جەندرمە ڕژانە ئەو دەڤـەرە و بەناهەق خـوێنی پێنج سـەد کـوردیان ڕشت کـە لە ترسـاندا پەنایان وەبەر چیـا بردبوو؛ ئەمە وای کرد هەزاران کەسی دی لە ترسی گیانی خۆیان هەڵێن و بڕەڤن.

هەرچەندە هێـزی جـەندرمـە نـاوچەکـەیان تەنی و نەیان دەهێـشت چ کـەسـێک بچێـتـە ناوچەکـەو بەچاوی خۆی ڕووداوەکان بدێنی و پاشان لە سـەریان ببێ بەشایەت، ئەوجاش ڕۆژنامـەنووسی تورک (کـورمـاس)ی پەیامنێـری ڕۆژنامـەی (حـوڕیەت)ی تورکی، کـە لە ئەستەمبوڵ دەردەچێ، توانی خۆی بگەیەنێتە پەناگەی کوردەکان و قسەیان دەگەڵ بکات و چەندین وێنەیان بگرێ. ڕۆژنامـەنووسی نێـوبرا و لە ڕۆژی ١٨ت١دا شـارۆچکەی (بیت شبـاب)ی بەجێ هێـشت. بەڵام پیـاوانی میت ئۆتۆمـبێلەکـەیان ڕاگـرت. داوایان لێکرد ڕێکوردەرەکـەی و ئەوکـاسێـتـانەیان بداتێ کـە دیمانەی کـوردە هەڵاتووەکـانی لەسـەر تۆمـار کـردون، بەڵام (کـورمـاس) نەیدانێ. ئەوەبوو دوای چەند ڕۆژێک خەڵکی گـوندەکـانی ئەو دەوروبەرە هەواڵیـان بۆ مـەخـفـەرێکی جـەندرمـە برد کـە جـەنازەیەک لە ئۆتۆمـبـێلێکدا دۆزراوەتەوە و لە قەراخی جادەکە فڕێ دراوە.

بەڵگەنامەیەکی بێ چەند و چون لەلایەن ڕێکخراوی ئەمنیستی ئەنتەرناشناڵەوە:

ڕێکخراوی ئەمنیستی ئەنتەرناشناڵ لەم دواییانەدا بەڵگەنامەیەکی بڵاوکردەوە کە چەندین نموونەی ڕەفـتـاری هۆڤـانەی دەرهەق بەکـورد تێـدا تۆمـار کـراوە. لە سـاڵی ١٩٧٥دا جـەندرمـەی تورک هەمـوو خـەڵکی گـوندی (هفـریش)یان خـڕکـردەوە، داوایان لێکردن زانیـاریان دەربارەی قـاچاخچیـان بدەنێ، بەڵام کە کەس زانیاری نەدانێ، لە سزای ئەوەدا کە هاوکارییان لەگەڵ حکوومەتدا نەکردووە، ناچاریان کردن کە چەندین کیلۆ خوێ بخۆن. هەروەها جەندرمە بەچەرخەکانیان ڕدێنی پیرەمێردی گوندەکانیان دەسوتاند. بەڵگەنامەی نێـوبراو ئامـاژە بۆ زۆر جـۆرە نەهەقی دەکـات کـە تورک لە کـوردی دەکـەن، بەڵام باوترین جۆری ئەو ناهەقیانە بریتییە لە فەلاقە، لێدان، کاری بێ ناموسی، تەعـەروزی ناموس، کارەبا پێوەنان.

(گەرماوی هەتاو–ی هاوچەوخ) ئەمیش یەکێکە لە شێوازەکانی ئەشکەنجەدان. ئەم شێوازەش زۆر بەکاردێت. ئەمە شێوازێکە کە خەیاڵی نەخۆشی ئەفسەرێکی جەندرمەی تورک دایهێناوە: ئەمە بریتییە لەوەی کە کوردی گومان لێکراو دێنن، ڕووت و قووتی دەکەنەوە، هیچ جۆرە جلێکی لەبەر نایەڵن، ئەوجا ناچاری دەکەن لەسەر چەند پلێتێکی گەرم گەرم و بەپشتدا ڕابکشێت و بە بەردەوامی بروانێتە هەتاو، خۆ ئەگەر یەکێک بەناچاری چاوێکی بنوقێنێ، ئەوا جەندەرمە بەدۆنکی تێ بەردەبێ و ناچاری دەکات زەق زەق بروانێتە هەتاو. شایەتێکی عەیان کە بەخۆی لە دوای کودەتا سوپاییەکەی ساڵی ١٩٨٠دا، کاتێ بەکوردستاندا ڕەت بووە، بەچاوی خۆی جەندرمەی دیتوە خەڵکی گوندی (میدیات)یان ناچار کردووە خۆ ڕووت بکەنەوە و لەسەر سک بەنێو پەرێزێکی تازەدا بڕۆن و وازی لێ نەهێناون تا هەموو سک و سینگیان بووە بەیەکپارچە برین و خوێنی لێ چۆڕاوە، ئەمەش بەو هەنجەتەی کە گوایە ئەفسەرێکی جەندرمە گوتوویەتی (یاخی)یەکان کە پۆلیس تاقیبیان دەکەن، بەوێندەردا ڕەت بوون.

هەروەها ئیڤرین وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد لە وتەکەیدا لە مەلاتییە دانی بەوەدا نا کە لە ڕۆژی ١٢/٩/دا کە دەکاتە ڕۆژی پاش کودەتاکە: "ژمارەیەکی زۆر لە خیانەتکارانی نیشتمان لە پرۆسەیەکی تەحەڕیدا دەستگیر کران، ئەوانەش کە دەستمان پێیان نەگەیشتووە هەر کاتێ بجوڵێنەوە، فرمان دەردەکەین کە تەحەڕی بکرێنەوە، ناچار بوین زۆر جاران ئەم پرۆسەیە دووبارە بکەینەوە". هەروەها لە وتەکەیدا ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە بەتەمان لە ئایندەدا چی دەرهەق بەو خیانەتکارانە بکەن و دەڵێ: "هێزی جەندرمە و سوپا، هەر کە ئەو خیانەتکارانە بجوڵێنەوە، دەستگیریان دەکات ئیدی لە هاوین بێ یان لە زستاندا، پاکیان دەکەینەوەو مل کەچی دەستوورو فرمانەکانی خۆمانیان دەکەین".

قەوان و کاسێت –ی گۆرانی و موسیقای فۆلکلۆری کوردی لە ڕیزی پێشەوەی شتە قەدەغەکاندا بوون؛ دیارە ئەمەش هۆیەکی بەجێی خۆی هەیە: لەوساوە کە ڕۆژنامە و چاپەمەنی بەزمانی کوردی قەدەغە کراوە، هەرچەندە کاتێ کە دەریش دەچون زۆر بەکەمی دەخوێنرانەوە، چونکە ڕادەی نەخوێندەواری لە نێو جووتیار و هاوڵاتیانی کوردا زۆر زۆرە، ئیدی ڕۆڵی (دەنگ بێژان) زیادی کرد و ئەمەش هەراسی لەبەر پرسان هەڵگرت، چونکە هونەرمەندان و دەنگبێژانی کورد هەوڵ دەدەن ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە کە سیاسەتی چەوساندنەوەی ڕۆشنبیری تورکی، دەرهەق بەکورد، دروستی کرد. زۆرجار ڕێک دەکەوێ

کە هەزاران کورد لە شاراندا کۆدەبنەوە تا گوێ لە دەنگبێژێکی کورد بگرن، دیارە پاش ئەوەی ژێراوژێر و بەدزییەوە و دەماودەم و بەچپە بانگەشەی پێویستی بۆ دەکرێ. جەندرمە لە سەرەتادا ویستیان گوێ بەم جۆرە کۆڕ و ئاهەنگ و کۆبوونەوانە نەدەن، پێیان وابوو ئەمە شتێکە لە بابەتی ئاهەنگی زەماوەندو ئەو جۆرە بۆنانە، بەڵام کە لە ئەنجامدا پەیان بەدەلالەت و نێوەرۆکی سیاسیانەی ئەم کۆبوونەوە جەماوەرییانە برد، ئیدی پەلاماریان دان و بڵاوەیان پێ کردن و قەدەغەیان کرد.

شاعیری بەرەڤانی (شڤان) مەترسییە بۆ ئاسایشی دەوڵەت

سترانبێژ شڤان–ی ناسراو بە(شاعیری بەرەڤانی) لە سەرەتای حەفتاکاندا یەکێک بوو لە هونەرمەندە بەنێوبانگەکانی ئەو مەیدانە. جەندرمە زوو هەستیان بەخەتەرو مەترسی ئەم هونەرمەندە کرد. بۆیە هەرهەموو کۆڕو کۆبوونەوە و بۆنەیەک، کە شڤان ئامادەی بێ، قەدەغە کرا. هەروەها جەندرمە ئەو فەندو فێلانەشی کەشف کرد کە بەناوی بۆنەی کۆمەڵایەتییەوە وەکو پەردەیەک بەکاردەهێنران تا شڤان لە سایەیدا ئاهەنگ بگێڕێ. لەگەڵ ئەوەشدا گۆرانییەکانی هەموو لەمپەر و سنوورێکی بڕی و بەئاسانی خۆی بەهەموو ماڵێکی کوردا دەکرد چ لە شاران و چ لە گوندان. هەرچەندە قەدەغەکرا کە لە بۆنە ئاشکراکاندا گۆرانی بڵێ و ژمارەیەکی زۆر لەو کاسێت و قەوانانەی کە گۆرانی شڤانیان لەسەر تۆمار کرابوو دەستیان بەسەردا گیرا، ئەوجاش هەموو خەڵکی گوێیان بۆ دەنگی شڤان ڕادەدێرا کە لە دوورەوە لە کاسێت و بڵندگۆکانەوە دەیپرسی: کوردستانم کا؟

شڤان، بەگۆرانی هەستی کوردی جۆش دەدا، داوای لێ دەکردن لە پێناوی ئازادی و مافی خۆیاندا بخەبتن و دەقی سترانی شۆڕشگێڕانەی پێشکەش دەکردن وەک:

"کوردستانم کا... نیشتمانم کا؟
کا ڕەز و باخمان... کێڵگە و مەزرامان، کا نیشتمانم؟
کوردستان گولیلکا سوورا من
من لە نیشتمانم، لە کوردستانم دەگەڕێم و نایدۆزمەوە.
دوژمنان، بست بەبستیان داگیر کردووە.
یان:
کوردستان ئێمەی هێنا... کردینی بە بەشەر
شەو دەبێ هەر ڕۆژ ببێتەوە

هەتاو لە نوێ هەڵبێتەوە.

کوردستان ئەی نیشتمانم... لە بیرت ناکەم... نا نا لە بیرت ناکەم".

شڤان لە ساڵی ١٩٧٦و لە ئەنجامی ڕاوەدوونانی بەردەوامەوە ناچار پەنای وەبەر هەندەران برد. لە ئەروپادا کەوتە گۆرانی گوتن بۆ ئەو کرێکارە کوردانەی کە لە کوردستانی تورکیاوە هاتبوون و دەرفەتیان بۆ ڕەخسابوو کە هوشیاری ڕۆشنبیریی نەتەوەیی خۆ پەروەردە بکەن و بۆ یەکەم جار لە ژیانیاندا ئاشنایی کتێبی کوردی و مێژووی نەتەوە و گەلی خۆ بووبوون. لە ساڵی ١٩٧٧دا دەرفەتم بۆ هەڵکەوت لە ئاهەنگێکی گۆرانی گوتندا بیدینم، گۆرانی بۆ سەدان کەس لە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی خۆی دەگوت... لە ئاهەنگێکی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و ئەڵماندا لە شاری سانتی ئوگستینی ناوچەی ڕاین-ی ئەڵمانی ئەم ئاهەنگەی دەگێرا... میرکامەران بەدرخان-ش کە تەمەنی ٨٠ ساڵ بوری بوو، لە پاریسەوە بۆ ئەو ئاهەنگە هاتبوو تا گوێ لە شڤان بگرێ کە گۆرانی (کوردستانم کا)ی دەگوت.

لەو موناقەشە و باسانەدا کە لەوێ دەکران و نوێنەرانی بزاڤی کوردی-یش ئامادەی بوون، ئەو بزاڤەی کە ژەنەڕاڵ بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێبەری دەکەن، ئەوەم بۆ دەرکەوت کە ئەو کوردە پەنابەرانەی ئەوروپا، کەوتوونەتە خۆ بۆ ئەوەی یەکێتییەک لە نێو هەر هەموو ئەو ڕێبازە کوردییە جیاوازانەدا دروست بکەن کە لە پێناوی ڕووخاندنی هەموو ئەو ڕژێمە چەوسێنەرانەدا تێ دەکۆشن کە لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا کورد دەچەوسێننەوە. دیارە ئەمەکارێکی مەحاڵ نییە و بگرە زۆریش لە گوینە، ئەگەر ئەوە لەبەر چاوبگرین کە ڕۆڵەکانی گەلی کورد بۆ یەکەم جار دەتوانن یەکدی بدیێن بەبێ ئەوەی ناچار بن ئەو سنوورانە ببڕن کە چارەنووسن هێزی سوپاییەوە چاودێری دەکرێن. ئیدی بەم جۆرە دەرفەت بۆ کوردی محافەزەکار و ناسیونال عەشایەر و شۆڕشگێرانی سۆسیالستی وەکو شڤان و میرانی کۆنە فیوداڵی وەکو (میر بەدرخان) و داواکارانی ڕیفۆرمی کشتوکاڵی، ڕۆشنبیرانی کوردی کوردستانی عێراق و کرێکارانی سادەی دواکەوتوترین ناوچەی کوردستانی تورکیا، ڕەخسا کە بەئاسانی یەکدی بدیێن و بەوپەڕی ئازادی و لە گۆشە نیگایەکی ئایندەگەرییەوە موناقەشەی ئەوە بکەن کە چ هەنگاوێک بنەن و چ نەخشەیەک دابنەن بۆ وەدیهاتنی ئاوات و خەونەکانیان، بۆ ڕزگاری و ئازادی وڵاتەکەیان.

هەروەها هەزاران کوردی تورکیا، بۆ یەکەم جار لە ژیانیاندا دەرفەتیان بۆ هەڵکەوت، یەکەمین نامیلکەی فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی کوردی، بەزمانی کوردی بدیێن. دیارە

ئەمەیان لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی (بەتلیس)، (دیاربەکر)، یان (وان)دا نەبینی، بەڵکو لە بارەگاکانی کۆمەڵە و سەندیکا کرێکارییە کوردییەکانی شارانی (دورتموند) یان (ئویرتال) یان (بەرلین)ی ئەڵمانیای فیدراڵیدا بینیان. هەرچەندە کاری هاوبەش و هەم ئاهەنگی خەبات لە نێوان کرێکاران و ڕۆشنبیرانی کوردا لە بنەرەتدا لە کوردستانی تورکیاوە دەستی پێکرد، بەڵام ئەم هاوکاری و هەم ئاهەنگییە بەشێوەیەکی ئاشکراترو خەملێوتر لە ئەروپادا دەرکەوت، چونکە لە ئەوروپادا زۆر ئیمکانات هەیە کە لە وڵاتی خۆیاندا نییە.

لە (کارل مای)یەوە بۆ (کارل مارکس)

گورانییەکانی شڤان بەلای منەوە ڕەنگدانەوەی ڕوویەکی تری ڕووداوەکانی مەسەلەکەن: بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لەم ساڵانەی دواییەدا ڕێڕەوێکی گرتەبەر کە زۆر دوورە لەو وێنە و دیمەنە ڕۆمانسیانەی کە باری سەرنج و تێبینی گەشتیارانی ئەوروپایی لە سەدەی نوزدەدا دەربارەی کوردستان و کورد لە هزرو بیرماندا دروستیان کرد بوو. بزووتنەوەکە، بەتایبەتی لە کوردستانی تورکیادا گۆڕا بۆ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی سوسیالستی دژ بەئیمپریالیزم، وەکو چۆن ئەمە حاڵی هەموو بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نیشتمانییەکانی جیهانی سێیەم بوو.

گۆرانییەکانی شڤان لە هەمان کاتدا ئاراستەیە بۆ ناسیونالیستەکان و شۆڕشگێڕەکان-یش ئەمەش لە ناونیشان و نێوەرۆکی گۆرانییەکاندا دیارە:-"...ڕابن...لێدەن...سەرکەون بەسەرچەوسێنەراندا...سەیری دنیای دەوروبەرتان بکەن...خەباتی شۆڕشگێرانی دنیا بخوێننەوە...ئەوە فەلەستین و ڤێتنام". زۆربەی گۆرانییەکانیش بەم جۆرە کۆتاییانە دواییان دێت: "ڕۆژی شۆڕشی سەرکەوتووی کورد هاتووە، ئەو شۆڕشەی ئاڵای سووری بەرزی شەکاوە ڕێبەری دەکات". یان ڕستەو دەستەواژەی تری لەو بابەتە. کوردی تورکیا و هەندێ لە کوردی ئێران، ئەوانەی کە تازە لە دنیای کارل مای هاتبوونەدەرێ، پەنایان وە بەر کارل مارکس برد و ئەویان بەپەناگەی خۆ زانی؛ دیارە ئەمە بەشێوەیەکی دیار لەنێو لاواندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەو لاوانەی بەتاسەوە ئەو سەربهوردە نەتەوەییانەی لە مەڕ سوڵتان مەحموود یان (سوارەی ڕەش) هەن دەخوێننەوە ئەمە جگە لەو نووسراوانەی کە ماوتسی تونگ و لینین لەمەڕ شەڕی پارتیزانی نوسیویانن. هەروەها خەڵکێکی زۆر لەوانەی کە خەون بە(ئازادی بۆکوردستان)ەوە دەبینن، هەوڵ دەدەن شەڕێکی ڕزگاریخوازی لە بابەتی

شەڕی ڕزگاری ڤێتنام و ئەنگۆلا بەرپا بکەن. (یورگن ڕوث)ی نووسەری ئەڵمانی کە لە تورکیادا زیندانی کراوە لەسەر ئەوەی کە لەسەر داوای ڕێکخراوی ئەمنیستی ئەنتەرناشنال، ڕاپۆرێکی لەمەڕ کوردستانی تورکیا ئامادەکردبوو، دەڵێ: "کورد، لە تورکیا دەتوانن هەمان دەور بگێرن کە باسک لە ئەسپانیادا دەیگێرن".

دیارە چەند هۆیەک هەیە بۆ ڕووکردنە ئەم ڕەوتی چەپگەراییە: لە کوردستانی تورکیادا ئەو بیرە چەسپی، کە بۆ یەکەم جار و لە ساڵی ۱۹۷۰دا ئیعترافی ڕەسمی بەبوونی کورد کرا، ئەم ئیعترافەش لەلایەن حزبێکی سۆسیالستی تورکییەوە بوو، ئەویش حزبی کرێکارانی تورکی بوو کە لە کۆنگرەی هەمان ساڵی خۆیدا دەپاتی کردەوە کە: "گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی تورکیادا دەژی". هەر هەمان کۆنگرە ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە "حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تورک، سیاسەتی تۆقاندن و تواندنەوەی نەتەوەییان دژ بەکورد بەکارهێناوە و ئەم چەوساندنەوەیەش لە شێوەی هێرشی سوپایی و عەمەلیاتی ڕاوەدوونانا خۆی نواندووە"... کۆنگرەکە گەییە ئەو ئەنجامەی کە هۆی دواکەوتویی ناوچەکە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی دوژمنکارانە دژ بەکورد و هەروەها بۆ ئەو سیاسەتە ئابوورییە گشتییەی کە ئەم حکوومەتانە لە سەری دەڕۆن". دیارە ئەم هەڵوێستە بەرانبەر بەکورد، یەکێک بوو لەو هۆیە سەرەکیانەی کە حکوومەتی هاندا ئەم حزبەقەدەغە بکات.

کاتێ دادگای سوپایی سێیەم لە ئەنقەرە و لە ڕۆژی ۱۹۷۱/۸/۱۹دا سەرانی ئەم حزبەی دادگایی کرد، بەوە تاوانباری کردن کە «مومارەسە و پشتیوانی لە سیاسەتی جوداخوازی دەکەن. حکوومەت بەم کارەی یەکەمین بەردی بناغەی هاوکاری و هەم ئاهەنگی لە نێوان بزاڤی ڕزگاری کورد و سۆسیالستە تورکەکاندا دانا.

تەنانەت ئەوسەرکردە و ڕێبەرە کوردانەش کەپێیان وابوو ڕێکخستنی بزاڤی ڕزگاری کورد لەچوار چێوەی ڕێکخراوانی شەقڵ کۆمۆنیستی- سۆسیالستیدا بۆ کورد مەترسییە، ئەوانەش کەوتنە ئەوەی لە ڕوانگەیەکی تازەوە مەسەلەکە تاوتۆێ بکەن ؛ ئەوانە پێیان وایەکە حکوومەتە تورکییە یەک لە دوای یەکەکان، لەلایەکەوە بوون بەشەریکی پەیمانی ناتۆ و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لافی ئەوە لێدەدەن کە گوایە بەرگری لە ئازادی دەکەن؛ بوون بەو شەریکەی کە تازە ئەمریکا دەستیان لێ هەڵناگرێت.. لەلایەکی ترەوە ئازادی لە وڵاتەکەی خۆیاندا؛ لە تورکیادا قەدەغە دەکەن و بەجۆرێکی هێندە توند و دڕندانە کورد دەچەوسێننەوە کە بەهیچ جۆرێ لەو چەوساندنەوانە کەمتر نییە کە لە سەردەمی ستالین و لە سەردەمی فاشیزمدا بەکارهێنراون.

ناوچەیەک، لە خوار ئاستی نەشونماوە

فاکتەری هەرە گرینگی ئەم بۆچوونە تا ئێستا، ئەو حاڵەتی پاشکەوتنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەیە کە ناوچە کوردنشینەکانی تێدا دەژی، هەروەها ئاستی بژێوی زۆر نزمی کورد لە تورکیا؛ ئەو تورکیایەی پەیوەستە بەجیهانی ڕۆژئاواوە و جیهانی ڕۆژئاواش تەماحی ئەوەیان هەیە کە ببێ بە وڵاتێکی گەشتیاری وەها کە سوور بێ لەسەر پاراستن و قووڵکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوپەیمانانی جیهانی (ئازاد)ا، ئەویش لە ڕێگەی کودەتای سوپایی یەک لە دوای یەکەوە. تا ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی عەنەدۆڵدا ئاغاواتی وەها هەن کە یەکێکیان حوکمی پتر لە هەشت سەد گوند دەکات. یەکێک لەو ئاغایانە دە گوندی (ئورفە)ی نزیکی سنووری سوریا بەموڵکی خۆی دەزانێ.

پتر لە ۱ لەسەر۳ی خێزانە جووتیارە کوردەکان بێ زەویوزارن. هەروەها کاری قورسی وەرزێڕی و بەدخۆراکی و کەمی بایەخدانی پزیشکی کارێکی وەهای کردووە کە تێکڕای تەمەن لە نێو کوردی ڕۆژهەڵاتی عەنەدۆڵدا لە ٤٥ساڵ کەمتربێ... لە هەندێ ناوچەی کوردنشینی وەکو هەکاری، مرۆڤ بۆ ئەوەی دکتۆرێک بدینێ دەبێ بەپێیان یان بەسواری قاتر ماوەی (۱۵۰) کیلۆمەتر ببڕێ. خۆ لە زستاناندا یان کاتێ ئەو چەند دکتۆرە کەمەی ناوچەکە، لەتاو سەرما و سۆڵە خۆدەگەیەننە ڕۆژئاوا-ی تارادەیەک گەرم، ئەوا سادەترین نەخۆشی دەبێتە مایەی مەرگی نەخۆشەکە.

بەپێی ئامارێک کە لە ساڵی ۱۹٦٥دا ئەنجام دراوە، لە سەرانسەری تورکیادا هەر (۲٦۸۰) هاوڵاتی یەک دکتۆریان بەردەکەوێ. بەڵام لە ناوچە کوردنشینەکاندا کە بەهۆی ساردی و سەختی ناوچەکەوە پێویستیان بەدکتۆری زیاتر هەیە، ئەوا دەبێ هەر دکتۆرێک (٦٦٦۷) هاوڵاتی مالیجە بکات. لە شاری تەبلیسدا هەر (۵۷۵۰۲) کەس یەک دکتۆریان بەر دەکەوێ. خۆ ڕێژەی دکتۆری ددان و دەرمانخانە زۆر خراترە لەوە. بۆ وێنە لە شاری (سیرت)ی کوردی دا هەر (۲٦٤۰۰۰) کەس یەک دکتۆری ددانیان بەردەکەوێت. لەکاتێکدا کە بەپێی ئامار لە تورکیادا بەرانبەر بەهەر (۲۰,۰۰۰) کەس یەک دەرمانخانە هەبووە، ئەوا لە دەڤەر و هەرێمی هەکاریدا تاقە یەک دەرمانخانە نەبووە. هەروەها سەبارەت بەناوچەی دەرسیم-ش کە پتر لە جارێک لە ڕووی تورکەکان ڕاپەڕیوە. لە ڕۆژی ۱۹٦۹/۵/۱۰دا ئەنجومەنی شارەوانی (چوقورچە ئولودەرە) ئەم بروسکەیەیان بۆ لایەنە ڕەسمییەکانی ئەنقەرە ناردووە: "سێ هاوڵاتی کە لەبرساندا گژ و گیایان خواردبوو مردن.

لەبەر ئەوەی لەم مەڵبەندەدا چ دکتۆر و چ پەرستارێک نییە، بۆیە هۆی مردنەکەیانمان بەم شێوەیە دیاری کرد: مردن بەهۆی خواردنی گژ و گیاوە." لەساڵی ١٩٧٦دا گۆڤاری جڤاتی پزیشکانی تورک نووسیویەتی کە ڕێژەی مردن لە نێو منداڵانی چوار ساڵان کەمتر لە تورکیادا دەگاتە ٩و٥٤ ٪ لە یەکێک لە ساڵەکاندا شەست هەزار قوربانی ناوچە کوردنشینەکان بەهۆی نەبوونی مامۆستاوە لە خوێندن مەحروم بوون. ئەمە لەوکاتەدا کە ڕێژەی نەخوێندەواری لە تورکیادا ٤٥ ٪ ، ئەوا ئەم ڕێژەیە لە ناوچە کوردنشینەکاندا دەگاتە ٧٥ ٪ .

ئەم حەقیقەتانە وایان لە پسپۆڕی هندی (مەجید ڕەشید جەعفەر) کرد،کە پسپۆڕە لە کاروباری فریاکەوتنی دەوڵەتانی نامیدا، ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا بکات بەبواری لێکۆڵینەوەیەکی خۆی کە لە ساڵی ١٩٧٦دا لە ژێر ناونیشانی "لە خوار ئاستی نەشونماوە" لە هلسنکیدا بڵاوی کردەوە. *"دکتۆر مەجید جەعفەر هندی نییە وەکو لە دەقە ئەڵمانییەکەدا باس کراوە، بەڵکو کوردی کوردستانی عێراقە، لە کەسایەتییە نیشتمانی و خوێندکارییە دیارەکانی کوردە لە ئەوروپا، سەیرە نووسەر وێڕای شارەزایی باشی لە زۆر لایەنی دۆزی کوردی و بزاڤی خوێندکاری وسیاسی کوردی لە ئەوروپا، ئەم هەڵەیەی بەسەردا تێ بپەڕێ. عبدالسلام بەرواری"* .

لە ڕوانگەی ئەم دوا کەوتنە گشتییە و ئەم هەژارییە کۆمەڵایەتی و چەوساندنەوەیەوە، لە ڕوانگەی گومان کردن لە نیازپاکی دنیای ڕۆژئاوا، کە بەو چاوە سەیر دەکرێ کە هاوپەیمانی ئەنقەرەیە و لە دوا ئەنجامدا بەرپرسیارە لەو وەزع و حاڵەی کوردی تێدایە، ئا لەم زەمینە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، گەلێک قوتابی و ڕۆشنبیرو لاوی کورد لە سەرەتای هەفتاکاندا لە دەوری یەکدی خڕ بوونەوە بۆ موناقەشەکردنی ڕێگەیەکی تازە بۆ وەدی هێنانی ئازادی خۆیان. ئەو زمانە سیاسییەی ئەوان پێی دەدوێن زۆر جیاوازە لەو زمانەی کە بابیان پێی دەدوان و بەوە قاییل بوون کە خودموختاری ڕۆشنبیرییان بدرێتێ و سوکە گۆڕانێک بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیاندا بێت.

بزاڤی ڕزگاری نوێی کورد، کە گۆڕاوە بۆ بزاڤێکی سۆسیالیستی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی، ڕێکخراوە چەپە تورکەکان، پشتیوانی لە ئامانجەکانی دەکەن، هەنگاوی پتەو لە ڕێی شەڕی پارتیزانی دەنێ، پشتیوانییەکی ئایدۆلۆژی و پراتیکی دەکرێ لەلایەن براکانیانەوە لە ئێرانەوە، بەتایبەتی دوای ڕووخانی شا.

فەسڵی شەشەم

ژەنەڕاڵ سالم ئاتاکیخوف... و سەفەری باکۆ

کوردی ئێران، بایەخدانەوەی نوێی سۆڤیەت بەدۆزی کوردی

فڕۆکە ڤانتۆمەکانی ئێران بەگرمەگرم بەسەر شاردا تێپەڕین. کاتێ فڕۆکەکان لە ئاسمانی شاردا دەنگیان بەردا، ئاپورای خەڵکی مەیدانی چوار چرا زۆر ترسان. هەرچەندە فڕۆکەکان شاری مهابادیان بۆردومان نەکرد، بەڵام خەڵکەکە چ ئومێدێکیان بەو ئاشتییە نەما کە لە گۆڕێدا بوو. خەڵکی شارو ئەو جووتیارانەی کە هاتبوونە نێو شار، کەوتنە دروستکردنی پەناگەو هەڵکەندنی سەنگەرو چاڵە تەیارە؛ چونکە سوپای ئێران ڕوەو شار دەهات و لە دووری چل کیلۆمەتری شاردا بوو. بەڵام کاتێ ترومبێلی عەسکەری پڕ لە پێشمەرگەی چەکداری کورد گەیینە ناو شار، هەر هەموو ئەو هەستە نیگەرانی ئامێزانە ڕەوینەوە. دیارە پێشمەرگەکان ئەو چەکانەیان لەو جبەخانە سوپاییانەی ئێراندا گرتبوو، کە لەو چەند ڕۆژەی دوای ڕووخانی شادا، تەواو لە حاڵەتی هەرەس دا بوو. وەختێ ئۆتۆمبێلەکان گەیینە مەیدانی چوارچرا و ڕووە و باکور ملیان نا، ئیدی دەنگی هورا و سروودی پێشمەرگە و لە پێش هەموویانەوە سروودی (ئەی ڕەقیب) بەرز بووەوە. ئەم سرووده لە مهابادا و لە ساڵی ١٩٤٦دا لەلایەن شاعیری کورد (یونس ڕەئووف دڵدار)ـەوە دانراوە: "ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان، نای شکێنی دانەری تۆپی زەمان... کەس نەڵێ کورد مردووە، کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زندووە... زندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان... جەنگاوەرە کوردەکان ئەم کۆپلەیەی دواییان بەشێوەیەکی تایبەت و بەدەنگی بەرزی پڕ لە شانازییەوە دەگوتەوە":

"سەیری کە خۆیناوییە ڕابردوومان... لاوی کورد هەر حازر و ئامادەیە: گیان فیدایە گیان فیدایە هەر گیان فیدا"

یەکەم تەق و تۆق و پێکدادان-ی تازەی سوپایی لە مەهاباد و شاری سنەی باشووری مهابادەوە دەستی پێکرد، کاتێ ڕژێمی شا وەکو شێرە بەفرینە توایەوە و کەوت، کورد دەستیان بەهێرشێکی کوتوپڕکرد بۆ سەر سەربازخانەی سوپای ئێرانی لە مهاباد، پاش ئەوەی سەربازەکانی لیوای پیادەی (٢٨) هەڵاتن و سەربازخانەکەیان بەجێ هێشت، کە ئەفسەرێکی ئێرانی بەپلەی لیوا لەم عەمەلیاتەدا بریندار بوو،کوردەکان دەستیان بەسەر

سەربازخانەدا گرت. تەق و توق لە زۆربەی ناوچە کوردنشینەکاندا، بۆماوەی چەند ڕۆژێک درێژەی کێشا... هێزی پاسدارانی سەر بەحوکمڕانی تازەی ئێران (خومەینی) پشتیوانیان لە هێزی ئێران دەکرد. بەپێی ڕاپۆرە ڕەسمییەکان لەم شەڕانەدا (٩١) کەس کوژران، بەڵام سەرچاوەکانی تری هەواڵ، وا ڕادەگەیەنن کە کوشتاری ئەم شەڕانە لە پێنج سەد کەس پتر بووە و جگە لە سەدان زامدار. کوردەکان، لە سەرەتاوە زۆر بەگەرمی پشتیوانیان لە شۆڕشی ئێران کرد، بەتەمابوون مافی خود موختارییان بداتێ و نەرم و نیانییەکی زیاتریان لە گەڵدا بەکاربێنێ بۆ وەدیهاتنی داخوازییەکانیان.

شاندێکی کوردی لە پیاوانی ئایینی و سەرەک عەشایەری کورد لە شارەکانی سنەو کرماشان و مەهابادەوە بەرەو تاران چوو تا گوێ ڕایەڵی و پشتیوانی خۆی بەخومەینی ڕابگەیەنێ. بەڵام ئیمام هێشتا هەر مەستی سەرکەوتنەکانی خۆی بوو، بۆیە بەئاشکرا ڕەفزی کرد کە حوکمی خودموختاری بەکورد بدرێ. هەروەها بەشاندەکە ڕاگەیەنرا کە ڕێ بەکورد نادرێ نوێنەری لە ئەنجومەنی شورادا هەبێ؛ چونکە کورد سوننی مەزەبن و ئەندامەتی لە (پەرلەمانی ئیمان داران)دا تەنێ بۆ خەڵکی شیعەیە.

کورد، کە ئەم هەڵوێستەیان بینی، هیچیان بۆ نەمایەوە تەنیا ئەوە نەبێ کە شۆڕش ڕابگەیەنن و لە ڕژێمی تازە یاخی ببن. سەرکردایەتی تازەی ئێران کە لە هەردوو مەیدانی تیۆری و پراتیکیدا بێ ئەزموون بوو، بەئاشکرا ڕایگەیاند کە (بەزەبری هێز و بەتوندی) یاخی بوونی کوردەکان سەرکوت دەکات و لە نێوی دەبات. بەڵام پاش ئەوەی هێزەکانیان لە مەهاباد و سنەدا دووچاری شکستی سوپایی بوون، ڕژێم ناچار بوو بابداتەوە و ڕێگەی گفتوگۆ بگرێتە بەر. ئەوەبوو وەزیری ناوخۆ (حاج سید جوادی) و (ئایەتوڵڵا تاڵەقانی) کە لە ڕوحانییە هەرە دیارەکانی ئێران بوو، بۆ ئەم مەبەستە بۆ مهاباد نێردران...

حوکمڕانانی تاران، پێویستیان بەئاگر بەست و ڕاگرتنی شەر هەبوو، چونکە ئەو کاتەی کە بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و هەڵبژاردنی گشتی دانرابوو، تەواو نزیک بوو بووەوە. تاران گفتی بەکورد دا کە (جۆرە سەربەخۆییەکی) لە بابەتی سەربەخۆیی وڵاتەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایان بداتێ، بەمەش ئەو هودنە و ئاگر بەستەی کە پێویستی بوو، دابینی کرد. هەڵبەتە ئاگربەستەکە لەسەر بناغەی هەندێ گفت و بەڵێنی فشەڵ ڕۆنرابوو، بۆیە نەیدەتوانی بەردەوام بێت... چونکە کورد و بەتایبەتی خەڵکی مەهاباد بەحوکمی ئەزموونی تفت و تاڵی ڕابردوویان دەیانزانی کە بەڵێن و بەڵێنکاری، چاوەڕوانی ئەوەی لێ ناکرێ خودموختاریان بۆ دابین بکات.

سەربەخۆییەک کە مێژوویەکی تایبەتی هەیە

مهاباد، بەلای کوردانەوە شارێکی پیرۆزە. چونکە بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردا، لەو شارەدا بەرزترین خۆزیاو هێڤیان هاتە دی: دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی؛ ئەوەبوو لە ڕۆژی ١٩٤٦/١/٢٣دا و لەسەر سەکۆیەکی بچوکەوە کە لە مەیدانی چوار چرادا بۆ ئەو مەبەستە ڕۆنرا بوو، دامەزراندنی کۆماری مەهاباد ڕاگەیەنرا. هەرچەندە ئەم کۆمارە لە ساڵێک کەمتر دەوامی کرد، بەڵام مێژووی کۆمارەکە و چۆنیەتی دامەزراندنی و ئەو ڕووداوانەی پێش ئەو ڕووداوە مێژووییە کەوتن و ئەو ڕووداوانەش کە بەگەڵی کەوتن، بەشێوەیەکی ئاشکرا و زیاتر لە هەر ڕووداوێکی دی، ئەو واقیعەکارەسات ئامێزە پیشان دەدات کە ئاوێتەی خەباتی کورد لە پێناوی سەربەخۆییاندا بووە. هەروەها پێگەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە نێو سیاسەتەکانی زل هێزەکاندا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین لەلایەکەوە و پەیوەستبوونی لەلایەکی ترەوە بەزروف و هەلومەرجە ناوچەیی و نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکانەوە دەنوێنێ؛ ئەوە بەدیاردەخات کە چۆن سنوور بۆ جوڵانەوەیان دادەنێ و بوارە زۆرەکانی هەڵبژاردنیان لێ کەم و سنووردار دەکات. خەباتی کوردی ئێران لە پێناوی سەربەخۆییدا کۆنە و مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە. دەسەڵاتە ڕەسمییەکانی ئێران، وەکو تورکیا لە هیچ کاتێکدا دانیان بەوەدا نەناوە کە کورد ڕۆڵەی نەتەوەیەکی سەربەخۆیە. لە باشترین حاڵەتدا وەها سەیری کورد کراوە کە هەندێ تیرە و تایفەی ئێرانین و شێوەزمان و دیالێکتی تایبەتیان هەیە. زۆر سەرچاوەی ڕۆژئاوایی بێ چ لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەیەک ئەم بۆچوونە ڕەسمی یە ئێرانییەیان وەرگرتوە و پشتیان پێ بەستووە. تەنانەت ئەو کۆششە زانستییە تازەیەش کە پێی دەگوترێ (تاريخ كمبرج لايران) ئەم گوتەیەی پەسند کردووە کە کوردی ئێران بەوە دەزانێ گوایە: "گروپێکن لە گروپەکانی گەلی ئێران و خەسڵەتی نەتەوەیی تایبەت بەخۆیان نییە. ئەمانە (کورد) بەزۆری کۆچەر و مەڕدارن و بەپلەی سەرەکی خەریکی ماڵات و ئەسپ بەخێو کردنن. دیارە بەهۆی ئەم بۆچوونە هەڵانەوە حاڵەتی کورد لە ئێراندا هێندەی دی ئاڵۆز دەبێت، چونکە لە حاڵی حازردا چ شوێنێکی جوگرافی تایبەت بەخۆیان نییە، بەڵکو لە نێوان چیاکانی ئەلبورز و خۆراساندا دابەشکراون و جگە لەوەی کە لە هەردوو پارێزگای ئازەربایجان و کوردستاندا هەن. کورد، لە سەدەی حەڤدەمدا لە خوراسانی نزیکی سنووری ئێران-سۆڤیەت نیشتەجێکراون. لە سەدەی هەژدەشدا وەکو ڕێبەری بژاڤی ڕزگاری کورد هاتوونەتە سەر

شانۆی ڕووداوەکان، بەڵام دەوریان لەبزاڤی ڕزگاریخوازی هاوچەرخی کوردیدا زۆر کەمە".

بەڵام هەوڵی بێوچان لە پێناوی سەربەخۆییدا. هەمیشە خولیای ئەو کوردانەی ناوچە شاخاوییەکانی ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ و دەشتە بەپیت و بەرەکەتەکانی موکریان و زۆربەی ناوچەکانی پارێزگای کوردستانی ئێران و بەشێک لە پارێزگای کرماشان بووە. ئەو بزووتنەوەی ڕزگارییەی کە لە پاش یەکەم جەنگی جیهان لە عێراق و تورکیادا سەری هەڵدا خێرا کاری کردە سەر کوردەکانی ئێرانیش و بەئاسانی بیری ڕزگارییان قبوڵ کرد و وەکو هەر هەموو ئەو گەلانەی کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا پێشوازییان لە بزاڤ و بیری ڕزگاریخوازی کرد، ئەوانیش پێشوازییان لێکرد. کاتێ کە عەقید ڕەزاخانی پەهلەوی لە ساڵی ١٩٢٥دا کودەتایەکی سوپایی ئەنجام دا و قاجارییەکانی لەسەر تەخت لادا و خۆی کرد بەشاهنشای ئێران، ئەمە خۆی لە خۆیدا ئاژیرو زەنگی خەتەر بوو بۆ چەوساندنەوەی کورد لە ئێراندا؛ ئەوە بوو زمانی کوردی قەدەغە کرا، جلوبەرگی نەتەوەیی کوردی قەدەغەکرا و تاران پەنای وەبەر چەکە لە مێژینەکەی خۆی بردەوە کە زۆر جاران دژی کورد بەکاری هێناوە؛ چەکی ڕاگوێزان و کۆچاندن.

٥ هەزار دۆلار، لە بری دابین کردنی سەفەری موبەشیرێکی ئەمریکی

سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی لای کورد و چەوساندنەوەیان لەلایەن دەسەڵاتی ئێرانییەوە لەلایەک و کەش و هەوای گشتی نائارامی ناوچەکە کردییە کارێک کە دەسەڵاتی ئێرانی لە ناوچە کوردنشینەکاندا لەق ببێ و لە ئەنجامی ئەوەوە کە ڕووس و تورک و ئێران بەنۆرە دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەکەدا دەگرت، ئەمە بووە هۆی ئەوەی میرانی کورد هێزی خۆیان خڕبکەنەوە و ئەو دەرفەتانە بقۆزنەوە بۆ وەدەست هێنانی چەک و ڕێکخستنەوەی هێزەکانیان.

لەلایەکی دییەوە، هەموو ئەم فاکتەرانەی کە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا لە ناوچە کوردنشینەکاندا باو بوو لە ئێران، کردییە کارێک کە شۆڕشێکی کوردی بەسەرکردایەتی ڕوبن هود-ی کوردی؛ سەرکردەی خێڵەکی (اسماعیل- سمکۆ) بەرپا ببێ کە لە پایزی هەمان ساڵدا بەهێزێکی سێ هەزار کەسییەوە لە دۆڵەکانی عەشیرەتی شکاک، پەلاماری ئەو هێزە دەرەکەی ئێرانی دا کە لە شاری مهاباد جێگیر بوو.

کونسوڵی ئەمریکی ئەو دەمە لە تەورێزدا ئاماژەی بۆ دیدارێکی خۆی لەگەڵ سمکۆدا کردووە کە (٥) هەزار دۆلاری داوەتێ تا سەفەری موبەشیرێکی ئەمریکی دابین

بکات،کونسولّی نێو براو دەڵێ: سمکۆ "گەنجێکی قۆز و ڕەشید بوو، لە کەش و هەوایەکی ئاوێتە بەبیرەوەری کوشتنی برا گەورەکەی، کە دەساڵ لەو گەورەتر بوو، سمکۆ لەو کەش و هەوایەدا گەورە بوو بوو، فارسەکان، براکەیان بۆ دەعوەتێکی ڕەسمی شیو خواردن دەعوەت کرد بوو تا لەوێ بیکەن بەدادوەری گشتی ناوچەی ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ و لەسەر خوانی نان خواردن بەغەدر کوشتبوویان".

ئەو دەرەکانەی کە لە مەهاباد بوون و سمکۆ پەلاماری دابوون، شەس سەد کەس بوون، تاقە یەکێکیان دەر نەچوون. ڕەزاشای پەهلەوی سوێند دەخوات کە تۆڵەیان بسەنێتەوە.

ئەوە بوو لیوایەکی لە سوپا و هێزی ناوخۆی ئازەربایجان نارده سەر کوردەکان. کوردەکان، خۆیان لە بەر هێزی ئێران نەگرت و پەنایان وەبەر چیاکان برد. ئا بەو جۆرە شەڕێکی پارتیزانی هەڵایسا و پتر لە نۆ ساڵی خایاند و تا لە ساڵی ١٩٣٠ دا و لە شنۆ بۆسەیەک بۆ سمکو نرایەوە و کۆتایی بەشۆڕشەکەی هات.

پێشڕەوی هێزی سۆڤیەت و بەریتانیا لە مانگی ١٩٤١/٨ دا بۆ سەرئێران، کردییە کارێک کە زروفێکی تازە بێتە ئاراوە و کوردەکان بەهەلیان زانی بۆ وەدەست هێنانی خواستە نەتەوەییەکانیان. هاوپەیمانان لەو ساڵەدا ڕێک کەوتن لەسەر دابین کردنی کۆمەک و ئیمدادات بۆ سوپای سۆڤیەتی لەو ڕێگە زەمینییەوە کە کەنداوی فارسی بەدەریای قەزوینەوە دەبەست، جا بۆ جێبەجێ کردنی ئەمە ئەوەبوو لەشکرکێشی کرایە سەر ئێران و بۆ ماوەیەکی کورت ئێران داگیر کرا و ڕەزا شای یەکەم ناچار کرا واز لە کورسی حوکم بهێنێ و کوڕە نە باڵقەکەی (محەمەد ڕەزا) لە جێی دانرا. هەروەها ڕێ درا کە دەوڵەتێکی ئێرانی دامەزرێ کە لە بواری بڕیارداندا ئازادییەکی سنوورداری هەبێ. ئەم دەوڵەتە لە لای خۆیەوە کەوتە هەوڵدان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکانی تری ئێراندا بکێشێت و کاروبارە ئیدارییەکانی بەڕێوە ببات.

کورد، دڵ بەهێزی داگیرکەری سۆڤیەتی خۆش دەکەن

کاتێ کە ڕووسیا دای بەسەر ئێراندا و دەسەڵاتی ناوەندی ئێرانی لە باکوری ڕۆژئاوای ئێراندا داڕووخا و نەما، هەڵبەتە ئەمە بووە مایەی دڵخوشی کوردەکانی ئەو ناوچانە و کوردەکانی پارێزگای ئازربایجان و دەوروبەری ورمێ. هەرچەندە پارێزگای کوردستان کە کەوتبوە باشوورەوە و لە دەست ڕەسی سۆڤیەت دوور بوو، بەڵام سۆڤیەتەکان هەوڵیان دا کوردەکانی ئەو ناوچانەی کە داگیریان کرد بوو، هان بدەن و بەجۆرێ ئاراستەیان بکەن کە

خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان پێ بکەن. هەرچەندە هێزی داگیرکەری سۆڤیەت ڕووی کردە باشوور و بەرەو سنە ڕۆیی، کە چی پاشان پاشەکشەی کرد و لە هێڵی شنۆ- میاندواوی باکوری مهاباد گیرسایەوە. بەڵام لە باری پراتیکییەوە دەسەڵاتیان دەگەییە باشووری ئەم هێڵە و ناوچەکانی (سەقز) و (بانە) و (سەردەشت)یشی دەگرتەوە.

بەڵام دەسەڵاتی بەریتانی لە باشووردا مایەوە، لە کرماشاندا کە لەوێندەرەوە هێڵی هاتووچۆی نێوان عێراق و ئێران کۆنترۆڵ کرد بوو. هەڵبەتە خەتی تەماسی سۆڤیەتی- بەریتانیش بەناوچەی سەقز- سەردەشتدا دەڕۆیی. هەرچەندە سۆڤیەتییەکان، بەئاشکرا و بەر لە ساڵێک و کاتێ لەگەڵ ئەڵمانەکاندا هاوپەیمان بوون ڕایانگەیاند کە بەتەمان بەرەو باشوور پێشڕەوی بکەن و بگەنە ئاوەکانی کەنداوی فارس. کەچی پاشان قەناعەتیان بەو هەندە زەوییە کرد کە کەوتبوە ژێر دەسەڵاتیان؛ چونکە لە بەرەو هاوپەیمانییەکی تری دژ بەئەڵمانیا دا بوون و ئەمەش گەلێک فاکتەری تازەی لێ کەوتەوە. سەرقاڵی دابین کردنی بەرەکانی پشتەوەی قەوقاز و ئازەربایجان بوون کە سوپای سووری هەڵاتوو لە بەردەم پێشڕەوی ئەڵمان، پەنایان بۆ برد بوو، لەلایەکی ترەوە بۆ ئەوان زەروری بوو ئەو ڕێگە و بانانە دابین بکەن، کە کۆمەک و یارمەتی ئەمریکیان لێوە بۆ دەنێررا کە بریتی بوو لە ئۆتۆمبێلی گواستنەوە و تانک و میکانیکی سوپایی کە بەلای ئەوانەوە زۆر گرینگ بوو.

هەموو ئەم فاکتەر و هۆکارە ستراتیژییانە کردیانە کارێک کە ڕووسەکان هێمنی و ئارامی لە باکوری ڕۆژئاوای ئێراندا بپارێزن. هەر لەو ڕوانگەیەشەوە. سۆڤیەت کەسایەتییە کوردەکان و سەرەک خێڵ و گروپەکانی تری ناوچەکەیان هاندا کە پەنا و داڵدەی بەکرێگیراوان و پیاوانی دەوڵەتانی میحوەر نەدەن؛ دیارە ئەم کارە لە سەرەتادا زۆر قورس دەهاتە بەرچاو، چونکە کورد خۆ بەخۆ جۆرە هاوسۆزییەکیان لەگەڵ ئەڵمانەکاندا هەبوو... تێکڕای ئەم فاکتەر و هۆکارانە وایان لە سۆڤیەت کرد سەرلە نوێ بایەخ بەدۆزی کوردی بدەنەوە و پێگەیەکی تایبەتیان لە حیسابات و جم و جوڵی خۆیاندا بۆ دانا.

بارودۆخی گشتی کورد لەو سەردەمەدا زۆر باشتر بوو لە سەردەمانی پێش هەڵایسانی دووەم جەنگی جیهانی. کورد چەک و تەقەمەنییەکی زۆریان وەدەست کەوت، بەتایبەتی کاتێ کە سوپای ئێرانی لە بەردەم پێشڕەوی سۆڤیەت و بەریتانیادا هەڵات، کورد چەکێکی زۆریان گرت. لە پاییزی ١٩٤١دا زۆر لەو سەرەک خێڵ و هۆز و سەرکردە سیاسیانەی کە شا بەر لە دووەم جەنگی جیهانی لەسەر ڕاپەڕین و شۆڕش نەفی کردبوون، گەڕانەوە بۆ ناوچەکە. ئەم سەرکردە و سەرۆکانە زۆر بەگەرمی پێشوازیان کران. جەماوەر لە دەوریان خڕ

بوونەوە و متمانەی تەواویان دانێ، جا بەخێراییەکی وەهاکە ئەو سەرۆکانە بەخۆیشیان پێیان سەیر بوو؛ تومەز سالانی نەفی و دوورخستنەوە ناوبانگ و کەسایەتییەکی شکۆداری وەهای بۆ پەیدا کردبوون، کە خەڵکی عەشایەر و هاوڵاتیانی شاریش متمانەیان پێ بکەن.

ئینگلیز و پاشماوەی دەسەڵاتی ئێرانی لەو ناوچە داگیرکراوەی ئیراندا بەر لە هەر کەسێک رووبەڕووی ئەم شەپۆلە گەورەیەی هەستی نەتەوەیی کوردی ئێران بوونەوە. پێشڕەوی بەریتانی و سۆڤیەتی بۆ سەر ئێران بووە هۆی خولْقاندنی جۆرە ئاژاوەیەک. بۆ وێنە وەزیری بەرگری ئێران (ئەحمەد نەخشەوان) فرمانێکی کارگێڕی نامەفهوم و ئاڵوزی ئەوتۆی دەرکرد کە بووە هۆی ئەوەی یەکە ئێرانییەکان هەموو سەربازەکانیان تەسریح بکەن... ئەمە تەنیا شارەکانی نەگرتەوە، بەڵکو لەو یەکانەی سەر سنوورەکانیش ڕوویدا و بەمەش دوا شێوەی دەسەڵاتی ئێران لەسەر سنووری عێراق- ئێران نەما و ئیدی سنووری ئێران لە بەردەم جەنگاوەرانی کوردی عێراق ئاوالا بوەوەو بێ کۆسپ و تەگەرە دەیانتوانی هاتووچۆ بکەن.

هەروەها هێزەکانی سۆڤیەت کە لە سەرەتاوە بەرەو باشوور کشان. ئەوانیش لای خۆیانەوە بەشدارییەکیان لە خولْقاندنی ئاژاوەی ناو ئێران و نادیاری باری ئێراندا کرد: "سۆڤیەت دەستیان بەسەر سەربازخانەی بانەدا گرت، هەموو سەربازەکانیان ڕەها کردو ناردیاننەوە بۆ ماڵی خۆیان، بەڵام ئەفسەرەکان و ژمارەیەک دەرەجەداریان وەکو یەخسیری جەنگ لە لای خۆ هێشتەوە و کەبەرەو باکور پاشەکشەیان کرد لەگەڵ خویاندا بردیانن".

هێزەکانی سۆڤیەت لە سەرەتادا گەورەترین شاری کوردی ئێران (سنە)شیان گرت، کەچی پاشان بۆ یەکەیەکی میکانیکی لەشکری هیندی سەر بەهێزەکانی بەریتانیایان بەجێ هێشت. ئالەم کاتانەدا پاشماوەکانی هەندێ یەکەی ئێرانی کەوتنە خۆ ڕێکخستنەوە، بەترس و دوودڵییەوە لە شارەکانی بانە و سنەی داگیرکراودا ئەمەیان دەکرد، ئەوە بوو هەندێ ئەفسەرو دەرەجەداری هەڵاتوو لە ئەسارەتی سۆڤیەت پەیوەندییان پێوە کردن.

ئەوەی کە لە پێشی پێشەوە سوودی لەم ئاژاوەیە وەرگرت سەرکردەی خێڵەکی کورد حەمە ڕەشید بوو کە بەخۆو چوار سەد چەکدارەوە سنووری عێراقی بڕی و توانی دوای دوو ڕۆژ تەق وتۆق و پێکادان لەگەڵ پاشماوەی سوپای ئێرانی لە ناوچەکەدا، شاری بانە بگرێ. ئەوجا بەرەو شاری (سنە) کەوتە پێشڕەوی و زۆری نەما بوو ئەوێش بگرێ،

لەشکری هیندی بەریتانی نەی هێشت.

ڕێک لەم کاتانەدا تاران پاش ئەوەی ڕاوێژ و تەگبیری لەگەڵ بەریتانییەکاندا کرد و ڕەزامەندی ئەوانی وەرگرت، لیوا مەحموود ئەمین -ی کرد بەحاکمی سوپای سنە... بەڵام ئەم (ئەمین)ـە لە باری پراتیکییەوە چ دەسەڵاتێکی سوپایی نەبوو. هەموو هیوایەکی ئەوە بوو کە (لەشکری ڕۆژئاوا)ی ئێرانی کە بەدرێژایی سنووری ڕۆژئاوا دامەزرا بوو، سێ سریەی بەشەش تانکەوە بەرەو سەقز و بانە ڕەوان کردبوو، فریای بکەوێ و ڕزگاری بکات.

حەمە ڕەشید لەم سەروبەندەدا توانی گەلێک لە سەرەک خێڵەکان لە سایەی خوێدا خڕ بکاتەوە و ژمارەی هێزەکەی لە دوو هەزار جەنگاوەر تێ پەڕی. ئەوجا هێزی کورد و هێزی پێشەوەی ئێران لێیان بوو بەشەڕ و زەرەر و زیانێکی گەورە لە هێزی ئێران کەوت و تەنانەت (٥) تانک لەو شەش تانکەی کە بۆ ناوچەکە نێردرابوون تێک شکێنران و کوردەکان ئەو پردە دارینەشیان سوتاند کە لەم ناوچە شاخاوییە سەختەدا تاقە ڕێگەی پاشەکشە بوو. ئەوجا جەنگاوەرانی کوردی دلێر کەوتنە پەلامار دانیان.

بەڵام ناکۆکی و دوو بەرەکی نێوخۆی کوردەکان، کە ئەمە نەخۆشییەکی باوی نێو کوردانە. بووە هۆی ئەوەی کە هیچ سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست نەهێنن. ئەوەبوو نۆکەرانی ئێران توانیان عەشیرەتی (تیلەکۆ) بەلای خودا ڕاکێشن و بیانکەن بەجاش و بەکرێگرتە و پەلاماری هێزەکانی حەمە ڕەشید -یان داو تێک وپێکیان شکاند. هەر لەم سەروبەندەدا هەندێ عەشایەری شۆڕشگێڕی دی شاری سنەیان گەمارۆ دا و حەمەڕشید خان بەلەز بەخۆ و پاشماوەی هێزەکانییەوە پەیوەندی پێوە کردن. کاتێ مەحموود ئەمین بەخۆی گەییە شار، و چونکە ئاگای لە وەزع و حاڵی ناوچەکە نەبوو، داوای گفتوگۆی لە کوردەکان کرد. ئەوە بوو کوردەکان، دەست بەسەریان کردو لە بارەگاکەی خۆیدا هێشتیانەوە و پاشان فەرماندەی بەریتانی لەشکری هیندی بۆی تێکەوت و هەنگینێ ڕەهایان کرد. بەڵام مەحموود ئەمین-یان تێگەیاند کە بوونی ئەو لە خاکی ڕزگارکراوی کوردستاندا، هیچ ڕەوا نییە. کورد، بەردەوام بوون لەسەر ئەم هەڵوێستە ڕەسمییەیان و داوایان لە هێزی داگیرکەری بەریتانیش کرد کە دان بەسەربەخۆیی کوردستاندا بنێ... بەڵام حاکمی بەریتانی کە لەم ڕووەوە چ دەسەڵاتێکی نەبوو، و لە ئاستی بارودۆخە تازە و ئاڵۆزەکەدا نەبوو، ویستی بەر لەوەی چ هەڵوێستێکی ڕەسمی دەربڕێ، دەستی دەستی بەکوردەکان بکات و

کـــاتیـــان لەگـــەڵدا بەســـەر بەرێ. پێـــویســـــتی بە دە ڕۆژ بوو بەر لەوەی لە ڕۆژی ۳۱/۱۰/۱۹٤۱دا حەمە ڕشید ئاگادار بکاتەوە کە لەم کاتەی ئێستادا ئەم دەسەڵاتەی نییە هەڵوێستی ڕەسمی لەمەڕ سەربەخۆیی کورد وەربگرێ... دیاربوو کە بەرپرسەکانیشی لە بەغدادا پێـویسـتـیـان بەمـاوەیەک هەبوو تا ئەم زروفـە تازەیە هەڵسـەنگێنن و لێی بکۆڵنەوە بەر لەوەی دوا هەڵوێستی خۆیانی لە مەڕ دەربڕن. بەڵام حاکمی بەریتانی وێڕای لاوازی ئەم هەڵوێستەش توانی کارێکی وەها بکات کە هێزەکانی کورد نەچنە ناو شاری سنەوە. ئا بەم جورە هێزی کوردەکان جارێکی دی ناچار بوون، پاش چەند ڕۆژێک کە هیچ شـتـێک ڕووی نەدا، بەرەو شـاخـەکـانی (دیواندەرە) و (زاغـە) پاشـەکـشـە بکەن. مێژوونووسی سوپایی حەسەن ئەرفەع، کە پاشان بوو بەسوپاسالاری سوپای ئێران، بەتەوسەوە باسی ئەم ڕووداوانەی کردەوە و دەڵێ: "جەنگاوەرانی عەشایەر ئەو سەبر و حەوسەڵە و پێداویستییە لوجیستییەیان نییە کە ئەم هێرشە چڕ و پڕانە بەئەنجام بگەیەنن".

لە مانگی ت٢دا لیوا مەحموود امین، جارێکی دی زاتی وەبەر خۆی نایەوە و هێرشێکی بردە سەر هێزەکانی کورد لە هەمان ناوچەوە کە پاشەکشەیان لێوە کردبوو. بەڵام بەم کارەی بەرەو ئەو چارەنووسە ملی دەنا کە بوو بەبەش و نسیبی زۆربەی ئەو هێرشە سوپاییانەی پێش و پاش ئەو مـێـژووە کـرانە سـەر کـورد: ئەوە بوو لە شـاری سـەقـز و دەوروبەریدا، هێزەکەی شڕ و وڕکرا، زۆر لە پیاوەکانی دەستگیر کران و ئەوانی تریان چنگ لە سەرشان هەڵاتن و لیوا ئەمین-یش لە مەیدانی شەڕەکەدا کوژرا. جاشەکانی عەشیرەتی (تیلەکو)ش پتر لە سێ سەد کەسیان لێ کوژرا. حەمە رشید خان بەدەستی خۆی (عەلی خان حەبیبی) سەروک جاشەکانی کوشت. لە کاتێکدا تەق و تۆق و پێکادانی پەراگەندە بەردەوام بوو، داخوازی کوردەکان بۆ کوردستانی سەربەخۆ هێور بوەوە و لە هەمان کاتدا بەفر دەستی بەبارین کرد و زۆربەی شەڕگە نائارامەکانی داپۆشی: شەڕگەی نێوان ڕووس و فوراس و بەریتانییەکان لەلایەکەوە و لە نێوان خودی کوردەکاندا لەلایەکی ترەوە.

بەرپەرچدانەوەی هێرشێکی تەمبێکارانەی گەورە

حکوومـەتی ئێـران لە مـانگی مـایسی ۱۹٤۲دا کـەوتنە خـۆسـازدان بۆ هێـرشـێـکی تەمبێکارانەی گەورە بۆ سەر کوردەکان، بەمەبەستی تاقیکردنەوەی هێـزی پاشماوەی دەسـەڵاتی ئێـرانی و سـەروەری نیشـتـمـانی لە ناوچەکـەدا. سـەرهەنگ حـەسـەن ئەرفـەع

سەرکردایەتی ئەم هێرشە دوو هەزار کەسییەی دەکرد، ئەم هێزە چوارده تانکی لەگەڵدا بوو، جگە لە چەکدارانی تیرەی تیلەکۆ کە یەکپارچە کەربوکێن بوون. ئەم هێرشە بەسەرکردایەتی حەسەن ئەرفەع کەوتە پێشڕەوی بەرەو بارەگاکانی (حەمە ڕەشید). ئەو ئەفسەرە ئێرانییە بەتەوسەوە باسی تێکبەربوونی هێزە کوردییە دوژمنەکان دەکات و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "یەکسـەر پیـاوەکـانی حەمە ڕەشـید دەستگیرکراون. ئەوجا پیـاوانی تیـلەکـۆیی یەکـسـەر کەوتوونەتە سوتاندنی خانووبەرەی دوژمنەکانیان و تالانکردنی ناوماڵەکانیـان، هەر لە قـۆری و کـتـلیـیـەوە تا دەگـاتە بوخـچـەی بوکـێـنی و هەر شـتـێکی دی کـە دەسـتـیـان پێی گـەییوە". حەسەن ئەرفەع لە سەرەتاوە هەوڵی داوە بکەوێتە نێوانەوە و ئەو تالان و بڕۆیە قەدەغـە بکات، بەڵام لە ئەنجامـدا بۆی بەدیارکـەوتووە کە: "وەکـو دەردەکەوێ ئەم کـارانە بەشێوەیەکی گشتی بەشێک بوون لە دابونەریتی شەڕی خێڵایەتی".

لەوکاتانەدا کە ئێرانییەکان وایاندەزانی لەم هێرشە تەمبێکارانەیەیاندا زۆر سەرکەوتوو بوون، ڕەوتی ڕووداوەکـان پێـچـەوانە بوەوە: ناچاربوون لە ژێر گـوشـاری بەریتـانی و ڕووسییەکاندا لە ناوچەی نێوان سەقز و بانەدا پێشڕەوییەکەیان ڕابگرن و لەگەڵ حەمە ڕشید بکەونە گفتوگۆ بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک لەگەڵیدا، چونکە هاوپەیمانەکان حەزیان نەدەکـرد هیچ بوونێکی سـوپایی ئێـران لە هێـڵی نێـوان هەردوو ناوچەی داگـیـرکـراوی بەریتانی و سۆڤیەتیدا هەبێ. ئەوەبوو فەرماندەی بەریتانی مێجۆر (فلیچر) بەخۆی لە کرماشانەوە بەرەو باکور ڕۆیی تا لە نزیکەوە ئاگاداری چۆنیەتی بەڕێوەچونی ئەو گفتوگۆیە بێ کە گەیی بووە ئەنجامێکی نامەنتیقی و ڕەنگە ئەمە بۆ خۆی ڕەنگدانەوەی تێکڕای سیاسەتی کوردی بێ لە کاتی دووەم جەنگی جیهاندا: ئەوەبوو تاران. حەمە ڕشید-ی دوژمنی سەرسەختی دوێنێی خۆی کرد بەحاکمی بانە و ڕێگەی بەپیاوەکانیدا کە چەک هەڵگرن و سنوورێکیش بۆ جموجوڵ و بوونی هێزی پۆلیس و سوپایی ئێرانی لەو ناوچە کوردییەدا دانرا.

ئێرانییـەکان، ئاقیبەت بەکۆمەک و پشتیوانی بەریتانی لە کۆتایی ساڵی ۱۹٤۱ دا ئارامی و هێمنیان بۆ وڵاتی کوردستان گێڕایەوە. ئەم بادانەوەیەی بەریتانیا هی ئەوەبوو کە دەیانزانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی خەتەرە و بەئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێ، بەتایبەتی کە لە عێراقی دراوسێی ئێراندا بەدەست هەمان کێشەوە گیروده بوون، لە ئەنجامی ئەم بادانەوەیەی بەریتانیا، دەسەڵاتی ئێرانی تا ساڵی ۱۹٤٥ و دواتریش لە وێندەر بەرقەرار بوو.

ڕەوشی پارێزگای (ئازەربایجان) کە کەوتبووە باکورەوە و زۆربەی خەڵکەکەی تورک زمان و کەمینەیەکی گەورەی کوردیشی تێدا بوو، زۆر جیاواز بوو لەو ڕەوشەی باشووری کوردستان: سۆڤیەتەکان هەر لە سەرەتای کۆنترۆڵکردنی ناوچەکەوە (١٩٤١) هەڵوێستێکی زۆر چالاکیان لە مەڕ دۆزی کورد هەبوو. وێڕای ئەوەی کە حەزیان دەکرد کیانی ئێرانی بمێنێ، بەڵام لەلایەکی تریشەوە حەزیان دەکرد دۆزی کوردی هەر بەگەرمی و بەپێی پێویست بهێڵنەوە. بۆیە هیچ سەیر نەبوو کە کوردەکان بەپێشڕەوی سۆڤیەت کەیف خۆش بێن و بەرێز و سوپاسگوزارییەوە لێی بڕوانن، چونکە بوونی سۆڤیەتی لە ناوچەکەدا هۆیەکی سەرەکی جوڵاندنی دۆزی کورد بوو، و زەمینەی بۆ ئەو ڕاپەڕینە کوردییە خۆش کرد کە پاش ئەو پێشڕەوییە بەرپا بوو. دیارە لە بەرانبەر ئەو هەموو هیوا و خۆزیانەدا کە کورد لەسەر پێشڕەوی سۆڤیەتی ڕۆینا بوو، چاوپۆشی لەو ڕابردووە سەلبییەی سۆڤیەتی دژ بەئاییینی ئیسلامی کرا، هەموو ئەو بیرەوەرییە تفت و تاڵانەی بەگەڵ پێشڕەوی هێزی ڕووسیا بۆ کرماشان لە کاتی یەکەم جەنگی جیهانیدا کەوت؛ لە کوشت و بڕ و سەرکوتکاری پشتگوێ خران و، ئەوەبوو دۆستایەتی و هاوپەیمانییەکی کوردی سۆڤیەتی دەستی پێکرد کە دەیان ساڵ درێژەی کێشا.

ژەنەڕاڵێکی سۆڤیەتی مەشق بەکوردان دەکات

لە ڕۆژێکی سارد و تۆفی ڕۆژانی ت٢/١٩٤١دا، شاندێک لە فارگۆنێکی تایبەتی نمرە یەکی ئەو قیتارەدا گیرسایەوە کە هەفتەی سێ جاران لە نێوان شاری تەورێزی مەنشور بەمافوری چاک و شاری باکۆی دەوڵەمەند بەنەوتدا هاتووچۆی دەکرد. شاندەکە، هەمەڕەنگ بوو، خەڵکی جیاوازی لە خۆگرتبوو. مرۆڤ دەیتوانی ئەو پیاوە بناسێت کە بەناوی شاندەکەوە قسەی دەکرد. پیاوێک بوو لە سەرووی پەنجا ساڵەوە، بەڵام لە تەمەنی خۆی گەنجتر دەینواند، پیاوێکی تۆکمە بوو. قاتێکی مەدەنی لەبەردا بوو. مەحاڵ بوو کەس پەی بەوە بەرێ کە ئەم پیاوە ژەنەڕاڵێکی سوپای سوورە. ناوی (سالم ئاتاکیخوف) بوو لە باکوری ئازەربایجاندا لە دایک بوو بوو. سەفەری ئەم پیاوە سەفرێکی سیاسی بوو نەک سوپایی. ئەم ئەفسەرە زیرەک و زمانلوسە زۆر پابەندی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی خۆی بوو.چەند ڕۆژێک گەڕا، چەندین دیداری لەگەڵ چەندین سەرەک خێڵی کوردی ناکۆک و ناتەبادا کە ئامادە نەبوون چ سازشێک لەگەڵ یەکدی بکەن، سازدا. لەو دیدارانەدا هەوڵی دەدا زەمینەیەک بۆ کاری هاوبەش و هەم ئاهەنگی کوردی- سۆڤیەتی لەو

ناوچانەدا خۆش بکات کە سۆڤیەت لە باکوری ئێراندا داگیریان کرد بوو. لەم ئەرکەیدا دوو کەس یارمەتییان دەدا، یەکێکیان سەرهەنگ (ئەسلانوف) کە ئەفسەرێکی سۆڤیەتی کورد نەژاد بوو، ئەویتریان هاوڕێ (مستەفا یوف) بوو کە لە شوێنی خۆیدا خرایە سەر میلاکی کونسوڵگەری بازرگانی سۆڤیەت تا دەوری دەرهێنەر ببینێ و پرۆسەکە لە پشت پەردەوە بێنێتە دەرێ. هەڵبەتە ئەو سێ ئەفسەرە هەقی خۆیان بوو شانازی بەکارەکە و ئەنجامی کارەکەیانەوە بکەن. توانیان نزیکەی سی کەس لە دیارترین و گرینگترین سەرانی تیرە کوردەکان و سەرکردە سیاسییەکانی کورد لەم فارگۆنە تایبەتییەی فارگۆنەکانی هێڵی ئاسنی سۆڤیەتیدا خڕ بکەنەوە. سەرکردە کوردەکانیش لە لای خۆیانەوە بەشادییەوە ئەو دەعوەتەیان قەبوڵ کرد کە بەناوی سەردانەوە ئەنجام دەدرا، چونکە ئەوانیش لای خۆیانەوە بەتاسەوە بوون بۆ قەبوڵ کردنی کۆمەکی سۆڤیەتی، تا ببێ بەپشتیوانیان لە خەباتی ڕزگاریخوازیاندا.

جلوبەرگی شاندە کوردییەکە، خۆی لە خۆیدا تابلویەکی هونەری جوانی پێک دەهێنا، جگە لە جل و بەرگی نەتەوەیی کوردی، هەندێ لەو سەرکردە کوردانە قاتی مەدەنی ئەورووپیانەی مۆد بەسەرچویان لەبەر کرد بوو. سەرکردەکان، بەخۆیشیان، تێکەڵ بوون لە بیروباوەڕی جیاواز و وابەستەیی چینایەتی و کۆمەڵایەتی جیاواز: بۆ وێنە حاجی بابەشێخی بۆکانی کە نێوبانگێکی ئەفسانەیی لە نێو سەرەک خێڵە کوردەکاندا هەبوو، پیاوی وەک (ڕەشید بەگ)، (زێرۆ بەگ) و (تەها)یان لەگەڵدا بوو کە ئەمانە نوێنەری سێ باڵە دوژمنەکەی عەشیرەتی هەرکی بوون کە عەشیرەتێکی زۆر بەهێز و بەتوانا بوو. (سالم ئاتاکیخوف) بەزیرەکی و دیپلۆماسییەتی خۆی توانی هەموو دوژمنەکانیش کۆبکاتەوە، توانی سەرانی دوو لایەنە دوژمنەکەی عەشیرەتی (مامەش)ی نیشتە جێی ڕۆژانەی مەهاباد (حاجی قەرەنی ئاغا) و (کاکە هەمزە نەڵۆسی) لەسەر یەک خوان لە فارگۆنی نێو براوادا کۆبکاتەوە، کە بەدووقوڵی کوپە چای گەرم یان شەرابی پاپیروزی ڕووسیان لە گارسۆنەکە وەردەگرت.

ئەو پیاوەی مێزەری سپی مەلایانی لەسەر دەکرد

بەڵام سۆڤیەتەکان، بەچاوێکی تایبەتی دەیان ڕوانییە پیاوێکی نێو شاندەکە، بۆ خۆیان و بۆ جێبەجێ کردنی نەخشەکانی خۆیان لە هەر هەموو ئەو سەرەک خێڵانە بەگرینگتریان دەزانی، ئەو پیاوە سەرکردەی کوردی مهاباد و پیاوی ئایینی (قازی محەمەد) بوو، کە

بەقاتە ئەوروپاییە دەستدروەکەی تارانییەوە و بەمێزەرە سپییەکەوە، سیمای چینی دەوڵەمەندی شاران و بورژوای کوردی دەنواند. (قازی عەلی)ی بابی قازی محەمەد لە کوردستاندا بوو بوو بەئەفسانەیەکی زیندوو. زۆربەی خزمانی و ئەندامانی بنەماڵەکەیان پۆستی قازییەتیان هەبووە. قازی محەمەد لە خانەی ئەو پیاوانەدا بوو کە لە جیهانی ئیسلامیدا هەردوو کەسایەتی ئایینی و قەزایی لە خۆ دەگرن.

قازی محەمەد، بەمنداڵی چوو بووە حوجرە؛ حوجرە بەرانبەر بەقوتابخانەی سەرەتاییە؛ کە مەلا بەرێوەی دەبەن. بەڵام خوێندن و فێربوونی ڕاستەقینەی لە لای بابی و لە نێو ئەوکتێبخانە گەورەیەدا تەواو کرد بوو کە پڕ بوو لە کتێبی هەمە جۆرو بەزمانی هەمەجۆر. یەکەم جار پۆستی دایەرەی ئەوقافی مهابادی گرتە ئەستۆ. کاتێ کە بوو بەقازی ئیتر دەسەڵات و نێو بانگێکی وەهای پەیدا کرد کە قسەی لە هەموو مەسەلە قانونییەکاندا دەیخواردو ڕەت بوونەوەی نەبوو. ئەمە جگە لەوەی کە لە هەر بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسیدا ئامادە بوایە، ئەو بۆنەیە شکۆ و هەیبەتی تایبەتی وەردەگرت. ڕواڵەتی چالاک و بەهەیبەت بوو، لە قسە کردندا زۆر بلیمەت بوو، بەسێ- چوار زمانان دەئاخفی، بەجۆرێکی هێندە دڵگیر دەئاخفی کە سەرنجی بەرانبەرەکەی ڕادەکێشا. کە قسەی دەکرد توزێک دەوەستا و ئەوجا لەسەری دەڕۆیی. هەر هەموو ئەم شتە ڕواڵەتیانە کەسایەتییەکی بەهێز و کاریگەرییان دەنواند. لە هەموو ئەمانەوە مرۆڤ دەتوانێ بگاتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە قازی محەمەد ئەو خەسڵەتانەی تێدا بوو کە مرۆڤ بتوانێ متمانەی پێ بکات و بەیەکێک لەوانەی بزانی کە بتوانێت جوڵەیەکی گشتی بەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بدات.

بەڵام بوونی قازی محەمەد لە نێو ئەم هەموو سەرەک خێڵە کوردەدا لە ڕاستیدا کارێکی نا ئاسایی و نەشاز بوو، و لەگەڵ کەش و هەوا گشتییەکەی نێو فارگۆنەکەدا نەدەگونجا: جیاوازییەکی زۆر هەبوو لە نێوان دیمەن و ڕواڵەتی سەر خێڵەکان؛ کە هەرچەندە لە سیمایاندا نیشانەی دەسەڵات دەبینرا، بەڵام ڕێک لە سیمای جووتیارانی دێهاتی دەچوو، لەگەڵ ڕواڵەتی قازی محەمەدا کە نیشانەی پێگەیشتنی زانستی و مەدەنی بەرزی پێوە دیار بوو. لەلایەکی ترەوە ڕوانگە ئایینییە گشتییەکەی بۆ دنیا یەکجار دووربوو لە ڕوانین و، ڕێبازی خانەخوێیە کۆمۆنیستەکانی. بەڵام سۆڤیەتەکان زۆر زیرەکانە توانیبوویان هەر هەموو ئەم دژانە لە یەک شوێندا کۆبکەنەوە و متمانەی سەرانی کورد بەدەست بێنن و وەهایان لێ بکەن ئومید بۆ یارمەتییە پەیدا بکەن کە بەتەمابوون سۆڤیەت پێشکەشیان

بکات؛ هەرچەندە چ ئاماژەیەک بۆ جۆر و چۆنیەتی ئەم یارمەتییە لە گۆڕێ نەبوو.

سەرانی کورد، لە باکۆدا سەیریان کرد بەرنامەیەکی تێروتەسەل و وردیان بۆ ئامادە کراوە: کۆمەڵێک سەردانیان بۆ کارخانە و مەزرا و کێڵگەی جیاواز و ئاهەنگی خێر هێنان و سەردانی شانۆ و سینەمایان بۆ ساز درا بوو کە چەندین ڕۆژی خایاند، مەبەست لەم شتانە ئەوەبوو کە ئەو میوانانەی لە دێهاتەکانی ئێرانەوە هاتبوون بێ تاقەت نەبن. بەشدارانی سەفەرەکە هەستیان بەوە کرد کە سۆڤیەتەکان مامەڵەیەکی تایبەتی و پڕ لە ڕێز و حورمەت لەگەڵ قازی محەمەد دەکەن. ئەم بایەخدانە تایبەتییە بەقازی محەمەد، عەلی کوڕیشی گرتەوە کە لەو سەفەرەدا لەگەڵ بابی هاتبوو، و تەمەنی هەر هەشتساڵێک دەبوو. تەنانەت ئەم میوانە چکۆلەیە دەمانچەیەکشی لە خانە خوێیەکانییەوە پێدرا.

نووسەر و دیپلۆماتی ئەمریکی ولیەم ئیگلتون ئەم ڕووداوەی وا لێکداوەتەوە کە ڕەنگە ئاماژەیەک بوو بێ بۆ ئەوەی کە لە ئایندە دا چ ڕوو دەدات".

(عەلی قازی) لەساڵی ١٩٧٩دا بەدەم وەبیرهێنانەوەی بیرەوەریانی وان ڕۆژان، پاش ئەوەی ئەویش بوو بەقازی و لە دوای ڕووخانی شا دەورێکی ناوچەیی لە شۆڕشی نوێی کوردیدا بینی، گوتی: "هەرشتێک لە باکۆدا ڕووی دەدا بەلای منەوە مایەی سەرنج بوو. لە ژیانمدا و بۆ یەکەم جار موغازەیەکی پڕ لە کالاّم بینی، بالاّڕۆیەکی کارەباییم بینی، بەدرێژایی یەک ڕۆژی تەواو و من پێی سەرکەوتووم و دابەزیوم هەرچەندە من تاقە منداڵ بووم لەگەڵ شاندەکەدا، کەچی سۆڤیەتەکان بردیانین بۆ سێرک، زۆر بەنەجیبی مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین، من بۆ خۆم چەندین دیاریم لێ وەرگرتن، یەکێک لەوانە نوسخەیەکی قورئانی پیرۆز و قاتێک و دەمانچەیەکی بچکۆلەی یانزەخۆر بوو. هەروەها سەرەک وەزیرانی کۆماری ئازەربایجانی سۆسیالستیی سۆڤیەتی زۆر لەگەڵماندا بەلوتف بوو".

چونکە بابم ئەوکاتانە پێی دەگوتم (کوڕی ڕەش) جەعفەر باقرۆف پێشنیازی کرد کە لەوە بەدوا بە(کوڕی سوور) گازم بکات؛ لەبەر ئەوەی گوایە ڕەنگی ڕەش، ڕەنگی فاشیزمە. بابم بەشۆخییەوە وەڵامی دایەوە: "هەر چەند من پێی دەڵێم کوڕی ڕەش، بەڵام من پێم وایە لە هەموو سوپای سوور ئازاترە". هەر یەکێک لە سەرەک خێڵە کوردەکانیش سەرو زینی چەرمی دەستکرد و شەش مەتر قوماشی ژنانەیان بۆ ژنەکانیان بەدیاری دراێی. زۆریشیان تاپڕ و تفەنگی ڕاوی بەرهەمی کارخانە چەک سازییەکانی سۆڤیەتیان کڕی.

لوتکەی ئەم سەفەرە، ئێوارە ئاهەنگێکی خێرهێنان بوو کە باقروف بۆ ڕێزلێنانی شاندەکە سازی دا. هەر هەموو لەو گوتانەدا کە لە ئاهەنگەدا خوێنرانەوە یان لەسەر خوانی

نانخواردن گۆڕدرانەوە بەوریایی و جۆرە گومانێکەوە ئاماژەیان بۆ دۆستایەتی سۆڤیەت لەگەڵ گەلان و نەتەوە چەوساوەکاندا، بەتایبەتی لەگەڵ کوردا کرد. باقرۆف ستایشی خۆش دراوسێیەتی نێوان کورد و ئازەری کرد. بەڵام ئاماژەی بۆ ئەو هێرشی تالانیانەش کرد کە خێڵە کوردەکان بۆ سەر دەرودراوسێیانی خۆیانی دەکەن و داوای لە کورد کرد کە لە ئێستا بەدواوە هەوڵ بدەن "بەئاشتی و برایانە" لەگەڵ ئازەربایجانییەکاندا بژین. بێگومان هەوڵدان بۆ بەستنەوەی سەرانی کورد بەبەرژەوەندییەکانی سۆڤیەتەوە، تەنیا بەمەبەستی ڕاگەیاندنی هاوسۆزی و دەربڕینی شادی و ڕەزامەندی نەبوو، بەڵکو زۆر ئامانجی نهێنی و جیدی تری لە پشتەوە هەبووە. هەڵبەتە سۆڤیەتەکان بەتەمای تەنازولات و سازشی سیاسی و خزمەتگوزاری دوو لایەنە بوون و ئەم سەفەرە سەرەتا بوو بۆ ئەوە. بەڵام یەکێتی ڕاوبۆچوون لە نێو بەشدارانی ئەم سەفەرەدا نەبوو سەبارەت بەوەی کە ئاخۆ ئەم هەنگاوەی سۆڤیەت دەگاتە کوێ.

لەو کاتانەدا کە قازی محەمەد ئەم هەنگاوەی بەئاماژەیەک دەزانی بۆ ئامادەیی سۆڤیەت تا ڕادەی ئەوەی ئیعتراف بەدەوڵەتی کوردی بکات، هەڵسەنگاندنەوەی سەرەک خێڵەکان لێکدانەوەی بچووک بوو، بەئەندازەی هێڤی و خۆزیاکانی خۆیان بوو، ئەوەندەیان بەلاوە بەس بوو کە سۆڤیەت نارزای نەبوو کە لە پێش و لە کاتی دووەم جەنگی جیهانیدا لە ناوچەکانی دەسەڵاتی سۆڤیەتی و بەریتانیدا ئەو هەموو چەکەیان لە سوپای ئێرانی گرتبوە، بەلای ئەوانەوە ئەمە خۆی لە خۆیدا ئیعترافێ بوو بەوان وەکو هێزێکی چەکدار... وێڕای جیاوازی بیرو بۆچوونیان دەربارەی هەنگاوەکانی سۆڤیەت، هەموویان لە یەک خاڵدا یەک بوون کە سۆڤیەت پشتیوانی لە کورد دەکات و لە ڕووی پراتیکییەوە تایان دەگرێ.

کۆمارێکی کوردی بەموبارەکبایی سۆڤیەت

سۆڤیەتەکانیش لە لای خۆیانەوە حوکمی خۆیان لەسەر ئەم سەفەرە دابوو، بەڵام حوکمەکەیان زۆر بەپارێز بوو: هەڵوێستی سۆڤیەت لە مەڕ ئیمپراتۆریەتی ئێرانی و لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتیدا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین هێشتا بەتەواوەتی ڕوون نەبوو بووەوە. هەروەها هێشتا وەڵامێکی ڕوون و ئاشکرا و بنجبڕ لە مەڕ چارەنووسی کەمینەی ئازەربایجانی ئەم دیوو و ئەودیوی سنووری ئێران نەبوو. ئاخۆ هەردوو دیوەکە یەک بخرێ وەکو جەعفەر باقرۆف دەیەوێ؟ یان پێویستە دەوڵەتی ئێرانی وەکو خۆی بهێڵرێتەوە و بەوەندە واز بهێنرێ کە ئێران ناچار بکرێ سیاسەتێکی سەر بەسۆڤیەت پەیڕەو بکات؟

حەسەن ئەرفەعی مێژوونووس دەربارەی ئەم بابەتە دەڵێ:

"ئاشکرایە کە هەڵوێستی سۆڤیەتی لەمەڕ مەسەلەی کورد، تا ئەوساتە دوا قاڵبی خۆی وەرنەگرتبوو، ئەویش لەبەر ئەوەی چەند چەمک و بۆچوونێکی ناکۆک هەبوو کە لە یەک کاتدا کاریان دەکردە سەر بابەتەکە. لە کاتێکدا کە خەتی گشتی بیروباوەڕ وای لە سۆڤیەت دەخواست هەڵوێستێکی ئیجابی لە مەڕ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی هەبێ کە کوردی ئێران و عێراق و تورکیا بگرێتە خۆ و لە سەریانە کار بۆ دامەزراندنی بکەن، چونکە ئەو دەمە وەکو پێزانین بەچاکەی سۆڤیەت، دەبێت بەدەوڵەتێکی دۆست و لایەنگری سۆڤیەت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەکاتە لاوازکردنی ڕژێمی حوکم لە عێراق و تورکیا و ئێران، کە لە ڕوانگەی سۆڤیەتەوە دەوڵەتانی سەر بەرۆژئاوا بوون. هەر هەموو ئەمەش دەکاتە کارێک کە دەرگاکان لە بەردەم سۆڤیەتدا بکەونە سەرگازی پشت بۆ ئەوەی لە ئایندەدا خۆ بەرۆژهەڵاتی ناڤیندا بکات.

لە لایەکی ترەوە، دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئاوها، لەسەر زەمینێکی بەریندا کە ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤیەتدا نەبێ، دەبێتە هۆی بەرپابوونی بزاڤێکی ڕزگاری و سەربەخۆخوازی ئەوتۆ کە لەگینە لەگەڵ سیاسەتی گشتی سۆڤیەتیدا نەگونجێت. لە دوا جاردا ترسی ئەوەش هەبوو کە ئەم دەوڵەتە کوردییە تازەیە بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی کە دەسەڵاتی ڕاستی لە کوردستاندا بەدەستی گەورە فیوداڵ و سەرەک خێڵ و ڕێبەرانی ئایینییەوە بوو. واتا ئەگەری ئەوە دەبێت کە خەڵکانی موحافەزەکار و تەنانەت کۆنەپەرستیش دەستی بەسەردا بگرن و لە مەرامەکانی سۆڤیەت نەگەن و دژی دۆزی کۆمونیزم بوەستنەوە".

لە ئەنجامی زاڵبوونی ئەم لێکدانەوە کلاسیکییەی دواییدا، کە تا ئیستاش زاڵە بەسەر ڕوانینی سۆڤیەتیدا بۆ دۆزی کورد، هەڵوێستی سۆڤیەتی لە ماوەی پاش گفتوگۆکەدا بەهێمنی و حەزەری مایەوە. بەڵام هاوپەیوەستی سەرانی کورد و یەکێتیی سۆڤیەت دووپات کرایەوە و کاری تەواو بۆ ئەوە کرا کە چاوەڕوانی دوا هەڵوێستی سۆڤیەتی بکەن، ئەویش لە ڕێگەی بەڵێن و نیمچە بەڵێن دان و موجامەلاتی شەخسییەوە. بەڵام بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی بۆخۆی هەنگاوێکی ئیجابی ناو، ئەوەی ئەم هەنگاوەی بەقووەت دەکرد بڵاوبوونەوەی ئەو بۆچوونە گشتییە بوو کە یەکێتی سۆڤیەت ئامادەیە بەرگری و پشتیوانی لە کورد بکات.

فەسڵی حەوتەم

سوێندە پیرۆزەکەی سەر لوتکەی (دالان پەڕ)

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و فەسڵێکی نوێ لە فەسڵەکانی سیاسەتی سۆڤیەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا.

چ شتێک نەبوو کە شارۆچکەی مهاباد لە شارە کوردییەکانی دی جیا بکاتەوە. هەروەها شتێکی ئەوتۆی تێدا نەبوو کە ئیحا و هێمای ئەوە بێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ناوی دەچێتە مێژووەوە. مهاباد بەر لەوەی لە ماوەی دووەم جەنگی جیهانیدا، بەحوکمی شوێنەکەی کە کەوتبوە ناوچە داگیر کراوەکانی سۆڤیەتی و بەریتانیانییەوە، ببێ بەو شوێنەی هەموو هەوڵ و خەباتێکی سەربەخۆ خوازی کورد لەوێندەر خڕ ببێتەوە، تا ئەو دەمە تەنیا لای گەڕیدەو بازرگان و موژدەبەرانی ئایینی ناسرا بوو، لە لای مێژوونووسەکان تەواو گومناو بوو، خۆ لە ڕووی سیاسییەوە هەر بوونی نەبوو. شار، بەخانووە گڵەکانییەوە کەوتۆتە ڕەخی باشووری ڕووباری (سوی بولاغ) ئەمە وشەیەکی تورکییە و بەمانای (بەهاری سارد) دێت. ڕەنگە هەر ئەم وشەیە سەرچاوەی ئەو ناوە بێ کە کورد و تورک لە شارەکەیان نابوو (سابلاغ) ئەمە ناوی شارەکە بوو تا لە سەردەمی ڕەزا پەهلەویدا و لە چوارچێوەی پەیڕەوکردنی سیاسەتی فارساندنی ناوی شارەکاندا گۆڕییان بۆ (مهاباد) ئەو گەڕیدە کەمانەی کە ناوی ئەم شارەیان هێناوە، زیاتر دڵبەندی ئەو گۆڕە کۆنانە بوون کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی میدییەکان و کەوتوونەتە ناوچە شاخاوییەکانی پانزە کیلۆمەتری مهابادەوە. (بیلی فریزر)ی گەڕیدەی ئینگلیزی لە ساڵی ١٨٣٤دا چ شتێکی لە مەڕ مهاباد نەنووسیوە تەنیا ئەوە نەبێ کە (شارێکی جوانە، دەکەوێتە قەراخ ڕووبارێکی ساف و زولاڵەوە). بەڵام (ئیزابیلا بیردبیشوپ) لە ئاخر و ئۆخری سەدەی ڕابردودا، دەربارەی مهاباد نووسیویەتی کە شار: "بەمەزەندە پێنج هەزار کەسی تێدا نیشتەجێن، ئەمە جگە لەو هەزار سەربازەی کە بۆ ناوبژی ئەو کورد و ئازەربایجانیانە دانراون، کە لە شەڕی بەردەوام دابوون". گەڕیدەی نێوبراو باری سەرنجێکی ناشرینی دەربارەی شار لەلا دروست بوو: ئەم گەڕیدەیە بەڕێیەکی هەڵەدا بۆ ناو شار هاتبوو، کاتێکی بەخۆزانیبوو کەوتۆتە نێو قەبرستانێکی بێ سەر و بنەوە، قەبر لە پاڵ قەبر، لەم ڕووەوە نووسیویەتی کە جەنازەکان کە لە قوولاییەکی کەمدا نێژراون و خۆڵێکی کەمیان بەسەردا کراوە، بۆنێکی زۆر ناخۆشیان لیهەڵدەستاو هەواکەی دەلەوتاند.

لەگەل ئەمەشدا، مهاباد لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانداو لەو سەرو بەندەدا کە سۆڤیەت و بەریتانیا بەناو ئێران کەوتن و داگیریان کرد، ئاو لەو سارو بەندە دا مهاباد گۆڕاو بوو بەمەڵبەندێکی گرینگی ناوچە دەشتاییەکەی داوێنی ناوچە شاخاوی یە کوردی یەکان. ژمارەی دانیشتوانی گەییە شانزە هەزارکەس، بوو بەمەڵبەندی ئایینی زۆر بەی خێڵە کوردەکان، کەش و هەوای گشتی مهاباد زۆر لەو کەش و هەوایە دەچێت کە خوێنەرانی کارل مای حەزدەکەن بۆ شارەکوردەکانی تەسەور بکەن: ئەوەی مرۆڤ لە باشوورەوە، واتە لە مەیدانی چوار چراوە بۆ بازاڕی ناوجەرگەی شارو تا دەگاتە ئەو دوو جادەیەی کە مهاباد دەگەیەنن بەرەزاییەو میاندوا و دەیبینی، بریتی بوو لە تێکەڵەیەکی ڕەنگاو ڕەنگی تێکچرژاوی، نێوەرۆکی تابلۆیەکی هونەری ڕەنگاو ڕەنگ، جووتیاران لە چیاکانەوە بەرەو شار دادەگەڕان، پەزو ڕانەکانیان وەپێش دەدا، کەچی هێندێکی دی لە شار وەدەردەکەوتن و بەکەروباری ئازوقەوە بەپەلە بۆ گوندەکانیان دەگەڕانەوە. کوچەو کۆلانانی شار پڕ بوون لە کۆمەڵە مندالی جل و بەرگ شڕۆڵە و خەریکی غار غارێن بوون.

نووسەر و دیپلوماتی ئەمریکی ولیم ئیگلتون، کە کتێبێکی دەربارەی مهاباد نوسیوە، دەڵێ مرۆڤ لە نێو ڕەگەزەکانی ئەم وێنەو دیمەنەوە "دەموچاوی جوانی ژنەکوردی بێ پەچەوعەبای دەبینی کە سەرگەرمی کاری خۆ بوون، یان پێداویستی یەکانی ماڵیان دابین دەکرد. چ ئافرەتێکم نەدەبینی بەشداری ئەو قسەو باس و موناقەشانە بکات کە لە سوچی شەقامەکاندا ڕوویان دەدا. ئەم موناقەشانە تایبەت بوون بەپیاوان".

پیاوان چاکەتو پانتۆڵی ئەوروپاییان لەبەر دەکرد؛ چونکە جل وبەرگی نەتەوەیی کوردی بەفرمانی ڕەزا شای پەهلەوی قەدەغە بوو، بەڵام زۆربەیان دەرسۆکێکیان لەسەر کڵاوێکی لبادەوە،بەشێوەیەکی هونەری، دەبەست و لە سەریان دەکرد.

چەکدارانی تیرەکان، بەنێو شەقامەکانی شاردا و بەجلی کوردی دەڵب و دەرسۆک و مێزەری توند بەستراوەوە، بەسەر بەرزی ڕەت دەبوون و هەقیان بەوەوە نەبوو کە لەشاردا چ ڕوودەدات. پاش ئەوەی دەچوونە نک بەربەر، کە ئەگەر دنیا خۆش بوایە لە هەوای ئازادا کاری خۆی ئەنجام دەدا، و لە کڕینی پێداویستی یەکانیان دەبوونەوە، لە چایخانەیەک دا لایان دەدا تا پیاڵە چایەک بخۆنەوە یان چەند شیشێک گۆشتی بژراو بخۆن، کە ئەو ساکەش بەهەمان شێوەی ئێستای دەفرۆشرا، بریتی بوو لە بابۆڵەیەکی نان کە جگە لەوەی گۆشتەکەیان تێدە کرد، برنج و سەوزەی تازە وسەلکێک پیازیانش تێدەکرد.

بەنزیکە هەر هەموو لایەنەکانی ژیانی بازرگانی بەدەست کوردەکانەوە بوو، تەنیا چەند

بازرگانێکی ئەرمەنی و شەش بازرگانی جولەکە هەبوون کە خەریکی ئاڵتونچێتی و مەی فرۆشی بوون؛ کە لە نێو موسوڵمانەکاندا حەرام بوو. تاقە یەک ڕووسی-ش هەبوو کە خەریکی سات و سەودای ئەسپ کڕین و فرۆشتن بوو، ئەم پیاوە لە هەمان کاتدا قۆنتەراتچی ئازوقەی هێزی داگیرکەری سۆڤیەتیش بوو کە لە دەرێی شاردا سەرباز خانەیەکیان هەبوو، بەئۆتۆمبێل سەعاتە ڕێیەک دەبوو. لە نێو شاری مهاباد هیچ شوێنەوارێکی دەسەڵاتی ئێران نەدەبینرا. مێژوونووسە ئێرانییەکان بارودۆخی ئەوێندەریان، لەو ڕۆژانەدا کە شاندی کورد لە سەردانی باکۆ بوون، بەم جۆرە وەسف کردووە: "دەسەڵاتی شار بەرە بەرە کەوتە دەست کۆمەڵێک لە هاوڵاتیانی کورد".

خوانی چا خواردنەوە و سەرهەڵدانی بیرۆکەی کوردستانی گەورە

هەستی نەتەوەیی کوردی ئێران، دوای ساڵێک لە گفتوگۆی کورد و سۆڤیەت لە باکۆ، شەقڵێکی تەواو سیاسی وەرگرت. ئەم کارە لە سەرەتادا وەها دەهاتە بەرچاو کە هەوڵێکی ڕۆمانسیانەیە و چ بایەخێکی سیاسی نابێت: ڕۆژی ١٩٤٢/٩/١٦، پانزە پیاو لەسەر خوانێکی چاخواردنەوە و شیرینی خواردندا، لە سێبەری دارودرەختی باخێکی ڕەخی ڕووباری سابڵاغ-ی باکوری شاردا خڕ بوونەوە.

بچوکترین کەسی ناو ئەم مەجلیسە گەنجێک بوو کە هێشتا نۆزدە ساڵی تەواو نەکرد بوو، و تازە خوێندنی ئامادەیی لە ڕەزاییە تەواو کرد بوو، گەورەترین کەسی نێو مەجلیسەکەش تەمەنی پەنجا ساڵێک دەبوو، و بەڕێوەبەری دایەرەی توتنی حکوومەتی بوو لە شاردا. چ شتێک دیمەن و ڕواڵەتی ئەم پازدە کەسەی لە خەڵکانی دی جیا نەدەکردەوە. بەڵام بۆ مەبەستێک کۆبووبوونەوە کە ئامادەنەبوون دەستبەرداری بن: ئەویش پەلە کردن بوو لە دامەزراندنی حزبێکی کوردی ئەوتۆ کە بتوانێت سەرکردایەتی و ڕێبەرایەتی ئەو باس و موناقەشانە بکات کە ساڵێک بوو دەربارەی سەر بەخۆیی کوردستان دەکران. هەروەها دەبوایە ئەم حزبە بکرێ بەدەزگایەک کە لە پێناوی وەدیهێنانی ویستەکانی گەل و کەڵکەڵەی سەر بەخۆییان بخەبتێ.

(میرحاج)یش کە کوردی عێراقی بوو ئامادەی ئەم کۆبوونەوەیە بوو بوو. ئەم پیاوە لە سوپای عێراقیدا نەقیب بوو. ئامادەبووان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتبوون کە وەکو ڕاوێژکارێک دەعوەتی بکەن. ئەمیش سڵا و ڕێزی (کۆمەڵەی هیوا)ی پێ گەیاندن، ئەم کۆمەڵەیە، کۆمەڵەیەکی نهێنی کوردی بوو، و لە عێراقدا و لە سەردەمی ئینتیدابی

بەریتانیاییدا دامەزرابوو. چالاکی ئەم کۆمەڵەیە لە نێو ڕۆشنبیرانی شار و نووسەران و ڕۆژنامەوانان و ئەفسەرانی سوپادا بوو. میرحاج بەخوێ تەجرەبە و ئەزموونی دەیان ساڵ چەوساندنەوەی کوردی عێراقی لەلایەن ئینگلیز و عێراقییەکانەوە هەبوو، ئەمە جگە لە تەجرەبەی عەمەلی کە ئامادە بوو لە شێوەی ئامۆژگاری و زانیاریدا، بەخۆشحاڵییەوە پێشکەش بەبرا کوردە ئێرانییەکانی بکات.

میرحاج، ئامۆژگاری کردن کە دەبێ زۆر وریا بن و بەوپەڕی نهێنییەوە حزبەکەیان ڕێک بخەن. هەرچەندە دەکرێت دامەزراندنی حزبەکە ڕابگەیەندرێ، بەڵام دەبێ بزووتنەوەکە لە چوارچێوەی زنجیرەیەک شانەی پێکەوە بەستراودا ڕێک بخرێ بەمەرجێک ئەندامانی هەر شانەیەک جگە لە ئەندامانی شانەکەی خۆیان ئەندامانی چ شانەیەکی دی نەناسن، و نابێ هیچ پەیوەندییەک لە نێوان شانەیەک و شانەیەکی تردا هەبێ، پێدەچێ لەو نیوەڕۆ دانیشتنەدا چ کەسێک بەوەی نەزانی بێ کە ئەوەی بڕیاریان لەسەر دا شێوازی شیوعیانەی ڕێکخستنی حزبە. هەروەها هیچ کەسێک لە ئامادە بووان موناقەشەی پێشنیازەکەی میرحاج-ی نەکرد کە حزبەکەیان نێو بنەن (کۆمەڵە)؛ ئەوە بوو ڕێک کەوتن لەسەر ئەوەی ناوی بنەن (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)و بەو جۆرە کۆبوونەوەکە تەواو بوو، و بڵاوەیان لێ کرد.

وەکو لە زۆر بۆنەی مێژوویی تریشدا باوە، ئەم ڕووداوە کە لە سەرەتادا کەم بایەخ دەهاتە بەرچاو، بوو بەهەوێن و سەرەتای کۆمەڵێک ڕووداوی مێژوویی هەرەگرینگ. کۆمەڵەی نێوبراو پاش شەش مانگ لە دامەزراندنی، توانی نزیکەی سەد هاوڵاتی شاری مهاباد لە ڕیزەکانی خۆیدا ڕێک بخات. وەرگرتنی ئەندام لە کۆمەڵەدا بەشێوەی فەردی دەبوو. هەر کەسێک بیویستایە ببێتە ئەندامی کۆمەڵە، دەچوو بەئامادەبوون و شایەتی سێ کەس سوێندی بەقورعان دەخوارد و دەبوو بە ئەندام. لە نیسانی ١٩٤٣دا و بەشێوەی نهێنی، کۆمیتەیەکی ناوەندی لە ئەندامانی ڕێکخستن هاتە هەڵبژاردن. ئەم بزووتنەوەیە زۆر زوو پەلوپۆی بۆ نێو خێڵە کوردەکانی دەوروبەری مهابادیش هاویشت. لە سەرەتادا و لە بەر هەندێ هۆی ئاشکرا، تەرکیز لەسەر ناوچەکانی باکوری سەقز کرا، واتە ڕوو کرایە ئەو ناوچەیەی کە نە دەسەڵاتی بەریتانی تێدا بوو نە هێزی ئێرانی تێدا بوو تا ببنە کۆسپ و تەگەرە لە ڕێگەی پەرەسەندن و گەشەکردنی کۆمەڵەدا.

سەرانی عەشایەرش پەیوەندییان بەکۆمەڵەوە کرد لەوانە سەرۆکی عەشیرەتی هەرکی بەهێز و ئەمین خان شەریفیی سەرۆکی هۆزی شکاکی بەنێوبانگ. لەلایەکی دییەوە

سەرانی کوردی عێراق و تورکیاش دڵیان بەکۆمەڵە خۆش کرد و چەند سەردانێک لە نێوانیاندا ڕوویدا بۆ ئەوەی موناقەشەی ئەوە بکرێ کە چ ڕێگەیەک بۆ کۆمەک و یارمەتی یەکدی بگرنە بەر و موناقەشەی نەخشەکانی کارکردنی ئایندە بکەن. ئا بەم جۆرە ئەم ڕووداوە ناوچەییە کە لە سەرەتا دا بێ بایەخ و گچکە دەهاتە بەرچاو، بوو بەهەوێنی سەرهەڵدانی بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتوی ئەوتۆ کە هەموو کوردی ئێران و عێراق و تورکیا بگرێتە خۆ، واتا بوو بەهەوێنی سەرهەڵدانی بیرۆکەی کوردستانی گەورە.

لە ئابی ساڵی ١٩٤٤دا ئەو ڕووداوە بەنێوبانگە ڕووی دا کە دەکرێت لەگەڵ (سوێندی ڕوتیلی)ی بەنێوبانگدا بەراورد بکرێ؛ ئەو شوێنەی کە سویسرییە کۆنەکان سوێندی ڕوتیلیی بەنێوبانگیان تێدا خوارد، وەکو ڕیوایەتەکە دەیگێڕێتەوە، کەوتبووە ڕەخی دەریاچەی (اوریز)، ئەم شوێنە بەدیواری تاوێری بەردان و گژوگیا تەنرا بوو، لە ڕۆژی چوارشەمەی بەر لە ڕۆژی جەژنی (القدیس مارتین) لە ساڵی ١٢٩١، ئامادەبووان لەوێدا سوێندیان خوارد کە (فوکت)ەکان وەدەرنێن و سێ ناوچەکەی خۆیان (شفیتز)، (ئوری) و (ئونترڤالدن) یەک بخەنەوە و لە دەسەڵاتی بنەماڵەی (هابسبورگ) ڕزگاری بکەن.

بەڵام بەشدارانی سوێندە کوردییە مێژووییەکە، دەبوایە سەفەرێکی زۆر قورستر لە هینەکەی باپیرانی سویسرییەکان بکەن، تا بگەنە ئەو شوێنەی کە لێبڕابوون سوێندی تێدا بخۆن. کوردەکان خاڵی یەکانگیری سنووری عێراق، تورکیا، ئێرانیان بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژارد کە وەکو سێکوچکەی سنوور دەکەوێتە سەر چیای (دالان پەڕ)ەوە کە (٣٦٠٠) مەتر لە ڕووی دەریاوە بەرزە. پیاوەکان چەندین سەعات بەچیایەکەدا هەڵگەڕان و لە وێندەر (پەیمانی سێ سنوور)یان مۆر کرد کە لە نێو کورداندا پایەیەکی ئەفسانەیی زیندووی هەیە.

لە پەیمانەکەدا، بەڵێن دراوە کە هەموو لایەک یارمەتی یەکتر بدەن و ئەو ئیمکاناتە مادی و بەشەرییانە بەکاربهێنن کە خزمەتی ئامانجی یەکخستنی کوردستانی گەورە دەکات.

نوێنەری کوردی ئێران لەم پەیمانەدا قاسم قادریی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بوو. شێخ عوبێدوڵلا نوێنەری کوردی عێراق بوو. قازی مەلا وەهاب -یش نوێنەری کوردی تورکیا بوو.

تەماشاکردنێکی خاکی دەوڵەتی ئومێدان

مرۆڤ دەیتوانی لەسەر ترۆپکی (دالان پەڕ)ەوە خاکی سێ دەوڵەتان ببینێ، کە چی ئەو کوردانەی لەو ڕۆژانەی مانگی ئابی ١٩٤٤دا وەختێ ڕووانیانە دەوروبەری خۆیان تەنیا یەک خاکیان دەبینی: خاکی دەوڵەتی کوردستانی یەکگرتووی ئایندە.

نوێنەرانی (کۆمەڵە) نەخشەیەکیان بۆ ئەو دەوڵەتەی دڵخوازی خۆیان ئامادە کردبوو، دیارە لەم نەخشەیەدا پشتیان بەهەوڵەکانی پێشوتری سەرکردایەتی کۆمەڵەی خۆیبوون بەستبوو. خۆیبوون، کۆمەڵەیەکی کوردی بوو، سەرکردەکانی کۆمەڵە میر و ڕۆشنبیرێکی کورد بوون بەسەرۆکایەتی میر بەدرخان. دیارە لە تاراوگە و دەربەدەریدا، بەتایبەتی لە بەیروت و قاهیرە و پاریسدا، چالاکی خۆیان ئەنجام دەدا. هەڵبەتە ئەوانەی کە نەخشەی سنوورەکانی دەوڵەتی چاوەڕوانکراویان کێشا بوو، زۆر بەسەخاوەتەوە دەستیان شل کرد بوو لە بەرین کردنەوەی پانتایی ئەم دەوڵەتە و زۆر شوێنیان خستبووە سەر پانتایی ئەسڵی کوردستان لە نێوان چیاکانی ئارارات لە باکورەوە و بۆ دەشتەکانی دیجلە و فورات لە باشوورەوە. شاری کەرکووکی پڕنەوتیش بەشێوەیەک خرابووە سەر ئەم نەخشەیە کە بەلای ئەوانەوە شتێک بوو بڕابووەوە و چەندوچونی هەڵنە دەگرت؛ هەرچەندە کورد لەوێندەردا زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکەیان پێک نەدەهێنا، بەڵام لە چاو ئەو تورکمان و عەرەبانەدا کە لەوێندەر دەژیان، گەورەترین کەمینەی نەتەوەییان پێک دەهێنا هەروەها پتر لە نیوەی دانیشتوانی شاری کەرکووک کورد بوون.

پێدەچێت ئارەزووی داڕێژەرانی نەخشەی کوردستانی یەکگرتوو کە حەزیان دەکرد دەوڵەتەکەیان دەرویەکی لەسەر دەریای سپی ناڤین و کەنداوی فارسی هەبێ، کارێکی زۆری لێ کردبن و لە کاتی دیاریکردنی سنوورەکانی کوردستاندا، هەندێ لە واقیع و واقیعبینی دووری خستبنەوە. چونکە مرۆڤ ئەو هەقەی هەیە کە بپرسێت ئاخۆ بوونی چەند گوندێکی کورد لە باکوری شاری حەڵەبدا، دەکاتە ئەوەی کە دەبێت ڕاڕەوێکی زەمینی لە ناوجەرگی کوردستانەوە بۆ دەریای سپی ناڤین بکشێت و ئەو ڕاڕەوە بەبەشێک لە خاکی کوردستان بێتە ژماردن؟ کە چی ڕاڕەوی دووەم کە دەگاتە سەر کەنداوی فارسی زۆر زیاتر جێی چەند و چۆنە: چونکە عەشایەری لوڕو بەختیاری هەڵوێستیان بەرانبەر بەکورد وەکو هەڵوێستی فلامییەکانە بەرانبەر بەئەڵمان یان وەکو هەڵوێستی ئۆکرانییەکانە بەرانبەر بەڕووسەکان. داڕێژەرانی نەخشەکە هاتوون ئەوانەیان بەتیرەی کوردی ئەسڵ

داناوە. هەروەها بەشدارانی پەیمانی سێ سنوور لەسەر ئاڵای دەوڵەتی یەکگرتووی کوردی- یش ڕێک کەوتن. ڕەنگی ئاڵاکە سوور و سپی و کەسک بوو، هەمان ڕەنگەکانی ئاڵای ئێرانی بوو، بەڵام بەڕیزبەندییەکی پێچەوانەوە. وێنەی ئارمی ڕەسمی کوردی لە ناوەندی بەشە سپییەکەدا کێشرا: هەتاوێکی پڕشنگداری بەگوڵەگەنم دەوردراو، لە پشت هەتاوەکەوە چیایەکی بەفرگرتوو و قەڵەمێک دیارە.

کۆمەڵە گەنجێکی ئەندامی (کۆمەڵە)ش لە ژێرکارێگەریی بوژانەوەی نەتەوەییدا کەوتنە خۆ بۆ ئامادەکردنی داستانێکی نەتەوەیی. ئەم شانۆنامە شیعرییە بۆ یەکەم جار لە مهابادا نمایش کرا، مەبەستی هەرە سەرەکی ئەم شانۆنامەیە بریتی بوو لە بەرزکردنەوەی ورەی گەلی کورد. ئەم شانۆنامەیە (دایکی نیشتمان) لەو شانۆنامە ئۆپراییانە دەچوو کە لە پەکین دا و لە سەردەمی بەناو (چوار شەقاوە)دا نمایش دەکران و زیاتر پشتیان بەفاکتەری جۆشدان و هاندانی جەماوەری ڕاستەوخۆ دەبەست. نێوەرۆکی ئەم شانۆنامەیە یەکجار ڕاستەوخۆ و سادە بوو: نیشتمان، شوبهێنرابوو بەئافرەتێک، ئەم ئافرەتە خەتەری لەسەر بوو، دوژمن توانی کۆت و زنجیری بکات، بەڵام ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی لە ئەنجامدا ڕزگاری دەکەن. نمایشی ئەم شانۆنامەیە کارێکی یەکجار زۆری کردە سەر ئەو جەماوەرەی کە بۆ یەکەم جار ڕووبەڕووی کارەساتی نەتەوەی کوردکرانەوە، ئەم کاریگەرییە گەلێک پتر بوو لە کاریگەری هەر خوتبەیەک یان گوتەیەکی سیاسی دی. شایەت حاڵێک بەم شێوەیەوە وەسفی دەکات: "نمایشەکانی شانۆنامەکە شەقڵێکی ئایینی خواپەرستانەی لە خۆ دەگرت". پاش ئەوەی زۆر سەرکەوتوانەو بۆ چەند مانگێکی یەک لەدوای یەک لە مهاباد نمایش کرا، تیپەکە کەوتە گەڕان بەکوردستاندا و شانۆنامەکەی لە شارۆچکە جۆراوجۆرەکاندا نمایش کرد. سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنا و ئەو ئامانجانەشی پێکا کە بۆی دانراو بوو، و بریتی بوو لە جۆشدانی سۆزی نەتەوەیی و گیانی شوڕشگێڕی... وەختێ ئەم شانۆنامەیە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەتدا نمایش کرا، کۆمیسەرێکی سیاسی نە شارەزا لە کەڵکەڵە و خولیاکانی کورد، نارەزایی لەوە دەربڕی کە ئەوانەی دایکەکەیان کۆت و زنجیر دەکرد بەئەسپ بشوبهێنرێن. پێشنیازی کرد با ئەوانە ئەڵمانە نازییەکان بن، بەڵام سوودی نەبوو. بەڵام هەندێ بەرپرسی سۆڤیەتی لەو شارەزاتر لە دۆزی کورد، توانیان خواستەکانی خۆیان بەوە بێننە دی کە سوکە دەستکارییەکی کۆتایی شانۆنامەکە بکرێ و با یەکێک لەوانەی کە دایکەکە ڕزگار دەکەن، سەربازی سوپای سوور بێ.

بەو جۆرە دەبینین کە (کۆمەڵە) بیری لە هەموو ورد و درشتێکی چۆنیەتی دابینکردنی

پێداویستییەکانی وەدیهاتنی سەربەخۆیی چاوەنۆڕکراو کرد بووەوە. بەڵام بێ هودە و سەرسام لە کەسایەتییەکی سەرکردەیی وەها دەگەڕان کە بتوانێت سەرکردایەتی ئەو دەوڵەتە کوردییە لە ئەستۆ بگرێ و بەڕێوەی بەرێ. ئەوەی سەیر بوو سۆڤیەت کە بۆ خۆی پارێزەر و سەرپەرشتیاری بزووتنەوەی (کۆمەڵە) بوو، لە مامەڵە کردنیاندا لەگەڵ کۆمەڵە، وازیان لەو شێوازە تەقلیدییە هێنا کە دەبوایە هەر بزاڤێکی ڕزگاریخوازی بگۆڕن بۆ بزاڤێکی چەپگەری ڕووت و لە مەداری سۆڤیەتیدا بخولێتەوە. کاتێ کە ئەندامانی کۆمەڵە دەکەوتنە موناقەشەی ئەوە کە کێ بۆ سەرۆکایەتی دەوڵەتی چاوەنۆڕ کراو هەڵبژێرن، ناوی پیاوێکی زۆر نێوداری مهاباد، پتر لە هەر ناوێکی دی دەهاتە سەر زار و بەر هزر و بیران، کەچی کۆمیتەی ناوەندی هەمیشە دوودڵ بوو لە قبوڵکردنی ئەو پێشنیازە، چونکە چاک دەیانزانی کە ناو و پایە و دەسەڵاتی قازی محەمەد و تەقدیری لە لای سۆڤیەتەکان، کۆمیتەی ناوەندی دەخاتە خانەی دووەمی سەرکردایەتی سیاسییەوە. بەڵام لەلایەکی تریشەوە لە پێناوی ئامانجە نەتەوەییە گشتییەکاندا، ئامادەبوون بێ دوودڵی و ڕاوەستان قازی محەمەد بەئەندامی (کۆمەڵە) قبوڵ بکەن.

ئا بەم جۆرە قازی محەمەد وەکو میوان لە یەکێک لە ماڵەکانی مهابادا و بەئامادەبوونی پتر لە بیست ئەندامی (کومەڵە) پێشوازی کرا. ئەوەبوو لە بەر هۆی ئەمنی تەنیا دوو ئەندامی کۆمەڵە، لە پشت پەردەیەکی قوماشەوە لەگەڵ قازی محەمەدا ڕووبەڕووبوونەوە و لە ئامانج و نەخشەکانی کۆمەڵەیان ئاگادار کردەوە کە کاری بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان دەکرد. هەروەها داوایان لێکرد کە ببێ بەئەندامی کۆمەڵە و پێیان ڕاگەیاند کە ئەگەر ڕەفزی کرد، ئەوا چ شتێکی لەسەر نییە تەنیا ئەوە نەبێ کە ئەو ماڵە بەجێ بهێڵێ، خۆ ئەگەر قاییل بوو، ئەوا حەزدەکەن لە بەردەم هەموو ئامادەبوواندا سوێند بخوات.

پێدەچێ ئەم هەموو پێچە بەدەورویە لە زیادەبووبێ. چونکە قازی محەمەد یەکسەر و هەر لەوێدا داواکەیانی قبوڵ کردو بوو بەئەندامی کۆمەڵە. یەکێک لە مێژوونووسەکان دەڵێ قازی محەمەد "لەو ساتەوە ئیدی بوو بەدەنگ و سەرکردەی حزب، ئەگەرچی قەتا و قەت بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب- یش هەڵنەبژێردرا".

کورد سەربازی شەترنجن

سۆڤیەتەکان-یش، لە هەمان کاتدا کە سەرقاڵی دارشتنی نەخشە و هەڵوێستی خۆیان بوون لە مەڕ کورد، دوو دەستپێکیان ئامادەکردبوو، تا بەهۆیەوە بچنە ناو ئەو پێشبڕکێی شەترەنجی سیاسییەوە کە لە پێناوی وەدەستهێنانی پێگەی دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دا دەیانکرد. بەڵام هێشتا دڵنیا نەبوون لەوەی کە کام دەستپێکەیان دەیانگەیەنێتە ئامانجە دیاریکراوەکانیان. لەلایەکەوە توانیان دۆستایەتی هەردوو گەلی ئازەربایجانی و کورد لە ناوچەکانی دەسەڵاتی خۆیاندا بەدەست بهێنن و پشتیوانی لە خەباتی جیابوونەوەخوازیان لە ئێران بکەن و هانیان بدەن کە داوای سەربەخۆیی بکەن. لەلایەکی ترەوە خۆیان حازر کردبوو کە لە ڕێگەی دامەزراندنی حزبی تودەوە کە داوای یەکپارچەیی خاکی ئێرانی دەکرد، گوایە هەموو ئێران بگۆڕێ بۆ دەوڵەتێکی سەر بەکۆمۆنیزم.

بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی ئێران لە ساڵی ١٩٤٢ دا جەزرەبەیەکی پڕ ژان بوو لە ناوەندی سۆڤیەت کەوت، کە گرەوی لەسەر ئەم ڕێبازەی دوایی دەکرد: حزبی تودە تەنیا هەشت کەسی بۆ گەینرایە پەرلەمانی ئێران، سێیانیان لەسەر داوا و گوشاری ڕاستەوخۆی بەریتانییەکان بوو، کە بەهیوا بوون لەو ڕێگەیەوە سۆڤیەتەکان ئارام بکەنەوە، چواری تریش بەگوشاری ڕاستەوخۆی هێزی داگیرکەری سۆڤیەتی گەیشتنە پەرلەمان. واتا حزبی تودە توانی تەنیا یەک کەس، کە بەڕاستی لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرابێ، بگەیەنێتە پەرلەمان؛ سۆڤیەتەکان کە ئەمەیان بینی بایاندایەوە و ڕێبازی خۆیان گۆڕی، ئەوەبوو لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٣وە دەستیان بەگەمەکەی تریان کرد، و کەوتنە جوڵاندنی سەربازە کوردی و ئازەربایجانییەکان. جەنگی جیهانی دووەم تەواو بوو؛ نازییەکان شکان. ئەمەش ئەوترسانەی لە لای سۆڤیەتەکان ڕەواندەوە کە ئەگەر بێت و لە ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوای ئێراندا گۆڕانکاری بکات، ئەوا ئەگەری کاردانەوەی جیهانی چێ دەبێت. ئەوەی پترش هانیدا ئەوەبوو کاتێ کە هەر سێ دەوڵەتە بەڵتیکییەکە و ناوچەی بیسارابیای ڕۆمانی و بەشێک لە فنلەندەی داگیرکرد، تا دوای جەنگ چ کاردانەوەیەکی جیهانی لێ نەکەوتەوە؛ هەروەها قایل بوونی ڕۆژئاوا بەوەی کە یەکێتیی سۆڤیەت چەند بەشێکی تری پۆڵەندە بخاتە سەر خاکی خۆی؛ ئەمە لە کاتێکدا بوو کە دەوڵەتە ڕۆژاوئاییەکان فشەی ئەوەیان دەکرد کە گوایە بۆیە چوونەتە دووەم جەنگی جیهانەوە تا پارێزگاری ئاسایش ویەکێتیی ئەم پۆڵەندایە بکەن.

دوا جاریش یەکێتیی سۆڤیەت توانی ئەو خاکانەی وەربگرێتەوە کە لە ساڵی ١٩١٨دا بەپێی پەیمانی بریست- لیتوفسک دابووی بەئەڵمانیا، هەروەها قرم-یشی وەرگرتەوە کە لە ساڵی ١٩٢١ دا تەنازولی لێ کردبوو بۆ تورکیا. لەبەر هەر هەموو ئەم هۆیانە، سۆڤیەتەکان تاقە یەک پرسیاریان لە خۆ دەکرد: مادامێکی مەسەلەکان بەم شێوەیەیە ئیدی بۆچی گەمەی وەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکان بەرەو کەنداوی فارسی بەدەستپێکێک لە ڕۆژهەڵاتی ناڤینەوە دەست پێ نەکرێ؟

کۆمۆنیستی دەوراندیدە پیشەوەری و کۆماری ئازەربایجان

سۆڤیەتەکان، یەکەم نەقلەیان لە ئازەربایجانەوە دەستپێکرد. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩١٤ وە کۆمۆنیستێکی کارامەی دەوراندیدەیان بۆ نارد کە نەک هەر بەبەڵگە دڵسۆز و کارامە و خاوەن ئەزموونی دوور و درێژ بوو، بەڵکو لەگەڵ ئەوانەشدا ئازەری و خەڵکی تەورێزی ئێران بوو، ئەوکۆمۆنیستە جەعفەر پیشەوەری بوو کە لە ساڵی ١٩٢١وە خزمەتی بەلشەویکەکانی کرد بوو؛ واتا لەو کاتەوە کە بەلشەویکەکان حکوومەتێکی سەربەخۆیان لە ناوچەی گەیلانی ئێراندا دامەزراند، ئەو حکوومەتە چەند هەفتەیەک دەوامی کرد و لە ١٩٢١/٢/٢٦ هەرەسی هێنا و ڕووخا. شایەنی باسە ئەو پەیمانەی کە سۆڤیەتەکان ئەو ڕۆژگارە لەگەڵ ئێرانییەکاندا مۆریان کرد و بەو پێیە لە ئێران کشانەوە، مافی ئەوەی دابوونێ کە هەر کاتێک پێویست بکات سنووری خۆیان لە باشووردا هەڵبژێرن و ئەو پەیمانە تاکو ئەمڕۆش وەکو خۆی ماوەتەوە.

پیشەوەری، ساڵانییەکەمی نێوان هەرەسهێنانی ئەو ئەزموونی جوداخوازییە و هەڵایسانی دووەم جەنگی جیهانی لە تاراوگەولە یەکێتیی سۆڤیەتدا بەسەر برد؛ لەوێندەر زۆر پۆستی حزبی بەرزی گرتە دەست. وەختێ کە گەڕایەوە بۆ تەورێز، سەدان ئازەری لەو ئازەریانە لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە کە لە باکۆ لە دایک بووبوون. هێز و خۆشەویستی ئەم پیاوە کێشەی نەتەوەیی ئازەر بوو کە بەبێ چارەسەر مابووەوە. بەپێی پەیمانی ساڵی ١٩٢١ی نێوان ئێران و سۆڤیەت، ڕووباری ئاراس کرا بەسنووری نێوان هەرتک دەوڵەت. بەڵام ڕووباری ئاراس نەک هەر سنووری هەردوو وڵاتی جیا دەکردەوە، بگرە بووش بەرەمزی دابەشکردنی گەلی ئازەری؛ چونکە ئەو گەلە تورکی زمانە دابەشبوون بەسەر دوو وڵاتدا؛ نزیکەی یەک ملیۆن ئازەری بوون بەهاوڵاتی سۆڤیەتی و نزیکەی ملیۆن و نیوێک وەکو هاوڵاتی ئێرانی مانەوە. هەڵبەتە دەسەڵاتی حوکمڕانی پەهلەوی کەوتە بەکارهێنانی

سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانە دژ بەئازەرییەکان و چەوساندنەوەیان، وەکو چۆن هەمیشە ئەم سیاسەتەی لەگەڵ کورد و کەمینە نەتەوەییەکانی تری نێو ئێراندا بەکارهێناوە. هەر ئەمەش هەنجەتی بۆ ناسیۆنالستە ئازەرییەکان خوڵقاند کە بۆ دەروویەک بگەڕێن لەو سیاسەتە ڕەگەزپەرستیە ڕزگاریان بکات.

مێژوونووسی ئێرانی نیمچە ڕەسمی (ئەمیر صادقی)ش ڕەخنەی لەو سیاسەتە ئێرانییە گرتووە کە لەو سەروبەندەدا پەیڕەوکراوە و لە کتێبێکیدا کە لە ساڵی ١٩٧٧دا چاپ و بڵاو بووەتەوە نووسیویەتی: "ڕەزای یەکەم مامەڵەی هاوڵاتی پلە دووی لەگەڵ هاوڵاتیانی ناوچەکانی ئازربایجان دەکرد، یان بەهاوڵاتی کۆیلەی فارسی دەزانین کە دەبێت بەزووترین کات لە باری نەتەوەییەوە بتوێنرێنەوە. بەکارهێنانی زمانی تورکی ئازەربایجانی (ئازەری) قەدەغە کرد. کاتێ سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٤١دا بەلەشکرەوە هاتە نێو ئێران، هەر بەمەبەستی پروپاگەندە ڕێگەی ڕۆژنامەیەکیان دا کە بەزمانی ئازەری دەربچێت، ئەمە وایکرد ئازەرەکانی ئێران سەرنجێکی ئەو دیوی سنوور بدەن: براکانیان لەوبەری ڕووباری ئاراسەوە بێ چ گیروگرفتێک زمانی زگماک و نەتەوەیی خۆیان بەکاردێنن، جگە لە دەر چوونی چەندین کتێبی ئەدەبی و سەرهەڵدانی بزاڤی شانۆگەری بەزمانی ئازەری، کە هەموو ئەمانە خۆیان لە خۆیاندا بەشێکی گرینگن لە سەلماندنی ناسنامەی نەتەوەییان. پیشەوەری و هاوڕێکانی لە ساڵی ١٩٤٥دا توانیان ئەم ناسنامەی نەتەوەییە بکەن بەبیانوو و پێی لەسەر دابگرن و پشتی پێ ببەستن".

پیشەوەری یەکێک بوو لەو نوێنەرانەی کە یەکێتیی سۆڤیەت بۆ (پەرلەمانی ئێرانی) نارد بوونی، بەڵام ئەنجوومەن ڕازی نەبوو ئەو پیاوە هەڵبژێردرێ و ڕێگەی نەدا لەو دەورە پەرلەمانییەدا بەشداری بکات کە لە ساڵی ١٩٤٤وە دەستبەکار بوو. بەم جۆرە چالاکی پیشەوەری و تەگبیرکەرە سۆڤیەتییەکانی لە چوارچێوەی تەورێز قەتیس ما. بەڵام پیشەوەری، هەرگیز و بۆ ساتێک لەوە غافڵ نەدەبوو کە باشترین ئەنجام لەم (نەقلە بچوکەوە) بەدەست بێنێ. ئەوەبوو زۆر بەلەز لە سیاسەتی کۆمۆنیزمی بایدایەوە و ڕووی کردە خەتی حزبی جەماوەری، خەتی بەرەی نیشتمانی، یەکەم هەنگاویش لەم بوارەدا ئەوەبوو ناوی ڕێکخستنی حزبی تودەی ئازربایجانی گۆڕدرا بۆ حزبی دیموکراتی ئازەربایجانی.

ژەنەڕاڵ (سالم ئاتاکیخوف) لە ١٩٤٥/٩/٣دا بانگهێشتنی قازی محەمەد و سەرانی (کۆمەڵە)ی کرد کە لە کۆبوونەوەی دامەزراندنی حزبی دیموکراتی ئازەربایجانیدا ئامادە

بن. هەڵبەتە ژەنەڕاڵ ئاتاکیخوف زۆری مەبەست بوو شاندی کوردی بەشداری کۆبوونەوەکە ببێ و بایەخی زۆری پێدەدا، کوردەکان، کە بەدرێژایی مێژووی خۆیان دۆست و هاوپەیمانی ئازەرییەکان نەبوون، سەیریان کرد لە تەورێزدا زۆر بەگەرمی مامەڵەیان لەگەڵدا کرا، دیارە ئەمە بەئەمری ڕاستەوخۆی ئاتاکیخوف بوو.

هەرچەندە کورد و ئازەر ئەو میانەیەیان نەبووە، بەڵام کوردەکان ئەم تەگبیرەی سۆڤیەتیان بۆ ڕێکخستنی ئەم کۆبوونەوەیە، زۆر بەلاوە پەسند بوو.

هێزی پیادەی سۆڤیەتی بەپشتیوانی چەند زرێپۆشێکەوە بەرپەرچی ئەو هێزە ئێرانەیەی دایەوە کە ئێران بەلەز لە تارانەوە ناردبووی تا بەزووترین کات ئەو بزاڤە جوداخوازییە سەرکوت بکات. ئەوە بوو هێزی سۆڤیەت نەیهێشت ئەو هێزەی ئێران پێ بنێتە خاکی ئازەربایجانەوە شۆڕشگێڕانی ئازەری-ش بەپشتیوانی سۆڤیەت هەندێ خاکێ سنووری و پێگەی سوپا و پۆلیسی ئێرانییان لە پارێزگاکەدا گرت. سۆڤیەتەکان، جوداخوازەکانیان بەچەکی ئەڵمانی چەکدار کرد، کە لە قۆناغێکی دواتردا کوردەکانیش سوودیان لێ وەرگرت. سۆڤیەتەکان لە ساڵی ١٩٤٢دا، لە عەمارێکی چەکی سەرەکی تاراندا، دەستیان بەسەر دە هەزار تفەنگی ئەڵمانیدا گرت، بیانووشیان ئەوەبوو کە لە بەرەکانی شەڕدا پێویستیان پێیەتی و سوود لەو هەموو تەقەمەنییە وەردەگرن کە لە سوپای ئەڵمانی گرتبوویان. بەڵام ئێرانییەکان پاشان توانیان پێچەوانەی ئەو بیانوەی سۆڤیەتەکان بسەلمێنن، کاتێ سەیریان کرد ئەو چەکانە بەهیچ جۆرێ لە ئێران نەبراونەتە دەرێ، ئەویش بەبەراورد کردنی ژمارەکانیان لەگەڵ ژمارەی ئەو تفەنگانەی کە پاش ڕووخانی هەردوو کۆماری کوردی و ئازەربایجانی تەمەن کورت، دەستیان بەسەردا گرتنەوە. حامییەی ڕەزاییە تاقە سەربازخانە بوو کە توانی لە ڕووی شۆڕشگێڕکاندا بوەستێ، ئەویش تا ڕۆژی١٩٤٥/١٢/١٧ کە سۆڤیەتەکان هەڕەشەیان لێ کرد دەبێ تەسلیم بەهێزەکانی حزبی دیموکراتی ئازەربایجان ببێ. ئەوە بوو فەرماندەی حامییە کە نێردرا بۆ تەورێز و لەوێ بەتۆمەتی بەربەرەکانی شۆڕش دادگایی کرا و حوکمی ئیعدامی بۆ دەرچوو. بەڵام ئیعدام نەکرا و بەژمارەیەک لەو کۆمۆنیستانە گۆڕدرایەوە کە لە تاران گیرا بوون.

پێشوازییەکی گەرم لە باکۆدا

جگە لەوەی باسکرا، وەکو ئاماژەمان کردێ سۆڤیەتەکان لاپەڕەیەکی نوێیان سەبارەت بەپەیوەندی دەگەڵ مەسەلەی کوردیدا کردەوە. ئەوەبوو قازی محەمەد و هەندێ لە سەرانی کورد، کە هەندێکیان بەشداری سەردانییەکەمی باکۆ (١٩٤١)یان کرد بوو، جارێکی تر دەعوەت کران تا سەردانی شاری باکۆی پایتەختی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتی بکەن. کوردەکان، ئەمجارە یان دەبوایە زۆر بەنهێنی بجوڵێنەوە. ئەوەبوو یەکەم هەنگاو پەیوەندی بەپزیشکێکەوە کرا لە ڕەزاییە، ئەوجا بەپاس بران بۆ تەورێز. ئیدی لەوێندەرەوە سەفەرەکەیان بەهەمان شێوەی سەفەرەکەی ساڵی ١٩٤١ بەقیتار دەسپێکرد و بەقیتاری سۆڤیەتی لە سنوور پەڕینەوە و گەیشتنە باکۆ.

کوردەکان ئەم جارەش زۆر بەگەرمی پێشوازی کران: شاندێکی پێشوازی ڕەسمی لە وێستگەی قیتاردا لە پێشوازییان وەستا بوو. کۆمەڵە کیژۆڵەیەکی مەکتەبلی چەپکە گوڵیان پێشکەش کردن و لە ئەنجامدا برانە ئوتێلێکی گەورەی باکوری شار.

بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی، کۆبوونەوەیەک لە نێوان شاندی کوردی و ڕاوێژکارە سۆڤیەتییەکاندا کرا، تا باسی ئەو داخوازییانە بکەن کە کوردەکان لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا دەیخەنە بەر دەست (باقرۆف)ی سەرەک وەزیرانی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتی. (قاسم ئیلخانی زادە)یان هەڵبژارد تا ڕەشنووسی داخوازییەکان بنووسێتەوە؛ چونکە دەستخەتی خۆش بوو. کورد، تەنێ چاوە نۆڕی پارە و چەک بوون لە سۆڤیەت، چونکە پێیان وابوو مەسەلەی ئیعتراف کردن بەئۆتۆنۆمی براوەتەوە و پێویست بەوە ناکات گفتوگۆی لەسەر بکرێ... بەڵام کاتێ شاندە کوردییەکە ئەو داخوازیانەیان خستە بەردەم ڕاوێژکارە سۆڤیەتەکان، زۆریان پێ سەیر بوو کە داوایان لێ کرا جارێ ئەو مەسەلەیە دوا بخەن، لە کاتێکدا گرینگترین خاڵی سەفەری کوردەکان مەسەلەی پارە و چەک بوو، کەچی سۆڤیەتەکان تەنانەت بەر لەوەی لەلایەن (باقرۆف)ەوە بەڕەسمی پێشوازی لە شاندی کوردی بکرێ، ئەو هەڵوێستە سارد و سڕەیان نواند.

باقرۆف، بەلەهجەیەکی تورکی وەها کە کوردەکان تێی دەگەیشتن دەستی بەقسان کرد، بەدوور و درێژی باسی هەڵوێستی سۆڤیەتی لەمەڕ کێشەی ئەو نەتەوانە کرد کە هێشتا کێشەکانیان چارەسەر نەکراوە. لە قسەکانیا و لە نێوان چەپڵەی کوردەکانەوە ڕایگەیاند کە هەرگەلێک زمان و ڕۆشنبیریی تایبەتی خۆی هەبێ، دەبێ خۆی حوکمی خۆی بکات.

هەر لە بواری باسی گەلانی ناو چوارچێوەی ئێراندا، ئاماژەی بۆ فارسی فارسی زمان و گەلانی گیلەکی زمانی کەنارەکانی دەریای خەزەر و گەلی ئازەری تورکی زمان و خەڵکی کوردستانی کوردی زمانی کرد.

ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەڵوێستی سۆڤیەت بەرانبەر بەئێران ئەوەیە کە هەر یەکێک لەو گەلانە پێویستە سەربەخۆیی خودی خۆی هەبێ و تورکی ئازەربایجان یەکەم کەس دەبن کە بەم مافە شاد دەبن.

سەرانی کورد، بەدەم گوێگرتنەوە سەری ڕەزامەندییان دەلەقاند و زۆر بەهێمنی گوێیان لە وتەکەی دەگرت و چەپڵەیان بۆ لێدەدا. بەڵام ئەم هێمنییەیان لە دەستدا کاتێ کۆمۆنیستی فێڵباز هاتە سەر کێشەی کورد و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، ئەو گوتەنی بۆ بێ بەختی، مەسەلەیەکی زۆر پەلە نییە و وەدیهاتنی ئازادی کوردان نابێ بەوە لێک بدرێتەوە کە تەنیا ئازادی کوردی ئێرانە، بەڵکو دەبێ ئەم ئازادییە ڕۆڵەکانی کورد لە عێراق و تورکیاشدا بگرێتەوە.

لە سەری ڕۆیی و گوتی ئەوەی کە لە ئایندەدا خەبات بۆ وەدیهێنانی بکرێ بریتییە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ و یەکخستنی هەموو گەلی کورد. جا تا ئەو ڕۆژ و دەرفەتە دێتە پێشێ، پێویستە لەسەر کوردی ئێران خۆیان ئامادە بکەن کە لە چوار چێوەی ئازەربایجانی خودموختارا بژین. باقرۆف، پاش درکاندنی ئەو دوا پەرەگرافانەی کەمێک وەستا و ڕوانییە دەوروبەری تا کاریگەریی قسەکانی لە سیمای میوانە کوردەکانیدا بخوێنێتەوە. مرۆڤ زۆر بەئاسانی دەیتوانی هەستی نیگەرانی لە سیمای زۆربەی کوردانەدا بخوێنێتەوە. کە زمان حاڵیان دەیپرسی، ئاخۆ دەعوەتی ئەمجارەیان بۆ باکۆ، بۆ ئەوە بووە کە ئەم قەرارە ئومێد برەیان بەگوێدا بدرێ.

هەرچەندە قازی محەمەد تازە هاتبوە نێو گەمەی سیاسییەوە و هێشتا ساڵێک بەسەر ژیانی سیاسی پراتیکی و مەیدانی ئەودا نەبوری بوو، کەچی زۆر هێمن و بەئەعسابی ساردەوە ڕەفتاری کرد. ئیدی ئەوە ئاشکرا نییە کە ئاخۆ ئەم هەڵوێستەی زادەی زانیاری پێشوەختەی خۆی بووە دەرهەق بەمەنتیقی بیر کردنەوەی باقرۆف، یان پێشتر لەگەڵ لایەنە مەسولەکانی تری سۆڤیەتدا لە مەڕ خودموختاری کورد قسەی کرد بوو، یان ئەوەی هەڵێنجا کە باقرۆف بەوقسانە ڕای برا ئازەرییەکانی خۆی بۆ ئەوان دەردەبڕێ، کە دیارە حەزیان دەکرد ئازەربایجان بەیەکگرتویی وەمێنێ و لە نێوان کورد و ئازەردا دابەش نەکرێت.

ئیدی هەڵوێستی قازی محەمەد بەهەر چییەک پشت ئەستوور بوو بێ، گرینگ ئەوەیە کە هاتە سەر بەر پەرچدانەوەی گوتەکەی باقرۆف، گوتی کورد بۆ ئەوە خەبات ناکەن کە لە دەسەڵاتی ئێرانی ڕزگار ببن و بچنە ژێر دەسەڵاتی ئازەربایجانەوە کە تازە بووە بەدەوڵەتی سەربەخۆ. هەروەها لە سەری ڕۆیی و گوتی ئەوەی ئازەربایجانییەکان بۆ خۆیان بەباش و گونجاوی دەزانن، کورد بەشتێکی زۆر خراپ و کەمبایەخی دەزانن بۆ خۆیان.

گوتەکەی بەمە کۆتایی هێنا: "ئێمە سوور دەبین لەسەر داوای سەربەخۆیی بێ ئەوەی مەسەلەی کورد لە دوور و لە نزیکەوە بەچارەنووسی ئازەربایجانی تازەوە ببەستینەوە".

تا یەکێتی سۆڤیەت هەبێ...

پاش ئەوەی باقرۆف، بۆچوونی دەوڵەتەکەی خۆی سەبارەت بەمەسەلەی کوردی ساغ کردەوە وەکو ئەوەی بارێکی قورسی لەسەر شانی خۆی لادابێ هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و هاتە سەر موناقەشەی داخوازییەکانی کورد، ئەوەبوو کۆڵەمستی گوشی و کێشای بەسەر مێزەکەدا و بەحەماسەوە گوتی: "تا یەکێتیی سۆڤیەت هەبێ، پێی ناوێ کورد نیگەرانی چارەنووسی خۆیان بن" ئەوجا قازی محەمەد هەستایە سەر پێیان و بەحەماسەوە ڕایگەیاند کە گەلە بێ دەسەڵاتەکەی شادمانە بەگوشینی ئەو دەستە دۆستانەیەی کە بۆی درێژ کراوە و گوتی: "ئێمە نەک هەر ئەو دەستە دەگوشین، بەڵکو ئامادەین ماچیشی بکەین". وەختێ بەوردی دەست بەموناقەشەی داخوازییەکانی کورد کرا، قازیی خواناسی لە مهابادوە هاتوو، توانای دیپلۆماسی خۆی، کە تازە بەدەستی هێنابوو، نواند. هەروەها نمونەیەکی هونەری گێڕانەوەشی نواند کە کورد هەزاران ساڵە و لە ڕێگەی گێڕانەوەی داستانان و بەسەرهاتی مێژووییەوە پراوەیان لەسەر کردووە، قازی محەمەد بەئاو و تاو ئەو حیکایەتە کوردییەی بۆ ئامادەبووان گێڕایەوە کە دەڵێ: "جارێک، ئاغایەک تاژی یەک دەدات بەجووتیارێکی ڕوتەی هەژاری کورد. ڕۆژی دوایی جووتیارەکە دەچێتە لای ئاغا و لە ڕادەبەدەر سوپاسی دەکات و منەتباری خۆی بۆ دەردەبڕێ. ئاغا قسەکان بەجووتیارەکە دەبڕێ و لێی دەپرسێت، دیارییەکی هیچ ئەم هەموو منەت و شاباشەی بۆ چییە؟ جووتیاری هەژار دەڵێ: من دەزانم لەو ساوە کە ئەم تاژییە چاکەت پێشکەش کردووم، لێبڕاوی ئەسپێکیشم پێشکەش بکەیت، ئاخر چۆن بەبێ ئەسپ ڕاوم پێ دەکرێت؟ دیارە پاش ئەوەی ئەسپەکەم پێشکەش دەکەیت، بەکەرەمی خۆت خۆراک بۆ خۆم و ئالیک بۆ ئەسپەکەم دابین دەکەی. هەڵبەتە دڵنیاشم لەوەی کە دوا دیاریت ژبیرناکەیت و کاتێ

تاژییەکەت دامێ بیرت لێ کردۆتەوە: خانوویەک بۆ خۆم و ئەسپەکە. ئا ئەمە وام لێ دەکات ئەم هەموو سوپاسە بکەم و ئەمرۆکە خۆم بەبەختەوەرترین کەسی ئەم دنیایە بزانم".

باقرۆف، یەکسەر وای دەرخست کە لەم حیکایەتەوە لە ویست و مەبەستی قازی محەمەد حاڵی بووە؛ ئەوە بوو گفتی دا کە هەر هەموو ئەو داخوازیانەی لە لیستەکەیاندا نووسراون جێ بەجێ دەکرێن: تفەنگ، چەکی ئۆتۆماتیکی، ئالیبیات، هەروەها گفتی دا کە جگە لە داخوازییەکانی دی، دەستوور دەردەکات کە بەزووترین کات تانک و زرێپوش-ش بۆ مهاباد بنێردرێ. جگە لەوانە، لەسەر کۆمەکی دارایی و دانی دەزگایەکی چاپ و ڕادیۆیەک و تەرخانکردنی چەند کورسییەکی خوێندن بۆ ژمارەیەک لاوانی کورد لە ئەکادیمیای سوپایی باکۆ، ڕێک کەوتن.

لەکۆتاییدا باقرۆف پێشنیازی کرد کە دەزگای سیاسی (کۆمەڵە) و ناوەکەی بگۆڕن و گوتی: "ئەمڕۆکە بەتەواوەتی ئەڵمانیا و یابان لە دەسەڵات کەوتوون و دیموکراتییەت لە جیهاندا بەهۆی کۆمەکی ڕاستەوخۆی وڵاتە یەکگرتوەکان و بەریتانیای مەزن و یەکێتیی سۆڤیەتەوە، سەرکەوت... ئەمڕۆکە بزافی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد-ش دەتوانێت لە سایەی دیموکراتییەتدا بەئامانجەکانی خۆی بگات". شاندی کوردی هیچ ناڕەزاییەکیان دەربارەی ئەم پێشنیازە دەر نەبڕی؛ مادامێکی زلهێزێکی وەکو یەکێتیی سۆڤیەت بووە بەدۆست و هاوپەیمان، ئیدی هەر ناوێک لە بزاڤەکە بنێ گرینگ نییەو شایانی موناقەشە نییە.

شاندەکە بۆ ڕۆژی دوایی لە باکۆوە بۆ مهاباد وەڕێ کەوت، هەر ئەندامێکی شاندەکە وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگی لە چوارچێوە گیراوی هاورێ ستالینی بۆ خرایە جانتاکەیەوە. سۆڤیەتەکان بۆیە ئەم دیارییەیان بەیەک بەیەک ئەندامانی شاندەکە دابوو تا ببێ بەرەمزێک کە ستالین-ی مەزنی مۆسکۆنشینی تازە سەرکەوتوو لە دووەم جەنگی جیهاندا، لە پشت تێکرای ئەو مەسەلەیەوەیە کە لە سەری ڕێک کەوتوون.

یەکەم وەجبە تفەنگی ئەڵمانی

کوردەکان هەر کە گەڕانەوە خێرا دەستیان بەجێ بەجێ کردنی ئەوشتانە کرد کە لە باکۆ لە سەری ڕێک کەوتبوون. قازی محەمەد ڕاپۆرێکی دوور و درێژی لە مەڕ سەفەرەکەیان، خستە بەردەم کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی (کۆمەڵە). ڕاپۆرەکە زۆرشتی تێدا بوو: لەسەر سەفەرەکە، لەسەر ئەو بەڵێنانەی کە سۆڤیەتەکان پێیان دابوون، لەسەر ئارەزووی سۆڤیەتەکان بۆ گۆڕینی ناوی بزووتنەوەکە بەجۆرێ کە دەلالەت لە نێوەرۆکی دیموکراتی و کار کردن لە سایەی دروشمی دیموکراتیەتدا: ئەوەبوو کۆمەڵە نێوی خۆی گۆڕی و کردی بەحزبی دیموکراتی کوردستان. بەڵام هەیکەلی ڕێکخستنی کۆمەڵە هەر وەکو خۆی هێڵرایەوە و شەقڵی کۆمۆنیستانەی نەگرتە خۆ و قازی محەمەد-ش ئەو سەرکردەیە بوو کە کەس شانی لە شانی نەدەدا.

ئەوەبوو بڕیار لەسەر بەرنامەی حزبی دیموکراتی کوردستان درا و گرینگترین شتێک کە مرۆڤ لە حەوت خاڵی بەرنامەکەدا بەدی دەکرد ئەوە بوو کە داوای سەرەکی کۆمەڵە، کە بریتی بوو لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆی یەکگرتوو، گۆڕا بۆ خەبات لە پێناوی وەدەست هێنانی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا. پێدەچێت سەرکردایەتی سیاسی، مەبەستیان ئەوەبووبێ کە ئامانجەکانیان دابەش بکەن بەسەر ئامانجی نزیک و ئامانجی ستراتیژیدا و لەمەشدا ئایندەی نادیاری ئێرانیان لە بەرچاوگرتبێ. ئامانجە دوور و ستراتیژییەکانیان وەکو خۆی مایەوە: کوردستانی گەورە، لە چیای ئاراراتەوە لە باکور، بۆ باکوری دۆڵی دوو ڕووبار لە باشوور، لە حەلەبەوە بۆ کەنداوی فارس لە ڕۆژهەڵات. بەڵام ئامانجە هەنوکەییەکان، بەکورتی لە بەرنامەی حزبدا دیاری کرا بوون و ئەمانە بوون:

١-کوردی ئێران داوای خودموختاری دەکەن لە هەموو بوارە ناوچەییەکاندا.

٢- زمانی کوردی، زمانی ڕەسمی دەبێت، خوێندن لە کوردستاندا بەزمانی کوردی دەبێت.

٣- پێویستە پەلە بکرێ لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کوردستاندا، کە بەپێی دەستووری ئێرانی مەسئولیەتی حوکم کردنی ناوچەکە دەگرێتە ئەستۆ.

٤- هەموو فەرمانبەرانی حکوومەتی لە کوردستاندا دەبێ کورد بن.

٥- دەرامەتی گشتی کوردستان، لە ناوچەی کوردستاندا و لە بوارەجیا جیاکانیدا سەرف دەکرێ.

٦-حزبی دیموکراتی کوردستان، هەموو هەوڵێکی پێویست دەدات بۆ خۆشکردنی برایەتی و

دۆستایەتی لەگەڵ گەلی ئازەر و کەمە نەتەوەییەکانی تری ناوچەی کوردستان.

٧- حزب بەڵێن دەدات کە کار بکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ڕەوشی ئابووری گەلی کورد، ئەویش لە ڕێگەی پەرەپێدانی دەزگاکانی پەروەردە و تەندروستی و بازرگانی و کشتوکاڵییەوە.

لە کاتێکدا کە ئێرانییەکان بەترس و سەرسامییەوە دەیانڕوانییە ئەم داوایانە، کوردەکان بەهەنگاوی زۆر میانەڕەویان دەزانی. هەروەها چاودێرە بیانییەکانیش پێیان وابوو کۆمەڵە بەم داوا میانەڕەوانەیەی دەیەوێ خۆی لە بەرگێکی دیموکراتیانەدا بنوێنێ. (ولیەم ئیگلتون)ی دیپلۆماتی ئەمریکی لەم بارەیەوە نووسیویەتی: "کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ئەم شەقڵە دیموکراسیانەیەی گرتەخۆ، ئەمە خۆی لەخۆیدا گوزارشت بوو لەو پەرەسەندنەی کە بەسەر کۆمەڵەدا هات. چونکە کۆمەڵە تا ساڵێک پێشتر کۆمەڵەیەکی دەستەجەمیبوو لە قۆناغی موناقەشەکردنی تیۆری و پێشنیاز کردندا دەخولایەوە، ئەم کۆمەڵەیە گۆڕا بۆ ڕێکخراوێکی سیاسی کاریگەر و بەتوانا و پشت ئەستوور بەسەرکردایەتییەکی بەتوانا، گۆڕا بۆ ڕێکخراوێک کەپشت بەئەزموون و ئامۆژگاری سۆڤیەتی ببەستێ.

بزاڤی سیاسیی تازە، سەرکردەیەکی جەماوەری خۆشەویستی هەبوو، و نمونەیەک بوو لەو سەرکردانەی کە لەگەڵ قوناغی ستالینییەتدا نەدەگونجا. ئەویش قازی محەمەد بوو کە شەقڵ و دەسەڵاتی شەخسی خۆی بەسەر بزاڤی نەتەوەیی کوردا کێشا. هەڵبەتە ئەمە ئەو شتە بوو کە ئەندامانی (کۆمەڵە) هەر لە سەرەتاوە لێی دەترسان. دیارە سۆڤیەتەکان ئەمیان پێ باشتر بوو لە کەسانی تر بۆ پۆستە تازەکەی ئامادە و پەروەردەیان دەکرد. ئەویش لە لای خۆیەوە پێی وا بوو کە ڕێگەی سۆڤیەتی، هەرچەندە خواروخێچیش بنوێنێ، تاقە ڕێگەی دروستە کە لە ئەنجامدا دەبێتە مایەی سەرکەوتنی گەلی کوردستان".

بەڵام ئەو کۆمەکە سۆڤیەتییەی کە قازی محەمەد و هاورێکانی دڵی خۆیان پێ خۆش دەکرد و بەتەمای بوون، بەو خێراییە نەگەیی کە چاوەنۆڕ دەکرا. بەڵام یەکەم وەجبەی چەک زۆر بەخێرایی و بەشەو گەیی؛ بریتی بوو لە هەزار و دووسەد تفەنگی ئەڵمانی و تەقەمەنییەکی یەکجار زۆر کە سۆڤیەتەکان لە هێزی دەرەکی ئێرانیان گرتبوو. لە سەرەتای کانونییەکەمدا ئەو چاپخانەیەش گەیی کە باقرۆف گفتی دابوو بینێرێ. ئەوە بوو زوو بەزوو چەندین بڵاڤۆکی کوردی و لە پێش هەموویانەوە ڕۆژنامەی کوردستان دەستیان بەدەرچوون کرد.

ئالەم كاتەدا ڕەوشی ئازەربایجانی ئێرانی زۆر بەخێرایی و بەکۆمەکی سۆڤیەتی گۆڕا: ئەوەی کە لە سەرەتای مانگی ئەیلولدا ڕوویدا؛ بریتی بوو لە دامەزراندنی حزبی دیموکراتی ئازەربایجانی و وەدەرنانی پاشماوەی دەسەڵاتی ئێران لە پارێزگاکە، لە ڕۆژی ١٩٤٥/١٢/١٢دا گەییە ئەوەی کە دامەزراندنی کۆماری ئازەربایجانی خودموختار بەسەرۆکایەتی کۆمۆنیستی دەوراندیدە (جەعفەرپیشەوەری) ڕابگەیەنرێ.

ئەوە بوو وەکو لاساییکردنەوەی ڕژێمی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی، ئەنجومەنێکی نیشتمانی بەبێ هەڵبژاردن و تەنیا لە ئەندامانی حزبی دامەزرا. موڵکایەتی زەویوزار هەڵوەشایەوە و فیوداڵ نەهێڵرا، ئەمەش بووە هۆی هەڵاتنی فیوداڵ و خاوەن زەویوزاران و نوێنەرانی بورژوای ئێرانی بۆ تاران. هەموو بوارەکانی ژیان گۆڕانکاری سۆڤیەتیانەیان بەسەردا هێنرا؛ ئیدی هەر لە دامەزراندنی دەزگای پەرەسەندووی سانسۆرەوە بیگرە تا دەگاتە گرتنی بەکۆمەڵ و لە نێو بردن و پاکسازی و دامەزراندنی دەزگای ئاسایشی نموونەیی وەک هینەکانی ستالین.

لەسەر پێداگرتنی کۆمۆنیستە ئازەربایجانییەکان و هەروەها لەسەر داوای سۆڤیەت-یش، قازی محەمەد چەند نوێنەرێکی کوردی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی تەورێز نارد تا لەوێندەر نوێنەرایەتی خەڵکی کوردی ئەو پارێزگایە بکەن. بەڵام نوێنەرانی کورد لە کۆی (١٠١) کورسی تەنیا پێنج کورسییان درایێ. نوێنەرانی کورد هەر لە یەکەم ساتەوە ئەوەیان بۆ ڕوون بوەوە کە حکوومەتی ئازەربایجان، کە زۆر بەپەلە بوو بۆ بەلشەفاندنی ناوچەکە، بەتەما نییە بچوکترین دەرفەت بەکورد بدات تا بەشداری دەسەڵات بکەن؛ بۆیە فراکسیۆنی کورد پاش چەند ڕۆژێک لە ئەنجومەنی تەورێز کشانەوە و بۆ مهاباد گەڕانەوە.

بەم جۆرە، هەموو نیشانەکان ئەوەیان دەنواند کە کورد پێویستی بەئەزموونی خودموختاری لە سایەی دەسەڵاتی ئازەربایجانیدا نییە. وەکو چۆن نوێنەرەکانیش ئەمەیان بەخودی (باقرۆف)ی سەرەک وەزیران ڕاگەیاند بوو. ئەو بیرەیان لە لا چەسپی بوو کە پێویستە لە پاڵ کۆماری ئازەربایجاندا، کۆماری کورد-یش دابمەزرێ.

فەسڵی هەشتەم

کۆماری یانزە مانگە

نەوت و جەنگی سارد خەونی سەربەخۆیی کورد لەبار دەبەن

دیمەنەکە هەر لەو تابلۆ بەنێوبانگە دەچوو کە لینین-ی تێدایە و شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ڕادەگەیەنێت. کرێکارانی ڕۆژی پێشوتر لە مەیدانی چوار چرادا سەکۆیەکی دارینی گەورەیان دروست کرد بوو. سەکۆکە بەهەر سێ ڕەنگی سوور و سپی و کەسک، کە ڕەنگەکانی ئاڵای کورد بوون، ڕازێنرابووەوە. ئاڵای حزبی دیموکراتی کوردستان (کۆمەڵەی جاران) بەهەر چوار دەوری مەیدانەکەدا هەڵکرابوو. شنە بایەکی هێدی ئەم ئاڵایانەی دەشەکاندەوە و لە هەموو لایەکەوە سێبەریان بەسەر مەیدانەکەدا بڵاو دەکردەوە. ئەو بەفرەی کە دوێنێ باری بوو، هێشتا لەسەر شەقام و بەسەربانی ماڵانەوە مابوو.

ئەو ڕۆژە،ڕۆژی **١٩٤٦/١/٢٣**بوو. واتە دووەم ڕۆژی مانگی ڕێبەندانی کوردی بوو. بەڵام لە ڕۆژژمێری مێژوودا، ئەو ڕۆژە یەکەمرۆژی تەمەنی یەکەم کۆمار و دوا کۆماری تا ئێستای کوردە. هەزاران کەس هەر لە نێوەڕۆوە ڕوویان کردە ئەوێندەر: ئێدی لە خاوەن پیشە و فەرمانبەر و کاسبکارانی شاری مهابادەوە بیگرە تا دەگاتە میران و جەنگاوەرانی هۆز و تیرەکانی دەوروبەری مەهاباد وەکو (گەورک)، (مامەش)، (مەنگوڕ)،(هەرکی) و (بەگزادە). هەڕ هەموو بەکورتەک و شەڕواڵ و مێزەر و دەرسۆکی خۆماڵی کوردییە هاتبوون.

بەڵام نوێنەرانی هەردوو هۆزی (شکاک) و (جەلالی) کە لە باکورەوە هاتبوون، جلەکانیان لە جلی قۆقازییەکان دەچوو، بەقاپوتی لبادو سەرکڵاوی لبادەوە دیمەنێکی خەمگینیان هەبوو لەچاو دیمەنی ڕەنگاوڕەنگی جلوبەرگی نوێنەرانی تیرە و هۆزەکانی دی دا. زۆربەی خەڵکی شار قاتی مەدەنی ئەوروپاییان لەبەر دابوو، کە بۆ بۆنە گرینگەکان لە بەریاندەکرد؛ زۆربەیان لەگەڵ چاکەت و پانتۆڵدا دەرسۆک و مێزەری کوردیان لەسەر کرد بوو، تا دیمەنێکی کوردی- ئیسلامی وەربگرن.

شاندێک لە ئەندامانی کۆمەڵە چوون بۆ ماڵی سەرۆکەکەیان و لە وێوە لەگەڵیدا بۆ مەیدانی چوار چرا هاتنەوە. قازی محەمەد جلوبەرگی تایبەتی بەم بۆنەیەوە لەبەرکردبوو: لە تەورێز خەیاتێکی تایبەتی جلوبەرگی سەربازی ڕاسپارد بوو کە قاتی ژەنەڕاڵێکی

ڕووسی بۆ بدروێ تا لەم ڕۆژەدا بۆ یەکەم جار لەبەریبکات، هەندێ لە هاوڕێکانی، ئەوانەی زۆر مەیلیان بەلای ڕووسیدا نەبوو، داوایان لێ کرد کە کڵاوی ڕووسی لەسەر نەنێ، بۆیە لەگەڵ جلە ڕووسییەکاندا عەمامە سپییەکەی خۆی لە سەرنا وەکو ڕەمز و هێمایەک بۆ پایە ئایینییەکەی. ئەوجا بەر لەوەی سەر بکەوێتە سەر سەکۆیەکە، پاڵتۆ نارێکەکەی داکەند. کە سەرۆکی حزب کەوتە نوتق دان، ئاپورای خەڵکەکە کڕ و بێدەنگ بوون.

قازی محەمەد، لە نێو ئاپورای خەڵکەکەدا هەستی بەبوونی تاقە یەک ڕووسی کرد. ئەو پیاوە ئەفسەرێک بوو کە ڕاسپێردرابوو، موتابەعەی مەسەلە کوردییەکان بکات. ئەم ئەفسەرە لەسەر جیبێکی ئەمریکییەوە چاودێری ئاهەنگەکەی دەکرد. گوتەکەی قازی محەمەد لە چارەکە سەعاتێک پتری نەخایاند. بەکورتی و بەڕوونی بۆ ئامادەبووانی ئاشکرا کرد کە کورد گەلێکە مێژوو و زمان و ڕۆشنبیری تایبەتی خۆی هەیە و لەسەر خاکی خۆی، لە کوردستاندا دەژی و مافی خۆیەتی دەوڵەتی تایبەتی خۆی هەبێ. بۆیە ئالێرەوە دامەزراندنی کۆماری مهابادی کوردی ڕادەگەیەنێت... سوپاسی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کرد کە وەکو نوێنەری گەلی کورد و لە بری گەلی کورد، ئەویان (قازی محەمەد) بەسەرۆکی ئەم کۆمارە هەڵبژاردووە.

هەرچەندە وتەکە کورت بوو، بەڵام قازی محەمەد ئەوەندەی دەرفەت هێنا کە سوپاسی یەکێتی سۆڤیەت بکات بۆ ئەو کۆمەکە مەعنەوی و مادییانەی پێشکەشی کردوون؛ ئیدی چ ئەو کۆمەکەی کە وەریان گرتبوو،چ ئەوەش کە هێشتا وەریان نەگرتبوو. هەروەها پیرۆزبایی لە برا ئازەرییەکانیش کرد بەبۆنەی سەربەخۆییانەوە، چونکە ئەوانیش کۆمەکی چاکیان پێشکەش بەگەلی کورد کرد بوو، هەروەها چاوەڕوانی ئەوەشیان لێدەکرا لە هەر دەرفەتێکدا کۆمەکی پێویست پێشکەش بەکورد بکەن. کە قازی محەمەدی سەرەک کۆمار، دامەزراندنی کۆمارەکەی ڕاگەیاند و ویستی لە نێو چەپڵە ڕێزانی حەشاماتی خەڵکەکەوە بێتە خوارێ، ئیدی بوو بەتەقەی خۆشی و نزیکەی (٣٠٠) سێ سەد جەنگاوەری کورد بەجارێ تەقەیان بەئاسماندا دەکرد.

هەمیشە لەماڵەوە بەشی میوانە ڕووسەکان، ڤودکا وەلاوە نرابوو

پاش ماوەیەکی کورت ئەوە دەرکەوت کە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردی و گفت و بەڵێنی پێشکەشکردنی یارمەتی بەبرا ئازەربایجانییەکان، هێشتا زوو بووە... وا دیارە قازی محەمەد، مەوعیدی ڕاگەیاندنی کۆمارەکەی بەسۆڤیەتەکان نەگوتبوو، و بۆیە ئەوانیش (سۆڤیەتەکان) لەلای خۆیانەوە نەیانتوانی بوو هاوڕێکانیان لە تەورێزدا بۆ ئەم هەواڵە ئامادە بکەن، چونکە ئەم هەواڵە بەلای ئەوانەوە (ئازەربایجانییەکان) بریتی بوو لەوەی بەشێک لە خاکی کۆماری ئازەربایجانی خودموختار بێتە دابڕین و دەوڵەتێکی کوردی لەسەر بێتە دامەزراندن.

نیشانەکانی ناڕەزایی و واتەوات دەربارەی ئەم ڕەفتار و کارە کوردییە بەئاشکرا لە ڕووداوێکی بچکۆلەدا دەرکەوت، کە دوو هەفتە پاش ئەو کۆبوونەوە مێژووییەی مەیدانی چوار چرا ڕوویدا، دوو ئەندامی گەورەی حزبی دیموکراتی کوردستان لە تەورێز بوون بۆ ئەنجامدانی هەندێ کاروباران، دکتۆر سەمەدۆف، کە ئەفسەرێکی گەورەی سۆڤیەتی بوو، و سۆڤیەت بۆ مەبەستی خۆیان لە خەستەخانەی تەورێز وەکو پزیشک دایان نابوو، جا ئەم ئەفسەرە لێی پرسی بوون کە بۆچی کوردان بێ ئەوەی دوا ڕەزامەندی سۆڤیەتی وەربگرن، سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاندووە و دەوڵەتیان دامەزراندووە؟ دیارە کە قسەکانیان درێژە دەکێشێت، قسەیان لێکدی هەڵدەبەزێتەوە. دوای چەند ڕۆژێک کە قازی محەمەد ڕێی دەکەوێتە تەورێز هەمان پرسیاری لێ دەکەن. قازی محەمەد وەڵامی دابوەوە کە (پرماکوف) ئاگاداری تەدارەک دیتنی کوردان بووە.بەچاوی خۆی و لەسەر ئۆتۆمبێلەکەیەوە لەدایکبوونی کۆمارەکەی دیتوە. پرماکوف، بەوە خۆی پەڕاندەوە کە گوایە وێڕای هەموو ئەوەش چرای کەسکی بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری نێوبراو هەڵنەکردووە. بەڵام پێدەچێت ژەنەڕاڵ (سالم ئاتاکیخوف) کە ڕاسپێردرا بوو سەرپەرشتی کاروباران لە کوردستاندا بکات، قەناعەتی بەبۆچوونەکانی قازی محەمەد کردبێ یان لە موسکۆ و باکۆوە ئامۆژگاری بۆ نێردرابێ. بۆیە کەوتە بەرپەرچدانەوەی سەرۆکی توڕەی ئازەربایجانی و هێدی کردنەوەی و کەوتە ستایشی هەنگاوەکانی کوردان. (دیریک کینان) کە وەکو دیپلۆماتێک لە (UN) کاری دەکرد و لە پەنجاکاندا بایەخێکی تایبەتی بەدۆزی کورد دەدا، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە گوایە (سالم ئاتاکیخوف) بەر لەو گفتوگۆیە و وەرگرتنی ئەو هەڵوێستە، لە مۆسکۆوە بەتەلەفۆن ڕەزامەندی وەرگرتووە. ئیدی لەو دیمانە و دیدارەدا

سەرۆکی تازە کورەی کورد تێگەیەنرا کە حکوومەتی مهاباد ناتوانێت ڕووبەڕووی تاران و ئازەربایجان و ڕەنگە وڵاتانی تریش بوەستێ، ئەگەر پشتیوانی زلهێنرێکی نەبێ. ئاشکرایە مەبەست لەو زلهێزە یەکێتی سۆڤیەت بوو، کە سروشتی ڕووداوەکانی ئەو وەختانە وایان لێ دەکرد کە ببێ بەتاقە زلهێنریک بتوانێ ئەو دەورە بدینێ.

قازی محەمەد توانی ڕووبەڕووی ئەوبۆچوونەی سۆڤیەت ببێتەوە کە دەیویست ناوچەی کوردستان بخرێتە ژێر دەسەڵاتی ئازەربایجانی. قازی محەمەد بۆ ئەم مەبەستە سیاسەتێکی ئاقڵانە و هێمنی گرتە بەر، لەلایەکەوە نەیدەویست پشتیوانی سۆڤیەتی بدۆڕێنێ و لەلایەکی ترەوە پشت بەهەستی نەتەوەیی خرۆشاوی مهابادی ئەو ڕۆژگارە، هەڵوێستی توندی نەتەوەیی دەنواند و سازشی لەسەر مەسەلە نەتەوەییەکان نەدەکرد. تا بەم جۆرە توانی لە ئەنجامدا ڕەزامەندی سۆڤیەت بەدەست بێنێ بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردی لە مهاباد. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی کۆماری کورد و پشتیوانە سۆڤیەتەکانی هەر ڕواڵەتی بوو، چونکە بۆچوونی قازی محەمەد لەمەڕ باردۆخ و ڕەوشی کۆمارەکەی زۆر دوور بوو لە بۆچوونی سۆڤیەتەکان و هەڵوێستی گشتی یەکێتی سۆڤیەت.

کوڕەکەی قازی محەمەد، کە لە باسی سەفەری یەکەمی کوردەکان بۆ باکۆ، ئاماژەمان بۆ کرد، لە ساڵی **١٩٧٩**دا کە دیمانەیەکم لەگەڵدا ساز دا، ئەوەی بۆ دوپات کردمەوە کە سۆڤیەتەکان میوانی نیمچە دایمی بوون لە ماڵە گەورەکەیاندا لە مهاباد: "لە وەخت و ناوەختی ڕۆژدا و هەندێ جاران لە نیوە شەویشدا دەهاتن و لەو ناوچەیەدا دەیانکرد بەڕۆژی خۆیان، سەردەکەوتنە سەربانی خانووەکە و بەپێ دەیانکێشا بەسەربانەکەدا و بەدەنگی بەرز داوای خواردنەوەیان دەکرد. هەرچەندە بابم مەی نەدەخواردەوە، بەڵام هەمیشە ڤۆدکای لە ماڵەوە هەڵگرتبوو بۆ میوانە ڕووسەکان".

لە شوباتی ١٩٤٦ دا یەکەم وەجبەکۆمەکی سۆڤیەت گەیی

کوردەکان پاش ئەوەی ئەو چەکانەیان وەرگرت کە لە جەندرمەی ئێرانی گیرابوون، پێنج سەد پارچە چەکیان بەدوو وەجبە لە سوپای سۆڤیەتی وەرگرت. چەکەکان بریتی بوون لە تفەنگ و دەمانچەی سوپایی چیکی و ئەمریکی و تفەنگی ڕەشاش. هەروەها ڕادیۆیەک دانرا، لە سەعات چوارەوە تا سەعات دەی شەوێ بەزمانی کوردی بەرنامەی بڵاودەکردەوە. ئەمە یەکەمین ڕادیۆ بوو کە بەزمانی کوردی پەخشی دەکرد. ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە

شەشتەکان و هەفتاکاندا لاسایی ئەو ڕادیۆیەی دەکردەوە... هەروەها سۆڤیەتەکان، کەرەستە و تفاقی تەواوەتی تیپێکی مۆسیقایی سوپاییشیان نارد، ئەم تیپە مارشی سوپایی و سروودی شۆڕشگێڕی کوردی لێدەدا، بەتایبەتی سروودی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب) کە یونس ڕەئووف دڵداری شاعیر لە مهابادا داینا بوو... هەروەها ئامێرە موسیقییە سۆڤیەتییەکان؛ ئاوازی خۆیان لە ڕادیۆ و بۆنە ڕەسمییەکان و نمایشەکانی سوپای کوردی تازە دامەزراودا لێدەدا.

نەقیب سەلاحەدین قاسمۆف مەشق بەسوپای کورد دەکات

قازی محەمەد، لەو ماوەیەدا لە دامەزراندنی وەزارەتەکەی بووەوە. (سیف الدین)ی برای کرا بەوەزیری بەرگری بەحوکمی ئەوەی کە تا ئاخرو ئۆخری دووەم جەنگی جیهانیش ئەفسەرێکی گەورە بوو لە (دەرەک)ی ئێرانیدا. هەرچەندە مەبەست لە دامەزراندنی ئەم وەزارەتە تەنیا ئەوە نەبوو کە ببێ بەدەزگایەکی سوپایی چالاکی ئەوتۆ کە بەرگری لە سنووری کۆمارەکە بکات دژی زێدەگاڤی یە چاوەڕوانکراوەکانی ئێران، بەڵکو بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەوەبوو کە ببێ بەبناغەی دەزگایەکی کارگێری (ئیداری) ئەوتۆ کە پشتی پێ ببەسترێ بۆ دابین کردنی هاوسەنگی ناوخۆ، و بریکاری ئەو هێزە بێ کە خێڵە جەنگاوەرەکان هەیان بوو، و پشتیان پێنەدەبەسترا. لەبەر ئەم هۆیە قازی محەمەد، سیف الدین-ی برای خۆی کرد بەوەزیری بەرگری و بەخۆیشی بەشداری لە هەڵبژاردنی فەرماندە و ئەفسەرەکانی سوپای کوردیدا کرد. ئەوەبوو تێکەڵەیەکی سەیر لە حەفتا ئەفسەرو دەرەجەدار دامەزرێنران تا ناوەندی سەرکردایەتی سوپا پێک بهێنن. ئەرکی ئەم سەرکردایەتییە ئەوەبوو کە ڕێبەرایەتی ئەو هێزە سوپاییە بکات کە قەراربوو وەکو سەرەتا لە (١٢٠٠) سەرباز پێک بێت. کۆماری مهاباد لە مەسەلەی ئەفسەراندا دەیتوانی پشت بەو دە ئەفسەرە گەنجە ببەستێ کە بەهۆی هەڵوێستی نەتەوەییانەوە لە سوپای عێراقی هەڵاتبوون و تازە پەیوەندییان بەکۆمارە ساواکەی مهابادەوە کردبوو، ئەمانە ئەفسەری ڕاستەقینە بوون لە سوپای عێراقیدا، بەڵام قازی محەمەد و دەوروبەرەکەی لەبری ئەوە هەستان زۆربەی ئەفسەرەکانیان لە کەسانی باوەڕپێکراوی بنەماڵەکانی مهاباد دامەزراند.

لە مانگی ئاداردا ڕاوێژکاری سوپایی سۆڤیەتی، نەقیب (سەلاحەدین قاسموف) گەیشتە مهاباد، تا کادری پێویست بۆ سوپای کوردی مەشق دابدات و پێ بگەیەنێت. ئەم ئەفسەرە گەنجە لە کوردەکانییەکێتیی سۆڤیەت بوو. کۆماری کوردی پلەی سەرهەنگی

داپێ، کەچی پێیان دەگوت کاک ئاغا. دامەزراندنی ئەو سوپا بچکۆلەیە هەر هەموو وەرزی بەهاری خایاند، لەو ماوەیەدا مەشقێکی یەکجار بەزەبر و توندیان پێ کرا کە بریتی بوو لە مەشقی دوئێل (مبارزە) و بەکارهێنانی تفەنگ و چەکی ڕەشاش و نارنجۆکی دەستی... هەروەها ژمارەیەک سەرباز مەشقی شوفێرییان پێکرا بۆ هاژۆتنی ئەو ئۆتۆمبێل و زرێپۆشانەی کە سۆڤیەت ناردبوویانن. مرۆڤ زۆر بەئاسانی و هەر بەتەمەشا کردنێکی ڕەوتەنی ئەو کۆمەکانەی کە سۆڤیەت پێشکەش بەکۆمارەکەیان کرد بوو، دەیتوانی دید و بۆچوونی سۆڤیەت سەبارەت بەو کۆمارەی کە بەرەزامەندی خۆیان هاتە دامەزراندن، بزانێت، بۆ وێنە کۆمەکەکە بریتی بوولە: دە ئۆتۆمبێلی سۆڤیەتی، دە ئۆتۆمبێلی ئەمریکی، دە جێب قیادە، کە ئەمە بەهەمووی نەیدەکردە تاقە دلۆپێک لەو دەریا کۆمەکەی کە ئەمریکا لە ماوەی دووەم جەنگی جیهانیدا بۆ سۆڤیەتی هەڵڕشت، کوردەکان لە سەفەری دووەمیاندا بۆ باکۆ لیستێکی چەکی قورسیان پێشکەش کرد، لێ ئەو چەکە قورسانە ئێستاشی لەگەڵ بێ نەگەییشتنە دەستی کوردان. نە ئەو تانکانەی کە باقرۆف-ی سەرەک وەزیران گفتی دا بوو بۆ مهابادیان بنێرێ و نە تۆپەکان. تەنانەت ئەو چەکە دژە تانکانەش کە سۆڤیەتەکان دەیانگوت ناردویانن، وەختێ گەییشتنە جێ، بریتی بوون لە قونبەلەی مولوتوف نەک چەکی دژە تانک. دیارە سوپاییە کوردەکان بەمە زۆر توڕە و نائومێد بوون. سۆڤیەتەکانیش، هەرچەندە کوردەکان داوای کۆمەکی سوپایی زیاتریان دەکرد یان داوایان لێ دەکرد بەلای کەممەوە بەڵێنەکانی پێشوویان بێننە دی، ئەوا بەڵێنی چەوری تازەیان دەدا و هیچی دی...

هیچ جۆرە کۆمەکێکی دارایی نەنێردرا، ئەو داوایەش جێبەجێ نەکرا؛ کە کوردەکان لێکدا لێکدا داوایان دەکرد ڕادیۆیەکی بەهێزی ئەوتۆیان بۆ بنێرن کە کوردی عێراق و تورکیاش بتوانن بەرنامەکانی وەربگرن و گوێیان لێی بێ. ئەم هێمایانە ئەوە دەگەیەنن کە سۆڤیەتەکان ئەو گەرم و گوڕییەی جارانیان لەمەڕ ئەزموونی کوردی نەما و ئەو جۆش و خرۆشەی هەوەڵیان دامرکایەوە و وەستا. هەرچەندە ئەوە شتێکی ئاشکرا و دیار بوو، بەڵام قازی محەمەد و ئەندامانی حکوومەتەکەی ئەمەیان بەهەند وەرنەگرت و بەو ئاماژەیەیان نەزانی کە ئایندە و چارەنووسی کۆماری کورد دیاری دەکات.

کاریگەرییەکی ناخۆش و وەرەوخێن

ئیدی مهاباد بەرە بەرە بوو بەمەڵبەندی سەرلەبەری بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی، بوو بەو مەڵبەندەی زۆر هێز و ڕێبازی فیکری کوردی ڕووی تێ بکەن. لە چیاکانەوە میر و سەرەک خێڵەکان بەخۆو جەنگاوەرانیانەوە پەیوەندییان پێوە کرد. زۆری نەبرد دوانزە هەزار جەنگاوەر لە دەوری مهاباد خڕکرایەوە، بەتایبەتی لە باشووری شاردا و لە نزیکی سنووری ئێرانی خەنیمدا. هێزەکەی هۆزی شکاک بەسەرکردایەتی تاهیر خانی کوڕی سەرکردەی ئەفسانەیی، سمکۆ لە هەزار و سێ سەد سوارە پێک هاتبوو. لقە جیاوازەکانی هۆزی هەرکی-ش هەزار سوارە و حەوت سەد پیادەیان نارد بوو. حەمە ڕەشیدی جەنگاوەری دەوراندیدەش کە چەند ساڵێک پێشتر لە ناوچەکانی سەقز و بانەدا شەڕی ئێرانییەکانی کرد بوو، بەخۆ و سێ سەد جەنگاوەرەوە پەیوەندی بەکۆماری کوردەوە کرد. ئیدی کۆمار لە نێوان خۆی و هێزی هەر خێڵێکدا ئەفسەرێکی پەیوەندی دامەزراند. مهاباد ئازوقە و خۆراکی هەموو ئەو جەنگاوەر و خێڵەکیانەی دابین دەکرد.

توانای شەڕکردنی ئەم هێزانە لە هۆزێکەوە بۆ هۆزێکی دی جیاواز بوو، لە کاتێکدا کە هەندێ لەم خێڵانە شێوازی شەڕی خۆی بەجۆرێک گۆڕی بوو کە دەیتوانی زیانی گەورە بەدوژمن بگەیەنێ، هەندێ خێڵی دی لەسەر هەمان شێوازی شەڕی سوارچاکی کە زۆر جاران گەریدە ڕۆژئاواییەکان ستایشیان کرد بوو، و شەقڵێکی شاعیرانە و ڕۆمانسیانەیان پێدا بوو، مابوونەوە و چ گۆڕانێکیان بەسەردا نەهاتبوو. دیارە سوارە وسوارچاکانی کورد بەنێوبانگ بوون لەم جۆرە شەڕانەدا و زۆر بەتوانا بوون لە بەکارهێنانی ڕم و سەرەنێزاندا بەرادەیەک کە زۆر جاران سەرکەوتنی گەورەیان بەسەر سوپای نیزامیدا بەدەست هێنا بوو. بەڵام داهاتنی تفەنگی ئۆتۆماتیکی و دەوری گرینگی لە پاراستنی هێزەکانی پیادە لە سالانی دوایی سەدەی ڕابردوودا، وایکرد کە سوارەی کورد ئەو باڵا دەستییەی جارانیان بەسەر دوژمنی خۆدا نەمێنێ. لەبەر ئەوەی هەندێ هۆز و خێڵ هێشتا تازە لە هەوەڵی فێربوونی شێوازی تازەی شەڕدا بوون، یان هێشتا بەشێوەی پراتیکی مومارەسەیان نەکرد بوو، بۆیە کۆمارە ساواکەی کورد لە سەری بوو، بایەخی زۆر بەدامەزراندنی سوپایەکی هاوچەرخ بدات کە زەبت و ڕەبتی تێدا بێت و سەرکردایەتییەکی کارامەی وەهای هەبێ کە بتوانێت سەرکەوتن بەدەست بێنێ، پاش ئەوەی ئەو سەردەمە بەسەرچوو تەنیا سوارچاکی و ئازایەتی بتوانن سەرکەوتن و باڵا دەستی سوپایی مسۆگەر بکەن. مێژوونووسی ئێرانی

(حەسەن ئەرفەع) کە بەخۆی سەرکردایەتی چەندین هێرشی سەرکوتکاری شۆڕشەکانی کردووە لە ساڵانی ١٩٢٠و ١٩٤٠دا، لە یاداشتنامەکانیدا زۆر بەدوور و درێژی و بەستایشەوە باسی چۆنیەتی شەڕی کوردی کردووە و نووسیویەتی: "هەرچەندە زۆربەی جەنگاوەرانی کورد بەسواری ئەسپی کوردی توند و تۆڵ هێرش دەکەن، بەڵام شێوازیان یەکجار دوورە لە شێوازی ئاسایی سوارچاکان کە بەپلەی یەکەم پشت بە ڕم و نێزە و شمشێر دەبەستێت، چونکە سوارەی کورد هەوڵدەدەن بەچەکی سپییەوە بێنە مەیدان و بەخەنجەران کە زۆر لێهاتوانە وەعەمەلی دێنن بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەری وەها کە تەواو لە دوژمنیان نزیک دەکاتەوە، ئەوسا لە ئەسپەکانیان دادەبەزن و بەدەمانچە و تفەنگەکانیان دەکەونە شەڕ".

زۆر جار، دوو سوار سواری یەک ئەسپ دەبن، یەکێکیان لە ڕێگە دادەبەزێ و دەکەوێتە ئەم سەنگەر و ئەو سەنگەر و بەو شێوەیە دەکەوێتە مژولکرنی هێزەکانمان، بەم جۆرە سوارچاکی دووەم دەپارێزێ کە بەپەلە دەگەڕێتەوە بۆ دواوە تا سوارچاکێکی دی لەگەڵ خۆیدا بێنێ کە ئەویش هەمان کاری سوارچاکی یەکەم دووبارە دەکاتەوە. ئەوانەی بەو جۆرە بۆ نزیکترین شوێنی سەنگەرەکانی ئێمە دەگوازرانەوە، کوێرانە دەکەوتنە تەقەکردن لە ئێمە و سەنگەر گۆڕکێیان دەکرد و بەمەش ترسییان دەخستە دڵی سەربازەکانمانەوە.

ئەم تاکتیکەیان بریتی بوو لە گرتنی هەموو گرد و بەرزاییەکانی دەوروبەری سەنگەرەکانی دوژمنەکەیان، ئەوجا بازنەی گەمارۆکەیان بەرە بەرە تەنگ دەکردەوە تا ڕادەیەک کە بتوانن دوژمنەکەیان لە نێو بەرن یان ناچاری بکەن کە خۆ بەدەستەوە بدەن".

"هەرچەندە من لە ساڵانی ١٩٢١ و ١٩٢٢دا شەڕی شکاک-م کردووە، لە ساڵی ١٩٤٧دا شەڕی مریغای-م کردووە لە ساڵی ١٩٤٥دا شەری (حەمە ڕەشید)م کردووە؛ بەڵام یەکەم جار کە لە ناوجەرگەی هێرشێکی کوردیدا خۆم بینییەوە، ڕۆژی ١٩٢٢/٧/٢٤ بوو، ئەویش لە کاتی چەند هێرشێکی نائومێدانەدا بوو بۆ سەر کەتیبەیەکی پیادەی پەهلەوی. کوردەکان بەدەم هێرشەوە هاوارێکیان دەکرد کە هەر لە هاواری عەرەبەکانی جەزایر دەچوو کاتێ کە هێرشیان بۆ فەرەنسییەکان دەبرد... خۆ کە شەڕ لە گوند و بارەگاکان نزیک دەبووەوە، ژنانیش هەمان هاواریان دەکرد (هۆی هۆی). ئەلهەقی ئەم هاوارانە زۆر ناخۆش و وەرە ڕوخێن بوون".

کۆمەکی لە عێراقی دراوسێوە

سوپای کورد لە دوانزە هەزارکەس پێک هاتبوو، هێزەکەی مەلا مستەفای بارزانی لە هەموو هێزەکانی دی بەزەبت و ڕەبت تر و پڕ ئەزموون و خۆڕاگرتر بوو لە مەیدانی شەڕدا، ڕووداوەکانی دواتریش دروستی ئەم بۆ چونەیان سەلماند. مەلا مستەفا بارزانی کە بەڕاستی بەچاکترین سەرکردەی سوپای کورد و بلیمەتی ئەو مەیدانە دێتە ژماردن، یەکێک بوو لە سیاسیە زیرەک و لێهاتووەکانی نێو کوردی عێراق، ئەم پیاوە لە ناوچەی بارزانی نزیکی ئێران شۆڕشی دژی حکوومەتی عێراق و هاوپەیمانە ئینگلیزەکانی بەرپا کرد. زۆر جار شەڕی هێزی نیزامی حکوومەتی عێراقی کرد بوو، بەمەش شارەزاییەکی باشی لە شەڕدا پەیدا کرد بوو. دوا شۆڕشی ئەوە بوو کە لە مانگی ٤/١٩٤٥دا هەڵایسا و تا مانگی ئەیلولی خایاند و ناچار بوو پاشەکشە بکات و لە بەردەم هێزی عێراقی باڵا دەست بەسەر جەنگاوەرانی دلێری بارزانیدا، بگەڕێتەوە، چونکە هێزی عێراق لە ڕووی تەکنۆلۆژیاوە زۆر باڵادەستتر بوو لە جەنگاوەرانی دلێری بارزانی. بەتایبەتی دوای بەشداریکردنی فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی بەریتانیا لە شەڕەکاندا و بۆردومانکردنی دڕندانەی سەنگەر و گوندی کوردەکان.

بارزانی، لەو پاشەکشەیدا، خۆی لە ناوچە کوردییەکانی تورکیا نەدا، چونکە شارەزای سوپای تورک بوو، ئاگاداری ئەو هەموو ڕق و کەرب و کینەش بوو کە ئەم سوپایە لە کوردی هەڵگرتبوو و چاوەنۆڕی دەرفەتێک بوو بۆ لێدانی کورد. هەروەها بڵاوبوونەوەی هەواڵی دامەزراندنی کۆمارێکی کوردی لە مهاباداو ڕزگاربوونی ناوچەیەک لە دەسەڵاتی ئێرانی و بەریتانی لە کوردستانی ئێراندا، مەلامستەفای بۆ ئەوێندەر ڕاکێشا. بارزانی تامەزرۆی هەر دەرفەتێک بوو تا لە ڕووی سیاسییەوە بەدیاربکەوێ و توانای سوپایی و فەرماندەیی خۆی بنوێنێ، ئەمەش هۆیەک بوو بۆ بڕیاردانییەکجارەکی: بارزانی بڕیاریدا لە سنووری ئێران بپەڕێتەوە، سێ هەزار جەنگاوەری لەگەڵدا بوو، پتر لە هەزار و دووسەد کەس لەوانە شەڕکەرو جەنگاوەری یەکجار بەتوانا و گوێ ڕایەڵی شەخسی فەرمانەکانی بارزانی بوون. ژمارەی یاوەرانی بارزانی گەییە پتر لە دوانزە هەزارکەس. زۆربەی جەنگاوەرەکان ماڵ و منداڵی خۆیان لەگەڵ خۆدا هێنابوو، و لە کاتێکی باشدا، واتا بەر لە دەستپێکردنی وەرزی زستان کە ئیدی چ حەرەکەیەک لەو ناوچە شاخاوییە سەختەدا نامێنێ، پەڕیبوونەوە. گەلێک لەو ئەفسەرانەش کە پەیوەندییان بەبارزانییەوە کرد بوو،

بەگەڵی کەوتن و هاتنە ئێرانەوە. دیارترینیان نەقیب عەبدولعەزیز گەیلانی بوو، کە کوڕی گەورەی میری کورد شێخ عەبدوڵڵا بوو، شێخ عبداللا یەکێک بوو لە دیارترین، و بەدەسەڵاتترین سەرانی کوردی عێراق. بگرە بنەماڵەی عبداللا سەرکردەی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بوون بەر لە دەرکەوتنی قازی محەمەد لە شانۆی ڕووداوەکان. لە ترسی ئەوەی نەبادا کێشەی ڕێبەرایەتی بکەوێتە نێوان ئەم دوو بنەماڵە هەڤڕکەوە، سۆڤیەتەکان چارەسەرێکی زیرەکانەیان بۆ ئەم مەسەلەیە دۆزییەوە: ئەوە بوو هەرکە نەقیب عەبدولعەزیز لەگەڵ بارزانیدا گەییە مهاباد، ڕووسەکان ناردیان بۆ خوێندنی سوپایی لە یەکێک لە ئەکادیمیا سوپاییەکانی سۆڤیەت- بەمە ئەو پیاوەیان لە ناوەندی ڕووداوەکان دوورخستەوە و قازی محەمەد- یان لە گیروگرفتی ئەو ڕزگار کرد. سۆڤیەتەکان لەلایەکی ترەوە بەوەرگرتنی ئەم خوێندکارە سوپاییە نێودارە، ئەوەیان بۆ خۆ مسۆگەر کرد کە ئەگەر زروف بخوازێ لە کاتێ پێویستدا و لە ڕێگەی ئەوەوە گوشار بخەنە سەر بابی. سۆڤیەتەکان لە هەمان کاتدا هەوڵیان دەدا کە بارزانی بەخێرایی دەسەڵاتی سیاسی پەیدا نەکات، چونکە چاک دەیانزانی کە کەسایەتییەکی بەهێزە و کەڵکەڵەی ڕێبەرایەتی لە سەردایە. تەنانەت باقرۆف-یش لە دوا سەفەری سەرانی کوردا بۆ باکۆ، بەخەباسەتەوە ئاماژە بۆ ئەم مەسەلەیە دەکات و دەڵێ ئەگەری ئەوە هەیە کە بارزانی لەسەر داوای بەریتانییەکان بۆ ئێران هاتبێ و بیەوێ ئەزموونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردان تێک بدات و ویستی بەریتانییەکان بەجێ بێنێ... لەم دوو نمونەیەوە ئەوەمان بۆ بەدیار دەکەوێ کە سۆڤیەتەکان لەم بۆنەیەدا هەمان شێوازی نامەردانەو نزم و زیرەکانەیان بەکارهێناوە کە دەوڵەتە گەورەکان لە مامەڵە کردنیاندا لەگەڵ ئەو بابەتانەدا کە پەیوەستە بەبەرژەوەندی زیندووی گەلانی بچوکەوە، پەیڕەوی دەکەن. واتا هەر لە هەوەڵەوە جموجوڵی هەر هەموو سەربازەکانی شەترەنجی ئەم گەمە پەیوەستەیان بەئەزموونی کوردەوە لە مهابادا، دیاری کرد بوو.

بەڵام یەکێک لەو سەربازە کوردانە، کەسایەتییەکی بەزگماک زیرەک و سەرناس بوو، توانایەکی زۆر گەورەی هەبوو لە دەرک کردنی ڕەوتی کاروباران و شیکردنەوەیان و وەرگرتنی هەڵوێستی ڕاست و دروست دەربارەیان. هەر هەموو ئەوانەی لەم قۆناغە کۆڵیونەتەوە و واقیعیانە هەڵیانسەنگاندووە هەستیان بەوە کردووە کە ئەو کەسایەتییە دەیڕوانییە ڕووداوەکان و چاوەنۆڕی دەرفەتی گونجاوی کردووە تا دەسەڵات و توانای ڕێبەرایەتی خۆی بنوێنێ. ئاشکراشە بارزانی، لەم ڕووەوە گرەوی لەسەر دەوری

سۆڤیەتەکانیش کردووە. هەر کە گەیبووەتە مهاباد، بەبەردەوامی هاتووچۆی ئەفسەرو ڕاوێژکارە سۆڤیەتەکانی کردووە، لە چەندین دیداردا لەگەڵ ئەفسەرانی سۆڤیەتیدا، هەوڵی داوە ئەوەیان بۆ بسەلمێنێ کە هەر ئەو کوڕی ڕۆژە و پێویستە پشتیوانی لێ بێتە کرن و متمانەی پێ بکرێ و چاوەنۆڕی دەستکەوتی لێ بکرێ. بارزانی زۆر بەتوندی لە ڕووی هەموو ئەو کەسانە وەستایەوە کە ناقاییل بوون بەوەی پەیمانێکی توند و تۆڵ لەگەڵ سۆڤیەتدا هەبێ؛ بەڵگەشی بۆ ئەمە ئەوەبوو کە تەنێ سۆڤیەت دەتوانن مانەوەی کۆمارەکە دابین بکەن یان هەوڵی لە نێودانی بدەن، هەرگیز بەو هەنجەتانە قاییل نەبوو کە دەیانگوت لە حاڵەتی پەیمانی نێوان کورد و سۆڤیەتدا، ئەمریکا و ئینگلتەرا دەستەوئەژنۆ دانانیشن... بەڵام دوای چەند مانگێک. پاش لە دەست چوونی دەرفەتان، ماهیەتی ئەو یاسایانەی دەرک کرد کە بوون و مانەوەی کۆماری کوردی-یان دیاری دەکرد.

بارزانی یەکێک بوو لەو چوار کەسەی کە کۆماری کوردی لە سوپای خۆیدا، پلەی ژەنەڕاڵی دانێ. لە ناوەندی شاردا خانوویەکیان بۆ کرد بەبارەگا و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش ماوە و لەم دواییانەدا کرا بەئوتێل. لە ساڵی ١٩٩٧دا ڕێزدار (جەعفەر عەبدولجەواد)ی خاوەنی ئەم خانووەم بینی و بەدەم گێڕانەوەی بیرەوەرییانی خۆی سەبارەت بەو ڕۆژانە گوتی: "دیمەن و ڕواڵەتی بارزانییەکان زۆر جیاواز بوو لە دیمەن و ڕواڵەتی کوردی مهاباد. زۆرمتمانەیان بەخۆ هەبوو، زۆر متمانەیان بەسەرکەوتن هەبوو، چ ترسێکیان لەمەڕ ئەوە نەبوو کە ئایندە چی پێیە و چی پێ دەبێ. هەرچەندە زۆر چاک دەیانزانی کە هەڵبژاردەی سوپای کۆمارن و لە هەموو هێزەکانی دی بەتواناتر و پڕ ئەزموونترن، بەڵام ئێمە هیچ جۆرە لە خۆبایی بوونێکمان لێ نەدەبینین".

بارزانی. ڕەزامەندی قازی محەمەدی وەرگرت تا بەشێک لە هێزەکەی لە نزیکی مهابادا بهێڵێتەوە، تزیکەی هەزار جەنگاوەری گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودی بارزانی لە ناو مهاباد جێگیر بوون، ئیدی باقی هێزەکە و خێزانەکانیان دابەشکران بەسەرگوندەکانی باشوور و ڕۆژئاوای مهاباد. بنەماڵەی بارزانی لە شارۆچکەی نەغەدەدا جێگیر بوون. کە ئەوساکە چ بایەخێکی نەبوو، کەچی ڕۆژگار وای هانی کە ئەم شارۆچکەیە دەورێکی دی لە مێژووی بنەماڵەی بارزانیدا بدینێ؛ ئەویش ئەوە بوو بارزانی ناچاربوو پاش سی ساڵ لەو مێژووە، خۆی و خێزانەکەی و ژمارەیەک لە یاوەرانی لە ساڵی ١٩٧٥دا و پاش داڕووخانی شۆڕشی ٩٧٥/٩٧٤ لەو شارۆچکەیەدا نیشتە جێ ببن... پاش ئەوەی هنری کسینجەر و ڕیچارد نیکسۆن بەشێوەیەکی حەیابەرانە لە بەڵێنە درۆکانی خۆیان ژێوان

بوونەوە پشتیان کردە بزاڤی کوردی. لە ساڵی ١٩٧٥ لە نەغەدە دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیم لەگەڵ بارزانیدا کرد، ڕەنگە ئەم دیمانەیەی من دوا دیمانەی ڕۆژنامەوانیێکی بێگانە بووبێ لەگەڵیدا، بەر لەوەی بەنەخۆشی شێرپەنچە بمرێ. هەستم کرد هەموو ئاواتێکی ئەوەیە، پاش پتر لە نیو سەدە ڕێبەریکردنی شەڕی پارتیزانی دژی عێراقییەکان و تورکەکان، کە بتوانێ لە نۆژەن دەست بەشۆڕش بکاتەوە.

پسپۆڕانی شەڕی شاخ

لە ئەنجامی مەشقی بەردەوام و چڕ وپڕ و هەنگاونانی گورج و گۆڵ لە باری ڕێکخستنەوە، لە مانگی ئاداری ١٩٤٦ دا سوپای کۆماری کوردی بەیەکجارەکی هاتە دامەزراندن و لە دایک بوو. زۆربەی سەرانی کورد لەو ڕۆژانەدا لە مهاباد خڕبووبوونەوە. بارزانی لە هەر هەموویان بەجۆشتربوو بۆ شەڕ، حەجمانی لەبەر بڕابوو، و بۆ دەرفەتێک دەگەڕا کە توانای سوپایی خۆی بنوێنی.

بارزانییەکانیش تینوی پێکادان بوون لەگەڵ سوپای ئێرانیدا کە هێزەکانی لەسەر سنووری باشووری دەوڵەتی کوردی، لە سەقز و سەردەشت و بانەدا خڕکردبووەوە و دەیویست لەوێوە لەشکر و قۆشەن بکاتە سەر خاکی کوردان.

کوردەکانی لە لای خۆیانەوە باسی پێشڕەوییان بۆ باشوور دەکرد؛ تا ئەو خێڵ و هۆزە کوردانەی پارێزگای کرماشان، کە هێشتا لە بن دەسەڵاتی ئێرانییەکاندا بوون، ڕزگار بکەن. هەروەها باسی ئەگەری پەلاماردانی خودی کرماشانیان دەکرد تا بەزەبری چەک ئەو ناوچانەش بخەنە سەر کۆماری کوردی. کە دوو کەتیبە هێزی سوپای ئێرانی بەرەو سەقز کەوتە پێشڕەوی، بارزانییەکان بۆسەیەکیان بۆ نایەوەو چاوەڕوانیان کرد تا بکەوێتە بۆسەکەوە و لێی بدەن. بارزانییەکان بەحوکمی ئەزموونی زۆریان لە شەڕی هێزەکانی عێراق و تورکیا کە چەندین ساڵی خایاند بوو، شارەزاییەکی زۆریان لە بواری ئەو جۆرە شەڕانەدا پەیدا کرد بوو.

(پسپۆڕانی شەڕی شاخ)، ئەمە ئەو ناوە بوو کە ڕێزدار (روان ڕوبسن)ی حاکمی عەسکەری عێراق لە سەردەمی ئینتیدابی بەریتانیدا لە بارزانییەکانی نابوو. جا ئەو پسپۆڕانەی شەڕی شاخ هێندە بەسەبر و حەوسەڵە بوون دەیانتوانی یەک ڕۆژی تەواو بێ ئەوەی جوڵەبکەن لە ناو سەنگەرەکانیاندا بمێننەوە. تا هێزی دوژمن بەتەواوەتی بکەوێتە بۆسەکەیانەوە ودڵنیا ببن لەوەی کە شوێنەکەیان قایمە و پشتیان بەتاڵ نییە، ئەوجا

پەلاماری بدەن؛ بۆیە زەرەری گیانیان یەکجار کەم دەبوو. یەکێک لە ئامیر بەتالیۆنەکانی حەوزی ڕواندز، پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا بۆی گێڕامەوە کە "نهێنی شەڕەکانمان لەوەدایە کە هەوڵ دەدەین خەسارەتمان کەم بێ".

نۆرەی فارس-ش هات، کە بەلەز نێردرا بوون تا لە نزیکەوەو بەچاوی خۆیان لەو ڕۆژەی مانگی نیسانی ١٩٤٦دا ئەو نهێنییە بدیەن و بەدەستی بارزانییەکان تالاو بنۆشن. کاتێ هێزی ئێرانی گەییە (گەوهەر ئاوا) سەیریان کرد دنیا کڕ و کپە و چ شتێک لە گۆڕێ نییە، ئەمە تەماحی خستنە بەر کە پشویەک بدەن، بەتایبەتی ماوەیەکی زۆر بەپای پیادە هاتبوون و شەکەت بوو بوون. ئیدی بارزانییەکان بەبێ خشپە لە هەموو لایەکەوە هێرشیان کردە سەر و خەسارەتێکی یەکجار گەورەیان لێدا و ناچاریان کرد بەپەلەپروزێ و سەر لێ شێواوی بەرەو سەقز پاشەکشە بکات. دیپلۆماتی ئەمریکی (دیریک کینان) بەتەوسەوە باسی ئەو شەڕە دەکات و دەڵێ: "بارزانییەکان فەرمانیان بەهێزی ئێران دا کە بەرەو دوا بڕوات".

هێزێکی تری ئێرانی-ش بەسەرکردایەتی نەقیب (خەسرەوی) کە کوردی خەڵکی سنە بوو، تووشی هەمان چارەنووس بوو؛ کاتێ کە لە ڕۆژی ٢٠/٥/١٩٤٦دا ویستی هێزێکی بارزانییەکان ڕاوبنێ، بارزانییەکان بۆسەیەکیان بۆ نایەوەو بەدژە هێرشێکی لە نکاودا غافڵگیریان کرد و زەرەر و زیانێکی گەورەیان لە ئێرانییەکان داو نەقیب (خەسرەوی) بەخۆیشی لە مەیدانی شەڕەکەدا کوژرا. ئیگلتون، کە لە مهاباد و دەوروبەریدا چاودێری ڕووداوەکانی دەکرد، نوسیویەتی کە: "ئەم ڕووداوە هەترەشی ئێرانییەکانی برد و ورەیان پێ نەما و بەجارێ نەترەیان بەردا" ئێرانییەکان هێزێکی سوپایی پێنج هەزار کەسییان بەپشتیوانی تانک و تۆپ و فڕۆکە و بەسەرکردایەتی خودی (ڕەزم ئارا)ی سوپا سالاری ئەو وەخت، ئامادەو تەیار کرد. هێزی کوردیش خۆی لە سێزدە هەزار کەسێک دەدا کە لە خەڵکی عەشایەر پێک هاتبوون و لە نێوان سەقز و سنووری عێراقدا خڕبوبوونەوە و هێزی تایبەتی بارزانییەکانیشیان لەگەڵدا بوو؛ کە خەڵکەکە بەهەڵبژاردەی هێزی کوردیان دەزانین، چەکی هێزی کورد تەنیا چەکی سووک و چەند سووکە تۆپێک بوو. هێزی کورد تاقە یەک چەکی دژە تانک و دژە فڕۆکەیان نەبوو... بۆیان دەرکەوت کە ئەو چەکەی (دۆستە سۆڤیەتەکان) بەناوی چەکی دژە تانکەوە بۆیان ناردوون، قونبەلی مولوتوف بوو.

لەگەڵ ئەمەشدا، ڕەوش و بارودۆخەکە ئاڵۆز بوو، چ کەسێک ئەنجام و ئاکامی شەڕەکەی بۆ پێشبینی نەدەکرا. ئێرانییەکان لە سەرەتاوە هەوڵیان دەدا وا بنوێنن کە گوایە حەزیان

بەچارەسەرێکی ئاشتیانەیە، هەرچەندە ئەو ئەگەرەش لەسەر زاران بوو کە گوایە ئێرانییەکان بەفێڵ و دەهۆن و دەیانەوێ دەرفەتی پتر وەدەست بێنن تا بتوانن دەسەڵاتی خۆیان بۆ هەموو ناوچەکان بگەڕێننەوە، بەتایبەتی دوای کۆتایی دووەم جەنگی جیهانی و ساڵانی داگیرکاری بەریتانی و سۆڤیەتی. ئیدی ئەو هۆیانە هەر چییەک بن کە ئێرانییەکانیان هاندەدا ڕێگەی ئاشتی بگرنەبەر، (ڕەزم ئارا) پێشنیازی کرد کە لیژنەیەکی کوردی-ئازەربایجانی هاوبەش بنێردرێ بۆ بانە تا گفتوگۆی لەگەڵدا بکات دەربارەی ئەوەی کە ڕێگەی ناردنی ئازوقە و پێداویستی سوپایی بۆ سەربازخانەی بانە نەیەتە گرتن و ئەو ڕێگەیە کراوەبێ.

هەرچەندە سەرۆکی شاندی کوردی بەر لە چەند ڕۆژێک گفتی نەگرتنی ڕێگەکەی دابوو، لێ ئێرانییەکان زۆریان دڵ پێوە بوو بەڵێننامەیەکی نووسراویان لەو بارەیەوە دەست بکەوێ... بەڵێنی ئەوەشیان دا کە ڕێگە بدەن لیژنەیەکی کوردی بەشێوەیەکی بەردەوام لە شاری بانەدا هەبێ، ئەگەر کوردەکان بەڵێنی ئەوە بدەن کە هێزەکانیان بەرنە دووری سێ کیلۆمەتری باکوری شار و دووری چوار کیلۆمەتری ڕێگەی ئازوقەی سەربازخانەی بانە.

بەڵام ئەندامانی شاندی کوردیش لەلایەن خۆیانەوە پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئەو بەڵێننامەیە ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتەکەیانەوە لە مهاباد، پەسند بکرێ؛ چونکە ئەمەیان بەجۆرە دان پێدانانێکی ڕاستەوخۆی ئێرانییەکان، بەحکومەتی کوردی مهاباد دەزانی. ئا بەم جۆرە پێشڕەوی هەردوو هێزەکە ڕاگیرا. هەروەها ئەو هێرشە کوردییەش کە نەخشەی بۆ دانرابوو بەرەو باشوور بکرێ، بەفەرمانی سەرکردایەتی ڕاگیرا، هەرچەندە بارزانی زۆر پێی لەسەر زەرورەتی دەستپێکردنی هێرشەکە داگرت.

کۆماری مهاباد... وڵاتێکی نموونەیی بوو؟

پایتەختی کۆماری کوردی،لەو ماوەیەدا شان بەشانی کۆمارەکە گەشەی سەندو پەرەسەندنێکی باشی بەخۆوە بینی، واتە ڕێک بەپێچەوانەی کۆماری ئازەربایجانی دراوسێیانەوە،کە بەئاشکرا ڕواڵەت و شەقڵی ستالینییەتی پێوە دیار بوو. لە کاتێکدا کەش و هەوای ئازەربایجان، کەش و هەوای مۆڵکایەتی گشتی بوو،

حوکمی پۆلیس و تیرۆری فیکری زاڵ بوو، مهاباد لەوکاتانەدا بۆ یەکەم جار بوژانەوەی ئابووری و ئازادییەکی سیاسی ئەوتۆی بەخۆوە بینی کە ئەم گەلە لە هیچ قۆناغێکی مێژووی دوورودرێژی خۆیدا بەخۆیانەوە نەبینی بوو. حکومەت خەرجی و مەسرەفی خۆی

له باج و خەراج کۆدەکردەوە، حزب ئابوونەی ئەندامانی خۆی وەردەگرت و خێزانە دەوڵەمەندەکانیش پیتاکیان دەدایێ سەرەک خێڵەکانیش بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی خۆیان بۆ حزب بسەلمێنن پیتاکیان دەدا. بازاڕ، بەهۆی کەل و پەلی قاچاغی عێراقەوە کە هەندێ جار دەگەییە بازارەکانی تەورێزو تەنانەت بازاڕەکانی تاران-ش، بووژایەوە. بەڵام ئەو قەرزەی کە لە حکوومەتی ئازەربایجانی و لە مانگی کانوونی دووەمدا وەرگیرا بوو، لە دەرامەتی ئەوشەکرە درایەوە کە کارگەی شەکری (میاندواو) بەرهەمی دەهێنا. بەپێچەوانەی ئەو وەزع و حاڵەی لە ئازەربایجاندا باوبوو، هاوڵاتی کۆماری کوردی دەیتوانی بەو پەڕی ئازادی بێ و بچێ و سەفەر بکات. هەموو هاوڵاتییەک بۆی هەبوو چەک هەڵبگرێ، ئاسایش بەرادەیەک بەرکەماڵ بوو کە پۆلیسی کوردی بەدرێژایی یەک دانە ساڵ تەنیا پێنج کەسیان گرت.

هیچ سانسۆرێک لەسەر ڕۆژنامە نەبوو، یەکەمین کتێبی دەرسی قوتابخانان بەزمانی کوردی هاتەنووسین و بۆ چاپ ئامادە کرا. گوێگرتن لە ڕادیۆی بێگانە ئاسایی بوو لە پاڵ گوێگرتن لە ڕادیۆی کوردی کە ڕۆژانە شەش سەعاتان کاری دەکرد و بەرنامەی بڵاو دەکردەوە. ئیدی دەسەڵاتی سۆڤیەتی لە وێندەر بوو بەسفر. هەرچەندە حزب، ڕێکخراوی قوتابیان و لاوانی لەسەر شێوەی سۆڤیەتی دامەزراند و بەرپرسانی کورد لە کاتی قسەکردندا ستایشی سوپای سووریان دەکرد و زۆرجار لە گوتاری ڕەسمی و بەیانات و گوتاری ڕادیۆییدا ئاماژە بۆ یەکێتیی سۆڤیەتی مەزن دەکرا، لێ لەو بۆنانەدا زاراوەی وەک: مارکسیزم، لینینزم، ڕیفۆرمی کشتوکاڵی و خۆماڵی کردن... هتد بەکار نەدەهێنران. زۆر بەدەگمەن وێنەی ستالین لە دایەرەکانی کۆماری دادەبینرا. بەپێچەوانەوە وێنەی قازی محەمەد لە چوار چێوەی ڕەنگاوڕەنگ بەرەنگی ئاڵای (کۆمەڵەی جاران) لە هەموو شوێنێکدا و بەتەنیشت نەخشەی کوردستانی گەورەوە هەڵواسرا بوو، کە کۆماری کوردی وەکو خاڵێکی بچووک تێیدا نیشانە کرا بوو.

خەڵکی کۆمار، لە حاڵەتی خەونێکی نەتەوەیی ڕەنگیندا دەژیان. سروودی نەتەوەیی بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان دەگوترا. جگە لە هەستی نەتەوەیی، نەوت-ش یەکێک بوو لەو فاکتەرانەی کە سنووری خەونی کوردی دیاری دەکرد، وەکو لەم بڕگە سروودە نەتەوەییەدا بەدیار دەکەوێ:

نەفتم ئاوی ژیانە لە سیرت و کەرمانشانە
بابا گوڕگوڕ دەزانە لە موسڵیش هەمانە

کورد، بەڕادەیەک لە خەونی ئایندەی خۆدا نقوم بوو بوون کە کەسیان هەستی بەوە نەدەکرد کە کێشەی دەوڵەتان لەسەر ئەو ناوچەیەی کە ئەوان تێیدا دەژین، لە ڕاستیدا بۆ دەست بەسەرا گرتنی ئەو ئاوی ژیانەیە. لەگەڵ ئەوەشدا دەشیا بگەنە ئەو ئەنجامگیرییە، ئەگەر زەمینەی مێژوویی و هێما و ئاماژە سەرەتاییە ئاشکراکانیان هەڵبسەنگاندایە و بیانخوێندباوە کە بەئاشکرا بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچوون: ڕووس و بەریتانییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕێک کەوتبوون لەسەر دابەشکردنی ناوچە پڕنەوتەکانی باکور و باشووری ئێران. هەروەها لەسەر هەم ئاهەنگی هاوبەش ڕێک کەوتبوون کە چۆن لە ناوچەکەدا ڕووبەڕووی دەسەڵاتی ئابووری گەشەکردوی ئەوسای ئەڵمان بوەستنەوە.

وەختێ بەلشەویکەکان، لە ساڵی ١٩٢١دا لە ئێران کشانەوە و دەسبەرداری هەموو ئەو مافانەی خۆیان بوون کە ئەو پەیمانە بۆی دابین کردبوون، کاروبارەکان گۆڕان... بەریتانییەکان بەپێی پەیمانی ساڵی ١٩٠٩ بیرە نەوتەکانی خۆیان پاراست و لە ڕێگەی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلو- ئێرانییەوە کەوتنە ڕە عەمەل هێنانی. هەرچەندە تاران بۆ ماوەیەکی کەم ئەم پەیمانەی هەڵوەشاندەوە، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە ڕەزا شای یەکەم سیاسەتێکی تازەی بۆ دانی مافی بەرهەمهێنانی نەوت دانا... لێ بەریتانیا لە ساڵی ١٩٣٣دا مافی بەرهەمهێنانی تری بەپێی مەرجی تازە وەدەست هێنایەوە.

وەختێ جەنگی جیهانی دووەم کۆتایی هات و بارودۆخی ئێران هاتەوە تایم، بەریتانیا و دنیای ڕۆژئاوا بەچاوی گومانەوە دەیانڕوانییە هەوڵەکانی سۆڤیەت بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتیان لە ئێران و لەوەشە بیەوێ مافی بەرهەمهێنانی نەوت -یش وەربگرێ.

پترۆڵ و جەنگی سارد

پێدەچێت سەرانی کۆماری مهاباد ئەم زەمینە مێژووییەیان لەبەر چاو نەگرتبێ. هەروەها ئەو هەنگاوەی تری سۆڤیەتیانیش کە لە ساڵی ١٩٤٤دا نایان، بەجدی وەرنەگرتبێ. لەو کاتانەدا کە سۆڤیەتەکان مژولی جولاندنی سەربازانی شەترنجەکەیان بوون لە کوردستان و ئازەربایجاندا و خەریکی ئامادە کردنیان بوو بۆ گەڕی (جوله) ئایندە، مافی دەرهێنانی نەوتیان لە سەرانسەری باکوری ئێراندا وەدەست هێنا، لێ حکوومەتی ئێران مەسەلەی یەک لایی کردنەوەی ئەم بابەتەی بۆ دوای جەنگ دواخست. بیانوشی بۆ ئەمە قەرارێکی وەزاری پێشو بوو لەلایەکەوە و هەنجەتی ئەوەش بوو کە بەردەوامبوونی شەڕ ڕێگە نادات ئەم ئیمتیازو مافە بەیەکێتیی سۆڤیەت بدرێ.

لەبەر ئەم هۆیانە سۆڤییەتەکان بەلایەکی تردا بایاندایەوە؛ ئەویش بریتی بوو لە پشتیوانی و بەهێز کردنی جوداخوازی کورد وئازەر، لێ لەم هەوڵەیاندا ڕوو بەرووی نارەزایی و مقاوەمەتی توندوتیژی حکومەتی ئێرانی دەبوونەوە کە تامەزرۆ و تینوی ئەوە بوو هەموو خاکی خۆی لە ڕووی سیاسی و سوپاییەوە بێنێتەوە ژێر ڕکێفی خۆی، لەو کاتانەدا کە کورد مژولی تەواو کردنی بینای یەکەم دەوڵەتی خۆیان بوون لە مهاباد و دەیانویست بۆ هەموو جیهانی بسەلمێنن کە دەتوانن خۆیان بەڕێوە بەرن، حکومەتی ئێرانی پەنای وەبەر هەموو کەناڵێکی گەمەی دیپلۆماسی دەبرد تا شارەکانی باکوری- ڕۆژئاوای وەربگرێتەوە و لە مەترسی دەریان بهێنێ.

وەختێ هاوپەیمانان لە ساڵی ١٩٤١دا چوونە خاکی ئێرانەوە، بەڵێنیان دا کە لەگەڵ تەواو بوونی جەنگدا بکشێنەوە. بەڕاستیش ساڵی ١٩٤٦ دانرا بۆ ئەم کشانەیەوە. ئەوە بوو ئەمریکییەکان لە ڕۆژی ٣١/١٢/١٩٤٥دا کشانەوە. دوا سەربازی بەریتانیش لە ڕۆژی ٢/٣/١٩٤٦دا لە خاکی ئێران کشایەوە. لێ سۆڤییەتەکان بەپێچەوانەی بەڵێنەکانەوە بوونی سەربازی و سیاسی خۆیان لە ئازەربایجاندا زیاد دەکرد و ڕاوێژکارانی سۆڤیەتی لە مهابادا مەشقیان بەسوپای کورد دەکرد.

ئێرانییەکان هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی خۆیان وەگەڕخست تا سۆڤییەتەکان ناچار بکەن خاکی ئێران بەجێ بهێڵن، ئیدی لە ڕێگەی پارانەوەو تکاوە بیگرە تا ڕژدبوون لەسەر پێشکەش کردنی داخوازی ڕەسمی و گوشاری ئەمریکی و بەریتانی. بەڵام ئەم هەوڵانە کەم و زۆر هەڵوێستی سۆڤیەتی نەدەگۆڕی. بەڵام سەرۆکی تازەی ئەمریکی هاری س-ترومان، سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ڕووبەڕووی کاریگەری سۆڤییەت بوەستنەوە، ئەو سۆڤیەتەی کە هەموو هێماکان وایان دەنواند کە بەرەو ئەوە دەچێ ببێ بەدەوڵەتێکی زلهێنر، بەتایبەتی دوای نەمانی ئەڵمانیای نازی، جا ئەگەر ئەم لە ڕوو وەستانە لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتوەکانیشەوە بێ کە ئەمریکا لەو سەروبەندەدا سەر پەرشتی دامەزراندنی دەکرد. نوێنەری ئێران لە ڕۆژی ١٩/١/١٩٤٦دا سکاڵا نامەیەکی دایە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و شکاتی کرد بوو کە سۆڤییەت دەست لە کاروباری نێوخۆی ئێران وەر دەدات. وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکاو بەریتانیا و فەرەنسای هاوپەیمانی ئەمریکا پشتیوانیان لەو شکاڵایەی ئێران کرد. ئەمە یەکەمین سکاڵا بوو کە دوای دوو ڕۆژ لە دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی درا بەئەنجومەنی نێوبراو، بەر لەوەی ئەم ئەنجومەنە هێشتا پەیڕەوی ناوخۆی دانابێ. لە مانگی ئاداردا نوێنەری ئەمریکا و بەریتانیا لە

مۆسکۆ، نارەزایینامەیەکی ڕەسمیان دژ بەرەفتاری سۆڤیەتی پێشکەش کرد. دیگول، بەخۆی بانگەوازێکی ئاراستەی کرملین کرد و داوای کرد لە ئێران پاشکشە بکات.

هەرچەندە ئەنجومەنی ئاسایش نەیتوانی بگاتە بڕیارێکی ئیلزامی،تەنانەت پاش سکاڵای دووەمی ئێران-یش کە لە ١٨/٣/و١٢/٤/١٩٤٦ پێشکەشی کردەوە. بەڵام یەکێتیی سۆڤیەت کە دەترسا تووشی گۆشەگیرییەکی نێودەوڵەتی ببێ، نەیتوانی بەرگەی ئەو هەموو گوشارانە بگرێ کە لەلایەن ڕای گشتی جیهانییەوە دەکرایە سەری.

کاتێک کە سەرەک وەزیرانی ئێران (ئەحمەد قەوام) کە لە مانگی ک٢ ئەم پۆستەی وەرگرتبوو، ئیشارەتی دایە سۆڤییەت سەبارەت بەمافی دەرهێنانی نەوت، سۆڤییەتەکان لێبڕان گۆڕانی بنەڕەتی لە سیاسەتی خۆدا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بکەن و لەسەر بناغەیەکی تازە سیاسەتی خۆ ڕێبنەنەوە. بڕیاریان دا جارێ کۆمەک و پشتیوانی ئازەربایجانییەکان و کوردەکان ڕابگرن و لەبری ئەوە هەوڵ بدەن لەگەڵ حکومەتی ئێرانیدا بگەنە ڕێککەوتنێکی وەها کە لەلایەکەوە یەکێتی ئێران بپارێزێ و لەلایەکی ترەوە ڕووسەکان مافی دەرهێنانی نەوت وەدەست بهێنن. (ج.س هوروفیتس) ی ئەمریکایی پسپۆڕ لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناڤین،لە ساڵی ١٩٤٦دا لە تەعلیقێکیدا لەسەر ئەم بابەتە دەڵێ: "لە ڕوانگەی سۆڤییەتییەوە ئەم کارە بریتی بوو لە گرتنەبەری دوو ڕێگە بۆ یەک ئامانج، ئەویش نزیک بوونەوە بوو لە کەنداوی فارس".

(ئەحمەد قەوام) لە مانگی ئاداردا ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ سۆڤییەتەکاندا گەیاندە دوا قۆناغەکانی. وەزیری دەرەوەی سۆڤییەت (گرۆمیکو) لە کاتی ئاڵۆزبوونی تەنگژەکەدا ڕایگەیاند کە هێزەکانی سۆڤییەت بەم زووانە و لە ماوەی کەمتر لە شەش هەفتەدا خاکی ئێران بەجێ دێڵن "ئەگەر ڕووداوی تازەی چاوەنۆڕ نەکراو نەیەتە پێشێ". ڕەنگە ویستبێتی بەم ڕستەیەی دوایی، سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی گفتوگۆی ئێران و سۆڤییەت، بەمەسەلەی مافی دەرهێنانی نەوتەوە ببەستێتەوە.

بەڵام ڕەوتی کاروبارەکان زۆر بەخێرایی چووە پێشێ: لە ٤ی نیساندا قوام و سەفیری سۆڤییەت لە ئێران (ا.گ.سادخیکوف) ڕەشنووسی دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی ئێرانی- سۆڤییەتییان خستە بەردەم ڕۆژنامەوانان. ئەوە ڕاگەیەنرا کە ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ ماوەی پەنجا ساڵ بەردەوام دەبێ و لە ساڵی ١٩٦٦ دا کۆتایی دێت. ڕێککەوتنەکە ئەوەشی تێدا بوو کە سۆڤییەتەکان لە ٢٥ ساڵی یەکەمدا ٥١ ٪ی بەشەکانی کۆمپانیاکە

دەبەن و پاشان کەم دەکرێتەوە بۆ ٥٠ ٪ هەروەها لە بەشێکی تایبەتی ڕێککەوتننامەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کرا بوو کە ناوچە نەوتاوییە دەوڵەمەندەکان بریتین لە هەردوو پارێزگای ئازربایجان و کوردستان، واتا هەموو ناوچەی باکوری ڕۆژئاوای ئێران بەدرێژایی سنووری عێراق و تورکیا.

ڕووخانی ماڵە کارتۆنییەکە

ڕێککەوتننامەکە هەر ئەوەندەی مابوو ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێرانی لە ماوەی کەمتر لە شەش مانگ پەسندی بکات و ئەوسا سۆڤیەت هەموو ئەوشتانەیان چنگ بکەوێ کە مەبەستیان بوو.

قوام هەر بۆ ئەوەی نیازپاکی خۆی نیشان بدات هەستا دوو نوێنەری حزبی تودەی لە کابینەی وەزارەتی ئێرانی وەرگرت. ئیدی سۆڤیەت بێ سێ و دوو قوربانییان بەسەربازی شەترەنجی ئازەربایجانی و کوردی دا و بەخواردنی دان.

لەو کاتەندا کە سەفیری سۆڤیەتی (سادخیکوف) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە مەسەلەی ئازەربایجان (مەسەلەیەکی ناوخۆی ئێرانییە) و پێویستە دەست بەگفتوگۆی ئاشتیانە لە نێوان تاران و ئازەربایجاندا بکرێ تا ئازەربایجان بگەڕێتەوە باوەشی ئێران و جۆرە خود موختارییەکی هەبێ، لە هەمان ئەو کاتانەدا دەسەڵاتی ناکومونیستی لە مهابادا پشتگوێ خرا و سۆڤیەتەکان بەتەواوەتی فەرامۆشیان کرد، بێ ئەوەی گوێ بەوە بدەن کە چارەنووسی بەکوێ دەگات و ئەوە بوو لە کاتی گفتوگۆی نەوتدا بەجارێ پشت گوێ خرا. سەفیری ئەوکاتی ئەمریکا لە تاران، لەم بارەیەوە دەڵێ: "داڕووخانی ماڵی کارتۆنی ئازەربایجانی و کوردی سەرکەوتن بوو بۆ سیاسەتی دروست و هەڵوێستی بنجبری نەتەوەی یەکگرتووەکان بەرانبەر بەیەکێتی سۆڤیەت". هەروەها لە سەری دەڕوات و لە پێشبینییەکیدا کە ڕەنگە بۆ هەشتاکانیش دروست بێ، دەڵێ: "نابێ باوەڕ بەوە بکەین کە کرملین بەم شکستە حەیابەرەیە ڕازی دەبێ و، وەدەستهێنانی مافی دەرکردنی نەوت وای لێدەکات کە هەوڵ نەدات دەسەڵاتی سیاسی و ستراتیژی لە سەرانسەری ئێراندا وەدەست بێنێ".

ئیدی بوکەڵەکانی دەستی مۆسکۆ لە تەورێزدا خێرا بایاندایەوە، کەوتنە خۆ سازاندن لەگەڵ ڕەوت و، ڕێبازی تازەی سۆڤیەتدا، تەنانەت هاوڕێ پیشەوەری ڕایگەیاند کە ڕێکەوتن لەگەڵ تاراندا (بەداخەوە) زەرورییە "چونکە ئەمریکا و بەریتانیا مەسەلەی

ئازەربایجانیان کردووە بەهەنجەت بۆ خوڵقاندنی گیروگرفت بۆ دۆستی گەورەمان؛ یەکێتی سۆڤیەت". ئا بەم جورە گفتوگۆ لە نێوان ئازربایجانییە ستالینییە هاوسۆزەکانی کۆمۆنیزم و حکوومەتی ئێرانی لە تاراندا دەستی پێکرد، حزبی تودە هاتە مەیدانی سیاسییەوە و چەندین خۆپیشاندان و مانگرتنی لە سەرانسەری وڵاتدا ڕێک خست.

ئەم ڕەوشە تازەیە و ئەو تزیک بوونەوە دیارە لە یەکێتیی سۆڤیەت کردییە کارێک کە عەشایەری کەمە نەتەوەیی تری وەک (بەختیاری) و (قەشقەیی) لە باشووری وڵاتدا کە شەقڵێکی ئاینی هەبوو، بەپشتیوانی و هاندانی ئینگلیزەکان ڕاپەڕن و ڕووبەڕووی حکوومەت ببنەوە و داوای لێ بکەن کە سنوورێک بۆ ئەم سیاسەتی (داشکان بەلای چەپ)دا دابنێ. هەروەها بەرنامەی کۆمەکی ئەمریکی-ش کەوتە لەقین و ئەمەش وای لە (قوام) کرد کە لە مانگی ت١/١٩٤٦ دا گۆڕانکارییەک لە وەزارەتدا بکات و وەزیرە کۆمۆنیستەکان دەربکات و وەزارەتێکی بەهێزی وەها دابنێ کە سوور بێت لەسەر پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی سەربەخۆی دوور لە سیاسەتی سۆڤیەت، بۆیە هەر هەموو ئەم کارانەی کرد چونکە دەیزانی ڕەوتی گشتی کاروبارەکان هاتۆتەوە تایی خۆی و بەچ ئاراستەیەکدا دەڕوات.

لەم کاتەدا سوپای ئێران کەوتەوە سەر پێیان و ئەو سوکایەتییە گەورەیەی لەبیر کرد کە لە ماوەی داگیرکردنی ئێراندا بەسەری هاتبوو. پێدەچوو ڕازی بێ لەو دەورەی کە (قوام) لەم قۆناغەدا بۆ سوپای دانا بوو؛ کە بریتی بوو لەوەی دەزگایەک بێ هەنگاوی گونجاوی ئەوتۆ بنێ کە چارەنووسی وڵات دیاری بکات. سەرەک وەزیران لە ١٩٤٦/١١/٢٥دا فەرمانی بەسوپا دا کە ئازەربایجان و کوردستان، بەهەنجەتی نزیکبوونەوەی ڕیفراندۆمی گشتی بگرێتەوە و هەر بەرگرییەکی چەکدارانەی لەم دوو پارێزگایەدا هاتە ڕێ سەرکوتی بکات. ئەوەی هەست دەوروژێنێ، لە هەڕەتی ئەم گۆڕانکارییە خێرایانەی ئێراندا، ئەوەی بوو کە قازی محەمەد لەو کاتانەدا لە تاران بوو، بروسکەیەکی نارەزایی نارد دژی ئەو نەخشەیەی کە بۆ داگیرکردنی کۆماری کوردی دانرا بوو. هەروەها بەپشتی دۆستە سۆڤیەتەکان، لەو گفتوگۆیەدا کە لە مانگی ئەیلولدا لە تاران کردی، زۆر بەتوندی ڕەفزی ئەوەی کرد کە مهاباد بۆ باوەشی ئێران بگەڕێتەوە. کاتێ هێزەکانی ئێران بەسەرۆکایەتی ئامیر لیوا (هەمایونی) لە سنووری هەردوو کۆمارە بێ خاوەنەکە نزیک بووەوە، هەنگینێ کوردەکان کەوتنە گومان لە دروستی کۆمەکی یەکێتیی سۆڤیەتی مەزن بۆیان. شاندێکی کوردی لە سەرەتای مانگی کانونی یەکەمدا بەلەز چوو بۆ شاری ڕەزاییە تا چاوی

به (هاشموٚف)ی کونسوڵی سۆڤیەتی لەوێندەر بکەوێ، لەوەوە بزانن کە هەڵوێستی سۆڤیەتی چییە. هاشموف، هەموو هەوڵێکی وەگەڕخست تا کوردەکان تێ بگەیەنێ کە ئەنجامی کارەکان ئەنجامێکی باش دەبێت و تاران بەتەمایە چەند یەکەیەکی سوپایی ڕەمزی بنێرێ بۆ سەرپەرشتیکردنی ڕەوتی هەڵبژاردنەکانی ئاینده و هەرکە هەڵبژاردن تەواو بوو، ئیدی سوپا لە خاکی هەردوو کۆمارەکە دەکشێتەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەم قسەیە، ئەنجومەنی جەنگی لە مهاباد فەرمانی بۆ هێزە کوردییەکان دەرکرد کە هیچ جۆرە مقاوەمەتێک لە بەرانبەر پێشڕەوی هێزەکانی ئێران نەکەن. بەڵام دوای چەند ڕۆژێکی کەم بەئاشکرا ئەوە دەرکەوت کە چارەنووسی کۆماری مهاباد لە ڕاستیدا پەیوەست بوو بەچارەنووسی کۆماری ئازەربایجانەوە.

لە ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٣ دا پێشینەی هێزی ئێرانی خۆی بەشاری تەورێزدا کرد، بێ ئەوەی یەکێتیی سۆڤیەت چ کاردانەوەیەک دەربڕێ بۆ ڕزگار کردنی سیستەمی ستالینی ئەو ڕژێمەی کە خۆی بەشداری لە دامەزراندنیدا کرد. لە ئەنجامی ئەو ڕەفتارە توند و تیژانەدا کە دەزگای ئاسایشی حکومەتەکەی پێشەوەری کردیان، چەند گروپێکی ئەنتی کۆمۆنیزم کەوتنە پەلامار دان و داگیرکردنی بارەگا حزبی و حکومەتییەکانی تەورێز و گەلەک ئاژاوە و پێکادان بەرپا بوو و، جەماوەری تووڕە چەندین کۆمۆنیستیان کوشت. خەڵکی ئاژاوەچی زانییان کە (محەمەد بیریا)ی وەزیری پەروەردەی جاران پەنای وەبەر خەستەخانەی سۆڤیەتی بردوە و لەوێندەر خۆی شاردۆتەوە، ئەوە بوو پەلاماری خەستەخانەی نێوبراویان دا و کابرایان گرتو بەستیان بەئۆتۆمبێلێکەوە و تا مردن هەر ڕایانکێشا.

بەڵام پێشەوەری و ئەندامانی گرینگی وەزارەتەکەی، لە کاتی خۆیدا بۆ باکۆ هەڵاتن و لەوێندەر پەنایان وەبەر هێزەکانی سۆڤیەت برد و، ئیدی کوردەکانیش یەقینیان پەیدا کرد کە چارەنووسی کۆمارەکەیان پاش ڕووخانی تەورێز، نەمان و ڕووخانە. ئەوە بوو لە ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٧ دا چارەنووسی کورد دیاری کرا.

سێدارەکانی مەیدانی چوارچرا

قازی محەمەد سواری ئۆتۆمبێلەکەی (سیدان) خۆی بوو. ئەم ئۆتۆمبێلە سۆڤیەتەکان بەدیاری دابویانێ. جلی مەدەنی لەبەرکرد و جلی سوپایی سۆڤیەتی بۆ یەکجارەکی لەبەر داکەند. چەندکەسێک لە یاوەرە نزیکەکانی لەگەڵی چوون. قازی محەمەد گەییە بڕیارێکی پێچەوانەی ڕاو تەگبیری زۆربەی خەڵکی، هەروەها بارزانی زۆری لەگەڵ گوت کە لە مهاباد وەدەرکەوێ و پەنا بۆ یەکێتی سۆڤیەت یان عێراق بەرێ، بەڵام سوودی نەبوو: قازی محمد بڕیاریدا کە لە نێو گەلەکەیدا بمێنێتەوە، لە نێو ئەو گەلەدا کە سوێندی خوارد بوو ڕێبەرایەتیان بکات و بیانپارێزێت. ئێدی وەکو داب و نەریتی کوردان، لێبرا لە شار دەرکەوێ و بچێتە پێشوازی سەرکەوتوو، و خۆ تەسلیم بکات.

ئۆتۆمبێلەکەی قازی محەمەد و یاوەرەکانی بەسەر جادەی زوقم و شەختە گرتوودا بەرەو باکورو ڕووەو ڕەزاییە وەڕێ کەوت،کاتێ ئۆتۆمبێلەکە ١٣ کیلۆمەتران ڕێگەی بڕی و گەییە نزیکی گوندی (قەرەتەپە) بەرایی هێزەکەی ژەنەڕاڵ هەمایونی بەدیارکەوت. هەنگینێ قازی محەمەد دەستووری بەشوفێرەکەی دا کە بوەستێت. ئیدی لە پاڵ ئۆتۆمبێلەکەدا وەستا و چاوەڕوانی گەیشتنی هەمایونی کرد. هەمایونی سەرکەوتوو بەرێزەوە داوای لێکرد کە سواری ئۆتۆمبێلەکەی خۆی ببێ و لەگەڵ هێزەکەدا بەرەو مهاباد بچێت. ئێرانییەکان بۆ ئێوارە شارەکەیان داگیر کرد. شار، لەتۆ وایە شاری شەبەنگانە، چ مقاوەمەتێکی نەکرد. ژەنەڕاڵ هەمایونی هەرلە مەیدانی چوار چراوە کۆتایی کومارەکەی ڕاگەیاند و ئەوەی ڕاگەیاند کە ئیدی شار گەڕایەوە باوەشی ئێران. ئیدی قازی محەمەد بەدەستبەسەری لە ماڵی خۆیدا مایەوە و سەرکردەکانی تر گیران.

دەوڵەتی کوردی، بەر لە چەند ڕۆژێک هەیبەت و بوونی ڕاستەقینەی خۆی لە دەست دابوو؛ بەهۆی ئەو ناکۆکییەی کە لە سەرەتای دامەزراندییەوە لە نێوان (شێران) و (هەلپەرستان)دا هەبوو. لە نێوان چەکدارانی عەشایەرو بورژوایانی شاردا هەبوو، ئەو ناکۆکییانەی کە کۆمار بەدرێژایی تەمەنی خۆی نەیتوانی چ چارەسەرێکیان بۆ بدۆزێتەوە. سەرانی هەندێ خێڵ ویستیان بەرگری تایبەتی بکەن، وەکو خێڵی (گەورک) و (زراری) کە لێکۆڵەرەوەی ئەڵمانی پسپۆڕ لە کاروباری ئەرمن (الیهمات هاویت) باسی دلێری و بوێریانی کردووە. بەڵام ئەو هاوارەی کە ئەوان بردیانە بەر عەشیرەتی شکاک، لەلایەن سەرۆکی ئەم خێڵەوە (ئەمیرخان شەریفی)یەوە کە کۆماری کوردی پلەی ژەنەڕاڵی دابویێ،

وەها وەڵام درایەوە کە: "مخابن ناتوانین هیچ یارمەتییەکتان بدەین چونکە هەموو ئەسپەکان ڕەوانەی پاوان کراون". بەپێچەوانەی شکاکەوە ئەسپی پیاوانی (هەرکی) (بۆ پاوان ڕەوانە نەکرابوون) بەڵکو هەندێک لە ڕۆڵەکانی ئەم خێڵە، سواری ئەسپەکانیان بوون و بەپەلە بەرەو ڕەزاییە و تەورێز وەڕێکەوتن تا بەشداری بکەن لە لەنێوبردنی کۆماری ئازەربایجانی دراوسێیاندا.

ئیدی بەرە بەرە هێزەکانی تری کۆماری مهاباد کەوتنە هەرەس هێنان و لە نێو چوون. تەنیا ئەو هێزە بچوکە نەبێ کە هەڵبژاردەی هێزەکانی کۆمار بوو، بەنێو بەفر و سەرمادا بەرەو سنووری عێراق و ئێران کشایەوە و خۆی لە گوندە شاخاوییە دوورە دەستەکاندا پەنادا.

گەرچی ئەم کۆمەڵە جەنگاوەرە توانییان خۆیان دەرباز بکەن، لێ چارەنووسی قازی محەمەد و یاوەرە نزیکەکانی زۆر زوو دیاری کرا. لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٧دا دادگایەکی سوپایی ئێرانی لە مهاباد دانرا و قازی محەمەد و هەردوو وەزیری بەرگری و ناوخۆی کۆماری کوردی بەتۆمەتی یاخیبوون و خیانەتی گەورە تاوانبار کرد و حوکمی لە سێدارەدانیان بەسەر دا درا... چونکە (محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی) سوور بوو لەسەر جێبەجێکردنی ئەم حوکمە، بۆیە هەموو هەوڵێکی تەمیز کردنەوە و سوککردنی ئەم حوکمە بێ ئاکام مایەوە. لەو کاتەدا کە هاوپەیمانانی سەرکەوتوو لە دووەم جەنگی جیهانیدا، شاری (نورنبرگ)ی ئەڵەمانییان، بەحوکمی پێگەی تایبەتی شارەکە، هەڵدەبژارد بۆ دادگایی کردنی تاوانبارانی جەنگ، شای ئێران سوور بوو لەسەر ئەوەی کە حوکمی ئیعدام کردنی قازی محەمەد لە مەیدانی چوارچرادا جێبەجێ بکرێ. ئەو چوار چرایەی کە لەوێندەرەوە جیابوونەوەی مهاباد لە ئیمپراتۆریەتی ئێرانی ڕاگەیەنرا.

لە ئێوارە وەختێکی درەنگی ڕۆژی ١٩٤٧/٣/٣٠دا، دەنگی پاچ و بێڵی ئەو سەربازە ئێرانیانەی کە خەریکی داچەقاندنی سێ قەنارە بوون لە مەیدانی چوارچرا، وەستا و خامۆش بوو، ئەوەبوو لە بەرەبەیانی ڕۆژی ئایندەدا و هەر لەوێدا نوێنەرانی یەکەمین کۆماری کوردی لە سێدارەدران. لە مانگی ئایندەشدا (٥) سەرکردەی تری کورد هاتنە خەنەقاندن و سی و یەک سەرکردەی تریش خرانە زیندانەکانی شاوە و بێ سەرو شوێن کران و کەس نەیزانی چییان بەسەر هێنرا.

پاش شکست و داڕووخان

مەلامستەفای بارزانی، کە ڕۆژێک پێش ڕووخاندنی مهاباد، خۆی گەیاند بووە ئەوێندەر تا قەناعەت بەپێشەوا قازی محەمەد بکات کە لە مهاباد وەدەرکەوێت و خۆی بەدەست هێزەکانی ئیرانەوە نەدات... ئەم پیاوە یەکەم کەس بوو کە بەهوشیارییەوە هەستی بەڕەوتی کاروبارەکان کرد. لای ئاشکرا بوو کە ئەو بڕیارەی دژی بەرژەوەندییەکانی کورد دراوە، بڕیارێکی سیاسییە، شکستی کورد پتر شکستێکی سیاسییە تا شکستی سوپایی بێت. هەندێ هاوعەسری خۆی گوێیان لێی بوو کە چۆن نائومێدی خۆی لە دۆست و هاوپەیمانی خۆیان؛ لە یەکێتیی سۆڤیەت دەربڕی بوو، گوتبووی: "هێزی ئێران بەسەر کوردا سەرنەکەوتوون، بەڵکو بەریتانیا و وڵاتە یەکگرتوەکان بەسەر یەکێتیی سۆڤیەتدا سەرکەوتوون".

هەڵبەتە ئاکامی نسکۆکە، سەبارەت بەبارزانی و هاوەڵەکانی جیاوازتر بوو لە هی پیاوەکانی تری کۆماری کوردی: چونکە ئەوان ئێرانی نەبوون، هاوڵاتی عێراقی بوون؛ بۆیە نەدەکرا بەخیانەتی گەورە تۆمەتبار بکرێن. بارزانی دەیزانی کە ئەوپەرەکەی تەسلیم بەعێراق دەکرێنەوە، بۆیە بارزانی، پاش ئەوەی قازی محەمەد خۆی بەدەستەوەدا، سەردانی ژەنەراڵ هەمایونی فەرماندەی هێزەکانی ئێرانی کرد و ئاگاداری کردەوە کە خۆی و خەڵکەکەی کە ژمارەیان دوانزە هەزار کەس دەبن، بەتەمان بۆ زێدی خۆیان؛ بۆ بارزان بگەڕێنەوە؛ بەمەرجێ بەریتانیا گوشار بخاتە سەر عێراقییەکان و گیانیان بپارێزرێ. هەمایونی بایەخێکی تایبەتی بەبارزانی دەدا، ئەمەش لەوەدا دەرکەوت کە هەموو دەسەڵاتێکی خوێ وەگەڕ خست تا زەمینە بۆ بارزانی خۆش بکات کە سەفەری تاران بکات و بەخۆی ئەم پێشنیازەی بخاتە بەردەم بەریتانییەکان. بارزانی پتر لە هەیڤەک لە (بەهو)ی ئەفسەراندا لە تاران مایەوە. زۆر بەڕێزەوە وەکو میوانێکی ڕەسمی مامەڵەیان لەگەڵدا کرا. کاتێ بەریتانییەکان پێیان ڕاگەیاند کە وەڵامی بەغدا ئەوەیە کە گوایە ناکرێ ئەم داوایەی جێبەجێ بکرێ، ئێرانییەکان پێشنیازی ئەوەیان کرد کە بارزانییەکان لە ناوچەکانی چیای (ئەلوەند)ی ڕۆژئاوای (هەمەدان)ی دەوروبەری ناوچەکوردنشینەکانی ئێران نیشتەجێ بکرێن. هەرچەندە بارزانی دڵی پێوە بوو کە ئەم پێشنیازە قەبوڵ بکرێ، بەڵام شێخ ئەحمەدی براگەورەی، کە سەرۆکی ڕەسمی عەشیرەت بوو، و دوابڕیارش بەدەستی ئەو بوو، پێشنیازی گۆڕینی ڕەفز کرد. هەڵبەتە بوونی ئەم هێزە چەکدارو

شەڕکەرو چەلەنگە، لەم ناوچە سنوورییەدا کە تازە ئازاد کرابووەوە، مایەی نیگەرانی هەمایونی بوو، ئەمە پاڵی پێوە نا کە بچێتە نەغەدە و سەردانی شێخ ئەحمەد بکات و داوای دوا وەڵامی لێ بکات و بزانێ بەتەمای چییە. بەڵام شێخ ئەحمەد نەیدەویست هەروا سوک و ئاسان گرێی دڵی خۆی بۆ بکاتەوە. بۆیە پێی گوت بەخۆ و خێڵەکەیەوە، زەمانەتی بەریتانی و عێراقی هەبێ یان نەبێ، بۆ عێراق دەگەڕێنەوە. لە سەری ڕۆیی و گوتی چاوەڕوانی بەهار دەکەن تا ڕێگە بکرێتەوە و بتوانن ناوچە سنوورییە سەختەکان ببڕن.

هەمایونی، ئەم هەڵوێستە نادیار و ئاڵۆزەی لە بەرگران بوو، سەبری سوا و بەشێخ ئەحمەدی گوت کە تەنیا سێ ڕێگەتان لە بەرە و چوارەمی نییە: یان دەمودەست و بێ چاوەڕوان کردنی خۆشبوونی هەوا بۆ عێراق بگەڕێنەوە،یان چەک دابنەن و تەسلیم بەئێران ببن و گوێڕایەڵی بڕیاری ئێران بن، دەنا بەپێچەوانەوە دەبێ خۆ بۆ شەڕی سوپای ئێران ئامادە بکەن. هەمایونی نەغەدەی بەجێ هێشت و گوتی دوو ڕۆژی دی بەهێزەکەیەوە دێتەوە بۆ وەڵام و بڕیاری کوردان. بەڕاستیش دوای دوو ڕۆژان هاتەوە. بەڵام کاتێ هێزی سوپایی ئێران بەپشتیوانی تۆپ و تانک، پاش دوو ڕۆژان هاتە نێو نەغەدەوە، تاقە یەک بارزانیی لەو دوانزە هەزار بارزانییەی نەبینی، لەتۆ وایە زەوی قووتی داون.

شتێک بوو لە بابەتی مەحاڵ کە هیچ تاقمێک بتوانێت بەو زستانە سەختە، کە لە زۆر شوێندا بەشەوان پلەی گەرمی دەگەییە سی نمرەی خوار سفرەوە، ئەو ڕێگاوبانە شاخاوییە ببڕێ و چوار سەد کیلۆمەتر ڕێگا بەنێو زریان و ڕەنوو و هەرەسی بەفردا بڕوات. کەچی بارزانییەکان بەحوکمی ورە بەرزی و خۆڕاگری و خۆشەویستی و گوێڕایەڵی بۆ سەرۆکەکەیان ئەمەیان کرد. ئەم کوردانە باشترین چەکی ناو عەماری کۆماری مهابادیان، بەرلەوەی هێزەکانی ئێران دەستی بەسەردا بگرن، لەگەڵ خۆدا هێنا بوو، لەوانە: پتر لە سێ سەد تفەنگی هەڵبژاردە، سەد و بیست ڕەشاش، دوو تۆپی مەیدانی و کۆمەڵێک نارنجۆکی دەستی زۆر.

محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی هەڵوێستی توند بوو

بارزانییەکان، لە سەرەتادا، لەلایەن هێزەکانی ژەنەڕاڵ هەمایونییەوە تەنگەتاو نەکران. ژەنەڕاڵ هەمایونی پێی وابوو مانەوەی لە بارەگای زستانەی خۆیدا زۆر چاکترە لەوەی ئەو کوردانە ڕاوبنێ کە تەواو دوور کەوتبوونەوە. بەڵام شا کە هەزار کیلۆمەترێک لەوێندەرەوە دوور بوو، زۆر توند بوو، سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ هێزە هەڵبژاردەکەی کۆماری مهاباد دەرس و پەندێکی وەها دابدرێت کە هەرگیز ژبیری نەکات.

ئێرانییەکان لە سەرەتادا ویستیان بەپێی سیاسەتی (کوتی بکە و کۆتی بکە) عەشیرەتی هەرکی بکەن بەگژ بارزانییەکاندا، بەڵام ئەم هەوڵەیان سەرینەگرت. ئەوە بوو هێزەکانی سوپای ئێرانیان خستە مەیدانەوە و بارزانییەکان بەرەو سنووری عێراق چوون؛ دیارە هەم کەشو هەوا لە بار بوو، هەم شارەزای ناوچەکەش بوون، ئیدی شەڕەکان بریتی بوون لە سووکە پێکادان-ی ڕۆژانە و پەراگەندە کە زیانی ئێرانییەکان زۆر لە هی بارزانییەکان زیاتر بوو ئیدی ئێرانییەکان پەنایان وەبەر تۆپ و فڕۆکان برد و کەوتنە بۆردومان و تۆپبارانی ئەو ژن و منداڵانەی کە بەلوتکە و زنارانددا هەڵدەگەڕان یان بەقەد پاڵی هەزار بەهەزاردا دادەگەڕان. بەڵام بەو حاڵەشەوە لە سەرەتای نیساندا گەیشتنەوە خاکی عێراق و لە شەڕی ئێرانییان خەلەسان. لەم کاتانەدا هەندێ کەناڵی کوردی دەسەڵاتدار لە بەغدا، توانیان کارێکی وەها بکەن کە عێراقییەکان چ کارێکی سوپایی دژی بارزانییەکان ئەنجام نەدەن؛ بەلای کەمەوە دەرهەق بەو ڕۆژە. بەو جۆرە مەلامستەفا و شێخ ئەحمەد لە ناوەندی هەیڤی نیساندا خێڵەکەیان گەیاندەوە ناوچەی بارزان بێ ئەوەی عێراقییەکان یان بەریتانییەکان هیچ دژایەتییەکیان بکەن. شێخ ئەحمەد بەخۆ و چەند پیاوێک و هەموو ژن و منداڵەکانەوە تەسلیم بەحکوومەتی عێراق بوو،وەزع و حاڵیان زۆر شڕ بوو. ماندوو وشەکەت بوون، پێویستیان بەماوەیەکی زۆر هەبوو تا ماندوێتی ئەو سەفەرە دژوارەیان لە لەش دەر بچێت و وەحەسێنەوە و بێنەوە سەرخۆ. بەڵام مەلا مستەفا وای بەچاک زانی لەگەڵ کۆمەڵێک جەنگاوەری هەڵبژاردەدا، بۆ ناوچە سەختە سنوورییەکانی تورکیا پاشەکشە بکات و لەوێ خۆ پەنا بدەن و چاوەنۆڕ بکەن کە ئاخۆ ڕۆژگار چ شتێکی تازەیان دێنێتە ڕێ.

پاشان بەدیارکەوت کە ئەم بڕیارە، یەکجار ئاقڵانە و حەکیمانە بووە. دەرکەوت کە کابینەی حکوومەتی عێراق پڕە لەو عەرەبە ناسیونالستانەی کە لەژێر کاریگەری

دامەزراندنی جامیعەی عەرەبیدا بوون، ئامادە نەبوون هیچ نەرمییەک و ئاسانکارییەک لەگەڵ ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردا بنوێنن، بنەماڵەی هاشمی لەم بارەیەوە هاوبیر و بۆچوونی ئەندامانی کابینەی وەزارەتی ئەو وەختە بوون. وەختێ لە ساڵی **١٩٣٩** دا مەلیک غازی بەدەعمی ئۆتۆمبێل مرد، تاجی پاشایەتی بەمەلیک فەیسەڵی دووەمی کوڕی غازی بڕا، کە هێشتا منداڵ بوو... کە فەیسەڵ و ناسیۆنالستە عەرەبەکان سەیریان کرد خۆیان خودان بڕیار و دەسەڵاتن، لێبڕان زۆر بەساردی و بەتوندی مامەڵە لەگەڵ کوردا بکەن. کۆمەڵێک لەو ئەفسەرە کوردانەی کە وازیان لە سوپای عێراقی هێنا بوو، و لەگەڵ بارزانیدا پەیوەندییان بەسوپای کۆماری کوردەوە بوو، لەگەڵ شێخ ئەحمەددا تەسلیم بوو بوونەوە. حکومەتی عێراق هەر بۆ ئەوەی بیانکات بەپەندو عیبرەت بۆ خەڵکانی دی گرتنی و دانی بەدادگایەکی سوپایی، حوکمی ئیعدام دران و زۆر بەخێرایی حوکمەکە جێبەجێ کرا. یەکێک لەو ئەفسەرانە نەقیب عیزەت عەبدولعەزیز بوو، هەرچەندە ئەم پیاوە یاوەری شەخسی (وەلی عەهد) بوو، بەڵام ئەمە شەفاعەتی بۆ نەکرد و دادی نەدا.

بارزانی، لە بەغداوە زانیاری دروستی بۆ هاتبوو، و زۆر چاک دەیزانی کە هەمان چارەنووسی ئەو ئەفسەرانەی دەبێ و دەسەڵاتدارانی بوغز لەزگ-ی عێراقی زۆر لێی بەداخن. بۆیە لە ئایاری ١٩٤٧دا لێبڕا لە عێراق وەدەربکەوێ. هەرچەندە دەیزانی دەبێ جارێکی دی بگەڕێتەوە بۆ ئێران، ئەو ئێرانەی کە بارزانی و جەنگاوەرەکانی خوێنی چەند ئەفسەر و سەربازیان ڕشتبوو، و ئەمە خۆی لە خۆیدا زۆر کۆسپی دەهێنایە ڕێگەی خۆی و جەنگاوەرەکانی، بەڵام ئەم کارە پێویستی بەموناقەشە نەدەکرد؛ چونکە چ ڕێگەیەکی دی لە بەردەم نەبوو. هەروەها زۆر چاکی دەزانی کە تورک-یش ئامادە نین پێشوازی سەرکردەیەکی کوردی نەسرەوت بکەن و لەو ناوچە کوردییەدا نیشتەجێی بکەن، کە سوپای تورک بەهەزار ناری عەلی کۆنترۆڵی کردووە.

ڕەوی مێژوویی بۆ یەکێتیی سۆڤیەت

ئا بەم جۆرە هیچ شوێن و وڵاتێک نەما بارزانی و هاوەڵەکانی ڕووی تێ بکەن تەنیا هاوپەیمان و دۆستەکەی دوینێیان، یەکێتی سۆڤیەت نەبێ. پێ دەچێت (هاشمۆف)ی کونسوڵی سۆڤیەت لە ڕەزاییە، پاش ڕووخانی کۆماری مهاباد بەڵێنی بەبارزانی دابووبێ کە خۆی و هاوەڵەکانی هەرکاتێ بیانەوێ ڕوو بکەنە یەکێتیی سۆڤیەت، ئەوا لەوێندەر پێشوازی دەکرێن و پەنادەدرێن.

بارزانی، لە **١٩٤٧/٥/٢٠**دا جەنگاوەرەکانی کۆکردووەوە و ئەم بڕیارەی پێ ڕاگەیاندن و گوتی هەر کەسێک لە خۆی ڕادەبینێ و حەز دەکات لەگەڵ ئەودا بڕوات و هیچ پەیوەندییەکی خێزانداری نای بەستێتەوە، دەتوانێت لەم سەفەر و ڕەوە نادیارەدا بەگەڵی بکەوێت. هەڵبەتە کێشەکە لەوەدا نەبوو کە کێ بێتە هەڵبژاردن تا لەگەڵ بارزانیدا بۆ ئەم سەفەرە نادیارە بچێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە خەڵکەکە ئەوەندە زۆر بوون، بارزانی ناچار بوو ژمارەیەکی زۆریان ڕەفز بکات، بەتایبەتی لەوانەی کە هەستی دەکرد بەرگەی ئەم سەفەرە دژوار و دوورودرێژ و نادیارە ناگرن.لە ئەنجامدا بارزانی پێنج سەد کەسی هەڵبژاردەی لە ڕووی توانای بەدەنی و خەمڵینی فیکری و توانای جەنگاوەرییەوە هەڵبژارد. هەندێ ژێدەران دەڵێن ژمارەی هاوەڵانی بارزانی لە هەشت سەد کەس پتر بوون.

بەرەبەیانی **١٩٤٧/٥/٢٧** بەرەو باکور کەوتنە ڕێ و دەبوایە ماوەی **٣٥٠** کیلۆمەتر ڕێگە بەپێیان ببڕن. چەندین ئەسپ و هێستریانیش لەگەڵ خۆدا برد بۆ گواستنەوەی چەکی قورس و ئازوقە و سواری بریندارەکانیان، بەتایبەتی لە دوا قۆناغەکانی سەفەرەکەدا. بەفر لوتکەی چیای (دالان پەڕ)ی داپۆشی بوو، (دالان پەڕ) ئەو چیایە بوو کە سێ ساڵ لەوە بەر نوێنەرانی کوردی تورکیا و عێراق و ئێران لەوێندەر کۆبوبوونەوە و سوێندیان خواردبوو کە هەرکاتێک پێویست بکات کۆمەکی یەکتر بکەن و لێبڕان بکەونە هەنگاونان و زەمینە خۆشکردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی یەکگرتوو، ئەمە ئەو ئامانجە بوو کە لەو ڕۆژەی مانگی مایسی **١٩٤٧** دا لە هەر کاتێکی دی دوورتر دەهاتە بەرچاو.

بارزانییەکان لە یەکەم ڕۆژی سەفەرەکەیاندا سنووری تورکیایان بڕی و بۆ سبەی بەیانی خۆیان بەخاکی ئێراندا کرد و بەرەو باکور درێژەیان بەڕێگەی خۆیان دا، لە سەرەتادا بەکۆمەڵ دۆڵی (تەرگەوەڕ)یان بڕی و بەناو دۆڵی (سومای) کەوتن و شارەکانی (شاپور) و (قەتور) یان بڕی بێ ئەوەی چ هێزێکی ئێرانی یان عێراقی ڕێگەیان پێ بگرێ. هەمایونی لەو ڕۆژانەدا لە شاری (خوی) بوو و چاوەڕوانی هاتنی شا بوو کە قەرار بوو یەکەم سەردانی باکوری ڕۆژئاوای ئێران بکات.

لە (خوی) هەواڵی جموجوڵی بارزانییەکانی پێگەیی. شا پەڕینەوەی بارزانییە چەکدارەکانی بەخاکی ئێراندا بۆ یەکێتیی سۆڤیەت، بەتەحەدای شەخسی خۆی لە قەڵەم دا. بۆیە فەرمانی دەرکرد کە دەست بەجێ بارزانییەکان ڕاوبنرێن و لە نێو ببرێن، ئەوەبوو بەپێی نەخشەیەکی داڕێژراو بڕیار درا کە دوو کەتیبەی ئێرانی لە دۆڵی قەتوردا ڕێ بەبارزانییەکان بگرن و بیانهێننە ناو شەڕەوە و هەر هەموویان قەتڵ و عام بکەن و نەیەڵن

شتاقیان دەر بچێت. هەروەها چەند یەکەیەکی سوپایی دیکەش بۆ باکوری دۆڵەکە نێردران تا ئاگاداربن نەوەک بارزانییەکان لە بۆسەکە دەرباز بن.

بەڵام هێزەکانی ئێران لە ئاستی ئەزموون و توانای جەنگاوەری پێشمەرگە کوردەکاندا نەبوون. ئەوەبوو کۆمەڵێک جەنگاوەری کورد لە باکوری قەتورەوە سەریان هەڵدایەوە و بەمەش دەرکەوت کە بارزانی جارێکی تریش گەمارۆی ئێرانییەکانی تێک شکاندو دەرباز بوو.

بارزانییەکان جارێکی دی خۆیان بەناوچە شاخاوییەکانی باکوری ڕۆژئاوای (خوی)دا کرد و خۆیان لەوێندەر حەشارداو لە چاو ون بوون، هەرچەندە شا بەخۆی هێشتا لە ناوچەکەدا بوو، و فەرمانی شەخسی دەرکرد بوو کە تاقیبی بارزانییەکان بکرێ و بەهەر نرخێ بووە لە نێو ببرێن و هەڕەشەی لە فەرماندەی هێزە سوپاییەکە کرد کە ئەگەر ئەم کارە ئەنجام نەدات و سەرکەوتن بەدەست نەهێنی دەیداتە دادگای سوپایی. بەڵام ئەو زیانەی کە هێزەکانی ئێران لە بارزانییەکانیان دا هیچ نەبوو لە چاو ئەو زیانانەدا کە بەهۆی کەش و هەوا و دژواری شاخەکانەوە لێیان کەوت. هەرچەندە قەد پاڵ و زەندۆڵ و بناری شاخەکان پەناگەی چاک بوون و بارزانییەکانیان لە هێرشی ئاسمانی ئێران دەپاراست، بەڵام ژمارەیەک هێستر و ئەسپ و ئازوقەیەکی زۆریان لە دەست دا، بەتایبەتی لە کاتی پەڕینەوەیاندا بەو پردە هەڵواسراوانەی سەر ڕووبارە تیژەکانی قووڵایی دۆڵەکاندا. هەروەها ژمارەیەک لە جەنگاوەرانیش بەهۆی ڕووداوی لەو بابەتە گیانیان لە دەستدا.

هێزەکانی ئێران لە ئەنجامدا توانیان ڕاستەوخۆ بکەونە شەڕەوە لەگەڵ هێزەکانی مەلامستەفادا. هێزێکی پیادەی ئێرانی لە ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٩ویستی لە دووری چل کیلۆمەتری باکوری (خوی)دا بۆسەیەک بۆ بارزانییەکان بنێتەوە؛ لە کاتێکدا ئەو هێزە بەرێوە بوو بۆ شوێنی دانانی بۆسەکە، لەودەمەدا کە بەقەد پاڵێکی هەزار بەهەزاردا تێ دەپەڕین، لە نکاودا خۆیان لە ناو بۆسەیەکدا بینییەوە کە پسپۆڕانی جەنگی شاخ، بارزانییەکان بۆ ئەوانیان نابوەوە، لە نێو تاوێر و ڕەوەزەکانەوە، لە بنار و قەدپاڵەکانەوە گوللە بەسەر ئێرانییەکاندا داباری. پاشان بەر نارنجۆکی دەستی و موشەکی کوردان دران. هەرچەندە ئێرانییەکان تاقە یەک کوردیان نەبینی، کەچی سەد جەنازەیان لە مەیدانی شەڕەکەدا بەجێ هێشت و ناچار بوون دوای شەڕێکی یەک سەعاتی بەشپرزەیی و پەشێوی پاشەکشە بکەن و برینداەکانیان بەدووی خۆیاندا ڕابکێشن و لەم پاشەکشەیەدا (١٦) کەسیان کەوتنە دەستی کوردەکان. لەوشەڕە بەدواوە ئیدی هێزەکانی ئێران بەخۆدا چوونەوە

و دووراودوور کەوتنە تاقیبی بارزانییەکان و ئیدی خۆیان لەوە بوارد کە شەڕی ڕاستەوخۆیان لەگەڵدا بکەن.

لە ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٠دا بارزانییەکان هەستیان کرد لە مەقسەدی خۆ نزیک بوونەتەوە، بەتایبەتی کاتێ کە بەدەستە چەپیاندا لوتکەی چیای ئاراراتی بەفر گرتووی بەرزتر لە ٥ هەزار مەترییان لێ بەدیار کەوت. ئەم چیایە بەدوا خالی باکوری وڵاتەکەیان دێتە ژماردن و کوردان بەم لوتکە گرکانییە دەڵێن (چیای نوح). کەچی دیمەنێکی دی هێندەی دی ورەی بارزانییەکانی بەرز کردەوە، ئەویش دیمەنی ئەو دۆڵە بوو کە ڕووباری ئاراس-ی پێدا دەڕۆیی، ئەم ڕووبارە بۆ ئەوان بایەخی مێژوویی تایبەتی هەبوو، چونکە ئاوەڕۆی ڕووبارەکە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان تورکیا و ئێران و یەکێتیی سۆڤیەتی پێک دەهێنا و بەستێنی ئەو بەری ڕووبارەکە بۆ ئەوان دەیکردە سەلامەتی و ئاسودەیی و کۆتایی هاتن بەو سەفەرە سەخت و دژوارەیان کە لە ماوەی دوو هەفتەدا و بەنێو بەفرو زریان و هەڵگەڕان و داگەڕان بەچیاو دۆڵ و لوتکە و زنارانداا (٣٥٠) کیلۆمەتریان بڕی.

بارزانی، دوو کەسی لە هاوەڵەکانی خۆی نارد تا خانەخرێیە کۆمونیستەکانیان، لە هاتنیان ئاگادار بکەنەوە. دوای چەند ڕۆژێک ئەو خەڵکە شەکەت و ماندووە، بەجلوبەرگی شڕەوە خۆیان بەروباری ساردو زێدەتەزی ئاراسدا دا. کە یەکەم زرێپۆشی ئێرانی لە نێو قامیشەڵانەکانەوە دەرکەوت، سەیریان کرد چەند تفەنگێک و جەنازەی دوو پێشمەرگەی خنکاو لە ئاوی ساردی ئاراسدا لە ڕەخی ڕووبارەکەدا کەوتوون. بەڵام مەلا مستەفای بارزانی بەخۆ و (٦٤١) کەسەوە گەییبوونە ئەو بەری ڕووبارەکە و ژیانی غوربەت و ئاوارەییان لە یەکێتیی سۆڤیەتدا دەست پێکرد و ئەوەبوو بۆ ماوەی یانزە ساڵ و چوار هەیڤان لە شانۆی ڕووداوە سیاسییەکان دوورکەوتنەوە، بەر لەوەی لە نوێ بەدیار بکەونەوە و ڕێزی پێشی پێشەوەی ڕووداوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بگرن.

فەسڵی نۆیەم

خەباتی کوردی عێراق لە ڕای ئۆتۆنۆمیدا

گەڕانەوەی ڕۆڵەی ئەمەکدار

زەعیم عەبدولکەریم قاسم، لەبەرە بەیانی ١٩٥٨/٧/١٤دا، کودەتایەکی سوپایی بەرپا کرد. ڕژێمی پاشایەتی ڕووخاند، خۆی کرد بەسەرۆکی وڵات و بوو بەبەهێزترین پیاوی عێراق لە بەغدا. ئەم پیاوە بروسکەیەکی بۆ بارەگای کرملین نارد. (نیکیتا خروشوف)ی سەرۆکی کرملین، بروسکەکەی وەرگرت. ئەم بروسکەیە ڕەوتی کاروبارانی گۆڕی. داوا لە سەرانی سۆڤیەت دەکات ڕێگەی مەلامستەفا بارزانی بدەن کە بۆ عێراق بگەڕێتەوە.

ئەم ئەفسەرە عێراقییە (عەبدولکەریم قاسم) هەرهەمان ئەفسەر بوو کە ١٣ ساڵ لەوەبەر توانی بووی بەپرۆسەیەکی لێهاتوانە، ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانی کورد لە ناوچە شاخاوییەکان-ی باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراقدا سەرکوت بکات و هێزی سەرەکی کوردان بەسەرکردایەتی بارزانی، ڕاوبنێ و ناچاری بکات لە عێراقەوە بەرەو ئێران بچێت، بەمەش ڕژێمی پاشایەتی عێراقی بۆ ماوەی پتر لە دە ساڵێک لە کێشەی کورد خەلەساند.

وەکو لە فەسڵی پێشتردا ئاماژەمان بۆ کرد، بارزانی و ٦٤١ کەس لە نزیکترین یاوەرو هەڤاڵانی، پاش ڕووخانی کۆماری مهاباد، ناچار بوون پەنا وەبەر یەکێتیی سۆڤیەت بەرن... دیارە بارزانی و یاوەرەکانی لە تاراوگەشدا هەر چاویان لەوە بوو کە دەرفەتێکیان بۆ برەخسێت و جارێکی دی بۆ زێدو نیشتمانی خۆیان بگەڕێنەوە.

هەڵبەتە، مامەڵەی سۆڤیەت لەگەڵ کوردەکاندا باش نەبوو. شایانی ئەوانە نەبوو کە تا دۆینێ دۆستیان بوون. هەروەها ئەو بانگەشەیەش کە گوایە بارزانی بەدرێژایی ساڵانی مانەوەی لە سۆڤیەتدا، خوشگوزەرانەو بەپلەی ژەنەڕاڵ لە سوپای سۆڤیەتیدا ژیاوە، تەنیا زادەی خەیاڵی ڕۆژنامەوانانی ئەمریکی بوو؛ وەکو چۆن ناوی (مەلای سوور)یان لێنا. ئەوەی سەیرە دیریک کینان-ی دپلۆماتی پسپۆڕ لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، لە باسی مێژووی کوردا ئەم لەقەبەی (مەلای سوور) بەکارهێناوەتەوە.

لێ حەقیقەتی مەسەلەکان لەوە واقیعی ترە: بارزانی لەقەب ونازناوی (مەلا)ی لە سەردەمی لاویدا و لە بارزان وەرگرتوە. ئەویش ئەوکاتانە بوو کە کەوتە سەر ئەو بیرەی

خۆی فێری نووسین و خوێندنەوە بکات بێ ئەوەی بچێتە هیچ قوتابخانەیەکی ڕەسمی... ئەوەبوو کەوتە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی کە بەپێویستی دەزانین، تا جیهانبینی و فەلسەفەیەکی تایبەتی دەربارەی جیهان لە لا دروست بکات. ئەمەش وای لە دێهاتییەکان کرد وەکو زانا و شارەزایەک تەماشای بکەن وەکو چۆن تەماشای هەر مەلایەکیان دەکرد.

هەڵبەتە ئەو بانگەشەیەش کە گوایە لە یەکێتی سۆڤیەتدا خۆشی گوزەراندوە، ئەمەش هەر هێندەی لەقەبی (مەلای سوور) دروستە. خۆی و یاوەرەکانی لە ساڵانی یەکەمدا، بەتەواوەتی لە کوردەکانی یەکێتیی سۆڤیەت دابڕێنران و لە گوندە جۆراوجۆرەکانی دەوروبەری شاری باکۆی پایتەختی ئازەربایجانی سۆڤیەتیدا نیشتەجێ کران.

گەلێک لە نزیکترین نزیکانی بارزانی بۆیان دوپات کردومەتەوە کە ئەو بارزانییەی لە سوپای کۆماری مهابادا ژەنەڕاڵ بوو، لە یەکێتی سۆڤیەتدا ناچار بوو کار بکات و بەرەنجی شانی خۆی قووتی ڕۆژانەی خۆی پەیدا بکات. بۆ وێنە سەبەتەو دەستکێشی دەچنی.

لە پایزی ساڵی ١٩٧٣دا، سەفەرێکی ناوچە کوردییەکانی نزیکی سنووری عێراق-ئێران-م کرد. لەمسەفەرەمدا پیاوێکم لەگەڵ بوو، کە لە ڕەوی ساڵی ١٩٤٧دا بۆ یەکێتی سۆڤیەت، گاردی تایبەتی بارزانی بوو. ئەم پیاوە بەدەم وەبیرهێنانەوەی یادەوەریەکانی ئەو ڕۆژگارانەوە بۆی گێڕامەوە کە: "ساڵانی یەکەمی مانەوەمان لە یەکێتیی سۆڤیەتدا ناخۆش بوو. هەستمان نەدەکرد لە نێو دۆست داین. وەکو میوانی ناوەخت مامەڵەمان لەگەڵدا دەکرا. هەرچەندە هەندێ فەرمانبەری کوردیزانمان بەدەورەوە هەبوو، بەڵام ئەو ئامۆژگاری و زانیاریانەی بۆمان دەهاتن، هەمیشە بەزمانی ڕووسی یان ئازەری بوو. کەسمان نەبوو ئەو دوو زمانە بزانێ. زۆر جار گومانمان دەکرد کە گاڵتەمان پێ دەکەن و بەئێمەی جوتێری پاشکەوتوو ڕادەبوێرن".

بێگومان سۆڤیەت دەترسان لەوەی کوردی سۆڤیەتیش بکەونە ژێر کاریگەری بیری ڕزگاریخوازی یاوەرانی بارزانییەوە، بەتایبەتی لەو دەمەدا کە توندترین هێرشی سەرکوتکاری و تواندنەوەی نەتەوەیی، نەتەوە ناجۆرجییەکانی ناوچەی قەفقاز لەلایەن ستالینەوە جێبەجێ دەکرا. لەلایەکی دی یەوە سۆڤیەت چ کارێکیان بەو کوردانە نەما کە شوێنێکی تایبەتیان لە گەمەی ئەو شەترەنجەدا بۆ دانرا بوو، کە سۆڤیەت بەتەمابوو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا ئەنجامی بدات.

کاتێ بارودۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ڕۆژهەڵاتی ناڤین لەو سەرەتای پەنجاکاندا

کەوتە گۆڕان، سیاسەتی سۆڤیەتیش دەرهەق بەمەسەلەی کورد کەوتە گۆڕان و لە نوێ سەری هەڵدایەوە. تورکیا، کە کێشەی کوردی هەبوو، و هێشتا بەچارەنەکراوی مابووەوە، بوو بەئەندامی ناتۆ. هەروەها ڕژێمی پاشایەتی عێراق بەکەمینەی کوردەوە، کە لەوقۆناغەدا کەمینەیەکی هێدی و ئارام بوو، بوو بەئەندامی پەیمانی (سەنتو- بەغدا) کە لە بنەڕەتدا دژ بەسۆڤیەت بوو. بەم جۆرە کورد باوی هاتەوە و بوو بەفاکتەرێکی گرینگ بۆ سیاسەتی سۆڤیەتی؛ چونکە دەیتوانی بیانجولێنێ، یان لە هەر کاتێکدا بیەوێ بیانجولێنێ، سوودیان لێ وەربگرێ و بیانکات بەفاکتەری گوشاری ناوخۆ دژی ئەو دوو دەوڵەتەی (تورکیا و عێراق) کە لە ناوچەکەدا بڕبڕەی پشتی سیستەمی هاوپەیمانیەتی ڕۆژئاوایان پێک دەهێنا. ئەوەبوو سۆڤیەتەکان لە ناوچەی قەفقازدا ڕادیۆیەکیان بەنێوی (دەنگی کوردستان)ـەوە دانا. ئەم ڕادیۆیە بەیارمەتی مەلامستەفا بارزانی و پەنابەرانی دی یەوە لەپەنجاکاندا بەرنامەی بانگەشیی و هاندانی پەخش دەکرد. خەڵکێکی زۆری کورد گوێیان لێ دەگرت؛ چونکە چ ڕادیۆیەکی کوردی دی نەبوو. هەروەها چەند کورسیەکی خوێندنش لە زانستگەکانی باکۆ و تاشقەند و مۆسکۆ بۆ کوردە ئاوارەکان تەرخان کرا. خودی بارزانی-ش لە دوا ساڵانی مانەوەی لە یەکێتیی سۆڤیەت، جوگرافیا و ئابووری و مێژوو و زمانی ڕووسی لە زانستگەی موسکۆ خوێند.

هەڵبەتە تێکەڵاوبوون لەگەڵ هاوڵاتیانی کوردی سۆڤیەتیشدا ڕوویدا. ئەوەبوو گەلێک لە یاوەرانی بارزانی کیژە کوردی سۆڤیەتییان خواست. هەروەها هەندێکیان کیژە ڕووسیانیش خواست. لە حەفتاکاندا سەردانێکی کوردستانم کرد. کۆمەڵێک پێشمەرگەی قژزەردی چاوشینم بینی، کە دوایی بۆم دەرکەوت ئەمانە توخم و تۆوی ئەو ژن و ژنخوازییەی نێوان کوردو ڕووسەکانن... بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار و بەتایبەتی پاش مردنی ستالین، بارزانی توانی بازنەی ئەو گۆشەگیرییە بشکێنێ کە بەسەریدا سەپێنرا بوو. هەر لەوێوە پەیوەندی لەگەڵ کوردی عێراقدا بەرقەرار کرد. ئەمە جگە لەو پەیوەندییانەی کە لەگەڵ پایەدارانی ڕەسمی و حزبی سۆڤیەتیدا بەرپای کرد.

دەزگای ساواکی ئێرانی لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا هەستی بەهاتووچۆی زۆر نهێنی پەیک و تەتەرانی کورد کردووە و لەلای خۆی تۆماری کردووە، کە بەخاکی ئێران دا و لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و کوردستانی عێراقدا ڕوویداوە.

ژێدەر و سەرچاوە ئێرانییەکان دەڵێن ئەو تەتەرانەی، زانیاری سیاسیان لە مەلا

مستەفاوە بردووە بۆ هەواداران و لایەنگرانی بارزانی لە عێراق و بەپێچەوانەشەوە مەعلومات و زانیاری زۆر وردیان دەربارەی دوا ڕووداوەکانی عێراق بردۆتەوە بۆ بارزانی کە لە تاراوگەدا و لە یەکێتی سۆڤیەتدا دەژیا.

نزیکبوونەوەیەک لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقیدا

دووری بارزانی، کردییە کارێک کە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لە عێراقدا بەشێوەیەکی تازە ڕێک بخرێتەوە. حزبی هیوا کە لە ساڵی ١٩٣٩دا وەکو کۆمەڵەیەکی نهێنی دامەزرا و پاشان وەکو حزب هاتە کۆڕی خەبات و چالاکی و چەلەنگی ئاشکراوە، خۆی هەڵوەشاندەوە. هەروەها شێخ مەحموودش کە سەرکردەیەکی دیکەی کورد بوو، بەچەند ساڵێکی کەم دوای دووەم جەنگی جیهانی وەفاتی کرد. ئەم سەرکردەیە لە بیستەکانداو لەبەر ڕۆشنایی بەڵێنی هاوپەیمانان کە ئۆتۆنۆمی بەکورد بدەن، دەوڵەتی کوردستانی دامەزراند و خۆی کرد بەمەلیکی ئەو دەوڵەتە. ئینگلیزەکان لە سەرەتادا دانیان بەخۆداگرت و تەحەمولی بارودۆخەکەیان کرد. چونکە شێخ هەموو چالاکییەکی خۆی بۆ باشووری کوردستان تەرخان کردبوو. ئەوە بوو ئینگلیز دەرفەتیان بۆ ڕەخسا و بەئاسانی دەستگیریان کرد و تا ساڵی ١٩٤٤ لە زینداندا مایەوە و پاشان ئازاد کرا.

کاتێ بارزانی، لە ساڵی ١٩٤٥ دا لە وڵات وەدەرکەوت، بۆشاییەک کەوتە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردییەوە. جا بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە نوێنەرانی ڕۆشنبیرانی شار کە زۆربەیان کۆنە ئەندامی کۆمەڵەی هیوا بوون، لە ئابی ١٩٤٦دا پارتی دیموکراتی کوردیان دامەزراند. ئەم پارتە لەسەر شێوەی حزبی دیموکراتی ئێران دامەزرا، بارزانی بەسەرۆکی پارت هەڵبژێردرا. بەڵام لەبەر دووریی بارزانی، سەرکردایەتی سیاسی پارت درایە دەست میرحاج ئەحمەدی ئەفسەر و هەمزە عەبدوڵڵا ئەوقاف.

جگە لە پارتی دیموکراتی کورد، کە پاشان بوو بەپارتی دیموکراتی کوردستان، شیوعییەکانیش توانیان بنکەیەکی جەماوەری لە کوردستانی عێراقدا، بەتایبەتی لە نێو کرێکارانی سەرچاوەکانی نەوتی کەرکووک و وەرزێڕانی کورد دابمەزرێنن. حزبی شیوعی عێراقی لە ساڵی ١٩٣٤دا دامەزرا. خۆی بەنوێنەرو تاقە پارێزەری بەرژەوەندی چینی کرێکار و جووتیاری عەرەب و کورد دەزانی. بەدرێژایی خەباتی بێوچانیان دژی ڕژێمی پاشایەتی عێراق، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیان بەکۆسپی سەر ڕێگەی خەباتی چینایەتی زانیوە و بە"خیانەتی وردە بورژوایان لە قەڵەم داوە دەرهەق بەشۆڕشی جیهانی".

قوناغی نێوان دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و گەڕانەوەی بارزانی، وەکو (هاینر گشتراین)ی پسپۆڕی سویسری لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، دەڵێت: "پتر قۆناغی ناکۆکی نێوان پارت و حزبی شیوعی عێراقی بووە تا قوناغێک بێت لە قۆناغەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد".

حزبەکەی مەلامستەفا پابەند و هەڵگری بیرو باوەڕێکی ئایدولوژی وشکی وەک هی شیوعییەکان نەبوو، بەڵکو هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە کۆکەرەوەی گەلەک ڕێبازی فیکری باوی نێو بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بووە. توانای ئەوەی هەبوو شان بەشانییەکدی و بەپێی پێویست گروپی: نەتەوەیی، دیموکراتی، سوسیالستی، کۆماریخوازی، یان ئایینی موحافەزەکار بگرێتە خۆ. پارتی دەیتوانی لە بارودۆخی گونجاودا دروشمی گونجاو لەگەڵ ئەو هەلومەرجەدا بەرزبکاتەوە. ئەم پێکهاتەیە یارمەتی پارتی دەدا کە وەکو هاوپەیمان و شەریکی ڕێبازە سیاسییە جیاوازەکان خۆی بخاتەڕوو. پارتی هەر لە سەرەتاوە ڕایگەیاندوە و تاکو ئەمڕۆش باوەڕی بەپرانسیپی پێکڤەژیانی عەرەب و کورد لە چوارچێوەی عێراقی یەکگرتودا هەبووە و ئەم پرانیسپەی کردووە بەیەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی.

ئیدی ئایا پارت ئەم دروشمەی بەراستییە یان زروف ناچاری کردووە؟! وەڵامی تەواوی ئەم پرسیارە قورسە زۆر جاران کە موناقەشەم لەگەڵ کادرانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، لەسەر ئەم بابەتە بووە، ئەوەم بۆ بەدیارکەوتووە کە ئەم دروشمە تاکتیکییە خۆبەخۆ هێندێ نێوەرۆکی دروشمە ستراتیژییەکەی کوردی لەخۆگرتوە کە بریتییە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی وەکو چارەسەری یەکجارەکی دۆزی کورد؛ دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی کە هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە تورکیا و ئێران و سوریاشدا بگرێتەخۆ. هەروەها ئەوەم هەڵێنجاوە کە هەر ئەم ئامانجە ستراتیژییە بووەتە مایەی بەرزکردنەوەی ورەی شۆڕشگێرانی کورد و کۆڵنەدانیان.

هێندێ کوردی توندڕۆ، ڕەخنە لە پارتی دەگرن کە گوایە دروشمی کاتیی هەڵگرتووە و داوای چارەسەری جوزئی مەسەلەی کورد دەکات، داوای برایەتی کورد و عەرەب دەکات. بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان، هەمیشە توانیویەتی هەموو ئەو گروپە سیاسییە کوردییانەی کە سەنگێکیان هەیە، کۆبکاتەوە. هەموو هێزە سیاسییەکان، جگە لە شیوعییەکان، لە دەوری خۆی خڕ بکاتەوە.

حزبی شیوعی لە چلەکان و پەنجاکاندا تاقە حزب بوو، کە شان بەشانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرنامەی سیاسی و کادرو هەیکەلێکی ڕێکخراوەیی وەهای هەبوو بتوانێت ڕێکخستێکی نهێنی زۆر چالاک و چەلەنگ بەڕێوەبەرێ. دوای ڕاپەڕینە سیاسییەکانی ساڵانی ١٩٤٨ و ١٩٥٢ و پاشان قەدەغەکرنی چالاکییەکانی حزب لەلایەن حکوومەتی نیزامی (سوپایی، عەسکەری) وەختەوە، ئیدی جۆرە هەماهەنگی و کارێکی هاوبەش لە نێوان شیوعی یەکان و نەتەوەییەکانی کوردا پەیدا بوو، بەتایبەتی کە لە ساڵی ١٩٥٢ دا بۆ یەکەم جار کوردێک بوو بەسکرتێری حزبی شیوعی عێراق، ناوی نهێنی ئەم کوردە (باسم) بوو. هەڵبەتە ئەمە خۆی لە خۆیدا سەرەتا و بانگەوازێک بوو بۆ ڕەوینەوەی تەمی ساردی نێوان کورد و حزبی شیوعی عێراق.

باسم، سەرکردایەتی ستالینی جارانی بەوە تاوانبار کرد کە ڕیبازێکی هەلپەرستانەی دەرهەق بەدۆزی کورد گرتۆتە بەر، هەروەها پشتیوانی خۆی بۆ کورد ڕاگەیاند کە کورد مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە، ئەگەر کار بگاتە ئەوەش کە نزیکەی ١-٣ی خەڵک و ڕووبەری عێراق لە دەوڵەتی عێراق جیا بکرێتەوە. پاش مەرگی ستالین و تەواو بوونی سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی و دژایەتیکردنی هەموو گەلانی غەیرە جۆرجی ناوچەکانی پشتی قەفقاز کە لەلایەن دکتاتۆرەکەی سۆڤیەتەوە پەیڕەوی دەکرا، ئەم ڕێبازە تازەیەی حزبی شیوعی عێراق دەرهەق بەکورد گرتی یە بەر، لەلایەن سۆڤیەتیشەوە پشتگیری تەواوی لێ کرا.

هاریکاری ناڤبەرا هەردووک حزبی شیوعی و پارتی گەییە ڕادەیەک کە هەردووک حزب بەتەما بوون بەیەک لیستی هاوبەش بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ١٩٥٣ بکەن. لە یەکێک لە کونفرانسە حزبییەکانی ساڵی ١٩٥٦ی حزی شیوعیدا، داخوازییەکانی کورد بەشێوەیەکی زۆر ڕوونتر، ئەگەرچی لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەییەکانی کوردا نەدەهاتەوە، لە پرۆگرامی حزبدا تۆمار کرا. لەلایەکی دییەوە پەیوەندی ناڤبەری هەردووک حزب هێندە گەرم بوو کە هاوپەیمانی کوردی- شیوعی، کردییە کارێک کە هەندێ لە کادرانی سەرکردایەتی شیوعی لە ناوچە کوردییەکاندا پەیوەندی بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە بکەن.

جەمال عەبدولناسر هاوسۆزیی خۆی بۆ کورد دەردەبڕێ

هەر لەم کاتانەدا هێزێکی سیاسی دیکە هەبوو، ئامادە نەبوو بێ بەهاوپەیمانی شیوعییەکان. بۆیە کەوتە گفتوگۆی ئەوە کە جۆرە هاوپەیمانییەکی دی لە عێراقدا بهێنرێتە گۆڕێ.

بزاڤێکی سیاسی بەرفرە لەسەر ئاستی هەموو نیشتمانی عەرەب دەستی کرد بەبانگەشە بۆ وەدستهێنانی یەکێتی یەکی عەرەبی یان هەر جۆرە یەکێتییەکی عەرەبی لەسەر بناغەی کۆماری- نەتەوەیی، ئەم بزاڤە لە نێو گەنجەکان و سەرکردەکانیاندا زۆر بڵاو و باو بوو... لە ساڵی ١٩٥٤ دا لە میسر جەمال عەبدولناسر حوکمی گرتە دەست و بوو بەقیبلەنمای هەموو ئاوات و ئامانج و هیوا نەتەوەییەکانی عەرەب.

شاندێکی هاوبەشی کورد، لە ساڵی ١٩٥٧دا، سەردانێکی جەمال عەبدولناسریان کرد، دکتۆر جەمال نەبەزش وەکو نوێنەری ڕەوتی سێیەم لەگەڵ شاندی نێوبراودا بوو. ئەو دکتۆر جەمالەی کە ئێستا لە زانستگەی بەرلیندا دۆزی کورد بەدەرس دەڵێتەوە. ناسر، بەتەواوەتی پشتگیری خۆی لە مەسەلەی کەمە نەتەوەییە ناعەرەبەکان دەربڕی. هەر لە ئەنجامی ئەم سەردانەوە ڕادیۆی قاهیرە دەستی بەبڵاوکردنەوەی بەرنامەیەک بەزمانی کوردی کرد، دیارە ئەم جۆرە ئینکەبەرییەک بوو لەگەڵ ڕادیۆی دەنگی کوردستان کە لە خاکی سۆڤیەتەوە بەکوردی بەرنامەی بڵاودەکردووە. کە لە ساڵی ١٩٥٨ دا یەکێتیی لە نێوان میسرو سوریا دامەزرا، و کۆماری عەرەبی یەکگرتوو هاتە گۆڕێ، کوردی سوریاش هەندێ ئاسانکاریان لەگەڵدا کرا و ئەوگوشارانەی بەسەریاندا سەپێنرا بوو هەندێ کەم کرانەوە.

بارودۆخەکە بەرادەیەک هاتەبار،کە کوردێکی ئەندامی پەرلەمانی عێراقی پێشنیازی کرد ماددەیەکی تایبەت بەمافی گەلی کورد بخرێتە دەستووری وڵاتەوە. دەبوایە بۆ پشتیوانی و جێبەجێ کردنی ئەم پێشنیازە ئیمزایەکی زۆر لە سەرانسەری عێراقدا کۆبکرێتەوە. بەڵام دەسەڵاتی عێراقی وای بەچاک زانی جارێ سەبر بکرێ و چاوەڕوانی ڕووداوی ئایندە بکرێ؛ وەکو چۆن پتر لە دەساڵێک بوو لە پاش تەواوبوونی دووەم جەنگی جیهانی و ڕزگاری کوردستانی عێراقەوە کردبووی بەعادەت ئەم جۆرە هەڵوێستە بێ موبالاتانەیەی هەبێ دەرهەق بەدیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کورد کە ژمارەیان لە سێ ملیۆن کەس پترە و نیشتەجێی باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراقن.

حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، هێزی ئینتیدابی بەریتانی و دەوڵەتی عێراقی پاش انتداب، هەموو بەڵێنەکانیان دەرهەق بەکورد هاتە سەر ئەوەی چەند قوتابخانەیەکی کەمتر لە قامکی دەستان بەکوردی بکەنەوەو ڕێ بەدەرچونی تاقە یەک گۆڤاری مانگانەی کوردی بدەن. ڕۆژنامەوانی چیکوسلوفاکی م-سیگموند، لە ساڵی ١٩٥٧دا سەفەرێکی بۆ عێراق کردووە و یەکێک لەو قوتابخانانەی بینیوەو لە گەڕانەوەیدا بەم جۆرە وەسفی کردووە: "دەرگای قوتابخانەکە بریتی بوو لە پەردەیەک کە لە گوونی ئارد دروست کرا بوو. ژۆرێکی ٧ × ٥ مەتری لە پشت ئەم پەردەیەوە بوو، ئیدی سەندوقە شکاوو کورسی و ڕەحلەی دارو قەرەوێڵە و چەند فانۆسێکی سەقەتی بەناریک و پیکی تێدا دانرا بوو. شانزە زەلامی زل قوتابی بوون و دەبوایە فێری خوێندن و نووسین بێن".

قوتابخانەکە نێوی (کەشتی نوح) بوو. ئەمە دەربرین و زاراوەیەکە، ڕۆژنامەوانی نێو براو گوتەنی پڕ بەپێستی بارودۆخی هەموو ناوچەکەیە؛ واتا هەموو ناوچەی کوردستان، کە حکوومەتی عێراقی پاش دە ساڵ ئارامی و کپی سیاسی و سوپایی بەئانقەست بەوجۆرە پاشکەوتوەی هێشتبووەوە. ئەمە هەموو بەشداری و هەوڵ وکۆششێکی حکوومەتی عێراقی بوو بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە هەموو ڕوویەکی ڕۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە.وەنەبێ تەنیا وەزع و حاڵی کوردستان وا بووبێ، بەڵکو شوێنانی تری عێراق-ش بەئاشکرا پاشکەوتوو بوون.

هەرچەندە هێڤی و ئاواتی ئەنجامدانی پرۆژەی نەشونمای گەورە هەبوو، بەڵام عێراقی ساڵی ١٩٥٨ لە هەموو کۆنە کۆڵۆنییەکانی عوسمانی پاشکەوتووتر بوو.

زەعیم قاسم، حوکمی پاشایەتی عێراق دەروخێنێ

کاتێک کە لە بەرەبەیانی ١٤/٧/١٩٥٨دا، ڕژێمی پاشایەتی عێراق لە ڕێگەی کودەتایەکی نیزامی یەوە ڕووخا، مەلیک فەیسەلی دووەم، کە لە نەوەکانی شەریفی بەناڤ و دەنگی مەکە بوو، لەگەڵ نوری سەعیدی دبلوماتی بلیمەتی دا، کە سیاسەتی نێوخۆی پشتگوێ خستبوو، ڕوو بەرووی کۆمەڵێک گیروگرفت بوو بوونەوە کە چارەسەرکردنیان بەلاوە زۆر قورس بوو: چارەنووسکەوە جیاوازییەکی یەکجار گەورە لە نێوان ئاستی کۆمەڵایەتی و بژێوی دەرەبەگان و گەورە مولکداران و جووتیاران و بەدوودا هەبوو. ئەو جووتیارو بەدووانەی کە خزمیان بوون یان لە ڕووی خێڵایەتی یەوە گوێرایەڵیان بوون.

ئەمانە تەنانەت خاوەنی ئەو پارچە زەویانەش نەبوون کە کاریان لەسەر دەکرد، هەروەها گوندی عێراقی هێشتا لە وەزع و حالێکا دەژیا وەکو ئەوەی لە سەردەمی حامورابیدا بن، بارودۆخی تەندروستی زۆر خراپبوو. لە ٣٠٪ منداڵانی ساوا دەمردن. پەتا و نەخۆشی واگیری وەک بلهارزیا و تەراخوما و سیل یەکجار بڵاوبوو. بەڵام عەبدولکەریم قاسم زۆر لە نکاودا مێژووی وڵاتەکەی گۆڕی، وەک مێژوونووسی ئێرانی حەسەنی ئەرفەع دەڵێ بەخێرایی و کوتوپڕی چەخماخەی ئاسمان وڵاتەکەی گۆڕی.

لەوکاتەدا (جەلال بایار)ی سەرۆکی تورکی لە فڕۆکەخانەی ئەستەمبوڵ چاوەڕوانی ئەو فڕۆکەیە بوو کە دەبوایە گەورە سیاسەتوانانی عێراقی بگەیەنێتە تورکیا تا بەشداری لە کۆنگرەی دەوڵەتانی پەیمانی سەنتۆدا بکەن کە قەرار بوو ئەو ڕۆژە بێتەگرێدان... ڕێک لەو ساتانەدا بوو دەنگی دەستڕێژی گوللەی مەفرەزەکانی جێ بەجێکرنی فەرمانی ئیعدام لە بەغدا دەگەییە کەشکەڵانی فەلەک. مەلیک فەیسەڵ و هەموو ئەندامانی خانەوادەکەی لە هەوەڵ ڕۆژی کودەتاکەدا کوژران. نوری سەعید جلی ژنانی لەبەر کرد و ویستی هەڵێ، لێ پیاوانی شۆڕش پێیان زانی و جەماوەری خەڵکی تووڕە لاشەکەیان لەت وپەت کرد و بۆ ماوەی چەندین سەعات بەشەقامە تۆزاوییەکانی بەغدایان ڕایانکێشا.

شۆڕشگێران بۆ ڕۆژی دووەم بەرنامەی سیاسی تازەی خۆیان ڕاگەیاند: ڕژێمی پاشایەتی هەڵوەشێنرایەوە و ڕژێمی کۆماری لە جێ دانراو ڕایگەیاند کە بەتەمایە لە پەیمانی سەنتۆی ئیمپریالستی بکشێتەوە، بەمەش کێشەیەکی دی هاتە گۆڕێ کە خۆی لە خۆیدا هەڕەشە بوو لە ئەمن و ئاسایشی ڕۆژئاوا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا. ئەم کێشەیەش بوو بەسەرباری کێشەی گرژی نێوان عەرەب و ئیسرائیل و کێشەی بەرپابوونی یەکێتیی لە نێوان میسر و سوریا.

لە مەیدانی سیاسەتی نێوخۆدا، سەرکردایەتی کودەتاکە ڕایانگەیاند کە بەنیازن ئەو بیرە نەوتانە خۆماڵی بکەن کە کۆمپانیاکانی بەریتانیا تاڵانیان دەکرد. هەروەها هەموو زیندانیە سیاسییە کورد و شیوعییەکانیش ئازاد کران.

ڕژێمی تازەی عێراق بەڵێنی بەکورد دا، کە بۆ یەکەم جار لە بەڵگەنامەیەکی ڕەسمیدا وەکو (برا) ئاماژەیان بۆ کرا، کە وەزع و حاڵی یاساییان لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا ڕێکخرێ. هەروەها بەڵێنی ئەوەیان درایێ کە لە ئایندەدا خودموختاریان بدرێتێ و ڕێگە بدرێن زمانی کوردی وەکو زمانێکی ڕەسمی بەکاربێنن. بەڵێنیان درایێ کە ژمارەیەک قوتابخانە و دەزگای ڕۆشنبیری کوردییان بۆ بکرێتەوە. وەکو هەنگاوێکی سەرەتایی و

گرینگ، ئەو بروسکە مێژووییە بۆ کرملین ڤڕێکرا، کە بریتی بوو لە بەخشینی سەرۆکی کورد لە هەموو ئەو تاوانانەی کە جاران ئاراستەی کرابوون، و ڕێگەدانی کە بۆ بەغدا بگەڕێتەوە. جارێکیان بارزانی لە یادی ئەو ڕووداوەدا گوتی: "ئەو ڕۆژە مانای وشەی بەغدامان بەبیردا هات کە مانای (دیاری خوا) دەگەیەنێ".

کورد و شادییەکی کەمخایەن

ڕۆژێک بوو لە ڕۆژەکانی هەوەڵی ت١، هەزاران کەس لەلایەنگرانی بارزانی لە فڕۆکەخانەی بەغدا خڕبوونەوە و چاوەنۆڕی ئەو فڕۆکە تایبەتییە بوون کە لە موسکۆوە دەهات. ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی بەجلی مەدەنی و ژمارەیەک لە پێشوازی کەرانی عەرەب کەنوێنەری ڕژێمی کۆماری تازە بوون، لە ڕیزی پێشەوەی جەماوەری پێشوازیکەراندا بوون کە هەندێکیان جلی کوردییان لەبەردا بوو. بارزانی، کە ئەو کاتانە لە تەمەنی ٥٨ ساڵیدا بوو، کە لە فڕۆکەی (دوگلاس) دابەزی؛ دەستی بۆ ئەو جەماوەرە بەرزکردەوە کە هاتبوونە پێشوازی کردنی، ٥ کەس لە نزیکترین کەسانی لە پشتی وەستان، لەو کەسانەی کە لەگەڵیدا بۆ نیشتمان گەڕابوونەوە، لەوانە: شێخ سلێمان و شێخ بابۆ، ئەم دوانە خزمی خۆی بوون، یەکەمیان خوارزای خۆی بوو، دووەمیان ئامۆزای بوو، هەروەها ئەسعەد خۆشەوی کە جاران ئەفسەری سوپای عێراقی بوو، و لەگەڵ بارزانیدا پێکڤە لە کۆماری مهاباد خزمەتیان کردبوو.

جەماوەری خەڵکەکە پڕ بەزار هەرایان دەکێشا: (بەخێر بێیتەوە بارزانی) بارزانی پاش چاک و خۆشی و دەست لەملانێ لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵا و حیلمی شەریفی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ یاوەرەکانیدا سواری ئەو ئۆتۆمبێلە بووکە چاوەڕوانی دەکرد. بەپێی پروپاگەندەکان ئەو عەبدوڵڵا بوو کە لە یەکەم ڕۆژی شۆڕشدا کوژرا، قاسم فەرمانی دابوو ئەو ئۆتۆمبێلە بۆ سەرۆکی کورد و هاوپەیمانی ئایندەی تەرخان بکرێ. شوفێرەکە بەرەو ماڵی سەرەک وەزیرانی کوژرا و (نوری سەعید) ئۆتۆمبێلەکەی هاژۆت، واتا بەرەو ئەو ماڵەی کە بڕیاردرا بکرێ بەبارەگای بارزانی لە مانگەکانی ئایندەدا.

ڕۆژنامەوانێکی عێراقی ئەو ڕۆژانەی بەزەماوەندێکی خۆش شوبهاندووە، بەمەش ئاماژەی بۆ ئەو پێشوازییە گەرمە کردووە کە عەبدولکەریم قاسم-ی عەرەب لە بارزانی مستەفای کوردی کرد. هەڵبەتە ئەم (زەماوەندە) بێ وێنەیە هەروا بەئاسانیش سەری

نەدەگرت: چونکە زۆر کۆسپ و بەرهەڵستی لە ڕێگەدا بوو. لە کاتێکدا جێگری سەرەک وەزیران و وەزیری ناوخۆ عەبدولسەلام عارف سانسۆری عەسکەری خستەسەر هەموو بڵاو کراوە و چاپەمەنییە کوردییەکان، عەبدولکەریم قاسم-ی سەرەک وەزیران لە ڕۆژی ٧/٢٧ دا پێشوازی لە شاندێکی کوردی کرد بەسەرۆکایەتی ابراهیم ئەحمەد کە یەکێک بوو لە سەرکردە دیارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان. کورد بەشێوەیەکی گشتی پشتگیریان لە ڕژێمی تازە دەکرد و چاوەڕوانی شتی زۆریان لێ دەکرد، پشتیوانیان لە ڕووخانی مەلیک فەیسەڵ و کشانەوە لە پەیمانی سەنتۆی کرێگرتەی ڕۆژئاوا کرد. لەو کاتەدا کە پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی پشتیوانی خۆیان لە ڕژێم ڕاگەیاند، جەمال نەبەز، کە نوێنەری ڕەوتی سێیەم بوو، پشتیوانی خۆی بۆ ڕژێمی تازە بەوەوە بەستەوە کە ئەم ڕژێمە تا چەند بەدەنگ داخوازییەکانی کوردەوە دێت و جێبەجێیان دەکات.

قاسم، پێشنوسی دەستووری تازەی عێراقی کە ئاماژەیەکی تێدا بوو بۆ ئەوەی کە عەرەب و کورد شەریکن لە عێراقدا، خستە بەردەم شاندی کوردی، بەڵام هەر هەمان دەستوور مادەیەکی ئاشکراشی گرتبووە خۆ کە دەڵێت عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب؛ دیارە ئەمە لەگەڵ بۆچوونی کوردا نەدەگونجا. بەڵام سەربارى ئەمەش پەیوەندی نێوانیان هەر بەخۆشی مایەوە.

بارزانی گەڕایەوە، هاوسەنگی هێز بەئاشکرا بەقازانجی کورد شکایەوە. ژمارەی ئەندامانی حزبەکەی بارزانی گەییە پتر لە بیست هەزار ئەندام. ئیدی بوژانەوەیەکی ڕۆشنبیریی کوردی ڕاستەقینە دەستی پێکرد. چەندین کتێب و گۆڤاران بەزمانی کوردی بڵاوکرانەوە. ئەمە جگە لە ڕێدان بەخوێندن بەزمانی کوردی لە سەرانسەری قوتابخانە سەرەتاییەکانی باکوری وڵات. لە بەغدای پایتەخت-یشدا کۆڕی زمانەوانی کوردی هاتە دامەزراندن، ڕادیۆی بەغدا کەوتە بڵاوکردنەوەی بەرنامەیەکی تایبەتی بەزمانی کوردی. ڕەمزێکی دی بۆ ئارمی کۆماری تازە زیادکرا کە بریتی بوو لە خەنجەری کوردی لە پاڵ شمشێری عەرەبیدا. لە بەهاری ساڵی ١٩٥٩دا، دوا پەنابەری کورد لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕانەوە. هەڵبەتە ئەمە نیگەرانی دەخستە دڵ و دروونی حوکمڕانانی وڵاتانی پەیمانی سەنتۆی دراوسێوە... ئێران و تورکیا قاییل نەبوون پەنابەرەکان بەخاکی ئەواندا بگەڕێنەوە. چونکە نەدەکرا فڕۆکەی عەسکەری سۆڤیەتی بۆ ئەم مەبەستە بەکاربهێنرێ بۆیە لە ڕێگەی دەریاوە گوێزرانەوە. یاوەرانی جارانی بارزانی، بەخۆ و ماڵ و منداڵەوە لە میناى ئۆدیسای دەریای ڕەشەوە سواری ئەو کەشتیانە بوون کە بۆ گواستنەوەیان تەرخانکرابوون. ئاژانسی

دەنگوباسی یونایتدپرێس بەم جۆرە باسی ئەو ڕووداوەی کردووە: "کەشتی کروسیا، کە ١١٠ هەزارتۆن هەڵدەگرێ، بەرەو بەسرە کەوتە ڕێ، ٨٥٥ جەنگاوەری کوردی هەڵگرتووە و لەوێندەر جنسییە عێراقییەکانیان دەدەنەوە"... بمێننەوە و لە دەزگاکانی حزبدا کار بکەن، بەڵام زۆریان بۆ زێد و نیشتمانی خۆیان گەڕانەوە. گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی مێرگەسوور، بارزان، یان ئامێدی. ئەمانە، پاش تێکچونی کورد لەگەڵ قاسمدا، بوون بەکۆڵەکە و بڕەبڕەی پشتی بزاڤی چەکداری نوێی کورد.

بارزانی، لە نیسانی ١٩٥٩دا، مۆڵەتی دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی بەناوی (خەبات) وەرگرت... لە ساڵی ١٩٦٠دا مۆڵەتی ڕەسمی بۆ پارتی وەرگیرا کە بتوانێت بەئاشکرا چالاکی و چەلەنگییەکانی خۆی ئەنجام بدات، دیارە ئەمە یەکەم جار بوو لە مێژووی پارتیدا ڕێ بدرێ بەئاشکرا چالاکی ئەنجام بدات، چونکە پێشتر لەبەر ئەم هۆ یان ئەو هۆ مەحروم بوو لە ئازادی کاری سیاسی، هەڵبەتە ئەو گفت و بەڵێنی ئۆتۆنۆمییەی بەکورد درابوو، بەشێوەیەکی ئاسایی نەدەڕۆیی. چونکە هەر لە سەرەتادا ناکۆکی ئاشکرا لە نێوان هەردوولادا هەبوو، بەتایبەتی لەسەر ئەم مەسەلانە: دیاری کردنی سنووری ناوچە کوردنشینەکان لەگەڵ ناوچە عەرەب نشینەکاندا... ئایا کانە نەوتەکانی کەرکووک و خانەقین بخرێنە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەو حەساوە زۆربەی دانیشتوانیان کوردن؟ ڕێژەی دەرامەتی نەوت چەندی بۆ کوردستان تەرخان بکرێ تا لە هەردوو ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە گەشە بکات و لە پاشکەوتوویی ڕزگار ببێ؟ هێزی چەکداری ناوچەی ئۆتۆنۆمی تا چەند سەربەخۆ بێ و تا چەند پەیوەست بێ بەدەسەڵاتی ناوەندییەوە؟ خەڵکی عەشایەری کورد ڕێ دەدرێن چ چۆرە چەکێک و چەند چەک هەڵگرن، بەتایبەتی کە پاش شۆڕشی چواردەی تەموز ڕادەی چەکداری زیادی کرووە؟.

پترۆڵ؛ خاڵی ناکۆکی سەرەکی

بەڵام نەوت هەر لە هەوەڵەوە تاکو ئەمڕۆ فاکتەری هەرە گرینگی مەسەلەکانی پێک هێناوە. سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و جیهان و زلهێنرەکان، هەر هەمووی بەدەوری نەوتدا سوڕاوەتەوە. هۆی هەڵگیرسانی هەموو شەڕەکانی ناوچەکە، لە نیلەوە بیگرە تا کەنداوی فارسی لە ساڵانی سییەکانی ئەم سەدەیەوە یان لە پێناوی کۆنترۆڵ کردنی ناوچە پرنەوتەکان بووە یان لە پێناوی ڕێگە خۆشکردن بووە بۆ گەیشتن بەو کانە نەوتانە.

ئاشکرایە لە پێناوی ئەو ئامانجەدا دەیان شەر هەڵگیرسێنراوە و چەندین ڕژێم

ڕووخێنراون. هەڵبەتە عێراقییەکان و کوردیش لە نزیکەوە هەستیان بەو بابەتە ستراتیژییەی نەوت کردووە؛ لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٥٨دا هێزی پیادەی دەریایی ئەمریکی لە لوبناندا دابەزی. فەرەنسا و بەریتانیا پەلاماری کەناڵی سویس-یان دا. هێزی بێگانە پشتیوانی و کۆمەکی حوسێنی مەلیکی ئوردنیان کرد دژی فەلەستینییەکان. هەر هەموو ئەم کارانە بۆیە ئەنجام دران تا بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لە نەوت بێتە پاراستن. تەنانەت دامەزراندن و دروستکردنی پەیمانی سەنتۆ-ش بریتی بوو لە دامەزراندنی پشتێنەیەک لە وڵاتانی سەربەرۆژئاوا، وەک: تورکیا، عێراق، ئێران، ئەفغانستان تا دەگاتە پاکستان.

ئەگەر ئاکامی کارەسات ئامێزی کۆماری مهاباد نموونەیەک بێ و هێشتا لە هزر و بیرا بزرنگێتەوە، ئەوا کورد پێویستیان بەم بەڵگەیە نەبوو کە چارەنووسی نەتەوەییان بەم جۆرە پەیوەست بووە بەنەوتەوە و هەر نەوت ئەم بایەخە ستراتیژییەی بۆ وڵاتەکەیان پێک هێناوە. کورد نێوی گرینگترین سەرچاوە و کانگای نەوتیان لە سروودە نەتەوەییەکانیاندا تۆمار کردووە... بارزانی و کورد سووربوون لەسەر ئەوەی کوردیش بەشیان لە گڕی فانۆسە سیحرییەکەی عەلادیندا هەبێ و بەوە قاییل نەبن عەرەب و کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان هەر خۆیان لەبەر ئەو گڕە سحرییە گەرم بکەنەوە. هەڵبەتە بوونی زەخیرەی (احتیاطی) نەوت لە سێگوشەی نێوان موسڵ و کەرکووک و خانەقیندا، شتێک بوو لە هەزاران ساڵەوە زانرا بوو: "فریشتەکانی خوا دابەزینە سەر زەوی و مەشخەڵ و شولەی ئاگرەکەیان لە کوانوی ئاگردا خەفە کرد". (دانییال-٣). ئەم ئاگرەی کە نەبوخەز نەسری پاشای بابلی بەر لە ٢٥٠٠ ساڵ، جولەکەکانی پێ دەترساند، تا نهوژی هەر لە بلێسەدایە.

باوەگوڕگوڕ، ئەو ناوەیە کە کورد لەو گڕی غازە هەڵایساوەی هەلقولاوی نێو تاوێرەکانی باکوری کەرکووکیان ناوەو لە ساڵی ١٩٢٧وە زێڕی ڕەش لە ناوجەرگەی خاکی کوردستانەوە دەردەهێنرێ. بۆ وێنە کۆمپانیای نەوتی عێراقی بەریتانی لە ساڵی ١٩٦٠دا توانی نزیکەی پەنجا ملیۆن تۆن نەوت لەو کانگایە دەربێنێ کە بایی دوو سەد ملیۆن جونەیهی سافی بوو.

بەپێی هەندەک مەزەندان، بیرەنەوتەکانی کەرکووک لە ساڵانی شەستدا بەتەنێ بایی بیست ملیار مارکی ئەڵمانی بەرهەمی داوە. دیارە ئەم پارەیە بەشی ئەوە دەکات هەموو کەسێکی خەڵکی عێراق لە ژیانی نێو زنج و کەپران دەرباز بکات. کەچی وەکو هانز هاوزر-ی ڕۆژنامە نووسی ئەڵمانی کە لە ساڵی ١٩٧٥دا سەفەرێکی کوردستانی کردووە

و ئاماژەی بۆ ئەم حەقیقەتە کردووە: تەنیا کورد بێبەش بوون لەم سەروەت و سامانەی کە لە خاکی ئەواندا دەردەهێنرێ.

ئەندازیارێکی بەریتانی کە بەخۆی لە کۆمپانیای نەوتی عێراقدا کاری کردووە و بەچاوی خۆی ئەو ساتە مێژووییەی دیتوە کە بۆ یەکەم جار نەوت لە بیرە نەوتەکانی باوەگوڕگوڕەوە فیچقەی کردووە... لە وەسفی ئەو ساتانەدا دەڵێ: "کاتێ کاری هەڵکەندنمان گەییە بیری باوەگوڕگوڕ، نەوت هێندە بەتەوژم فیچقەی کرد، هەر هەموو دەزگاکانی هەڵکەندنی برد بەحەوادا. نەوت و غاز هێندە بەتەوژم بەرز بوەوە. کەوتە سەرووی هەموو بورج و ڕێکەکانەوە، بوویە هەورێکی ڕەش و هەڵمێکی کوشندەی بەسەر کرێکارەکاندا داباراند. ئیدی نەوت بەهەموو دۆڵ و کەلێنەکانی دەوروبەرماندا ڕێی کرد، خۆشبەختانە نەوتەکە گڕی نەگرت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا چەند کەسێک خنکان. ئەوانی دی زۆر قارەمانانە کەوتنە ڕزگارکردنی هاوڕێکانیان. پاشان بۆمان بەدیارکەوت کە ئەم بیرە نەوتە یەکێکە لە بیرە نەوتە هەرە مەزنەکانی هەموو جیهان.

یەکێک لەو هۆیانەی کە کوردی هاندا پشتیوانی لە شۆڕشی قاسم بکەن، ئومێدی ئەوە بوو کە پرۆسەی تالانکردنی بەردەوامی سامانی نەتەوەییان لەلایەن کۆمپانیاکانی ڕۆژئاواوە بوەستێ؛ چونکە ڕژێمی تازە، ڕایگەیاند کە بەنیازە ڕووبەڕووی ئەو پرۆسەی تالانکردنە بوەستێ و سنووری بۆ دابنێ. کوردەکان زۆریان پەلە نەکرد لە داواکردنی بەشە نەوتی خۆیاندا، چاوەنۆڕی ئەو ڕۆژە بوون کە چیتر ئەم سامانە بەرەو هەندەران نەبرێ. بەهیوا بوون کە ڕژێمی عێراقی بەخۆی ئەم مافە بستێنێ. بەڵام ڕاگەیاندنی خۆماڵیکردنی نەوت لەلاین قاسمەوە، دوای سێ ساڵان ئەوجا دەست بەجێبەجێ کرنی کرا، واتا لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٦١وە کە بڕیار بوو لەو ڕۆژەدا ٩٩ ٪ی کانە نەوتەکان خۆماڵی بکرێن.

لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا، دڕدۆنگی کەوتە نێوان عێراق و کورد و بەئاشکرا پەیوەندییەکانیان تێک چوو. هەرچەندە بەپێی ماددەی سێیەمی دەستووری کاتیی عێراقی: "عەرەب و کورد شەریکن لەم وڵاتەدا". بەڵام لە مەیدانی پراتیکیدا و ئەوە بەدیارکەوت کە حوکمڕانانی تازە، ئامادە نەبوون بەجیدی گیروگرفتی کەمە نەتەوەییەکان لەبەرچاو بگرن.

دیار بوو قاسم-یش وەکو فیودالەکانی بەرلەخۆی، عێراقی بەدەوڵەتێکی عەرەبی

یەکگرتوو دەزانی. ڕژێم بەئانقەست خۆی لە جێبەجێ کرنی بەڵێنەکانی دەدزییەوە کە قوتابخانەی کوردی بکاتەوە، بگرە لە هەندێ شوێندا پاشگەز بوەوە و بەڵێنەکانی بەتەواوتی پشتگوێ خست.

کاتێ ڕژێم ڕایگەیاند کە بەتەمایە مەرج و باجی زێدە لەسەر چاندن و فرۆتنی تووتن دابنێ، کە بەرهەمێکی سەرەکی کوردستانی پێک دەهێنا، بارودۆخەکە هێندەی دی گرژ بوو. قاسم پەنای وەبەر ئەو شێوازە کۆنانە بردەوە کە ڕژێمانی حوکم لە عێراق و ئێران و تورکیادا دەرهەق بەکورد پەیڕەویان کرد بوو؛ ئەویش بریتی بوو لە هاندانی کورد لە یەکتر و تەفرەقە نانەوە لە نێوانیاندا، بۆیە قاسم کەوتە چەکدارکرنی عەشایەری زێبار و ڕێکانی کە لە ڕۆژانی کۆماری مهابادەوە دژایەتی بارزانیان دەکرد؛ ئیدی قاسم کەوتە هاندانی ئەم خێڵانە لە بارزانی و دژی بارزانی.

لەلایەکی دییەوە ڕووداوەکان دەریانخست ئەو پاڵپشتانەی کە قاسم پاڵی دابوو پێوەی، پاڵپشتی زۆر لاوازن. ئەمە ئەوکاتە دەرکەوت کە عەبدولسەلام عارف–ی جێگری سەرەک وەزیران، لە ئەیلولی ساڵی **١٩٥٨** دا ویستی پیلان لە قاسم بکات، ئەوە بوو پیلانەکەی سەری نەگرت و یار و دەستگیر کرا و پلە و پایەکانی لە دەست دا. لە ئازاری ساڵی **١٩٥٩** دا هەندێ ئەفسەری (ناسری) سەر بەجمال عبدالناصر، ویستیان لە سەربازخانەی مووسڵەوە کودەتایەکی نیزامی بەر پا بکەن، لەوە بوو بگەنە بەغدا ئەگەر قاسم فریا نەکەوتباو بارزانیی بێ لایەن نەکردبا و پاشان پەنای بۆ یەکە چەکدارەکانی شیوعییەکان نەبرد بوایە بۆ سەرکوت کردن و دامرکاندنەوەی کودەتای نێوبراو؛ بۆیەش پەنای وەبەر یەکە چەکدارەکانی شیوعی برد، چونکە نەیدەتوانی هێزەکانی خۆی لە بەغداوە فریێ بکات.

بەڵام دکتاتۆر، وەفای بۆ ئەو شیوعییانە نەبوو کە ڕزگاریانکرد. ئەوەبوو لێیان هەڵگەڕایەوە و سەدان کادر و ئەندامی حزبی شیوعی دەستگیر کرد، ئەم هێرش و پەلاماری گرتن و ڕاوەدوونانە مەسیحییەکانیشی گرتەوە، کە زۆریان ناچار بوون بۆ کوردستان هەڵێن و ئەمەش وای لە قاسم کرد هێندەی دی گومان لە کورد بکات.

لەو سەردەمەدا دژایەتی کردنی کورد پتر پەرەی سەند، ئەمەش زەمینەی بۆ تەقاندنەوەی بارودۆخەکە خۆش کرد. ئەوە بوو لە ساڵانی **١٩٦١–١٩٧٠**دا شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد بەرپا بوو و هەڵایسا. زۆر ئەفسەری کورد لە سوپا دەرکران، فەرمانبەرانی کورد لە کار دەرکران، ڕێکخراوە پیشەییە کوردییەکان داخران و هەڵوەشێنرانەوە. ڕۆژنامە و گۆڤارە

کوردییەکان قەدەغەکران... ڕۆژنامەی خەبات–ی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وتارێکیدا لە ئازاری **١٩٦٠**دا حکوومەتی بەوە تاوانبار کردووە کە مادەی سێیەمی دەستووری کاتی، کە باسی شەریکایەتی و برایەتی عەرەب و کورد لە حوکمڕانی عێراقدا دەکات، نەک خۆسەپاندنی ئەمیان بەسەر ئەویاندا، پشتگوێ دەخات... ئەوەبوو خەبات–یش هاتە داخستن و ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتوانانی چەلەنگ و چالاک دەستگیر کران.

قاسم، داوا و گازی کوردان پشتگوێ دەخات

لە هاوینی هەمان ساڵدا، شاندێکی کوردی ویستی قاسم بدێنی، قاسم جواوی لێ گێڕانەوە کە مانگێکی دی چاوەنۆڕ بکەن،کەچی دوای مانگەکەش هەر نەیدیتن و تەنها ئەوەندە ڕێ بەشاندی نێوبراو درا کە یاداشتنامەیەک بۆ قاسم بنووسن، یاداشتنامەکە، بڕیارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی سەبارەت بەئۆتۆنۆمی کورد، لە چوارچێوەی کوماری عێراقی تێدا بوو. خاڵی گرینگی نێو یاداشتنامەکە بریتی بوو لەم خاڵانە کە لە هەموو هەوڵەکانی دواتریشدا دووبارە بوونەتەوە:

١– زمانی کوردی، لە پاڵ زمانی عەرەبیدا، دەبێت بەزمانی ڕەسمی و پەسند لە ناوچەکانی ئۆتۆنۆمیدا.

٢– پولیس و سوپا لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا دەبێ کورد بن و زمانی کوردی زمانی قسە کردن و کاروباری ڕەسمی دەبێت.

٣– ئەنجومەنی جێبەجێ کردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی خۆی بەرپرسیار دەبێت لە هەموو کاروبارێکی پەروەردە و فێرکردن و ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن و تەندروستی و کارگێری ناوچەیی.

٤– سیاسەتی دەرەوە و بەرگری و ئابووری و دارایی کاری دەسەڵاتی ناوەندی دەبێت، بەمەرجێ کورد بەشی خۆی لە هەموو مەڵبەندە سەرکردایەتییەکانی دەسەڵاتی ناوەندیدا هەبێ، هەر لە جێگری سەرکۆمارەوە بیگرە تا دەگاتە وەزیرەکان و یاریدەدەرانی وەزیرەکان.

قاسم، وەڵامی ئەم داوایانەی نەدایەوە. بارزانی یەکەم کەس بوو هەستی کرد قاسم، ئەو پیاوەی لە سەرەتادا زۆری بەباڵادا هەڵگوترا، نایەوێ ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دابین بکات و ناشیەوێ دیموکراتیەت بۆ عێراق بگێڕێتەوە یان کار بۆ وەدیهاتنی یەکێتیی عەرەبی بکات. بارزانی هەستی کرد کە هەموو خەمێکی قاسم ئەوەیە شوێنەکەی خۆی بپارێزێ و

لە لوتکەی دەسەڵاتدا بمێنێتەوە بەوەی هێزە سیاسی و نەتەوەیی و ئاییینییەکان لێکدی تیژ بکات و هان بدات و بەگژ یەکیاندا بکات... لە پایزی ساڵی ١٩٦٠دا بارزانی و قاسم بەیەکجارەکی لێکدی جودا بوونەوە؛ لەکاتێکدا بارزانی بەسەردانێکی ئیعلامی چوو بووە مۆسکۆ. قاسم بەوە تاوانباری کرد کە کرێگرتەی پەیمانی سەنتۆیە. لەو کاتەدا کە قاسم ئەو تۆمەتانەی دەدایە پاڵ بارزانی، بارزانی لە تەنیشت نیکیتا خروشوف و سەرانی تری سۆڤیەتیدا لەسەرتریبونی شەرەف وەستا بوو و دەیڕوانییە مەیدانی سوور و لەگەڵ ئەواندا تەمەشای ئەو نمایشە سوپاییەی دەکرد کە بەسەر ڕێگەی بەفرگرتودا و بەبۆنەی یادی شۆڕشی ئوکتوبەرەوە ڕێیان دەکرد. هەرچەندە ئەم سەردانەی بارزانی دەنگدانەوەیەکی باشی بوو و لە بواری ڕاگەیاندندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام بارزانی لە مۆسکۆ گەڕایەوە بێ ئەوەی سەرکەوتنێکی عەمەلی ئەوتۆ بەدەست بێنێ، هەروەها نەیتوانی چ گفت و بەڵێنێک لە سۆڤیەت وەربگرێ کە یارمەتی بدەن. بارزانی، فەرمانی دا ژمارەیەک لە جەنگاوەرانی گوێڕایەڵی خۆی لە بارزانەوە بێن بۆ بەغدا تا پاسەوانی ماڵەکەی و بارەگای حزب بکەن و خۆی و بارەگاکە بپارێزن. وا دیارە ئەم کارە پاکانەی خۆی هەبوو؛ لە مانگی کانونی یەکەمدا کرێکارانی عەرەب، بەفیتی حکوومەت لە بەردەم ماڵی بارزانی و بارەگای پارت دا کەوتنە خۆپیشاندان و هوراکێشان دژی کورد و داواکردنی یەکێتیی عەرەب. کاتێ خۆپیشاندەران ویستیان پەلاماری خانووەکە بدەن، کێشکچییەکانی بارزانی تەقەیان لێ کردن و چەندین کەسیان لێ کوشتن و بریندار کردن. بەمەش دوا پردی کاری هاوبەشی نێوان کورد و عێراق لە سایەی حوکمرانی قاسمدا ڕووخا.

ئا بەم جۆرە ئەو زندە خەونە خۆش خۆشانەی کە لە ساڵی ١٩٥٨ وە دەستیان پێکرد، پووچەڵ بوەوە. پاش بەسەر چوونی وەرزی (بەهاری کوردی- عێراق) پایزێکی تاری جێی گرتەوە؛ بارزانی دەیزانی ماوەیەکی سارد و سڕی سەهۆڵبەندانی پڕ لە کێشەی تفت و تاڵ لە سەردەسەڵات، ئەم قۆناغەی خەباتی گەلەکەی دەگرێتەوە و ئەم قۆناغە دەپێچێتەوە. بۆیە لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٦١دا ماڵەکەی لە بەغدا بەجێ هێشت؛ دەستبەرداری ئەو هەموو خۆشگوزەرانییە بوو کە حکوومەت لە بەغدا بۆی دابین کردبوو، دەستبەرداری ماڵی زۆر و ئۆتۆمبێلەکەی وەسی و موچەی مانگانەی مۆڵ بوو، و گەڕایەوە بۆ شاخ.

فەسڵی دەیەم

" ... لە نەزانانەوە فێر بووم..."

جەنگی ئەهلیی عێراقی - کوردی تا ساڵی ١٩٧٠

"هەواڵێک لە بەغدادا دەگوترێتەوە و دەماودەم دەکات کە گوایە هێزی ئاسمانی عێراقی ساڵی پار پتر لە سەد گوندی کوردی لەگەڵ عاردیدا تەخت کردووە کە تەنیا ژن و منداڵیان تێدا بووە؛ چونکە هەموو پیاوەکان دابوویانە شاخ. لە بەغدایا کەس باوەڕ ناکات سوپای عێراقی بتوانێت بەسەر جەنگاوەرانی کوردا سەر بکەوێت با ژمارەشیان کەم بێت. چونکە سوپای عێراق، یەکەی جەوەڵی لێهاتووی نییە. ئەوانەش کە شارەزاییان لە شەڕی شاخدا هەیە هەموو کوردن. لە کاتێکا حاڵی حازر پێکدادانی تازە لە نزیکی شاری سلێمانیدا دەستی پێ کردووە، دەرفەتی سەرکەوتنێکی ئەوتۆ لە گۆڕێ نییە کە شایەنی باس بێت. لەلایەکی دییەوە ئەم کارە سوپاییانە سەرکێشی و قومارێکی گەورەیە بۆ خودی قاسم، چونکە ناچار بووە ئەو یەکە سوپاییانە بنێرێت بۆ شەڕگەکان کە لە بنەڕەتدا. بۆ پاراستنی پایتەخت و کۆنترۆڵی کاروبارەکانی پایتەخت تەرخان کرا بوون".

ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی دیار (گیزل هیرفرزنگ)ی سەرنووسەری گۆڤاری (مەسیحییەکان و جیهان) لە ساڵی ١٩٦٢ دا بەو ڕستانەی سەرێ پوختەی ئەو وێنانەی بەرجەستە کرد کە خەریک بوو لە ڕۆژئاوادا دەربارەی (کوردستانی هۆڤی) و ئەو جەنگی ڕزگاریخوازییەی کە خەڵکە کوردەکەی هەڵیان گیرساند بوو، دروست دەبوو.

ئەم شۆڕشەی کە بەگەورەترین شۆڕشی مێژووی گەلی کورد دەژمێردرێ، لە سەرەتادا بەشێوەیەک دەستی پێ کرد لە تۆ وایە تەنیا هەندێ ڕووداوی پەراگەندەیە و لە ئەنجامی ناکۆکی و پێکدادانی ناوخۆیی کوردانەوە دروست بووە. بارزانی، لە سەرەتای پایزی ساڵی ١٩٦٠دا توانی بەکەمتر لە ٥٠٠ جەنگاوەر زۆربەی هەرە زۆری ناوچەی باکور، لەو خێڵانە پاک بکاتەوە کە چەکیان لە حکوومەت وەرگرتبوو بۆ دژایەتی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان. ئیدی ئەوەبوو ناوێکی ناشیرین و حەیابەرە لەو ئاغاوات و شێخ و پیاوانەیان نرا کە قاییل بوون حکوومەت بەئارەزووی خۆی جلەویان بکات، وەکو چۆن ئەمە حاڵیان بوو لە سییەکان و چلەکاندا. ئەم ناوەش کە پڕ بەپێستیان بوو بریتی بوو لە جاشی شەست و یەک -١٩٦١. ئەم ناوە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆش لە سەرانسەری

کوردستاندا باوە و بەهەموو ئەو کوردانە دەگوترێ کە هاوکاری حکوومەتە دوژمنەکان دەکەن و چەک دژی شۆڕشگێڕانی کورد هەڵدەگرن. کە بارزانی توانی جاشەکان ڕاو بنێ و بەتەواوەتی تەنگیان پێ هەڵچنێ، زۆربەی لاوانی ئەو خێڵانە وازیان لە جاشایەتی حکوومەت هێنا و گەڕانەوە بۆ کوردستان و پەیوندییان بەهێزی پێشمەرگەی بارزانییەوە کرد.

بارزانی بەو پەری توانا و عەزمی بەتینەوە لە ماوەی چەند مانگی پاشتردا کەوتە قایمکردنی سەنگەرەکانی و بیناکردنی بنکەیەکی ماددی و بەشەری ئەوتۆ کە بتوانێت خۆی لە بەردەم هێرشی ئایندەی هێزی چەکداری نیزامی و سوپایی و پۆلیس و دەرەک ڕابگرێ. بارزانی، توانی تا هەیڤی ت ١، ڕووبەرێکی هەشت هەزار کیلۆمەتری چوارگوشە لە ناوچە شاخاوییە سەختەکانی نزیکی سنووری ئێران ڕزگار بکات و عەماری ئازوقە و ئوردوگای مەشقی سەربازی و بارەگای سەرەکی شۆڕشی سەرانسەری سنووری عێراق لەگەڵ ئێراندا کەوتنە دەست هێزەکانی بارزانی و سنووری عێراق- ئێرانیان لێ پاککرایەوە، تا ڕێگە خۆش ببێ کە لە ئایندەدا کەلوپەلی پێویست لەو دیوەوە بگاتە شۆڕشگێڕان.

ژمارەی چەکدارانی بارزانی، بەمەزەندەی سوپاسالاری ئەو وەختی ئێران، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠دا گەییە نزیکەی حەوت هەزار جەنگاوەر، بارزانی، توانی بەهۆی ئەم هێزەوە زۆر ناوچەی گرینگی ستراتیژی لە شاخ و دۆڵ و گوزەر و پرد و مەخفەری سنووری بگرێ.

پۆلیسی مەخفەرەکانی سەر سنوور و سەربازی سەربازخانە بچوکەکانی نێو دۆڵ و شاخە دوورە دەستەکان، هەموو چەک کران. بارزانی، ئەمجارەش، وەکو ساڵی ١٩٥٤، ڕێی بەسەربازو پۆلیسە چەککراوەکان دا بگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆیان.

بەرانبەر بەم ڕەوش و بارودۆخە، حکوومەتی بەغدا هەمان ئەو هەڵەیەی دووبارە کردەوە کە حکوومەتی تورکیا بەر لە سەد ساڵێک بەرانبەر بەیەکێک لە شۆڕشەکانی کورد کرد بووی. هیلموت فون مولتکە، کە ئەو سەردەمانە ڕاوێژکاری نیزامی عوسمانییەکان بوو، لە کتێبێکیدا بەنێوی (چەند نامەیەک لە تورکیاوە) باسی ئەو بابەتەی کردووەو گێڕاوێتییەوە کە چۆن لە ساڵانی ١٨٣٨و ١٨٣٩دا هێزێک لە سەربازانی ئیجباری کورد ڕەوانەی سوریا دەکرێت بۆ دامرکاندنەوەی ئەو پەشێوییەی لەوێندەر بەرپا دەبێت. جا نووسیویەتی و دەڵێ: "ئەو کوردانەی کە پتر لە نیوەی هێزەکەمانیان پێک دێنا لە ڕاستیدا دوژمنی یەکەمان بوون. کەوتنە تەقەکردن لە ئەفسەر و سەربازە نا کوردەکان، زۆربەی

دەروو وپیادەڕێیە شاخاوییەکانیان لێ گرتین. زیاد لە جارێک هەوڵیاندا خودی حافز پاشای فەرماندەی گشتی هێزەکە لە پەناوە بکوژن. هەندێکی تریان چەکەکانیان فڕێ دا و جلە سەربازییەکانیان دڕاندو بەدەم گۆرانییەوەو بەخۆشحاڵییەوە بۆ گوندەکانی خۆیان گەڕانەوە".

زۆر زەحمەتە فەرماندە و سەرکردە سوپاییەکانی عێراق، کتێبەکەی ئەم ڕاوێژکارە شارەزایەییان دیتبێ؛ چونکە ئەوە بوو ڕژێمی عێراق لە ئەیلولی ١٩٦١دا چوار کەتیبەی سوپایی بۆ سەر پێشمەرگەکانی بارزانی نارد، زۆربەی هەرە زۆری ئەم قوەتە لەو کوردانە بوون کە بەئیجباری گیرا بوونە سەرباز، بۆیە لەگەڵ یەکەم تەقەدا بەچەک و جلوبەرگەکانیانەوە پەیوەندییان بەهێزی پێشمەرگەوە کردو پاشان هەزاران سەربازی کوردی عێراقی دیکەش هەمان ڕێچکەی ئەوانیان گرتەبەر.

١٩٦١: سەرەتای شۆڕشی کورد

گەلێک لە کوردەکان و ژمارەیەک لە چاودێران، کە ڕەوتی ڕووداوەکانیان دەبینی، هەستیان دەکرد ئەم شۆڕشە تازەیە هەوێنی ڕێبازێکی تازەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە کە ڕاپەرین و بزاڤ و شۆڕشەکانی پێشووی کورد بەخۆیەوەی نەبینی بوو. ئەمەش وایدەکرد کە لە شۆڕشەکانی پێشوو جیاواز بێت. کورد ئەمجارەیان تەنیا، مۆلتکە گوتەنی (بەزگماک جەنگاوەر) نەبوون، بەڵکو ئەمجارەیان دیار بوو کە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو دەخەبتێن. بۆ یەکەمین جار ڕۆشنبیرانی شار و پیاوانی عەشایەری جەنگاوەر، سوسیالستانی داواکاری ریفورمی زەوی و خەڵکانی ڕەوەند لەیەک بەرەدا کۆبوونەوە و لە پێناوی دیاریکردنی چارەنووس و جۆری ژیانیاندا دەجەنگین، هەرچەندە ئەمە دوای هەوڵێکی زۆر و چەندین نسکۆ هاتبووە دی. ئەمە جگە لەوەی کە شۆڕشی تازە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە گەلێک مەودا و ڕەهەندی سیاسی ڕوون و لایەنی سوپایی و جەنگاوەری لەخۆگرتبوو.

حەسەن ئەرفەعیی ئەفسەر و مێژوونووسی ئێرانی دەربارەی ئەم خاڵە دەڵێ:

"هەلومەرج و زروفی ئەمجارە یەکجار جیاواز بوو؛ حکومەتی عێراقی پشتیوای ئینگلیزی لەگەڵ نەبوو. هەرخۆی ڕووبەڕووی کوردەکان بوو بووەوە. گۆڕانێکی ڕیشەیی لە هۆشیاری نەتەوەیی و سیاسی کوردەکاندا ڕوویدا. ڕۆڵەی گەلێک لەو خێڵانەی کە تا ئەوکاتانە لەگەڵ حکومەتدا بوون، پەیوەندییان بەهێزی پێشمەرگەوە کرد. ئەمە جگە لە پەیوەندی کردنی ژمارەیەکی زۆر لە سەرباز و ئەفسەری کوردی ناو سوپای عێراقی، بەشۆڕشەوە. ئەو ڕادیۆیانەش کە لە دیمەشق و قاهیرەوە بەزمانی کوردی بەرنامەیان پەخش و بڵاو دەکردەوە، پشتیوانییان لە کورد دەکردو ورەیان بەرز دەکردنەوە و ئەوەیان دەسەلماند کە شەڕی ئەمجارە شەڕی نێوان خێڵە کوردەکان نییە، بەڵکو خەباتێکە ئایندەیان دیاری دەکات و ڕزگار بوونیان لە کۆت و زنجیری عێراق، بەندە بەو شۆڕشەوە".

قاسم، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم شێوازە تازەیەی شەڕی ئەمجارەی کورد، پەنای بردە بەر هەمان شێواز کە زۆر حوکمڕانی تری ڕۆژهەڵاتی ناڤین بۆ (چارەسەری) گیرو گرفتەکانیان لەگەڵ کەمەنەتەوەییەکان و گروپە نەژادییەکان بەکاریان هێنا بوو: ئەوە بوو فەرمانی بەهێزی ئاسمانی دا کە یەکەم جار ناوچەی بارزان بۆردومان بکات و ئەوجا هەموو ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی پارتی بۆردومان بکات. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هێزی حکومەت هەر لە پاشەکشەدا بوو، خۆ فەرماندە سوپاییەکانی ئەگەر بەقافڵە و بەپشتیوانی تانک، هەموو پێداویستییە لۆجستییەکانیان پێنەگەیەنرایە، نەیاندەتوانی لەو شوێنە کەمانەشدا وەمێنن کە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بوو. ئیدی فڕۆکەکانی قاسم، بەو دە فڕۆکە نەفاسەیەشەوە کە لە ناو هەموو سوپاکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، تەنیا سوپای عێراقی هەیبوون، کەوتنە پەلاماردانی گوندەکان و پاوان و هۆبەی خێڵە ڕەوەندەکان و تەنانەت شارۆچکەکانیش.

ئەم بۆردومانانە بوونە مایەی کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە ژن و منداڵ و خەڵکی بێ تاوانی مەدەنی بێ ئەوەی چ پەیوەندییەکیان لەگەڵ شۆڕش و بزاڤی چەکداریدا هەبێ. بەڵام ئەمە ورەی کوردی نەڕوخاند و نەترەیان بەرنەدا، کەوتنە گواستنەوەی ماڵ و بنکەکانیان بۆ نێو دۆڵە قووڵ و پڕ پێچ و پەناکان. یەکجار وریایانە و شارەزایانە ئەو لوتکە و قەد پاڵە حسێیانەیان بەکاردەهێنا کە فڕۆکە نەیاندەتوانی کەشفیان بکات و هاتووچۆیان بدینێ.

فرۆکەوانێکی عێراقی باری سەرنجی خۆی دەربارەی ئەو گیروگرفتانەی کە ڕووبەڕووی خۆی و هاوڕێکانی دەبوەوە، بەم جۆرە دەربڕیوە: "چالاکی هێزی ئاسمانی زۆر سنووردرابوو، لە ڕووی ستراتیژییەوە لە نرخی نەبوواندا بوو، چونکە لوتکە قوچەکان و دۆڵ و زەنوێرە تەنگەکان بواریان نەدەدا فڕۆکەکانمان بەنزمی بفڕن و کاری خۆ بکەن کە تەنیا لەو ڕێگەیەوە دەیانتوانی دەست بوەشێنن". هەرچەندە هەموو ئەمانە فاکتەری یاریدەدەر بوون بۆ کوردو بەرهەڵست وکۆسپ بوون بۆ کاری هێزی نیزامی عێراقی، ئەوجاش زیانی کورد گەلەک بوو، بەتایبەتی لە نێوبردنی ڕان و گاگەل و ماڵات کە بنەمایەکی بنەڕەتی بژێوی و ژیانیانی پێک دەهێنا. ئەمە جگە لە سوتاندنی مەزراو پاوان و پوش، هەر هەموو ئەمانە گیروگرفتی گەورەیان بۆ کورد دەنایەوە.

سەرەڕای هەموو ئەم گیروگرفتانەی کە حکوومەت بۆ شۆڕشگێڕانی کوردی چێ دەکرد، ئەوجاش نەیدەتوانی شۆڕشەکەیان سەرکوت بکات و لە نێوی بەرێت یان ڕایبگرێت. بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەم هێرشە توندوتیژانەی حکوومەت بووە مایەی نزیک بوونەوەی ئاشکرای ڕەوت و ڕێبازە کوردییە جیاجیاکان لێکدی و زیادبوونی چالاکی هاوبەشیان، تەنانەت تەیارێکی چەپی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە دوای دەرچونی بارزانی، لە بەغدا مابووەوە بەناوی ئەوەی گوایە هاوئاهەنگی لەگەڵ باقی ڕێکخراوە چەپەکان، بەحزبی شیوعی عێراقیشەوە دەکات، تەنانەت ئەم تەیارەش بارەگای لێکنا و لێبڕا پەیوەندی بەشۆڕشەوە بکات. بەمەش هەموو دەزگا حزبی یەکە هاتە شاخ.

ئەم دوا گۆڕانکارییە، یارمەتی شۆڕشگێڕەکانیدا کە لە ڕووی ڕێکخستننەوە خۆیان بەهێز بکەن، کە تا ئەو کاتە لەو ڕەوەوە لاواز بوون. ئەوە بوو کادران و ئەندامانی لێهاتووی پارت تەرخان کران بۆ کاری حزب و کەوتنە بەهێزکردنی لایەنی سیاسی مەسەلەکە، کە ئەویش تا ئەوکاتە بێ خودان و پشتگوێ خراو بوو، ئەوە بوو کادران و ئەندامانی حزبی ڕوویان کردە ناوچە دوورە دەستەکان تا هوشیاری سیاسی لە نێو جەماوەری جووتیاراندا بڵاوبکەنەوە. هەر لەو کاتانەوە دیاربوو کە جۆرە دابەشکردنێکی کار لە نێو شۆڕشدا هەیە: لەو دەمانەدا کە دەزگای حزبی، کە بارزانی سەرۆکی بێ هەڤڕکی بوو، خۆی بۆ چەلەنگی و چالاکی سیاسی تەرخان کرد بوو، بارزانی هەموو هەوڵ و کۆششی و کاتی خۆی بۆ پرۆسەی بنیاتنانی سوپای شۆڕش تەرخان کرد.

سوپایەکی شۆڕشگێڕ لە جەنگاوەرانی شەڕی پارتیزانی

وەکو چۆن هوشیاری سیاسی لە لای کوردی عێراق پەرەی سەند، لە بواری جەنگاوەریشدا پەرەسەندنی دیار ڕوویدا. بۆ یەکەم جار لە مێژووی خەباتی چەکداری کوردا هێماو نیشانەکانی لە دایکبوونی سوپایەکی شۆڕشگێڕ لە ئاسۆوە دەرکەوت. کورد جاران پشتیان بەجەنگاوەرانی هەمە جۆری خێڵەکان دەبەست و هەر بەو شێوەیەش لە سەدەکانی ڕابردوودا شەڕی ئێران و عوسمانییەکانیان کردبوو. ئەو شێوەیەش بریتی بوو لەوەی کە ناو بەناو داوا لە خێڵەکان دەکرا بەشداری لە کردەی سوپاییدا بکەن، جا ئەوانەش پاش ئەوەی کارەکانیان ئەنجامدەدا دەگەڕانەوە بۆ گوندو شوێنی خۆیان و درێژەیان بەژیانی مەدەنی ئاسایی خۆیان دەدا، وەک مەڕومالات بەخێوکردن و کشتوکاڵ کردن. چەکەکانیان، لە دەرێی گوند، یان لە ئەشکەوتە دوورە دەستەکاندا دەشاردەوە تا حکوومەتی عێراقی نەتوانێ بیاندۆزێتەوە و دەستیان بەسەردابگرێ و خاوەنەکانیان بەناوی یاریدەدانی شۆڕشگێڕانەوە، دەستگیر بکات. هەڵبەتە ئەم سیستەمە، زۆر لایەنی خراوی هەبوو. لە پێش هەموویانەوە ئەوە بوو کە پیاوانی خێڵەکان گوێڕایەڵی سیستەمێکی یەکگرتووی ورد نەبوون، کۆنترۆڵکردن و ئاراستەکردنیان زەحمەت بوو. هەروەها زەحمەت بوو لە هەموو کاتێکی پێویستدا بانگ بکرێن بۆ چەک هەڵگرتن؛ چونکە هەندێکیان خەڵکانی سەر بەخێڵی کۆچەر بوون یان لەو کاتە پێویستانەدا سەرقاڵی کاری جووتیاری و وەرزێڕی خۆیان دەبوون و نەیاندەپەرژا. بەڵام ئەزموون و تەجرەبەی مەیدانی بارزانی و کارکردنی لە لەشکری نیزامی کۆماری مهاباد گەیاندییە قەناعەتێک، کە دامودەزگاکانی پارتیش هەمان قەناعەتیان هەبوو، کە پێویستە هێزێکی سوپایی دایمی هەبێ و لە ڕووی سیاسییەوە ئامادە و پەروەردە بکرێت. ڕاوبۆچوونی هەردووک لا لەو خاڵەدا یەکیان گرتەوە کە قۆناغی ئێستا وا دەخوازێ لەشکرێکی نیمچە نیزامی (عەسکەری) لە هێزی پێشمەرگە پێک بهێنرێ کە بتوانی ئەرکە مێژووییەکان لە ئەستۆ بگرێ.

هەرچەندە هێڵی جەبهەش لەم شۆڕشەدا هێڵێکی نە چەسپاو و ناجێگیر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویست بوو چەند پێگە و سەنگەرێکی پشتەوە و ڕێگاوبان و پرد بپارێزرێن و تەنیا پشت بەگرتنی شوێنانی کاتی نەبەسترێ، بەڵکو ئەو شوێنانە بخرێنە ژێر ڕکێفی تەواوەتی و بەردەوامی شۆڕش یان هیچ نەبێ بۆ ماوەیەکی زۆر لە بن دەستی شۆڕشدا بمێنێتەوە.

سروشتی جوگرافی کوردستان کە پڕە لە دۆڵ و شوێنی شاخاوی و سەخت و عاسێ و قایم، ڕێی لەشکرێکی نیمچە نیزامی دەدا کە لە شێوەی شەڕی پارتیزانیدا چالاکی خۆیان ئەنجام بدەن و لە ناوچە ڕزگارکراو و نیمچە ڕزگارکراوەکانەوە دەرچن و پەلاماری هێز و سەنگەر و پێگەکانی دوژمن بدەن و پاشان بگەڕێنەوە بۆ شوێنە سەخت و قایمەکانی خۆیان تا لەوێندەر وەحەسێن و خۆ بۆ کاری نیزامی و هێرشی تازە ساز بدەن.

لە ساڵی ١٩٦٢وە ئیدی (لەشکری شۆڕشی کوردستان) دامەزرا. سەربازانی ئەم لەشکرە پێیان دەگوترا پێشمەرگە. ئەفسەرەکان پێیان دەگوترا سەرمەرگە. بڕیاردرا لەشکری نێوبراو یەک جۆرە جلوبەرگی هەبێ کە بریتی بوو لە جلی کوردی خاکی و قەمسەڵە و شاشکی کوردی. پێکهاتەی ئەم لەشکرە بەم جۆرە بوو: دەستە،پەل، لق = ١٠٠ جەنگاوەر، بەتالێون ٣٠٠-٤٠٠ جەنگاوەر... فەرماندە و مەسوولی ناوچەکان و هێزەکانیش دیاری کرا. هێز بریتی بوو لە ٢,٠٠٠- ٥,٠٠٠ جەنگاوەر... هەر هێزێک بەناوی ئەو ناوچەیە یان شارۆچکەیەوە نێودەنرا کە لە سنووریدا بوو. ئەم هێزە لە سەری بوو پێشمەرگەکانی بجولێنێ و مەشقیان دابدات و هاوئاهەنگی دەگەڵ جەنگاوەرانی خێڵەکاندا بکات.

چەکی پێشمەرگە هەمەجۆر بوو: سەرچاوەی چەکیان، هەموو دەوڵەتانی دنیا بوون؛ بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی خاوەنی پیشەسازی سوپایی بوون. مەحاڵ بوو بەچەکی شانی پێشمەرگەدا بزانرێ کە چ دەوڵەتێک چەک بەکورد دەدات. چەکی هەمەجۆریان لە شان بوو؛ بەریتانی، بەلجیکی، ئەمریکی، ڕووسی، تفەنگی ئەڵمانیی مونتاژ کراوی ئێران، ماوزەڕی تورکی، ڕەشاش و دەمانچەی (برێن) و (ستێن) و چەند بازۆکایەکیان -یش پێ بوو کە هەندێ ژێدەر دەبێژن گوایە کورد لە کۆمەڵەی (دەستی ڕەش)یان کڕیوە. هەروەها هەندێ نارنجۆکی دەستی و مینی دژەتانکی دەستکردی خۆماڵییان هەبوو، هەندێ هاوەنی جەوەڵی کە لە هێزەکانی عێراقیان گرتبوو. هەندێ دەستە و مەفرەزەش لەو چەکانەیان پێ بوو کە کاتی خۆی بارزانییەکان لە دوای ڕووخانی کۆماری مهاباد و گەڕانەوەیان لە ساڵی ١٩٤٧ لە ئێران. لەگەڵ خۆدا هێنا بوویان.

بەڵام سەرچاوەی هەرە سەرەکی چەکی لەشکری کوردستان خودی سوپای عێراقی بوو. عەبدوڵڵا پشدەری کە یەکێک بوو لە ئامیر هێزەکان بۆی گێرامەوە: "دەچووین لایان و بەپێی پێویستی خۆمان چەک و تەقەمەنیمان لێ وەردەگرتن. هەروەها ئەو خەڵکانەی کە لە ناو سوپای عێراقییەوە هەڵدەهاتن و پەیوەندییان بەئێمەوە دەکرد، هەرچییەکیان لە

چەک و تەقەمەنی و شتی دی بەردەست بکەوتایە لەگەڵ خۆدا دەیانهێنا. ئەمەش بۆ خۆی چەکێکی زۆری بۆ دابین دەکردین". بەپێی مەزەندە و تەقدیری ئەو چاودێرە سوپاییانەی کە چاودێری ئەم بزاڤە کوردییەیان کردووە، ژمارەی ئەو سەرباز و پۆلیسانەی کە پەیوەندییان بەشۆڕشەوە کردووە تا ساڵی ١٩٦٢ گەییوەتە پتر لە ٣ هەزار کەس. هێزەکانی بارزانی، کە ژمارەیان ١٠-٢٠ هەزار کەسێک دەبوو، توانیان بەهاوکاری جەنگاوەرانی خێڵە کوردەکان، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢ دا دەسەڵات بەسەر بەشی هەرەزۆری کوردستانی عێراقدا بگرن و ڕۆژنامەوانانی بێگانەیان دەعوت کرد تا سەردانی ناوچە ڕزگارکراوەکان بکەن و ڕووداو و دەنگوباسان تۆمار بکەن... هەروەها ڕێکخراوی خاچی سووری نێو دەوڵەتیش داوای کرد ڕێی بدرێ چەند یەکەیەک بنێرێ بۆ ناوچەکە تا یارمەتی خەڵکی مەدەنی و قوربانیانی کاری تیرۆری هێزی ئاسمانی عێراقی بدەن. بەڵام حکوومەتی عێراقی زۆر بەتوندی ئەو داوایەی ڕەتکرەوە و قاییل نەبوو کە خاچی سوور چ یەکەیەک بۆ ئەوێندەر بنێرێ.

شایەت عەیانێکی ئێرانی، کە لەو سەروبەندەدا لە ناوچەکە بووە، بەتەوسەوە و بەم جۆرە باسی وەزع و حاڵی هێزی عێراقی کردووە: "دەزگا ڕەسمییەکانی ڕاگەیاندنی عێراقی، هەر کاتێ قافڵەیەکی زرێپۆش و تانکی عێراقی بیتوانیایە بگاتە یەکەیەکی عێراقی گەمارۆدراو لەلایەن پێشمەرگەوە یان یەکەیەکی جێگر لەو ناوچانەی کە ژێردەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوون، ئیدی دەیکرد بەرۆژی خۆی و ئەمەی وەکو سەرکەوتنی سوپایی گەورە بڵاودەکردەوە و ئیدی ئەم جۆرە جموجوڵە وا دەردەخرا کە سەرکەوتنی گەورەیە بەسەر هێزی یاخی بوواندا.

بەڵام شۆڕشگێڕان هەموو شاخ و بەرزاییەکانی دەوروبەری ئەم یەکانەیان دەگرت و هەموو ڕێیەکیان لێدەگرت. جا ئەو هێزە عێراقیانەی بەهەزار شەڕەشەق و بەخەسارەتی زۆرەوە دەگەیینە ئەو شوێنانە، کاتێکیان بەخۆ دەزانی چواردەوریان گیراوە و هەڕەشەی نەمانیان لە سەرە و ناتوانن پەل ببزێون. لە ئەنجامدا چ چارێکیان نەدەما تەنیا ئەوە نەبێ لە شوێنی خۆدا سەنگەر لێ بدەن و خۆیان قایم بکەن و چاوەنۆڕ بن بەفڕۆکە ئازوقە و خواردەمەنی و پێداویستییەکانی تریان بۆ بخرێتە خوارەوە. یان ڕێگەی پاشەکشە بگرنە بەر و زەرەر و زیانێکی زۆری گیانی و ماددی قەبوڵ بکەن و ناوچەکە بۆ کوردەکان بەجێ بهێڵن و بگەڕێنەوە بۆ ئەو بنکانەی کە لێوەی هاتبوون".

دیارە ئەم کردەی پاشەکشەیە، بۆ سوپای عێراقی کە شارەزایی لێی نەبوو، قورسترین

کردەی سوپایی بوو، زۆر جار هێزێکی پشتیوان دەنێردرا بۆ یارمەتی ئەو یەکانە تا بەسەلامەتی پاشەکشە بکەن. هەنگێنێ شۆڕشگێڕانی کورد پەلاماری ئەو هێزی پشتیوانەشیان دەدا و بەمەرەدی یەکەکانی تریان دەبردن... هەڵبەتە سوپای عێراقی زەرەرێکی یەکجار گەورەی لەم کردارە سوپاییە بێ ئاکامانە کرد. ژمارەی کوژراوانی سوپای عێراقی لە ساڵی ١٩٦١ دا گەیبە پتر لە سێ هەزار کەس، وەکو ئاماژەمان بۆ کرد سێ هەزار کەسی تریش پەیوەندییان بەهێزی پێشمەرگەوە کرد.

ئێمە گەلی ئایندەین

حەقیقەتێک لە گۆڕێ بوو کە ڕۆژ بەرۆژ پتر ڕوون دەبووەوە تا وای لێهات لە لای هەمووان هەمان مەعنای پەیدا کرد، ئەویش ئەوە بوو کە هیچ یەکێک لەم دوولایەنە ناکۆکە نەیدەتوانی بەبێ کۆمەکی دەرەکی بەسەر لایەکەی دیدا سەربکەوێ. بەڵام زلهێزەکان وێرای ئەوەی کە بەم حەقیقەتەیان دەزانی، ئەوجاش نەیاندەویست خۆ لەم کێشەو ئاستەنگە هەڵقورتێنن، بەتایبەتی کە هێشتا چ ئاسۆ و مەودایەکی ڕوونی دیار نەبوو. یەکێتیی سۆڤیەت کە کاتی خۆی بارزانی داڵدە دابوو و مافی پەنابەری سیاسی دابویێ، هەڵوێستی بەرانبەر بەشۆڕش ڕاڕا بوو. ئەو دەنگوباس و هەواڵانەش کە گوایە فڕۆکەکانی سۆڤیەت بەشەو دێنە ئاسمانی کوردستان و چەک و تەقەمەنی و پێداویستییە لوجستییەکانی دی بۆ شۆڕشگێڕانی کورد دەخەنە خوارەوە، هیچ بنج و بناوانێکی نەبوو، بەڵکو زادەی خەیاڵی ڕۆژنامە نوسێکی خەڵکی ئەڵمانیای فیدراڵی بوو کە هێشتا لە کەشو هەوای جەنگی ساردا دەژیا و پێی وابوو سوپای سۆڤیەتی خاکی کوردستان وەکو پردێکی زەمینی بەکاردێنێ بۆ گەیشتن بەئاوی کەنداوی فارس. وەختێ تەنگژە و قەیرانی نێوان قاسم و کورد گەیبە لوتکە، قاسم، شاندێکی ڕەسمی بۆ مۆسکۆ نارد تا وا لە سۆڤیەت بگەیەنێ کە بارزانی بەکرێگیراوێکی ئیمپریالزمە، و داوای کۆمەکی سوپایی لە سۆڤیەت بکات بۆ ڕژێمی عێراقی. وا دیارە سەرانی کرملین، وەکو چۆن گۆڤاری (دیر شپیگل)ی ئەڵمانی نووسیویەتی، هەڵوێستەکەیان بەم جۆرە هەڵسەنگاندووە و تاوتوێ کردووە: قاسم کە قەرزاربار و چاوبەرەخواری چاکەی سۆڤیەتی دەبێت، لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بۆ سۆڤیەت چاکترە و کەڵکی زیاتر دەبێت لە سەرۆکی کوردی (ڕەوەند) لەم پێودانگەوە، سۆڤیەت چ کۆمەکێکی ڕاستەوخۆی کوردی نەکرد. بەڵکو بەپێچەوانەوە چەندین فڕۆکەی جەنگی تیژەفڕی دا بەرژێمی بەغدا.

بارزانی لەو ڕۆژگارەدا لە دەرگای لایەنەکەی تر، واتا لە دەرگای وڵاتە یەکگرتوەکانیشی دا و داوای لێکرد کە یارمەتی گەلی کوردی چەوساوە بدات. بارزانی هەمان ناوەرۆک و گازی لەو بروسکەیەشدا دووبارە کردەوە کە ناردی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان. بارزانی لە ساڵی ١٩٦٢دا بەدانا ئادەم سمیث-ی ڕۆژنامەنووسی گوت: «ئێمە گەلی ئایندەین» بەسەرکۆمارەکەت بڵێ: "ئێمە قاسم لە نێو دەبەین و توانای ئەوەمان دەبێت بەردی بناغەی هێمنترین و جێگیرترین دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دابنەین، ئەگەر ئەمریکا دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکات". بەڵام واشنتون بەرانبەر بەو داواو گازییە بێ دەنگ بوو و لە جێی خۆی نەجوولا.

هەروەها دەوڵەتەکانی دیکەش، ئەوانەی ناوچەکەیان بەلاوە مەبەست بوو، زۆر بەهێمنی و دوو دڵییەوە چاوەڕوانی پەرەسەندنی ڕووداوەکانیان دەکرد و چاودێریان دەکرد. گەلێک لە بەرعۆدە و مەسوولانی ئیسرائیل ڕایانگەیاند، کە لە کاتێکدا ئازادی هەر نەتەوەیەک بەرەوا و پێویست دەزانن، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پاراستنی ئارامی و سەقامگیری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بۆ ئەوان لە هەر شتێکی دی پێویستتر و گرینگترە. دیارە حاڵی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش لەوە چاکتر نەبوو. لە مۆسکۆدا مقۆمقۆ پەیدا بوو گوایە ترسی ئەوە لە گۆڕێیە هاوکاری لە نێوان کورد و جولەکەدا بەرقەرار بێ. ڕادیۆی بەریتانیاش سۆڤیەتی بەوە تاوانبار دەکرد کە پشتگیری بزاڤی کوردان دەکات. لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەگەری ئەڵمانیای دیموکراتی، حکومەتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوای بەوە تاوانبار دەکرد کە پشتیوانی ڕێکخستنە نهێنییەکانی کورد دەکات.

دەوڵەمەندترین وڵاتی کودەتای سوپایی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا

جیاوازی ڕاوبۆچوونان لەمەڕ تەبیعەت و ماهیەتی بزاڤی کوردی ڕەوشی سوپایی لە خودی کوردستاندا نەگۆڕی. لەوکاتانەدا کە شۆڕشگێڕانی کورد زۆر بەمکومی ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیان دەپاراست، خۆشەویستی میللی قاسم بەهۆی ئاکامی لەشکرکێشییەکانی بۆ سەر کورد، تەواو هاتە خوارەوەو ئەو خۆشەویستییەی جارانی لە لای خەڵکی نەما... هەروەها شیوعییەکان و نەتەوەییە ناسرییەکان لە مەیدانی سیاسەتی نێوخۆدا کەوتنە گوشار خستنە سەر قاسم. قاسم سەیری کرد تەنیا یەک ڕێی لەبەرە تا لەم ئاستەنگە دەرباز بێ و هەم دڵی نەتەوەییەکان و هەم دڵی هێزەکانی دژ بەئیمپریالزم ڕازی بکات؛ ئەویش قوماری داگیرکردنی کوێت بەهێزی سوپایی. ئەم داوایەی عێراق هەمان

هەراو هەنگامەی نایەوە کە لە سەردەمی مەلیک غازی یەکەمدا نایەوە. جا بۆ جێ بەجێکردنی ئەم مەبەستە، قاسم هەستا چەندین هێزی سوپایی گەورەی لەکوردستان و هەڵبەتە لە ڕووی نەزانییەوە لە خودی بەغداوە کێشایەوە و لە نزیکی بەندەری بەسرەدا خڕی کردنەوە. بەڵام ئەم قومارە بۆی بوو بەتەوقی شەڕو بەر لەوەی دەست بەجێ بەجێکردنی بکات، چووە گەردنی خۆی: بەیانی ڕۆژی ١٩٦٣/٢/٨ چەند ئەفسەرێکی هەوادارو سەر بەحزبی بەعس کودەتایان لێکرد. بەمەش قۆناغێکی تازە لە مێژووی عێراقدا دەستیپێکردو بوو بەدەوڵەمەندترین وڵاتی کودەتای سوپایی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا؛ ئەوحزبی بەعسەی کە لە دیمەشق دامەزراو لە ئایندەدا دەوری کاریگەی لە مێژووی گەلی کوردا بینی، خۆی بەحزبێکی ناسیونال سوسیالست دەزانی و لە پێناوی بوژانەوەو ژیانەوەی نەتەوەی عەرەبدا دەخەبتی... ئەم حزبەلە عێراقدا دەسەڵاتی گرتە دەست و ئیدی دوایساڵێک لە سوریاش هاتە سەر حوکم. سەر کردەی کودەتاکە عبدالسلام عارف بوو کە لە ڕۆژانی هەوەڵی شۆڕشی ١٩٥٨/٧/١٤دا جێگری سەرەک وەزیران و وەزیری ناوخۆ بوو. پاش سەرکەوتنی کودەتای ساڵی ١٩٦٣ پلەی موشیری بەخۆی دا. قاسم، لە ناو وەزارەتخانەی بەرگریدا بوو کە هێزی کودەتاچییەکان بەفڕۆکە و تانکەوە پەلاماریان دا. هەر چەند بەرگری لە خۆی کردو هێزێکی شەش سەدکەسی لە چەتربازان پشتیوانیان لێکردو تا دوافیشەک شەڕیانکرد، بەڵام لە ئەنجامدا هێزی کودە تاچییان خۆیان بەنێو وەزارەتخانەی بەرگری دا کرد و قاسم-یان لەژێر دارو پەردووواندا دەرهێناو هاواری بەسەردا دەکردن: "من ڕزگارکەری گەلی عێراقم" ئەوە بوو پاش ماوەیەکی کورت بەپێی "داب و نەریتی عێراقی" ئیعدام کراو ڕێ و ڕەسمی ئیعدام کردنەکەیان لە ڕادیۆوە ڕاستەوخۆ بڵاوکردەوە.

کورد بوو بوون بەهێزێکی سوپایی گرینگ. عێراق لە ڕووی ئایینی و سیاسی و نەتەوەییەوە حاڵی شڕبوو. کورد ئەم گۆڕانکارییەی ڕژێمیان بەدەرفەت زانی بۆ گەڕاندنەوەی هاوسەنگی سیاسی لە عێراقدا. پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشترو ژێراوژێر پەیوەندییان لەگەڵ گەورە لێپرسراوێکی باڵی سوپایی حزبی بەعس دا، لە قۆناغی خۆ ئامادە کردندا بۆ ئەم کودەتایە، کرد بوو. ئەو ڕۆژە قەرار درابوو کورد پشتیوانی ڕژێمی ئایندەی بەعسی بکات و ئەوانیش لەبری ئەمە دان بەئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراقدا بنەن. بۆیە کومیتەی ناوەندی پارتی، یەکسەرو پاش سەرکەوتنی کودەتاکە، بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ حوکمرانی تازە نارد.

لەو کاتانەدا کە عارف سەرقاڵی هێرشی پاکسازی بوو کە زۆر جاران شێوەی قەساوخانەی بەشەریی دەگرتەخۆ. لەم هێرشانەدا دوا لایەنگرانی قاسم لە نێو بران و هەزاران شیوعی دەستگیرکران و کوژران. ڕێک لەم کاتانەدا یەکەمین گفتوگۆ لە نێوان حکوومەت و کوردا دەستی پێکرد. لە مانگی ئازاردا فەرمانڕەوای تازە بەخشینێکی گشتی بۆ هەموو جەنگاوەرانی کورد دەرکرد. کەچی (شاندێکی میللی) لە بەغداوە بەرەو چیا سەرکەش و سەختەکانی مەڵبەندی بارزانی کەوتەڕێ. شاندی نێوبراو ڕووبەڕووی پیاوێکی نەرمونیانی دڵاوا بوونەوە، کە بەخۆشیان باوەڕیان نەدەکرد. بارزانی دەستبەرداری زۆر داخوازی لاوەکی بوو، و هەر هەموو ئەو گومانەی ڕەواندەوە کە گوایە بەنیازی جیابوونەوەیە.

بەڵام بارزانی لە هەمان کاتدا بە دوودڵی و ترسەوە دەیڕوانییە ئەو گۆڕانکارییە گشتیانەی کە لە مەیدانی عەرەبیدا ڕوویان دەدا. توانی سوود لە گفتوگۆی یەکێتیی فیدرالی نێوان عێراق و سوریا و میسر لە قاهیرە بگرێ و یەکێک لە پیاوەکانی خۆی (کە پاشان بوو بەیەکێک لە خەنیمەکانی)؛ جەلال تاڵەبانی لەگەڵ وەفدی عێراقیدا بۆ ئەوێندەر بنێرێ. تاڵەبانی، لە بەیروت، بەدەم ڕێوە بۆ قاهیرە، بەنوێنەرانی ڕۆژنامەگەری ڕاگەیاند کە گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتدا ساردی تێ کەوتووە، نەپچڕاوە و تەنیا دواخراوە؛ چونکە مەسەلەی یەکێتیی عەرەب بۆ حکوومەتی عێراقی پێویستتر و گیرینگترە و کوردیش دەیانەوێ لە نزیکەوە چاودێری ئەم گفتوگۆیە بکەن و ئەو شوێنە بزانن کە وەک نەتەوەیەکی ناعەرەب لە نێومالّی عەرەبی هاوبەشدا بۆی دانراوە. جەمال عەبدولناسر، لە قاهیرە وەکو هەموو جارێک، هاوسۆزی خۆی بۆ دۆزی کوردی دەربڕی، بێ ئەوەی قسەیەکی وەها بکات کە ببێ بەماڵ بەسەرییەوە، هەروەها وەڵامی ئەو پێشنیازەشی نەدایەوە کە جەلال تاڵەبانی پێشکەشی کرد و بریتی بوو لەوەی هەرێمێکی کوردی لە نێو هەرێمەکانی دەوڵەتی فیدرالی تازەدا هەبێ و کوردی پارچەکانی تری کوردستانیش بتوانن بێنە ناوییەوە و لەگەڵی تێکەڵ بن.

(لۆمۆند)ی فەرەنسی لەو ماوەیەدا ڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەوانی عەبدولناسری بڵاو کردەوە کە دەڵێ: "بەبۆچوونی ئەو شەڕ دژی کورد کارێکی ناپەسندە و هاوکاری عەرەبی بەرانبەر بەئیسرائیل لاواز دەکات". ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە کورد "ڕۆڵەی نەتەوەیەکی ڕەسەنن و مێژوویەکی دێرینیان هەیە". هەر لەو ڕاگەیاندە ڕۆژنامەوانییەدا دەڵێ: "کورد ڕۆژگارێکی دوورودرێژ لەگەڵ دراوسێ عەرەبەکانیاندا ژیاون" عەبدولناسر لە

سەری دەڕوات و دەڵێ ئەو پێشنیاز و بیروبۆچوونانەی کە نوێنەرێکی بارزانی پێی ڕاگەیاندووە بەڕای ئەو (ناسر) قابیلی جێبەجێ کردنە، دەشڵێ ئامۆژگاری موشیر عارفی کردووە کە داخوازییە ڕەواکانی کورد قەبوڵ بکات.

سیاسەتی هەڕەشە و تەماح خستنەبەر

بەڵام ئامۆژگارییەکەی ناسر و ئامادەیی ناسر کە گوشار بخاتە سەر ڕژێمی بەعسی بەغدا تا بەقسەی بکەن و کورد بەلای خۆدا ڕاکێشن و ئەمە قازانجی عەرەبە، سەری نەگرت. هەرچەندە گفتوگۆیەکە زۆر بەخاوی و سستی دەڕۆیی، بەڵام وادیاربوو حکومەتی بەغدا بڕیاری دابوو لەسەر هەمان سیاسەتی کۆن، واتا سیاسەتی شەق و نان، بڕوات. لەلایەکەوە قانونی کارگێڕی لامەرکەزی کە لە ١٩٦٣/٧/١ دەرچوو، و وەزع و حاڵی کەمە نەتەوەییەکانی ڕەچاوکرد بوو؛ هەر بەپێی ئەو قانونە ڕێدرا زمانی کوردی وەکو زمانی ڕەسمی لە پارێزگای سلێمانیدا کە تازە لە سێ یەکەی کارگێڕی پێک هێنرا بوو، بەکار بێت... لەلایەکی ترەوە حکومەت کەوتە گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی ئەو شوێنانەی کە کورد بەچاوی تایبەتییەوە تەماشایان دەکرد و بریتی بوون لە ناوچە پڕ نەوتەکانی کەرکووک و خانەقین و ناوچە ئێزدی نیشتەکانی ئەم بەر و ئەوبەری ڕووباری دیجلە (شێخان و ژەنگار) ئەوەبوو دەست کرا بەدەرکردن و ڕاگوێزانی کورد لەو ناوچانە.

ئاشکرایە حکومەت دەیویست بەم کارەی، ڕووبەری ناوچە کوردنشینەکان کەم بکاتەوە و بریتی بێ لە ناوچە شاخاوییە سەختە دوورەدەستەکانی باکوری ڕۆژهەڵات و ناوچە کوردنشینە پڕ نەوتەکان بکات بەناوچەی عەرەبنشین. ئەوەبوو لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا هەزاران ماڵباتی کورد لەو ناوچانەوە بەئۆتۆمبێلی سوپایی باربەر، بۆ قوڵایی بیابانەکانی باشووری عێراق ڕاگوێزران و لە نێو کەپرو چیخدا نیشتەجێ کران و بەتۆبزی ملکەچی سیاسەتێکی داڕێژراوی تواندنەوەی نەتەوەیی کران. لەم لاشەوە هەزاران کرێکاری عەرەب بەخۆو عەیالەوە گواسترانەوە بۆ ئەم ناوچە پڕ نەوتانە و لەوێندەر ئاکنجی کران. "تەسکەرە و ناسنامەی درۆشیان بۆ پڕکرایەوە کە گوایە لە دایک بوو و دانیشتووی ئەو ناوچەیەن". بەڵام حکومەت هەر زوو نیازی ڕاستەقینەی خۆی دەرخست و هەموو ئەندامانی ئەو شاندە کوردییەی گرت کە بۆ گفتوگۆ لە بەغدا بوون... ئەوە بوو حکومەت لە شەوی ٩-١٠/٦دا بەڕاشکاوی ڕایگەیاند کە گفتوگۆی لەگەڵ کوردا بڕی و شەڕیان لەگەڵ دەکات... مێژوونووسی تورک (جەمال ئالاداغ) لە باسی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی عێراقدا، بەم

جۆرە باسی ڕووداوێکی ئەوسای شاری سلێمانی کردووە: "لەو شەوەدا کە حزبی بەعس لێبڕا پەلاماری کورد بدات، حەرەس قەومی بەعس، ٢٦٧ کەسیان لە ڕۆشنبیر و منداڵ و نیشتمانپەروەرانی کوردی شاری سلێمانی لە نێو جێگە هێنانە دەرێ و بۆ دەرێی شاریان بردن و لە وێندەر فەرمانیان پێکرا کە گۆڕێکی دەستەجەمی هەڵکەنن، ئەوسا هەموو بەر دەستڕێژی گوللە دران و هەموویان لەو چاڵەدا نێژران، ڕێک وەکو ئەو قەسابخانانەی کە هیتلەر بۆ جولەکەی دانان".

بۆ ڕۆژی دوایی هەڕەشە لەلایەنگرانی بارزانی کرا و داوایان لێ کرا بێ هیچ مەرجێک خۆ بەدەستەوە بدەن و لەیەک کاتدا بەتۆمەتی کومونیستی و زایۆنیستی و جوداخوازی تاوانبارکران. هەروەها هەڕەشەی کوشتن لەوانە کرا کە حەز دەکەن لە ڕیزی بارزانیدا بمێننەوە و بەگژ سوپای عێراقیدا بچن کە بەرەو ناوچەکە پێشڕەوی دەکات.

هەرەشەی ئەوەش کرا لە هەر گوندێکەوە تاقە یەک فیشەک بتەقێنرێ و تاقە تەقەیەک لە سوپای عێراقی یان حەرەس قەومی یان جاشەکان بکرێ، یان هەر گوندێک دالدەی (یاخی)یان-ی کورد بدەن، ئەوا ئەو گوندە تەخت دەکرێ. ئەوجا خەڵات و پاداشتێکی سێ ملیۆن مارکی، کە دواتر زیاد کرا بۆ پازدە ملیۆن مارک، تەرخان کرا بۆ هەر کەسێک مەلامستەفا بەزندوویەتی یان بەمردوویەتی دەستگیر بکات. ئا بەم جۆرە لەشکرکێشی گەورە بۆ سەر ئەم کەمە نەتەوەیە کە ئامادەنەبوو ملکەچی فەرمانەکانی ڕژێم بێ، دەستی پێکرد.

دەمانتوانی وەکو کۆتر ڕاویان بکەین

ناکۆکی بەینی کورد و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، سەرەڕای گۆڕانی حکوومەتەکانیش هەر وەکو خۆی مایەوە؛ ئیدی لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم پێیاوەرە تا عەبدولسەلام عارف و زەعیم عەبدولڕەحمان عارفی برای (١٩٦٦) و تا دەگاتە لیوا ئەحمەد حەسەن بەکر.

(بیرنهارد لیبیرمان)ی ڕۆژنامەوانی نەمساوی لە گۆڤاری (یانەی نوێ)دا بەم جۆرە باسی ئەو حاڵەتەی کردووە: "حاڵەتەکە لە هەوەڵەوە بەگفتوگۆ دەربارەی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دەست پێ دەکات، ئەوجا نۆرەی چەند هێرشێکی کۆچاندن و ڕاگوێزان دێت، پاشان هێرشی ئاسمانی دەست پێ دەکات و لە ئەنجامدا شەڕی سەخت و بەرفراوان هەڵدەگیرسێت".

ڕێسایەکی دیکەش لە هەموو ئەم قۆناغانەدا خۆی دووبارە کردەوە و بەنەگۆڕی مایەوە و

له هاوینی ١٩٦٣شدا هەر بەنەگۆڕی مایەوە.لەشکرکێشی و هێرشەکانی عێراق وەکو چاوەنۆڕ دەکرا چ سەرکەوتنێکیان بەسەر شۆڕشگێڕانی کوردا نەهێنا. هێزی پێشمەرگە، بەرەڤانی و بەرگری لە سەنگەر و پێگە و شوێنەکانی خۆی کرد و توانی پاشەکشە بەهێزەکانی عێراق بکات کە ژمارەیان پتر لە شەست هەزار سەرباز دەبوو. بۆ یەکەم جار و لە مەیدانی ئەم شەڕانەدا کارایی و کاریگەری ڕێکخستنی نیمچە نیزامی لەشکری کورد بەدیارکەوت، ئەو لەشکرو هێزانەی وایان لێ هات تەنیا بەوەندە نەوەستن کە پەلاماری هێزی پشتیوان و یاریدەدەری عێراقی بدەن و ناو بەناو سووکە هێرشێک بکەنە سەر دوژمن. بەڵکو یەکە کوردییە مەشق دیدەکان گەیینە ئاستێک بتوانن بەپێی نەخشەی تایبەتی دژە هێرش بکەن و هێزی دوژمن تەفروتونا بکەن.

بۆیە یەکەمین جار هێزێکی گەورەی پێشمەرگەی پتر لە یەک لیوا جەنگاوەر، لە مانگی تەموزدا و لە چیای هەیبەسوڵتاندا ڕووبەڕووی هێزێکی حکوومەت بوونەوە، هێزی حکوومەت کە هەستی کرد دەرەقەت نایەت و تێشکانێکی پڕ شەرمەزاری لە بەردەمە، بەناچاری لە مەیدانی شەڕ هەڵات و پاشەکشەی کرد. هەروەها لە ناوچە شاخاوییە سەخت و عاسییەکانی دەوروبەری ڕواندزدا کە پڕە لە دۆڵ و شیو و لوتکە و زنار و پێچ و پەنایان، کەتیبەیەکی پیادەی عێراقی لە بن و بساتەوە لە نێوبرا، هەروەها کەتیبەیەکی تریش تەفر و توناکرا و زەرەر و زیانێکی ماڵی و گیانی زۆری لێ کەوت.

تیمێک لە پەیامنێرانی دەزگای ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئەڵمانیای فیدرالی (NRD) پاش سەفەرێکی دژواری مەیلە و ئەفسوناوی، خۆی گەیاندە ئەو ناوچانە و بەچاوی خۆیان ئەو ڕووداوانەیان بینی و فلیمی سینەماییان لەسەر ئەو شەڕانە و ئاکامەکانی ئەو شەڕانە ئامادە کرد.

(ک.دیتمان)ی ڕۆژنامەوان بەم جۆرە باسی ئەو ڕووداوانەی گێراوەتەوە: "شەڕەکە ڕۆژێک درێژەی کێشا. پێشمەرگە ڕۆژی پێشوو پردێکی ئاسنیان تەقاندەوە کەوا مەزەندە دەکرا قافڵەیەکی نیزامی دەیەوێ بەسەریدا بپەڕێتەوە. ئەوجا پێشمەرگە لە دووری سەد مەترێک لە پشت پردەکەوە، لە پاڵ تاوێرە بەردەکاندا سەنگەریان گرت و چاوەڕوانی هاتنی هێزەکانی حکوومەت بوون. هەرکە بەرایی ئەم هێزەی حکوومەت گەیی، فەرماندەی هێزی حکوومەت فەرمانی دا ئۆتۆمبێلێکی جێب قیادە بنێردرێ بۆ پشت پردەکە تا شناسایی ناوچەکە بکات و بزانێ لەوێندەر چ باسە، کاتێ قافڵە حکوومەتییەکە هیچ ئشارەتێکی بەگومانی لە جێبەکەوە پێ نەگەیی، ئەمە دڵنیای کردن کە گوایە دنیا ئارامەو

چ شتێک لە گۆڕێ دا نییە، هەرچەندە جێبەکە نەشگەڕایەوە. هەر کە قافڵە حکوومەتییەکە وەگەڕ کەوت ئیدی لە هەموو لایەکەوە گوللە بڕنەوو دەسڕێژی ڕەشاشی عەیار١٢/٧ ملم وەکو بارانی بوهارێ لە سەنگەرەکانی پێشمەرگەوە بەسەریاندا داباری، سەنگەری پێشمەرگە بەبەرزاییەکانی دیار جادەکەوە بوون، بەمەش قافڵە حکوومەتییەکە بوو بەهەدەفێکی ئاسان و زەق و کەوتە بەر ڕەحمەتی گوللەی ئەنگێوەی کوردی ناسراو بەدەست ڕاستی و قافڵەکە بەجارێ شڕ و وڕ بوو".

ڕۆژنامەوانی نێوبراو، پرۆسەی یەخسیرکرنی ئەو سەربازانەشی تۆمار کردووە کە لە شەڕەکەدا نە کوژران و بەسەلامەتی دەرچوون و لە خانوویەکی بەبەرد دروستکراوی نزیکی شوێنی بۆسەکەدا حەبس کران. هەروەها دەربارەی جادەکەشی نووسیوە کە چۆن پڕبووە لە پاشماوەی ئۆتۆمبێلی نیزامی باربەری سوتاو و جێب قیادەی ڕووسی. پێشمەرگە، بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی، سەربازە بریندارەکانیان؛ ئەوانەی برینەکانیان قورس بوو، بەئۆتۆمبێلی نیزامی ناردەوە بۆ یەکە و سەربازخانەکانی خۆیان بەڵام یەخسیرەکانی دی، لە سەرباز و ئەفسەر، بۆخەستەخانەکانی پشتەوەی شۆڕش ڕەوانە کران. دەربارەی چارەنووسی خەڵکەکەی دی، دیتمان بەشێوازێکی ئەوتۆ نووسیویەتی کە ترسی پێوە دیارە؛ ترس لەو تارمایی مەرگەی کەباڵی بەسەر هەموو ناوچەکەدا کێشاوە: "سەندوقێکی لە پەتۆوە پێچراوی لە خۆڵا چەقیو... یەکەم جەنازە بوو کە چاوم پێی کەوت... تا لە لوتکە قوچەکان نزیکتر دەبوینەوە جەنازەی زۆرمان دەهاتە ڕێ. ئەو ڕۆژە ١٧یا ١٥ بگرە پتر لە چل جەنازەم تەنیا لەو لوتکەیەدا بینی... کوردێکی ڕدێن زەرد یاوەرمان بوو، بەزمانی ئینگلیزی و بەداخ و کەسەرەوە گوتی: "نازانم بۆ ویستوویانە بگەنە ئەم لوتکەیە. ئایا پێیان وابووە دەتوانن تێیدا بمێننەوە و بیپارێزن، تا هێزی کۆمەک و پشتیوانی سوپایی تریان دەگاتێ؟ هەڵەی کوشندەیان ئەمە بوو؛ چونکە ئیمە دەمانتوانی وەکو کۆتر ڕاویان بکەین... جەنازەی دیکەش لە نێو دار و دەوەنەکاندا هەن گەر حەز دەکەی بیاندینی".

دیتمان دەڵێ ژمارەی تەواوەتی ئەو جەنازانەی کە لە مەیدانی شەڕەکەدا ژماردونی، پتر لە هەشتا جەنازەی سەربازانی سوپای عێراقی بووە، ئەو سوپایەی کە لە بنەڕەتدا بۆ شەڕی دەشت و بیابان ئامادەکرابوو نەک بۆ شەڕی نێو چیایان: "هەشتا جەنازەی لاوی هاوتەمەنی من، کە دەکرا لە بەغدا یان لە مووسڵدا بیاندینی. هەشتا جەنازەی بێ جوڵە کە ورده ورده و بەپێی تێپەڕبوونی کات ڕەنگی خاکەکەیان وەردەگرت؛ کاتێ هەتاو لە لوتکەی چیا بەرزەکان نزیک دەبووەوە و بەرەو خۆرنشین دادەکشا".

وا دیارە کوردەکان هەموو جەنازەکانیان نەناشتبێ، ئەمەم پاش دە ساڵ بۆ ڕوون بووەوە کاتێ لە پاییزی ساڵی **١٩٧٣**دا بەیاوەری وێنەگرێکی ئاژانسی سفین سیمون و چەند یاوەرێکی کورد سەردانی ناوچەکەم کردەوە.

ئەو ڕۆژە بەچیاکەی تەنیشت شاری ڕواندزدا هەڵگەڕاین، ئەو چیایەی کە کەتیبەیەکی عێراقی تێدا لە نێو برابوو. لێرەولەوێ ئێسک و پروسکی ڕەنگ بواردوومان دەبینی. کە دەستم دایە یەکێک لەو ئێسکانە بۆم دەرکەت کە ئیسکی ڕانە، کە زیاتر ناوچەکە گەڕاین، ئێسک و پروسکی پترمان بەرچاو کەوت، ئیدی هەتاو و با و باران کاریان تێ کردبوون و ڕەنگێکی ئامال قاوەییان وەرگرتبوو. زۆر بەڕێز و حورمەتەوە ئیسکەکانمان لە جێی خۆ دانایەوە. دیارە یاوەرەکانیشمان لە ئاستی ئەم دیمەنەدا کڕ و بێ دەنگ بوون. کاتێ ئیوارێ چووینە خانوویەکی لە بەرد دروستکراو کە بەتەما بووین شەو لەوێندەر ڕۆژ بکەینەوە و هەموو شنگمان لەبەر بڕا بوو. ئەوکاتە حەقیقەتی شتەکەمان بۆ بەدیار کەوت و زۆر سەرسامی کردین: کاک عەبدوڵڵا پشدەری کە پێشمەرگەیەکی دەوراندیدە بوو و پتر لە شۆڕش و ڕاپەرینێکی بینی بوو، بەشێوازێکی زۆر هێدی و بێ ئەوەی خۆی شێلو بکات بۆی باسکردین کە کورد بۆیە هەموو جەنازەکان ناشارنەوە تا ئەگەر حکوومەتی بەغدا قوەتێکی دیکەی نیزامی بنێرێ بۆ ئەم شاخانە، با سەربازەکان بەچاوی خۆیان بیدینن کە چ چارەنووسێکیان لە پێشە.

تابلۆیەکی سریالی لە ئاسن و خشت

کوردیش، لە شەڕگەکان و بگرە لە نێو خەڵکی مەدەنی-یشدا زەرەر و زیانی زۆریان وێکەوت. هێزی حکوومەت لەم هێرش و لەشکرکێشی یەدا **٨٧٥** گوندی کوردیان داگیر و تەخت کرد. خەڵکی ئەم گوندە بێ دیفاعانە، بەر لەوەی فڕۆکەی عێراقی بکەونە بۆردومانی گوندەکانیان، پەنایان وەبەر دۆڵ و بناران برد بوو، تا لە پاڵ تاوێراندا خۆ پەنا بدەن؛ بۆیەش ئەمەیان کرد بوو، چونکە دارو درەختی قەد پاڵ و بنارەکان گەلەک تەنگ بوون و بەشی خۆوەشارانی ئەو خەڵکەی نەدەکرد. فڕۆکەی عێراقی زەبری کوشندەیان لە کورد دا، بەتایبەتی لە قۆناغەکانی هەوەڵی هەڵگیرسانی شەڕدا. چونکە خەڵکەکە، بەتایبەت ژن و منداڵ ئەزموونی ئەوەیان نەبوو لە کاتی هاتنی فڕۆکاندا چۆن خۆ وەشێرن، بۆیە هەرکە گوێیان لە دەنگی هاتنی فڕکان دەبوو، لە ماڵ دەردەپەڕینە دەرێ و دەکەوتنە ئەو ساکەگۆڕە و ئیدی فڕۆکەی سەر بەهێزی عێراقی و دەستکری بەریتانی و سۆڤیەتی،

دەکەوتنە دروێنەیان. تیمێکی ڕۆژنامەوانی سەر بەگۆڤاری (شتیرن)ی ئەڵمانی و وێنەگری فەرەنساوی (کلود دیفارجیە) و نووسەری ئەڵمانی (گوردیان ترویلر) توانیان هەندێ بەڵگەنامەی زیندوو بەدەست بێنن کە ئەم کارە تیرۆرکاری و کۆکوژییەی مەدەنیانی بێ چەک مەحکوم بکات، ئەویش لە ڕێگەی وێنەگرتن و تۆمار کردنی دەنگی خەڵکییەوە. ئەم تیمە دوای بیست و چوار سەعات ڕێ بەپێ وبەسواری قاتر، بەشەکەتی و ماندویەتی لە ڕێگەی ئێرانەوە خۆیان بەیەکەم شاری کوردستانی عێراقیدا کرد. گوردیان، دەربارەی ئەم سەفەرەی نووسیوە و دەڵێ: "پاش ئەم سەفەرە دژوارە پیاو تەنیا بیر لە یەک شت دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە بەزەیی بەحاڵی خۆیدا بێتەوە، ژێوان بێ لەوەی کە ئەم هەموو ئەزیەتەی خۆی داوە ئەمجا بۆ شوێنی بگەڕێ کە لێی پاڵ بکەوێ... بەڵام ئەو دیمەنەی دیتمان، بەس بوو بۆ ئەوەی بیر لە هیچ شتێکی زاتی نەکەیەوە. بەسەرسامی لە بەردەم دیمەنی شاردا وەستاین، سێیەکی خانووەکانی شار بەر بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق کەوتبوون و ڕووخابوون و بوو بوون بەدار و پەرد و. نیمچە مەحاڵ بوو پەیوەندییەکی مەنتیقی لە نێوان ئەو خەڵکەی کە بەر لە بۆردومانەکە لێرە دەژیان و لە نێوان شێوە و دیمەنی ئەوخشت وشیش و ئاسنەدا بدۆزییەوە کە تەواو لە تابلۆیەکی سوریالی دەچوو. بەڵام هەستمان دەکرد تا تۆزێک لە مەوبەر ژیان لەبن دار و پەردوی ئەم شارە چکۆلەیەوە هەڵدەقووڵا، پێم وایە جەنازەی هەژارێک هەست و سۆزی مرۆڤانی زیاتر دەهاڕوژێنێ تا دەوڵەمەندێکی تێک شکاو.

کاتێ چەند پیاوێکی چەکداری کورد لە نێودار و پەردوەکانەوە وەدەرکەوتن و بەرەو پیرمان هاتن، هەستم کرد هەر هەموویان مژول و سەرقاڵی بنیاتنانەوەی ماڵە ڕووخاوەکانن؛ ئەگەر وایان نەکردبایە، شەوێ لە سەرماندا ڕەق دەبوونەوە. هەر هەموو بەمنداڵ و ژن و پیرەمێرەوە بەشداری بنیاتنانەوەی خانووەکانیان دەکرد. کە خودا قوەت و ماندوونەبوونیان لێکدی دەکرد، چ ڕووناکی و بزەیەکی نەدەکەوتە سەر سیمایان. زۆر سەرمان لە هەڵسوکەوت و جموجوڵی بێ وچانی ئەمانە سوڕما؛ ڕەنگە هۆیەکەی ئەوە بووبێ کە لە ناخی خۆدا زانیویانە ئەوەی ئەمڕۆ ڕۆیدەنەوە، سبەینێ دەبێت بەهەدەفی بۆردومانێکیتر و دەروخێتەوە. چونکە چ چەکێکی دژە ئاسمانی نەبوو کە ئەم شارە بپارێزێت و لەو چارەنووسە سەیرەی دووربخاتەوە.

پشتیوانییەکی دیپلۆماسی لە بلۆکی ڕۆژهەڵاتەوە

هەمـوو هەوڵ و تەقەلاکـانی حکوومەت بەفـیـرۆ چوو. بـارزانی لە کۆتایی سـاڵی ١٩٦٣دا فەرمانڕەوای ڕاسـتـەقـینەی هەمـوو کوردسـتـان بوو جگە لە دەشـتـاییـەکان و هەندێ شاری گەورە. هێندەی هێز هەبوو بتوانێ چاودێری ئەو ڕووداوە سیاسـیانەی جیـهـان بکات کە ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ خۆیدا هێنانی. سۆڤیەتەکان، لەلایەکەوە حەزیان نەدەکرد یەکێتیی عەرەب سەربگرێ و لەلایەکی تریشـەوە ڕژێمی عـارف کەوتە ڕاوەدوونانی شوعـیـیـەکان، بۆیە دانیـان بەشۆڕشگێڕانی کوردا ناو ئەو پرۆسەی "کـۆکوژی و قـەتڵ و عـامـەیان کـە لە عـێـراقـدا بەرقـەرار بوو" مـەحکوم کـرد. ڕادیۆی مـوسکۆ لە حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٦٣دا. ڕایگەیاند کە "کورد تاقم و دەستەیەکی تەعەداکەر نین، بەڵکو خەبتینی وان، بەرگرییە لە خۆیان".

سۆڤیـەت ئەو هەمـوو چەک و تەقـەمـەنی و تفاقـە سـوپاییانەشیان ڕاگـرت کە لە دوای شۆڕشی قـاسم-ەوە (١٩٥٨) بۆ عـێـراق دەنێردرا. بەڵام بەریـتـانـیا بەلەز ئەمەی قـۆزتەوە، نەک هەر چەکی قورس و تەقـەمەنی بەعـێراق دا، بگرە ئەرکی مـەشقـدادانی ئەفسـەرانی عێراقیشی گرتە ئەستۆ. یەکێتیی سۆڤیەتیش لە لای خۆیەوە کەوتە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگایەک تا دۆزی کـوردی بگەیەنێـتـە کـەناڵە جیـهـانییـەکـان و بیـخـاتە بەردەم نەتەوە یەکگرتوەکان کە ئەو دەمانە هێشتا ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی ئەوتۆ بوو کە متمانە بەخۆی و بەسکرتێرەکەی (یوثانت) دەکرا. لە مانگی حوزەیراندا مەنگولیای میللی. کە لە هەموو دەوڵەتەکان پتر گوێڕایەڵی مـوسکۆ بوو، لە یاداشتنامەیەکدا داوای لە سکرتێری نەتەوە یەکگرتوەکان کرد کە مەسەلەی کورد بخرێتە خشتەی کارەکانی کۆبوونەوەکانی ئایندەی کۆمـەڵەی گشـتـییەوە. هەنجـەتی مەنگۆلیا ئەوە بوو کە ئەمە ناڕەزاییەکە دەربارەی ئەو قـەسـابخـانانەی هێـزی ئاسـمـانی عـێـراقی دژی خـەڵکی مـەدەنی بەرپایان کـردووە و بانگەوازێکە بۆ ڕاگرتن و وەستانی دەستبەجێی شەڕ... یەکێتی سۆڤیەتیش داوایەکی لەو چەشنەی خستە بەردەست ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوەیەکگرتووەکان. هەروەها کـەناڵ و دەزگـاکـانی ڕاگـەیاندنی دەوڵەتی بلۆکی ڕۆژهەڵات، بەتایبـەتی ئەڵمـانیـای دیموکراتی، گەلە کۆمەکێیەکی بەربڵاویان کرد بۆ پشتیوانی و هاوکاری گەلی کورد... ڕەنگە تەنیـا ڕێکەوت بوو بێ کـە ڕێکخـراوی بەرگـری لە مـافی مـرۆڤ، لە مـانگی ت١ هەمـان ساڵدا حکوومەتی عێراقی بەوە تاوانبار و مەحکوم بکات کە (قەتڵ و عام) دەکات. ئەم

هەڵمەتە دیپلۆماسییە بەرفراوانەی دەوڵەتە کۆمۆنیستییەکان بۆ پشتیوانی لە دۆزێکی ڕەوای حـاشا هەڵنەگـری وەکـو دۆزی کـورد، کـارێکی وای کـرد، هەڵوێسـتی ئەو دەوڵەتە ڕۆژئاواییانەی کە دروشمی بەرگری لە مافی مرۆڤیان هەڵگرتبوو، زۆر لاواز بکەوێتە ڕوو.

(دیریک کینان)ی دیپلۆمات، توانی ئەوکارەساتە مێژووییەی کە لە ساڵی ١٩٤٥وە و تا نـهـوژی بزاڤی ڕزگـاریخـوازی کـوردی گـێـژ دەدا، ڕوون بـکاتەوە و لەم بارەیەوە نووسی: (ڕای گشتی) لە زۆربەی وڵاتە دیموکراتییـەکـاندا دوور و نزیک چاوەدێری ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردی دەکرد و بەئاشکرا هاوسۆزی دەگەڵ دەکرد. بەتایبەتی کە وێنەی کورد لە هزر و بیری عەوامی خەڵکی ئەو وڵاتانەدا، وێنەی پیاوانی ڕەشید و جوامێر و ڕۆڵەی نەتەوەی کۆن و ڕەسەن بوو و، لە بەدبەختی خۆیاندا بەسەر سێ وڵاتاندا دابەش کرابوون، ڕێک وەکو حاڵی پوڵەندای بەر لە سەد و بیست ساڵ. لە ڕۆژئاواشدا بایەخ بەکورد دەدرا ئیدی چ بایەخ بەو لایەنی ڕۆمانسییـەی لەمەڕ کورد و وڵاتی کوردەواری بیسترابوو، چ وەکو جۆرە هاوبەشییەکی ویژدانی بووبێ لەو چارەنووس و قەدەرەی بەسەر کوردا سەپێنرا بوو. لەلایەکی دییەوە، بەریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکان هاوپەیمانی تورکیا و ئێران بوون و نەیاندەویست ئەو وڵاتانە لە خۆ بڕەنجێنن و هەستیان بریندار بکەن. وەختێ یەکێتی سۆڤیەت دەستبەرداری ناردنی چەک بوو بۆ عێراق، بەریتانیا و ئەمریکا جێگاکەیان گرتەوە. ئەمە وای لە یەکێتیی سۆڤیەت کرد کە ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا بەوە تاوانبار بکات کە شەریکن لە هەڵمەتی قڕکردنی نەتەوەی کوردا کە لە پێناوی ئازادی خۆیدا دەخەبتێ؛ ئەلهەقی یەکێتیی سۆڤیەت لەم خاڵەدا لەسەر هەق بوو". کورد، کە دیتیان یەکێتیی سۆڤیەتی مەزن نەک هەر لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە کۆمەکیان دەکات بەڵکو ئەوەتا لە بواری پراتیک-یشدا کەوتۆتە خۆ بۆ پشتیوانی دۆزەکەیان، ئیدی هومێدێکیان وەبەر هاتەوە و دڵخوشی خۆیانە بەوە دەدایەوە کە سۆڤیەت دەست بدەنە باڵ دۆزەکەیان و تەنانەت بارەڕیان وابوو کە کۆمەکی بواری ڕاگەیاندنش خۆی لە خۆیدا کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەیە و خزمەتێکی گەورەی دۆزی گەلەکەیان دەکات. بەڵام کاتێ کۆمەڵەی گشتی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی ئەیلولدا دەستی بەکۆبوونەوەکانی خۆی کرد، کوردەکان تووشی ناهومێدییەکی گەورە بوون: ئەنگۆلیا بێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک یاداشتنامەکەی خۆی وەرگرتەوە و ژێوان بوەوە. دیاربوو یەکێتیی سۆڤیەت، کەوا دەزانرا لە پشت ئەم هەنگاوەوە بووبێ، جارێکی دی سیاسەتی خۆی بەرانبەر بەگەلی کورد گۆڕی و هەمدیس بەلای عێراقدا بایدایەوە.

بارزانی، کە بەم گۆڕانکارییە ڕیشەییەی سیاسەتی سۆڤیەتی زانی، ڕایگەیاند کە ڕۆژێک لە ڕۆژان باوەڕی بەوە نەبووە "کورد بتوانێ لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە بەمافەکانی خۆی بگات". و "سەرکەوتنی ئێمە تەنیا لە لولەی تفەنگدایە و هەر تفەنگ و قوەت ئەنجامی خەباتمان دیاری دەکات". بەڵام لە قسەکەیدا بۆ هاوڕێکانی، حەقیقەتێکی باس نەکرد ئەویش ئەوەبوو کە کورد ڕەنگە بەخۆیان هۆیەک بووبن بۆ ئەم بادانەوە کوتوپڕ و گێڕ گۆڕینە لە نکاوەی سۆڤیەت.

ئایا هەموو عەرەب نەژادن؟!

جگە لەو باسانەی سەرێ، کورد هەندێ دەستکەوت و سەرکەوتنی نیزامی بەدەست هێنابوو کە مژدەی سەر کەوتنی پێ بوو، عێراق لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٣ وە دووچاری کێشەو ململانێی بەردەوام بوو بوو لە سەردەسەلات. عارفی سەرکۆمار لەم ململانێیەدا سەرکەوت و باڵی چەپی حزبی بەعس لەسەر حوکم لادا. سوپا زۆر ماندوو بوو، عارف و باڵی ڕاستی حزبی بەعس بەسەرکردایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر، کە پاشان لە ساڵی ١٩٦٨دا بوو بەسەرکۆماری عێراق، لەگەڵ کوردا کەوتنە گفتوگۆ. لە شوباتی ١٩٦٤ دا بەڵێنیان دا "کەلە چوار چێوەی گەلی عێراقدا مافی نەتەوەیی کورد بدەن". ئەوە بوو بەناوبژیوانی جەمال عەبدولناسر و ئەحمەد بن بلا-ی سەرۆکی جەزایر، شەڕ وەستا و ئاگر بەس ڕاگەیەنرا. بەڵام ڕێسا گشتییەکەی پەیوەندی کوردی- عێراقی زۆری دەوام نەکرد، عارف جێ پێی خۆی قایم کرد، هەر کە هەستی بەقوەتی خۆی کردو جڵەوی حوکمی گرتە دەست، ڕێسای گۆڕین دوبارە بوەوە. ئەوەبوو میداڵێکی تازە داهێنرا و نێونرا میداڵی ئازایەتی. ئەم میداڵە بەو کەسانە دەبەخشرا "کە بەشدارییان لە دامرکاندنەوەی یاخیبوونی یاخییان و خیانەتکاران و پاککردنەوەی خاکی وڵاتی خۆشەویستمان لە جودا خوازان و نۆکەرانی ئیمپریالیزم دەکرد". زۆر مەسوول و بەرعۆدەی ڕەسمی بەئاشکرا ڕایانگەیاند کە "ئەوەی ڕاستی بێ گەلێک نییە بەنێوی کورد. ئەو خێڵ و تیرەو تایفانەش کە ئێژن کوردین، بەڕەگ و نەژاد عەرەبن". ئەمە دەقاو دەق کاوێژکردنەوەی ئەو قسانەیە کە مەسوول و بەرعۆدە تورکەکان کردویانە بەبنێشتە خۆشەی ژێردانیان. ئەوە بوو جارەکی دی شەڕ هەڵگیرسایەوە.

لەلایەکی دییەوە، یەکەم قەیرانی نێو سەرکردایەتی کوردی سەری هەڵدا. جەلال تاڵەبانی، بارزانی بەوە تاوانبار دەکرد کە لە گفتوگۆدا لەگەڵ حکومەت هەڵوێستی

تاکڕەوانەی دکتاتۆرانەی هەبووە. دیارە ئەمە هەنجەتێک بوو تا لە سەرەوە کودەتایەک لە نێو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەرپا بکات، (نیسانی ١٩٦٤) بەڵام نەیتوانی بەسەر (لایەنگرانی بارزانی)دا کە زۆرینە بوون لە نێو پارتیدا، سەربکەوێ. تاڵەبانی هیچی بەهیچ نەکرد و ناچار لەگەڵ تاخمێک لە هەوادارانی خۆیدا بۆ ئێران هەڵهات.

بارزانی، پاش سەرنەکەوتنی ئەم هەوڵی دووبەرەکییە، پایەی خۆی بەهێزکرد. لە مانگی تشرینی یەکەمدا فەرمانیدا و ئەنجومەنێکی سەرکردایەتی شۆرش لە ٦٣ کەس پێکهێنرا، تا دەزگایەکی ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی عێراقدا یەک لایەنە دابنەن بێ ئەوەی گوێ بەڕەزامەندی حکومەتی ناوەندی بدەن. ئەنجومەنی نێو براو نەک هەر نوێنەری خەڵکی ناوچە ڕزگارکراوەکانی لەخۆ گرت، بەڵکو جگە لە کورد، نوێنەری مەسیحییەکانی کوردستانیشی، کە بریتی بوون لە ئاسوری و ئەرسەدۆکس و کلدان و کاسۆلیک و نوێنەری تورکمانیشی گرتە خۆ.

بارزانی، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٤دا کۆمەڵێک داخوازی، کە لەلایەن ئەم ئەنجومەنەوە داڕێژرابووەوە، پێشکەش بەحکومەت کرد و داوای ئاشتی و ئۆتۆنۆمی تەواوەتی بۆ کوردستانی عێراق کرد. هەرچەندە ئەو پەیوەندی و گفتوگۆیانەی لە ئەنجامی ئەم هەنگاوەوە هاتنە گۆڕێ هیچ ئاکامێکیان نەبوو، بەڵام بایەخەکەی لەوەدابوو کە ئەو بیر و بۆچوونانەی لەو قۆناغەی گفتوگۆ کەدا موناقەشەکران، پاشان بوونە بناغە بۆدارشتنی نێوەرۆکی بەیانی ئازاری ١٩٧٠ و بوو بەبناغەیەکی پتەو بۆ هەموو ئەو گفتوگۆیانەی بەمەبەستی چارەسەری یەکجارەکی ناکۆکییەکان دەکران.

ئەگەرچی لە شاری سلێمانیدا قۆناغێکی تری گفتوگۆ دەست پێکرایەوە، بەڵام لەراستیدا بەمەبەستی خۆسازدان بوو بۆ شەڕ، ئەوەبوو لە ئایاری ساڵی ١٩٦٥ دا هێرشێکی سوپایی گەورە دەستێپیکرد. ئەم هێرشەش مایە پوچ مایەوە و بووە هۆی "رووخان و وێران کردنی گوندێکی زۆر بەهۆی بۆردومانی ئاسمانییەوە. ویرانییەکی ئابووری فراوان هەموو کوردستانی گرتەوە. ئەمە جگە لە هەشت هەزار کوژرا و پێنج هەزار بریندار لە ریزەکانی سوپای عێراقی دا". وەکو مێژوونوسی میسری (القمراوی) لە ساڵی ١٩٦٧ دا باسی کردووە. لە کۆتایی ساڵدا (عەبدولڕەحمان بەزاز) پۆستی سەرەک وەزیرانی عێراقی وەرگرت؛ سێیەم کەس بوو کە لەو ساڵەدا ئەم پۆستە لە ئەستۆ بگرێ. ئەم پیاوەش لەسەر هەمان سیاسەت بەردەوام بوو. ئەوەبوو لە سەردەمی ئەودا هێرشێکی دی دەستی پێکرد بەمەبەستی پێشڕەوی بەرەو سنووری عێراق- ئێران و پاشان لەتکردنی

بەرەی کورد بۆ ناوچەی باکور و ناوچەی باشوور. هێزەکانی حکوومەت سیاسەتی (زەمینی سوتماک)یان زۆر بەفراوانی بەکارهێنا. ئەمە وای لە کورد کرد هێندەی دی ڕق ئەستوور بن و عەزمیان جەزم بکەن و ڕژد بن لەسەر شەڕی مان و نەمان و بەرگری و بەرەڤانی لە هەر بستە خاکێکی خۆیان. ئا بەم جۆرە ئەم هێرشەش کە تا مانگی ک ٢-ی ساڵی ئایندە بەردەوام بوو، دوچاری شکستێکی گەورە بوو؛ ئەم شەڕە بەحەساوی تەعلیقێکی ڕادیۆی دەنگی کوردستان ڕۆژی یەک ملیۆن دۆلار لەسەر حکوومەتی عێراقی دەکەوت.

پاش ئەوەی فڕۆکە هەلیکۆپتەرەکەی عەبدولسەلام عارفی سەرکۆمار کەوتە خوارەوە و ئەفسەرە بەعسییە حوکمڕانەکان (عەبدولڕەحمان عارف)ی برایان لە جێی دانا، لە نیسانی ئەو ساڵەدا (١٩٦٦) قوناغێکی دیکەی گفتوگۆ دەستی پێکرد. لەوە دەچێت بارزانی زۆری هیوا بەعەبدولڕەحمان عارف هەبوو بێ، چونکە ئەوە بوو خێرا لە ١٩٦٦/٤/١٧دا پێشنیازی کرد کە شەڕ بۆ ماوەی مانگێک بوەستێ. عەبدولڕەحمان عارف ئەم پێشنیازەی بەلاوە سەیر و چاوەڕوان نەکراو بوو، خێرا پێی قاییل بوو، و بگرە سەرۆکی کوردی دەعوەت کرد بۆ بەغدا تا ڕاستەوخۆ گفتوگۆی لەگەڵ بکرێ. بەڵام بارزانی پیاوێکی پڕ ئەزموون بوو، هێشتا ئەو بەڵێنە جۆراوجۆرانەی لە بیر مابوون کە فەرمانڕەوایانی عەرەب دابویانێ و پاشان لێی پاشگەز بووبوونەوە، بۆیە لە وەڵامی ئەو دەعوەتەدا گوتی: (لە نەزانانەوە فێر بووم) و ئەم گوتەیە چووە مێژووەوە.

ڕووداوەکانی ئایندە، دروستی ئەو هەڵوێستەی بارزانی -یان سەلماند، عارف لەسەر هەمان سیاسەتی هەلپەرستانەی دوو فاقی فەرمانڕەوایانی پێش خۆی بەردەوام بوو: لەو ڕۆژەدا کە بارزانی بۆ سەردانی بەغدا دەعوەت کرد، قەرارێکی دەرکرد زەعیم شوکری ئەلعوقەیلی، کە زۆر لە کوردان کۆڵدار بوو، بکرێ بەسوپاسالاری سوپای عێراق و ژێراوژێر داوای لێکرد "بەیەکجارەکی کێشەی کورد لە نێو بەرێ و پاکی بکاتەوە". ئەوەبوو لە ١٩٦٦/٥/١ دا جارێکی دی شەڕ لە دۆڵ و چیاکانی کوردستان دەستی پێ کردەوە. عوقەیلی زۆر بەلەخۆباییبوونەوە ڕایگەیاند کە "خاینان لە سەرخاکی پیرۆزی کۆماری عێراقدا قڕ دەکات".

وانەیەک لە مەڕ بەڕێوەبردنی شەڕی جەبەڵی

بۆ یەکەم جار، لە سەرەتای دەستپێکردنی هێرشی عەسکەری بۆ سەر کوردستان، حکوومەتی عێراق توانی کەتیبەیەکی جەوەڵی بخاتە ناو شەڕەکانەوە. فەرمان بەم کەتیبەیە درا کە تەوەری نێوان ڕواندز و سنووری ئێران بگرێ، و ئەو تاقە ڕێگا هەرە گرینگە ببڕێ کە کورد بەکاری دێنن بۆ هێنانی پێداویستییە لوجستییەکانی خۆیان لە ئێرانەوە، ئەوجا کە لە داگیرکردنی تەوەرەکە بوەوە، ئەوجا قڕ بخەنە هێزی کورد لە حەوزی ڕواندزدا. بەڵام ئەوەبوو شەڕی کانییە کوردە قەوما؛ هەڵبەتە ڕەوتی ئەم شەڕانە هێندە پڕ ئەزموون و پەند و دەرس بوو کە تا ئێستاش لە زۆر کۆلیژ و دەزگای نیزامی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەخوێنرێ و هەڵدەسەنگێنرێ. ئەوەبوو پاشان بەبۆنەی ئەم سەرکەوتنەوە زۆر ئافەرین و ستایشی کورد کرا، پاش ئەوەی ڕۆژنامەوانان و نووسەرانی ڕۆژئاوایی، هەموو ورد و درشتێکی شەڕەکەیان تۆمارکرد و مانشێتی هەمیشەیی لەسەر لاپەرەی ڕۆژنامەکان دەرکەوت، وەک: "هێزی پێشمەرگە چەندین لیوای سوپای عێراقی دەبەزێنن و قڕدەکەن". ئەو زانیار و ژمارە دروست و ئامارە دەوڵەمەندانەی لەسەر شەڕەکە بڵاوبوونەوە، لە ڕاپۆرێکی فەرماندەی کوردی (عەبدوڵڵا پشدەری) و لێکۆڵینەوەیەکی زانستی پسپۆڕێکی نیزامی ئەڵمانی، کە لە ساڵی ١٩٧٠ دا ئامادەیکرد بوو، وەرگیراون، هەڵبەتە ئەمە لە پایەی ئەو دەستکەوتە مەزنەی کوردان کەم ناکاتەوە. بەپێی ئەم لێکۆڵینەوە زانستییە، سوپای عێراقی یەک لیوا و نیوی لە هێزەکانی خۆی، بەپشتیوانی سێ یان چوار کەتیبە تۆپخانە و پۆلێک فڕۆکەی جەنگی، لە حەوزی ڕواندزدا خڕ کردەوە. نەخشەی گشتی شەڕەکە، کە دوای شەڕەکە لە بارەگای لیوای چوارەمی جەبەڵیدا، لە بناری چیای هەندرێن؛ کە ٢٨٧٥ مەتر بەرزە، دۆزرایەوە، وا هی بووە کە هێزەکانی عێراق، زنجیرە چیاکانی نێوان لوتکەی هەندرێن و لوتکەی زۆزک کە (٢٢٠٠٠م) بەرزە، بگرن، ئەوجا پێشرەوی بکەن و لە هەردوو ڕەخی ڕێگەی هاملتۆن دابمەزرێن. ئەوجا نۆرەی کەتیبەی تانک دێت تا بەڕێگا نێودەوڵەتییەکەدا پێشڕەوی بکات بۆ ئەو هەدەفەی بۆی دانراوە. بەڵام سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، زانیاری تەواویان دەربارەی ژمارەی سەرباز و جۆری چەک و سەعاتی سفر و نەخشەی شەڕی هێزەکانی عێراق هەبوو، ئەم زانیاریانە لە ڕێگەی پیاوانی شۆڕشەوە، لە بەغداوە هاتبوو. کە باسی ئەو شەڕەم لە مسعود بارزانی پرسی، وەڵامی دایەوە، کە پیاوانی دەزگای پاراستن ئەو زانیاریانەیان وەدەست هێناوە. هەرچەندە

پسپۆڕانی نیزامی بێگانە پێیان وایە کورد لە ڕێگەی هاوئاهەنگی تەواوی موخابەراتی کوردی و موخابەراتی دەوڵەتێکی بێگانەوە تەفاسیلی نەخشە عێراقییەکەیان دەست کەوتوو.

بەهەر حاڵ کورد نەخشەیەکی بەرگرییان لەو تەوەرە گرینگە بەسەرپەرشتی فەرماندەییەکی ناوەندی، دانا. فەرماندەیی مەیدانی بە عەبدوڵڵا پشدەری سپێردرا. ئەم پیاوەم لە شەڕەکانی ١٩٧٤/١٩٧٥ دا بینی و ناسیاویم لەگەڵ پەیدا کرد، پیاوێکی باریکەڵەی چاوشین بوو، بەڕواڵەت لە نێچیرڤانێکی هێدی و هێمن دەچوو. پشدەری هێزێکی (٣٥٠٠) کەسی خڕکردەوە. کە عێراقییەکان بەهێزێکی (٢٠) هەزار کەسییەوە و پاش بۆردومانێکی چڕو پڕ هێرشیان دەستی پێکرد، کوردەکان زۆر بەتوندی بەرپەرچیان دانەوە، بەر پەرچدانەوەیەک کە لە ئەقڵدا نەبوو. ڕەوشەکە بوو بەکارەساتێکی ئاڵۆزکاو. شەڕ لە هەموو قۆڵەکانەوە گەرم بوو، لە ٥/٤ تا ١٠/٥/١٩٦٦ بەردەوام بوو. کوردەکان بەرگری و بەرەڤانییەکی قەهرەمانانەیان کرد: کەتیبەی چواری جەبەڵی هەموو چیای هەندرێنی گرت. هێزی حکوومەت لە قۆڵی زۆزکەوەش، هەرچەندە خەسارەتێکی زۆری لێ کەوت، پێشڕەوی خۆی هەرکرد. حکوومەت لەم شەڕانەدا پتر لە دوو هەزار جەنگاوەری لە دەست دا. هێزی عەسکەری تەواو شپرزە بوو، دەبوایە هێزە هێرشبەرەکەیان کە تەواو ورەی ڕووخا بوو و، نەترەی بەردا بوو و، شنگی لە بەر بڕابوو، بگۆڕن و بەگوێرەی ڕووداوە تازەکانی شەڕگە سازی بدەنەوە و دایمەزرێنن، بۆ ئەمە پێویستیان بە دوو ڕۆژان هەبوو.

پشدەری، لە شەوی دوانزەی ئایاردا، کە دڵنیا بوو ئەم تەوەرە هەرە گرینگە هەموو قوربانییەک دێنێ، بەخۆی فەرماندەیی هێرشێکی سەرکەوتوی وەهای کرد کە لە بنج و بناوانەوە ڕەوتی شەڕەکانی گۆڕی و ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر ئاکامی شەڕەکان. هەندێ مەفرەزی بچووکی پێشمەرگە، بەشەو و بەدزییەوە خۆیان بەبەینی هێزەکانی عێراقدا کرد و لە وێندەر خۆیان لە سەنگەری نادیاری ئەوتۆ نا کە هێزە عێراقییەکان پێیان نەحەسێن و لەوێ چاوەنۆڕی ئەمر و فەرمانی فەرماندەیی خۆیان کرد. نەخشەکەی پشدەری وەها بوو کە دژە هێرشی کوردان لە پاش نیورۆی ڕۆژی دواییدا، بەر لەخۆرنشین بەچەند سەعاتێک بکرێ؛ مەبەست ئەوە بوو کە هێزەکانی عێراق بخرێنە شەڕی شەوەکییەوە، کە هیچ شارەزاییەکیان لێی نییە، چارەنووسکی تریشەوە هێزی پێشمەرگە لە شەڕی فڕۆکەی عێراقی بخەلەسن، کە بەبولێڵی ئێواران و بەشەوان دەور و کاریگەییان نەدەما...

سەعات چواری ئێوارێ، تۆپبارانی کوردی دەستیپێکرد، هەرچەندە ئەم تۆپبارانە بۆ ئەو

بابەتە شەڕە هێندە کەم نمود بوو، مایەی پێکەنین بوو. بەڵام بەلای کوردەکانەوە هێزێکی زۆر گەورە بوو. پشدەری شەش تۆپی عەیار (٢٥) ڕەتڵی هێنا. ئەم تۆپانەیان لە شەڕەکانی پێشوترا لە سوپای عێراقی گرتبوو، کورد بۆ یەکەم جار تۆڕێکی پەیوەندی بێ تەلیان بەکارهێنا بۆ ئاراستەکردنی هەر شەش تۆپەکە. پشدەری فەرمانیدا هەر شەش تۆپەکە بەجارێ بارەگای کەتیبەی چواری جەبەڵی لە بناری چیای هەندرێندا تۆپباران بکەن. بارەگای نێوبراو زۆر بەچڕی تۆپباران کرا.

کە دنیا تاریک بوو بارەگای نێوبراو بەتەواوەتی داڕوخاو وێران بوو. کاتێ قوەت و یەکە عێراقییەکان لە بارەگای فەرماندەیی عەمەلیاتەکان دابڕان و ئەو پێشمەرگانەش کە دزەیان کرد بووە نێو هێڵەکانیانەوە، بەر دەستڕێژی لە پەستاو بێ پسانەوەیان دان، کەوتنە پاشەکشە لەو شوێنانەی کە گرتبوویان ئەوسا پشدەری فەرمانی دایە پێشمەرگە کە پەلاماری هێزە شپرێوەکانی عێراق بدەن. ئەوەبوو لەو قۆناغەدا ئەو پێنج کەتیبە عێراقییەی لە هێرشەکەدا بەشدارییان کرد بوو، واتا کەتیبەی ١،٤، ٥، و کەتیبەی ١٣،١٤، هەر هەموویان تەفر و تونا بوون و هێزی پێشمەرگەش بێ ئەوەی ڕەحمیان پێدا بکەن تا شەش سەد مەتری بارەگای سەربازەخانەکەیان لە (رواندز) ڕاویان نان.

پشدەری لە دوا ڕاپۆری خۆیدا بەئەعسابێکی ساردو گوزارشتێکی شاعیرانەوە باس دەکات کە سەدان جەنازە "هێشتا لە لوتکەی هندرێندا لە بن داربەڕووان دا کەوتووە، گەلەک جەنازەش لە نێو گوڵزاری بەهارداو لە ژێرتیشکی هەتاودا، سارد و سڕ کەوتوون و تیشکی هەتاوەکەش ناتوانێ زەڕەیەک گەرمی بەو جەنازانە ببەخشێت". ئەوجا بەکورتی لە سەری دەڕوات: "هەموو دەستکەوتەکان بەکەڵکی بەکار هێنان دێن". ئەوجا ژمارەی کوژراوانی هێزی عێراقی بە ١٨٠٠ کەس مەزەندە کردووە. هێزی پێشمەرگە جوابیان بۆ هەیئی سووری عێراقی نارد کە خەڵکانێک بنێرن بۆ وەرگرتنەوەی ئەو (٥٠٠) سەربازە عێراقییەی کە بەزامداری یەخسیر بوون.

هەڵبەتە ئاشکرایە کە کورد ئەم سەرکەوتنە مەزنەیان بەنرخێکی کەم بەدەست هێنا: پەنجا و دوو شەهید و سەد و سی بریندار. دەستکەوتەکانیان ئەمانە بوو: چواردە تۆپی جەبەلی، دوانزە تۆپی هاوەن، شەش تۆپی ڕەشاش، چل و چوار ڕەشاشی مام ناوەندی، سێ سەد ڕەشاشی سووک، پتر لە هەزار تفەنگ، چل و شەش جیهازی بێ تەل، تەقەمەنییەکی یەکجار زۆر، نەوەد و دوو خێوەتی گەورەی نیزامی (عەسکەری) و پتر لە پێنج سەد پەتۆ.

قۆناغی گفتوگۆ

پاش ئەم شکستە گەورەیەی عێراق، ئیدی هەردوولا حەزیان بەدەست پێ کردنی قۆناغێکی تری گفتوگۆ هەبوو. هەرچەندە ئەو سەرکەوتنەی کورد لە چاو خۆیدا لەسەر کورد هەرزان کەوت، بەڵام بارودۆخی ئابوورییان زۆر خراو بوو. بەتایبەتی پاش زستانێکی زۆر تووش کە بەدەست کەمی ئازوقەوە و لە ئەنجامی ئابلوقەی ئابووری عێراقەوە دەردی سەری زۆریان دیت. (عەبدولڕەحمان بەزاز)ی سەرەک وەزیرانی عێراق، کە بۆ نزیکەی بیست ساڵ دەچوو، یەکەم سەرەک وەزیرانی مەدەنی بوو، لە گوتەیەکدا ڕایگەیاند کە تاقە ڕێگەی دەربازکردنی وڵات لەو تەنگژە ئابوورییەی دوچاری بووە، کۆتایی هێنانە بەشەڕی باکور و ڕێکەوتنە لەگەڵ شورشگێڕانی کوردا... ئەوەبوو ڕێککەوتننامەیەکی دوانزە خاڵی لە ڕۆژی ١٩٦٦/٦/١٦ دا لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغداوە ڕاگەیەنرا و لە مێژوودا بە(ڕێککەوتنی بەزاز) ناسرا و ڕۆیی.

لە کۆتایی مانگی حوزەیراندا، بارزانی -ش ڕەزامەندی خۆی لەسەر ڕێککەوتنی نێوبراو ڕاگەیاند کە گرینگترین خاڵی ئەوە بوو زمانی کوردی دەبێتە زمانی خوێندن و زمانی ڕەسمی لە ناوچە کوردییەکانی وڵاتدا. خاڵێکی تری ڕێککەوتننامەکە لێبوردنی گشتی بوو بۆ جەنگاوەرانی کورد، ئامادەکردنی بەرنامەیەکی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی کوردستان کە جەنگ وێرانی کرد بوو. هەروەها گەڕانەوەی ئەو کوردانەی کە لە ساڵی ١٩٦٣ دا ڕاگوێزرا بوون، بۆ ناوچەکانی خۆیان. هەروەها ڕێککەوتننامەی گۆرین هەندێ بەندو خاڵی نهێنی تێدا بوو دەربارەی دامەزراندنی پارێزگایەکی کوردی لە شارۆچکە کوردنشینەکانی سەر بەپارێزگای مووسڵ و، بەردان و ئازادکردنی هەموو زیندانییە سیاسییەکانی عێراق نەک تەنیا کوردەکان. بەزاز لەسەر مەسئولیەتی خۆی بەند و خاڵەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیەی داڕشتبوو، هیچ پرس و ڕایەکی بەو خەڵکە نیزامییانە نەکرد بوو کە لە کۆتایی مانگی حوزەیراندا ویستیان کودەتایەک بکەن و ئەوجا ڕێککەوتننامەکە ڕەفز بکەن. ئەوەی بەزاز و عەبدولڕەحمان عارفی لە کەوتن ڕزگار دەکرد تەنیا ئەوەبوو دەسبەرداری ئەو بەڵێنانە ببن کە بەکوردیان دابوو، دەست بەگەڕێکی نوێی گفتوگۆ بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا بەغدا لە ماوەی دوو ساڵی گفتوگۆدا، زۆریان لە بەر کورد داهێنا، ڕەنگە هۆی ئەمە ئەو ترسە بوو بێ کە لەشکستی هەندرێندا دووچاری بوون و هێشتا لەبەر چاویان بوو. ئەوەبوو ڕێگە درا لە بەغدا ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بەهەر دووک زمانی کوردی و

عارەبی بەنێوی (برایەتی) (التآخي) دەربچێت. ئیدی عوقەیلی لە کوردان کۆڵدار لە پۆستەکەی لابرا و وەزارەتخانەیەک بۆ کاروباری باکور دانرا و وەزیرێکی کورد-یش بۆ کابینەی وەزارەتی عێراق زیاد کرا... ئەوەبوو دواتر، بەزاز ڕایگەیاند کە دەشیا ئەم سەرەتایە ببێ بەبناغەیەک بۆ چارەسەری یەکجاری کێشەی کورد لە عێراقدا. بەڵام جارێکی دی و لە ١٩٦٨/٧/١٧ دا (نەخۆشییە عێراقییەکە) سەری هەڵدایەوە؛ بەعسییە هەڤڕکەکانی عارف، بەسەرکردایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر و پشتیوانی چەند ئەفسەرێک کودەتایەکیان بەر پاکرد، ئەوە بوو ئەحمەد حەسەن بەکر دوای سیازدە ڕۆژو لە کودەتایەکی پاشتردا، لە ١٩٦٨/٧/٣٠دا هەمان ئەو ئەفسەرانەی کە پشتیوانیان لێ کرد، دووری خستنەوە و تڕۆی کردن.

هەرچەندە لە بەیانییەکەمی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا، کە ئەلبەکر دایمەزراند، ئاماژەیەک بۆ مەسەلەی کورد نەکرا، بەڵام لە هەندێ بڕیار و هەنگاوی دواتردا، بەشدارییەکی باشی کرد لە سووک کردنی کێشەو تەنگژەی نێوان کورد و حکوومەتی ناوەندی، کە بەلای زۆربەی چاودێرانەوە مایەی سەرسامی بوو. بۆ نموونە حکوومەت ڕایگەیاند کە بەنیازە زانستگەیەکی کوردی و کۆڕێکی زانیاری کوردی دابمەزرێنێ کە بارەگاکەی لە بەغدا بێ... ڕۆژی نەورۆز-یش کە جەژنی نەتەوەیی کوردە، کرا بەپشووی ڕەسمی لە عێراقدا.

بەڵام ئەو باری سەرنجە گشتیانەی کە لە مەڕ ئەم هەنگاوانە گەڵاڵە بوون، ئەوە بوو کە حکوومەت گەرەکییەتی لە دەسەڵاتی بارزانی کەم بکاتەوەو دووبەرەکی بخاتە نێو کوردانەوەو تەفرەقەیان تێ بخات. بەتایبەتی کە حکوومەت لە بەغدا حزبێکی کارتۆنی بەنێوی حزبی (رزگاری) دروست کرد و ئەوجا کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ جماعەتی تاڵەبانی لەلایەک و لەگەڵ شێخ و سەرانی خێڵە دوژمنەکانی بارزانی لەلایەکی دییەوە. هەروەها هێزێکی چەکداری لە کرێگرتەی کورد و عەرەب بەنێوی (سوارەی سەلاحەدین)ەوە دامەزراند، واتا بەناوی کەسایەتی ناسراوی کورد (سەلاحەدینی ئەیوبی)یەوە ناوی نا.

ناپاڵم و قەسابخانەی بەشەری

جگە لەو کردەوانەی سەرێ، حکومەتی عێراقی زاتی ئەوەی لە خۆیدا بینی کە دەست بەگەڕێکی تری شەڕی عەسکەری بکاتەوە. ئەوەبوو لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٦٩دا، هێزێکی شەست هەزار کەسی بەسەرکردایەتی خودی ئەلبەکر پەلاماری پارێزگاکانی باکوری دا؛ هەڵبەتە ئەمە بووە هۆی هەڵگیرساندنەوەی شەرێکی بێڕەزا لە مابەینی حکومەت و بارزانیدا. ئەم جارەش سوپای عێراقی پڕ چەک و چەکدار بەتازەترین چەک و پێداویستی سوپایی، نەیتوانی بەسەر هێزی لەشکری کوردا، کە ژمارەیان گەییبووە سی هەزار پێشمەرگە، سەر بکەوێ. کوردیش لەلای خۆیانەوە لەوە حاڵی بوون کە ناتوانن بێ کۆمەکی دەرەکی کاریگەر، حکومەت ناچار بکەن مل بۆ ئاشتی بدات.

تاقە شتێک، کە سەبارەت بەم قۆناغەی شەڕ، کە دە ساڵە بەردەوامە لە هزر و بیردا ماوەتەوە، ئەو قەسابخانە بەشەرییە سامناکانەیە کە هێزەکانی عێراق دەرهەق بەخەڵکانی مەدەنی بێ چەک و دیفاع بەرپایان کردووە. زۆر پەیامنێری رۆژنامەوانانی سویسری و پەیامنێرانی (لوموند)ی فەرەنسی باسی ئەوەیان کردووە کە چۆن دانیشتوانی مەدەنی بەبۆمبای ناپاڵم و هێشوویی بۆردومان کراون.

هەروەها باسی ئەوەشیان نووسیوە کە پیاوانی دەوڵەت سوکایەتیان بەرەبەنانی دێری کلدانی شارۆچکەی ئەلقوش کردووە و لە مانگی تەموزی ١٩٦٩ دا دەست درێژییان کردوونەتە سەر. لە ئابی ١٩٦٩ دا (٧٦) ژن و منداڵی گوندی (داکان)یان لە نزیکی گوندەکەیاندا سەربڕیوە و گوندەکەیان کردوون بەساکەگۆڕ. هەروەها باسی ئەوەیان نووسیوە کە سەربازانی عێراقی لە مانگی ئەیلولدا خەڵکی گوندی (صوریا)ی ئاشورییان کوشتووە و لە هەمان مانگدا گوندێکی تریان لەگەڵ عاردیدا تەخت کردووە و هەموو خەڵکەکەیان، کە سەد و بیست و یەک کەس بوونە، تیرباران کردوونە؛ لەبەر ئەوەی لە نزیکی گوندەکەیاندا مینێک بەئۆتۆمبێلێکی عەسکەریدا تەقیوەتەوە و ئەفسەرێک تێدا کوژراوە... ئەوجا هەر هەمان ئەو سەربازانە کەوتوونەتە گەڕان بەدوای ئەو منداڵانەدا کە لەترسا سەری خۆیان هەڵگرتوە و پێنج منداڵیان لێ دەستگیر کردوون و تیر بارانیان کردوون کە تەمەنیان لە نێوان ٢-٨ ساڵ دا بووە... دە منداڵی دیکەیان بەبێشکەکانیانەوە توڕداوەتە رووبارێکەوە.

دیارە ئەم دیمەنانە رێک لە دیمەنی ئەو تاوانانە دەچن کە لە ساڵی ١٩٤٢دا دەرهەق

بە(لیدیس) کران. یان لە ساڵی ١٩٤٥دا لە ناوچەی (سودیت) ئەنجام دران یان لە (مای لای) ڤێتنامدا کران. لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩دا زۆر بەڵگەنامەی بنجبڕ دران بەسکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان کە بەئاشکرا ئەوەیان دەسەلماند کە هێزەکانی حکوومەتی عێراق سێ هەزار گوندی کوردیان بۆردومان کردووە و ماڵەکانیان یان رووخاندووە یان سوتاندووە. بەڵام هیچ لایەنێک لە جێی خۆی نەبزووت تا جڵەوی عێراقی هاڕوژاوەکان بگرێ: یەکێتیی سۆڤیەت پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ رژێمی عێراقدا هەبوو. ناوەندە پێشکەوتوخوازەکانی ئەوروپای رۆژئاواش کێشەی ڤێتنامیان بەس بوو تا بەو بیانوەوە نارەزایی خۆیان دەربارەی مل هوڕییەکانی ئەمریکا دەربڕن. حکوومەتانی ئەوروپای رۆژئاواش لایان وابوو کۆتایی هاتنی جەنگی شەش رۆژەی مابەینی ئیسرائیل و عەرەب لە ١٩٦٧/٦/٦ دا نیمچە ئارامییەکی بۆ ناوچەی رۆژهەلاتی ناڤین گێڕاوەتەوە. هەرچەندە لە ئارامی و کپی گۆڕستانان دەچوو، بەڵام بەو حاڵەشەوە ئارامی و هێمنییەک بوو کە ئەو حکومەتانە بەجیدی لە خەمی پاراستنی دا بوون، بەو حەساوەی زامنە بۆ وەدەست هێنانی پێداویستییەکانیان لە نەوتی ناوچەکە، ئەو نەوتەی کە کوردیش هەست بەدەور و کاریگەرییەکەی دەکەن. بەڵام رۆژئاوا هەوڵی داوە وێنەی واقیعی ئەم گەلە و ئەو کارەساتانەی بەسەریدا دەهێنرێ پشت گوێ بخات و تەنیا لە روانگەی کتێبێکی وەکو کتێبەکەی (کارلمای)یەوە کە وێنەیەکی شاعیرانە لە مەڕ کورد نیشان دەدا، بڕواننە کورد.

رێککەوتننامەی یازدەی ئادار

بەڵام هەر هەموو ئەم پشت گوێ خستنە جیهانییەو هەموو هەڵمەت و هێرشە عەسکەرییەکانی عێراق و بەکارهێنانی زەبر و زەنگ و هاندانی سیاسی نۆکەرانی سەر بەرژێم، نەیانتوانی ئەلبەکر بگەیەننە ئەو سەرکەوتنەی کە بەئاواتی دەخواست. حوکمڕانانی بەغدا گەیینە ئەو ئەنجامگیرییەی کە پێویستە لەگەڵ (برا کوردەکان)دا و لە رێگەی لێکدی حاڵی بوونەوە، چارەسەرێکی هەمیشەیی بدۆزرێتەوە؛ لەگەڵ ئەو برا کوردانەدا کە رژێم ناچار بوو رێزیان لێ بنێ، سەرەڕای رق و کەرب وکینەی ئاشکرای لێیان. لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠دا دەسەڵاتی تەواو درا بەسەرۆک و ئەمینداری گشتی سەرکردایەتی حزبی بەعس (میشێل عەفلەق)ی خەڵکی سوریا، تا لە بەیروت لەگەڵ کوردەکاندا دەست بەگفتوگۆ بکات. بارزانی-ش بۆ هەمان مەبەست نوێنەری سیاسی و

سوپایی خۆی، دارا تۆفیق و فؤاد عارفی نارد، فوئاد عارف لە سوپای کوردیدا پلەی زەعیم بوو.

کاتێ خەڵکی بەغدا، دوای چەند هەفتەیەکی کەم و لە ١٩٧٠/٣/١١ دا تەلەفزیۆنیان کردەوە، باوەڕیان بەچاوی خۆیان نەدەکرد،کەوتنە هەڵگلۆفتنی چاوی خۆیان تا ڕاستییان بۆ ساغ ببێتەوە؛ بەچاوی خۆیان دیتیان کە ئەلبەکر لە بەردەم کامێرای تەلەفزیۆندا باوەشی بەکوڕانی بارزانی (ئیدریس) و (مسعود)ا کرد و ماچی کردن، ئەو بارزانییەی کە چەند ڕۆژێک لەوەبەر، حکوومەت نزیکەی ١٥ ملیۆن مارکی ئەڵمانی تەرخان کرد بوو بۆ هەر کەسێک بەزندوویەتی یان مردوویەتی تەسلیم بەحکوومەتی بکات.

هەروەها کەناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ڕەسمی کەوتنە ستایشی هێزی پێشمەرگە و گوتی: "پیرۆزترین دەزگای خەباتمانن دژی دوژمنی هاوبەش". پاشان ئەلبەکر دەقی بەیانی یازدەی ئاداری خوێنەوە کە گرینگترین خاڵەکانی بریتی بوو لە دەستکاری کردنی دەستووری عێراقی و بەو پێیە عێراق لە دوو گەلی عەرەب و کورد پێک دێت، پێویستە عەرەب و کورد خزمەتی نیشتمانی خۆیان، کۆماری عێراق بکەن، دەبێ وەکو برا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ و بەیەک چاو تەماشا بکرێن.

ئایا ئەمە بۆ کورد نیشانەی بەرپابوونی ئاشتی بوو؟ ئایا ئەمە پاش سەدان ساڵ چەوساندنەوە و تالآن و حاشاکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی و دوو بەرەکی و تەفرەقەنانەوە لە ڕیزیاندا و کۆچاندن و ڕاگوێزان و هەوڵی قڕکردنیان نەهاتبووە ئاراوە؟! ئایا ئەمە فەسڵێکی نوێ تۆ بڵێ کتێبێکی نوێ نەبوو لە مێژووی کورد؟! زۆر کەس ئەم پرسیارانەو پرسیاری دیکەیان لە خۆکرد، دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار و هەر بەم چاویلکەیەش تەمەشایان کرد. کەچی بارزانی بەخۆیشی لە تەعلیقێکیدا لەسەر بەیانی نێو براو، کە پاشان وەکو قسەی نەستەقی لێهات دەڵێ: "چاوەڕوان دەکەین، تا بدینین سبەینێ چ لەگەڵ خۆیدا دێنێ".

فەسڵی یازدەم

بۆ یەکەم جار کورد یەک دەگرن

کورد، شەڕی ١٩٧٤/١٩٧٥ بەپشتگیری ئێرانی- ئەمریکی دەکەنەوە

ڕۆژێکی خۆش بوو. لە ڕۆژانی مۆڵەتی پایزەی (تیسیبی)ی دەچوو. هەتاو پرشنگدار بوو. شنە بایەکی پاک و بۆنخۆش لە چیاکانەوە دەهات. لە بانیژەی میوانخانەی چۆمان، لەسەر کورسی دانیشتبووین و نانمان دەخوارد، میوانخانەکە دەیڕوانییە سەر شاری چۆمان. عەلی، کوڕێکی شازدە ساڵ بوو، بۆ جاری سێیەم چای لەگەڵ خواردنی بەیانیدا بۆ (ئەفەندییانی ئەڵمانی) تێ کردەوە. عەلی ناوە ناوە دەچووە سوچێکەوەو بەشەکر شکەینەکەی دەکەوتە قەند شکاندن. زۆر وەستایانە قەندەکەی دەشکاند، دەیکرد بەکوڵۆی بچوکی یەکسان و لەگەڵ چایەکاندا بۆی دادەنایەن... ئێمەش هەنگوینی خالیسەمان بەنانی تیری گەرمی ئەو بەیانییەوە دەکرد، نانەکە لە پارچە قوماشێکەوە پێچرا بوو تا سارد نەبێتەوەو تامی تازەیی بمێنی و پارومان لە ماستی مەڕ دەدا.

چوار دەوری بانیژەکە ئینجانەی گوڵ بوو. دیاربوو دەستێکی کارامە لە قوتی بەتاڵ دروستی کردبوون. خێزانەکەی ئەندازیاری تەلارکاری (دارا بیدار) گوڵی جۆراوجۆری تێدا ڕواند بوون. (گوڵێ) کە کیژێکی هەشت ساڵەی زەری وەش بوو، بەدرێژایی ڕۆژ و بەشەوقەوە گوڵەکانی ئاو دەدا. کە تیشکی هەتاوەکە لە قژە زەردەکەی دەدا، ڕەنگێکی ئاڵتوونی جوانی پێدەبەخشی... بوونی ئەو لەوێ، سیمایەکی واقیعی ئەوتۆی بەشۆینەکە دەدا کە پڕ بەپێست و شایستەی ناوەکەی (گوڵێ) بوو.

لە نێو چڕە دارستانی چنار و بەڕووەوە ماڵ و کوچەو کۆڵانانی شاری چۆمان- مان دەبینی کە بەهەردوو ڕەخی جادەی نێو دۆڵەکەدا بڵاوبوو بوونەوە. دانیشتوانی شار، نزیکەی (١٥٠٠) کەسێک دەبوون. بینای وێستگەی کارەبا کە تازە دروست کرابوو، لە نێو سەربانی تەختی خانووەکانی دییەوە، کە کایان پێوە کرا بوو، بەرز بووبووەوە. وێستگەکە، کە گوندەکانی دەوروبەری چۆمان-یش بەنۆرە سودیان لێ دەبینی، بەبۆیەیەکی سپی تۆخ بۆیە کرا بوو. سەربانەکەی قوچەکی بوو؛ لەسەر شێوەی سەربانی ئەوروپایی دروست کرا بوو. سەربانی ئەو خانووانەش کە لە میوانخانەکەدا بوون، هەر بەهەمان شێوە دروست کرا بوون. ئەم جۆرە بینایە غەریب نەبوو. چونکە (دارا بیدار) کە سەرپەرشتی ئەم

خانووانەی کرد بوو، ئەندازەی تەلارکاری لە (درسدن) خوێند بوو و پاشان لە (ئاضن) تەواوی کرد بوو. هەرچییەک لە ئەڵمانیا فێر بوو بوو، لەگەڵ خۆی هێنابویەوەو لێرە؛ لە کوردستاندا لە خشت و بینای هاوچەرخدا بەکاری دەهێنا. چەند داینەمۆیەکی کارەبا، زۆر بەپەلە و نارێک و پێکی دانرا بوون تا لە ئاوی ڕووباری باڵەکەوە، کە زۆر بەلەز شان بەشانی جادەکە نشێو دەبوەوە، کارەبا بەرەم بهێنن. ئا بەم جۆرە دارا بیدار، تەکنۆلۆژیای پەرەسەندووی گواستبووە بۆ ئەم گوندە دوورە دەستەی (کوردستانی هوڤی).

ئەنجومەنی گوند، جگە لەوەی کارەبایان بۆ ناو گوندەکە ڕاکێشا بوو، پڕۆژەی ئاوی لوولە کێشیانیش دامەزرند بوو. بەسۆندە ئاویان لە کانی و سەرچاوەکانی سەر چیاکانەوە بۆ نێو پیرە گوندی هەمێزی دۆڵەکە، ڕاکێشا بوو. بۆیە ژنان بۆخۆ حەسابوونەوە و بەگۆزە و تەنەکە و پیپ و بەشان ئاویان بۆ ماڵەوە نەدەهێنا... ڕێگەی نێو ماڵەکانیان چاک کرد بوو. بارەگایەکیان بۆ لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی کە وەکو ئەنجومەنی گوند وابوو، دروست کرد. سەرباری هەموو ئەمانە، کرێکاران سەرگەرمی دروستکردنی بینایەکی دی بوون، کە لە ڕۆژهەڵاتدا باو و پەسند نییە. ئێمە لە بانیژەی میوانخانەکەوە گوێمان لە دەنگی مەکینەی بلۆک دەبوو. کرێکار و بەنناکانمان دەبینی چۆن بەعەرەبانەی دەستی خشت و بلۆکیان دەگواستەوە و لە وێندەرەوە بەدەستەبەرە سەریان دەخست بۆ سەربانی نهۆمی یەکەم تا دەست بەدروستکردنی نهۆمی دووەم بکەن. (دارا بێدار)ی ئەندازیار بەشانازییەوە لە ناوەندی ئەو هەراو هەنگامەیەدا دەوەستاو فەرمانی بەوەستا و کرێکارەکان دەدا و ڕێنوێنی دەکردن؛ لە تۆ وایە سەرپەرشتی کۆمەڵێک کرێکار و وەستا دەکات کە تازەترین سلینگی کارەبایی و عەماری خشت و گەڵابەیان لە خزمەت دایە!!... بڕیار بوو ئەم بینایە، کە لەتەواو بووندا بوو، بکرێ بەبازاڕێکی هاوچەرخ. قەرار بوو هەر هەموو دوکان و موغازەکان بگوازرێنەوە بۆ ناو ئەم بینایەو چالاکی بازرگانی بەچاودێری لایەنە بەرپرسەکان ئەنجام بدرێ. دارا بێدار، بیری لەوش دەکردەوە کە قەساوخانەیەکی هاوچەرخی کاشی کرا و دروست بکات و لەوێندەر مەڕومالاّت سەرببڕدرێ و گۆشت بفرۆشێت و پزیشکی تایبەتی سەرپەرشتی بکات وەکو چۆن لە ئەوروپا باوە. من بۆ خۆم سودان و ئێران و تورکیا و ئەفغانستان-م دیتبوون و هەندێ ئەزموونم لا دروست بوو بوو، ئەم پڕۆژە کوردییە لە چاو واقیعی ئەو وڵاتانەدا، ناواقیعی، یان زۆر دوور بوو لە واقیعەوە... ئەم پڕۆژەیەی دوایی و چەندین پڕۆژەی دی کە لەو ڕۆژەی پایزی ساڵی ١٩٧٣ دا دیتمن، ڕەنگدانەوەی هەوڵ و هیمەتی گەشبینانەی کوردی عێراقی ئەو ڕۆژانە بوو، ڕەنگدانەوەی

ئەو هیوا و خۆزیایانە بوو کە پێیان وابوو بەو زووانە دێتە دی... سێ ساڵان بەسەر دەست پێکردنی ئاشتی دا تێپەڕی. ڕەنگدانەوەی ئەو ئاشتییە بوو کە پاش ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئاداری ١٩٧٠ هاتە دی. هەڵبەتە ئەمە ئاشتی یەک بوو کە لە مێژبوو ناوچە شاخاوییەکانی باکور بەخۆیانەوە نەبینی بوو، کە ناوچەیەک بوو پتر لە ١/٢ ملیۆن کوردی کۆی سێ ملیۆن کوردی عێراق، تێیدا دەژیان.

بارزانی و سوپا شۆڕشگێڕەکەی (هێزی پێشمەرگەی کوردستان) لەم ناوچەیەدا باڵا دەست بوون. بەپەرۆشەوە چاوەنۆڕی ئەو ڕۆژە بوون کە ئاشتی یەکجارەکی بەرقەرار بێ... دەبوایە لە بەهاری ١٩٧٤دا نیوەڕۆکی بەیانی یازدەی ئادار جێبەجێ بکرێ و ئۆتۆنۆمی بەکوردستانی عێراق بدرێ؛ واتا پاش تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر ئیمزا کردنی ڕێککەوتننامەکەدا. هەڵبەتە ئەو کوردانەی لە ناوچە پاشکەوتووە ئابووری و کۆمەڵایەتییە عاسی و سەختەکانی دەڤەری سێ سنووری عێراق و تورکیا و ئێراندا دەژیان، سوودێکی زۆریان لە سێ ساڵی ئاشتی و ئاگربەست وەرگرت.

پشت بەخۆ بەستن

پارتی دیموکراتی کوردستان، کەباڵی سیاسی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بوو، توانی لە ماوەی ئەو ساڵانەدا بچێتە ناوجەرگەی جەماوەری خەڵکەوە. خەڵکێکی یەکجار زۆر، بەتایبەتی لە خوردە جووتیاران، بوون بەئەندامی پارتی. بەتایبەتی پاش ئەوەی پارت هەڵوێستی بنجبڕانەی دژی گەورە موڵکداران و سەرەک عەشایەر و فیوداڵان وەرگرت؛ بەتایبەتی بەرانبەر بەوانەیان کە چووبوونە پاڵ حکوومەت و لەوێوە دژایەتی شۆڕشیان دەکرد. ئەمە جگە لەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان، لە کۆنگرەی هەشتەمیدا لە ساڵی ١٩٧٠، بڕیاری لەسەر ئەوەدا کە: "پشتیوانی تەواو لە ڕیفۆرمی کشتوکاڵی دەکات لە عێراقدا".

هەروەها لە نێوبردن و نەهێشتنی پەیوەندییە فیوداڵییەکانی کرد "بەیەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی". هەروها یەکێک لە خاڵەکانی پرۆگرامی کۆنگرەی نێوبراو دەڵێ؛ پارتی بەرگری لە بەرژەوەندی جووتیارانی کورد دەکات "لە پێناوی نەهێشتنی هەموو ئیمتیازاتێکی دەرەبەگان لە بواری مەڕو ماڵات بەخێوکردندا وەکو پاوانکردنی لەوەڕگە و سەرانە وەرگرتن و هەموو جۆرە هەنجەت و بیانویەکی تری فیوداڵی".

پارت، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتیشدا، بزاڤی ڕوشنبیری کوردی پێش

خست و ئەم بزاڤە بوو بەهەڵمەتێکی سیاسی یەکجار کارێگەرو، ئەوەبوو هەڵمەتێکی ڕێک و پێکی نەهێشتنی نەخوێندەواری دەست پێکرد و پتر لە دوو سەد قوتابخانەی سەرەتایی بێ چ کۆمەکێکی حکوومەتی ناوەندی لەسەر حەساوی خۆی و بەیارمەتی خەڵکی ناوچەکان دروست کرد، ئەمە جگە لە دروستکردنی (٧٥) قوتابخانە لە گوندە دووره دەستەکانی نێو چیا سەخت و عاسییەکان.

هەروەها زانستگەیەکی کوردی کەوتە وتنەوەی وانەی بابەتە زانستی و ئینسانییە جۆراوجۆرەکان تا پرۆسەی ئامادەکردنی پیشەیی باڵا نەکەوێتە ژێر کاریگەری حکوومەتی ناوەندی و ئارەزووەکانی حکوومەتی ناوەندییەوە، وەکو ئەمە لە زانستگەی سلێمانیدا وا بوو. هەروەها پارت لە بواری تەندروستیدا هەنگاوی پراتیکی باشی نا؛ ئەو بوارەی کە حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بەئانقەست لە ناوچە کوردییەکان پشت گوێیان دەخست و لە بنەڕەتدا نەیان دەویست ناوچەکە پێش بکەوێ. جگە لەوەی پارتی زۆری هەوڵدا کەموکوڕی و نوقستانی کادرو دەزگا تەندروستیەکان پڕ بکاتەوە، پتر لە دە خەستەخانەی تەواری و تیمارخانەی لە گوندەکاندا کردەوە. ژمارەی ئەو پزیشکانەی لەم خەستەخانەدا کاریان دەکرد زۆرکەم بوون، بۆیە دەبوایە وێڕای کاری پزیشکی خۆیان، پزیشکیار و پێش خزمەتەکانی ئەو تیمارخانانەش فێر بکەن.

بەتوانایەکی کەمەوە، زۆر بواری ژیان چاککران. ئەوەی هاتبوەکرن نوقڵانەی دوا ڕۆژێکی خۆشتر و جوانتری پێ بوو. ئیدی بەگوێرەی ئەو پەندە کوردییەی کە دەڵێ: "ئەی شێر پشت بەچنگ و پەلی خۆت ببەستە، پیاوچاکان بەتەنیا فریات ناکەون لە مەینەتییەکاندا".

کوردەکان، لە پاڵ ئەو بزاڤی ئاوەدانییەوە، هێزی چەکداری خۆشیان چ بەنهێنی و چ بەئاشکرا ڕێک خست و بنیات نایەوە. من و (ڤولکر هشش) ی وێنەگر کە لە سەفەری ئەو پایزەدا، لە ماوەی شەڕوەستاندا، لەگەڵم بوو، بەڵگەی بنجبڕمان چنگ کەوت کە کوردەکان لە ڕووی نیزامییەوە خەریکی خۆ سازدان و خۆ تەیارکردن بوون.

ڕێگەی هاملتۆن- ڕەگی ژیانی شەڕگە

سەرکردایەتی کورد، جێبێکی لاندرۆڤەرو چەند پاسەوانێک و تەرجومانێکی میوانخانەی چۆمانیان خستبووە خزمەتمان. سواری پیرە لاندرۆڤەر بووین و بەجادەی چۆمان- هەولێردا وەڕێکەوتین. ئەم جادەیە بەشێکی گرینگیشە لەو جادەیەی کە تاران بەمووسڵەوە و بەرزاییەکانی ئێران بەدەشتاییەکانی عێراقەوە دەبەستێ. دوای نیو سەعاتە ڕێ، لەم هەرەتی ئاشتییەدا، کەشوهەوای جەنگ و کوشتارم وەبیرخۆ هێنایەوە.

ئەم جادەیەی کە بەناوەندی دۆڵی قووڵ و گەلیی پڕپێچ و پەناو بەسەر پردی تەنگ و تەسکی سەر ڕووباری بەهارە و هاژەی باڵەک و ناوچەیەکی شاخاوی سەختدا تێدەپەڕی، بەدرێژایی شەڕی ئەهلی کوردان لە سالانی شەستەکاندا، ڕەگی ژیانی شەڕگەکانی پێک دێنا. هەر بۆیەش خوێناویترین شەڕ لە دەوروبەرەدا کراوە بەمەبەستی کۆنترۆڵ کردن و دەست بەسەراگرتنیدا. ئەم جادەیە کە بەناوجەرگەی کوردستاندا تێدەپەڕێ، نەک هەر شوێنەوار و کاریگەری لە مێژووی کوردستاندا بەجێهێشتووە، بگرە ئەم مێژووەشی گۆڕیووە. ئەو ڕێگەیە لەلایەن هاملتۆن-ی ئەندازیاری نیوزیلاندییەوە دروست کراوە و هەر بەنێوی ئەویشەوە نێونراوە. ئەم جادەیە لە شاری ئەربیلای دەستکردی ئەسکەندەری مەقدۆنییەوە کە ئەمڕۆ ئەربیل-ی پێدەگوترێ، دەست پێدەکات و بەزێدی سوڵتانی هەرە نێوداری کورد سەلاحەدیندا تێ ئەپەڕێ و دەگاتە سنووری عێراق- ئێران. سادەترین جووتیارانی کورد کە زۆربەی هەرە زۆریان نەخوێندەوارن نێوی هاملتۆن دەزانن؛ چونکە ئەم جادەیەی کە ئەو دروستی کردووە تاکو ئەوڕۆکەش گرنگترین ڕێگەی تەموین-ەو بەڕاستی بەو ڕەگی ژیانە دەژمێردرێ کە هەموو هیوا و ئاواتێکی کوردی عێراقی پێوە بەندە بۆ وەدەستهێنانی ڕزگاری و ئازادی. ئەو تەرجومانەی کە لە گەڵماندا بوو دەیویست پایەی تایبەتی ئەم ئەندازیارەمان لە نێو کورداندا بۆ دیاری بکات، بەتایبەتی کە دوا ساڵەکانی تەمەنی بۆ کورد و دۆزی کوردی تەرخان کرد بوو. هاملتۆن، لەو ساڵەدا مرد کە ئێمە ئەم سەفەرەمان تێدا کرد. (١٩٧٣)، لە ساڵی ١٨٨٩ دا لە نیوزیلاندا لە دایک بووە. داک و بابی ئەسکەتلاندین. ئەندازیاری ڕێگاوبان بوو، بۆیە حکوومەتی ئینتداب لە ساڵی ١٩٢٨ دا داوای لێکرد کە سەرپەرشتی دروست کردنی ڕێگەیەک بکات کە تەنیا قاتر و وڵاخ پێیدا دەرۆیشتن... هاملتۆن، تەنیا بەکرێکاری ناوچەکە جادەکەی دروستکرد. ناچاربوو تاوێرە بەردی زۆر زەلام بتەقێنێتەوە و قەدەمە لەقە و پاڵە زۆر ڕژد و ڕکەکان

دروست بکات. لە ماوەی کارکردنیدا لە کوردستان، سیستەمێکی چاکی بۆ دروستکردنی پردی ئاسن داهێناو بەکارهێنانی ئەم سیستەمی بیناسازییە لە جەنگی دووەمی جیهان و سالانی پاشتردا شۆرەت و نێوبانگێکی جیهانیان پێ بەخشی. هاملتۆن، دەچوو پارچەی بچوک بچوکی دروست دەکرد و لە زروفی زۆر سەختدا دەگوازرانەوە بۆ ئەو شوێنەی دەویسترا پردەکەی لێ دروست بکرێ، لەوێندەر ئەم پارچە بچوکانە لێک دەدران... بەم جۆرە پتر لە هەزار پرد لە (پردەکانی هاملتۆن) لە شوێنە جیاوازەکانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیادا دروست کران، ئیدی لە پردی پەڕینەوەی ڕێبوارانەوە لەسەر ئۆتۆبانەکانی بەریتانیاوە بیگرە تا دەگاتە پردی (مانگلا)ی بەنێو بانگ لەسەر ڕووباری (هندوس)ی پاکستان. هاملتۆن، هەر هەموو ئەم پردانەی کاتێ دروست کرد؛ پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٠ دا لەو دۆڵ و شیوە هەزار بەهەزارانەدا تاقیکردەوە کە ڕووباری ڕواندزی پێدا دەڕوات. واتا ڕێگەی هاملتۆنی کوردستان بوو بەسەرچاوەی ئەزموونەکانی پاشتری.

هاملتۆن، بەخۆی ئاماژەی بۆ گرینگی و بایەخی عەسکەری ئەم جادەیە کردووە و لە سالانی دواتردا نووسیویەتی و دەڵێ: "بەم جۆرە نێردرام بۆ کوردستان، کوردستانی چی! لەلایەکی هۆزە کوردەکان کەڵکەڵەی ئازادی و ڕزگارییان کەوتبووە سەر و لەلایەکی دیبیەوە حکوومەتی ناوەندی لە هەوڵی ئەوەدابوو ئەم ناوچە شاخاوییە دژوارە کۆنترۆڵ بکات و دەسەلاتی خۆی تێدا بسەپێنێ، هەر هەموو ئەمەش وای دەخواست کە ڕێگەکە بەزوترین کات لەوێندەر بکرێتەوە".

هاملتۆن، بەهۆی دروست کردنی ئەم ڕێگایەوە، بوو بەنزیکترین دۆستی کورد و لایەنگری دۆزی کورد. زۆر بەتوندی ڕەخنەی لە سیاسەتی ڕەسمی بەریتانی، بەرانبەر بەکورد، دەگرت. پاشان سیاسەتی هەموو حکوومەتە عێراقییە یەک لە دوای یەکەکانی پاش تەواوبوونی ئینتیداب، بەرانبەر بەکورد، خستە ژێر وردەبینی ڕەخنەوە. لە ساڵی ١٩٦٨دا وتارێکی لە (دەیلی تەلەگرافدا) نووسیوە و دەڵێ: فرۆتنی نەوت بەرۆژئاوا کە سەروەت و سامانێکی بێ سنوور بۆ عەرەب دابین دەکات، و لە هەمان کاتدا کوردستان وێران دەکات و هەژاری و دواکەوتنی بەسەرا دێنێ، من بۆ خۆم ئەمە بەگەورەترین شەرمەزاری ئەم سەدەیە دەزانم و هیچ پاکانەیەکی بۆ نییە. ئەوەی بەلای منەوە سەیرە، بۆچی حکوومەتی عێراقی هەوڵنادات ڕێگەیەکی دی بجەڕبێنێ: پێویستە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، بەمەلا مستەفا بدرێ و کورد بەشی خۆیان لە دەرامەتی فرۆشتنی نەوت وەربگرن و هەبێ. پێویستە ئەگەر بۆ تەجرەبەش بێ ئەمە بکرێ تا بزانرێ کە ئەگەر

ڕێگەیەکی دی لەگەڵ کوردا بگیرێتە بەر، ئاخۆ کاروبارەکان باشتر دەڕۆن؛ ئایا ئەنجامی ئەم ڕێگە و شێوازە تازەیە چ دەبێت؟ نازانم خەڵکی ئەوێ بۆ هەوڵ نادەن بەم شێوەیە بیر بکەنەوە؟... کوردەکان تاکو ئەوڕۆش ڕێز و قەدرێکی زۆر لە هاملتۆن-ی ئەندازیاری هاوسۆزی خۆیان دەنەن، تاریق ئاکرەیی ڕۆژنامەوانی کورد، لە گوتارێکیدا لە مەر هاملتۆن دەڵێ: تەبیعەتی ئەسکەتلاندییانەی و هەڵسوکەوتی لە نێو چیاکانی نیوزیلاندە، وایان لێ کرد بوو، کە لیقاتی ئەوەی هەبێ. بێ پەروا لەگەڵ کوردی ناوچەکەدا بچێتە ڕاوێ و کەشفکردنی ئەشکەوتانی نێو چیایان. هاملتۆن شانازی بەوەوە دەکرد کە لەگەڵ کوردێکدا پێشبڕکێی شاخەوانی کردووە. هەروەها لە چەکبازی و نیشانشکێنیدا هاوتای باشترین تفەنگچی کورد بوو... مەعلومە کە کورد لە تفەنگچێتی و سەگڤانیدا بناڤ و دەنگن.

دیمەنەکانی ئاشتی

پیرە لاندرۆڤەر بەرێگەی هاملتۆندا بردینی. بەیانی بوو. دنیا هەتاو بوو. ڕۆژ، ڕۆژێکی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٣ بوو. ڕێگا جمەی دەهات. هەر پیکاب و لۆرییە شووتی بوو بەرەو گەلاڵە دەچوو. تووشی چەندین تراکتۆری پڕ لە سێو و هەرمێ و هەنارو ترێ بووین. چەندین ئۆتۆمبێلی دیکەمان بینی کە بەرەقەمەکانیاندا دیاربوو ئێرانی بوون؛ ئەمانە پر بوون لە گونییە شەکر و چای. هەروەها پڕبوون لە سەندوق کە نووسینەکانی سەریمان بۆ نەدەخوێنرایەوە. جووتیاران، لەمبەر و لەو بەری ڕێگەکەوە وڵاخەکانیان دابوە پێش و بارەکانیان بریتی بوو لە بەڕە و ئۆرتە و کر و بۆ شاریان دەبرد تا لە وێندەر بەئازوقە و خواردەمەنی بدەن، یەکجار بەدەگمەن دیمەنی ئەو سوارچاکە کوردانە دەبینرا کە لە کتێبی گەڕیدە و کتێبەکەی کارل مای و کتێبی (خودان گورگ)ی جۆرج هاڵبان کە لە ساڵی ١٩٧٥دا دەرچووە، وەسف کرا بوون و ناویان دەرکرد بوو.

شوفێرەکەمان ناوی ئەحمەد بوو، داوامان لێدەکرد کە ناوە ناوە بوەستێ تا تەماشای دیمەنی ئەو منداڵە مەکتەبلییانە بکەین کە بۆ ناو خوێندنەوە و سەرژمێری لە ڕیزدا دەوەستان. یان لە لای ئەو بەنزینخانەیە بوەستێ کە لە کەنارێکی ڕێگاکەوە دانراو بوو، ئەم بەنزینخانەیە بەترومپایەکی دەستی کاری دەکرد، زۆرمان پێ سەیر بوو کە دەیانگوت نرخی یەک لیتر بەنزین لە ١٢فینک-ی ئەڵمانی پتر نابێت. یان لە قاوەخانەیەکی نزیکی جادەکە لابدات و جگەرە بکڕین، هەموو جۆرە جگەرەیەک هەبوو. بەتایبەتی جگەرەی بەریتانی و ئەمریکی. دوای موناقەشەیەکی زۆر جگەرەی جەمهوری-شیان بۆ هێناین.

ئەمە تاقە جگەرەی عێراقی بوو، کە لە چاکیدا کەم وێنەیە، بەڵام نەمان توانی بۆ تاقە جارێکیش پارەی ئەو پاکەتانە بدەین کە دەمانکڕین، هەموو کەڕەتێک پێیان دەگوتین: "نابێ، ئێوە ئەڵمانین و میوانی کوردستانن، هەرکاتێ دێنە سەردانی کوردستان بەخێر بێن، ئێمە دەزانین میوان لە ئەڵمانیاشدا پێویست ناکات پارەی پێداویستیی خۆ بدەن، نە وسایە؟".

هەر هەموو ئەم دیمەنانە، ئەو باری سەرنجە لای مرۆڤ دروست دەکات کە لەم ناوچە شاخاوییەدا چالاکییەکی بازرگانی چەلەنگ هەیە و ڕەنگدانەوەی ژیانێکی هێدی و ئارامە، کە ڕەنگە مرۆڤ لە ناوچە شاخاوییە کەم پەرەسەندووەکانی ناوچەی دەریای ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە ئەورپادا نەیبینێ. بەڵام هەموو دیمەنەکانی لە دوا ئەنجامدا ڕەنگدانەوە و دیمەنی ئەو ئاشتییە بوون کە زۆر لەمێژبوو کوردستان بەخۆوەی نەبینی بوو. لەلایەکی دییەوە هەر هەموو ئەو کوڕانەی لەم سەفەرەمدا دیتمن، چەکدار بوون؛ ئێدی یان تفەنگیان پێ بوو یان دەمانچە یان خەنجەر. تەنانەت منداڵێکی دوانزە ساڵانم بینی کە زۆر بەشانازییەوە کلاشینکۆفی هەڵگرتبوو. بەلامانەوە سەیر نەبوو، بەڵکو ئاسایی بوو بۆ وڵاتێک کە چەک هەڵگرتن تیایدا نیشانەی پیاوەتی بێ، ئاسایی بوو بۆ ڕۆڵەی گەلێک کە دەیەوێ بەهەموو شێوەیەک دەسەڵاتی حکوومەتی مەرکەزی ڕەفز بکات. بەڵام هەر زوو باری سەرنجێکی ترمان لا دروست بوو، ئەویش ئەوەبوو ئەو ئاشتییەی کە دیمەنەکانیمان دەبینی، ئاشتییەکی کاتی و تەمەن کورت بوو. ئەمە هێمنی و ئارامی بەر لە هەڵکردنی باهۆز بوو، قۆناغێک بوو بۆ پشوودانێک و خۆسازدانەوە بۆ شەڕ، پشوودانێک بوو کە هەم خەڵکی کوردستان و هەم حکوومەتی ناوەندی بەغدا پێویستیان پێی بوو؛ چونکە ئەم سەفەرەی ئێمە کە لە سایەی ئاشتیدا دەمانکرد، بەو مەبەستە بوو کە سەردانی ئۆردوگایەکی هێزی پێشمەرگەی بارزانی بکەین.

پێشمەرگە- هەمیشە ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگە

لاندرۆڤەرەکەمان، لە پڕ خۆی کرد بەگەلییەکی زۆر تەنگی جادەی هاملتۆندا. ئەم بەر و ئەو بەری ڕێگەکە تاوێرە بەردی زەلام زەلام بوو. زۆر لە پڕو لە نکاو گەیینە ئێرە. شوفێرەکەمان، ئۆتۆمبێلەکەی بۆ ڕێگەیەکی فەرعی سوڕاندەوە، بەگەلییەکی تەنگەبەردا ڕەت بوو. خاڵی نۆبەداری لەمبەرو لەوبەری جادەکەدا هەبوو؛ بەڵام هێندە نادیار بوون، ئەگەر کەسێک خۆبی نەبوایە، هەر هەستی پێنەدەکردن. تا زیاتر سەردەکەوتین ژمارەی

بازگەکان زیاتر دەبوو. پاش ئەوەی دوو سەد مەترێک ڕۆیشتین لاندرۆڤەرەکە وێستا، شوفێرەکە پێویستی بەنزمترین گێڕ بوو تا بەردەوام بێ لە سەرکەوتن. لەپڕ دیمەنێکی ترمان هاتە پێش؛ لەسەر لوتکەی شاخەکەدا پانایییەک هەبوو چوار دەوری چیای بەرزی ٢-٣ هەزار مەتری بوو. ئەوە ئەو ئۆردوگایە بوو کە بۆی دەچووین. یەکێک بوو لە سەربازخانە زۆر و زەبەندەکانی کوردستانی ئەو سەروبەندە. ئۆردوگاکە ڕێک لە بەردەمماندا بوو. نزیکەی ٥٠٠-٦٠٠ سەرباز لە ئۆردوگاکەدا بوون و خەریکی مەشقی نیزامی بوون. کە سەرنجمان دا نزیکەی سەد کەسێکیان، مەشقیان بەوانی دی دەکرد و وەکو دەرەجەداری نێو هەر سوپایەکی جیهان کردبوویان بەهەرا: (...چەپ... ڕاست... هەموو... بوەستن!...) هەر چەند ئێمە لە وشەکان حاڵی نەدەبووین، بەڵام دەمانزانی فەرمان و ئەمری لەو بابەتە بوون.

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشاین، جلوبەرگی چونیەکی زەیتونی سوپاییان لەبەردا بوو. هەمان ئەو جلە بوو کە سوپای عێراقی بەکاریان دێنا... لەلایەکی ترەوە چەند سەد کەسێک جلوبەرگی کوردی ئاسایی پێشمەرگەیان لەبەر بوو: جلوبەرگی خاکی و شاشک. جەماعەتێک مەشقیان لەسەر قورسترین جۆری ڕۆیشتن بەسەر عاردیدا دەکرد: سکە خشکێ، چەند مەفرەزەیەکیش دەرسی چۆنیەتی بەکار هێنانی تۆپی قورسی فڕۆکە شکێنیان دەخوێند کە لەسەر سێ پایە دانرابوون، یان دەرسی بەکارهێنانی ڕەشاشی ناوەندی و قورس و تۆپی تانک شکێنیان دەخوێند. کۆمەڵێک فەرماندەی سوپایش لە سوچێکەوە دەرسی تاکتیکیان دەخوێند و ئەفسەرێک لەسەر تەختەیەک، نیشانە و ڕەمزی، ڕەسم دەکرد.

دیمەنی تفەنگەکان وایان دەنواند کە زۆر شەڕیان دیتبێ، چونکە لە زۆر شوێنەوە ئاسنەکانیان بەدەرەوە بوو، دیاربوو پەڵەیان لێ ڕنرا بوو. قایشی زۆربەیان گۆڕاو بوو بەقایشی چەرمی دەستکردی خۆماڵی، یان لە جیاتی قایشی پەتیان پێوە بەسترا بوو. ئەو کلاشنکۆف و دەمانچانەی کە هەندێ پێشمەرگە لە کیفدا بۆیان دەرهێنااین، دەستکردی سۆڤیەت و چین بوون.

ئامیر بەتالیۆنێکی گەنجی کەپوو بەرانی، نیگاگەشی چاو کەوەیی، کە تەمەنی لە ٣٠ ساڵ تێ نەدەپەڕی، پێشوازی من و فولکرهانس-ی وێنەگری کردو لەگەڵماندا هات بۆ سەردانی گروپە جیاوازەکان. بۆی باسکردین کە بەتالێونەکە پێک هاتووە لەو سەربازانەی کە هەستی نەتەوەیی هانی داون لە سوپای عێراقی هەڵێن و بەشداری ئەو ڕووداوە

گەورانە بکەن کە هەموو کەسێک پێی وایە بەم نزیکانە ڕوو دەدەن... ئەوجا لە سەری ڕۆیی: "ژمارەیان زۆر زۆرە. لەوە زۆرترن بتوانین بیانگرینەخۆ ئەگەر پارە و چەکمان هەبوایە دەمانتوانی زۆر بەئاسانی سوپایەکی سەد هەزار کەسییان لێ دروست بکەین". کە سەردانی ئەو یەکە سەربازیانەمان کرد، بۆمان دەرکەوت کە زۆر بەچاکی تەیار و ئامادە کراون. کە بەسەر گروپەکاندا دەگەڕاین، داوام کرد ڕێگەمان بدەن بەبێ هەڵبژاردنی ئەوان، دیمانە لەگەڵ چەند سەربازێکدا بکەین. بەڵام یەکەم سەرباز کە دیمانەمان لەگەڵ کرد، گەنجێکی تەمەن بیست و چوار ساڵە بوو. ژنی هێنابوو. دوو منداڵی هەبوو؛ کە ئەوەی بۆ دەگێڕاینەوە چاوەکانی پرشنگیان دەدا. خێزان و کەسوکاری خەڵکی نزیکی شاری هەولێر بوون، و دەرفەتی زۆرکەم بوو بۆ سەردانیان. کە لێم پرسی لەبەرچی بووە بەپێشمەرگە، هەردووک دەستی لە گیرفانی شەرواڵەکەی ناو گوتی: "چونکە من ڕۆڵەیەکی گەلی کوردم و حکوومەتی عێراق قابیل نابێت گەلەکەمان بەمافی خۆی بگات، بۆیە لە سەرمانە هەموو چەک هەڵبگرین و لەو پێناوەدا بخەبتین".

سەربازەکەی دی کە چاومان پێکەوت، پیاوێکی باڵا بەرزی ڕێک بوو؛ دەرکەوت عەرەبە. کابرای فەرماندە زۆر خۆشحاڵ بوو کە ئەو سەربازە عەرەبەمان هەڵبژارد. بۆی گێڕاینەوە کە خەڵکی بەغدایە و هەر لەوێندەر لە دایک بووە و گەورە بووە و... بەرلە چەند هەفتەیەک پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی لەشکری کوردستانەوە کرد بوو... لە سەری ڕۆیی کە مەسیحییە و سەر بەیەکێک لە کەنیسە مەسیحییەکانی عێراقە و چونکە ڕێ نادرێین بەئازادی سرووتە (طقوس) ئایینییەکانمان ئەنجام بدەین، بۆیە لێبڕام ڕوو بکەمە دەڤەرێک کە دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسی لێ نەبێت. ئەویش ئەو ناوچەیەبوو کە کورد تێیدا دەسەڵاتدارە؛ چونکە دەتوانم لێرە بەئارەزووی خۆم و چۆنم بوێ ئاوها بژیم، بەتایبەتی کورد مامەڵەیەکی زۆر باشم لەگەڵ دەکەن و ڕێم دەدەن سرووتە ئایینییەکانی خۆم ئەنجام بدەم. ئەگەر شەڕ هەڵگیرسێتەوە منیش بەشداری دەکەم، ڕەنگە لە پێناوی کوردا شەڕ نەکەم، بەڵام بەشداری شەڕ دەکەم دژی ئەلبەکر و دکتاتۆریەتی ئەلبەکر.

لە فەرماندەی ئەو گروپانەم پرسی، بەر لەوەی هەمان پرسیار لە خودی ژەنەڕاڵ بارزانی بکەم، ئەگەر شەڕ هەڵگیرسێتەوە چ دەقەومێ؟ کابرای فەرماندە ماوەیەکی باش لەفکران ڕا چوو، ئەوجا چاوی هەڵبڕی و بەدەست ئاماژەی بۆ دوور کرد، ئاماژەی بۆ لای پێشمەرگەکانی کرد و گوتی: "ئەوانە شەڕ دەکەن، هەموومان شەڕ دەکەین"... هەرچەندە ئەم وەڵامە زۆری کار تێکردم، بەڵام من لە سەری ڕۆیشتم و پرسیم: "تا کەنگی دەتوانن

بەردەوام بن لە شەڕ؟" ئەوجا نیگایەکی تیژی تێ کردم و بەدەنگی نزم وەڵامی دایەوە: "هەمیشە پێشمەرگە دەبن کە جێمان بگرنەوە و بەردەوامی بەشەڕ بدەن". ئەوسا تەرجومانەکەمان بەچپە بۆی شرۆڤە کردین کە وشەی (پێشمەرگە) لە باری زمانەوانییەوە واتا: ئەوانەی ئامادە و لەسەر پێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ.

هاوسەنگییەکی لەق

کەشوهەوای ئەم ئوردوگایە وای لێ کردین هەست بەوە بکەین کە کورد دەستیان لەو ئاشتییە بەردەوامە شوشتووە کە لە ماوەی ئاگر بەست و هودنەی ئاداری ١٩٧٠ وە لەلایەن دروست بوو. کە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٣دا دیمانەیەکم لەگەڵ سەرۆکی کورد، بارزانیدا سازدا و لێم پرسی کە تا چەند دەرفەتی جێبەجێ کردنی نێوەرۆکی بەیانی یازدەی ئادار لە گۆڕێیە؟ وەڵامی دایەوە: "من پێم وانییە بەئاشتی بگەینە ئۆتۆنۆمی، لەبەر هۆیەکی زۆر سادە، ئەویش ئەوەیەکە حکوومەتی عێراقی لە خەونیشیدا بیر لەوە ناکاتەوە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەو تەواومان بداتێ. کە حکوومەت ناچار دەبێت گفتوگۆمان لەگەڵ بکات، مەبەستی ئەوەیە لەم ناوچە تەسکەدا گەمارۆمان بدات، کە ئێستا بەزەبری چەک بەرگری لێ دەکەین، بەڵام ئەم ناوچەیە تەنیا بەشێکی بچووکی کوردستانە؛ چونکە کوردستان خانەقین و کەرکووک و دەوروبەری مووسڵ-ش دەگرێتەوە و ئێمە دەست لەو ناوچانە هەڵناگرین هەرچییەک ڕوو بدات، چونکە خۆمان بەبەرپرس دەزانین بەرانبەر بەو کوردانەی لەو ناوچانەدا دەژین، بەهەمان ئەندازەی کە لە بەردەم مێژووی گەلەکەمان هەست بەبەرپرسیاریەتی دەکەین".

ئەگەر ڕووداوەکانی ساڵانی پاش ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٠ بێنینەوە بەرچاوی خۆمان، ڕەنگە تا ڕادەیەک هۆی ئەو ڕەشبینییەی بارزانی-مان بۆ بەدیار بکەوێ. ڕێککەوتننامەی ئادار لەسەر ئەو بنەمایە دارێژرا کە ئیعترافی تەواو بەکەسایەتی نەتەوەیی و ڕۆشنبیریی کورد بکات. بەپێی ڕێککەوتننامەکە دەبوایە: ناوچەی ئۆتۆنۆمی، ناوچەیەکی خود گەردان بوایە و ڕێ بەدەرکردنی چاپەمەنی کوردی بدرێ، و ئیعتراف بەڕەسمیەتی زمانی کوردی بکرێ چ لە کاروباری بەڕێوەبردنی ناوچەکە و چ وەکو زمانی ئاخافتنی ڕۆژانەی خەڵکی، هەروەها ئیعتراف بەپارتی دیموکراتی کوردستان بکرێ وەکو لایەنێکی گفتوگۆیەکە. کورد بەگوێرەی ڕێژەی خۆیان لە چاو خەڵکی عێراقدا، ئەندامیان لەو پەرلەمانەدا هەبێ کە دەبوایە کار بۆ دامەزراندنی بکرێ. کورد، جێگری سەرکۆمارو

ژمارەیەک وەزیریان لە نێو حکوومەتی ناوەندیدا هەبێ، ئەمە جگە لە پەرەپێدانی ئابووری و کارگێری ناوچە کوردییەکان کە بەتەواوەتی پشتگوێ خرا بوو.

لە بەرانبەر ئەوەدا، کوردیش لە سەری بوو دان بەسەروەری نیشتماندا بنێن و گوێڕایەڵی یاساکانی عێراق بن و هەموو ئەو چەکە قورسانە تەسلیم بکەنەوە کە لە کاتی شەڕدا کەوتبووە دەستیان. هەروەها لەسەر ئەوەش ڕێککەوتن کە کردەی دەرهێنانی سامانی سروشتی بەدەستی حکوومەتی مەرکەزی بێت و دەستنیشانکردنی دوا سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لەو ناوچانەدا کە مشتومڕیان لەسەر بوو، لە ڕێگەی ڕیفراندۆمی گشتی و سەرژمێری خەڵکەکەوە یەک لایی بکرێتەوە و ئیدی سنوورێک بۆ ئەو حاڵەتە دابنرێ کە چەندین ساڵە هەڕەشە لە پارچەکردنی عێراق دەکات.

هاوڵاتی نمرە دوون؟

کەواتە هەردووک لا متمانەیان بەیەکدی نەبوو. کورد، کە ساڵانی شەڕ شنگی لەبەر بڕیبوون، هەموو هەوڵێکی خۆیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەیان کە شەڕ وێرانی کرد بوو، تەرخان کرد. هەرچەندە حکوومەتی بەعس، پێنج کەسی لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی سەر بەبارزانی خستە نێو حکوومەتەوەوە و لیژنەی ئاشتی دامەزراند تا سەرپەرشتی و چاودێری جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەکە و پاراستنی ڕێککەوتننامەکە بکات، بەڵام لەولاشەوە هەندێ لە توانایدا بوو هەوڵی دەدا کوردەکان دووربخاتەوە و بەشداری پراتیکی لە هیچ شێوەیەکی حکوومەتایەتیدا نەکەن، هەر لە یەکەم ڕۆژانی پاش ڕێککەوتننامەکەوە هەموو کلیلەکانی دەسەڵاتی ڕاستەقینەی گرتە دەست خۆی. هەرچەندە نوێنەرانی کورد، لەوانە ڕۆشنبیری پسپۆڕ لە کاروباری دەرەوە، سامی ڕەحمان (کە لە ساڵی ١٩٨٠ وە بەسکرتێری پارت) لە پۆستی وەزارەتیدا دامەزرێنران وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ و نیشتەجێ کردن و کاروباری کۆمەڵایەتی یان وەزیری بێ وەزارەتخانە (وەزیری دەوڵەت) بەڵام مەڵبەندە گرینگەکانی وەکو وەزارەتی ناوخۆ و دەرەوە و بەرگری بەدەستی پیاوانی بەعسەوە مانەوە. نەک هەر یەکێک لەلایەنگرانی بارزانی، بگرە هیچ کوردێک لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا کە سەرچاوەی ڕاستەقینەی دەسەڵاتە، قبوڵ نەکرا. وەزیرێکی کورد لە ساڵی ١٩٨٣ دا ئامادەی کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دەبێت، زۆر بەوردی پایە و دەسەڵاتی خۆی و هەڤاڵە کوردەکانی لە وەزارەتخانەدا دەستنیشان کرد بوو و گوتبوی هەرچەندە

وەزیرە و مانگانەیەکی باش وەردەگرێ و هەقی هەیە ئۆتۆمبێلی حکوومەت بەکار بهێنێ، بەڵام هیچ دەسەڵاتێکی نییە، تەنانەت ناتوانێ دەرگاوانێک یان پێشخزمەتێک دابمەزرێنێ. لە هەردوو کۆلیجی سوپایی و ئەرکانی بەغدا دا کە (٣٣٠) خوێندکاریان هەبوو، چەند خوێندکارێکی زۆر کەمی کورد وەرگیرا بوون، کە ئەگەر بەپێی ڕێژەی کورد لە چاو هەموو خەڵکی عێراقدا وەربگیرایەن، دەبوایە نزیکەی (١١٠) خوێندکاری کورد لە هەردووک کۆلیجی نێوبراوا وەربگیرایەن. کەچی لە ساڵی ١٩٧١دا تەنیا هەشت خوێندکاری کورد لەو دوو کۆلیجەدا هەبوون. هەرچەندە پارێزگاری کورد بۆ هەر سێ شارە کوردەکە دامەزرێنران، بەڵام دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە وێندەریش هەر بەدەستی بەڕێوەبەرانی ئاسایش (أمن) بوو، کە ڕاستەوخۆ پەیوەست بوون بەحکوومەتی ناوەندی بەغداوە و پەیوەندییان بەپارێزگارەوە نەبوو.

تەنانەت کارگێڕی خۆیی (الادارە الذاتیە) کە لە بەیانی ئاداردا باسکراوە، تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٠ هەر پشت گوێ دەخرا و دەست بەجێبەجێ کردنی نەکرا، کە جێبەجێش کرا بەوجۆرە نەبوو کە کوردەکان دەیانویست: ئەوەبوو ئەندامی ئەنجومەنە پەیوەندارەکان وەکو قەرار بوو، بەهەڵبژاردن دابنرێن، هەڵنەبژێردران؛ و لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە دامەزرێنران، بۆیە ئەمانە لەو کوردانە نەبوون کە نوێنەری بزاڤی چەکداری کورد بن، بەڵکو هەموویان کوردی شار و هەلپەرستی دامودەزگا کارگێڕییە حکوومەتی یەکان بوون، بەڵکو هەندێکیان خەڵکی قاچاغ و یاساشکێن بوون و لەوانە بوون کە کۆمەڵگەی کوردەواری تڕۆی کردبوون. هەندێ لە پەیڤدارانی (ناطق) کورد ئەم کارانەیان شوبهاند بەو کارانەی کە مەلێک لویسی شازدەیەم، بەر لە هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسا، کردنی. سامی ڕەحمان لەم بارەیەوە دەڵێ: "هەڵگیرسانەوەی شۆڕش سەر لە ئێوارە دیارە".

سەبارەت بەئایندەی ئابووری پارێزگا کوردییەکان، زۆر بەئاڵۆزی و نادیاری مایەوە، وێرای موناقەشە و چەند و چوونی زۆر، بڕیاری بودجەیەکی تایبەتی بۆ ناوچەکە نەدرا. حکوومەتی ناوەندی ڕایگەیاند کە هەر کاتێک پێویستی کرد ڕێ دەدات پارەی پێویست سەرف بکرێ. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە بەتەمایە سیاسەتێک، لە مەسەلەی بوژاندنەوەی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و بیناکاری ناوچەکەدا، بەکاربێنی کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بگونجێ.

بەڵام حکوومەت ئامادەبوو بەزووترین کات داخوازییە ڕۆشنبیرییەکانی کورد جێبەجێ بکات؛ لە زۆر قوتابخانەی سەرەتاییدا و تەنانەت لەو ناوچانەش کە لە ژێر دەسەڵاتی

هێزی بارزانیدا نەبوون، بەر لەوەی کتێب و پێداویستییەکانی خوێندن ئامادە بکرێ، خوێندن بەزمانی کوردی دەستی پێکرد. بەڵام ژمارەی خوێندکارانی کورد لە ئەنستیتۆ و زانستگەکاندا هەر کەم بوو، لە ٣٪ تا ١٠٪ی خوێندکارانی ئەم ئەنستیتۆ و زانستگایانەیان پێک دەهێنا، هەڵبەتە ئەم ڕێژەیە لە پارێزگایەکەوە بۆ یەکێکی دی جیاواز بوو. ڕێگە درا بەئازادییەکی زۆرەوە چالاکی ڕۆشنبیری ئەنجام بدرێ، ئەمەش بوە مایەی بوژانەوەی بزاڤێکی ئەدەبی ئەوتۆ کە ئاستی هوشیاری هەر سێ ملیۆن کوردەکەی عێراقی گەشاندەوە. هەروەها لە ساڵی ١٩٧٢دا و بەڕەزامەندی حکوومەتی ناوەندی زانستگەیەک لە شاری سلێمانیدا کرایەوە کە هەر لە کۆنەوە مەڵبەندی سەرەکی ڕۆشنبیری بوو لە کوردستاندا، بەڵام ئەو زانستگەیە هەر وەکو خۆی مایەوە و پەرەی نەسەند.

ناکۆکی لەسەر دیاریکردنی سنووری نەتەوەیی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

لە پاڵ ئەم فاکتەرە ئیجابی و سەلبیانەدا، بابەتێکی تریش هەبوو کە بەلای کوردەوە مەحەکی سەرەکی هەموو پێشکەوتنێک بوو لە بواری جێبەجێ کرنی ڕێککەوتننامەی ئادار، ئەویش مەسەلەی سەرژمێری بوو لەو ناوچانەدا کە لە سەری ناکۆک بوون. بەپێی ڕێککەوتننامەکە دەبوایە ئەم سەرژمێرییە لە ساڵی یەکەمی ئەو چوار ساڵەدا ئەنجام بدرێ کە بۆ جیبەجێ کردنی یەکجارەکی خاڵەکانی ڕێککەوتننامەی ئادار دانرا بوون. هەرچەندە لایەنە ڕەسمییەکان دوپاتیان دەکردەوە کە بەو زووانە دەست بەسەرژمێرییەکە دەکرێ، بەڵام ئەم سەرژمێرییە بەدرێژایی ئەو چوارساڵە هەر نەکرا؛ هەرچەندە هەموو کەس ئەوەی دەزانی کە چارەنووسی ڕێککەوتننامەکە بەندە بەو سەرژمێرییەوە و هەر ئەویش ڕەوتی ڕێککەوتننامەکە دیاری دەکات کە ئاخۆ بەرەو ئاشتی دەچێت یان بەرەو شەڕ.

پێکهاتەی دانیشتوانی شاری هەولێر و سلێمانی و دهۆک ئاشکرا و دیار بوو، بارزانی بەپێویستی نەدەزانی سەرژمێری لەو شارانەدا بکرێ. بەڵام مەسەلەکە لە شارانی وەکو خانەقین و کەرکووک و ژەنگار وا نەبوو، حکوومەت بایەخێکی زۆری بەو ناوچانە دەدا چونکە کانگا و سەرچاوەی هەرە گەورەی نەوت بوون، حکوومەت، لە ماوەی دە ساڵی شەڕدا زۆر گۆڕانکاری لەو ناوچانەدا کردبوو. چەندین هەڵمەتی عەرەباندنی لەوێندەر ئەنجام دابوو تا واقیعی نەتەوەیی ئەو شارانە بگۆڕێ. هەرچەندە بەپێی ڕێککەوتننامەکە دەبوایە ئەو ماڵباتانەی ڕاگوێزرا بوون، بگەڕێنەوە سەر جێگا و ناو ماڵی خۆ، بەڵام حکوومەتی ناوەندی لە ساڵی ١٩٧٠ و ١٩٧١ دا خۆی لە جێبەجێ کردنی ئەو بەڵێنانە

دزییەوە، بەو هەنجەتەی کە ٢٠ گوند لە کۆی ٢٢ گوندی ڕاگوێزراوی دەوروبەری کەرکووک بووە بەناوچەی محەرەمەی سوپایی و تازە مەحاڵە خەڵکی ئەو گوندانە بگەڕێنرێنەوە شوێنی خۆیان. حکوومەت هەر بەوەندەوە نەوەستا بەڵکو کەوتە بەکارهێنانی سیاسەتێکی شۆڤێنیانەی وەکو ئەوەی شۆڤێنیانی پۆڵۆنی لە ساڵی ١٩١٨ دا لە (کولیدور) و (راینهارد هایدرش)ی نازی لە ساڵی ١٩٤١ دا لە بوهیمیادا و زایۆنییەکان دەرهەق بەفەلەستین بەکاریان هێنا: لەسەر داوای وەزارەتی ناوخۆ هەندێ کۆمپانیا هاتە دامەزراندن و لەژێر پەردەی جۆراوجۆر و یان بەناوی وەهمی جیاوازەوە کەوتنە کڕینی زەویوزاری ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان. هەندێ کەس دەڵێن یەکێک لەو وەکیلانە عەلی دەحامی عەرەب بوو کە توانی بەو فێڵە زەویوزاری یازدە گوندی کورد لە یەکێک لە دەرەبەگە کوردەکان بکڕێ، پاشان ئەو کرێنامانەی (عقد ایجار) کە جووتیارانی کورد لەگەڵ دەرەبەگی نێوبراودا مۆریان کردبوو، هەڵیوەشاندنەوە و داوای لە دانیشتوو کوردەکان کرد کە ناوچەکە بەجێ بێڵن و هەر کە ناوچەکە چۆڵ کرا کۆمەڵێک ماڵباتی عەرەب لە باشوورەوە هێنران و لەوێندەر ئاکنجی کران.

بەعسییەکان، چەکی کارگێڕیشیان (اداری) بەکارهێنا: حکوومەت هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠وە و زۆر بەشێنەیی و دوور لە چاوی ڕای گشتی، کەوتە تەقسیمبەندییەکی ئیداری تازەی ئەوتۆ کە لەگەڵ سیاسەتی عەرەباندا بگونجێت... پەیامنێری ڕۆژنامەی (نویەتسوریخەتسا یتونگ)ی سویسری، لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا یەکەم کەس بوو کە ئەم کارە خەتەرناکەی حکوومەتی عێراقی بەرانبەر بەکورد دەیکرد، لە قاوداو لەو بارەیەوە بڵاوی کردەوە کە: "وای لێ هات بشێت ناسنامەی نەتەوەیی چەندین یەکەی ئیداری کوردنشین بگۆڕدرێ، ئەویش لە ڕێگەی پەیوەستکردنی یەکەی ئیداری عەرەبنشین پێیانەوە، بەشێوەیەک کە لەیەکە ئیدارییە تازەکەدا عەرەب ببن بەزۆرینەو کورد ببن بەکەمینە".

لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٧١وە ئیدارەی کۆمپانیای نەوت لە ژێر گوشاری حکوومەتدا، کەوتە جێبەجێ کردنی ئەو کارانەی کە پێشتر دژی کورد کردبوونی، ئەوە بوو چوارسەد کرێکاری کۆمپانیای نەوتی کەرکووک بەخۆ و خاوخێزانەوە نەقڵ کردن "کە ئەمە دەکاتە گوێزانەوەی پتر لە دوو هەزار کەس" بۆ ناوچەکانی باشوور لە ناوجەرگەی ناوچە عەرەبییەکاندا، بەفەرمانی خودی وەزیری نەوت و کانەکان. لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک کرێکاری تریش لەکار دەرکران و لە بەر بێکاری ناچاربوون وڵاتی خۆ بەجێ بهێڵن و

هیجرەت بکەن بۆ شار یان باشوور. هەر دەمودەست سەدان کرێکاری عەرەب لە جێیان دامەزرێنران پاش ئەوەی داوایان لێ کرا بەماڵ و منداڵەوە بێن بۆ ئەوێ. سەرچاوە کوردییەکان دەڵێن لە نێوان ساڵانی ٩٦١-١٩٧١دا پتر لە ٢٠ هەزار کورد لەم ناوچانە ڕاگوێزراون و پتر لە ٣٠ هەزار عەرەب لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی عێراقەوە هێنراون و لە جێی ئەوان ئاکنجی کراون. نوێنەری یەکێک لە ڕێکخراوە کوردییەکان لە هەندەران بۆ (هانزهاوزر)ی نووسەری ئەڵەمانی باس کردووە کە کوردەکان پێیان وایە حکوومەت بەئانقەست مەسەلەی سەرژمێرییەکەی دوا خستوە و خۆی لێ دزیوەتەوە، بەتایبەتی کە کۆمەڵە کادرێکی خۆی ڕاسپاردبوو شناساییەکی نهێنی واقیعی نەتەوەیی ئەو ناوچانە بکەن، ئەوەبوو چەند لیژنەیەکی وەهمی لە ژێر پەردەی خۆ سازدان بۆ پرۆسەی سەرژمێری، پێک هات و هەرچی زانیاری پێویست هەبوو کۆیان کردەوە، وەختێ ئەم لیژنە وەهمیانە لە کارەکانیان بوونەوە و حکوومەت سەیری ئەنجامەکانی کرد، ئیدی ئەم لیژنانە هەڵوەشێنرانەوە و سەرژمێرییەکەش نەکرا.

هەرچەندە مستەفا بارزانی سەرکردەی کورد بەوە بەنێوبانگە کە مرۆڤێکی هێمن و بەسەبر و حەوسەڵە ورد وەڵامە، کەچی لەو دیمانەیەمدا کە لە ساڵی ١٩٧٣ لە گەڵیم سازدا، وەختێ هاتمە سەر باسی ئەو خاڵە، خۆی پێ نەگیرا و هەندێ وتە و ڕستەی توندی ئەوتۆی بەزاردا هاتن کە تەرجومانەکە زۆر بەزەحمەت دەرەقەتیان دەهات و پێیاندا ڕادەگەیی. بارزانی گوتی: "هەر مەکتەبلییەک بگری لە هەر سوچێکی سەرزەمیندا زۆر شت دەزانێ دەربارەی قەسابخانەکانی تورک دژی ئەرمەن، دەربارەی قڕکردنی جوو بەدەست ئەڵمان، کەچی بەغدا بەکامی دڵ، هەرچییەکی بوێ دەیکات و تاقەکەسێک لەم جیهانە ئەو ئەزیەتە وەبەر خۆی ناخات ئاماژەیەک بۆ ئەم ڕەفتارە بکات یان کارێکی وەها بکەن کە سنوورێک بۆ ئەم ڕەفتارانە دابنرێ... مادامێکی نەوت هەبێ و بگاتە کۆمەڵگە پیشەسازییەکان، ئەوا هیچ کەسێک ڕۆژێ لە ڕۆژان بیر لەم حەقیقەتە ناکاتەوە کە ئەم نەوتە تێکەڵ بەخوێنی ڕۆڵەکانی گەلەکەمە، ئەو خوێنەی حوکمڕانانی بەغدا ڕشتویانە. ئەم خوێنەش، لەگەڵ نەوتەکەدا بۆ هەر کوێیە ببرێ. دەڕوات"، "نیازێکی گڵاوو ئاکامێکی سامناک" بارزانی بەو ڕستەیە پوختەی ڕای خۆی لەمەڕ سیاسەتی ڕژێمی بەعس دەرهەق بەگەلەکەی لەو ساڵەدا دەربڕی.

ڕژێمی بەغدا هەر لە ساڵی ١٩٧٠ وە کەوتە ئەوەی کەشوهەوایەکی بێ باوەڕی و بێ متمانەیی لە نێوان هەردوو لادا دروست بکات. ڕەنگە ڕژێم بەو مەبەستە ئەوەی کردبێ

کـەناکـۆکی لاوەکی و دووبەرەکی تازە بخـاتە نێـو ڕیزەکـانی بزووتنەوەی ڕزگـاریخـوازی کوردییەوە، وەکو چۆن پێشـترش ئەمەی دەکرد، واتا دووبەرەکی نانەوە لە ڕیزی کورداندا لەرێگەی خۆ دزینەوەی حکوومـەت لە گفت و بەڵێنەکـانی و دۆزینەوەی ئەوزاری تازە بۆ گوشار خستنە سەر کورد کە لە بنەڕەتدا ڕقی لێیان بوو، و نەیدەحوباندن... جاوەکو زەمینە خـۆشکردنێک بۆ خـولْقـاندنی کـەشوهەوای بێ باوەڕی قـەراری زۆر زاڵـمـانە دەرچوون سەبارەت بەداخستنی دەزگا ڕۆشنبیرییە کوردییەکان بۆ ماوەیەک و پاشان کردنەوەیان یان هێشتنەوەیان بەداخراوی. هەروەها حکوومەت لەو بودجەیەش ژێوان بوەوە کە قەرار بوو بۆ ڕێکخراوەکانی لاوان و قـوتابیان و ئافـرەتانی کوردسـتان تەرخـان بکرێ، بەپێـچـەوانەوە پارەیەکی یەکجار مۆڵ بۆ نۆکەران و هاوکارانی ڕژێم سەرف کرا.

هەوڵەکانی تێرور و قەڵبەمەلایان

دەزگای ئەمنی عێراقی کەوتە نەخشەدانان و هەوڵدان بۆ تیرۆر و کوشتنی سەرۆکی کورد و فـەرمـاندەکـانی تری کـورد. لە هاوینی سـاڵی ١٩٧١ دا لە کـاتێکدا شـاندێکی کـورد بەمـەبەسـتی گفـتـوگـۆ لە بەغـدایە بوون، بەنارنجـۆکی دەسـتی هێـرشـێـک کـرایە سـەر ئۆتۆمبێلەکەیان و ئەم هێرشە بووە مایەی کوشتنی شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە و بریندداربوونی ئەو دوو سیاسەتوانەی دەنێو ئۆتۆمبێلەکەدا بوون. هەرچەندە گاردە کوردەکان توانیان کابرای تاوانکار بگرن و تەسلیم بەدادگای عێراقی بکەن، کەچی تەنیا بۆ ماوەی شەش مانگان حەپس کرا و پاشان بەپەلە ئازاد کرا و لە شاری بەسرە دامەزراو پۆستێکی بەرزیان دایێ.

ڕووداوەکـانی پاشـتـرش بەئاشکرا ئەوەیان سـەلماند کـە حکوومـەتی عـێـراقی ئەم جۆرە هەوڵانەی بەشێوازێکی ئاسایی دەزانی بۆ بەربەرەکانی کەمینەی کوردی و سەردارەکانی. لە سـاڵی ١٩٧٧دا دەزگا ئەمـنیـیـە تایبـەتیـیـەکـانی وەزارەتی ناوخـۆی نەمـسـا، دەزگا تایبـەتیـیـەکانی ئەڵمانیای فـیدرالی ئاگادار کـردەوە کـە (٥) کـەس لە نۆکـەرانی ئەمنی عێراقی لە ڕێگەی نەمساوە خۆیان بەخاکی ئەڵمانیادا کردووە و بەمەبەستی کوشتنی ئەو سەرکردە کوردانە نێردراون کە لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوادا دەژین. بەراستی لە ساڵانی پاشتردا ئەڵـمـان توانیـان تەحقـیق لە چەندین هەوڵی تری لەو بابەتە بکەن کـە نۆکـەرانی ئەمنی عێراقی لە ژێر پەردەی حەسانەی دیپلۆماسیدا، ڕاسپێردرابوون کاری تیرۆریستی دژی ئەو هاوڵاتییە کوردە عێراقییانە ئەنجام بدەن کە لە ئەڵمانیای فیدراڵی دەژیان.

یەکـێک لە نزیکانی بارزانی باسی هەوڵێکی تیـرۆرکـردنی بارزانی بۆ گـێـرامـەوە، ئەم

پیـاوەی کـە قـسـەی بۆ دەکـردم لاقـێکی لە دەست دابوو. لە حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٧١ دا تاقمە ئاخوندێکی شیعەی عێراقی داوایان کرد ڕێیان بدرێ بارزانی بدیەن و باسی ئەوەی لەگەڵدا بکەن کە داخوا بارزانی دەتوانێ دەسەڵاتی خۆی و پەیوەندی دۆسـتـانەی لەگـەڵ ڕژێمی بەغدا دا کـە هێـشـتـا تێک نەچووبوو، بەکـار بێنێ... بەڵام ئەوەبوو کـاتێ شـاندی نێوبراو لە ڕۆژی ١٩٧١/٦/٢٩ دا گەیییە بارەگای بارزانی لە حاجی ئۆمەران، تەنیا ئەو چوار ئاخوندە شیعەیە نەبوون کە دیاری کرابوون، بەڵکو هەشت مەلا بوون، یان ڕاستتر هەشت پیـاو بوون و جلی مـەلایان لەبەرکرابوو. لێکۆڵینەوەکـانی دواتر سـەلماندیان کـە دەزگـای ئیـسـتـخبـاراتی عـێـراقی سوور بووە لەسـەر ئەوەی کـە چوار کەس لە نۆکـەرانی ڕاگەیاندوە کە ڕیکۆردەر لە ژێر جبەکانیانەوە قایم کراوە، پێویستە هەر کە دەست بەقسان کـرا لەگـەڵ سـەرداری کـوردا، ڕیکۆردەرەکـان بخـەنەکـار تا هـەرچـیـیـەک دژی دەوڵەت و حکوومـەت دەڵێ تۆمـاری بکەن... هەڵبـەتە کـورد مـیـللەتێکە ڕێزی ئایین و حـورمـەتی پیاوانی ئایینی دەگرن، بۆیە گاردەکان شاندی نێو براویان نەپشکنی و ڕێگەیان دا بروات. وەختێ بارزانی وە ژوورکەوت چ گومانێکی لەوە نەبوو کە دەزگای ئیستخباراتی عێراقی داوێکی وەهایان بۆ نابێتەوە. لە کـاتێکدا کـوڕێکی گەنج چای بۆ میـوانەکـان دادەنا؛ چا گوڵی مەجلیسە و کـورد تا چای دانەنرێ دەست بەقسان ناکات. یەکـێک لە نۆکەرەکانی ئیـسـتـخبـاراتی عـێـراقی، وەکو لەسەری ڕێک کـەوتبـوون، دەسـتی بەرێکۆردەرەکـەی ژێر جبەکەیدا نا، تا قسەکان، کە خەریک بوو دەستی پێدەکرد، تۆمار بکات. بەڵام ئەم نۆکەرە هێندە نەژیا تا فریا بکەوێ و ببینێ ئەوانەی کە بەم کارەیان ڕاسپاردووە تەفرەیان داوە و لە خشتەیان بردووە، تومەز لە بری ڕیکۆردەر، بۆمبایان لە ژێر جبەکەیدا تاقەت کرد بوو تا هەر کە دەست بەدوگمەی ڕیکۆردەرەکەوە بنێ، یەکسەر بتەقێتەوە. ئەوەبوو تەقینەوەیەکی یەکـجـار گـەورە جەسـتـەی خـۆی و کـوڕە لاوە چایچـیـیـەکـەی پارچە پارچە کـرد و بردنی بەحەوادا، ئیدی بۆمبەکانی دیکەش تەقینەوەو هەموو ئاخوندە ڕاستەقینە و ساختەکان پێکەوە مردن. تومەز بۆمبەکان بەجۆرێ لە ژێر جبەکانیاندا قایم کرابوون، هەرکە یەکێکیان تەقییـەوە، ئەوانی تریش بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بتەقنەوە. بەڵام بارزانی کە گوشاری تەقـینەوەکـە هەڵی دابووە سـوچێکی ژوورەکـەوە، سـاغ و سـەلامـەت دەرچـوو. تەنیـا تۆزێ دەست و دەموچاوی ڕوشاو هیچی دی. کاتێ شوفێرانی ئۆتۆمبێلە تۆیۆتاکانی دەرەوە کە لە نزیکی بارەگاکەدا چاوە ڕوانیان دەکرد، گوێیان لە تەقینەوە زلەکەی ژوورەوە بوو، وەکو لە سـەری ڕێـک کـەوتبـوون، کـەوتنە نارنجـۆک بارانی دەوروبەریان تا ڕێگەی هەڵاتن بۆ خۆ

بکەنەوە. بەڵام گاردەکانی بارزانی دەستبەجێ هاتنە دەست و بەدەستڕێژی کلاشنکۆف هەموو ئەو ئۆتۆمبێلانەیان دابێژت کە ویستیان هەڵێن. یەکێک لەو شۆفێرانە بۆ چەند سەعاتێک ژیا، لەو چەند سەعاتەدا ئەوەندەیان زانیاری لێوەرگرت کە بچنە بنج و بناوانی پرۆسەکە و بزانن کێ نەخشە و پیلانەکەی داڕشتووە. هەرچەندە جێگری سەرکۆماری عێراق سەدام حوسێن، کە دەسەڵاتداری ڕاستەقینەی عێراق بوو، یەکسەر لە ڕۆژی ٢/ ١٠/ ١٩٧١دا بروسکەیەکی بۆ بارزانی نارد، خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەبۆنەی ڕزگار بوونی بارزانی لەو ڕووداوە و پیرۆزبایی شۆڕش و حکوومەتی پێ ڕاگەیاند، بەڵام کوردەکان ئەو بروسکەیەیان بەکاغەزێکی سپی بێ بایەخ زانی. زۆربەی کورد، بەخودی بارزانی–شەوە کە هەمیشە بەچاوی گومانەوە دەیڕوانییە حکوومەتی بەغدا، وێڕای هەموو ڕواڵەت و قۆناغەکانی ئاشتی و دۆستایەتی کە حکوومەت دەری دەبڕی، وا سەیری ئەو ڕووداوەیان کرد "ڕووداوی تەقینەوەی مەلاکان لە حاجی ئۆمەران" کە ئەو هەوڵانەی ئاشتی کە بەهۆی ڕێککەوتننامەی ئادارەوە هاتبوونە ئاراوە، گەییونەتە کوێرە کۆڵان و چ هیوایەک لە گۆڕێ نەماوە و کاتی خۆئامادەکردن بۆ قۆناغێکی تری شەڕ هاتووە. ئەم ڕووداوەش بەڵگەی سووربوونی حکوومەتە لەسەر دەستپێکردنی ئەو شەڕە، ئیدی ئەنجامەکەی هەرچییەک بێت.

ئەم جارەش دەرکەوت کە خۆ پەسندی و عوجبزلی عەرەبی و هاوسەنگی هێز لە نێو حکوومەتی عێراقیدا، ڕێنادات هیچ جۆرە داهێنانێکی (تنازل) ڕاستەقینە بۆ گەورەترین کەمە نەتەوەیی نا عەرەب لە وڵاتدا بکرێ. دانی ئۆتۆنۆمی بەکورد بەلای حزبی بەعسەوە، کە حزبی سوسیالستی عەرەبی یە، تەنیا لە چوار چێوەی عێراقی یەکگرتوودا قابیلی تەسەورە. باشترین بەڵگەی ئەو بۆچوونەش ئەو گوتارەیە کە ڕۆژنامەی (الجمهوریە)ی بەغدای نیمچە ڕەسمی لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧١دا بڵاوی کردەوە: "ئەو کوردانەی ئەم هەستە نیشتمانییەیان نەبێ، واتا هەستی پەیوەستەگی تەواو بەعێراقی یەکگرتووەوە. ئەوانە خەڵکانێکی بێگانەو غەوارەن بەم نیشتمانە".

هنری کیسنجەر، بوونی کورد کەشف دەکات

لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکاری و شتە تازانەوە، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد کەوتە بیرکردنەوە لەوەی کە واز لەوە بێنێ هەموو قورساییەکی خۆی بخاتە سەر حکوومەتی عێراقی. هەر لەچوارچێوەی بیناکردنی سیاسەتی ئایندەی خۆی، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، سەر لە

نوێ کەوتە گەڕان بەدووی دۆست و لایەنی دەرەکی دا تا یارمەتی بدات. جارێکی دی بیرەوەرییەکانی سەردەمی کۆماری مهاباد کە لە ساڵی ١٩٤٦ دا بەکۆمەک و پشتگیری سۆڤیەت دامەزرا، بووژایەوە و زندوبووەوە. هەرچەندە سۆڤیەت لە هەفتاکاندا دۆستی نزیکی حکوومەتی عێراق بوون و لەبەرخاتری بەرژەوەندییەکانی خۆیان کۆمەکی بەردەوامی کوردی عێراقیان نەکرد، بەڵام بە بەردەوامی پەیوەندییان بەکوردەوە هەبوو، هەڵویستی بێ لایەنانەیان دەرهەق بەکورد هەبوو. بەڵام پاش شۆڕشی عێراق، گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەسەر ئەم هەڵوێستەدا هات. هەر لە کودەتای ساڵی ١٩٥٨ی قاسمەوە، ئیدی حکوومەتە عێراقییە یەک لە دوای یەکەکان هەوڵیان داوە میانەیان لەگەڵ سۆڤیەتدا دۆستانەو خۆش بێ. چونکە پێیان وا بوو پشتگیری سۆڤیەت فاکتەرێکی زۆر گرینگ بوو بۆ وەدیهاتنی ئامانجەتایبەتییەکانیان: دەرچوون لە پەیمانی بەغدا، خۆماڵی کردنی کۆمپانیاکانی نەوت، هەڵویستی بیلایەنی ئیجابی.

پاش کشانەوەی بەریتانیا لە ناوچەی کەنداو، کە لە ساڵی ١٩٦٧دا دەستی پێ کرد و لە ساڵی ١٩٧١دا تەواو بوو، عێراق بایەخێکی تایبەتی و ستراتیژی لە لای سۆڤیەت و بۆ سۆڤیەت پەیدا کرد. چونکە بەبێ عێراق نەیاندەتوانی چاودێری گۆڕانکاریەکانی ناوچەی کەنداو بکەن و کاری لێ بکەن. سۆڤیەتەکان، بەرەبەرە قەناعەتیان هێنا کە عێراق واقیعێکی سوپایی و سیاسییە لە بەرانبەر ئێراندا؛ کە ڕۆژ بەرۆژ پەیوەندی و هاوئاهەنگی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا زیادی دەکرد... لەبەر ئەم هۆیە سۆڤیەت لە ناوەندی ساڵانی هەفتاکاندا ئامادەبوو فڕۆکەی مێکی (٢١) بەعێراق بفرۆشێت، بەمەش عێراق بوو بە یەکەمین دەوڵەتی ناوچەی کەنداو کە فڕۆکەی لە زتر لە خێرایی دەنگی هەبێ. شارام جوبین–ی پسپۆری ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە لێکۆڵینەوەیەکیدا کە لە ساڵی ١٩٨٠ بڵاوبوەتەوە، دەڵێ ڕادەی چەکداری عێراق لە هی ئێران زیاتر بوو، ئەگەر ژمارەی خەڵک و بەرهەمهێنانی نیشتمانی هەردووک وڵات بەراورد بکەین. لە نیسانی ساڵی ١٩٧٢دا پەیمانی دۆستایەتی درێژخایەن لە نێوان سۆڤیەت و عێراق مۆرکرا، بەمەش ئاستی هاریکاری نێوان هەردووک وڵات بەرز بوەوە، ئەمەش ڕەوتی گشتی سیاسەتی دەرەوەی عێراقی پتەوتر کرد.

تاران و واشنتۆن–یش لە لای خۆیانەوە بەگومان و دوودڵییەوە دەیانڕوانییە پەرەسەندنی ئەم میانەیە. چوار هەفتە بەسەر ئیمزاکردنی پەیماننامەی نێو براوا نەبوری، کە ئەوە بەئاشکرا دەرکەوت کە گەڕانی کورد بەدووی هاوپەیماندا، لەگەڵ بەرژەوەندی ئێرانی

ئەمریکی دا، کە بریتی بوو لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا، لە زۆر خاڵی هاوبەشدا یەکانگیر دەبن.

ریچارد نیکسون-ی سەرۆکی ئەودەمی ئەمریکا، لە ١٩٧٢/٥/٣٠ دا سەردانێکی کورتی بیست و چوار سەعاتی ئێرانی کرد. لەو سەردانەدا بەخۆی مەسەلەی کوردی هێنایە گۆڕێ. نیکسون لە دانیشتنێکی تایبەتیدا لەگەڵ شای خانەخوێ و هاوپەیمانیدا، کە هنری کیسنجەری ڕاوێژکاری ئەمنی نەتەوەیی ئەمریکی-ش ئامادەی دانیشتنەکە بوو، نیگەرانی خۆی دەربارەی زیادبوونی کارە ڕادیکالییەکانی عێراقی دراوسێی ئێران دەربڕی.

سیاسەتی سوسیالستی ڕادیکاڵی و عەرەبی و ناسیونالستی حکوومەتی بەعسی بەغدا کە بەند بوو بەئارامی و عەرەباندنی عێراقی فرە نەتەوە و پەیمان بەستنی پتر لەگەڵ سۆڤیەتدا، ئەمە کۆسپ و تەگەرە بوو لەرێی وەدیهاتنی ئارەزووەکانی شاهەنشا و ڕووناهی ئاریان، کە بریتی بوو لە وەدەست هێنانی هێزو دەسەڵاتی پتر. هەروەها کە بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٨دا هاتنە سەر حوکم، ئەمە خۆی لە خۆیدا بوو بەسەرچاوەیەکی خەتەری ڕاستەوخۆی لە گوین بۆ شا، نەک هەر لە ڕێگەی پشتیوانی کردنی ڕاستەوخۆی ئەو موهاجیرانەوە کە نەیاری شا بوون، بەڵکو، ئەگەری ئەوەش هەبوو بێن بەخەتەرێک کە هەڕەشە لە ئارامی میرنشینە عەرەبییەکانی وەکو کوێت و قەتەریش بکەن. هەروەها نیکسۆن بایەخ و گرینگی کانگا نەوتەکانی ناوچەکە و ئەگەری هەڕەشەکردن لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکای لەم ڕووەوە باس کرد. بەڵام کیسنجەر هەموو هزرو بیری خۆی بۆ ئەوە تەرخان کرد کە چۆن دەسەڵاتی سۆڤیەتی کەم بکرێتەوە.

پێدەچێت هەردووکیان ڕای شایان پرسیبێ کە چ بکرێ تا گوشار بخرێتە سەر کۆماری عێراقی هەمێزی دۆڵی دوو ڕووبار و ئاژاوە و بشێوێنی تێ بخرێ، بەو مەبەستەی زەمینە بۆ ئەو ڕۆژە خۆشبکرێ کە بتوانرێ جارێکی دی عێراق بەبەرژەوەندییەکانی ئێران-ئەمریکا و تەنانەت ڕۆژئاواوە ببەسترێتەوە، وەڵامی شا ئاشکرا و ڕوون بوو: لە کاتێکا هەموو قورساییەکی ئەمریکا بۆ ڤێتنام تەرخان کرابوو، هێزی پێشمەرگەی بارزانی لە ساڵی ١٩٦١ وە توانی سێ جاران زەرەری گەورە لە هێزی نیزامی عێراق بدات و بێگەیەنێتە کەناری داڕووخان و حکوومەتی عێراق ناچار بکات داوای ئاگر بەست و شەڕ ڕاگرتن بکات. تاران-یش ئاگادار بوو کە ئەم ئاگر بەستەی دواییەش کە بەهۆی مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ئازارەوە هاتبووە گۆڕێ، زۆر لەقە و هەر ساڵێ بڕوخێ دەڕوخێ و مرۆڤ

دەتوانێ بەبێ ماندووبوون، پێشمەرگەکانی بارزانی بگەڕێنێتەوە بۆ سەنگەرەکانی شەڕ. نیکسۆن وکیسنجەر، بیریان کردەوە کە زامنکردنی کۆمەکی ئێرانی و بەڵێنێکی ئەمریکی کە کۆمەکی کورد بکەن، بەسە بۆ ئەوەی هێزی ئەنتی کۆمۆنیستەکانی بارزانی، لە جیاتی خۆیان، واتا لە جیاتی ئێران و ئەمریکا بخەنە شەڕەوە دژی حکوومەتی بەعس و سۆڤیەتی هاوپەیمانی حکوومەتی بەعس. بەڵام شا، زۆر دڵی پێوە نەبوو بەشداری ئەم پرۆژەیە بکات؛ بەتایبەتی کە هێشتا ئەو زەرەر و زیانە سوپاییە گەورانەی بیرمابوو کە لە ساڵی ١٩٧٠دا لە ئەنجامی شەڕی پاکستانی هاوپەیمانی ئێران دژ بەهیند، پێی کەوتبوو. لەلایەکی ترەوە شا، سەرگەرمی ئەوەبوو میانەی خۆی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و هەموو وڵاتانی ئیسلامی داکۆک و خۆش بکات. بۆیە وای بەچاک دەزانی خۆی لە کاروباری ناوخۆی عێراقی دراوسێ و موسوڵمانی هەڵنەقورتێنێ، بەتایبەتی لە ڕووی سیاسی و سوپاییەوە.

چەکی سۆڤیەتی، لە ئەمریکاوە دەنێردرێ

لەبەر ئەم وەزع و حاڵە تایبەتییەی شا، دەبوایە زۆر بەجوانی هەموو هەنگاوەکانی ئایندەی ئەم پرۆسەیە تاوتوێ بکرێ و زۆر بەنهێنی بمێنێتەوە. هەر بەمەبەستی پاراستنی ئەم ڕاز و نهێنی کارییە، شا چەند پرسیارێکی خستەڕوو: ئایا ئەمە ڕاستە، لە پڕ و ڕاستەوخۆ هەمان چەکی ئەمریکی کە دراوە بەسوپای ئێرانی، بدرێ بەپێشمەرگە؟ ئایا واشنتۆن ناتوانێ ئەو چەکە سۆڤیەتی و چینیانە بدات بەکورد کە لە شەڕەکانی ڤێتنام و کەمبۆدیا گرتوونی؟ خۆ ئەگەر ئەو چەکانە بەش نەکات ئایا ئەمریکییەکان ناتوانن داوا لە جولەکە بکەن ئەو چەک و تفاقە سۆڤییەتیانە بۆ کورد بنێرن کە لە جەنگی شەش ڕۆژەی ساڵی ١٩٦٧ دا گرتوویانە؟! چونکە گومان لەوەدا نییە دەبێ ئیسرائیل پشتیوانی لە هەر پرۆژەیەک بکات کە لە ئەنجامدا دەبێتە مایەی لاوازبوونی عێراق کە ئاشکرا و لە هەر بۆنەیەکدا و زیا لە هەر دەوڵەتێکی تری عەرەبی، دوژمنایەتی خۆی بەرانبەر زایۆنیزم و ئیسرائیل ڕادەگەیەنێ. نیکسون، کە بەخۆی زۆری حەز لە کاری نهێنی دەکرد، ماڵاوایی لە شا کرد و بەڵێنێکی زۆری دایێ هەر کە گەیشتەوە واشنتون هەموو لایەنەکانی ئەم کردەیە بەزووترین کات تاوتوێ دەکات. بەڵام وەختێ نیکسون گەڕایەوە و ئەم مەسەلەیەی لە ڕاوێژکارانی خۆی گەیاند، بەتایبەتی ڕاوێژکارانی کاروباری دەرەوەو ئەمنی نەتەوەیی، نەک هەر دڵیان پێوەنەبوو، بگرە هەوڵیان دا ئامۆژگاری بکەن کە واز لەم سەرکێشییە

بێنێ، بەتایبەتی ولیەم ڕوجەرز-ی وەزیری دەرەوەو ڕیچارهێلمز-ی سەرۆکی ئاژانسی موخابەراتی ناوەندی زۆریان هەوڵ دا ژێوانی بکەنەوە، هەنجەتیشیان ئەمەبوو، کە ئەمریکا بەشی خۆی و زیاتر گیروگرفتی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا هەیە، ئەمە جگە لەو هەموو زیانەی کە لە ڤێتنام لێی کەوت، هەروەها کۆمەڵێک پرۆژەی نهێنیی دیکەش لە کەمبودیا و لاوس هەبوون.

جگە لەم هۆکارە دەرەکیانە، ئاڵۆزکانی سیاسەتی ناوخۆش لە زیاد بووندا بوو، ئەوەبوو دەست بەجێبەجێ کردنی پرۆسەی واتەرگێت کرا لە ١٩٧٢/٦/١٧دا. بەڵام نیکسون نەک هەر بەگوێی ڕاوێژکارەکانی خۆی نەکرد، بگرە هەموو توانایەکی خۆی وەگەڕ خست تا زەمینە بۆ ئەم پرۆژە تازەیە خۆشبکات و بەزووترین کات جێبەجێی بکات. چونکە ولیەم ڕۆجەرز و ڕیچارد هێلمز ئەندام بوون لە لیژنەی چوار قوولّی نهێنیدا، کە ئەم لیژنەیە بۆ خۆی بەشێکە لە ئەنجومەنی ئەمنی نەتەوەیی و دەبێت هەموو پرۆژە و کردە نهێنییەکان بچێتە بەردەستی، بۆیە نیکسۆن خۆی لە لیژنەی گۆرین بوارد و داوای لە هنری کسینجەری ڕاوێژکاری کاروباری ئەمنی نەتەوەیی کرد کە بەخۆی سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژەیە بکات. لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٢ دا جون کونالی "کە جاران وەزیری دەوڵەت بوو لە دارایی و هەنووکە سەفیری گەڕۆک بوو" و یەکێک بوو لە نزیکانی سەرۆک، خۆی گەیاندە تاران تا بە شا و نوێنەرانی بارزانی بڵێ کە ئەو چەکانەی بۆ کورد تەرخان کراون، ئامادەن و هەندێکی بەڕێوەیە بۆ ئێرە.

دیارە ئەم ڕێککەوتنەی نێوان ئەمریکاو ئێران کارێکی زۆر گەورە و ناڕاستەوخۆی کردە سەر هەڵوێستی کورد لە قوناغەکانی دواتری گفتوگۆیان لەگەڵ حکوومەتی عێراقیدا. هەروەها وەکو پاشتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کارێکی کوشندەشی کردنە سەر. پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕادەیەک هەستی بەبەهێزی خۆی کرد کە لە ١٩٧٢/٨/١٣، واتا پاش سێ هەفتە لە سەفەرەکەی کوتایی بۆ تاران، هەڕەشەی هەڵگیرسانەوەی شەڕی کرد، ئەگەر عێراق بەپیر داواکانی کوردەوە نەیەت و لەزێ لە جێبەجێکردنیان نەکات.

هەر لەو ماوەیەدا، میانەی نێوان ئێران- کورد-یش پەرەی سەند و خۆش بوو. بەهاری هەمان ساڵ بارزانی، ئەفسەرانی پەیوەندی خۆی لە ڕەزاییە دانان. لە تارانیشدا دۆستانە مامەڵە لەگەڵ نوێنەرانی پێشمەرگەدا دەکرا. بەڵام سەرەڕای ئەمەش، بارزانی زۆر واقیعبینانە دەیڕوانییە شتەکان، چونکە لە ئەنجامی ئەزموونی خەباتی درێژخایەنی پتر لە سی ساڵەی خۆیەوە شارەزای سروشتی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بوو، و دەیزانی ئەگەری

گۆڕانکاری کوت و پڕ و گۆڕانی بەرژەوەندییە دوولایەنی و چەند لایەنییەکان لەوێندەردا زۆرە. بارزانی حەساوی بۆ هەموو ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکاریانە دەکرد کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا هاتبوون: ڕێککەوتننامەی ئادار، کە بارزانی لە ساڵی ١٩٧٠ دا لەگەڵ حکوومەتی بەعسی بەغدادا مۆری کرد، دانی بەجۆرە ئۆتۆنۆمییەکی کوردا دەنا کە نە لە قۆناغەکانی پێشووتری خەباتی کوردی عێراقا و نە لە وڵاتەکانی دراوسێی عێراقدا شتی وەها هەبوو... بڕیار بوو لە ساڵی ١٩٧٤دا، واتا پاش تەواوبوونی ماوە ڕەوتەنییە چوار ساڵییەکە، دەست بەجێبەجێکردنی ئەو ئۆتۆنۆمییە بکرێ. لەلایەکی ترەوە، لە ماوەی ئەوساڵانەدا کە بەسەر مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکەدا بوری، حکوومەت چەندین گفت و بەڵێنی دا، کە یان جێبەجێی نەکردن یان لێیان ژێوان بوەوە. هەروەها بارزانی-ش ئەو هەموو هەوڵانەی تیرۆرکردنی لەبیرنەکرد کە حکوومەت بۆ لە نێو بردنی ئەو، دانی. هەرچەندە ئەم هەوڵانە سەریان نەگرت، بەڵام بارزانییان وا لێکرد کە بەعسییەکان نێو بنێ: (بەعسییانی غەددار و گڵاو) بۆیە هەموو ئەم لایەنە سەلبیانەی میانەی کورد و عێراق کردیانە کارێک لایەنی بێ باوەڕی و بێ متمانەیی بەعێراق، زاڵ ببێ و باوەڕ نەکرێ کە حکوومەت نێوەرۆکی ڕێککەوتننامەی ئادار جێبەجێ دەکات. هەرچەندە لە ئەنجامدا تای تەرازووی کۆمەکی ئێرانی -ئەمریکی قورس بوو، و هاتە هەڵبژاردن، بەڵام بارزانی ئامادە نەبوو ئەم کۆمەکانە بی چەندوچوون و بێ تاقیکردنەوە وەربگرێ. بارزانی هەر لە سەرەتاوە هەستی دەکرد شا، زۆر جدی نییە لە پشتگیری دۆزی کوردا، شا-ش زۆر چاک دەیزانی کە ئەگەر شۆڕشی کوردی عێراق، کە ژمارەیان سێ ملیۆن کەسە، سەربکەوێ چ ئاکامێکی خەتەری دەبێت، بێگومان ئەمە کاریگەرییەکی ئەفسوناوی دەبێت و چوار ملیۆن کوردی ئێران و هەشت ملیۆن کوردی تورکیا بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و بێداریان دەکاتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەر سەرکەوتنێکی کوردی عێراقی دەبێتە مایەی تەقاندنەوەی بارودۆخی گرژی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و زەمینە بۆ سەرهەڵدانی چەندین بزاڤی نەتەوەیی لە ناوچەکەدا خۆش دەکات. بارزانی و ژمارەیەک لە نزیکانی بارزانی، بەتایبەتی لەوانەی کە بەچاوی خۆیان ڕووخاندنی کۆماری مهابادیان، لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە بینی بوو؛ بەگومان بوون لەوەی کە ئاخۆ شا کورد (وەکو تاژی ڕاوێ) بۆ مەرام و لە پێناوی بەرژەوەندییە خوردییەکانی خۆیدا بەکار ناهێنێ، ئایا ئەگەرێکی زۆری ئەوە لە گۆڕێ نییە کە هەر کە شا بەمەرامەکانی خۆی گەیی، پشت ناکاتە کورد و دەستبەرداریان نابێت؟... هەمان ئەو مەبەستانەی وایان لێکرد ئەم هەموو

دۆستایەتییە بۆ کورد بنوێنێ.

بارزانی دواتر پێی گوتم: "ئەو پرسیارو گومانانە سەنگی مەحەکی بابەتەکە بوون، بەڵام ئەوەی هەڵوێستەکەی لێ دەئاڵۆزاندم، ئەوە بوو نەمدەتوانی بگەمە وەڵامی بنجبڕو دروست" هەر لە پێودانگی ئەم گومان و دوودڵییە، بارزانی سوور بوو لەسەر ئەوەی هەموو گفتوگۆکانی نێوان ئێران و کورد، بەئامادەبوونی نوێنەرانی باڵای تاقە دەوڵەتی دنیا بێ کە متمانەی پێی مابوو، کە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە، ئەنجام بدرێ. کۆمەڵێک تێبینی و باری سەرنج لەمەڕ ئەم هەڵوێستەی بارزانی، لە بروسکەیەکی دوور و درێژدا هاتووە کە مەڵبەندی ئاژانسی ئیستخباراتی ناوەندی لە تارانەوە بۆ واشنتۆنی ناردوە و مەڵبەند ئاماژەی کردووە کە: "بارزانی لە چەندین بۆنەدا گوزارشتی لە گومانی خۆی بەرانبەر بەنیازەکانی ئێرانی هاوپەیمان کردووە. بەڵام وەکو لە زۆر قسەیدا دەردەکەوێ بەڕادەیەک متمانەی بەوڵاتە یەکگرتوەکان هەیە کە ئەو متمانەیەی بەهیچ زلهێنرێکی دی نییە. ڕایگەیاندووە کە ئەگەر دۆزەکەی سەر بکەوێ ئەوا کوردستان دەبێت بەپەنجا و یەکەمین وڵاتی، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا".

پێدەچێت بارزانی هەر لە ڕۆژی خۆیدا ئاگای لەوە هەبووبێ کە سەرەک نیکسۆن هەموو دەزگا ئەمریکییە تایبەتییەکانی بوارد بوو، و هنری کیسنجەری ڕاسپارد بوو بەخۆی سەرپەرشتی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بکات. بارزانی پتر لە جارێک ئیعجابی خۆی سەبارەت بەم پیاوە دەربڕیوەو بە(متریخ)ی سەدەی بیستی زانیوە. بارزانی دیاریی شەخسی پێشکەش کردووە: جارێکیان سێ پارچە پیشەسازی دەستیی خۆماڵی بۆ نارد و جارێکیان بەبۆنەی ژن هێنانی کسینجەرەوە بارزانی ملوانکەیەکی مرواری بۆ بوکێ نارد. بەڵام بارزانی هێندە ژیا کە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی لیژنەیەکی سەربەئەنجومەنی پیرانی ئەمریکی بدینێ، کە پاشان ئەو لیژنەیە بۆ ئەوە دانرا کە لەم پرۆژەیە بکۆڵێتەوە و تاوتوێی بکات. ئەو دەمە ڕووی ڕاستەقینەی سیاسەتی ئەمریکی و مەرامی لەم سەرکێشییە، بۆ بارزانی ڕوون بوەوە: ڕەزامەندی ئەمریکا لەسەر یارمەتیدانی کورد، لە ڕاستیدا ڕەزامەندییەکی ڕەمزی بوو، وڵاتە یەکگرتوەکان بۆیە لە دۆزی کورد هاتە پێشەوە تا لایەکەوە هەڵوێستی هاریکاری خۆی بۆ کەمینەی کورد ڕابگەیەنێ و چارەنووسکی دیبیەوە، هاندەرێک بێ کە شا دەسبەرداریان نەبێ.

ئەو ساعاتی ڕزگاربوونەی کە لە باربرا

ئێمە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆش نازانین ئەو پەیمان و بەڵێنانەی کە ئەمریکا بەکوردی دابوون تا چ ڕادەیەک و بەچ شێوەیەک لە بواری پراتیکیدا جێبەجێ کران. بارزانی تا دواڕۆژانی ژیانی هەر دەیگوت پەیمان و بەڵێنەکانی ئەمریکا زۆر جیدی بوون، من شەش مانگێک بەر لە هەڵگیرسانەوەی شەڕی عێراق و کورد، لە مانگی ت١ و ت١٩٧٣/٢دا لە حاجی ئۆمەران دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیم لەگەڵ بارزانیدا کرد، لە قسەکانیا هەستی دەکرد باوەڕ و متمانەی تەواوی بەسەرکەوتن هەیە. چونکە لەو سەروبەندەدا بەکۆمەڵێک ڕاسپاردەوە چووم بۆ لای، دەرفەتم بۆ ڕەخسا دیمانەیەکی دوورودرێژی لەگەڵ ساز بدەم، بەتایبەتی وەختێ کە بۆی باسکردم کە لەلایەن دۆستانەوە زەمانەتی دراوەتێ... زەمانەتێکی وەها کە ئەمجارەیان دەبێتە مایەی دیارخستنی دۆزی کورد و یارمەتیدانی بۆ وەدیهاتنی ئەو بازرەقەیەی لێی چاوەڕوان دەکرێ. "ئێمە پشت بەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبەستین و متمانەمان پێی هەیە"...

بەڵام هێنری کیسنجەر، لەو ئیفادەیەدا کە لە بەردەم لیژنەیەکی سەر بەئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا داویەتی، لە بەردەم ئەو لیژنەیەی کە تایبەت بوو بەلێکۆڵینەوە لەم پرۆژەیە، ئەو لیژنەیە لە ساڵی ١٩٧٦دا دامەزرا، کیسنجەر لە بەردەم ئەو لیژنەیەدا حاشای لەوە کردووە کە پەیمان و بەڵێنی لەو بابەتە هەبوو بێ... هەرچەند پرۆتۆکۆلی لیژنەی نێوبراو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئیفادەکەی کیسنجەر مەنتیقی و واقیعی نەبووە... هەروەها یاداشتنامەکانی کیسنجەریش چ ئیشارەت و ئاماژەیەکیان تێدا نییە کە ئەم مەسەلەیە پتر ڕوون بکاتەوە، یان ئاماژە بۆ وەڵامێکی بنجبڕی ئەم پرسیارە بکات.

بەهەر حاڵ، یەکەم وەجبەی ئەو چەکانەی کە نیکسون لە شەڕگەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کۆی کرد بوونەوە، بەچەند کاروانێکی جیاجیا گەیینە بارەگا خەلفییەکانی کورد لە باکوری ڕۆژهەڵاتی ناوچە شاخاوییە سەختەکانی عێراق. دەیان هەزار کلاشنکۆفی ئۆتۆماتیکی سۆڤیەتی، کە بەشێکی زۆری مۆنتاژی کارخانەکانی چین بوو، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە دۆشکای فڕۆکە شکێن، لە ڕێگای ئێرانەوە بەقافڵەی ترومبێلان، یان بەکاروانی وڵاخان گەیەنرایە ناوچەکە. لە هاوینی ١٩٧٣دا نزیکەی شەست هەزار پێشمەرگەی ساز و تەیار و ئامادە هەبوو، کە لەسەر پێ بوون بۆ گەڕێکی (جولە) تازەی شەڕ. ئەم هێزە نەک هەر لە توانایدا هەبوو خزمەتی دۆزی کورد بکات،

بگرە دەیتوانی بەرژەوەندییەکانی ئێران و ئەمریکای زلهێزیش وەدی بێنێ و بپارێزێ. تاقە مەسەلەیەک کە هێشتا نەبڕێنرابووەوە، دیاریکردنی سەعاتی سفر بوو بۆ دەستپێکردنی هێرش. هەلومەرجی زاتی لەبار بوو، چەک زۆر بوو. تاقە پرسیار ئەوە بوو کە: ئاخۆ کەنگێ هەلومەرجی بابەتی-ش لەبار دەبێت بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ؟ بەیانی ڕۆژی ٦/١٠/١٩٧٣ گویەندە و بێژەری ڕادیۆی بەغدا، پاش لێدانی چەندین سروود و مارشی عەسکەری و هورا و دروشمی سەرکەوتن و ستایش و شانازی؛ ڕایگەیاند کە هێزەکانی میسری هاوپەیمانی بەعسییان، لە چەند قۆڵێکەوە لە کەناڵی سوێس پەڕیونەتەوە و کەوتوونەتە پاک کردنەوەی سینا لە ئیسرائیلییەکان ئەمە لەوە دەچوو "پێویستە لێرەدا ئەوە بیربخەمەوە کە ئەوەی نووسەر باسی دەکات تەنیا لە ڕوانگەیەکی ڕۆژنامەوانییەوەیە و بۆچوونی خۆیەتی بۆ تێکڕای مەسەلەکە وەکو ئەورووپی یەک- وەرگێڕی عەرەبی" کە ئەو سەعات و دەرفەتە زێڕینە بێ کە گەلی کورد لە سەرەتای سەرهەڵدانی بیری نەتەوەییانەوە چاوەنۆڕی بوون؛ لەشکری کورد لە هیچ کاتێکدا ئەوەندە پڕ چەک و چەکدار نەبوو، دۆستی بەهێزیان هەبوو، بەڵێنیان دابوونێ کە چاویان لێیان بێ و بەبەردەوامی چەکیان بۆ بنێرن و چەکی قورسیانش بدەنێ. دوژمنەکەیان، کە سوپای عێراقی بوو، ڕاستە زۆر لە کورد تەیارتر و پڕ چەکتر و هاوچەرخانەتر بوو، بەڵام بەشێکی زۆری هێزی سوپای عێراقی، بەتایبەتی هێزی زرێپۆشی سێ و چوار لە سوریا بوو و لەبەرەی شەڕی عەرەب-ئیسرائیلدا بوون. ئیسرائیل-یش کە لە ساڵی ١٩٦٥وە ئەفسەرانی پەیوەندی لەگەڵ کوردا هەبوو؛ مەبەستی بوو هێزی تایبەتی عێراقی لە سنوورەکانی خۆی دووربخاتەوە و بەشۆڕشێکی نوێی کوردییەوە سەرقاڵ و گیرۆدەی بکات. ئیسرائیل بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی ڕۆژی کیپور کەوتە ناردنی چەک و ڕاوێژکارانی نیزامی بۆ کوردستان. هەروەها لەسەر داوای وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، کەوتە هەناردنی هەندێ لەو چەکە سۆڤیەتی و چینییانەی کە لە عەرەبی گرتبوون و لە حەیفادا عەمار کرا بوون، بۆ کوردستان. بەڵام کاتێ هێزی بروسکەی ئیسرائیلی زاڵ بوون بەسەر وەزعەکەدا، ئیدی گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەر ڕەوتی شەڕی سینادا هات. ئیسرائیلییەکان توانیان بەحیکمەتی سەرکردایەتییەکی زیرەک و نەخشەیەکی تۆکمە و بەزەبری باڵا دەستی چەک وتفاقی جەنگی، سوپای سێی میسر لە ناوچەیەکی بیاباندا بەجۆرێ گەمارۆ بدەن کە مەحاڵ بێ لە ڕەخی ڕۆژهەڵاتی کەناڵی سویسەوە بەرگری لێ بکرێ و ئیدی قۆشەن و هێزە میسرییەکان بەجارێ شنگیان لەبەر بڕاو کەوتنە بەر هەڕەشەی قڕکردنی تەواوەوە. جارێکی دی کیسنجەر، کە هەڵوێستی

ئەو دەورێکی بنجبڕی لە دیاریکردنی چارەنووسی کێشەی کوردی- عێراقیدا هەبوو، بەپێی ویستی خۆی کەوتەوە گەمەکردن بەپیادەکانی شەترەنجەکە، سەر لە نوێ و بەو جۆرەی کە خۆی پێی ڕاست بوو، پیادەکانی لەسەر تەختەی شەترەنجەکە ڕیزکردەوە. سۆڤیەت چەند هێزێکی چەتر بازی خۆی خستە ئامادە باشییەوە و ئەمریکای ئاگادار کردەوە کە ئەگەر ڕێگەی ئیسرائیل بدرێ سوپای سێی میسر قڕ بکات، ئەوا تەدەخولی سوپایی ڕاستەوخۆ دەکەن لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا. کیسنجەر ترسا لەوەی لەم سات و وەختەدا پیادە کوردییەکان (گەمەی شەترەنجەکە) بجولێنن، چونکە ئەمە خۆی لە خۆیدا ئیسرائیلییەکانی هان دەدا و چەشەی دەکردن تا درێژە بەشەڕی میسرییەکان بدەن کە بەخۆیان شەڕەکەیان هەڵگیرساند، ئەمە یەکێک بوو لەو خاڵانەی کە کیسنجەر هەستی دەکرد لە سەرێتی ڕێی لێ بگرێ و نەیەڵێ ڕووبدات.

لەلایەکی ترەوە شا ئامادە نەبوو ڕێ بەکورد بدرێ کە ئەم لاوازییە کاتییەی عەرەب بقۆزنەوە و سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەم دەرفەتەیان لە کیس بدات و نەیەڵێ سەرکەوتنی یەکجارەکی و بنجبڕ بەسەر حکوومەتی عێراقدا بێنن، چونکە ئەگەر شا بەوە قاییل بوایە مانای وابوو یارمەتی کورد دەدا تا لەوگەمەی شەترەنجەدا، لە پیادەیەکی سادەی گەمەکەوە ببن بەوەزیرێک کە کەس نەتوانێ ڕەفتار و هەڵوێستی ئایندەیان بخوێنێتەوە یان پێشبینی بکات. لەبەر ئەمە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران وایان دەخواست کە چ گۆڕانکارییەک لەو کاتانەدا لە بەرەی کوردی- عێراقی ڕووبدا. جارێکی دی بۆمان هەیە تەسەوری "هەڵبەتە لە ڕوانگەی بیرکردنەوەیەکی ڕۆژئاواییەوە- وەرگێری عەرەبی" ئەوە بکەین کە ئەو ڕووداوانە دەرفەتێکی زێرینی لەباربوو بۆ کورد کە ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بێنن، دەرفەتێک بوو ڕەنگە مەحاڵ بێ دەرفەتی وەها دووبارە ببێتەوە، چونکە خەڵکانێک هەبوون خۆیان بەدۆستی ئەم گەلە دەزانی و هەوڵیان دا ئەم دەرفەتە لە بێشکەدا خەفە بکەن و لە گۆڕی بنەن.

بەڵام کورد بەخۆیان، ئەگەر بکرایە بابەتەکەیان لەم گۆشەنیگایەوە بدیتبایە، هەوڵیان دەدا خۆ بەبزاڤێکی وەهاوە ببەستنەوە کە ناکۆک نەبێ لەگەڵ ئەو تەسەوراتانەی لە هزرو بیری ئێرانییەکان و هنری کسنجەردا دروست بوو بوو. چونکە ئێران تاقە پەنجەرەیەک بوو کە کورد هەناسەی لێوە دەدا و لەوێوە گرینگترین کۆمەکی چەک و تفاقیان بۆ دەهات؛ ئەگەر ئێران ئەم ڕەگی حەیاتەیان ببڕێ و ئەمریکا چیدی چەکیان بۆ نەنێرێ، ئەوا لەم حاڵەتەدا هەر هێرشێکی کورد بۆ سەر سوپای عێراقی، دەیکردە ڕەفتارێکی نابەجێ و لە

گوین بوو کارەساتی گەورە بەسەر کوردا بێنێ... یەکێک لە ڕەخنەگرەکانی ئەمریکا دەربارەی ئەو بارودۆخە، نەخت و پوخت دەڵێ: "ڕەنگە هەر لە سەرەتاوە سەرکردەی پسپۆڕ و شارەزای جەنگی پارتیزانی، ئەوەی زانیبێ کە ئەم دەرفەتەی لە ئەنجامی هەڵگیرسانی شەڕی ڕۆژی کیپورەوە ڕەخساوە، دووبارە نەبێتەوە، بەڵام گفت و بەڵێنی لەگەڵ ئەمریکییەکاندا هەبوو. هەرچەندە بێزار بوو، و توڕەیی خۆی دەربڕی، بەڵام هەر نەجولا. ئا بەم جۆرە ئەو دەرفەتە مێژووییە لە دەست چوو بێ ئەوەی سوودی لێ ببینرێ".

ململانێی موسکۆ و واشنتون لەسەر ناوچەی دەسەڵات

لەلایەکی دییەوە تازە کار لەکار ترازا بوو و وەختی ئەوە نەمابوو هەوڵێکی دی لەگەڵ بەغدا بدرێ لەسەر بناغەی جێبەجێ کردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ئادار، ئەو شەڕە قسانەی کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢ دا لە نێوان ڕۆژنامەی التآخی (زمانی حاڵی پارتی) و ڕۆژنامەی الثورە (زمان حاڵی بەعس)دا ڕوویدا و زۆریان تاوان و تۆمەت لێکدی بارکرد، هێندە بەزمانێکی ئاشکرا و زەق بوو، ئەوەیان بەدیار خست کە بواری هیچ جۆرە سازشێک نەماوە و کاروبارەکان گەیبوونەتە کوێرە کۆڵان. بەعسییەکان دەیانگوت پێشمەرگە تەقەیان لە هێزەکانی عێراق کردووە و لەم لاشەوە پارتی دیموکراتی کوردستان، عێراقی بەوە تۆمەتبار دەکرد کە چەندین زێدەگاڤی و پێشێلکاری کردووە: دەیان هەزار کوردی ڕەوەند بۆ ئێران و تورکیا دەرکراون بەهەنجەتی ئەوەی گوایە جنسییەی عێراقیان نییە. فڕۆکەکانی عێراق گوندەکانی ناوچەی بارزان و ژەنگاریان لە سایەی قۆناغی ئاشتیدا بۆردومان کردووە. ئەمە جگە لەوەی کە حکوومەتی عێراقی چەندین گوندی کوردی لە ناوچەی خانەقیندا بەر بلدۆزەران داوە و تەختی کردوون. ئەمە جگە لەوەی بۆمبی وێرانکەر بۆ بارەگاکانی حزب و ڕێکخراوە پیشەییەکانی حزب نێردراوە بەمەبەستی تەقینەوە. هەروەها هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی جارێکی دی هێنرایەوە گۆڕێ و وەبیر خەڵکی هێنرایەوە.

ئەوەی کە پتر ڕەوشەکەی ئاڵۆزاند و پەیوەندییەکانی خراتر کرد ئەوە بوو، ئەو کاروانە کۆمەکانەی لە ڕێگەی ئێرانەوە بۆ کورد دەهات، لە حکوومەتی عێراقی شاراوە نەبوو. بەتایبەتی ئێران دوژمنی عێراق بوو، بۆیە کاریگەری ئەمە بۆ یەکێکی وەکو سەدام وەکو کاریگەری پارچە پەڕۆی سوور بوو بۆ گا. کاتێ بارزانی لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ جیم هۆگلاندی پەیامنێری ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستدا، هەموو وەرەقەکانی

خستنەڕوو، بەغدا وتەکانی بارزانی لەبەر گران بوو، و بەئینکەبەرایەتییەکی ئاشکرا و زەقی لە قەڵەم دا بەتایبەتی کە وتەکانی بارزانی زۆر ڕوون و ئاشکرا بوون و ئومێدی ئەوەیان نەهێشت کە پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕژێمدا، جارێکی دی ئاسایی ببنەوە، بەتایبەتی گوتەی وەک: "...ئێمە فاکتەرێکی گرینگین لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا کە لە بەردەم دەسەڵاتی سۆڤیەتی دەوەستین و سوپای عێراقیی دۆست و هاوپەیمانی سۆڤیەت مژول دەکەین... ئێمە ئامادەین هەر کارێک کە لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا بگونجێت، بیکەین ئەگەر ئەمریکا لە گورگان بمانپارێزێت، خۆ ئەگەر کۆمەکی پێویست و کاریگەر بکرێین ئەوا دەتوانین کانگاکانی نەوتی کەرکووک بگرین و تەسلیم بەیەکێک لە کومپانیاکانی نەوتی ئەمریکای بکەین، خۆ خۆماڵیکردنی نەوت لەلایەن عێراقەوە کارێک بوو دژی کورد".

هەرچەندە ئەم گوتانە خۆی لەخۆیدا ڕاگەیاندنی شەڕ بوو دژ بەیەکێتی سۆڤیەتی دۆست و هاوپەیمانی عێراق، بەڵام دیپلۆماسییەتی سۆڤیەتی لە دوا ساتەکاندا فریاکەوت و نەیهێشت قۆناغێکی تازەی شەڕی عێراق و کورد هەڵگیرسێتەوە. هەندێ نێردراوی سۆڤیەت هەر لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢وە هەوڵیاندا بکەونە بەینی بەغدا و بارزانییەوە، ئەوەتا وا جارێکی دیکەش کەوتنەوە خۆ تا شەڕی چەکداری لە نێوانیاندا هەڵنەگیرسێتەوە. هەڵبەتە هۆی ئەم ناوبژیەی سۆڤیەت ڕوون و ئاشکرا بوو: چونکە سەدام حوسێنی بەنزیکترین هاوپەیمانی خۆی دەزانی لە نێو عەرەبەکاندا... موسکۆ مەبەستی بوو ئارامی ناوخۆ لە عێراقدا بەرقەرار بێ؛ چونکە هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەگەڵ کوردا، ڕژێمی بەعسی بەغدای لەزرۆک دەکرد و بەرەو ڕووخانی مسۆگەری دەبرد. ئەو حەقیقەتەیان لەبەرچاوبوو کە هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی لە لوتکەی ڕژێمانی عێراقدا ڕوویانداوە و هەموو ئەو کودەتا نیزامیانەی لە ساڵی ١٩٦٠وە لە عێراقدا بەرپابوون، ئەنجامی ڕاستەوخۆی لاوازی سوپای عێراق بووە کە لەگەڵ کوردا گیرۆدەی شەڕبووە... بۆیە سۆڤیەت پێیان وابوو ئەگەر کارێکی وەها بکەن سەدام نەکەوێتە شەڕێکی عەسکەری تازەوە لەگەڵ کوردا، ئەوا ئامانجەکەیان دێتە دی و سەدامی دۆستیان لەسەر حوکم دەمێنێتەوە؛ ئەگینا ناچار دەبن لە ڕووی مادی و لەشکرییەوە پشتگیری و پشتیوانییەکی زۆری بکەن دژی کورد، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەڵوێستێک بوو سۆڤیەتەکان بەخۆیان پێی خۆشحاڵ نەبوون و دژ بەشێوازی خۆیان بوو. هەرچەندە لە ئەنجامدا هەر ناچاربوون بەکردەوە ئەم هەڵوێستە وەربگرن. ڕۆژنامەی (نویە تسویریخەتساتیونگ)ی بناف و دەنگ، بڵاوی کردەوە کە گوایە لەسەر چاوەیەکی باوەڕ پێکراوەوە زانیوبەتی کە سۆڤیەت لە کۆتایی

ساڵی ١٩٧٣دا بارزانی دەعوت کردووە بۆ موسکۆ تا قەناعەتی پێ بکەن کە هەڵوێستی خۆی بگۆڕێ.

پایزی ١٩٧٣ هات. گەلێک لەو مەسەلە گرینگانەی کە کاریگەری گەورەیان لەسەر دیاریکردنی ڕەوتی کاروبارەکاندا، لە ساڵی ئایندەدا دەبوو، پێشوەختە دیاریکران، بەڵام دوا ڕیزبەندی هەمووفاکتەرەکان هێشتا تەواو نەبوو بوو. هەڵبەتە دەبوایە دوا بڕیار دوابخرێ بۆ بەهاری ئاینده، چونکە زستان بەردەرکەی بەهەموو لایەک گرتبوو... کاتێ کە لە کوردستان گەڕامەوە لە ڕۆژنامەی (Diewelt)دا بڵاوم کردەوە کە: "لە ئاداردا شەڕ دەست پێدەکاتەوە" پڕ بەدڵ حەزم دەکرد پێچەوانەی ئەو پێشبینییەی من ڕووبدات و دڵنیا نەبووم لەوەی کە هەموو دەرگاکان داخراون لەبەردەم ڕەوتی کاروبارەکاندا و بەچ ئاراستەیەکی دیدا نارِوات.

بەهار، بەرە بەرە دەهاتە پێشێ، ڕۆژئاوا پتر بایەخی بەدۆزی کورد دەدا. سیاسەتوانانی ئەمریکی و ئێرانی ئامادەیی خۆیان پیشاندا بۆ قاییل بوون بەبۆچوونی کورد؛ کەچی ئەوان لە ساڵی ڕابردوا سوور بوون لەسەر ئەوەی بارزانی نەچێتە شەڕێکەوە کە خۆی لە خۆیدا دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ کورد. لەلایەکی دیییەوە پەیوەندی و میانەی ئێران- عێراقی، کە لە بنەڕەتدا دۆستانە نەبوو. ڕووی کردە گرژی و ناخۆشبوون. دەزگای (ساواک)ی ئێرانی ئەوەیان کەشف کرد کە نۆکەرانی دەزگای موخابەراتی عێراق بەقاچاغ چەک و تفاق بۆ عەشایەری بلوجی نیشتەجێی باشووری ئێران دەنێرن؛ بلوجەکان لە شەڕدا بوون دژی ڕژێمی ئێران و داوای جیابوونەوەیان لە ئێران دەکرد.

هەروەها عێراق کۆمەکی زۆری بۆ شۆڕشگێڕانی زەفار دەنارد کە لەلایەن یەمەنی باشوورەوە پشتیوانی دەکران و، ئەم شۆڕشگێڕانە دژی ئەو سوپا ئێرانییە دەجەنگین کە (قابوس بن سەعید)ی سوڵتانی عەمان داوای لە ئێران کرد بوو بینێرێ بۆ عەمان تا یارمەتی بدەن لە دامرکاندنەوەو سەرکوتکردنی شۆڕشەکە دا؛ هەروەها بەغدا بوو بەداڵدە و پەناگەی کومونیستە ئێرانییەکان و پاشماوەی لایەنگرانی بەرەی نیشتمانی ئێرانی سەردەمی سەرەک وەزیرانی پێشوو (مصدق). هەروەها دەرکەوت هەندێ مەفرەزی کۆمونیستی فیداییانی ناو شار، کە لەلایەن حزبی بەعسی بەغداوە لە هەردوو ڕووی ئایدۆلۆژی و نیزامییەوە پشتیوانی دەکران، چەند کردەوەیەکیان دژی مەخفەرە ئێرانییەکان و دامودەزگاکانی سوپای ئەمریکی ئەنجام داوە.

دیارە ئەمە پێچەوانەی حەز و ئارەزووەکانی شا بوو. کە دەیویست ئێران بکات

بەهێزێکی گەورەی ئارام و پەرەسەندوو؛ ئەمەش بەوە دەهاتە دی کە میانەی عەرەبی و ئێرانی خۆش و دۆستانە بێت. لەم لاشەوە ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن، دژایەتی ئەم سیاسەتەیان دەکرد و هەوڵیان دەدا نەیەتە دی. شا، سەبری سوا و توڕە بوو، بۆیە هەستی کرد وەختی جوڵاندنی پیادە کوردییەکان هاتووەو پێویستە بەقازانجی خۆی وەگەڕیان بخات. لەو لاشەوە بارزانی چ ڕێگەیەکی لە بەردەمدا نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێ کە پشت بەکارتی ئێرانی- ئەمریکی ببەستێ. ئا بەوجۆرە لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤دا گەورەترین شەڕی کوردی عێراق هەڵایسایەوە، شەڕێکی کە تا ئێستا بەخۆیانەوە نەدیتووە.

ناتوانین عێراق لە بەڵێنەکانی ببەخشین

ئەو هەنگاوەی کە تەنگژەکەی تەقاندەوە لەلایەن بارزانییەوە نەنرا، بەڵکو لەلایەن بەغداوە نرا. هەرچەندە هەردوو حزب، سەبارەت بە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئۆتۆنۆمی و ناکۆکییە ڕیشەییەکان نەگەیینە ڕێکەوتنێکی یەکجارەکی وەکو ئەوەی ساڵی ١٩٧٠، کەچی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس یەک لایەنە و بەبڕیاری ژمارە ٢٤٨ یاسای ئۆتۆنۆمی دەرکرد. لە هەمان کاتدا ڕژێم داوای لە شۆڕشی کورد بەسەرۆکایەتی بارزانی دەکرد کە چەکە قورسەکان و ڕادیۆیەکەیان تەسلیم بەحکوومەت بکەن.

ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، بەخۆی چوو بۆ ئێزگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغداو هەوڵی دا بەهەموو شێوەیەک، و بەئامادەبوونی نوێنەرانی ڕۆژنامە ڕەسمییەکان، ئەم بڕیارە بڕازێنێتەوە، یان وەکو دەڵێن هەنجەت و بیانووان بۆ هۆیەکانی ناکامی گفتوگۆ لەگەڵ کوردا بێنێتەوە. ئەحمەد حەسەن بەکر، کە سەرۆکی تێکۆشەریان پێدەگوت، ڕووی کردە جەماوەری گەلی عێراق و گوتی: "ئەی گەلی عێراقی مەزن، جەماوەری شۆڕشە سەرکەوتوەکەمان" ئەوجا لە سەری ڕۆیی و هەڵیدایێ: "لە پێناوی بەهێزکردنی پەیوەندییە نیشتمانییەکان و برایەتی مێژوویی ڕۆڵەکانی عێراق بەعەرەب و کورد و کەمینەکانی ترەوە، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لێبرا ئۆتۆنۆمی لە کوردستاندا جێبەجێ بکات". و لە سەری ڕۆیی: "ئەم ئۆتۆنۆمی یە تەنیا چوار چێوەیەک نییە بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی عێراق لە سنووری وڵات و نیشتمانێکی یەکگرتوودا، بەڵکو خۆی لە خۆیدا گۆڕانێکی ڕیشەییە لە بواری مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەی کوردا، لە چاو ئەو سیاسەتە نادروستانەدا کە حکوومەتە دکتاتۆرە کۆنەپەرستەکانی پێشوو پەیڕەویان دەکرد". ئەلبەکر، گوتارەکەی بەوە کۆتایی هێنا کە: "ئۆتۆنۆمی ئاسۆیەکی بەرینتر لە بەردەم

ڕۆڵەکانی کوردا دەکاتەوە و یارمەتییان دەدات کە بەدڵنیاییەوە بکەونە سەر ڕێگەی گۆڕانی دیموکراتیانە بەرەو سوسیالزم".

بەڵام کورد، لە ڕوانگەیەکی دییەوە دەیانڕوانییە سەراپای مەسەلەکە. چوار ساڵ بەسەر مۆرکرنی ڕێککەوتننامەی ئاداردا بوری و هەڵوێستی عێراق بەرانبەر بەکورد هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات. بۆیە ئەو (برایەتییە مێژووییە)ی کە ئەلبەکر لە گوتارەکەیدا ئاماژەی بۆ کرد تەنیا قسەی ڕووت بوو. هەرچەندە بەندی دووەمی ڕێککەوتنی ئازار، تاکید لەسەر ئەوە دەکات کە بێ جیاوازی و بەرێژەیەکی دادوەرانە، خەڵکی کورد و ناکورد لە وەزیفە حکوومەتی و خزمەتگوزارییەکان بێنە دامەزراندن، بەڵام کورد لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ دا ئەم وێنەیەیان لە بەردەم خۆیاندا دەبینی:

- لەکۆی دوانزە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش تاقە یەک کوردی تێدا نەبوو، هەرچەندە ئەم ئەنجومەنە سەرچاوەی سەرەکی دەسەڵات بوو لە عێراقدا.
- لە سەرکردایەتی سوپادا، لە وەزیری بەرگرییەوە تا دەگاتە ئاستی ئامیر فەوجەکان تەنیا دوو کورد هەبوون.
- ڕێژەی خوێندکارانی کورد، لە زانستگەی سوپاییدا پتر لە ٢-٥ ٪ی کۆی خوێندکارانی، زانستگەی نێو براو نەبوو.
- ڕێژەی خوێندکارانی کورد لە زانکۆی فڕۆکەوانیدا هیچ نەبوو.
-لە کۆی (٥٠٠) دیپلۆماتی عێراقیدا تەنیا یەک کورد هەبوو. لە کۆی هەشتا سەفیری عێراقی، تاقە یەک سەفیری کورد هەبوو، ئەویش سەفیری عێراق بوو لە ڕۆما.
- وەزارەتخانەی عێراقی کە پێکهاتبوو لە ٢٣ وەزیر، تەنیا پێنجیان کورد بوون، لەو پێنجە سیانییان وەزیری بێ وەزارەت بوون و دوانەکەی تریانیش وەزارەتخانەیان گرینگ نەبوو.
-تاقە یەک کورد لە نێو هێزی ئەمن و ئیستخباراتدا نەبوو.
- لە هەموو ئەمانەش گرینگتر ئەوەبوو کە مەسەلە بنجبڕ و گرینگەکانی ئۆتۆنۆمی بەئاڵۆزی و بێ چارەسەری ڕیشەیی هێڵرانەوە، وەک دیاریکردنی سنووری نەتەوەیی و دانانی نەخشەی پێویست بۆ پەرەسەندنی ئابووری.

بۆیە. حزبەکەی بارزانی پاش ٢٤ سەعات، لە دوای ڕاگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی لەلایەن حکوومەتەوە، وەڵامی دایەوە و یاسای نێوبراوی ڕەفز کرد و بەیاسایەکی ناتەواو و

پچڕاوی لە قەڵەم دا. حکوومەت، پارتی ئاگادار کردەوە کە بچێتە بەرەی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازەوە، کە بریتی بوو لە حزبی بەعس و حزبی شیوعیی لایەنگری سۆڤیەت: هەڵبەتە پارتی ئەم هۆشدارییەی حکوومەتی ڕەفز کرد.

بارزانی، ئەوشتانەی کە ڕژێم بۆ کوردی تەرخان کرد بوو، بەسەدەقەیەکی مایەی بەرزەیی زانی، بۆیە هەڵگیرسانەوەی شەڕی هەزار جار پێ چاتر بوو لەوەی کە قاییل بێ حکوومەت هیوا و ئاواتەکانی گەلەکەی زیندە بەچاڵ بکات.

بارزانی بۆی ڕوونکردمەوە و گوتی: "ناچار بووین دە ساڵان شەڕ بکەین و داوا لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بکەین، کە مەینەتی دنیای بەسەردا هات، بەهەموو قوربانییەک ڕازی بن تا بتوانین حکوومەت ناچار بکەین، ئەم ڕێککەوتننامەیە مۆر بکات، بۆیە ناتوانین چاوپۆشی لە حکوومەت بکەین کە لەو بەڵێن و گفتانەی پاشگەزببێتەوە کە لە ساڵی ١٩٧٠ دا پەیمانی دا جێبەجێیان بکات و بۆ خۆی ئاشتی پێ کڕی".

هێرشی گەورە

هەر بارزانی بەتەنێ لەم ڕوانگەیەوە مەسەلەکەی نەدەبینی، بەڵکو گەلێک لەو چاودێرە بێگانانەش کە چاودێری ڕووداوەکانی عێراقیان دەکرد، هەمان ڕوانگە و بۆچوونی ئەویان هەبوو. میر بەدرخان لە تاراوگەوە؛ لە پاریسەوە دەربارەی ئەم مەسەلەیە دەڵێ: "حکوومەتی عێراق کە لە ڕابردوا بۆتاقە جارێکیش دوژمنایەتی خۆی دەرهەق بەکورد نەشاردۆتەوە، ئەمجارەیان ڕەفتارێکی زیرەکانە و ڕیاکارانەی ئاشکرای بەکارهێنا، ئەوەبوو یاسای بەناو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق دەرکرد؛ کە لە ڕاستیدا بریتییە لەوەی هەموو ناوچەکانی کوردستانی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی سیاسی و عەسکەری حزبی بەعسەوە. دیارە بەم هەڵوێستە ویستوویەتی ڕای گشتی جیهانی هەندێ هێور بکاتەوە، پاش ئەوەی دژی هەستا دوای ئەو هەموو هێرشی قڕکردنەی کە بەدرێژایی دەیان ساڵ کردییە سەر کورد".

هەروها پسپۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە ڕۆژنامەی (نویەتسویریخە تسایتونگ) زۆر بەدروستی گوزارشتی لەم مەسەلەیە کردووەو ئاماژەی بۆ ئەوەی کردووە کە سیاسەتی ڕەسمی بەغدا ئەوەیە کە "حزبی بەعس دەیەوێ ئۆتۆنۆمییەکی ڕواڵەتی بەکوردان بدات و لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندی بەعسەوە ئاراستە بکرێ. ئەو ئۆتۆنۆمی یەی کە لە بەیانی ئاداری ١٩٧٤ دا خرایە سەر کاغەز، ڕێک و دەقاو وەکو ئەو ئۆتۆنۆمییەیە کە

دەسەڵاتی مەرکەزی سۆڤیەتی داویەتی بەکۆمارە بەناو سەربەخۆکانی خۆی. ئەمەش. لاساییکردنەوەی حزبی بەعسە بۆ حزبی شیوعی سۆڤیەتی، واتا بەعس ببێت بەحزبی حوکمڕان و تاقە سەرچاوەی دەسەڵات و هەموو کاروبارەکان". ڕۆژنامەی لوموند-ی فەرەنسی-ش لەم بارەیەوە دەڵێ: "ڕاگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی لە یەک لایەنەوە و بێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە ڕیشەییەکانی کورد، زەمینە بۆ بارودۆخێکی خەتەر لە باکوری ولاتدا خۆش دەکات". بەڵام ڕۆژنامەنوسی ئەڵمانی (ئیمانویل کایس)ی زانای چالاک و چەلەنگ لە بزاڤی مافی مەدەنی گەلانی بن دەستی ڕوو لە نەمان، زۆر بەتوندی ڕەخنەی لەو ڕەفتارەی عێراق گرت و گوتی ئەم ئۆتۆنۆمییە "تەنیا پەردەیەکە بۆ داپۆشینی دەست پێ کردنەوەی پرۆسەیەکی نوێی نیزامی، کە ئەم ڕەفتارە پێشتر لە ڤیتنامدا بەکار هێنراو بووە هۆی هێرشێکی بەرفراوانی ناڕەزایی".

حکوومەت، ماوەی دوو هەفتەی بۆ بارزانی دانا تا خۆی ساغ بکاتەوەو هوشداری یەکەی حکوومەت جێبەجێ بکات، بەڵام بارزانی کە هەستی کرد حکوومەت ئەوی وەکو لایەنێکی گفتوگۆکە فرامۆش کردووە، ئەویش لای خۆیەوە حکوومەتی ئاگادار کردەوە و ماوەی دوو هەفتەی بۆ دانا تا ئۆتۆنۆمییەک جێبەجێ بکات کە لەگەڵ نێوەرۆکی ڕێککەوتننامەی ئاداردا بگونجێت. هەروەها داوای لە حکوومەت کرد ڕێژەیەکی زۆر لە دەرامەتی نەوتی عێراق بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی تەرخان بکات. لە هەمان کاتدا هەڕەشەی ئەوەی کرد کە ئەگەر حکوومەت داواکان جێبەجێ نەکات ئەوا لە دامودەزگاکانی کۆمپانیای نەوتی کەرکووک دەدەن. لەم ماوەیەدا هەندێ سووکە پێکادانی پەڕاگەندە لە ناوچە سنوورییەکانی نزیکی تورکیا و ئێران ڕوویدا. پێشمەرگە مەخفەرە سنوورییەکانی عێراقیان گرت؛ چ پۆلیس و سەربازێکیان تێدا بوو گرتیانن، تا ڕێگا سنوورییەکان بۆ خۆیان دابین بکەن. ڕادیۆی (دەنگی کوردستان» کەوتەوەکار، بانگەوازی بۆ پێشمەرگەی کوردستان دەرکرد کە چەک هەڵگرنەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا نەفیر عام بوو.

سەرکردایەتی عەسکەری عێراق-یش چوار لەشکری نیزامی تەیار و ئامادەکرد. یەکێک لەوانە هێزی هەشت بوو کە هەلیکۆپتەری ئیلیوت-ی فەرەنسییان بەکاردێنا؛ ئەم هێزە، هێزی مغاویر و چەتر بازان بوو. ئەم چوار لەشکرە لەلایەن دوو قوەتی هێزی زرێپۆشی سێیەم و هێزی زرێپۆشی دەیەمەوە پشتیوانی دەکران. بەمەش ژمارەی ئەو تانکانەی بۆ شەڕی کورد تەرخان کرابوون گەییە (٣٥٠) تانک، ئەمە جگە لە هێزەکانی فڕۆکەوانی کە پتر لە (٢٠٠) فڕۆکەی هەبوو، و هەر هەموو فڕۆکەکانیش سۆڤیەتی بوون. هەرچەندە

فڕۆکەی مێکی ١٧و ١٩ لە ڕووی سوپاییەوە کۆن بوون، بەڵام بۆ لێدانی کورد، کە چەکی فڕۆکە شکێنیان نەبوو، زۆر کاریگەر بوو. سۆڤیەت جگە لەم دوو مۆدێلە فڕۆکەیە، مێکی ٢١و سوخوی ٧و توپولیفی ١٦ شیان بەعێراق دا. زوو زوو پێکادان لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراقی دا ڕوویدەدا. بەڵام لە سنووری پێکادانی پەڕاگەندە تێ نەدەپەڕی. پێدەچێ باران و تەڕ و توشی کە تا مانگی چوار بەردەوام بوو، هۆیەک بووبێ بۆ هەڵنەگیرسانی شەڕ و هێرشی بەربلاو... سەرکردایەتی هەردوو لایەن هەوڵیان دەدا ئەو سەعاتی سفرە دوا بخەن کە بەهەموو توانایانەوە خۆیان بۆ ئامادە کرد بووە. بەغدا لەلای خۆیەوە ڕایگەیاند کە ڕووداوەکانی ئەم دواییانە بەئاماژە نازانێ بۆ هەرەسهێنانی ئەو ئاگر بەستەی کە لە ساڵی ١٩٧٠وە بەردەوامە.

هەروەها لە بەغدا پێشوازی شاندێکی دیکەی کوردی کرا کە بەسەرۆکایەتی ڕۆژنامەنووس دارا تۆفیق-ی باوەڕپێکراوی بارزانی بوو. زۆر هەوڵ درا دەست بەگەڕێکی (جولە) تری گفتوگۆ بکرێتەوە، بەڵام بێهودە بوو. هەرچییەک هەبوو گوترا. بەڵگە و دژە بەڵگە خرانەڕوو. دیاربوو سیاسەتی بەغدا ئەوەبوو کە دووبەرەکی بخاتە ڕیزەکانی کوردەوە بەوەی سووکە پەیوەندییەک لەگەڵ باڵێکی حزبدا بهێڵێتەوە و هەوڵ بدا بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بکات بەدوو کەرتەوە؛ باڵێکی ڕادیکالی و باڵێکی واقیعی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی عێراقی سیفەتی (کۆنەپەرست) و (نۆکەری ئیمپریالیزم) و (جوداخوازی) بداتە پاڵ باڵە ڕادیکاڵییەکە.

کریچکو-ی وەزیری سۆڤیەتی

ڕژێمی عێراقی لەسەر داوای سۆڤیەت ئەم دوا هەنگاوەی نا تا شەڕ هەڵنەگیرسێتەوە. کریچکۆی وەزیری بەرگری سۆڤیەتی، بەر لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ، بەخۆی سەردانی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن-ی کرد، لە ٣/٢٣ تا ٣/٢٦ دا گفتوگۆیەکی چڕوپڕی لەگەڵ هەردوو پیاوی دەسەڵاتداری عێراقیدا کرد. بێگومان بابەتی لایەنە پراتیکییەکانی پەیمانی دۆستایەتی عێراق- سۆڤیەت، تاقە بابەتی ئەو هەموو دیدارو موناقەشانە نەبووە. بەڵکو ئەو سەرکێشییە چاوەڕوانکراوەی کە سەدام بەتەمابوو دەرهەق بەکوردی بکات، یەکێک بووە لە بابەتەکانی ڕیزی پێشەوەی خشتەی کاری ئەو دیدارە و گفتوگۆیانە.

سۆڤیەت، پێشنیازیان کرد دەست بەشەڕ و هێرشی ڕاگەیاندن بکرێ، کە کومونیستەکان

دەوری باڵایان بدرێتی و لەم هێرشی ڕاگەیاندنە، بارزانی وەکو دەرەبەگ و فیوداڵ بخرێتە بەرچاو بەو مەبەستەی لە خوردە جووتیارانی کوردی دابڕن و لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە لە پایە و دەسەڵاتی بدرێ نەک پەنا وەبەر ڕێگەی عەسکەری ببرێ. کە سۆڤیەت سوور بوون لەسەر ئەوەی بەعس خۆی لە شێوازی نیزامی ببوێرێ، ئەمە تەنیا لەبەر هۆی سیاسی نەبوو، بەڵکو گەلێک فاکتەرو هۆکاری نیزامی و سایکۆلۆژی -ش هانیدان ئەم دوا هەوڵە بدەن... دەترسان کردە سوپاییەکان ئاکام و ئەنجامی خراپیان ببێ بەتایبەتی کە تانکی مۆدیلی (ت/٥٤) و (ت/ ٥٥) و فڕۆکەی تازە بابەتیان بەعێراق دابوو، و بێگومان لەم شەڕەدا بۆ لێدانی خەڵکی مەدەنی باکوری عێراق بەکاردەهێنران، دیارە لەبەر پایە و سەنگی دەولی خۆیان ئەمەیان پێ خۆش نەبوو.

کرملن، لەوە دڵنیا نەبوو کە ئەو ڕای گشتی جیهانییەی بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر نارەزایی سەبارەت بەرەفتاری ئەمریکی لە ڤیتنامدا دەربڕی، قوڕ و قەپ و دەستەو ئەژنۆ دانیشێ و چاودێری فڕۆکە سۆڤییەتییەکان بکەن و بەبەرچاوی هەموو دنیاوە گوند و شار و خەڵکی مەدەنی بۆردومان بکەن. بەتایبەتی کە خۆیان زۆر چاک ئاگایان لە دڕندەیی و ڕەفتاری نامەسولانەی عێراقییەکان بوو کە چۆن لە شەڕەکانی پێشوودا هێزی ئاسمانییان بۆ لێدانی خەڵکی مەدەنی بەکارهێنابوو. هەروەها سۆڤیەت، حەزیان دەکرد هەڵوێستی کوردەکانیش لەبەرچاوبگرن و هەولبدەن لێیان نزیک ببنەوە. کێ دەزانی، ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان سۆڤیەت پێویستی بەم گەلە ببێ کە ژمارەی لە (١٥) ملیۆن کەس پتر دەبێت، وەکو چۆن ئەمە لە دوای دووەم جەنگی جیهانیدا ڕوویدا؛ تا لە بواری جموجۆڵی خۆیدا لە ناوچەی کەنداو بەکاریان بێنێ.

بەڵام ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن، هەموو ئامۆژگاری و پێشنیازەکانی سۆڤیەتیان پشتگوێ خست؛ چونکە نەیان دەویست دەرفەت بۆ گەلاڵەبوونی بزووتنەوەیەکی چەپڕەوانەی جەماوەری بڕەخسێت کە کۆنترۆڵ کردن و دامرکاندنەوەی زۆر زەحمەتتر بێت لە دامرکاندنەوەی بزووتنەوەیەکی میللی بە سەرۆکایەتی بارزانی. ئالێرەوە سەرەتاکانی گرژی لە پەیوەندییەکانی عێراق و سۆڤیەتدا سەری هەڵدا و دەستی پێکرد و ئەمەش کاری کردە سەر تێکڕای ڕووداوەکانی ئایندە. لە کاتێکدا بەغدا پێویستی بەسۆڤیەت بوو، وسەرچاوەی چەک و تفاقی جەنگی بەغدا هەر ئەوێندەر بوو، خۆ عێراق زۆر زۆر پێویستی بەو چەک و تفاقە دەبوو لە حاڵی هەڵگیرسانەوەی شەڕدا. سۆڤیەتش، لە لای خۆیانەوە حەزیان دەکرد یارمەتی بەعسیەکان بدەن تا شەڕەکەیان لەگەڵ کوردا یەک

لایی بکەنەوە، ئەو شەڕەی کە سۆڤیەتەکان لە بنەڕەتەوە حەزیان بەهەڵگیرسانی نەدەکرد، بەڵام ئامادەش بوون کارێک بکەن کە بەزووترین کات کۆتایی پێ بێت و دەستی خۆیانی لێ بشۆن. کریچکۆ، دوو ڕۆژ بەر لە تەواوبوونی ماوەی سەردانەکەی، لە بەغداوە بۆ سۆڤیەت گەڕایەوە. دمگۆ و واتەوات بڵاو بوەوە کە هۆی زووگەڕانەوەی وەزیری نێوبراو، ئەوە بووە کە لە هەڵوێستی توندڕەوانەی سیاسەتوانی بەعسی بێ تاقەت بوەو تۆراوە. بەهەر حاڵ، لەبەر هەر هۆیەک بوو بێ، ئیدی بۆ ڕۆژی دوایی ئەحمەد حەسەن بەکر لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە ڕایگەیاند کە گفتوگۆ لەگەڵ کوردەکاندا هیچ ئەنجامێکی نەبوەوە ئەوجا لە سەری ڕۆیی کە گوایە حکوومەت پابەندە بەوەی کە یەک لایەنە، ئەو یاسای ئۆتۆنۆمییەی کە ڕایگەیاندووە، جێبەجێ بکات.

شاندی کوردی، بەسەرۆکایەتی دارا تۆفیق لەو ماوەیدا گفتوگۆکەی بڕی و لە بەغداوە بەرەو چیا گەڕایەوە. هەروەها وەزیری کوردەکانی نێو وەزارەتخانەی عێراقی-ش دەستیان لە پۆستەکانیان هەڵگرت و بەماڵ و منداڵەوە ڕوویان کردە ناوچە ڕزگار کراوەکانی ژێر دەسەڵاتی بارزانی و پێشمەرگەی کوردستان. پاش ئەوەی چەند هێزێکی سوپای عێراقی بەرەو سلێمانی و هەولێر کەوتنە پێشڕەوی، پارێزگاری هەردوو شارەکە پەیوەندییان بەشۆڕشگێڕانەوە کرد و کوردی سەر بەحکوومەتیان لە شوێن دانرا... هەروەها سەبارەت بەوەزیرەکانیش هەمان کار کرا. یەکێک لەو وەزیرە کوردانەی کە سەر بەحکوومەتی عێراق بوون، عوبێدوڵلا مستەفا بارزانیی کوڕی بارزانی سەرۆکی کورد بوو، کە زۆر لەوە پێشتر خۆی تەسلیم بەحکوومەت کرد بوو؛ چونکە دوو ساڵان بوو لەگەڵ بابی ناکۆک بوو. ئەوە بوو حکوومەتی عێراقی لە دەرێی وڵاتدا سوودیان لێ وەرگرت و کردیان بەزوڕنای بانگەشە و، حکوومەت چەندین سەفەری وڵاتانی ئەورووپای بۆ ڕێک خست و لەو سەفەرانەدا چالاکییەکی زۆری ڕاگەیاندنی دژی بابی خۆی کرد و بەوە تاوانباری دەکرد کە (کۆنەپەرستە) و (فیودالییە) و (فاشییە). هەروەها عوبێدوڵلا، سەبارەت بەخۆیشی ئەوەی ڕوون کردەوە کە ئەو لەگەڵ ڕەتی پێشکەوتوخوازی بەعسیاندایە و ئەمە تاقە ڕێگەیە کە خوشگوزەرانی و پێشکەوتن بۆ کورد دابین دەکات. پاش ماوەیەکی کورت پۆستی جێگری سەر کۆماریش پرکرایەوە و تەها محێدین لەو شوێنەدا دامەزرێنرا. ئەم پیاوە کوردە. تەمەنی پەنجا و یەک ساڵە. بەزەبری هەلپەرستیی خۆی توانی سەرکەوتنێکی وەزیفی دیار بەدەستبێنێ. دوا پۆستی ئەم پیاوە، سەفیر بوو لە ڕۆما.

ڕۆژنامەی (نوبەتسویریخەتسایتونگ) لەم بارەیەوە دەڵێ بەغدا "کۆمەڵێکی زۆر چکۆلە

له کوردانی خایەن له ئامێز دەگرێ". چونکه هەڵوێستی ڕاستەقینەی تێکڕای گەلی کورد بەرانبەر بەحکومەت هەڵوێستێکی ڕوون و پێچەوانەی هەڵوێستی ئەوان بوو. له سەرەتاکانی نیساندا پرۆسەی (ریفراندومێکی میللی بەپێیان) بەهەموو مانای وشەی ریفراندۆم دەستی پێکرد؛ ئەویش دوای ئەوەی هەموو هیوا و ئاواتەکانی کورد، کە بەگفتوگۆکەوە پەیوەست بوون، زینده بەچاڵکران: ئەوە بوو لێشاوێکی دەستەجەمی کورد له شار و گوندەکانی ناوچه دەشتانییەکانەوە بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بارزانی، دەستی پێکرد.

ئەم جارە بەئامانجەکانمان دەگەین

پرۆسەی پەیوەندی کردنی بەکۆمەڵ، دیاردەیەک بوو کە پێشتر وێنەی نەبووە. تەنیا له مانگی نیساندا پتر له (١٣٠) هەزار کورد چوونە چیا. له مانگی مایسدا حەفتا هەزار کەسی دی پەیوەندییان کرد، من ئەوەدەمە له ناوچه ڕزگارکراوەکانی ژێر دەستی بارزانیدا بووم. دەرفەتم بۆ هەڵکەوت خەڵکانێک بدینم کە بەخۆ و ماڵ و منداڵەوە له هەر چوارنکالی عێراقەوە هاتبوون، هەندێک له شاری کەرکووکەوە، کە حکومەتی نیزامی تێدا بەرقەرار بوو، هاتبوون. هەندێک له هەولێرو سلێمانییەوە هاتبوون. هەندێکی دی له شارانی زۆربەعەرەبی وەکو مووسڵ و بەسرە و تەنانەت بەغداوە هاتبوون. زۆربەی ئەو خەڵکانە بەچوار هەفتە ڕێ گەیبوونە ناوچه ڕزگارکراوەکان، زۆرجار ناچار بوو بوون بەپێیان یان بەسواری وڵاخ بڕۆن.

بارەگاکانی پارتی له حاجی ئۆمەران و چۆمان جمەیان دەهات له خەڵکی گەنجی خوێن گەرمی تینوی پێشمەرگایەتی و چاویان له پێشمەرگە کۆنەکان دەکرد و هێندە بەتاسەوە بوون دەشیا کاری قارەمانانەی وەها ئەنجام بدەن کە شان له شانی کاری ئەوانە بدات کە قاڵ بوو بوونەوە و شەڕ و هونەرەکانی شەڕیان جەرباند بوو، هەرچەندە ئەم گەنجانە هێشتا فێری بەکارهێنانی کلاشینکوف نەبوو بوون، بەڵام ڕواڵەتی پەسندی جەنگاوەرییان هەبوو. هەر لەو بارەگایانەدا کۆمەڵێک سیمای گەش و پڕی ئەکادیمیانی تەمەن نزیکی پەنجا ساڵ دەبینران کە له بەغداوە هاتبوون، دەستیان له ماڵی خۆش و گوزەرانی باش هەڵگرتبوو،و ژیانی نێوکوخ و ئەشکەفتانیان هەڵبژاردبوو تەنیا لەبەر ئەوەی (بەشداری شۆڕش)ی میللەتی خۆ بکەن.

دکتور مەحموود عوسمانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و

پزیشکی تایبەتی بارزانی، له دیمانەیەکدا کە له پەناگاکەی خۆیدا لەگەڵیم سازدا، پەناگاکەی ژوورێک بوو له زەویدا هەڵکەنرا بوو، هەر چوار لای بەبەرد هەڵچنرابوو، خێوەتێکی بەسەردا درا بوو تا دیار نەبێ، جا دکتۆر مەحموود عوسمان ئەم پەناگەیەی کرد بوو بەبارەگاش، ئا لەم شوێنەدا و لەو دیمانەیەدا کە لەگەڵیم کرد سەرنجی بۆ لایەنێکی زۆر گرینک ڕاکێشام. دکتور مەحموود پێی گوتم: "کە له ساڵی ١٩٦٦دا، ناوچەیەکی بەرینی خاکی کوردستانمان ڕزگار کرد، ژمارەی خەڵکی ئەو ناوچەیە ملیۆنێک دەبوو، تاقە دکتۆری هەموو ناوچەکە من بووم... له ساڵی ١٩٦٩ دا ژمارەی دکتۆرانی ناوچه ڕزگارکراوەکان له ژمارەی پەنجەی یەک دەست تێ نەدەپەڕین. باسی کەمی و نەبوونی دەرمان و کەرەستە و تفاقی پزیشکی هەر مەکە. بەڵام ئەمرۆ کە (٦٠) دکتۆری پسپۆڕمان هەن له هەموو بوارە جیاجیاکاندا. هەموو عەیادە و موشتەرییە دەوڵەمەندەکانیان له شاردا بەجێ هێشتووە و له ژێر خێوەت و خەستەخانە مەیدانییەکاندا دکتۆری خۆیان دەکەن"... من وەکو ڕۆژنامەوان دەرفەتم بۆ ڕەخسا هەندێ لەو دکتۆرانە بدینم و بناسم.

یەکێکیان کە پیاوێکی باڵا بەرزی میانە ساڵی قژ زەردی ئاماڵ سوور بوو، بەئەڵمانییەکی ڕەوانی باوی نێو چاخانەکانی ڤێنا قسەی دەکرد، پێی گوتم له ڤێنا کاری ڕادیولوگ-ی کردووە "واتە دکتۆری پسپۆڕ له ئامێری تیشک"، له بواری کاری خۆیدا دیار بوو، و له سەری ڕۆیی: "بیرم لەوە کردەوە کە ئەم قۆناغە، شەڕی توند بەخۆوە دەبینێ و ژمارەی برینداران زۆر دەبن؛ بەهۆی تەبیعەتی شەڕی شاخەوە کە خەڵکی زۆر، پارچەیان بەردەکەوێ. ئیدی مەحاڵە ژیانی ئەو جۆرە بریندارانە یان دەست نیشانکردنی پێکرانەکانیان بەبێ ئامێری ئەشعە و تیشک ڕزگار بکرێ و ئەنجام بدرێ. بۆیە لێبڕام پەیوەندی بەشۆڕشەوە بکەم". بەڵام تاقە گرفتی ئەو پیاوە ئەوە بوو کە بەدرێژایی ماوەی شەڕ تاقە ئامێرێکی تیشکی بەدەست نەکەوت.

جگە له دکتۆران، ١٠٠ ئەوقات و ٣٠٠ ئەندازیار و ٦٠٠ مامۆستای ئامادەیی و ٥ هەزار مامۆستای سەرەتایی و هەزار فەرمانبەر و چوار هەزار سەرباز و پۆلیسی کوردی عێراقی پەیوەندییان بەشۆڕشەوە کردبوو. هەروەها هەموو خوێندکارانی زانستگەی سلێمانی، کە ساڵێ پێشتر دامەزرابوو، لەگەڵ ستافی مامۆستایانی زانستگەی نێوبراودا کە ژمارەیان (٤٥) مامۆستای زانکۆ بوو، هەر هەموو بەشێوەیەکی ڕێک و پێک پەیوەندییان بەشۆڕشەوە کرد بوو، ژمارەیەکی زۆر له ڕۆشنبیرانی کورد له هەندەران و یان له شوێنە ناکوردییەکانەوە گەڕانەوە بۆ ناوچه ڕزگارکراوەکان. چەندین دکتۆرم بینی کە

کارەکانیان لە خەستەخانەکانی ئەڵمانیادا بەجێ هێشتبوو. هەروەها ئەندازیارێکم بینی تاقیکردنەوەی کۆتایی لە ئەمستردام بەجێ هێشتبوو. لە نێو ئەوانەدا کە ناسیمن، پسپۆڕی قانونی دەستووری، دکتۆر شەفیق قەزاز بوو. ئەم لە زانستگەی هارڤارددا کورسی مامۆستایەتی هەبوو، و سەرۆکی بەش بوو، کەچی وازی لەو هەموو ناز و نیعمەتە هێنابوو، و هاتبووەوە تا لێرە و لەگەڵ بارزانیدا کار بکات. بەپیاوێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیرم هاتە بەرچاو، بەهرەیەکی تایبەتی هەبوو لە زمانپاراوی و قسەکردندا.

هەر هەموو ئەوانە پەیوەندییان بەشۆڕشەوە کرد بوو، و لێبڕابوون بەکردەوە بەشداری دۆزی کورد بکەن. مرۆڤ وای هەست دەکرد و دەبینی کە کوردی عێراق بەهەموو توێژ و چینەکانیانەوە بەجۆرێ لە سایەی یەک ئاڵادا یەکیان گرتووە، کە پێشتر ئەمەیان بەخۆوە نەبینیوە... (لورد کلبراکن)ی ڕۆژنامەوانی ئیرلەندی، لە لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەوانی تایبەت بە هەڵسەنگاندن و توێژینەوەی ئەم ڕاپەڕینە مەزنە، دەڵێ: "پێ دەچێت کورد بەشێوەیەکی گشتی گەیبینە قەناعەتی تەواو کە شۆڕش لە هەموو کاتێکی پێشتر بەهێزتر بووە و پێویستی بەخزمەتی هەموو کەسێک هەیە لە هەر بوارێکدا کار بکات، و دەتوانن لە قۆناغی شەڕدا سەربکەون و خاکی خۆیان ڕزگار بکەن".

هەروەها دکتۆر مەحموود عوسمان لە کۆتاییدا گوتی: "گۆڕانێکی ڕیشەیی ئاشکرا ڕوویدا. تەنانەت ئێمە لە سەرکردایەتیدا ئەم کاردانەوە ئیجابییەی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان پێ شتێکی کوتوپڕ بوو... ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە و جەنگاوەری بێ چەکمان هەیە و چەکمان نییە بیان دەینێ. ئەگەر عێراقییەکان شەڕ بکەنەوە، ئەم جارە دەتوانین سەرکەوتنی چاوەڕوانکراو بەدەست بێنی".

فەسڵی دوازدەم

"گەورەترین هەڵەی ژیانم ئەوە بوو کە باوەڕی تەواوم بەئەمریکا کرد"

هنری کیسنجەر دەستبەرداری کورد دەبێت

(صفاء شلال)ی نەقیبی فڕۆکەوانی عێراقی، بەختی یار نەبوو کاتێک بەیانی ڕۆژی ١٩٧٤/٨/٢٣ بە فڕۆکەی مێکی (٢) لە بنکەی هەوایی مووسڵەوە هەستا، تا ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات کە بۆی دیاری کرا بوو؛ کە بریتی بوو لە بۆردومانی نیشانە جێگیر و جوڵاوەکان بەهەموو جۆرێکیانەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەیکردە دەست نەپاراستن و بۆردومانکرنی گوند و سەنگەر و پەناگەی خەڵکی مەدەنی و سەنگەرەکانی هێزی لەشکری کوردستان. لە کاتێکدا زۆر بەنزمی بەسەر دۆڵی باڵەکدا دەسووڕایەوە، تا ئۆتۆمبێل و کامیونەکانی سەر جادەی هاملتۆن، کە لە ڕووی لۆجستییەوە ڕەگی ژاینی کورد بوو، بەر بۆمبا و موشەکان بدات، ڕێک لەو کاتەدا بەر دەستڕێژی چەکی زەمینی کورد درا و، ئەوە بوو هاوسەنگی فڕۆکەکەی تێک چوو، مەکینەکەی بەرکەوت، ئەمەش وای کرد کە نەتوانێ لەو ئاستە نزمەی خۆی بەرزتر ببێتەوە، بۆیە صفاء شلال، بەناچاری کورسی نەجاتی بەکار هێنا و خۆی لە فڕۆکەکەیەوە هەڵدا. بەڵام لەلایەکی دییەوە بەختەوەر بوو. چونکە بەپێی ئاماری کوردان، فڕۆکەکەی ئەو سی و شەشەمین فڕۆکە بوو کە لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی شەڕەوە خرابووە خوارێ. صفاء شلال، تاقە فڕۆکەوانێک بوو لە کۆی ئەو هەموو فڕۆکەوانە، بەزیندوییەتی مایەوە و دەستگیر کرا. هەندێ شوان دۆزیبوویانەوە و ناچاریان کردەبوو خۆی تەسلیم بکات، هەرچەندە تاقە چەکی دەستی شوانەکان تەنیا بەرد بوو؛ پاشان تەسلیمی هێزی پێشمەرگەیان کرد بوو. فڕۆکەکەی صفاء شلال، لە دووری پەنجا مەتری پردێکی سەر چۆمی باڵەک کەوتە خوارەوە و سووتا. دوای چەند سەعاتێک لە کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەی، بەرێکەوت من بەوێندەرا ڕەت بووم. هێشتا دوکەڵ لە لاشەی فڕۆکەکە هەڵدەستا. دوو پێشمەرگە ئێشکیان دەگرت تا نەیەڵن ئەو خەڵکەی لەوێندەر خڕبووبوونەوە، لێی نزیک ببنەوە و پارچەکانی بەرن.

من نووسراوی تایبەتی بارەگای بارزانیم پێ بوو. نووسراوەکەم بەجامی لاندرۆڤەرەکەوە چەسپاند بوو؛ گاردێک و تەرجومانێکم لەگەڵ بوون، بەهۆی ئەم نووسراوەوە ڕێگەیان داین کە بچینە دیار فڕۆکەکە.

پێشمەرگەیەک، پارچەیەکی بچووکی لە باڵی فڕۆکەکە بڕییەوە و دامێ، وەکو بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی دروستی خستنە خوارەوەی فڕۆکەکە و وەکو دیارییەکیش کە لەگەڵ خۆمدا بۆ ئەڵمانیای بەرمەوە. ئەو پارچەیەی درا بەمن، قەپاغی مەخزەنی فیشەکی یەکێک لە ڕەشاشەکانی فڕۆکەکە بوو. زۆر بەئاسانی پیتە ڕووسییەکانی سەری دەخوێنرانەوە. تەرجومانەکە، کە پارچە فڕۆکەکەی دامێ، بەسوعبەت و شۆخییەوە گوتی: "لەگەڵ خۆتدا بیبەوە بۆ بۆن و لەوێ بیدەوە بەسەفارەتخانەی سۆڤیەتی تا بینێرنەوە بۆ ئەو شوێنەی فڕۆکەکەی لێوە هاتووە". من، ئەو کارەم نەکرد، بەڵام وام پێ چاکتر بوو ئەم پارچەیە لە ماڵی خۆمدا هەڵبگرم، وەکو بیرەوەرییەکی ئەم ڕووداوانە دوای دوو هەفتە ئیزن نامەم وەرگرت کە دیمانەیەک لەگەڵ یارۆی فڕۆکەوانی یەخسیردا بکەم. صفاء شلال، بەتەنیا و لە خانوویەکی بەردیندا دانرا بوو. زۆر بەتوندی ئێشکیان دەگرت. چووم بۆ ئەوێ، کە ئیزن نامەکەم پیشانی مەسولی زیندانەکە دا، قاییل نەبوو، پێی ڕاگەیاندین کە چ کەسێک بۆی نییە فڕۆکەوانەکە بدینێ. بەڵام من سوور بووم لەسەر دیتنی، ئیدی پێشمەرگەیەکی تایبەتییان بۆ بارەگای گشتی نارد. پاش سێ سەعاتان گەڕایەوە و وەڵامی هێنایەوە ئەوجا مەسولی نۆبەدارەکان ڕێی دام فڕۆکەوانە یەخسیرەکە بدینم. کە فڕۆکەوانەکە زانی من ئەڵمانیم، بەلەز لەسەر جێگاکەی هەستا و بەرەو پیرم هات، هیوا و هێڤی لە چاوانییەوە پڕشنگی دەدا و گوتی: "ڕاستە تۆ لە ئەڵمانیاوە هاتووی؟ لە ئەڵمانیای دیموکراتییەوە؟" کە تێم گەیاند بەڵێ من لە ئەڵمانیای دیموکراتییەوە، لە خودی بوون-ەوە هاتووم، جارێکی دی برۆکانی وێک هێنانەوە و گومان و دوودڵی کەوتە سەر سیمای و شانەکانی هەڵتەکاندن و پێی ڕاگەیاندم کە ئامادە نییە قسەم لەگەڵ بکات "چونکە بۆن، مەخابن لە بەرەکەی تردایە" لە بەرەی "ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیدا"یە. ماوەیەکی زۆر بوری، ئەوجا کەمێ هێوری و زمانی کرایەوە، کەچی لەبەر هۆیەکی زۆر ئاشکرا، خۆی لەوە دوور دەگرت، کە لەگەڵمدا بکەوێتە هەر جۆرە موناقەشەیەکی سیاسییەوە.

ئایا کوردستان بوو بەمەیدانی مەشقی نیزامی سۆڤیەت؟!

کابرای ئەفسەری یەخسیری عێراقی، لە ڕۆژانی هەوەڵی پاش کەوتنی فڕۆکەکەی، نەیدەتوانی خۆی لە باسی کاروباری سیاسی ببوێرێ. ڕادیۆی دەنگی کوردستان، هەر ئەو ڕۆژە، هەواڵی خستنی فڕۆکەکە و یەخسیرکردنی فڕۆکەوانەکەی وەکو هەواڵێکی سەرەکی بەهەر سێ زمانی کوردی - عەرەبی و ئینگلیزی بڵاوکردەوە. هەڵبەتە ڕادیۆکە ئاماژەی بۆ

ئەوە نەکرد کە فڕۆکەوانی کلۆڵ، پاش ئەوەی یەخسیر کرا، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێکی دوا بەدوای یەک خرایە بەردەم لێکۆڵینەوەی چڕوپڕەوە لەلایەن دەزگای (پاراستن)ـەوە و دکتۆرێکیش لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەشداری کرد و چەند شرینقەیەکی لە فڕۆکەوانەکە دا تا زمانی بکرێتەوە؛ چونکە لێبڕا بوو چ قسەیەک نەکات.

ئەم یەخسیرە بۆ کورد، هەر بەڵگەی زندووی ئەو حەقیقەتە نەبوو کە فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق خەڵکی مەدەنی کورد و ژن و منداڵیان لە گوند و شاران بۆردومان دەکرد. بەڵکو ئیفادەکانی ناوەرۆکێکی سیاسی گرینگی ئاشکرا دەکرد. لە درێژەی ئیفادەکانیدا، ڕاستی و دروستی ئەو زانیاریانە، هاتنە سەلماندن کە پیاوانی پاراستن گەیاندبوویانە سەرکردایەتی خۆیان و بریتی بوون لەوەی کە هێرشە ئاسمانییەکانی عێراق بۆ سەر کوردستان تەنیا لەلایەن فڕۆکەوانانی عێراقییەوە ئەنجام نەدەدران؛ بەڵکو لە ژێر دەستی کۆمەڵێک ڕاوێژکاری سۆڤیەتیدا کاریان دەکرد، کە پرۆسە ئاسمانییەکانی عێراقیان ئاراستە دەکرد؛ تەنانەت هەندێ لەو ڕاوێژکارە سۆڤیەتیانە بەخۆیان بەشداری هاژۆتن و بەکارهێنانی فڕۆکەکانیان دەکرد. بەتایبەتی هی هەندێ لە فڕۆکەی توپولیفی-(٢٢) کە تازەترین فڕۆکەی بۆمباهاوێژی سۆڤیەتی بوو، و ڕۆژانە لە بەرزایی ١١-١٨ هەزار مەترییەوە، ئاگر و ئاسنی بۆمبایان بەسەر گوندانی کوردا هەڵدەڕشت. ئەم فڕۆکانە تازە بۆ عێراق نێردرا بوون و لە چوارچێوەی پەیمانی دۆستایەتی درێژخایەنی دوولایەنەدا نێردرا بوون... هەڵبەتە نەدەکرا هەروا زوو بە زوو و لەو ماوە کەمەدا فڕۆکەوان و تاقمی عێراقییان بۆ پێ بگەیەنرێ و مەشق دابدرێن، بۆیە ڕاوێژکارە سۆڤیەتییەکان، کە بەقسەی شەلال (٣٠٠) کەس بوون، بەشێوەیەکی کاتی، خۆیان کەوتنە بەکارهێنانی ئەم فڕۆکە بۆمبا هاوێژانە. لە وتووێژێکدا کە لەگەڵ بەرپرسی دەزگای (پاراستن)دا، مەسعود بارزانی، سازم دا، بۆی باسکردم کە قسەی فڕۆکەوانەکانیان وەرگرتووە و بەڕووسی قسەیان کردووە. پاشان چاودێرانی بێ لایەنیش دروستی ئەم حەقیقەتەیان سەلماند. بۆ وێنە ڕۆژنامەی هیرالدتریبیون، لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٤دا، لە زمانی فەرمانبەرانی ئەمریکییەوە بڵاوی کردەوە، کە دەزگا دوورمەداکانی ئینساتی ئەمریکی، کە لە زۆر شوێندا دانرا بوون، یەکێک لەو شوێنانە چیای ئارارات بوو، توانیویانە هەندێ گفتوگۆ وەربگرن کە گومانی تێدا نییە بەزمانی ڕووسی بووە و فڕۆکەوانانی سۆڤیەتی فڕۆکەی عێراقییان هاژۆتووە و گوندەکانی کوردستانیان بۆردومان کردووە. هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە ئەم بەشدارییە پراتیکییەی سۆڤیەتی لە ڕووی نیزامییەوە بایەخی خۆی

هەیە. چاودێرانی ئەمریکی پێیان وایە سێ هۆ لە پشت ئەم هەڵوێستەی سۆڤیەتەوە هەیە: وەختێ ئەم فڕۆکە پێشکەوتووانە لە مەیدانی مەشقدا بەکاردێن، بۆ کۆکردنەوەی ئەزموونی زانستی پترە، بێ ئەوەی چ خەتەرێک لە گوڕێ بێ، کە لەلایەن کوردەکانەوە بخرێنە خوارەوە، چونکە چەکی وەهایان نەبوو دەرەقەتی ئەو فڕۆکانە بێت. حەزیش دەکەن پشتیوانی خۆیان بۆ عێراق بسەلمێنن. هەروەها سۆڤیەت ئەم هەڵوێستەی بەدەرفەت دەزانی بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی لە عێراقدا، کە ساڵانە بایی ٨٩ ملیار دۆلار نەوت بەرهەم دێنێ، ئەمە جگە لەوەی وڵاتێکی دەوڵەمەندە و دەتوانێ پارەی چەکە پێشکەوتووەکانی سۆڤیەت بدات".

یازدە ڕۆژ شەڕ؛ گرتنی سەد کیلۆمەتر...

هێزی عێراقی، بە بەردەوامی لە سۆڤیەتەوە چەکی بۆ دەهات و لەرووی چەندێتی و چۆنیەتی چەکەوە زۆر باڵا دەست بوو، ڕاوێژکاران و پسپۆڕانی نیزامی سۆڤیەت ڕاستەوخۆ بەشداری کردە سوپاییەکانیان دەکرد، کەچی بەم باڵادەستییەشەوە، سەرکەوتنی هێزەکانی بەعس تا سەرەتای مانگی ئاب، لەچاوخۆیدا زۆر کەم بوو. شەڕ و پێکدادانەکانی سەرەتای مانگی نیسان هێندە توندبوو کە ساڵانی ١٩٦٤/١٩٦٥ش کە قۆناغی شەڕی گەورە بوو، شەڕی وایان بەخۆوە نەبینی بوو. کورد، بەحوکمی ئەزموونی زۆر و زەبەندیان لە مەیدانی شەڕدا، هەر لە ڕۆژانی یەکەمی دەست پێکردنەوەی شەڕەوە، سنوورەکانی مەرزیی ئێران و تورکیایان بۆ خۆ دابین کرد. هەروەها هێزەکانی سوپای عێراقی لە ناوچە شاخاوییە سەختەکاندا گەمارۆدران... یەک لیوای سوپای عێراقی لە شاری زاخۆی باکوری مووسڵی نزیکی تخوبی سوریا -تورکیا- عێراق کەوتە گەمارۆوە. هەروەها چەندین هێزی عێراقی بەدرێژایی ناوچەکانی زاخۆ بۆ هەڵەبجە کەوتنە گەمارۆوە؛ واتە لەو پەڕی باکوری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ئەو پەڕی باشووری ڕۆژهەڵات؛ ئەمە ناوچەیەک بوو درێژییەکەی ٣٥٠ کیلۆ مەتر بوو، لە هەموو ئەم ناوچانەدا کورد باڵا دەست بوون... هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشێوەیەکی کاتی یان هەمیشەیی دەستیان بەسەر ڕێگە و جادەکاندا گرتبوو، و دەیانتوانی جموجوڵی سەربازانی ئەو سەربازخانە و سەنگەرە عێراقیانە کۆنترۆڵ بکەن کە لە نزیکی ئەو جادە و ڕێگاوبانە لۆجستیانە بوون؛ زۆرجار دوژمن نەیدەتوانی سەر لە سەنگەرەکانی دەربێنێ. بۆیە سوپای بەعسییەکان دەبوایە بەهەوڵ و تەقەلاو مەسروفێکی یەکجار زۆر ئەوجا ئابلۆقەی سەر ئەو هێزانەیان لابەرن و لە باری لۆجستییەوە فریایان

بکەون، تەنانەت دەبوایە بە فڕۆکە لە ئاسمانەوە خواردن و ئازوقەش بۆ هەندێ لەو هێزە گەمارۆ دراوانە بەر بدرێتەوە.

لە کۆتایی نیسان و سەرەتایی مانگی مایسدا، حکوومەتی عێراق ویستی خۆی لە کردەیەکی سوپاییدا تاقی بکاتەوە، ئەوە بوو سەرکردایەتی گشتی لە بەغدا بڕیاری دا، هەوڵ بدات گەمارۆی سەر بازخانەی زاخۆ بشکێنێ و سەربازە گەمارۆدراوەکان کە هەزار سەربازێک دەبوون، ڕزگار بکات و سنووری نێوان عێراق و تورکیا بکاتەوە... لە یەک کاتدا چوار فەوجی پیادە دابەزێنرایە نێو سەربازخانە گەمارۆدراوەکە تا ورەی سەربازەکانی ناو سەربازخانەکە بەرز بکەنەوە، قوەتێکی دوو فەوجییش لە هێزی دەی زرێپۆش کەوتنە شەڕێکی قورسەوە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا لە دهۆکەوە تا زاخۆ.. ئەوە بوو هێزی پێشمەرگە پاش بەرەڤانییەکی کەم پاشەکشەی کرد؛ چونکە نە ناوچەکە بەکەڵکی شەڕ دەهات و نە چەکی قورس و نە چەکی دەبابەشکێنایشیان هەبوو. ئەمە جگە لەوەی کە قوەتە عێراقییەکە بەتانکی ت/٦٢و ت/٥٥ی پێشکەوتووی سۆڤیەتی هێرشی دەکرد. (ئیدریس بارزانی) بەرپرسی فەرماندەیی لەشکری کوردستان، بۆی باسکردم کە ئەم بڕیاری پاشەکشەیە "هەم جێی داخ بوو، هەم دروست-یش بوو".

بەڵام شاری ئاکرێی نەوەت کیلۆمەتری باکوری ڕۆژهەڵاتی مووسڵ، تا مانگی مایس هێشتا لەلایەن کوردەوە گەمارۆ درابوو... هەڵبەتە هێزەکانی عێراق زۆر بەزەحمەت هاتووچۆ و پەیوەندی نێوان شارانی سلێمانی و هەولێرو کەرکووکیان دابین دەکرد. سوپای عێراق هەر لە مانگی ئاداردا کەرکووکی گرت. خۆ ئەگەر سوپای عێراقی بیویستایە هاتووچۆی نێوان ئەوشارانە دابین بکات، ئەمەی بەبێ خەسارەتی زۆری گیانی وماڵی بۆ نەدەهاتەدی... قافڵەیەکی زرێپۆشی عێراقی بە١١ ڕۆژ شەڕی خوێناوی ئەوجا توانی جادەی نێوان سلێمانی و کەرکووک، کە سەد کیلۆمەتر کەمترە، بگرێ و بکاتەوە.

زەرەر و زیانی هەردووک لا، لە هەفتەکانی هەوەڵی شەڕدا زۆر زۆر بوو. بەغدا لە پاش تەواوبوونی شەڕ دانی بەوەدانا کە تا ئاخیری مانگی مایس پتر لە (١٠٧٠) کوژراو و زیاتر لە (٧) هەزار برینداری هەبووە.

هەروەها کوردیش دانیان بەوە دانا کە تا سەرەتای مانگی مایس (٣٣٧) کوژراو و (٤٨٥) برینداریان هەبووە، دیارە ئەمە بۆ کورد ڕێژەیەکی زۆرە لە چاو ئەزموونی شەڕی چیایان و شێوازی شەڕی گەڕۆکیان کە هەمیشە کردویەتی کارێک کە خەسارەتیان کەم بێت.

شەڕ لە یازدە قۆڵەوە لە یەک کاتدا

کورد، بەرە بەرە بۆیان دەرکەوت کە هێزەکانی عێراق لە چاو ساڵاندا زۆرلێهاتوانە شەڕ دەکەن. تەنانەت ئەفسەران و سەربازانی عێراقی لە ئاستێکی هێندە بەرزدا دەجەنگێن کە بەئاشکرا جێ دەستی پسپۆڕانی ڕووسی، تەنانەت لە ئامادەکرنی هێزی زەمینی عێراقی-شدا، دەبینرا. پێشمەرگەیەکی ئەندازیار بۆی باسکردم کە "هێزەکانی عێراق تا ساڵی ١٩٧٠، وێرای ئەزموونی دەساڵ شەڕیش، نەیاندەتوانی بەشێوەیەکی هاوئاهەنگ ١٢ تۆپ پێکەوە بتەقێنن. کەچی ئێستا کێ هاوئاهەنگییەکی تەواو لە نێوان هێزی پیادە و پشتیوانی هێزی ئاسمانی و تانک و تۆپخانەدا هەیە".

کورد، بۆ یەکەم جار کاریگەری پسپۆڕ و ڕاوێژکارانی سۆڤیەتیان لە شەڕی یازدە ڕۆژەی ڕێگای کەرکووک- سلێمانیدا بەدی کرد؛ تۆپەکان بەجۆرێ نیشانەکانیان دەپێکا مایەی سەرسامی بوو... هەروەها ئەو هاوئاهەنگییەی کە لە نێوان هێزی زرێپۆش و هێزی چەتر بازاندا، کە لە نزیکی زاخۆ دابەزین، هەر هەمووی بەهۆی پسپۆڕانی ڕووسییەوە ئەنجامدران.

لە یەکێک لە دیمانە زۆرەکاندا لەگەڵ (ئیدریس بارزانی)دا، ڕای خۆی لەمەڕ شێوازی تازەی جەنگینی هێزەکانی عێراق، بۆ باسکردم و گوتی: "ئێمە هەستدەکەین هێزەکانی عێراق، تاکتیکی تازە لە شەڕەکانیاندا بەکاردێنن، لەبری هێرش و پەلاماری شپرزە، کە جاران هەمیشە شپرزەبوون، ئەمجارەیان لە شوێن و سەنگەری زۆر هەڵبژاردە و بەپشتیوانی باڵادەستییەکی ئاشکرای مادی و بەشەرییەوە هێرش دێنن. پێم وایە ئەم تاکتیکە هی ئەڵمانەکان بووە و سۆڤیەتەکان لە کاتی دووەم جەنگی جیهانیدا، لەوانیان وەرگرتووە، کە بریتییە لەوەی یەک بەدوو لەگەڵ هێزی دوژمندا بکرێ نەک سووکە شەڕ و پێکادان و دوورە تەقەی لەگەڵ بکرێ، هەروەها پراتیکی گشتی نەخشەکە جۆرە زیرەکییەکی تێدایە کە پێشتر لە عێراقییەکانمان نەبینی بوو. هاوئاهەنگی تەواو لە نێوان چەکە جیاوازەکاندا کە کێشەمان بۆ دروست دەکات، چونکە بەکارهێنانی تەواوی هێزی زرێپۆش و تۆپخانە و فڕۆکەی جەنگی و هێزی پیادەی بەهەلیکۆپتەر گوێزراوە، هێندەی دی باڵادەستی عێراقییەکان لە ڕووی چەکەوە پتر دەکات. قەناعەتمان وایە کە پسپۆڕانی سۆڤیەتی لە پشت ئەم تاکتیکە تازەیەی جەنگینی عێراقییەکانەوەن و بێ گومان ئەو پسپۆڕانەش لە مەیدانی کاری خۆیاندا کارامە و لێهاتوون".

لەگەڵ ئەمەشدا پێشڕەوی هێزەکانی عێراق خاوبوو، چونکە سروشتی جوگرافی تایبەتی کوردستان، ڕێی ئەوە نادات سوپایەکی نیزامی هاوچەرخ هەرچییەک لە مەیدانی مەشقدا فێر بوو بێ بەشێوەی پراتیکی بەکار بێنێ کە بۆی دانراوە. ئیدی لە ئاخرو ئۆخری مانگی تەموزدا بۆ هەموان ڕوون بوەوە کە سەرۆکی عێراقی زیاد لە پێویست گەشبین بووە، کاتێ لە ڕۆژی ٣/١٣دا و پاش ئەو سەرکەوتنە سەرەتاییانەی کە هێزەکانی بەدەستیان هێنا، ڕایگەیاند کە "لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا خاکی پیرۆزی عێراق لە پیسی چەتەکانی بارزانی پاک دەکرێتەوە". ئەوەبوو ئەلبەکر دواتریش ماوەیەکی تری بۆ لەنێوبردنی (چەتە و ڕێگران) دانا، هەوەڵ جار مانگی ئەیلولی دیاریکردو پاشان کردی بەمانگی کانونییەکەم. بەڵام ئەو مانگانە بورین، بێ ئەوەی قسەکانی ئەلبەکر بێنەدی.

مانگی تەموز شەڕێکی زۆر قورسی بەخۆوە بینی. لە یازدە قۆڵەوە شەڕ گەرم بوو. هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەو شەڕگانەیان کرد بوو بەدیواری عاسی لە بەردەم هێرشی عێراقییەکاندا... شەڕگەکان ئەمانە بوون: دەشتی هەولێر. زمناکۆی دەوروبەری سلێمانی. ناوچەی خانەقین، (باواجی)ی نزیکی کەرکووک. چیای کۆیە. شارانی دهۆک، شێخان و ئاکرێی باکوری ڕۆژهەڵاتی مووسڵ. ناوچەی (حەریر) و (باڵەک) لە دۆڵی (گەلی عەلی بەگ) کە لە هەمان شوێندا و لە ساڵی ١٩٦٦دا یەک لیوای سوپای عێراقی قڕکرا. نزیکی قەرەداغ، سەفین نزیکی ڕواندز، ناوچەکانی دەوروبەری (بەنداوی دوکان). هەروەها کورد تاکو ئەو دەمانەش زۆر شارو شارۆچکەی وەکو قەڵادزە، هەڵەبجە، پێنجوین، ڕانیە، ڕواندز و شاری ئامێدییان لە ژێر دەستدا بوو؛ ئەو ئامێدییەی بەهۆی (کارل مای)یەوە کە لە ڕۆمانەکەیدا ئاماژەی بۆ کرد بوو، شۆرەتی پەیدا کرد بوو. تەنیا شارە گەورەکان بەدەست حکوومەتەوە بوون. لەلایەکی دییەوە شەڕگەکان بەجۆرێ چووبوونە ناو یەکترەوە کە بەئاسانی هێڵی شەڕگەکان دیاری نەدەکرا. هەڵبەتە ئەو نەخشە بەیانیانەی ڕۆژنامە ئەوروپییەکان لەگەڵ لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەوانییەکاندا بڵاویان دەکردەوە، سەنگەر و شوێنە گیراوەکانیان لەلایەن ئەم لایەن یان ئەو لایەنەوە دیاری دەکرد، ئەو دەست نیشانکردنانە بەپێی پێوانە ئاساییە سوپاییەکان زۆر واقیعی نەبوون. دەست نیشانێک بوو بەدەگمەن لەگەڵ دابەش بوونی هێزەکانی ئەم شەڕە سەیرەدا دەگونجا و دەهاتەوە. بۆ وێنە جاری وا دەبوو جادەیەک بەڕۆژ بەدەستی هێزی حکوومەتییەوە دەبوو، بەڵام بەشەوان بەدەست پێشمەرگەوە دەبوو. یان هێزەکانی حکوومەت لە وەرزێکدا ڕێگەیەکیان بۆ گواستنەوەی سەرباز و تانک و پێداویستی لۆجستییەکان بەکار دێناو

بایەخی هەبوو، کەچی هەر هەمان ڕێگە، لە کاتێکی دیدا و لە وەرزی باراندا یان لە زستاندا خۆ بەخۆ لە کەڵک دەکەوت و ئەو بایەخەی نەدەما... تەنانەت شارێک کە بارەگای سەربازی عێراقی تێدا دەبوو، و بەڕواڵەت لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتدا دەبوو، بەڵام لە هەموو ڕووەکانیترەوە لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی کوردا دەبوو.

سەیتەرەی هەمیشەیی یان کاتی بەسەر شوێنانی دیاریکراودا بەلای پێشمەرگەوە زۆر گرینگ و مەبەست نەبوو. بەڵکو ئەوەیان مەبەست بوو ئەو ڕێگاوبانە گرینگ و لۆجستییانەی کە هێزەکانی عێراقی پێکەوە دەبەست، یان ئەو ڕێگایانەی کە عێراقییەکان تازە گرتبوویان، بە بەردەوامی لە بوردی تۆپخانەی کوردی دا بوایە... کوردەکان، بەبەردەوامی ئەو ڕێگایانەیان تۆپباران دەکرد تا ڕێگەی هاتووچۆ لە هێزەکانی عێراق ببڕن و نەیەڵن ئازوقە و پێداویستی سوپاییان بگاتێ و زیانی تازە لە دوژمن بدەن. کوردەکان، بەپێی ئامارێکی نیزامی، لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٧٤دا توانیان دەست بەسەر ٤٣ ئۆتۆمبێلی حکوومەتدا بگرن یان تێکیان بشکێنن و بەمەش کۆی زیانەکانی حکوومەت لە سەرەتای شەڕەوە، لە بەهاری ١٩٧٤دا، گەییە (٣٠٠) ئۆتۆمبێل. لەو ئامارەوە بایەخی ئەم شەڕی ئیستنزافە بەردەوامەمان بۆ دەردەکەوێ و چۆن سەرچاوەیەکی گرینگش بووە بۆ پێداویستییە لۆجستییەکانی هێزی لەشکری کوردستان... هەر لەو ئامارەدا خانەیەکی تایبەتی لەم ڕووەوە دیاری کراوە بەناوی (دەستکەوتەکانمان)... دیارە تەنیا ئاماژە بۆ دەستکەوتە جەنگییەکانی کورد، کە لە هێزەکانی عێراقیان گرتبوو، وەکو تفەنگ و ڕەشاش و تەقەمەنی و تۆپی هاوەن و موشەکی دژە تانک نەکرا بوو، بەڵکو بڕێکی زۆر لە ئازوقە و کەلو پەلی دی بەهەمان بایەخی دەستکەوتە جەنگییەکانەوە، لە خانەی نێو براودا تۆمارکرابوون، لەوانە (٤٠٠) تەنەکە ڕۆنی چێشت، ٢٥٠ دوو سەد و پەنجا کارتۆن سابون، هەزار پەتۆ و سەد بێڵ.

هەڵبەتە سفرەکە ئێمەین

هەرچەندە چەکی دژە فڕۆکەی کوردان، لە چاو هێزی ئاسمانی عێراقیدا، چ نەبوو، کەچی هێزی پێشمەرگە لە هەردوو مانگی تەموزو ئابدا، سەرکەوتنی یەکجار سەیریان بەسەر هێزی ئاسمانی عێراقیدا بەدەستهێنا؛ ئەگەرچی لە چەند تۆپێکی فڕۆکە شکێن و چەند ڕەشاشێکی کەم زیاتر چیدییان نەبوو. یەکێک لە فەرماندە کوردەکانی شەڕگەری ڕواندز، لە وەڵامی پرسیارێکی مندا دەربارەی هاوسەنگی هێزی هەردووک لا لە نێوچەکەدا،

بەتەوسەوە گوتی: "باڵا دەستی هێزی ئاسمانی عێراقی؟ واقیعی پراتیکی شەڕگەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم جۆرە پرسیارە بێ مانا بێنە بەرچاو؛ لەبەر هیچ نا تەنیا لەبەر ئەوەی ناشێت و ناکرێ هێزی ئاسمانی هەردووک لا بەراورد بکرێ. بۆیە ئێمە لە ڕوانگەیەکی ترەوە دەڕوانینە ئەم مەسەلەیە و هاوکێشەکەش زۆر سادەیە: بەعس چەکی ئاسمانییان هەیە، ئێمە نیمانە... هێزەکانی حکوومەت، تانک و موشەکی جۆری فروگ-ی سۆڤیەتی زەوی بەزەوییان هەیە و ئێمە نیمانە. بەم پێیە ڕێژەکان وەها دەردەچن، ٢٠٠ بەرانبەر بەسفر، ٥٠٠ بەرانبەر بە سفر، هەزار بەرانبەر بە سفر، لە هەموو هاوکێشەکاندا ئێمە سفرەکەین... حاڵی عەرزم هەیت؟". ئەوسا پێم گوت: "کەواتە بەرانبەر بەم واقیعە، دەبێ پێشمەرگەکانتان هێندە لێهاتوو و بەهرەدار بن کە بزانن چۆن شتێک لەم سفرە دروست بکەن". فڕۆکەکەی صفاء شلال، کە پێشمەرگە خستیان، تاقە فڕۆکەی عێراقی نەبوو کە بە چاوی خۆم بیدینم. بەڵکو پارچە و پاشماوەی چەندین فڕۆکەی میکی تری عێراقیم بینی کە لە ناوچەی ڕواندز خرانە خوارەوە. هێزی پێشمەرگە لە ١٩٧٤/٧/٢١دا، لە نزیکی (کەرەڤان)، فڕۆکەیەکی سۆخۆی (٧)یان خستە خوارەوە. پاش هەفتەیەک پارچەی فڕۆکەیەکی تری سۆخۆی کەوتە نێو ماڵەکانی هەمان ناوچەوە. هێزی پیشمەرگە لە ٣/٢٩دا، لە بەینی ڕواندز و جوندیاندا فڕۆکەیەکی میکی (١٩)یان پێکا و فڕۆکەوانەکەیان (هشام قدو)، کە لە نێو پارچەی فڕۆکەکەیدا مرد، لە گوندی (ناوپردان) بەخاک سپارد.لە نزیکەوە ئەوەم بینی کە پیاوانی هێزی بەرەڤانی ئاسمانی کورد، گوێ بەفڕۆکە عێراقییەکان نادەن و بەهەندی ناگرن... ئەوەم بەسەردانێک بۆ تۆپخانەی کوردی بۆ دەرکەوت. ئەم تۆپخانەیە لە نێوان حاجی ئۆمەران و سنووری ئێراندا بوو... پێیان دەگوت قوتابخانەی تۆپخانەی شۆڕش. قوتابخانەی چی! ناوێکی ناسک بوو، لەو ساکە دەشت و چەند خێوەتە پەڕاگەندەیەی ئەوێندەریان، نابوو. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بێباکانە و پەیتا، پەیتا، بێ گوێدان بەئەگەری هێرشی ئاسمانی عێراقی، مەشقی سوپایی ئەنجام دەدرا. شاخ و گردەکانی دەوروبەری ئەم (قوتابخانەیە) بە دۆشکا تەنرا بوو؛ ئەم چەکە بریتی بوو لە ڕەشاشێکی سووکی مۆدکۆنی ڕووسی و مونتاژی چینی، کە ئەمریکا بۆ کوردی ناردبوو. هەموو ڕۆژێک فڕۆکەیەکی توپولیفی (١٦)ی زەلام، لە بەرزاییەکی زۆر بەرزەوە، لە مەدای دۆشکا بەدەر، بەسەر ئەم شوێنەدا دەسووڕایەوە. هەمیشە دوو فڕۆکەی مێک وەکو جووجەڵەی دووی مریشک، بەدوویەوە بوون... ئەم سوڕانەوەیە تەنیا بە مەبەستی شناسایی بوو.

زۆربەی قوتابیانی (قوتابخانەی تۆپخانە)ی نێوبراو خوێندکاری زانکۆکان بوون. مامۆستاکانیان لەو ئەفسەرانە بوون کە بەهاری ١٩٧٤ سوپای عێراقیان بەجێ هێشتبوو، و پەیوەندییان بەشۆڕشەوە کردبوو؛ هەر بەسیما و قەڵافەت وجلوبەرگی ڕێکوپێک و دەرسۆکە حەریرە سپییەکانی ملیاندا دەناسرانەوە. بۆم دەرکەوت کە ئەم ئەفسەرانە لە کاتێکا کە لە ڕیزی سوپای عێراقیدا خزمەتیان دەکرد وەزع و حاڵیان هێندە باش بوو، بوو بوون بەبەشێک لە توێژ و چینی (هەڵبژاردەی) کۆمەڵگەی عێراقی، کە جگەرەیان بەئێمەمانان دەدا لە قوتوی زیوینی تایبەتیان دەردێنا. کەچی لەگەڵ ئەوەشا زۆر بەرەزامەندی و شادییەوە لەم کەشوهەوا سەرەتاییەدا و، لە ڕووی سوپاییەوە، لەم ناوچە شاخاوییە پاشکەوتووەدا، سەرقاڵی ئەنجام دانی کاری خۆیان بوون.

یەکێک لە قوتابیانی، قوتابخانەی تۆپخانە، خوێندکاری زانکۆی کشتوکاڵ بوو، دەیویست ببێ بەپسپۆر لە بواری ئاودێریدا، ئەم قوتابییە مەشقی لەسەر بەکارهێنانی هەر هەموو ئەو تۆپانە تەواو کرد بوو کە کورد هەیبوون. یەکێک لەو تۆپانە، تۆپێکی مەیدانی ٢٥ ڕەتڵ بوو، کە هێزی پێشمەرگە چەند ژمارەیەکیان لەو تۆپە هەبوو. کەچی بوو بەپسپۆر لە دۆشکادا. مامۆستاکەی، کە کۆنە ئەفسەر بوو، چاویلکەیەکی ڕەشی لە چاودا بوو، و بەنەباوەڕییەوە سەری دەلەقاندو بۆی دەگێڕامەوە کە چۆن پیاو لە سوپای عێراقدا و لە هەلومەرجێکی زۆر لە بارتردا، بەلای کەمەوە پێویستی بە سێ هەیڤان هەیە تا تۆپچییەکی باش پێ بگەیەنێ، کەچی ئەم قوتابی یەی تەنیا بەسێ هەفتە فێربووە. ئەم کوڕە تاقە تۆپچی دەرچووی قوتابخانەی نێوبراو نەبوو، بەڵکو هەم لێرە و هەم لە شەڕگەکاندا زۆری تری وەکو ئەو هەبوون. زۆر جار مەفرەزەیەکی ئەم قوتابخانەیە وەکو مەفرەزەی فریاد ڕەس، بەتایبەتی لەکاتی پێویستدا، بۆ شەڕگە جۆراوجۆرەکان دەنێردران. ئەفسەرە گەنجەکە بەدەم زەردەخەنەوە حیکمەتی ئەو کارەی بۆ شەرح دەکردم: "تا بەکردەوە فێر بن".

تانکەکانی سەر ڕێگەی هاملتۆن

قوتابیانی مەدرەسەی تۆپخانەی کوردی، دەرفەتی زۆریان بۆ ڕەخسا تا مومارەسەی "سەرەتایی- مبدأ- فێربوون لە مەیدانی عەمەلی دا" بکەن. لەوە دەچوو جێگری سوپا سالاری سوپای عێراقی لیوا (ئیسماعیل ئەلنعێمی) بڕیاری دابێ کە مل بۆ ئەو جەنگی ئیستنزافە نەدات، کە هێزی پێشمەرگە تیایدا قاڵ بوو بوونەوە و لەگەڵ سروشتی جوگرافی

ناوچە شاخاوییەکاندا دەگونجا.

سەرکردایەتی عێراقی، لە بری مل دان بۆ ئەم واقیعە، لە کۆتایی مانگی ئابدا بڕیاری دا ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بارزانی بکات بەدوو بەشەوە، ئەویش بەپەلاماردانی ئەو تەوەرەی گرینگەی بەرەو ئێران دەچوو...

هێزەکانی بارزانی لە ناوچەیەکدا بوون، درێژییەکەی ٢٥٠-٣٠٠ کیلۆمەتر و پانییەکەی پتر لە پەنجا کیلۆمەتر دەبوو، هەڵبەتە ڕێگەی هاملتۆن، لە ڕووی ئەو کۆمەکە لۆجستیانەوە کە لە ئێرانەوە دەهاتن، بۆ کورد زۆر گرینگ بوو. عێراقییەکان لێبرا بوون هەرچی هێزیان هەیە کۆی بکەنەوە و پەلاماری ئەم ڕێگەیە بدەن و بیگرن. ژێدەرە کوردییەکان ڕایانگەیاند کە دوو لیوای زرێپۆش لە بەغداوە بۆ ئەو مەبەستە هێنران، ئەم دوو لیوایە دوا هێزی عێراقی بوون کە تا ئەو دەمە بەشدارییان لەم شەڕەدا نەکرد بوو. ئەم هێزە زرێپۆشانە توانیان لە کۆتایی مانگی ئابدا لە باشوورەوە بگەنە قەڵادزە و لە ناوەڕاستەوە بگەنە ڕواندز، هەڵبەتە پاش شەڕێکی زۆر توند و بەرگرییەکی قارەمانانە لەلایەن هێزی کوردەوە، کە مانگێک بەر لە دەست پێکردنی ئەو هێرشە، لەبەر بۆردومانی فڕۆکە، ڕواندز-یان چۆڵ کرد.

پێدەچوو، سەرکردایەتی عەسکەری عێراق، پەند و دەرسیان لە شکستەکانی ساڵی ١٩٦٦ی خۆیان، لەم ناوچەیە، وەرگرتبێ؛ بۆیە بەپێچەوانەی پێشبینی کوردەوە، ئەو هێزە عێراقیانەی کە لە هەولێرەوە هاتن، لەبری لە قۆڵی ڕۆژئاواوە بەرەو حەوزی ڕواندز هێرش بێنن، لە باکورەوە دەستیان بەهێرش و پێشڕەوی کرد. چونکە سەرکردایەتی کورد، پێیان وابوو دۆڵی گەلی عەلی بەگ، کە دوو هەزار مەتر لەڕووی دەریاوە بەرزە، تەنیا بەهێزی پیادە دێتە گرتن بۆیە سەرکردایەتی شۆڕش، موشەکە دەبابەشکێنەکانیان لە قۆڵی ڕۆژئاوادا دامەزراند، و پێیان وا بوو هێزی حکوومەت لەوێندەرەوە هێرش دێنن. بەڵام هێزەکانی عێراق، بەسەرکردایەتی لیوا ئەلنعێمیی جێگری سوپا سالاری عێراق و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی عەقید الکسندر فاسیلیف-ی ڕاوێژکاری سۆڤیەتی، توانیان کەتیبەیەکی تانکی ت/٦٢ بگەیەننە گەلی، بەڵام چۆن گەیاندنێک! بەزەبری بۆردومانی فڕۆکە و تۆپبارانی تۆپخانە، کە لەیەک کاتدا (٥٠٠) تۆپ بە بەردەوامی بەشداری دەکرد، هێزی پێشمەرگەیان ناچار کرد نەتوانن لە سەنگەرەکانی خۆیان سەر دەربێنن. ئا بەو جۆرە تانکەکانی عێراق گەیشتنە دەوروبەری ڕواندز. بەڵام مەبەستی ئەلنعێمی لەم زیاتر بوو؛

دەیویست هەموو حەوزی ڕواندز کۆنترۆڵ بکات، تا هێزەکانی عێراق لەوێندەرەوە بە دوو قۆڵدا پێشڕەوی بکەن: قۆڵی ڕۆژهەڵات ڕووە و سنووری ئێران و قۆڵی باکور، بەمەبەستی بڕینی ڕێگەی (مێرگەسوور) کە کوردەکان بەخۆیان ئەو جادەیەیان لێدابوو. ئەمەش لە ڕووی پراتیکییەوە دەیکردە کۆتایی هێنانی یەکجارەکی بەشەڕی باکوری شەڕگەکان، واتا کۆتایی هێنان بە شەڕی ناوچەی بادینان، کە حکوومەت ئابلوقەیەکی ئابووری مکومی خستبووە سەر.

حکوومەتی بەعس، لە مانگی نیسانەوە گەمارۆی ئابووری خستبووە سەر هەموو ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان. هەروەها حکوومەت لەگەڵ تورکیشدا ڕێک کەوت کە سنووری تورکی-عێراقی لە هەر کۆمەکێکی عەسکەری یان ئینسانی دابخات. هەڵبەتە حکوومەتی تورکیاش، کە لە بنەڕەتدا سیاسەتی دژایەتی کوردی پەیڕەو کردووە، ئامادە بوو لەم ڕووەوە هاریکاری تەواوی عێراقییەکان بکات. هاریکاری تورک لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا کارێکی وەهای کرد کە گەمارۆی سەر ناوچەی باکور، یەکجار توندو مکوم بێ، ڕێگەی مێرگەسوور، تاقە دەرووەیەک بوو کۆمەکی سوپایی و ئازوقە و خۆراکی، بەهەر شەڕە شەقێک بوایە، لێوە بگەیەنرێنە ئەو ناوچەیە.

بڕینی ئەم جادەیە لە ڕووی پراتیکییەوە دەیکردە دابڕینی ناوچەیەک کە پتر لە نیو ملیۆن خەڵکی تێدا دەژیان، ئەمە جگە لەو (١٥٠) هەزار کەسەی لە سەرەتای تەنگژەکەوە بە ناچاری پەنایان بۆ ئەو ناوچەیە برد بوو و زۆربەشیان خەڵکی شار و دەشتانییەکان بوون. هەندێ بەرعۆدەو مەسوولانی پارتی دیموکراتی کوردستان پێیان وابوو نزیکەی ٣٠ هەزار کەس لە ناوچەی بادیناندا برسێتی هەڕەشەی مەرگی لێ دەکردن... ئەم حەقیقەتە لە زستانی پاش ئەم ڕووداوانە و پاش هەرەسهێنانی شۆڕش لە بەهاری ساڵی ١٩٧٥دا دووپات کرایەوە.

کەواتە ڕێگەی مێرگەسوور، وەکو ئەو هەودا ئاوریشمە بوو کە ڕوحی پتر لە نیو ملیۆن خەڵکی مەدەنی پێوە بەندبوو، هەروەها چارەنووسی نزیکەی دە هەزار پێشمەرگەشی پێوە بەند بوو. بارزانی، لە یەکێک لە دیمانەکانمدا لەگەڵی، بۆی باسکردم کە بەعسییەکان: "زۆر چاک ئەم حەقیقەتە دەزانن، ئێمەش دەیزانین"... لەبەر ئەوە بارزانی چەندی لە توانا دا بوو پێشمەرگەی خڕکردەوە و بۆ ئەو شەڕگەیەی ناردن تا بەرگری لە حەوزی ڕواندز بکەن. هەروەها سەرکردایەتی شۆڕش چەندین فەوجی لە هێزی یەدەک دامەزراند، تا حازر بێ بۆ ئەو شەڕانەی کە پێشبینی دەکرا، لە ناوچە جیاوازەکانی ئەم شەڕگەیەدا

هەڵبگیرسێ؛ تا بتوانرێ هێزی جەنگاوەرەکان بگۆڕدرێن یان لە شەرگەیەکەوە بۆ شەرگەیەکی دی بگوازرێنەوە.

پێشمەرگە گۆرانی خەمینیان دەچڕی

لە ئەیلولی ساڵی ١٩٧٤دا هەلم بۆ هەڵکەوت چەند رۆژێک لەگەڵ پێشمەرگەدا و لە ریزی پێشەوەی شەرگەی رواندزدا بەسەر بەرم. ئێوارەیەکی فێنکی رۆژێک لە رۆژەکانی ئاخر و ئۆخری هاوین بوو، دنیا نقومی تاریکی بوو، لە بانێژەی میوانخانەیەک رۆنیشتبوین و دەمانڕوانییە شارۆچکەی چۆمان، تروسکەی تیا بەدی نەدەکرا، لەبەر هۆی ئەمنی رووناکی قەدەغە بوو. لەوێ، وێنەگرێکی ئەڵمانی و دوو رۆژنامەوانی فەرەنسی و هۆڵەندی و چەند ئەفسەرێکی فەرماندەیی بارزانیم لەگەڵ بوون. تاقە بروسکەی باوەشی ئەم شەوزەنگە، بروسکەی جگەرەی حەرەسەکانی نێو سەنگەرەکانی دەوروبەری میوانخانەکە و پێشمەرگەکانی سەر دۆشکاکان بوو، کە هەموو دەست لەسەر پەلەپیتکە لەسەر کورسییە دەوارەکان دانیشتبوون.

تەنانەت قسەشمان بەدەنگی نزم دەکرد، هەرچەندە زۆربە، مات و بێدەنگ لە فکران را چووبوون و جلەویان بۆ خەیاڵ شل کرد بوو.کوت و پڕ لە دۆڵەکەوە، دەنگێکی هێدی هاتەگوێ، بەرە بەرە بوو بەژاوەژاوێکی زۆر و لە ناوجەرگەی ئەم خامۆشی و کپییە بەسامەوە هەڵقوڵی. پاشان دەنگی هاڕەهاڕی ترومبێل و ئاوازی گۆرانییەکی دوور بەسەر ئەم هەراو هەنگامەیەدا زاڵ بوو. لە جێی خۆمان راپەرین، بەرەو دۆڵەکە، کە کەوتبووە خوار میوانخانەکەمانەوە، غارمان دا تا بزانین چییە. ئیدی قافڵەی هێزێکی تایبەتی لەشکری کوردستانمان بینی کە پێک هاتبوو لە نزیکەی پەنجا ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی پڕ لە پێشمەرگەی گەنج، لەنێو ئۆتۆمبێلەکاندا، ئۆتۆمبێلی ئەڵمانی دەبینران، پێدەچوو ئێران دابنی بە جەنگاوەرانی کورد. هەروەها جێبی لاندرۆڤەر و تراکتۆر و عەرەبانەی سەر بەتاڵ کە ریزە کورسییان لێ بەسترابوو، دەبینران. ئۆتۆمبێلەکان گڵۆپیان پێ نەکردبوو، تروسکەیان لێ بەدی نەدەکرا، تەنیا تروسکەی نزمی مەکینەکانیان نەبێ. پێشمەرگەکان هەموو شان بەشانی یەکدی لەسەر کورسییەکان دانیشتبوون و تفەنگ و رەشاشەکانیان لەبەر پێیاندا دانا بوو، هەموو رەخت و فیشەکدانیان لە خۆدا بوو، گۆرانی حەماسی خەم وروژێنیان دەچڕی... پاشان زانیمان کە ئەو پێشمەرگە گەنجانە قوەتێکی هێزی رزگاری بوون و دەبوایە هەر ئەو شەو دژە هێرشێک بکەنە سەر قوەتێکی عێراقی کە دوێنێ چیای

(گۆرەز)ی بەرز و ستراتیژی باکوری رواندزیان گرتبوو. سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، ئامادەبوو بەهەر نرخێ بووە ئەم بەرزاییانە و لوتکەکانی دەوروبەری رواندز، بەتایبەتی لوتکەی هەندرێن و زۆزک بپارێزێ و نەیەڵێ بکەونە دەستی دوژمن، چونکە ئەگەر بکەوتنایەتە دەستی دوژمن، ئیدی لەو لوتکانەوە تۆپخانەیان دادەبەست و بەردەوام رێگا ستراتیژییەکانیان، کە بۆ کورد و شۆڕشەکەی، وەکو رەگی حەیات وابوون، تۆپباران دەکرد و ئیدی کورد نەیاندەتوانی وەکو پێویست ئەو رێگا ستراتیژیانە بەکاربێنن. شتاقمان بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە وەستابووین و تەمەشای تێپەڕبوونی قافڵەی پێشمەرگەکانمان دەکرد، ورتەمان لێوە نەهات. مرۆڤ دەیتوانی بۆنی مەرگ بکات و گوێ لە هەناسەی مێژوو بگرێ. ئێمەی ئەڵمانی، وێنەگرەکە و من، لەو ساتانەدا بیرمان لە جەنگی (لانگی مارک) و ئەوشەڕانەی دی دەکردەوە کە بەشدارییان لە نووسینەوەی مێژووی وڵاتەکەماندا کرد،

سەردانێکی شەڕگە

بۆ بەیانی چووین بۆ سەردانی عەبدوڵڵا پشدەری فەرماندەی هێزی رواندز، کە لە بارەگای ئەمامی خۆیدابوو، رێگەکە خاکی بوو، کورد بەخۆیان ئەم رێگەیەیان بەرەو چیای گۆرەز لێدابوو. رێگەکە هەر بیست کیلۆمەترێک دەبوو. بەهەر حاڵ سواری پیرە لاندرۆڤەر بووین و برۆ، بەیەک سەعات و نیو ئەوجا ئەو تۆزە رێگەیەمان بڕی. شوفێرەکە، هەموو دەرگاکانی لە لاندرۆڤەرەکە کرد بووەوە، تا ئەگەر توشی بۆردومانی عێراقی بوو، نەفەرەکان بەئاسانی بتوانن خۆ هەڵدەنە خوارێ و خۆ لە پەنا تاوێرانی ئەم بەر و ئەو بەری رێگەکە وەشێرن. ئەنجام شوفێرەکە، پیرە لاندرۆڤەری لە بناری چیایەکەدا و لە بن تاوێرێکی هەندێ دەرپەڕیودا، راگرت. زۆر چاک بوو، چونکە شوێنەکەی سێبەر بوو و فرۆکەکان فەرقیان پێ نەدەکرد. ئیدی لێرەوە، بەپێ لەگەڵ تەرجومان و گاردەکەمدا، کە هەردووکیان کلاشنکۆفیان پێ بوو، بەچیاکەدا هەڵگەڕاین. دوای سەعاتە رێیەک هەستمان کرد بەڕاستی گوشاری هەوا کەم بووەوە، هەڵبەتە ئەمە سەیرنەبوو، چونکە ئێمە گەیی بووینە شوێنێک کە دوو هەزار مەتر لە رووی دەریاوە بەرز بوو. بەسەر هەڵدێرێکی هەزار بەهەزاردا پەڕینەوە، بەتەختەدار و گوریس پردێکی هەڵواسراویان لەسەر دروست کردبوو. لەوێدا خۆمان لە بەردەم بارەگای پێشەوەی عەبدوڵڵا پشدەریدا بینییەوە کە کەوتبووە پەنای کۆمەڵە تاوێرێکی سەختەوە و لە نەدیوی دا بوو.

مەفرەزەیەکی بێ تەل سەرقاڵی دانانی تەلی بێ تەل بوو. پێشمەرگەکانی دی هەموو دەست لەسەر پەلەپیتکە لە سەنگەرەکاندا دامەزرابوون و ئێشکیان دەگرت. لە نێو ئەشکەوتە قووڵەکەدا، کە بەشی هەرەسەرەکی بارەگاکەی پێک دەهێنا، ژمارەیەک پێشمەرگەی نوستووم بینی کە شەڕی شەوی ڕابردوو شنگی لەبەر بڕیبوون. هەندێ پێشمەرگەی دی خەریکی دروونەوە و چاککردنەوەی جلوبەرگەکانیان بوون. پیاو زۆر بەئاسانی دەیتوانی پشدەری بناسێت، چونکە (دیفید هیرست)ی ڕۆژنامەوانی بەریتانی لە گاردیاندا وتارێکی بڵاوکرد بوەوە و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد بوو کە "لە کوردستاندا چ کەسێک لەو لاوازتر نییە". ئا بەم جۆرەم بەدی کرد، کە بەئیشارەتی دەست گازی دەکردین کە بچینە نک وی و لەسەر پەتۆ سەربازییەکەی ژێری دانیشین. هەروەها سەرینێکی دایە من کە بەرگەکەی بەوێنەی گوڵ و مەلان چنرا بوو، دەتگوت پێشتر قەولمان لە بەیندا بووە کە لە ماڵی وی چای بخۆینەوە.

لە کاتێکدا من بەتاسەوە بووم هەرچی زانیاری هەیە لە مەڕ ڕەوشی گشتی شەڕگەکە وەری بگرم و بۆم باس بکات، کەچی ئەویش هێدی و هێمن بەتەمابوو لەو چیا و چۆڵە ڕۆژنامەوانێکی ئەڵمانی بەچنگ کەوتووە و وەگیری بێنێ تا زانیاری زیاتری لەمەڕ فەرماندەی ئەڵمانی (روملل) بداتێ، کە لە لای کوردان وەکو ئەفسانەیەکی نیزامی لێهاتبوو. پشدەری زۆری حەز دەکرد ئەوە بزانێ کە ئایا ئەگەر مارشال ڕۆمل لە وەزع و حاڵێکی وەکو ئەمەدا بوایە چی دەکرد بۆ دەرکردنی عێراقییەکان لە حەوزی ڕواندز. بەم شێوەیە کەوتینە موناقەشەوە دەربارەی باڵادەستی عێراق لە ڕووی چەک و تفاقی جەنگییەوە. لە باسی تانکەکانی عێراقدا، کە تەواو زاڵ بوو بەسەر دۆڵەکە و ناوچەکانی دەوربەری ڕواندزدا و جموجوڵ و پەیوەندی نێوان بەرزایی و لوتکەکانی ئەم زنجیرە چیایەی تەواو نارەحەت و ناخۆش کردبوو، پشدەریی فەرماندە جڵەوی بۆ خەیاڵ بەردا، و زانیم بیستبووی کە موشەکی دەبابەشکێنی وەها هەن لە دوورەوە ئاراستە دەکرێن. بەتایبەتی موشەکە (سەرسوورەکان) کە سوپای ئەڵمانی هەیەتی، پێی گوتم: "ئەگەر سەد دانەیەک، پەنجا...کورە تۆ بڵێ بیست دانەم لەو موشەکانە دەبوو، دەمتوانی لەم شەڕەدا چارەنووسی هەموو شەڕەکە دیاری بکەم". هەروەها حەزی دەکرد بزانێ کە بۆ چی "ڕوژئاوا چەک بۆ ئەو کوردانە نانێرن کە دژی سۆڤیەت دەجەنگن"، بۆچی کۆمەکی چەک لەلایەن ئێرانەوە کەمی کردووە و وەکو جاران نییە.

ماوەیەکی زۆرمان پێ چوو تا ڕەوتی قسەکانمان گۆڕی و گەڕاینەوە سەر بابەتە

هەنوکەییەکان، گەڕاینەوە سەر ئەو شەڕانەی کە لە ئارادا بوون و ئەوانەی لە گوین بوو لە چیای گۆڕەز بێنە ئاراوە؛ کە بەومەبەستە بوو گەلی عەلی بەگ و ڕێگەی مێرگەسوور بێنە گرتن، بەتایبەتی کە لە ساڵی ١٩٦٦ دا و هەر لەم ناوچەیەدا لیوای چواری عێراقی تەفر و تونا کرد بوو، ئەمە جگە لەوەی کە باشترین کەس بوو کە ئەم شەڕگەیەی بەرێوە دەبرد،

ئەوجا پشدەری دەعوەتی کردین کە سەردانێکی هێڵەکانی پێشەوەی شەڕگەکە بکەین. بەدەم و زمانێک ئەم دەعوەتەی کردین لە تۆ وایە یەکێکە و میوانەکانی بۆ ئێوارە پیاسەیەکی نێو باخێکی گشتی شارێک دەعوەت دەکات. دڵنیای کردین کە شەڕگەکە هەر سەعاتە ڕێیەک لەم شوێنەی ئێستامانەوە دوورە، واتا بەچوون و هاتنەوە دوو سەعاتمان پێدەچێت، و بەڵێنی داینێ کە پاش گەڕانەوە سەر و پێک ویسکیمان دەداتێ تا ببوژێینەوە و حاڵی حازر قاپە ویسکی یەکە لە نێو کانی ناو ئەشکەوتەکەدایە تا سارد ببێ و کەسیش لەوێندەر نایبینێ. بەم جۆرە وەڕێکەوتین، مەفرەزەیەک پێشمەرگەشمان بەگەڵ کەوت. ئیدی یەک نەفەس بەچیا ڕژد و ڕکەکەدا هەڵگەڕاین. پێیان گوتم هیچ نییە، هەمووی ئەم لوتکەیە دەبڕی، ئەوجا دۆڵێک دەبڕی و پاشان هەورازێکی بچوک دێت و پێشمەرگە لەوێندەرو لە ڕەخی چیاکە سەنگەری خۆیان لێداوە. لە ڕێگە قافڵەیەک هێسترمان بینی کە بریندار و جەنازەی کوژراوی لە بەتانی پێچراویان لێ بارکرا بوو. سیمای ئەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵ قافڵەکەدا بوون، خەمین بوو. دوای دوو سەعات ڕێکردن، لە کاتێکدا خەریک بوو سیپەلاکم دەتەقین و هەناسەم لەبەر دەبڕا، غیرەتم وەبەر خۆم ناو لە پێشمەرگەیەکم پرسی چەندمان ماوە بۆ هێڵەکانی پێشەوە، زۆرم پێ سەیر بوو، هەمان وەڵام درامەوە کە لە سەرەتای ڕێکرنەکەماندا پێیان گوتم: (یەک سەعات). ئیدی من و یاوەرە ئەڵمانییەکەم زاراوەیەکی تازەمان بۆ ئەم حاڵەتە داهێنا، ئەویش ئەوە بوو (یەک سەعات بەکاتی پێشمەرگە)... وەختێ گەیشتینە هێڵەکانی پێشەوە، من و یاوەرە ئەڵمانییەکەم شەکەت و ماندوو، شنگمان لە بەر بڕا بوو. لاقمان لە ماندویەتی دا دەلەرزین. چوینە سەنگەرێکەوە و ئیدی هەموو هەڵسوکەوتێکمان بەئەمرو فەرمانی فەرماندەی ئەو شوێنە بوو.

هێزەکانی عێراق، دوێنێ ئێوارێ هێرشێکیان کردبوو، هەندێ لەو شوێنانەی خوار ئەم شوێنەی ئێستای ئێمەیان گرتبوو، بەڵام قوەتێکی گیان فیدای پێشمەرگەکانی هێزی ڕزگاری هەر دوێنێ شەو دژە هێرشێکیان بۆ کردبوون و ناوچەکانیان لێ سەند بوونەوە، جەنازەی چەندین کوژراو لە مەیدانی شەڕەکەدا کەوتبوون. ئەمە جگە لەو جەنازە

عێراقیانەی کە لە شەڕەکانی ڕۆژانی پیشوتردا کوژرا بوون و هەر لەوێندەر مابوونەوە. ناوبەناو شنەبایەکی هێدی بەسەرماندا دەهات و بۆنێکی ناخۆشی لەگەڵ خۆیدا دێنا. هاوڕێکەم لەسەر تاوێرەکانەوە کەوتە وێنەگرتنی جەنازە پەرت و بڵاوەکانی دەوروبەرمان کە هەندێکیان ڕەنگیان گۆڕا بوو، و دیمەنیان خەم و نیگەرانی دەهاڕوژاند.

ئێمە جموجوڵ و هاتووچۆی تانکەکانی عێراقمان لە بنکی دۆڵەکەدا دەبینی، هەر هەزار- دوو هەزار مەترێک لێمانەوە دوور بوون. بەهۆی دووربینی مەیدانییەوە بۆمان دەرکەوت کە تانکی ت/ ٥٥ و ت/٦٢ بوون. دیار بوو ئەم تانکانە ئیشیان ئەوەبوو بەپێی توانا لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە. بەتایبەتی سەنگەرەکانی بناری چیاکە نزیک ببنەوەو بەبەردەوامی مژولیان بکەن. دەنگی تۆپی تانکەکان لە نێو دۆڵەکەدا تێکەڵ بەدەنگی ئەو تۆپانە دەبوو کە لە پشتی ئێمەوە بەمەودایەکی دوور تێیان دەگیرا، ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کە فەرماندەی هێزی پێشمەرگە داوای کۆمەکی تۆپخانەی لە سەنگەرەکانی پشتەوە کردبوو. چونکە تۆپخانەیەکی شۆڕش لە پشتەوە بوو و ئێمە لە هاتنماندا بۆ ئێرە دیتمان. لە شوێنی خۆمانەوە ڕەوتی زیکزاکی تانکە عێراقییەکانمان بەدی دەکرد کە چۆن گەردەلولی تۆز و خۆڵیان لە دووی خۆ بەجێ دەهێشت و لە چاو ون دەبوون.

دوای نیو سەعاتان چ شتێک لەو شوێنەدا نەما تەنیا کلکەی گەردەلولێک نەبێ کە شوێنی ئەو تانکانە دەکەوت کە بەلەز بەرەو حامیە (سەربازخانەی) ڕواندز پاشەکشەیان دەکرد. وا دیار بوو تۆپخانەی شۆڕش نەک هەر کاری کردە سەرتانکەکانی عێراق، بگرە هێزی ئاسمانی عێراقیشی هاڕوژاند، ئەوەبوو پۆلێک فڕۆکەی مێک بەسەر سەرماندا تێپەڕین بەرەو ئەو شوێنەی دەنگی تۆپەکانی تۆپخانەی شۆڕشی لێوە دەهات. هەروەها چەند ساتێکی پێ نەچوو کە گرم و هوڕ لە وێندەر هەستا. ئەو پرسیارەی بەمێشکی هەر هەمووماندا هات ئەوە بوو کە: ئاخۆ فڕۆکەکان، مەبەستیان پێکا، تۆپخانەکەی شۆڕشیان کپ کرد؟

هەموومان، بەدرێژایی ئەم ڕووداوانە خۆمان لە سەنگەرەکەدا قایم کرد بوو، و جوڵەمان نەدەکرد، تەنیا وێنەگرەکەی لەمەڕ من نەبێ، کە بەدرێژایی وەختەکە هەر سەرگەرمی وێنەگرتنی ئەو دیمەن و ڕووداوانە بوو کە بەشایستەی دەزانین، دەبوایە وابکات، چونکە تامەزرۆی ئەو دیمەنە گەرم و گوڕ و تەڕ و تازانە بوو کە لەم دەرفەتەدا هەڵکەوتبوون و لەوە بوو جارێکی دی دووبارە نەبنەوە.

ئەو ڕۆژە بۆ ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتینەوە بارەگای پشدەری، پاش ئەوەی بەچوون و هاتنەوە پتر لە حەوت سەعاتمان پێچوو، پشدەری کە بەو حاڵەوە دیتینی، بەزەردەخەنەیەکەوە خێرهاتنەوەی کردین و گوتی: "کەشو هەوای هاوینەی لای ئێمەتان بەدڵ بوو؟! ئەو پێکە ویسکییەی کە ئەو ئێوارەیە لە نێو ئەشکەوتێکی نیمچە تاریکدا خواردمەوە بەلەزەت ترین ویسکی بوو کە لە هەموو ژیانما خواردبێتمەوە".

دوا ئیحتیات

بەپێی ژێدەرە کوردییەکان، حکوومەتی عێراق تا پایزی ساڵی ٩٧٤ پتر لە سەد هەزار جەنگاوەری خستبووە شەڕەوە. چاودێرانی سوپایی لەمەوە گەیبوونە ئەو ئەنجامگیرییەی کە ٤ لەسەر ٥ سوپای عێراقی، کە دەکاتە ٦٠-٧٠ هەزار کەس، لە شەڕگەکاندا بوون و بەشێوەیەک لە شێوەکان دژی کورد دەجەنگێن. حکوومەتی عێراقی داوای هەر هەموو ئەو مەوالیدە یەدەکانەی کرد کە تەمەنیان لە خوار (٢٧) ساڵەوەیە، چونکە بەغدا وای دانا بوو بەر لە هاتنی وەرزی زستان کۆتایی بەشەڕ بێنێ؛ چونکە ئەگەر زستان بێت سێ- چوار مەتر بەفر دەکەوێ و پلەی گەرما لە کوردستاندا دادەبەزێ بۆ (-٣٠) پلەو ئەمەش سوپا و جموجۆڵی سوپا تەواو سست دەکات، چەند ئەو سوپایە ڕێکوپێک و مودێرن بێ، بەتایبەتی ئەگەر پشت بەئالیات ببەستێ. هەروەها لەشکری کوردش، لە حەساواتی خۆیاندا شوێنێکی تایبەتیان بۆ زستان تەرخان کردو چالاکییەکانی خۆیان زۆر زیاتر کرد. لە ماوەی هەر دوو مانگی ئەیلول و تشرینی یەکەمدا و بەزەبری زنجیرە کارێکی فیداییانە چەندین شاخ و لوتکەیان لە سوپای عێراقی سەندنەوە و ڕێگەی لۆجستییان لە چەندین قوەتی زرێپۆشی عێراقی بڕی و تەفر و تونایان کردن.

زیادکردنی چالاکی و چەلەنگی پارتیزانی و بەکارهێنانی مەفرەزەی گەڕۆک و پارتیزان لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا، جموجوڵی چەندین قوەتی عێراقی سست کرد و کردییە کارێک کە نەتوانن بەشداری عەمەلی و پراتیکی لە شەڕە گەورەکانی شەڕگەکاندا بکات.

مەفرەزە کوردییەکان توانیان دزە بکەنە پشت هێڵەکانی سوپای عێراقی و چەند پرد بتەقێننەوە، ڕێگا تێک بدەن و پەلاماری عەماری چەک و ئازوقە و سەنگەری جۆراوجۆر بدەن، هەروەها توانیان چەندین سەربازخانە و بارەگای سوپای عێراقی بەتۆپی هاوەن تۆپباران بکەن. لە ڕۆژی ٩/١٦ دا بۆڕی نەوتی نێوان کەرکووک و بەغدا تەقێنرایەوە. دەزگای ئیستخباراتی عێراقی زۆریان سەیر لە هێرشێکی تری جدی مەفرەزەیەکی تایبەتی

پێشمەرگە ما کە کردیانە سەر تۆڕێکی گرینگی بۆڕی نەوت؛ ئەوەبوو چەندین بۆمبا بەکۆنترۆڵی ئەلەکترۆنی و لە دوورەوە تەقێنرانەوە، ئەم دەزگا ئەلەکترونیانە دەستکردی ئەڵمانیای فیدرالی بوون.

عێراقییەکان، سەرگەرمی ڕێکخستنەوەی هێزەکانیان بوون و قوەت و چەکیان بۆ ئەو هێزانەیان دەنارد کە بەرکەوتبوون و زەرەر و زیانی گەورەیان لێ کەوتبوو... تەنیا لە پایزدا پتر لە ٣ هەزار کەسیان لێ کوژرا و دەیان تانک و سەدان ئۆتۆمێیل و زرێپۆشیان لە دەست دا. ئەمە جگە لەوەی کە چەندین یەکە و قوەتی عێراقی کە شەڕ بڕشتی لەبەر بڕیبوون و مرۆڤ بەزەیی بەحاڵیاندا دەهاتەوە. حکوومەت هەوڵێکی زۆری دا کە ڕادەی زەرەرو زیانە زۆرەکانی بشارێتەوە، بەڵام بێ هودە بوو. بۆ وێنە قەدەغەی کرد کە هەواڵی پرسە و تازییە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوبکرێتەوە و کەسوکاری ئەفسەرە کوژراوەکانی ناچارکرد کە لەسەر کێلی گۆڕەکانیان بنووسن "شەهیدی ڕێگەی ڕزگاری فەلەستین". هەروەها زۆری هەوڵدا لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی وەکو ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە وا لە خەڵکی بگەیەنرێ کە چ شەڕێک لە باکوردا نییە و شتەکە بریتییە لەوەی کە هێزی چەکداری عێراقی کەوتوونەتە ڕاونانی کۆمەڵێک دز و چەتە و ڕێگر و هاکا هەموویانی دەستگیر کرد و قڕی کردن، بەڵام ئەمەش دادی نەدا... عەرەب-یش ڕۆژانە گوێیان لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەگرت، ئەم ڕادیۆیە کە لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی بارزانییەوە بەرنامەکانی پەخش دەکردەوە، ڕۆژانە بەرنامەیەکی بەزمانی عەرەبی بڵاودەکردەوە، لە بەرنامەکانیدا درۆ و دەلەسەکانی حکوومەتی عێراقی ڕیسوا دەکرد و گەلی عێراقی لە حەقیقەتی مەسەلەکان ئاگادار دەکردەوە. هەروەها ڕۆژانە لیستی ناوی کوژراو و بریندار و یەخسیرانی سوپای عێراقی بڵاودەکردەوە. ئەمە جگە لەوەی کە ڕادیۆکە بواری بەیەخسیرە عێراقییەکان دەدا کە لەوێوە سڵاو بۆ کەسوکاریان بنێرن و باسی چۆنیەتی یەخسیربوونی خۆیان بکەن. هەروها گەلێک لە مێوان و ڕۆژنامەوانە بێگانەکانیش لە ڕادیۆکەوە دیمانەیان لەگەڵ دەکراو لەوێندەرەوە تیشکیان دەخستە سەر حەقیقەتی حاڵی شەڕگەکان و ئیدیعا نادروستە ڕەسمییەکانی عێراقیان بەدرۆ دەخستەوە.

تیرۆری ئاسمانی بۆردومانی قەڵادزێ

لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەمدا یەکەم بەفر لە کوردستاندا کەوت. بەمەش ئەو خەونەی عێراق پووچەڵ بوەوە کە دەیویست بەر لە وەرزی زستان شەڕەکە یەک لایی بکاتەوە و کۆتایی پێ بێنێ. تەجرەبەی شەڕەکانی ساڵانی پێشوو ئەوەیان ساغ کرد بوەوە کە هێزی پێشمەرگە هەمیشە لە زستانا و لە نێو بەفر و کەش و هەوای خراودا، سەرکەوتوترین دەستیان لە هێزی عێراقی لە بەفرا گیرۆدە، وەشاندەوە زیانیان لێ داون. هەرچەندە هێزەکانی عێراق توانیان چەندین ناوچە لە دەستی پێشمەرگە دەربێنن و هەرچەندە کوردیش زەرەر و زیانی زۆریان لێ کەوت، بەڵام کە دیتیان زستان بەرێوەیە، بافرەیەکیان هاتێ، بەتایبەتی کە ناوچەی مەرکەزی شەڕگە و زۆربەی ناوچە ستراتیژییەکان هێشتا بەدەست خۆیانەوە بوو. هێشتا شاخ و لوتکەکانی دەوروبەری ڕواندزی وەکو هەندرێن و زۆزگ و زاگروس-یان بەدەستەوە بوو.

هەروەها ئەو وەجبەچەکەی کە لە ڕێگەی ئێرانەوە گەییە دەست هێزی پێشمەرگە، کردییە کارێک کە بتوانن شێوازی شەڕی شەڕگەی ڕواندوز لە شەڕی پارتیزانییەوە بگۆڕن بۆ شەڕی بەرەیی کە تۆپخانە دەوری گرینگی تێدا دەبینی. دیارە ئەم کۆمەکانە کە بەشێوەیەکی گشتی بریتی بوون لە تەقەمەنی و چەند تۆپێکی قورس و کۆمەڵێک موشەکی دژە تانک و موشەکی (هەنتەر- هۆک)ی فڕۆکە شکێن، لە مانگی تشرینی دووەمدا گەیشتنە دەستی کورد، هەڵبەتە پاش گفتوگۆیەکی زۆر لە نێوان ئەمریکا و شای ئێراندا. کورد لە سایەی موشەکی (هەنتەر-هۆک)وە کەوتنە ڕاونانی فڕۆکەی توپولیف، کە جاران لەبەر بەرزی، چەکی فڕۆکە شکێنی کورد نەیدەگەیشتنێ. ڕۆژی ١٤/١٢/١٩٧٤ یەکێک لەو فڕۆکانە لە نزیکی چۆمان خرایە خوارەوە. سۆڤیەت تەنیا شەش فڕۆکەی لەو جۆرەی بەعێراق دابوو. هەر لە هەمان ڕۆژداو لە ناوچەیەکیدا، فڕۆکەیەکی سوخۆی عێراقی بەموشەکی هەنتەر-هۆک پێکراو کەوتە خوارەوە.

لە هەمان مانگدا پێشمەرگەی لەشکری کوردستان شاری ئامێدییان گرتەوە. بەڵام هێزی بارزانی کە شاریان ڕزگار کرد وەکو ئەوەبوو بچنە نێو شاری خێوانەوە، هێزی حکوومەت هەموو خانووەکانی پاش بۆردومانیش تەقاندبوەوە و خەڵکەکەش هەموو شتێکیان بەجێ هێشتبوو، و دابویانە شاخ. حاڵی (گەڵاڵە) و (رواندز) و زۆر شاری تری کوردی لە حاڵی ئامێدی باشتر نەبوو. خەڵکی پتر لە دوو هەزار گوند ماڵ و حاڵیان بەجێ هێشتبوو، و

هێزی حکوومەت بەبۆمبای ناپاڵم و تۆپخانەی قورس وێرانیان کرد بوون و لەگەڵ عاردیدا تەختیان کرد بوون. لە ئەنجامی تۆپباران و بۆردومان و زەبر و زەنگ و تیرۆرکاری حکوومەتی بەعسیان دەرهەق بەکوردان بەو مەبەستەی ئەم هاوڵاتیانەی خۆی قڕ بکات کە داوای ماف و ئازادی خۆیان دەکرد، پتر لە نیو ملیۆن کورد بەناچاری هەڵاتن و ماڵ و گوندکانیان بەجێ هێشت، کار گەییە ڕادەیەک کە بەشێکی گەورەی ڕووبەری خاکی کوردستانی عێراق لە خەڵک و ئاوەدانی چۆڵ بێ... تۆپباران و بۆردومانی خەڵکی مەدەنی لە شارۆچکەی قەڵادزەوە دەستی پێکرد. سەعات ٩/٤٥ی بەیانی ڕۆژی ٢٤/٤/١٩٧٤، دوو فڕۆکەی سۆخۆی بەئاسمانی شارەوە پەیدا بوون، ئەو شارەی کە لە کاتی ئاساییدا ژمارەی دانیشتوانی لە دە هەزار کەس پتر نە دەبوون، بەڵام ئەو بەیانییە بەهۆی هاتنی خەڵکێکی زۆری ئاوارە و دەربەدەرەوە، ژمارەی خەڵکی شار خۆی لە ١٥ هەزار کەس و پتر دەدا. تاقە چەکی بەرگری ئاسمانی دۆشکایەک بوو، هەڵبەتە کوردەکان بیریان لەوە نەدەکردەوە سیستەمێکی بەرگری ئاسمانی بۆ شار و گوندەکانیان دابنەن، چونکە تەنیا ژمارەیەکی یەکجار کەمیان لە تۆپی فڕۆکە شکێن هەبوو، بۆیە فڕۆکەوانانی عێراقی بەبێ ترس بەنزمییەوە دەفڕین و کاری خۆیان ئەنجام دەدا.

خەڵکانێک کە بەچاوی خۆیان دیتویان، دەیانگێڕایەوە کە ئەو دوو فڕۆکەیەی کە قەڵادزەیان بۆردومان کرد و، بەبەرزی ٦-٧ مەترێکەوە دەفڕین. بەکاوەخۆ هەموو بۆمبا و موشەکەکانی ژێر باڵیان، بەسەر ناوەندی شاریاندا هەڵڕشت. ئاشکرایە کە فڕۆکەی سۆخۆی، کە ئەو دەمانە پێشکەوتووترین فڕۆکەی هێرشبەری بۆمباهاوێژی هێزی هەوایی سۆڤیەتی-ش بوو، جگە لە موشەک، لە ژێر هەر باڵێکیدا دوو بۆمبا هەڵدەگرێ کە کێشی هەریەکێکیان (٧٥٠) کیلۆ گرامە، هەروەها دوو بومبای (٥٠٠) کیلۆگرامی دیکەش هەڵدەگرێ. بەم پێیە دەتوانین بڵێین ئەو بەیانییە پێنج تۆن ئاگرو ئاسن بەسەر ناوجەرگەی شاردا دابارێنرا. یەک گەڕەکی تەواو بەدوکان و ماڵ و قوتابخانەی منداڵان و هەندێ بەشی خەستەخانەیەکەوە بەتەواوەتی وێران و کاول بوو. پاش ئەوەی فڕۆکەکان، موشەک و بۆمباکانیان خاڵی کرد، جارێکی دی گەڕانەوە سەر خەڵکە مەدەنییە ترساوەکەو بەڕەشاشی (٣٠) ملم دایان بێژتن و پتر لە (١٣٠) کەسیان کوشت کە ٨٠ کەسیان منداڵی قوتابخانەی سەرەتایی بوون و تازە چووبوونە دوو پۆلەوە و لەسەر کورسی دەرسی خوێندن دانیشتبوون. تەنیا یەک پێشمەرگە لەم بۆردومانەدا کوژرا.

بۆردومانی قەڵادزە یەکەم قەسابخانەی بەشەری بوو کە هێزی ئاسمانی عێراقی لە

زنجیرە هێرشێکی لەو بابەتەدا ئەنجامی دا. بارزانی هەقی بوو بڵێ: "ئەمە دڕندانەترین ئەڵقەی زنجیرەی شەڕی قڕکردنی گەلی کوردە کە دەیان ساڵە دژی دەکرێت". دوای چەند ڕۆژێکی دی، ئیدی نۆرەی شاری (گەلالە)ی دۆڵی چۆمان هات و بۆردومانی گەلالە بووە هۆی کوشتنی چل کەس و بریندار بوونی (٥١) کەسی دی. لە ٤/٢٦ دا، شاری هەڵەبجە، کە لە دووری هەشتا کیلۆمەتری شەڕگەکاندا بوو، بۆردومان کرا و (١٤٠) کەس کوژران و (١٠٠) کەسی دیکەش بریندار بوون. ئیدی خەڵکەکە لە ترسی هێرشی دی، شاریان چۆڵکرد و ڕوویان کردە شاخ و پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوەکرد. لە ماوەی نێوان ٤/٢٠ و ٥/١٠ دا، شاری زاخۆ، کە ژمارەی خەڵکەکەی ٢٥ هەزار کەس دەبوو، بەبۆمبای ناپاڵم و هێشوبی بۆردومان کرا. بەدرێژایی ئەو ڕۆژانە هەر دوکەڵ و ئاگر لە زۆربەی گەڕەکەکانی شارەوە هەڵدەستا و تا ئێستاش ڕادەی زیانی بەشەری ئەو تیرۆرە ئاسمانییە بەتەواوەتی نەزانراوە، هەر لەو ماوەیەدا قوەتێکی سوپای عێراقی دزەی کردە ناو شارەوە و شەلم کوێرم ئافرەت و منداڵانی بەر دەستڕێژی چەک دا و ئەم کارەش بووە هۆی کوشتنی (٦٣) کەس.

قوڕ و قەپی UN

شەپۆلی تیرۆر و ڕق و کەرب و کینەی بەردەوامی حزبی بەعس، ئەو کوردە گیراوانەشی گرتەوە کە بەتۆمەتی پەیوەندیان دەگەڵ بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردا دە زندانێ خرا بوون، ئیدی ئەو تۆمەتانە دروست بووبن یان نادروست. ئەوە بوو لە ڕۆژی ١٤/٤/١٩٧٤دا بەئاشکرا (١١) کورد، کە لە ساڵی ١٩٧٢وە گیرابوون، پاش ئەشکەنجەو ئازاردانێکی دڕندانە و هۆڤانە، ئیعدام کران. ئەمانە لە مەیدانێکی گشتی ناوشاری هەولێردا هەڵواسران، شوێنەواری ئەشکەنجە بە جەستەیانەوە دیاربوو، هەندێکیان دەستیان بڕابووەوە، هەندێکی تریان چاویان دەرهێنرا بوو. ڕێکخراوی ئەنتەرناشناڵ ئەمنیستی، لە ڕاپۆرتێکیدا سەبارەت بەشێوازەکانی ئەشکەنجەدان، بەدرێژی باسی ئەو شێوازانەی کردووە کە دەزگای ئەمن و ئیستخباراتی عێراقی بەکاری دێنن. لە ڕۆژی ٣٠/٤/دا پێنج خوێندکاری کۆلیژی ئادابی زانستگەی بەغدا، دوای دادگاییەکی ڕواڵەتی، بە تۆمەتی بانگەشە بۆ "بزاڤی جوداخوازی و پشتگیری کردنی" ئیعدام کران، یەکێک لەو خوێندکارانە کیژەکوردێکی نۆزدە ساڵان بوو بەنێوی (لەیلا قاسم).

هەفتەیەک لەوە دواتر، شەش خوێندکاری کوردی دیکەی زانستگە ئیعدام کران. ئیدی

هێرشی ئیعدام کردن بەدرێژایی هەفتەکانی دواتر بەردەوام بوو. ئەوەبوو لە ماوەی یەک مانگدا، ژمارەی ئەو کوردانەی کە لە ژێر ئەشکەنجەدا مردن گەییە (٤٨) کەس و دیارە ئەم حالەتە لە مانگی ئەیلولدا گەییە (١٠٠) حالەت، زۆربەی کاتیش حکوومەت جەنازەی کوژراوەکانی دەناردەوە بۆ گوندەکان و زێدی خۆیان و ئەمری دەکرد کە جەنازەکان بۆ چەند ڕۆژێک لە مەیدانێکی گشتیدا هەڵبواسرێن تا جەماوەری خەڵکەکە چاوترسێن ببن و ترس و لەرزیان بکەوێتە دڵ. تەنانەت تەلەفزیۆنی عێراقی لە ڕۆژی ١٦/٦/دا ڕاستەوخۆ پرۆسەی ئیعدام کردنی سێ خوێندکاری بەتۆمەتی (بەشداری لە کاری تیرۆریستیدا) لە شاشەوە نیشاندا. لەلایەکی ترەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان بێ هودە کەوتە هەوڵدان بۆ سەرنج ڕاکێشانی ڕای گشتی نێو دەوڵەتی بۆ ئەو کارەساتەی کە بەسەر خەڵکی مەدەنی کوردستاندا دەهێنرا و داوای کۆمەکی پێویستی دەکرد. ئەوەبوو سکرتێری کاروباری ڕاگەیاندنی پارت لە لەندەن، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی سازدا، لەو کۆنگرەیەدا داوای کۆمەک و پیتاکی کرد بۆ "ئەو سەدان هەزار خەڵکەی کە لە ناوچە دەشتانی و شارەکانەوە هەڵاتبوون و ڕوویان کردبووە ناوچە ڕزگارکراوەکان". بارزانی لە ڕۆژی ١٥/٥دا یاداشتنامەیەکی بۆ (کورث ڤالدهایم)ی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان ناردو داوای لێکرد کە تێ بکەوێ و هێرشی ئاسمانی عێراقی بۆ سەر خەڵکی مەدەنی دانیشتوی گوند و شارەکان ڕابگرێ. دوای سێ هەفتە لە ناردنی یاداشتنامەی نێوبراو، شاندێکی پارتی کە دوو وەزیری جارانی وەزارەتخانەی حکوومەتی عێراقی تێدا بوو، لە ٨/٦/دا نامەیەکی تری بارزانی-یان دایە نەتەوەیەکگرتوەکان کە دەڵێ: "دزێوترین شەڕی دڕندانە کە تا ئێستا جیهان بەخۆیەوەی بینیبێ، ئەو شەڕەیە کە دژی گەلی کورد، لەلایەن حکوومەتی ئەو وڵاتەوە ئەنجام دەدرێ کە کوردی تێدا دەژی".

لە هەمان ڕۆژدا ڕاپۆرتێکی دوور و درێژ بەبەڵگەنامە و وێنە و نەخشەوە درا بەلیژنەی مافی مرۆڤی سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان، لە ڕاپورەکەدا باسی ئەوە کرا بوو کە: "قڕکردنی بەکۆمەڵی خەڵکی بێ چەک و ڕووخاندنی خانوو بەرە و سوتاندنی دەغڵ و دان و بەروبوومی کشتوکاڵی، بووە بەدیاردە و هەموو ڕۆژێک لە کوردستانی عێراقدا ئەنجام دەدرێ". بارزانی، بۆ جاری سێیەم هەوڵی دا کە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان هان بدات و بیجولێنێ. بەڵام وەڵامی هیچ یەکێک لە نامە و یاداشتەکانی بارزانی بەتاقە وشەیەکیش نەدرایەوە. دیپلۆماتێک لە دەزگای ڕاگەیاندنی ئەڵمانیدا، لە گوتارێکیدا دەربارەی ئەم مەسەلەیە نوسیویەتی: "ڤالد هایم، بۆیە بانگەوازەکانی بارزانی پشتگوێ

خست، تا یەکێتی سۆڤیەت نەڕەنجێ، چونکە سۆڤیەت دەستێکی باڵای هەبوو لە هەڵبژاردنیدا بۆ سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان".

من قەشەی مووسڵ-م

تەنیا کورد و لایەنگرانی بارزانی لە خەمی ئاراستە کردنی ئەم بابەتە گازی و بانگەوازانەدا نەبوون بۆ ڕای گشتی جیهانی، (گۆرگیس ملک چکو)ی بەتریارکی نەستورییەکانی عێراق و سەرۆکی کۆمەڵەی کاروباری مەسیحیانی کوردستانی عێراق-ش بانگەوازێکی ئاراستە کرد بۆ پاپا پۆلس و کۆڕی کلێسای جیهانی و کۆڕی ئاوەدانکاری و لیژنەی مافی مرۆڤی سەر بە(UN) و خاچی سووری جیهانی لە کۆتایی مانگی ئاب دا. پەتریارک لە بانگەوازەکەیدا نووسیبوی: "لەوکاتەدا کە گەلانی دنیا مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان وەرگرتووە، گەلی ئاسوری و برا کوردەکانیان، لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە هەڕەشەی کۆمەڵ کوژییان لێ دەکرێ، چونکە داوای مافە سەرەتاییەکانیان دەکەن". هەروەها بانگەوازەکە باسی ئەوەشی کردووە کە چۆن بۆردومان و تۆپباران دەست لە خەڵکی مەدەنی بێ چەک و دێهات و ئاوەدانی ناپارێزن، کە سادەترین هۆ و ئەوزاری بەرگریکرن لە خۆیان نییە، چۆن مەڕو ماڵات قڕ دەکەن تا نانی خەڵکی ببڕن، هەروەها کلێسا و مزگەوت و قوتابخانە و خەستەخانە دەڕوخێنن.

بەتریارک لە بانگەوازەکەی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: "چارەنووسی ئەو کوردە ئاسوریانەی کە هێشتا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتدا دەژین زۆر خەتەرترە، هەمیشە لە تەوهین و ڕاوەدونان دەترسن حکوومەت شێوازەکانی ناوەڕاست بەکاردێنێ بۆ تۆقاندن و تیرۆر کردنیان... لە نیوەشەودا هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکانیان و بەزۆر خەڵکی ماڵەکە دەبەن، کە زۆربەیان منداڵ و ئافرەتن، دەخرێنە نێو ئۆتۆمبێلی نیزامییەوە و بۆ شوێنانی دووریان دەبەن و لەوێ ناچاریان دەکەن، بەنێو مین دا بڕۆن... مەگەر ئەوانەی زۆر بەختیان یاربێ، لەرێگەدا توشی مەفرەزەی پێشمەرگەی لەشکری کوردستان بین و لە مەرگ ڕزگار بن، دەنا زۆربەیان بەر لەوەی بگەنە ئاوەدانی لە برسان و لە تینواندا دەمرن. هەروەها چەندین خێزان توڕ دراونەتە سەر جادەکان دوای ئەوەی مەفرەزەکانی ئەمن و ئیستخباراتی عێراقی ماڵەکانیان تالان کردوون و چی ناو ماڵ و پارەو خشڵیان هەبوو بردوویانە... ئەوکارەی کە زۆر باوە، ئەوەیە کە حکوومەت ئەو گەنج و ئافرەت و تەنانەت منداڵانەش دەگرێ کە خزمێک یان کەسێکیان پەیوەندی بە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردەوە هەبێ".

لە کۆتایی بانگەوازەکەدا، باسی زۆر حاڵەتی ئیعدامکردنی مەسیحیانی عێراقی لەسەر دەستی پۆلیس و ئەمن و موخابەراتی ڕژێمی بەعس کردووەو ئەم سێ نموونەیەشی بۆ سەلماندنی دروستی ئەو حاڵەتە هێناوەتەوە:

١-تۆما چەچو، ماموستای سەرەتاییە و خەڵکی بەغدایە، لە ماڵی خۆیدا دەستگیرکراوە و بۆ یەکێک لە حەپسخانەکان براوە و لەوێ لەژێر سوکایەتی پێکرن و ئەشکنجەداندا پسانویانە و مردووە... شوێنی کارەبا بەزۆر شوێنی لەشییەوە دیار بووە، دەستی براوەتەوە، چاویشی دەرهێنراوەو ماڵباتە کۆست کەوتۆکەیان قەدەغە کردووە کە بەئاشکرا کفن و دفنی بکەن و تازیەی بۆ دابنەن.

٢-یوسف چەچو: قوتابی و برای چەچو بوو. مەفرەزەیەکی ئەمن گەمگردی تێبەربوون، گوێیان کەڕ کرد و پاشان شێت بوو.

٣- ئیسرائیل مروکیل: "لە زیندانیان هاویشت و پاش دوو ڕۆژ ئەشکەنجەی توند، ئەویش دین بوو".

بانگەوازەکەی بەم گوتانە کۆتایی پێ هێنا: "ئەم هێرشی کۆمەڵ کوژییەی کە دەکرێتە سەر گەلەکەمان، پێشێل کردنی ئاشکرای مافی مرۆڤە کە دەوڵەتان دانیان پێداناوە".

دوای ماوەیەکی کەم لە نووسینی ئەو بانگەوازە (ئایا پاولوس)ی ڕێبەری مەسیحیانی کلدان- کاتولیک-ی کوردستانی عێراق، لە لای خۆیەوە بانگەوازێکی بۆ زۆربەی ڕۆژنامەکانی جیهان نارد. ئەم ڕێبەرە تەمەن (٧٤) ساڵەیە، نامەکەی بەم ڕستانە دەست پێ کرد بوو: "ڕێزدار، جەنابی سەرنووسەر. منی قەشەی مووسڵ کوردم". ئەویش هەموو ئەوکارەساتانەی شەرح کرد بوو کە موریدانی کلیساکەی لە سەردەستی بەعسیانی حوکمڕانی بەغداوە دوچاری بوون. لە کۆتایی نامەکەیدا تکای لە ڕۆژنامەوانان کرد بوو کە کارێک بکەن: "چیتر خوێن نەیەتە ڕشتن و بۆ خوێنەرانتانی ڕوون بکەنەوە کە چمان دەرهەق دەکرێت".

ئەندریە زاخاروف لە مۆسکۆوە ناڕەزایی دەردەبڕێ

چ کەسێک گوێی لەو هەموو هاوارو قیڕین و بانگەوازە نەگرت. هەروەها ژمارەیەکی زۆرکەم لە ڕۆژنامەکانی جیهان ئامادەبوون ئەو بانگەوازە بڵاوبکەنەوە کە (ئەندریەزاخاروف) زانستکاری فیزیای سۆڤیەتی لە یەکێک لە خەستەخانەکانی موسکۆوە ناردبووی. ئەم بانگەوازە، ژنەکەی زاخاروف بەدزییەوە گەیاندییە دەرێی

سۆڤیەت و بڵاوی کردەوە. زاخاروف، داوای لە UN کرد کە قوەتێکی ئاشتی بۆ عێراق بنێرێ، چونکە حکوومەتی عێراق دەستی داوەتە شەڕێکی دڕندانە دژی کەمەنەتەوەیی کورد". هەروەها داوای کرد کە لەزێ بکرێ لە گرێدانی "کۆبوونەوەیەکی نا ئاسایی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی و بڕیارێک بدرێ کە هێزەکانی عێراق کاری جەنگی دژی کورد ڕابگرن و داوا لە سۆڤیەت بکرێ کە چیتر چەک و تفاقی جەنگی بۆ عێراق نەنێرێ". زاخاروف لە سەری دەڕوات و دەڵێ نەتەوە یەکگرتووەکان کە تا نهۆ چ هەنگاوێکی نەناوە بۆ قەدەغەکردنی قڕکردنی گەلی کورد، لە سەریەتی نەیەڵێ کارەساتی بیافرا جارێکی دێ دووبارە ببێتەوە.

هەروەها هەندێ لە ڕۆشنبیرانی ئەوروپی کە چەند ساڵێک بوو ڕێبەری بزووتنەوەیەکی ناڕەزاییان دەکرد، دژی تێوەگلانی ئەمریکی لە ڤێتنامدا، زۆریان چاوەڕوان کرد بەر لەوەی دەست بەوە بکەن کە بەشێک لەوەختی خۆیان بۆ بەرەڤانی لەگەلی کورد تەرخان بکەن، ئەویش بەهاندانی ڕێکخراوی ئەنتەرناشنال ئەمنیستی و ڕێکخراوی بەرگری لە گەلانی بندەستی هەڕەشە لێکرا و بەنەمان. هەروەها کۆمەڵێک لە مامۆستایانی زانکۆی خەڵکی ئەڵمانیا، لەوانە ئیمانویل گایس، ئارنست بلوخ، ئوسیب فلخت هایم، هلموت گولفتزر، و هەندێ کەسایەتی بناڤ و دەنگی دیکەی وەک قەشە هاینرش ئەلبرش، ئەنگبورک دریفیتس، بانگەوازێکیان بەنێونیشانی "ئاوارە کوردەکان ڕزگاربکەن" ئیمزا کردو لە هەندێ کاتی دیاریکراودا هەوڵ و کۆششی شەخسی خۆیان بۆ دۆزی کوردە ئاوارەکانی جەنگ تەرخان کرد.

هەروەها لە فەرەنسادا بەسەرپەرشتی ڕۆژنامەی لوموند، کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و بەرەندەی خەڵاتی نۆبڵ وە دەنگ هاتن و داوایان دەکرد دژایەتی ئەو پرۆسەی کۆمەڵکوژییە بکرێ کە دەرهەق بەتێکڕای کەمینەیەکی نەتەوەیی دەکرێ. سیمون دی بوڤوار و ڕوجیەگارودی و جان پول سارتەر لە ڕیزی ئەو گروپەدا بوون. ژمارەیەک لەو کەسایەتیانەی ئەوروپای ڕۆژهەڵات کە پەنایان بۆ ڕۆژئاوا بردبوو، پشتیوانییان لە داخوازییەکانی کورد کرد، لەوانە قارەمانی شەترەنجزان لودڤیگ پاخمان و جیری پلیکان-ی نووسەر. لە بەریتانیاشدا دیفید مارکهام-ی ئەکتەرو دەزگای ئاشتی برتراند ڕسل، هەوڵیان دا لەم بوارەدا دەوری ناوبژیوانی ببینن.

کەنگێ تاوانی شەڕ (مەسەلەی ناوخۆ) بوون؟

هیچ یەکێک لەو هەموو هەوڵە دادی نەدا و چ ئاکام و ئەنجامێکیان بەقازانجی دۆزی کورد لێ نەکەوتەوە. لیژنەی نێو دەوڵەتی خاچی سوور لە ڕۆژی ١٤/٨/١٩٧٤دا نامەیەکی بۆ ژەنەڕاڵ بارزانی نارد، و باسی ئەوەی کردبوو کە حکوومەتی نیزامی عێراق ڕێی نەداوە ڕێکخراوی خاچی سوور چ خزمەتگوزارییەک لەو کێشەیەی بەینی ڕژێمی بەغدا و کوردا پێشکەش بکات.

هەر بەهەمان شێوە، ڕژێمی عێراق، ڕێی بەرێکخراوە خێرخوازە نێودەوڵەتییەکانی دیکەش نەدا، کە کۆمەک بەکورد بکەن. بەعسییان وەکو جاران سوور بوون لەسەر ئەوەی کە لە (باکوری نیشتمانی خۆشەویستمان)دا چ جەنگێک نییە و بۆیە پێویست بە چ کۆمەکێک ناکات. خاڵێکی زۆر گرینگی دیکە هەبوو کە کردییە کارێک، کورد چ جۆرە کۆمەکێکی شایستەی چنگ نەکەوێت، ئەویش ئەوەبوو: ئەو دەوڵەتە ئەوروپییە ڕۆژئاواییانەی کە ئامادە بوون بەهەق و بەناهەق خۆلە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی دی هەڵقورتێنن، لە ئاستی کوردا هەموو بوون بەکەڕەی شەربەت. بەڵگەش بۆ ئەم قسەیە ئەو شتە بوو کە لە بەریتانیادا ڕوویدا، ئەوە بوو (جان سپراوت)ی نوێنەری حزبی موحافەزەکاران لەگەڵ هەڤاڵەکانیان لە فراکسیۆنی نوێنەرانی حزبدا (راس جونستن) و (سیربرنارد براین) لە کانونی دووەمی/ ١٩٧٥ دا بەناوی پەرلەمانەوە داوایەکیان بەرز کردەوە، کە داوا لە حکوومەتی بەریتانی دەکەن کە لە بواری ئینسانیدا کاری پێویست بۆ کورد بکات و دەسەڵاتی بەریتانی لە نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ قازانجی کورد وەگەڕ بخات.

پەرلەمان،موناقەشەیەکی توند و نا ئاسایی ئەم داوایەی کرد. ئەوە بوو پەیڤداری (ناطق) ڕەسمی حکوومەت بەچەند ڕستەیەکی ڕۆتینی باو وەڵامی دایەوە کە: "هەرکاتێک UN یان دەوڵەتێکی بێگانە داوایەکی وەها بکات، یەکسەر کۆمەکی بەریتانی پێشکەش دەکرێ" و "تاکو ئێستا هیچ داوایەکی لەو جۆرە نەکراوە". ئەوسا (جونستن)ی نوێنەری موحافەزەکار وەڵامی دایەوە و گوتی: "تکام وایە جەنابی وەزیر لەوە حاڵی ببێ کە ئێمە دەوڵەتی عێراقمان دامەزراندوە، بۆیە ئێمە مەسئولیەتێکی تایبەتیمان لەم شەڕی قڕکردنەدا دەکەوێتە ئەستۆ و ئێمە لە ڕووی ئەخلاقییەوە لە سەرمانە کۆمەکی ئینسانی پێشکەش بکەین و یارمەتی ئاوارەکان بدەین و دەمودەست ناڕەزایی خۆمان دەرببڕین بەرانبەر بەوەی لەوێندەر ئەنجام دەدرێ و ڕوودەدات"... کاتێ نوێنەرەکان،

گوشاریان خستە سەر وەزیرەکە و داوایان لێ کرد ئەوەیان بۆ ڕوون بکاتەوە کە ئاخۆ بەریتانیاش وەکو یەکێتی سۆڤیەت تێوەگلاوە و چەکی بۆ عێراق ناردووە تا لە قەسابخانەکانیا دژی گەلی کورد، بەکاری بێنێ؟ وەزیرەکە بێدەنگ بوو و متەقی لێوە نەهات.

مەسەلەکە، لە ئەڵمانیای فیدرالی-شدا ڕەوتێکی لە بابەتی ئەوەی بەریتانیای گرتە خۆ: شاندێکی سەرکردایەتی پارتی، کە سامی ڕەحمانی وەزیری جارانی وەزارەتخانەی عێراقیشی لەگەڵ بوو، بێهودە هەوڵیان دا دیدارێک لەگەڵ لایەنە ڕەسمییە پەیوەندارەکانی ئەڵمانیای فیدرالیدا ساز بکەن، بەڵام شاندی نێوبراو نەیتوانی چ مەسولێک لە وەزارەتی دەرەوە یان لە وەزارەتی کاروباری هاوکاری و ئابووری بدێنێ. هەروەها هەوڵێکی دیکەش بۆ سازدانی دیدارێک لەگەڵ سەرکردایەتی حزبی سوسیال دیموکراتی حوکمڕان فەشەلی هێنا؛ ئەگەرچی پارتی خۆی بەحزبێکی سوسیال دیموکرات حەساو دەکرد.

(ئەلیوس میرتس)ی نوێنەری حزبی یەکێتیی دیموکراتی- مەسیحی و پسپۆر لە کاروباری دەرەوە، تاکە سیاسەتوانی ئەڵەمانی بوو کە گوێی لە ڕاپۆر و داخوازی سیاسەتوانە کوردەکان گرت. هەروەها (فرانس جوزیف شتراوس) کۆبوونەوەی کۆنگرەی حزبەکەی خۆی، کە لەو ڕۆژەدا دەبەسترا، بۆ چەند سەعاتێک بەجێهێشت و چاوی بەشانوی کوردی کەوت. ئەم پیاوە کاتی خۆی کە وەزیری دارایی بوو، یارمەتی کوردی دا بوو. (شتراوس) لەگەڵ شاندی کوردیدا باسی ئەو ڕێگایانەیان کرد بوو کە دەشێت لێوەی کۆمەکی ئینسانییان پێشکەش بکرێ. ئەوە بوو مەسەلەکە گەیەنرایە لیژنەی سیاسەتی دەرەوەی پەرلەمانی ئەڵمانیای فیدرالی، بەڵام (مویرش)ی وەزیری وەخت، هەموو جارێ موناقەشەی مەسەلەکەی دوا دەخست. بەروونی دەرکەوت کە هەڵوێستی حکوومەتی ئەڵمانیای فیدرالی بەرانبەر بەرەفتاری ڕژێمی عێراقی دژ بەکورد، لەسەر ئەو بناغەیە ڕۆنراوە کە مەسەلەکە "مەسەلەیەکی ناوخۆییە و تەنیا پەیوەندی بەعێراقەوە هەیە". ئەو نامەیەی کە (هربرت ڤینر)ی سەرۆکی فراکسیۆنی حزبی سوسیال- دیموکرات لە پەرلەماندا نووسی، باشترین بەڵگەیە کە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوایی ئامادە نەبوون، تاوانەکانی جەنگ و قڕکردنی دەستەجەمی کەمینە نەتەوەییەکان بەپێشێلکرنی مافی مرۆڤ حەساو بکەن. بەڵکو (تەنیا مەسەلەیەکی ناوخۆییە). (ڤینر) لە ڕۆژی ١٥/ ١٠/ ١٩٧٤ دا نووسیویەتی کە: "پێویستە بەر لە هەر شتێک ئەوەمان لە بیربێ کە مەسەلەکە بۆ حکوومەتی عێراقی، مەسەلەی ژیان و مەرگە، چونکە ئەو ناوچەیەی کورد داوای دەکەن،

دەوڵەمەندترین ناوچەی عێراقە لە ڕووی ئابوورییەوە و نزیکەی ٢ لەسەر ٣ی سادیراتی نەوتی عێراق لەم ناوچەیەدا دەردەهێنرێ".

سەرانی کورد، لە بارەگای بارزانیدا، بەزمانێکی پڕ لە بێ هیوایی و نائومێدییەوە، لە وەڵامی ئەو هەڵوێستەدا دەیانگوت: "وادیارە هیچ دەوڵەتێک ئامادە نییە پەیوەندی خۆی لەگەڵ وڵاتێکدا تێک بدات کە بتوانێ نەوت بفرۆشێت". (حەبیب کەریم)ی سکرتێری پارتی، کە لە هەموو بۆنەیەکدا ئەوەی دەوپات دەکردەوە کە گوایە حزبەکەی نزیکە لە حزبە سوسیال دیموکراتەکانەوە، لە تەعلیقێکیدا دەربارەی ئەم هەڵوێستە گوتی: "حزبی سوسیال دیموکرات لە ئەڵمانیادا حزبی حوکمڕانە، کەواتە ئاساییە دەبێت هەوڵ بدات پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ عێراقدا بپارێزێت، نەک بایەخ بەپەیوەندی لەگەڵ کەمینەیەکی نەتەوەیی عێراقی بدات".

ڕێگا شاخاوییە سەختەکان پڕ دەبن لە سەدان هەزار ئاوارە

هیچ لایەنێکی ڕەسمی لە لەندەن یان لە بۆن ئامادەنەبوو باوەڕ بەو کارەساتە بکات کە لە کوردستاندا ڕوویدەدا. وەزع و حاڵی ئاوارەکان زۆر لەوە خراتر بوو کە بەبیر و خەیاڵی ئەڵمان یان فەرەنسی یان خودی بەریتانییەکاندا بێت کە بەخۆیان لەو ڕووەوە خاوەنی ئەزموونی دوورودرێژ بوون. من وام بۆ ڕێکەوت کە لە نزیکەوە ئەم وەزعە بدینم و چەند گوتارێکی ڕۆژنامەوانیم دەربارەی دەیان هەزار کەس لەو خەڵکە هەژار و ماندو و بێ دەرەتانە گوناحە نووسی و بڵاوکردەوە، کە تروسکەی چ هیوایەکیان لە ئاسودا نەدەبینی تا دڵی پێ خۆش بکەن. دوو فەرمانبەری سەفارەتخانەی ئەڵمانی لە تاران، بەکۆمەک و یارمەتی لایەنە ڕەسمییەکانی ئێران، لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەلیان لەمەڕ وەزع و حاڵی کوردە ئاوارەکان و چۆنیەتی یارمەتی دانیان ئامادە کرد. ئەوەبوو ڕاپۆرێک لەمەڕ ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە درا بەهۆیەی (٣١١)ی وەزارەتی دەرەوە لە بۆن، لە ئۆکتۆبەری١٩٧٤دا. لە ساڵی ١٩٧٥دا کۆمەڵە بەندێکی دیکەش خرایە سەر ئەم ڕاپۆرە.

ڕاپۆرەکە، ئەوە دەگەیەنێ کە کوردەکان وەختێ پەنایان وەبەر ئێران برد کە سوپای عێراقی بۆردومان و تۆپبارانی گوند و ئاوەدانییەکانی دەکرد. بەمەش هەموو ئەو ڕاستیانە ساغ بوونەوە کە پێشتر چەندین ڕۆژنامەنووس ئاماژەیان بۆ کردبوون. سەفارەتخانە بۆ (بۆن)ی نووسی: "هەرچەندە وەزیری دەرەوەی عێراق لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، کە لە لەندەن سازی داوە، وا باسی ئەم تۆپبارانەی کردووە کە گوایە تەنیا (هێرشێکی

تەمبێکارانەیە) بەڵام هەموو هێما و بەڵگەکان ئەوە بەدیار دەخەن کە حکوومەتی عێراق هەموو توانایەکی وەگەڕ خستوە کە ئەم بۆردومان و تۆپبارانە زۆرترین ناوچە بگرێتەوە. هەروەها زۆر دڕندانە ڕەفتار لەگەڵ خەڵکی مەدەنی هەندێ لەو شوێنانە کراوە کە حکوومەتی عێراقی گرتوونیەوە و دەستی بەراگوێزانی کوردەکان کردووە بۆ باشوور".

خەڵکی دەربەدەر و ئاوارەی جەنگ، لە هەوەڵەوە بەزۆری ڕووە و سنوورەکانی تورکیا و سوریا هەڵدەهاتن. بەڵام تورک سنووری خۆیان داخست و ڕێیان بەکورد نەدا بچنە خاکی تورکیاوە. سوریاش فەرمانی دا ئەو هەزاران ئاوارەیەی کە چووبوونە خاکی سوریاوە دەربکرێن و هەڕەشەی لێ کردن کە تەسلیم بەعێراقیان دەکاتەوە. ئەمە وایکرد خەڵکەکە بەناچاری ڕوو بکەنە ئێران. سەرەتا چەند گروپێکی کەم لەو ئاوارانە گەیشتنە سنووری ئێران و لە هەردووک ڕەخی سنووردا و بۆ چەند هەفتەیەک مانەوە، بێ ئەوەی ئێران بڕیارێک بدات کە چییان بۆ بکات.

من بەخۆم پتر لە جارێک لە هاوین و پایزی ١٩٧٤و لە بەهاری ١٩٧٥دا لە سنووری عێراقی- ئێرانییەوە، لە ڕێگەی خانە- پیرانشار و حاجی ئۆمەرانەوە هاتووچۆم بووە. لەم سەفەرانەمدا هەزاران ئاوارەم دەبینی لە دەوروبەری مەخفەری سەر سنوور پەرت و بڵاو بووبوونەوە بێ ئەوەی ئەشتەبایان هەبێ کە لە سەرما و باهۆز و بارانیان بپارێزێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر باش بوو چونکە بەلای کەمەوە لە بۆردومانی ئاسمانی عێراقی خەلەسیبوون؛ چونکە ئێران لەوێ، لەسەر سنوور قوەتێکی موشەکی (هەنتەر-هۆک)ی فڕۆکە شکێنی دانا بوو.

ڕێژەی مردن لە نێو منداڵاندا دەگاتە ١٠٠٪

کاتێ ژمارەی ئاوارەکان بەرەبەرە ڕووی لە زیادی کرد و لە هەزارانەوە هەڵی بوارد بۆ دەیان هەزار و (سەدان هەزار لە پایزی ساڵی ١٩٧٤)دا، هەنگینێ شا داوای لە ڕێکخراوی (شێر و خورشید)ی ئێرانی کرد، کە وەکو ڕێکخراوی خاچی سوری وڵاتانی ئەوروپا وایە و هەمان ئەرکی ئەوان دەبینێ، کە ئاوارەکان لە دیوی ئێراندا بحەوێنێتەوە و نیشتەجێیان بکات. فەرمانی دا کە سەد ملیۆن دۆلار بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکرێ کە پاشان و لە زستاندا زیادکرا و کرا بە ٣٠٠ ملیۆن دۆلار...

بەپێی لێکۆڵینەوەی سەفارەتخانەی ئەڵمانی لە تاران: "ئەو ئاوارانەی کە ڕوویان کرد بووە ئێران ٣٠٪ ئافرەت و ٦٠٪ منداڵ و ئەوانی دیکە پیرە پیاوی بەساڵاچوو بوون؛

چونکە ئەو پیاوانەی کە توانای چەک هەڵگرتنیان هەبوو لە کوردستانی عێراقدا مابوونەوە. زۆربەی ئەو ئاوارانە ماوەی ٦٠٠ کیلۆمەتریان بەپێیان بڕی بوو بەتایبەتی ئەوانەی کە خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بوون و لە سەرەتادا ڕوویان کرد بووە تورکیا و تورک ڕێی نەدابوون بچنە خاکی تورکیاوە ئیدی ناچار بەشی هەرە زۆری رووبەری کوردستانیان بەپێ بەرەو ئێران بڕیبوو... ئەو ئافرەت و منداڵانەی کە دەگەیینە ئێران، هێندە داماو و شەکەت و ماندووی ڕێگاوبانی سەخت و دوور و درێژ بوون، مرۆڤ بەزەیی بەحاڵیاندا دەهاتەوە. هەموو سەروەت و سامانێکیان تەنیا جلەکانی بەریان بوو. ئافرەتەکان سەر و مەنجەڵی چێشت لێنان و کیسەیەک ئاردیان پێ بوو. مەگەر یەکێک زۆر بەختەوەر بوایە، پەتۆیەک یان نوێنی خەوتنی پێ بوایە، بەڵام هەر هەموویان وەکو یەک برسی و ماندوو بوون و هەموو پێ و پلیان ئاوساو و بریندار بوو. بەگوێرەی ڕاپۆری دوو فەرمانبەرە ئەڵمانییەکە و سەرژمێری ڕێکخراوی شێروخورشید و پزیشکانی کورد، ڕێژەی مردن لە نێو منداڵانی شیرەخۆرەدا گەلەک سامناک بوو، و دەگەییە ١٠٠٪، بەتایبەتی لەو ماوەیەی نێوان سەرەتای ڕاکردنەکەیان و گەیشتنیان بەئێران کە ئیدی بەپێی توانا مالیجە دەکران... سەبارەت بەمنداڵانی کەمتر لە دوو ساڵان ڕێژەکە ٧٠٪ و منداڵانی کەمتر لە پێنج ساڵ ٣٠٪ بوو. هۆیەکانی مردنیان بەزۆری ئەمانە بوون: کەم خۆراکی و بەدخۆراکی، سک چوون و ڕەوانی، ماندوبوونی زۆر و (کاریگەری دەرەکی). ڕاپۆرەکەی سەفارەتخانەی ئەڵمانی دەڵێ: "هەرچەندە ئاوارەکان ڕایانگەیاندوە کە فڕۆکە عێراقییەکان بەنزمییەوە بەسەریاندا فڕیون و بەدەم ڕاکردنەوە بۆردومانی کردوون، بەڵام پێدەچێت ڕێژەی مردن لە سۆنگەی ئەم فاکتەرەوە کەم بووبێ؛ چونکە جوگرافیای کوردستانی عێراقی پەنا و پەسێوی زۆری تێدایە بۆ خۆ حەشاردان و پاشان خەلەسین لە بۆردومان... لەگەڵ ئەوەشدا کوردە ئاوارەکان هیچ زانیارییەکی گشتی و وردیان نییە دەربارەی ئەوانەی کە لە ڕێگادا مردوون، چونکە ئامێرێک نییە ئەو حاڵەتانە تۆمار بکات، هەڵبەتە هەمان حاڵەت سەبارەت بەقوربانیانی بۆردومان و تۆپباران هەیە. بەپێی هەندێ ژمارە و بۆچوون، ژمارەی ئەمانە دەگاتە ٢٠-٣٠ هەزار کەس. بەڵام ڕەنگە ژمارەی ڕاستەقینە و لەگینی ئەمانە بگاتە ٥-١٠هەزار کەس. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەحاڵە ژمارەی دروستی قوربانیان بزانرێ؛ چونکە زۆر جار گوندێک بەتۆپباران و بۆردومان خاپورکراوە و هەموو خەڵکەکەی قڕکراوە تاقە یەک کەسیان لێ دەرنەچووە تا بەخەڵکی ڕابگەیەنێ کە ژمارەی خەڵکی گوندەکە لە کاتی بۆردومان و تۆپبارانەکەدا چەند کەس بوون. زۆر جار لە ڕێگاوباندا

جەنازەی ئەو زامدارانە دەدۆزرایەوە کە بەبرینداری بەرەو نزیکترین شارۆچکە یان تیمارستان ملیان ناوە. بەهۆی تووشی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستانی عێراقەوە و چونکە بۆردومان و تۆپبارانی عێراقی دەگەییە ئەو کوێرە گوندە دوورە دەستانەی کە لە هیچ سەرژمێرییەکی ڕەسمیدا تۆمار نەکرا بوون، بۆیە ئەستەمە ژمارەی دروستی قوربانیان دیاری بکرێ".

تا مانگی ئەیلول، پتر لە سەد هەزار ئاوارەی کوردی عێراقی گەییبنە ئێران و لە پایزدا هەشتا هەزار کەسی تریشیان چووە سەر. ئەمە جگە لەوەی خەڵکی ناوچە نزیکەکانی شەڕ، هەڵدەهاتن و دەیان گواستنەوە بۆ هێڵەکانی پشتەوەی شەڕگەکان... بۆیە دەتوانرێ بگوترێ کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥ دا پتر لە نیو ملیۆن ئاوارەو دەربەدەری جەنگ هەبوون و ئەمەش دەکاتە شەش یەکی هەموو خەڵکی کوردستانی عێراق.

ئێران، لە سەرەتادا ئاوارەکانی لە ناوچەکانی کوردستانی ئێراندا دامەزراند، واتا لە پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و کوردستان و کرماشاندا دایمەزراندن. پاشان شا کەوتە ناردنی ژمارەیەکی زۆریان بۆ پارێزگای (خوزستان) لە باشوور، و لەوێندەر ئۆردوگای بۆ کردنەوە و خێوەتی بۆ هەڵدان. دیارە ئەمە وەختێ کرا کە ژمارەی ئاوارەکان زۆر زیادی کردو لە توانای پارێزگاکانی کوردستانی ئێراندا نەما هەموویان بحەوێنێتەوە، لەلایەکی تریشەوە لەبەر هەندێ هۆی سیاسی بوو؛ چونکە شا حەزی نەدەکرد ژمارەیەکی زۆری کوردی عێراقی لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێراندا هەبن.

ڕێکخراوی (شێر و خورشید) فریای ئاوارەکان دەکەوێ

مشورخواردن و تیمارکردنی نەخۆش و زامدارەکان، مایەی خۆشحاڵی و سەرنجی چاودێرانی ڕۆژئاوایی و خودی کوردەکانیش بوو. قەرەوێڵە و تەختی زیادە لە هەر هەموو ئەو خەستەخانە ئێرانیانەی نزیکی سنوورەکان دانران؛ ئەمە جگە لە دامەزراندنی خەستەخانەی نائاسایی لە نێو قوتابخانەو خانەی نەوجەوانان و هەندێ بینایەی ڕەسمی دیکەدا. نەخۆشی ئێرانی و کورد لەلایەن پزیشکانی ئێرانی و پزیشکانی کوردی عێراقییەوە وەکو یەک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا. جیاوازییەکی زۆر هەبوو لە نێوان خەستەخانە مەیدانییەکانی سەر سنوورەکان و خەستەخانەکانی ناو شارەگەورەکانی دوور لە سنوورەکانەوە. هەڵبەتە هەندێ نەخۆشی و حاڵەتی خەتەر لە مەرکەزی شارانی وەک: تەورێز، سنە، ئورمێ مالیجە دەکران یان ڕەوانەی تاران دەکران... بەڵام پێشمەرگە

زامدارەکان، هەر هەموویان لە خەستەخانەکانی سوپای ئێرانیدا مالیجە دەکران و ڕێگە بەرۆژنامەوانان و فەرمانبەرانی سەفارەتخانە بێگانەکان نەدەدرا لە وێندەر سەردانیان بکەن... زۆر خەستەخانەی مەدەنی ئێرانی، بەپێی پێویست و بەشێوەیەک دەرەقەتی حاڵە تازەکە بێت دەستکاری کران، لێرەدا تەنیا دوو نموونە وەکو بەڵگە باس دەکەین:

– خەستەخانەی (پاوە)، پارێزگای کوردستان: لە حاڵەتی ئاساییدا **٣٥** تەختی تێدا بوو، نوکە کرا بوو بە ١٠٠ تەخت. خەستەخانەیەکی هاوچەرخە، ئامێری تیشک و دکتۆری ددان و ئەوشتانەی تێدایە. سێ پزیشکی ئێرانی تێدایە کە هەندێکیان پسپۆڕی هەناو و نەشتەرگەرین، ئەمە جگە لە دوو پزیشکی کوردی عێراقی کە یەکێکیان پیاوە و ئەوی تریان ژنە. هەشت نەخۆشی ئێرانی و چەندین نەخۆشی کوردی عێراقی تێدا بوو... جۆری نەخۆشی و حاڵەتەکان ئەمانەبوو: پارچە لە دەست و لاق و لەشدا، دوو ئافرەت کە بەبۆمبی ناپاڵم سوتا بوون. چەند منداڵێکی بەپارچە پێکراو، یەکێک لەو منداڵانە چوار ساڵ بوو، و پارچە بەر زگی کەوتبوو. پزیشکە ئافرەتەکە دەیگوت مانی منداڵەکە و تەحەمول کردنی ئەو هەموو ڕێگەیە تا گەیەنراوەتە ئێرە خۆی لە خۆیدا سەیر و باوەڕ نەکردەنییە. چەندین ئافرەتی دێهاتی کە پارچە لە دەست و لاق و لەشیاندا بوو. چەندین پرۆسەی نەشتەرگەری سینە و منداڵ لەبارچوون، کەبەهۆی باری دەروونییەوە، منداڵەکان دەمرن، لەم خەستەخانەیە ئەنجام دەدرا.

– خەستەخانەی (مەریوان)، پارێزگای کوردستان: لە حاڵەتی ئاساییدا **٣٥** تەختی تێدا بووە، نوکە کرابوو بەشەست تەخت. تەختی تازە لە ڕاڕەو و قاوشەکاندا ڕیزکرا بوون. تەنیا چوار نەخۆشی ئێرانی تێدا بوو، ئەوانی دیکە خەڵکی مەدەنی کوردی عێراق بوون.

دوو دکتۆری کورد و دوو ئێرانی تێدا بوو. سیمای نەخۆشە کوردەکان دیار بوو کە هیچیان پێشمەرگە نین. جۆری نەخۆشی و حاڵەتەکان ئەمانە بوو: بریندای لاق بەشێوەیەکی گشتی، جگە لە پارچە لە باسک و لاق و سینەدا. دوو ژوور بۆ ئەو ئافرەتانە تەرخان کرا بوو کە پارچەیان بەرکەوتبوو، یان بەهۆی ماندووبوونی ڕێگاوە منداڵیان لەبار چووبوو، نەشتەرگەری سینە، هەندێ لە نەخۆشەکان بەهۆی بۆردومانەوە تۆشی بارگرژی دەروونی بووبوون. لە نێو ئەوانەدا کە پارچە بەر باسک و لاق و سینەیان کەوتبوو، هەرزەکاری تەمەن ١٠-١٤ ساڵ دەبینران. کیژۆڵەیەکی یازدە ساڵان لەوێ کەوتبوو تووشی کەمخوێنی بووبوو؛ خوێنی گروپی (o) دەست نەدەکەوت. لە سەرەتای ڕەوە بەکۆمەڵەکەوە (٣٠٠٠) نەخوش لەم خەستەخانەیەدا چارە سەر کرابوو، (٧٠٠) حاڵەتیان لە

خەستەخانەدا خەوێندرابوون. زۆربەی هەرە زۆری ئاوارەکان لە ئوردوگای چادرا نیشتەجێ کران. گەورەترین ئۆردوگا ئەو دووانە بوو کە لە پارێزگای (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) کرانەوە، هەر یەکەیان دوانزە هەزار ئاوارەی تێدا بوو. چوار ئۆردوگاش لە پارێزگای کرمانشان کرانەوە کە بەهەموویان (٣٠) هەزار ئاوارەیان تێدا بوو. ئەمە جگە لە چەندین ئۆردوگای دی کە لە پارێزگای خوزستانی باشووری گەرمەسێردا کرابوونەوە.

ڕێگە بەپیاوانی لە شەست ساڵ هێروەتر نەدەدرا بەبەردەوامی لە ئۆردوگادا بمێننەوە، تەنێ بۆ قەتاندنی مۆڵەتەکانیان ڕێگە دەدران. زۆربەی دانیشتوانی ئۆردوگاکان ئافرەت و منداڵ و پیرەمیر بوون. هەڵبەتە حکوومەتی ئێران بۆیە ئەوەی دەکرد تا ماڵباتە کوردەکان هەوڵ نەدەن بەیەکجارەکی لە وڵاتی ئێراندا بمێننەوە. یەکێک لەو کەسانەی کە سەردانی ئەم ئۆردوگایانەی کردبوو، لە نووسینێکی دا دەڵێ: "زۆر ئاسایی بوو هەموو ئێوارەیەکی هەینی دیمەنی خەمینی دوعاخوازی و بەڕێکردن دووبارە بێتەوە: ژنانی چاو بەرۆندک، منداڵانی خۆ هەڵواسیو بەقەدی باوکانی لەسەر سەفەر بۆ شەڕگە".

کە ڕۆژان تێپەڕین و زستان بەردەرکەی لە عالەم گرت، ئێرانییەکان دیقەتیان دا چاریان ناچارە، خانووبەرە بۆ حەوانەوەی ئەو ئاوارانە دابین بکەن. بۆیە لە سەرەتای ئابی ١٩٧٤وە دەست بەگواستنەوەی ئەو ئاوارانە کرا،کە زستان هەڕەشەی لێ دەکردن بۆ چەند ئۆردوگایەک کە هەریەکەیان ٥-١٥ هەزار کەسیان دەگرت و خەرجی دروست کردنەکەیان یەک ملیۆن دۆلاری تێ چووبوو. ئەم ئۆردوگایانە لە نزیکی ناوچە نیشتەنییەکانی ئێراندا دروست کرابوون، تا ئەگەر ئاوارەکان گەڕانەوە بۆ عێراق، ئێران سوودی لێ بدینێ و خەڵکی خۆیانی تێدا ئاکنجی بکەن. هەڵبەتە دروستکردنی ئەم ئۆردوگایانە بەو دەست و بردە و بەوهەموو پارە زۆرەوە کە تێی چووبوو، بەلای زۆربەی چاودێرانی ڕۆژئاواییەوە، کارێکی زۆر مەزن و ڕێکوپێک و جێگەی تەقدیر بوو، چونکە زۆربەی ئەو چاودێرانە باوەڕیان نەدەکرد ئێران توانای جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی وەها مەزنی هەبێ. چونکە بەر لە هەموو شتێک دەبوایە کەرەستە و تفاقی بیناسازی لە دووری سەدان کیلۆمەترەوە بهێنرێ. هەروەها پرۆژەکە لە ماوەیەکی زۆر خێرادا هاتە ئەنجامدان؛ ڕۆژی ٢٠/١٠/١٩٧٤ یەکەمین ئۆردوگای ئەم پرۆژەیە تەواو بوو، و ئامادە بوو تا خەڵکی بچنە ناوی.

کۆمەکی ئێرانی بەڕادەیەک فراوان بوو، تەنانەت ئەو گروپە هەوادارەی بارزانی، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان باوەڕیان بەو قسانەی ئێران نەبوو کە گوایە کورد و ئێرانی هاوچارەنووسن، ناچاربوون بێ دەنگ ببن و چ هەنجەتێکیان بەدەستەوە نەمێنێ تا بەردەوام بن لەسەر

گومان کردن لە هەڵوێستی ئێران. یارمەتی دانی ئاوارەکان و ناردنی کۆمەکی چەک و ئازوقە بۆ پێشمەرگە، کارێکی وایکرد هەست بکەن لە مەینەتییەکانیاندا تەنیا باڵ نین و بەلای کەمەوە دۆستێک هەیە دەستی پێیانەوەیە، ئەویش محمد رضا پەهلەوی شاهنشای ئێرانە. ئەوە بوو شا، جارێکی دیکە و لە ڕۆژی ١٤/١/١٩٧٥دا، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی نەمسادا، ئاماژەی بۆ چارەنووسی هاوبەشی ئێران و کورد کردو گوتی: "کورد، هاونەژادی ئێرانییەکانن و هەموو هاوسۆزییەکیان لەگەڵ دەکەین و هەرچییەکیان پێویست بێ دەیاندەینێ تەنیا چەکی قورس نەبێ، ئەمەش ئاساییە: چونکە جێگەی تانک و فڕۆکەیان لە کوێ بوو؟"

هنری کیسنجەر خۆی لە وەڵامدانەوە دەبوێرێ

ئا لەم کاتەدا، هەندێ هێما و ئاماژە هەبوون، نیشانەی ئەوە بوون کە کۆمەڵێک گۆڕانکاری گرینگ بەدەستەوەیە، لە پشت پەردەی سیاسەتی دەولییەوە کاری بۆ دەکرێت و دوور لە هەرا و هەنگامەی ڕاگەیاندنی بەرواڵەت هاوسۆزو تامەزرۆی کۆمەکی مرۆڤانی بۆ کورد و دوور لەو قسە زلانەی باسی "خەباتی برایانەی هاوبەش دژی ڕژێمی عەسکەری بەعس" دەکەن... کوردی دڵپاکی خۆشباوەڕیش، کە گفت و بەڵێنی شەرەف سەنگی مەحەکە بۆ هەر مامەڵە و سەودایەکیان، بێئاگابوون لەم گۆڕانە چارەنووس سازانەی کە بەدەستەوە بوون.

بەڵام دەبوایە بارزانی هەر لە هەفتەکانی هەوەڵی دەستپێکردنەوەی شەڕەوە هەستی بەڕووداوەکان بکردایە: ئەو کۆمەک و یارمەتییانەی کە ئەمریکی و ئێرانییەکان بەڵێنیان دابوو بەکوردی بدەن، لە هەفتەی چوارەمی شەڕەکەوە، ڕێک لە کۆتایی مانگی نیسان و سەرەتای مانگی مایسەوە لە کەمیدا و ئەو شتانەی کە لە سنووری ئێرانەوە دەهاتن بەشێوەیەکی پچڕپچڕ و بەوەجبەی کەم دەگەیشتن، دیاربوو هیچ نیازێک لە گۆڕێ نەبووکە کورد بگەیەنرێتە ئاستێک بتوانی بنکەیەکی لۆجستی بۆ خۆی ڕۆبنێ و یەدەکی خۆی هەبێ، مەبەست لەمە ئەوەبوو کە چاویان لە دەستی ئێران و ئەمریکا بێ و نەتوانن بەشێوەیەکی سەربەخۆ و کارا لە شەڕەکاندا بجوڵێن، ئەوەبوو سەرکردایەتی شۆڕش، دوو نوێنەری بۆ واشنتۆن نارد تا قسە لەگەڵ لایەنی ئەمریکی گفتوگۆکەی نێوان کورد و ئەمریکادا بکەن کە بریتی بوون لە (کونالی) و (کیسنجەر)و پێیان بڵێن کە پەلە بکەن لە ناردنی ئەو کۆمەکە عەسکەرییانەی کە لە سەری ڕێکەوتبوون.

بەڵام کیسنجەر، لەو سەروبەندەدا سەرقاڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکی کاتی نێوان میسر و ئیسرائیل بوو لە سینا، ئەمە هەوڵێک بوو کە حکوومەتی بەعسی سوری زۆر بەتوندی دژایەتی دەکرد. بۆیە کیسنجەر سەیری کرد کاریگەرترین گوشار بۆ سەر سوریا ئەوەیکە گوشار لەسەر عێراق کەم بکرێتەوە، چونکە بەغدا یەکەمین هەڤرکی سوریا بوو لەسەر ڕێبەری کردنی گروپە توندڕەوەکەی وڵاتانی عەرەبی. دیارە ئەمەش وایدەخواست ڕێ بەکوردەکان نەدرێ بەرادەیەک بەهێزبن کە ببنە مایەی خەتەری جیدی بۆ سەر حکوومەتی عێراقی. لەبەر هەر هەموو ئەم هۆیانە کیسنجەر، پێشوازی شاندی کوردانی نەکرد، بۆیە کۆمەڵێک بەڵێنی ڕەوتەنی ئەوتۆ بەشاندی نێوبراو درا کە ئەمریکا بەشێوەیەکی پێویست پابەند نەکات پێیانەوە. ئیدی شاندەکە بۆ کوردستان ڕەوان کرایەوە. دیار و ئاشکرابوو کە ئەمریکییەکان کەوتنە خۆ دزینەوە لەو بەڵێنانەی دابوویان و گوتبوویان لە حاڵی هەڵگیرساندنەوەی شەڕدا، دەچنە ژێر باری هەر شتێک کە بەسەر کوردا دێت و ئەوان مەسئولیەتەکەی هەڵدەگرن.

لەوکاتانەدا کە لەشکری پێشمەرگەی بارزانی خۆراگرانە لە سەنگەرەکانیاندا دامەزرابوون و بەو پەری فیداکاری و قارەمانییەوە بەگژ سوپای عێراقیدا دەچوون، ئەو سوپایەی کە یەکێتیی سۆڤیەت هەموو پێداویستییەکانی زۆر بەزیادەوە بۆ دابیندەکرد، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد هەستی دەکرد ڕاسپێردراوە کە لەبری هەموو جیهانی ڕۆژئاوا شەڕ بکات، و ئەمەیان لەلایەن واشنتۆن و تارانەوە پێ ڕاگەیەنرا بوو. لەوکاتانەدا کە شارە کوردییەکان یەک لە دوای یەک لە ژێر بۆردمان و تۆپبارانی عێراقیدا هەرەسیان دەهێنا، کیسنجەر، ئیدی نەگەڕایەوە سەر ئەو شەترەنجە کوردییەی کە لەوێندەرەوە گەمە سیاسییە نهێنییەکەی خۆی دەست پێکرد.

ئاشکرابوونی سیاسەتی "نەسەرکەوتوو، نەژێرکەوتوو"

کیسنجەر و نیکسۆن، پاش دەستپێکردنەوەی ئەو شەڕەی کە ڕاستەوخۆ بەشدارییان لە هەڵگیرساندنەوەی کرد، کەوتنە پەیڕەوکردنی سیاسەتی نە سەرکەوتوو و نە ژێرکەوتوو. ئەمە پاشتر لە ڕاپۆری لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی ئەمریکی لەمەڕ (اللجنە المنتجە للاستخبارات)دا بەدیارکەوت. لە ڕاپۆری لیژنەی نێوبراودا بەشێوەیەکی ڕەمزی ئاماژە بۆ ئەوە کرا بوو کە: "ئەو بەڵگەنامانەی دەست لیژنەکە کەوتبوون بەئاشکرا دەریدەخەن کە سەرەک، دکتۆر کیسنجەر، و شای سەرۆکی ئێران نەیاندەویست وەکیلەکانمان (کورد)

سەرکەوتنی بنجبر بەدەست بێنن. بەڵکو سوور بوون لەسەر ئەوەی شۆڕشگێڕان هەر هێندەیان توانا هەبێ کە بەرگری لەخۆ بکەن و کەشوهەوای دوژمنکارانە بپارێزن و هەر هێندەیان هێز هەبێ کە بتوانن عێراقی دراوسێی ئێرانی هاوپەیمانمان مژول بکەن. هەڵبەتە ئەم سیاسەتە بەوەکیلەکانمان نەوترا، بەڵکو تاقە چالاکی دەرەوەی ئەو سەردەمە، هاندانی بەردەوامی کورد بوو.

هەروەها لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٢ی ئاژانسی ئیستخباراتی ئەمریکیدا، واتا بەچەند ڕۆژێک پاش تێکچوونی بەینی عێراق و کورد، باسی ئەوەی کراوە کە: ئێرانی هاوپەیمانمان وای بەچاک زانی وەزعەکە بەجۆرێ ڕابگیرێ کە عێراقی دوژمنی ئێرانی هاوپەیمانمان لاواز بکرێ، بەوەی کە کورد هان بدرێ ئەو یاسای ئۆتۆنۆمییە نیوە چڵە ڕەفز بکات کە حکومەتی عێراق یەک لایەنە ڕایگەیاند. نە ئێمە و نە ئێرانی هاوپەیمانمان نەمانویستووە کێشەکە بەجۆرێکی دیکە چارەسەر بکرێ".

سەدام حوسێن، بۆ پەیمانی تازە دەگەڕێ

هەرچەندە واشنتۆن و تاران هەموو توانایەکیان وەگەڕخست تا وەزع و حاڵە باوەکەی سەرانسەری هاوینی ١٩٧٤ وەکو خۆی ڕابگرن، واتا لە ئاستی مەمری و مەژیدا کۆمەکی سوپایی بۆ کورد بنێرن، جارێ بیبڕن و جارێ بینێرن، واتا بەپچڕپچڕی و نیوەچڵی چەک بۆ کورد بنێرن، کەچی بەم حاڵەشەوە وەزعەکە بەئاشکرا کاری کردە سەر عێراق. کاتێ کێشەی کورد گەییە لوتکە و عێراق ناچاربوو ڕۆژی دوو ملیۆن دۆلار بکات بەمەسرەفی شەڕ و هەموو خەستەخانەکانی وڵاتی بۆ بریندارانی سوپا چۆڵکرد، پێکدادانی سنووری نێوان سوپای عێراق و سوپای ئێران بوو بەحاڵەتێکی باوی ڕۆژانە، هەنگێنێ حکوومەتی بەعسی بەغدا ڕووی کردە یەکێتی سۆڤیەتی دۆست و هاوپەیمانی، کە بەغدا بەحوکمی (پەیمانی ستراتیژی) نێوانیان چاوەڕوانی زیاتری لێدەکرد. بەغدا داخوازییەکانی خۆی کرد بەدوو خاڵ و خستییە بەردەم سۆڤیەت: یەکەم، پێویستە لەسەر سۆڤیەت قەرەبووی ئەو چەک و تەقەمەنی و تفاقە جەنگیانە بداتەوە بەعێراق کە لە شەڕی نێوان عێراق و کوردا کاری کردوون. و لەمەودوا ئەو چەکانە بەزۆری بنێرێ و بەشێوەیەک بێت کە سوپای عێراقی بتوانێت بەردەوام بێ لە شەڕیدا دژ بەکوردو دژ بەهێزەکانی ئێران لە هەمان کاتدا، دووەم، پێویستە یەکێتی سۆڤیەت هێزەکانی بنێرێت بۆ سنووری نێوان سۆڤیەت و ئێران تا سوپای ئێرانی لەوێندەر ببەسترێتەوەو نەتوانێ ڕاستەوخۆ پشتیوانی کورد بکات.

(هرتنگر)ی ڕۆژنامەنووسی سویدی لە نووسینێکیدا لەم بارەیەوە دەڵێ بەعسییەکان پێیان وابوو "پاش ڕووخانی میسر، بوون بەو هاوپەیمانەی کە سۆڤیەت ناتوانێ لە ناوچەکەدا دەستبەرداریان ببێ و بۆیە دەتوانن ناچاری بکەن لەم بابەتە هەڵوێستە توندە بنوێنێ".

بەڵام سۆڤیەت ملی بۆ داخوازییەکانی عێراق نەدا و ڕەفزی کرد کە بەئاشکرا لایەنگری عێراق بکات لە ناکۆکی نێوان عێراق و ئێراندا، کە ئەمە یەکەم ناکۆکی و دوا ناکۆکی نێوانیان نابێت. دیاربوو ئەو پەیوەندییە باشەی کە سۆڤیەت لەگەڵ دەوڵەتی شادا هەیبوو، زۆر لەوە گرینگتر بوو مل بۆ داخوازییەکانی عێراق بدات.

هەڵبەتە ئەم داوایانەی عێراق لە یەکێتی سۆڤیەت دەرفەتێک بوو بۆ عێراق تا لە نزیکەوە شارەزای ئەو شێوازە بێ کە سۆڤیەت بڕیارەکانی خۆی سەبارەت بەسەرلەبەری سیاسەتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، لەسەر ڕۆدەنێ. ئیدی ڕژێمی بەعس بۆ یەکەم جار لەو ساوەی کە هاتبووە سەر حوکم لە عێراقا، هەستی کرد لە سەرێتی زۆر بەوریایی ڕەفتار بکات و بریکار (بدیل) بۆ ئەو هاوپەیمانییەی ئێران خۆی و یەکێتیی سۆڤیەت بدۆزێتەوە و پەیدا بکات. هەروەها هەستی کرد لە سۆنگەی پشت بەستنی تەواو بەم هاوپەیمانییە ستراتیژییە و بەهۆی هەڵوێستی توندییەوە لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا، دووچاری گۆشەگیری بووە.

بۆیە بەعسییەکان بڕیاریان دا دەست بەبنیاتنانەوەی پەیوەندییەکانیان بکەنەوە لەگەڵ وڵاتانی کەنداوو هەموو جیهانی عەرەبی و وڵاتانی بێ لایەندا. هەر بۆ ئەم مەبەستە دەسەڵانداری هەرە بەهێزی عێراق، سەدام حوسێن لە هاوینی ١٩٧٤ دا تیتۆ وهەواری بۆمەدیەنی سەرۆکی جەزایر و شێخی بەحرەین و ئەندێراگاندی بینی. هەروەها پەیوەندییە دیپلوماسییەکان لەگەڵ سوریا و میسردا چڕ کرانەوە، بەعسییەکان هەستیان کرد ئەگەر گەرەکیانە لە واقیعی پشت بەستنی تەواو بەیەکێتیی سۆڤیەت ڕزگار بن و لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکدا چارەنووسی خۆیانی پێوە نەبەستن، دەبێ دۆست و هاوپەیمانی تازە بگرن. بۆ وێنە بۆمەدیەن، بەعسییەکانی بەوە تاوانبار کرد کە خەڵکانێکی سەلبین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێنی دانێ کە لە واشنتون بۆیان تێ بکەوێ و ئەمریکا ئاگادار بکاتەوە کە بەردەوام بوونیان لەسەر یارمەتیدانی کورد، ئاکامی خراپی دەبێت.. ڕەنگە هەر لە سۆنگەی ئەم هەڵوێستەوە بووبێ کە شاندی کورد لە واشنتون کەسی نەبینی و بەناکامی بۆ کوردستان گەڕایەوە.

هەروەها سەدام حوسێن، چ لە دیدارەکانیدا و چ لەو بڕیارەی (UN)وە کە داوای لە ئێران و عێراق دەکرد کێشە سنووریەکانیان بەگفتوگۆی ڕاستەوخۆ چارەسەربکەن، بۆی دەرکەوت کە زۆر زەحمەتە خۆی لە دایەلۆگ و دیداری ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەنیمە سەرسەختەکەیدا، واتا لەگەڵ ئێراندا ببوێرێ. بۆیە سەدام، لە ڕێگەی ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسرەوە، تارانی ئاگادار کردەوە کە ئامادەی گفتوگۆی بێ قەید و شەرتە.

لە لایەکی ترەوە چەند نێردراوێکی عەرەبستانی سعودی ڕای جیدی هەریەکە لە ڕیاز و واشنتون-یان بەشای ئێران ڕاگەیاند کە ئەو دووانە زۆریان مەبەستە ئێران هەڵوێستی نەرمتری بەرانبەر بەعێراق هەبێ. هەروها بەشای ئێران ڕاگەیەنرا کە ئەم دڕدۆنگییەی ئێستای نێوان عێراق و یەکێتیی سۆڤیەت دەشێت زەمینە بۆ ئەوە خۆش بکات کە عێراق بەدووی هاوپەیمانی تازەدا بگەڕێ لەبڕی ئەو تاک هاوپەیمانییەی کە لەگەڵ یەکیتی سۆڤیەتدا هەیەتی. ئەم هەوڵو کۆششانە لە هەموو لایەکەوە وەگەڕ خران تا کار گەییە ئەوەی، لە کاتێکا کە موشەکی هەنتەر-هۆک-ی ئێرانی لە بەر خاتری هاوپەیمانی کوردیان، بەردەوام بوون لە ڕاوکردنی فڕۆکەی توپولیف و سۆخۆی عێراقی، دیدارێکی نهێنی لە نێوان ئێران و عێراقدا لە ئەستەمبوڵ ئەنجام بدرێ.

دۆمینەیەکی چارەنووساز

شا، لە سەرەتای شوباتی ١٩٧٥وە کەوتە بادانەوە و هەڵوێستی خۆی لەمەڕ کوردان گۆڕی. هاوپەیمانە تورکەکانی بەردەوام دەمیان لە سەری بوو کە واز بێنێ و چیتر یارمەتی بارزانی نەدات، و دەیانگوت ئایا ئەمە ڕاستە کارێکی وابکات کوردی عێراق سەرکەوتنێکی وەها بەدەست بێنن کە تەماح بیانگرێ و توانای ئەوە پەیدا بکەن داوای مافی زۆرتر بۆ کوردی ئێران و تورکیاش بکەن؟! هەروەها هنری کیسنجەر، بەخۆیشی کە لەمێژبوو موغامەرە کوردی یەکەی لە بیر برد بوەوە، سەر لە نوێ کەوتەوە ڕیزکردن و دانانی پولی دۆمینە سیاسییەکان؛ ئەویش هاوڕەئی شا بوو، پێی وابوو پێویستە ئێران پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ جیهانی عەرەبیدا چاک بکات؛ بەهۆی ئەو بارودۆخەوە کە لە ئەنجامی بایکۆتی نەوتی عەرەبی و ئاستەنگی ئەنەرژی لە وڵاتانی پیشەسازیدا، پەیدا بوو بوو. هەروەها بەهۆی پەیدا بوونی ڕێکخراوی ئۆپێک وەکو فاکتەرێکی گرینگ و کاریگەر لە ئابووری جیهانیدا.

(سمیث هیمپیستون)ی نووسەری ئەمریکی بەم جۆرە گوزارشتی لەو بارودۆخە کردووە:

"شا، تامەزرۆ و پەرۆشی هەر جۆرە چارەسەرێکی سیاسی بوو کە ویستەکانی ئەو بەدی بێنێ". هەر ئەو هۆیەش بوو کە هانیدا یارمەتی شۆڕشگێڕانی کورد بدات، تا عێراقی دراوسێی (ئێران) ناچار بکات مل بۆ داوا و مەرجەکانی ئێران بدات کە بەکورتی بریتی بوون لەمانە: "چارەسەری کێشە سنوورییە جۆراوجۆرەکان؛ بەتایبەتی کێشەی شەتی عەرەب بەجۆرێک کە بەرژەوەندییە هەرێمییەکانی شا وەدی بێنێ". کۆتایی هێنان بەهێرشی (عەرەبستان) کە عێراق لە پارێزگای خوزستانەوە ئاراستەی دەکرد. هەروەها واز هێنان لە هەموو هەڵەکانی دیکەی ڕووخاندنی ڕژێمی ئێران، کە عێراق یارمەتی دەدان، وەکو بلوجستان کە چەندین ساڵ بوو، بوو بووبەبنکەی بشێوێنی و هەرا و هەنگامە.

ئا بەم جۆرە هەموو فاکتەر و هەلومەرجەکان خۆشبوون بۆ ئەوەی شا بەمەرامەکانی خۆی بگات. تاقە کۆسپی سەر ڕێگە، کێشەی کوردی عێراق بوو کە شا یارمەتی دەدان و لە سەرەتادا داوای دەکرد کە داخوازییەکانیان جێبەجێ بکرێ و ئازادی و مافی چارەنووسی سیاسییان بدرێتێ، کەچی نووکە بەو چاوە سەیری هەمان ئەو داخوازییانەی دەکرد کە خەونی سیاسی و هیوا و ئاواتی دوور لە واقیع و نا واقیعن؛ جا لەبەر هەر هەموو ئەو هۆیانە دەبوایە قوربانی بەو داشیدامەیە بدرێ کە لە هاوکێشە تازەکەدا چ بایەخێکی سیاسی نەما: قوربانی بەکوردی عێراق بدرێ کە بەسەرۆکایەتی بارزانی دەخەبتێن.

راموسانی برایانه... ماچی مەرگ

چارەنووسی کوردی عێراق لە لوتکەی چیایاندا یان لە ڕێڕەوە ستراتیژییەکاندا یان لە شەڕگەکانی نێو خاکی کوردستاندا، کە لەو وەرزەی ساڵدا بەفر داپۆشیبوو، یەک لایی نەکرایەوە. بەڵکو ئەوەبوو لە دالآنەکانی (کۆشکی ئەلقەباب)ی ناوازەداو لە یانەی (CIub despins)ی یەکێک لە گەڕەکەکانی جەزایری پایتەختدا یەک لایی کرایەوە. لەوێندەر، لە ڕۆژانی ٦و١٩٧٥/٣/٧دا کۆنگرەی باڵای هەر سێزدە وڵاتی ئەندامی ڕێکخراوی دەوڵەتانی نەوتفرۆش (ئۆپێک) گرێ درا. هەڵبەتە ڕێکخراوی ئۆپێک لە وەزع و حاڵێکی زۆر خراودا بوو؛ چونکە لەلایەکەوە وڵاتانی ئۆپێک نەوتی زیاد لە پێویستان دەردەهێناو لەلایەکی ترەوە هەڵئاوسانی دراو و کەمی بەرهەمهێنان لە وڵاتە پیشەسازییەکانی ڕۆژئاوادا هەبوو. هەروەها گوتەکانی کیسنجەر دەربارەی ئەگەری تەدەخولی نیزامی ڕاستەوخۆی ئەمریکی لە ناوچەی کەنداودا، هێندەی دی هەڵوێست و بارەکەی گرژو توند کرد. وڵاتانی ئۆپێک هەموو پێیان وابوو پێویستە هەموو ئەندامان

یەک ڕیز بوەستن و هەموو کێشە ناوخۆکانی نێوان ئەندامانی ڕێکخراوی ئۆپێک چارەسەر بکەن یان بەلای کەمەوە جارێ وەلای بنەن. بۆیە کاتێ بۆمەدیەنی سەرۆکی جەزایر هەواڵی ڕێکەوتنی ئێران و عێراقی وەکو موفاجەئەیەک ڕاگەیاند، بوو بەچەپڵە ڕێزانێکی توند لە نێو هۆڵەکەدا: شای ئێران، محەمەد ڕەزا پەهلەوی و سەدام حوسێنی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقی ڕێکەوتن لەسەر وەلانان و گۆڕنانی هەر هەموو ناکۆکییە سیاسی و کێشە سنوورییەکانی نێوان هەردووک وڵات، بەشێوەیەک کە خزمەتی دۆزی هاوبەشی ڕێکخراوی ئۆپێک بکات... ئەوسا، شا هەستایە سەر پێ، متمانە بەخۆ بوونێکی زۆر کەوتە سەر سیمای، بێ ئەوەی چ گوزارشتێکی دی لە سیمایدا بخوێنرێتەوە. سەدام حوسێن-ش، لەسەر کورسییەکەی خۆی، کە بەمەخمەلی شین داپۆشرابوو، هەستا و سووکە بزەیەک کەوتە سەر سیمای، هەردووک سەرۆک، کە تا ساتێ لەمەوبەر دوژمنی سەرسەختی یەکدی بوون، بەهەنگاوی قورس و هێواشەوە بەرەو لای یەکدی چوون و بەپێی داب و نەریتی ڕۆژهەڵاتیانە یەکتریان لە ئامێزگرت و سەر و ماچی یەکتریان کرد، ئیدی ماوەیەکی زۆر دەست دەنێو دەستی یەکدی ڕاوەستان و ڕێگە بۆ ئاپورای ڕۆژنامە نووسان کرایەوە... لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا، وێنەی ئەم ئاشتبوونەوە کوتوپڕو لە نکاوە بەهەر چوارنکالی دنیادا بڵاوبووەوە و گەییە دوورترین سوچی ئەم سەرزەمینە. ئەم ڕاموسانەی کە بەلای ئەندامانی ئوپیکەوە (راموسانی برایەتی) بوو، بەلای کوردەوە، کە لە دووری چوار هەزار کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی جەزایردا بوون، (ماچی مەرگی) شۆڕشەکەیان بوو: بۆ لای تاران و بەغداوە هەنگاوێکی مێژوویی گرینگ بوو. سەدام حوسێن ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی ئامادەیە دەستبەرداری نیوەی ئاوی شەتی عەرەب ببێ، کە لە یەکانگیری هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات پێک دێت، بۆ ئێران... هەڵبەتە پێشتر هەموو شەتی عەرەب هی عێراق بوو.

شا، لە ساڵی ١٩٦٩وە داوای نیوەی شەتی عەرەبی دەکرد تا (گەلەکەشتی) بازرگانی و جەنگی وڵاتەکەی بەئاسانی هاتووچۆ بکات. بەرانبەر بەم سازشەی عێراق، شا-ش قاییل بوو هاریکاری عێراق بکات بۆ سەرکوتکرن و لە نێو بردنی شۆڕشی کوردان: ئەو شۆڕشەی کە شا، بەخۆی لە ساڵی ١٩٧٤دا بەشداری لە هەڵگیرساندنەوەی کرد و بەهەموو جیهانی ڕاگەیاند کە پشتگیری و کۆمەکی دەکات. هەروەها گفتی دا دەمودەست یارمەتی لە کوردەکان ببڕێ و سنووری وڵاتەکەی لە ڕوویاندا دا بخات. ئەوە بوو هەر کە ڕێککەوتننامەی جەزایر مۆرکرا، شا، بۆ ڕۆژی دوایی کەوتە جێبەجێکردنی گفت و

بەڵێنەکانی، و ئۆتۆمبێلی سوپایی ئێران بەیاوەری چەند هێزێکی گەورەی پیادەوە بەرەو ناوچەکانی نزیکی سنوور وەڕێ کەوتن و سەربازانی ئێرانی دەستیان بەسەر عەماری چەک و تفاقی یەدەکی کوردا گرت و دەستیان بەسەر هەموو ئەو تۆپانە داگرت کە دەستیان پێ گەیی و هەرچییەکیان دەست کەوت، ئاودیوی ئێرانیان کرد.

چ گوناحێکمان کردووە؟

کاتێ ناقیلە ئێرانییەکان کەوتنە کێشانەوەی تۆپە قورسە ١٥٥ ملم-ەکان بۆ ئێران، ترسێکی کوشندە هێزی پێشمەرگەی داگرت و خەڵکەکە تەواو شپرزە و شپرێو بوون، چونکە ئەو تۆپانە کە لە دواشەڕەکاندا پشتیوانێکی بەهێزی کوردان بوو. زمانی حاڵی هەر هەموو خەڵکی ئەوە بوو "چ گوناحێکمان کردووە تا بەم جۆرە مامەڵەمان لەگەڵدا بکرێ؟" تووک و نەفرین لە (شای خاین) و جنێوی ئاشکرا بە(کوڕی سەگ) شای مەلعون و وڵاتەکەی تێکەڵ بەترس لە ئایندەی خودی و گشتی بوو بوو... تەنانەت دەزگای پاراستن-ش کە هەمیشە ئاگای لە ڕووداوەکان بوو، و تۆڕێکی بەهێزی کۆکردنەوەی زانیاریی هەبوو، ئەم قەرارەی شای ئێرانی پێ شتێکی کوتوپرو چاوەڕوان نەکراوبوو.

سوپای عێراقی، پاش چەند سەعاتێک لە ماچ و موچی (جوتەبرا)ی نابەرانبەر و بەماوەیەکی کەم دوای گەڕانەوەی میر و شێخە دەوڵەمەندەکان بەفڕۆکەی تایبەتی خۆیان، لە جەزایرەوە بۆ وڵاتی خۆیان، هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر سەنگەر و پێگەکانی پێشمەرگە؛ ئەو دەمە کورد هەستیان کرد زۆر بەوردی چارەنووسیان یەک لایی کراوەتەوەو زۆر لە مێژە ڕێگە بۆ ئەم (راموسانە) خۆش کراوە. بۆیە بەبێ هیچ چەکێکی قورس و پاش ئەوەی ئێران تۆپە قورسەکانیان لە کوردستان کێشایەوە، ڕووبەڕووی ئەم هێرشە تازەیە وەستانەوە. ئەوەی بەدەست کوردەوە مابوو چەند تۆپێکی ئینگلیزی (٢٥) ڕەتڵی کۆنە و چەند هاوەنێکی سۆڤیەتی بوو، و بڕیاری بنجبڕی پێشمەرگە بوو لەسەر بەرگری و مقاوەمەت بەبێ چەکی ئێرانێ... بەڵام گوللەی تۆپە فڕۆکە شکێنەکان دوای دوو ڕۆژ تەواو بوو، و ئیدی ڕۆژ ڕۆژی فڕۆکە عێراقییەکان بوو. هەر کە کەشوهەوا لەبار بوایە بەوپەڕی نزمییەوە دەهاتن و بێ ترس موشەک و بۆمباکانیان بەسەر ئەو شوێنانەدا هەڵدەڕشت کە بیانویستایە.

لە ڕۆژی ٣/٧ دا هێرش بۆ سەر شەڕگەی باشوور لە قۆڵی سلێمانی، دەستی پێکرد. بەڵام عێراقی یەکان، ڕوویان کردە شەڕگەکانی ناوەڕاست لە قۆڵی ڕواندز، لیوایەکی پیادە

و چەند وەحدەیەکی جەوەڵی هێرشیان بۆ لوتکەی سەرتیز کرد و هەوڵی دا لەوێندەرەوە بەرەو هەدەفە دیاریکراوەکان پێشڕەوی بکات، بەڵام توشی زەرەرو، زیانی گەورە بوو. هەروەها تانکەکانی عێراق، بەرێگەی هاملتۆندا بەرەو ئەو ناوچە شاخاوییە عاسییە کەوتنە پێشڕەوی کە بارەگای سەرەکی بارزانی لێ بوو. بەڵام پاش ئەوەی چەند کیلۆمەترێک چوونە پێشەوە هێزی پێشمەرگە لێیان هاتنە دەست و توانیان پێشڕەوییەکەیان ڕابگرن.

هێزی پێشمەرگە، بەبێ چەکی قورس و بێ کۆمەکی ئێرانی، ئەو شتەیان بەدی هێنا کە چاودێران بەمەحاڵیان دەزانی دەرەقەتی بێن. هێزی پێشمەرگە، بەو هەموو زیانەوە کە لە خۆیان و لە عێراقییەکان دەکەوت، توانییان سوپای عێراقی باڵا دەستی پڕ چەک و تێروپڕ لە جموجوڵ بخەن و ناچاریان بکەن بوەستن و بگرە لە زگ بوو بەشێکی گەورەی هێزەکانی عێراق، لە ناوچە دەشتانییە بەر بەرەڵاکانیشدا گەمارۆ بدەن.

(کوینس ڕوبرتس)ی ڕۆژنامەوانی بەریتانی کە ئەویش ئەم دوا شەڕانەی بەچاوی خۆی و لە نزیکەوە بینی بوو، لە گوتارێکیدا، کە ڕۆژنامەی (فاینانشەڵ تایمز)ی لەندەنی بۆی بلاوکردەوە، بەم جۆرە باسی ئەو حاڵەتەی ئەو دەمەی کردووە: "شەڕی ئەم هەفتە، وەکو هەفتەی شانازی و سەرکەوتنی پێشمەرگە، دەچێتە مێژووی گەلی کوردەوە. شۆڕشگێڕانی کورد بوێرانە و ئازایانە هێرشی بێهودە و نائومێدانە دەکەنە سەر سەنگەر و پێگە گرینگەکانی عێراق، بەو هیوایەی گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەر بارودۆخ و ڕەوشی پڕ نائومێدییاندا بێت".

دوا سەردان بۆ لای شاهنشا

ڕاستە هێڵەکانی بەرەڤانی و مقاوەمەتی کورد لەژێر جەزرەبەی هێزەکانی عێراقدا بەلادا دەهاتن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر نەکەوتن و بەرگرییان کرد. لە پاش ئەم هێرشەگەورەیە، بەشێوەیەکی کاتی و بۆ ماوەی دوو هەفتە شەڕ ڕاگیرا. چونکە عێراقییەکان پاش بادانەوەی شاو ڕێکەوتنی لەگەڵ سەدامدا، هەر نەیانتوانی بەو خێراییەی کە دەیانویست، شەڕەکە یەک لایی بکەنەوە؛ بۆیە پێویستیان بەم ئاگر بەستە کاتییە هەبوو تا زۆرترین ژمارەی هێز کۆبکەنەوە ئەوجا شەڕەکە یەک لایی بکەنەوە.

سەدام حوسێن، پاش پێنج ساڵ دوای شەڕەکە، پەردەی لەسەر شتەکان لاداو ڕادەی شپرزەیی و ماندوویەتی سوپای عێراقی ئاشکرا کرد، لە ئەیلولی ١٩٨٠دا خوتبەیەکی دا

و لەو خوتبەیەدا یەک لایەنە ڕێککەوتننامەی جەزایری ڕەت کردووە و ڕایگەیاند کە چەک و تفاقی جەنگی و تەقەمەنی هێزەکانی عێراق لە تەواو بووندا بوو بەهۆی توندی شەڕەکان لەلایەکەوە بەهۆی خاوەخاوی سۆڤیەت لە ناردنی پێداویستی یە لوجستییەکان بۆ سوپای عێراقی لەلایەکی ترەوە. سەدام لە سەری ڕۆیی و دوپاتی کردەوە کە ئەوە هۆیەک بوو تا عێراق ئەو مەرجانە قەبوڵ بکات کە ئەو دەمە بەسەریا سەپێنرا و ڕێککەوتننامەی جەزایری لەگەڵ شادا مۆر کرد؛ چونکە سوپای عێراقی لەوەی پتر خۆی بۆ ڕانەدەگیرا. هەروەها ژەنەراڵی بارزانی-ش پاشتر لە گوتەیەکیدا دەریخست کە: "ئەگەر پشتگیری کردنمان بەردەوام بوایە، دەمانتوانی شەڕەکە یەک لایی بکەینەوەو سوپای عێراقی بەبەزێنین".

سەرۆکی کورد، لە ڕێگەی تەورێزەوە سەفەرێکی بۆ تاران کرد تا دوا هەوڵی بێهودەی خۆی لەگەڵ ئێرانییەکاندا وەگەڕ بخات و بەڵکو لە دوا بڕیاریان ژێوان بینەوە. (شاهنشا) کە تازە لە جەزایر گەڕابووەوە، دوای دوو ڕۆژان ئەوجا پێشوازی دۆستەکەی دوێنێی خۆی کر دو بە بارزانی ڕاگەیاند کە سێ ڕێگەی لە بەردەمە و دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرێ:

-کورد یان خۆیان تەسلیمی عێراق بکەن... یان- لە شەڕی خۆیان بەردەوام بن و بەتەمای هیچ کۆمەکێکی ئێرانی نەبن... یان

-شەڕ ڕاگرن و هەموو کادرو کەسایەتییە دیارەکان بێنە ئێران.

هەڵبەتە داوای کرد کە ڕێگەی سێیەم هەڵبژێرێ... سەرۆکی بەساڵاچوی کورد تا مردیش نەیزانی کە ئایا شا دوا پێشنیازی بەراستی بوو یان هەر تەوسێک بوو و هیچی دی. ئەوجا شا، بارزانی بەرێ کرد و گوتی:

"نزیکی و خزمایەتی لەنێو هەردوو گەلەکەماندا هەیە، من بەو حەساوەی بینای چاوی هەموو ئاریانم، هەموو هەوڵ و توانایەکی خۆم وەگەڕ دەخەم بۆ پاراستنی گەلەکەم و گەلەکەت".

هەر هەمان ڕۆژ بارزانی گەڕایەوە بۆ بارەگای سەرەکی خۆی لە حاجی ئۆمەران. هەموو ئەو سەربورو ڕووداوانەی هاتنەوە هزرو بەر چاوان کە بەدرێژایی نیو سەدەی ڕێبەری کردنی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەی بەسەری هاتبوون، کەچی ئەوەتا ئەمڕۆکە بەچاوی خۆی دەبینێ لەو کاتەدا کە کورد بەشێوەیەکی بێ وێنە یەکیان گرتووە و لە باری ڕێکخراوەیی و توانای شۆڕشگێرییەوە لە هەموو کاتێک باشتر کەوتوونەتە سەرپێ، ئا ڕێک لەو ساتەدا لەبەر خاتری هەندێ وڵاتانی خودان نەوت، هیوا و ئاواتی کورد بەبا دەچێت.

ئایا بارەگای سەرکردایەتی پەیوەندی بەنووسینگەی کیسنجەرەوە هەیە؟

بارزانی، بەحوکمی تەجرەبە و ئەزموونی خۆی و بەحوکمی تەبیعەتی شەخسی خۆی یەکسەر کەوتەگەڕان بەدوی هۆیەکی دیدا بۆ بەردەوام بوون لە شەڕ... ئەگەر ئێران نایەوێ بەردەوام بێ لەسەر هاریکاری و کۆمەکی کوردان، ئەوا پێویستە هەوڵ بدەن پەیوەندی بەدۆستەکەی تریانەوە بکەن، کە لە بنەڕەتدا شەڕەکە لەسەر گفت و بەڵێنی ئەو دەستی پێکردەوە. بۆیە بارزانی هەرکە گەیشتەوە حاجی ئۆمەران، یەکسەر نامەیەکی نارد بۆ بەرپرسی مەڵبەندی (CIA) ئەمریکی لە تاران، ئەم پیاوە لە ساڵانی بوریدا ئەندامی پەیوەندی نێوان کورد و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بوو. بارزانی لەم نامەیەدا دەڵێ: "شپرزەیی و داڕووخان کەوتۆتە نێو گەلەکەمان و هێزی چەکدارمان. هەڕەشەی قڕکردنی دەستە جەمیمان لە سەرەو هیچ تەفسیرێک نابینین بۆ هەر هەموو ئەمەی ڕوویداوە. بۆیە ئەم بانگەوازەمان ئاراستە دەکەین و داوا لە حکوومەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەکەین کە پابەندبێ بەو گفت و بەڵێنانەی کە پێی داوین و داوای لێ دەکەین بەلەز فریامان بکەوێ و نەیەڵێ شۆڕشەکەمان هەرەس بێنێ و بڕوخێ. شۆڕشەکەمان لە هەرەس و ڕووخان دەرباز بکات و وەکو دۆست مامەڵەمان لە تەکدا بکرێ".

سەرۆکی بەشی (CIA) لە تاران، بەحوکمی ئەوەی ئەفسەرێکی دەزگای (CIA) بووە، ڕۆژێک لە ڕۆژان پیاوێکی هەست ناسک نەبووە، کەچی بۆچوونی کوردەکانی پەسند کرد و هەستا بروسکەیەکی مورس داری بۆ سەرانی خۆی نارد و پرسیاری ئەوەی لێ کردن کە ئایا "بارەگای سەرکردایەتی پەیوەندی لەگەڵ نووسینگەی کیسنجەردا هەیە دەربارەی ئەم بابەتە؟"... هەنگاوەکانی شای دۆستمان نەک هەر هیوا سیاسییەکانی کوردی بەبا داوە، بەڵکو بوەتە مایەی ئەوەی ژیانی هەزاران کەس بکەوێتە خەتەرەوە. ئەم بەرپرسە ئەمریکییە لستێکی یارمەتی پڕکردەوە و پێشنیازی کرد ڕاستەوخۆ ئەو کۆمەکانە بەکورد بدرێ... ئەوجا بەتێبینییەک بروسکەکەی کۆتایی هێنا کە: "هەق وایە حکوومەتی وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا لەم بارەیەوە شتێک بکات". بەڵام کیسنجەر لەو کاتانەدا لە سەفەری ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بوو، و سەرقاڵی ئەوەبوو ناوبژی ئیسرائیل و سوریا بکات و چارەسەرێکی کاتی بۆ کیشەکەیان بدۆزێتەوە. بارزانی، هەستا نامەیەکی شەخسی بۆ ئەو سیاسەتوانە نارد کە لە ساڵی **١٩٧٢**دا زەمینەی بۆ ئەم دوا شەڕەی نێوان عێراق و کورد خۆشکرد. ژەنەراڵ بارزانی لە نامەکەیدا نوسیبوی: "جەنابی وەزیر، عێراق و ئێران لەسەر

حیسابی گەلی کورد ڕێک کەوتوون. یەکێک لە ئەنجامە ناراستەوخۆکانی ئەم ڕێکەوتنە لە نێو بردنی گەلی ئێمەیە کە ناتوانێ بەرگری لە خۆی بکات و هەرگیز هێندەی ئێستا بێ توانا و دەستەوەستان نەبووە. چونکە ئێرانی دۆستتان لە کاتێکدا سنوورەکانی خۆی داخستوە کە عێراقی دوژمنمان کەوتۆتە هێرش و پەلامارێکی بێ وێنە و هێشتا هەر بەردەوامە. ئەگەر کار وابڕوات بزووتنەوەکەمان سەرکوت دەکرێ و گەلەکەمان بەشێوەیەک قڕدەکرێ کە کەس تەسەوری ناکات، بێ ئەوەی چ کەسێک ناڕەزایی دەربڕێ".

هەروەها بارزانی ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە ئەمریکا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕوودانی ئەم وەزعە بەرپرسیارەو دەڵێ: "ئێمە پێمان وایە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئیلتزامی ئەخلاقی و مەسئولییەتی سیاسییان لە ئەستۆیە دەرهەق بەگەلی کورد، حکوومەتەکەتان بەخۆی گفت و بەڵێنی داوە وابێ، هەر لەو پێودانگەوە تکا لە ڕێزدارتان دەکەین بەزووترین کات کارێک بکەن و فریامان بکەون".

بەڵام کیسنجەر قوڕ و قەپی لێ کرد: لە بروسکەیەکی سەرۆکی بەشی (CIA) ئەمریکی لە تاران، بۆ (CIA)ی مەرکەزی کە ڕۆژی **١٩٧٥/٣/٢٢** نێردرا و، ئاماژەیەکی کورت بۆ ئەو هەڵوێستەی کیسنجەر کراوە: "هیچ وەڵامێکمان لە وەزیری دەرەوە (کیسنجەر) سەبارەت بەنامەکەی بارزانی پێ نەگەییوە".

کیسنجەر، لە ساڵی **١٩٧٩**دا یاداشتنامەکانی خۆی بڵاوکردەوە، کیسنجەر لە سەرنجێکی نیمچە بەراوێزیدا یەکەم ئاماژەی بۆ ئەو چارەنووسە کردووە کە بەسەر کوردا هات و دەڵێ: "پێ دەچێ سووربوونی شا لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بەهاوکاری لەگەڵ عێراقدا (!) لە ڕوانگەی ئەو حەقیقەتەوە بووبێ کە هێزەکانی بارزانی لە حاڵی بەزین و شکستێکی ناجۆردا بوون". دیارە ئەم سەرنجە پێچەوانەی ڕاوبۆچوونی هەموو ئەوچاودێرانەیە کە بەخۆیان لە شوێنی شەڕەکاندا بوون و هەڵبەتە پێچەوانەی ڕەوتی ڕاستەقینەی شەڕەکانیشە. هەروەها کیسنجەر هۆی پشتگوێ خستنی دۆزی کورد دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نەدەکرا بەبێ تەدەخولی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ئێران و بەبێ کۆمەکێکی **٣٠٠** ملیۆن دۆلاری ئەمریکی، کورد دەرباز بکرێ.

ئا بەم جۆرە مەسەلەکە بەلای کیسنجەرەوە چووەخانەی نەبوانەوە. هەروەها سەرۆکی بەشی (CIA) ئەمریکی لە تاران، قەدەغەکرا لەوەی کە چیتر پەیوەندی بەبارەگای سەرکردایەتی کوردەوە بکات... ئەمیش لە کاتێکی دواتردا هێرشی کردە سەر مەسوولەکەی

خۆی و هەڵوێستی ئەمریکی بەهەڵوێستێکی خەجاڵەتباری وەها لە قەڵەم دا کە ئەوی تێدا شەرمەزار بوو. لە دوا بروسکەی خۆیدا کە لەو سەروبەندەدا بۆ واشنتونی نارد، دەڵێ: "ئەگەر حکوومەتی ولاتەیەکگرتوەکان بەتەمایە هەر هەنگاوێ بنێ کە قەساوخانەیەک ڕوو نەدات، ئەوا لە سەرێتی بەبێ (شا)ی هاوپەیمان هەنگاو بنێ". "بەڵام واشنتون بڕیاری دا پشتیوانی لەو هەڵوێستەی تاران بکات کە لە ڕۆژی ٣/٢٠ دا بەبارزانی ڕاگەیەنرا و داوای لێکرا شەڕ ڕابگرێ".

"هەر سەردەکەوین"...

فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە زۆر بەتوڕەیی فەرمانی بارزانییان، سەبارەت بەراگرتنی دەمودەستی شەڕ، خوێندەوە. بەڵام ئەلهەقی خەڵکانێک بوون دەیانزانی کە هەموو ڕێگا و دەرگاکانیان لە ڕوودا داخراوە. ئەگەر ئەوەش لە گۆڕێ بوو کە شا هەڕەشە و گەڤی لێ کردبن کە ڕاستەوخۆ لەشکریان بنێرێتە سەر و سەدان هەزار ئاوارەی کورد تەسلیم بەعێراق بکاتەوە ئەگەر شەڕ ڕانەگیرێ.

سیاسەتوانی دیاری کورد سامی ڕەحمان دروستی ئەو هەڕەشەیەی بۆ دووپات کردمەوە. ئەمە جگە لەوەی کە ژمارەیەکی تریش لە ئەندامانی سەرکردایەتی بارزانی دروستی ئەم کارەیان دووپات کردەوە.

داڕووخانی یەکجارەکی شۆڕشی کورد، لەدوا ڕۆژەکانی ئاداری ١٩٧٥دا، دیمەنێکی کارەساتاوی هەبوو: ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٢٤دا لە کار وەستا و چەند پێشمەرگەیەک تەقاندیانەوە. ڕادیۆکە لە نزیکی ناوپردان دانرابوو، وەختێ مەسعود بارزانی کوڕی بچوکی بارزانی، گوێی لە دەنگی تەقاندنەوەی ڕادیۆکە بوو دەستی بەگریان کرد. دەنگی تەقینەوە لە حاجی ئۆمەران و لە نزیکی بارەگای سەرکردایەتی شۆڕشدا بەرزبووەوە. مەفرەزەکانی تۆپخانە کەوتنە لە کارخستنی ئەو چەند تۆپە کەمەی بەدەستیانەوە مابوو. دوکاندارەکانیش فرۆشگە بازرگانییەکانی خۆیان تەقاندەوە، چونکە هیچ کەسێک نەیدەویست ئەو عێراقییانەی بەرەو ناوچەکە دەهاتن، سوود لەو هێلانانە وەربگرن کە کورد بۆ خۆیانیان دروست کردبوو. زۆر پێشمەرگەم بینی کە لە داخ و حەژماتاندا تفەنگەکانیان بەتاوێراند دەکێشا و دەیانشکاندن. لە ئەنجامی ئەوەوە کە شا لە پشت ڕا خەنجەری لە کوردان دابوو و ئەمریکا خیانەتی لێ کردبوون، نا ئومێدییەکی زۆر بڵاوبووەوە و کۆمەڵێک پێشمەرگەی هەرزەکار کەوتنە ڕەفتاری نامەسوولانە. تەنانەت

بارزانی، بەخۆی فەرمانی دا مەفرەزەیەکی تایبەتی بنێردرێ بۆ ئوردوگای یەخسیرە عێراقییەکان لە نزیکی ڕایات، تا بیانپارێزن لە هێرش و پەلاماری پێشمەرگەی توڕە و داخ لە دڵ.

پاش لێشاوی ئەو ئاوارانەی کە لە مانگەکانی ڕابردووا ڕوویان کردە ئێران، ئەم جارە لێشاوێکی تری پاشەکشەی پێشمەرگە و هێزی چەکدار بەرەو ئێران دەستی پێکرد. پتر لە ٣٠ هەزار کەس، کۆمەڵ کۆمەڵ چوون بەدیوی ئێراندا. ئەوەبوو لە ئۆردوگای گەورە گەورەدا لە نزیکی شاهپور و بەچاودێری ئێران دانران، بەڵام سەبارەت بەچەک و تەقەمەنی، هەرکەسێک پێی بوایە، دەبوایە لەسەر سنوور تەسلیمی بکردایە.

زۆربەی هەرە زۆری پێشمەرگە بەبێ چەک دەچوونە ئێرانەوە:

هەندێ پێشمەرگە بۆیان باس کردم کە چەندین عەماری زۆرگەورە، لەو ڕۆژانەدا، پڕکران لەو چەکانەی کە پێشمەرگەی کورد لەو پەنا و پاسار و عەمارە نهێنییانەدا دەیانشاردنەوە کە دەیان ساڵ بوو لە ئەشکەوتە عاسییەکانی ناوچە دوورە دەستەکاندا دروستیان کرد بوون. دیار بوو سوور بوون لەسەر شاردنەوەی چەک و تفاقی سوپایی، تا لە قۆناغێکی تازەی خەباتیان لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کوردا بەکاریبێنن و سودی لێ وەرگرن.

دوا دیمانەی ڕۆژنامەوانی کە بارزانی لە ناو خاکی کوردستاندا کردی، ئەو دیمانەیە بوو کە من لەگەڵیم کرد و ڕۆژنامەی (جیهان- Diewelt) بڵاوی کردەوە. سەرۆکی تەمەن ٧٢ ساڵە، لە وەڵامی پرسیارەکانی مندا بەم جۆرە پوختەی ئەزموونی خەباتی خۆی باس کرد: "وەکو ئاشکرایە شۆڕشی ئێمە لە بواری عەسکەریدا تێک نەشکا. پێشمەرگەی ئێمە بێ ئەوەی چ کەسێک شکاندبنی مەیدانی شەڕیان بەجێهێشت. سوپای عێراق، سەرەڕای ئەوەی کە لە هەموو بوارەکاندا هەر باڵا دەست بوو، ئەوجاش نەیتوانی هیچ سەرکەوتنێکی یەک لاکەرەوە و بنجبر بەدەست بێنێ. هێزەکانی عێراق بەدرێژایی یەک ساڵ شەڕ، تەنیا دەیان کیلۆمەترێکی کەم پێشڕەوییان کرد. تەنانەت ئەو دەیان کیلۆمەترەش بەزیانی گیانی زۆر گیران...نەخێر... لە بەرەکانی سیاسەتدا قەراری سەرکوتکردن و لە نێو بردنی شۆڕشەکەمان درا، هەروەها نەخشە و پلانی سیاسەتی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی زلهێزەکان لەسەر حیسابی ئێمە داڕێژران. هەڵبەتە حاڵی حازر هەور و هەڵا و تەمی نەوت ئاسمانی بیرکردنەوەی سیاسی ڕۆژئاوای تەنیوە".

لە وەڵامی پرسیارێکی مندا دەربارەی هەڵەیەکی گەورەی شەخسی کە خۆی کردبێتی، پاش تێ فکرینێکی کورت، بەدەنگێکی کەسەردار، ژەنەڕاڵ وەڵامی دایەوە: "گەورەترین هەڵەی ژیانم، ئەوەیە کە متمانەم بەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کرد و باوەڕم بەو گفت و بەڵێنانە کرد کە پێی داین".

پاش دوو سەعات لەم دیمانە ڕۆژنامەوانییە. بارزانی بەسواری جێبێکی لاندرۆڤەر و بەیاوەری چەند گاردێکی کەم و ئەندامانی ماڵباتەکەی بەرەو دیوی ئێران ڕۆیی... ئەوەی لە سەرخاکی کوردستان مایەوە، بریتی بوو لە هیوای تێکشکاوی کورد و خەونی سەربەخۆیی و ئازادی و مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلێک کە ئامادە نەبوو ملکەچی خەڵکی بێ؛ گەلێک کە گوتە بەنێو بانگەکەی ناپلیۆن، هەر دەڵێی بۆ ئەو دانراوە و ڕێک بەبالایەتی: "باری جوگرافیای هەر نەتەوەیەک، ئەو فاکتەرە هەرە گرینگەیە کە ڕەوتی مێژووی ئەو نەتەوەیە دیاری دەکات".

جگە لەوانە. هێشتا هەزاران پێشمەرگەی خۆڕاگر لە خاکی کوردستانی عێراقدا مابوونەوە و ژمارەیەکی زۆری دیکەش لە دیوی ئێرانەوە بەدزی و نهێنی جارێکی دی خۆیان بەکوردستاندا کردەوە و لە ئەشکەوت و گوندە دوورە دەستەکاندا بەجلوبەرگی جووتیارانەوە، تا لە هەر گومانێک بەدووربن، چاوەڕوانی ئەوکاتە چاوەڕوانکراوە بوون کە جارێکی دی بتوانن دەست بدەنەوە چەک. ڕەنگە بەپشتیوانی هێزێکی بێگانە کە بەرژەوەندی خۆی لەوەدا بدینێ، قوناغێکی تری شەڕ هەڵگیرسێتەوە کە ئەم جارەیان یەک لاکەرەوە بێ لە پێناوی ئازادی کوردستاندا.

"ئەگەر پاشی سەد ساڵی دیکەش بێ هەر سەردەکەوین" لە ساڵی **١٩٧٩**دا سەفەرێکی نهێنیم بۆ ناوچەی سێ سنووری عێراق و تورکیا و ئێران کرد، سامی عەبدولڕەحمانی سیاسەتوانی کورد ئەو ڕستەیەی پێ گوتم.

ناوەرۆکی کتێب

دەربارەی نووسەری ئەم کتێبە 6
وتەیەک 7
گەربوون بە هەناسەی مێژووی کوردەوە بنەی تەنیا بۆنی مەرگی لێدێت 7
پێشەکیی چاپی عەرەبی 9
هەقە خوێنەری عەرەب ڕاستیەکان بخوێنن 9

فەسلی یەکەم

ئێستا خانووی هاوچەرخیان دەست دەکەوێ

گازی ژەهراوی، دژی گەلێکی بێ دەوڵەت 13
وێنە و دیمەنی دووبارەبووەی کارەساتەکە 15
غەوارەی گومان لێکراو 17
گەر کورد قسەی یەک بخات، کەس پێی ناوێرێ 19
تاران پێویستی بە کورد بوو 24

فەسلی دووەم

مرۆڤ لە پڕ هەست بە هێزێکی شاراوە لە بەدەنی خۆیدا دەکات کە هانی دەدا پڕ بداتە نزیکترین بەرد و بە هەموو هێز و توانایەوە بیوەشێنێ

مستەفا بارزانی، بەدرێژایی تەمەنی شۆڕشگێر بوو 27
لە خاکی کوردستاندا 29
جەنگ تەوەری سەرەکی ژیانی بوو 33
ئەو عەشیرەتەی بەتوانای بەرزی جەنگاوەری ناسراوە 36
تفەنگ گرینگترین موڵکی شەخسییە 37
شێری بارزان 39
"ئەڵمانی باشە" 41
گەشتێک بۆ نێو پیاوانی ئازا 45
کلاشینکۆف وەکو نیشانەیەکی پایەی تایبەتی 47
ئەو پارتیزانەی، چێشتچی تایبەتی خۆی هەیە 52

فەسڵی سێیەم

" ئەگەر کورد یەک بن، کەس بە سەریاندا سەرناکەوێ"

ریشە و مێژووی گەلی کورد و باری سەرنجی گەشتیارانی نێودار 55
ئایا نووسەری فرە بەرهەم ڕاستی گوتووە؟ 56
ئەو گەلەی، تەنانەت لە نووسینەوەی مێژووەکەشیدا فەرامۆش کراوە 59
(کارستین نیپور)، لە بنی کولەکەی دەدات 61
نوێنەرانی کۆمپانیای (نەوتی هیندی ڕۆژهەڵات) 62
دۆزەرەوەی (نەینەوا)، دۆستی کورد بوو 64
سەرهەنگێکی سوپای پروسیا، بەکورد موعجەب دەبێت 67
بەهاری (گەلی عەلی بەگ) 68
کاسە سەر و گوێچکەی بڕاو 70
١٥٩٦: دەرچوونی کتێبی مێژووی کورد 72
ساڵی ٢٣٥٠ پ. ز.: کورد و خەتی بزماری 76
ئاخۆ ئیمپراتوریەتی (میدیا)، دەوڵەتێکی کوردی بووە؟ 78
(زەینەفون) و گریکەکان، ڕووبەڕووی (کوردوخ)یەکان دەبنەوە 80
(سەلاحەدینی ئەیونی)... سوڵتانی خانەدان و نەجیب 83

فەسڵی چوارەم

لویەکی شێرپەنچەی پیسە و دەبێ ببڕدرێ

هەشت ملیون کورد لە تورکیادا، بە ڕەسمی بە (تورکی چیا) دادەنرێن 87
جینۆساید تەنیا بە بۆمبا ئەنجام نادرێ 89
کەمال ئەتاتورک: لە تورکیادا تەنیا تورک هەن 92
١٩٢٠: هاوپەیمانان، بە ئومێدی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردین 94
نموونەیەکی ئاشکرای "سیاسەتی واقیعی" 97
شۆڕشگێرانی چیا 98
بەم جۆرە قەتڵ و عام و جینۆسایدی کورد دەستی پێکرد 101
(نەهرۆ)، ڕەخنە لە هەڵوێستی تورک دەرهەق بە کورد، دەگرێ 103
لە بنار و قەد پاڵەکانی چیای (ئارارات)دا 105
حەوت سەد هێندەی تاوانەکەی (لیدیس) 108
قەسابخانەیەکی بەشەری لە پشت پەردەکانی سیاسەتی نێو دەوڵەتییەوە 111

فەسڵی پێنجەم

گەرماوی هەتاو-ی هاوچەرخ

وەزع و حاڵی کورد لە تورکیادا پاش دووەم جەنگی جیهان یان چ شتێک "خەڵکانی... 115
پێشڕەوی بۆ ڕۆژهەڵاتی تورکیا 117
ئەو مەترسییەی هەڕەشە لە ئاسایشی دەوڵەتی تورکی دەکات 119
ئەوانەی پێیان دەڵێن "کورد"!!! 122
خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، هاوڵاتی پلە دوون 123
بزاڤی کوردی کانگای هەموو بەڵاکانە 126
هەڵوێستێکی دەگمەنی (ئەجاوید) لە دیمانەیەکدا لەگەڵ (دیر شپیگل)ی ئەڵمانیدا 128
بەڵگەنامەیەکی بێ چەندوچون لەلایەن ڕێکخراوی (ئەمنیستی ئەنتەرناشناڵ)ەوە 130
شاعیری بەرەڤانی (شڤان) مەترسییە بۆ ئاسایشی دەوڵەت 132
لە (کارل مای)یەوە بۆ (کارل مارکس) 134
ناوچەیەک، لە خوار ئاستی نەشونماوە 136

فەسڵی شەشەم

ژەنەڕاڵ (سالم ئاتاکیخوف)... و سەفەری (باکۆ)

کوردی ئێران: بایەخدانەوەی نوێی سۆڤیەت بە دۆزی کوردی 139
سەربەخۆییەک کە مێژوویەکی تایبەتی هەیە 141
پێنج هەزار دۆلار، لە بری دابین کردنی سەفەری موبەشیرێکی ئەمریکی 142
کورد، دڵ بەهێزی داگیرکەری سۆڤیەتی خۆش دەکەن 143
بەرپەرچدانەوەی هێرشێکی تەمبێکارانەی گەورە 147
ژەنەڕاڵێکی سۆڤیەتی مەشق بە کوردان دەکات 149
ئەو پیاوەی مێزەری سپی مەلایانی لەسەر دەکرد 150
کۆمارێکی کوردی بە موبارەکبایی سۆڤیەت 153

فەسڵی حەوتەم

سوێندە پیرۆزەکەی سەر لوتکەی (داڵان پەڕ)

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و فەسڵێکی نوێ لە فەسڵەکانی سیاسەتی سۆڤیەتی لە... 155
خوانی چاخواردنەوە و سەرهەڵدانی بیرۆکەی کوردستانی گەورە 157
تەماشاکردنێکی خاکی دەوڵەتی ئومێدان 160
کورد، سەربازی شەترەنجن 163

کومونیستی دەوراندیدە پیشەوەری و کۆماری ئازەربایجان 164
پێشوازییەکی گەرم لە (باکۆ)دا 167
"تا یەکێتی سۆڤیەت هەبێ....." 169
یەکەم وەجبە تفەنگی ئەڵمانی 171

فەسڵی هەشتەم

کۆماری یانزە مانگ

نەوت و جەنگی سارد خەونی سەربەخۆیی کورد لەبار دەبەن 175
"هەمیشە لە ماڵەوە بەشی میوانە ڕووسەکان، ڤودکا وەلاوەنرابوو 177
لە شوباتی ١٩٤٦دا یەکەم وەجبە کۆمەکی سۆڤیەت گەیی 178
نەقیب (سەلاحەدین قاسموف) مەشق بە سوپای کورد دەکات 179
کاریگەرییەکی ناخۆش و وەرەڕوخێن 181
کۆمەک لە عێراقی دراوسێوە 183
پسپۆڕانی شەڕی شاخ 186
کۆماری مهاباد... وڵاتێکی نموونەیی بوو؟ 188
پترۆڵ و جەنگی سارد 190
رووخانی ماڵەکارتۆنییەکە 193
سێدارەکانی مەیدانی (چوارچرا) 196
پاش شکست و داڕوخـان 198
محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی هەڵوێستی توند بوو 200
رەوی مێژوویی بۆ یەکێتی سۆڤیەت 201

فەسڵی نۆیەم

خەباتی کوردی عێراق لە ڕای ئۆتۆنۆمیدا

گەڕانەوەی ڕۆڵەی ئەمەکدار 205
نزیک بوونەوەیەک دەگەڵ حزبی شیوعی عێراقیدا 208
(جەمال عەبدولناسر) هاوسۆزی خۆی بۆ کورد دەردەبڕێ 211
زەعـیم قـاسم، حـوکـمی پاشـایەتی عـێـراق دەڕوخـێنێ 212
کورد و شادییەکی کەمخایەن 214
پترۆڵ: خاڵی ناکۆکی سەرەکی 216
قاسم، داوا و گازی کوردان پشتگوێ دەخات 220

فەسڵی دەیەم

" ...لە نەزانانەوە فێر بووم..."

جەنگی ئەهلی عێراقی-کوردی تا ساڵی ١٩٧٠ 223
١٩٦١: سەرەتای شۆڕشی کورد 225
حەسەن ئەرفەعی ئەفسەر و مێژوونووسی ئێرانی دەربارەی ئەم خاڵە دەڵێ: 226
سوپایەکی شۆڕشگێڕ لە جەنگاوەرانی شەڕی پارتیزانی 228
" ئێمە گەلی ئایندەین..." 231
دەوڵەمەندترین وڵاتی کودەتای سوپایی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا 232
سیاسەتی هەڕەشە و تەماح خستنە بەر 235
"... دەمانتوانی وەکو کۆتر ڕاویان بکەین..." 236
تابلۆیەکی سریالی لە ئاسن و خشت 239
پشتیوانییەکی دیلۆماسی لە بلۆکی ڕۆژهەڵاتەوە 241
ئایا هەموو عەرەب نەژادن؟ 243
وانەیەک لەمەڕ بەرێوەبردنی شەڕی جەبەڵی 246
قۆناغی گفتوگۆ 249
ناپاڵم و قەسابخانەی بەشەری 251
ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار 252

فەسڵی یازدەم

بۆ یەکەم جار کورد یەک دەگرن

کورد، شەڕی ١٩٧٤/١٩٧٥ بە پشتگیری ئێرانی-ئەمریکی دەکەنەوە 255
پشت بەخـۆبەستن 257
ڕێگەی هاملتۆن: ڕەگی ژیانی شەڕگە 259
دیمەنەکانی ئاشتی 261
پێشمەرگە: هەمیشە ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگە 262
هاوسەنگییەکی لەق 265
"...هاوڵاتی نمرە دووین؟..." 266
ناکۆکی لەسەر دیاریکردنی سنووری نەتەوەیی ناوچەی ئۆتۆنۆمی 268
هەوڵەکانی تیرۆر و قەڵبە مەلایان 271
هنری کیسنجەر، بوونی کورد کەشف دەکات 273
چەکی سۆڤیەتی، لە ئەمریکاوە دەنێردرێ 276

ئەو سەعاتی ڕزگاربوونەی کە لەباربرا 280
ململانێی مۆسکۆ و واشنتۆن لەسەر ناوچەی دەسەڵات 283
ناتوانین عێراق لە بەڵێنەکانی ببەخشین 286
هێرشی گەورە 288
(گریچکۆ)ی وەزیری سۆڤیەتی 290
ئەمجارە بە ئامانجەکانمان دەگەین 293

فەسڵی دوازدەم

"گەورەترین هەڵەی ژیانم ئەوەبوو کە باوەڕی تەواوم بە ئەمریکا کرد"

هنری کیسنجەر دەستبەرداری کورد دەبێت 297
ئایا کوردستان بوو بەمەیدانی مەشقی نیزامی سۆڤیەت 298
یازدە ڕۆژ شەڕ: گرتنی سەدکیلۆمەتر 300
شەڕ لە یازدە قۆڵەوە لە یەک کاتدا 302
هەڵبەتە سفرەکە ئێمەین 304
تانکەکانی سەر ڕێگەی هاملتۆن 306
پێشمەرگە گۆرانی خەمینیان دەچڕی 309
سەردانێکی شەڕگە 310
دوا ئیحتیات 314
تیرۆری ئاسمانی و بۆردومانی قەڵادزێ 316
قوڕ و قەپی UN 318
"...من قەشەی (مووسڵ)م..." 320
(ئەندریە زاخاروف) لە مۆسکو وە ناڕەزایی دەردەبڕێ 321
کەنگی تاوانی شەڕ "مەسەلەی ناوخۆ" بوون؟ 323
ڕێگا شاخاوییە سەختەکان پڕ دەبن لە سەدان هەزار ئاوارە 325
ڕێژەی مردن لە نێو منداڵاندا دەگاتە ١٠٠ ٪ 326
ڕێکخراوی (شێر خورشید) فریای ئاوارەکان دەکەوێ 328
(هنری کیسنجەر) خۆی لە وەڵامدانەوە دەبوێرێ 331
ئاشکرابوونی سیاسەتی (نە سەرکەوتوو، نە ژێرکەوتوو) 332
سەدام حوسێن، بۆ پەیمانی تازە دەگەڕێ 333
دۆمینەیەکی چارەنووسساز 335
راموسانی برایانە... ماچی مەرگ 336

چ گوناحێکمان کردووە 338
دوا سەردان بۆ لای شاهنشا 339
ئایا بارەگای سەرکردایەتی پەیوەندی بەنووسینگەی کیسنجەرەوە هەیە؟ 341
"...... هەر سەردەکەوین......" 343
زۆربەی هەرە زۆری پێشمەرگە بەبێ چەک چوونە ئێرانەوە 344